بۆمێژوو

# کەرکوک لە مێژوودا

## نەتەوەکانی کۆنی میزۆپۆتامیا و دەوروبەری کاریگەرییان لەسەر ناوچەی کەرکوک

نووسینی
مامۆستا محەمەد باقی سەعید مستەفا

چاپی یەکەم ٢٠١٤

ناوی کتێب: کەرکوك لە مێژوودا
بابەت: مێژوو
نووسینی: مامۆستا محمد باقی سەعید
تایپ: نووسە ر
دیزاین: مریوان مارف
چاپخانە : چاپخانە کارۆ
تیراژ: ٥٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن : لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ( ١٦٩٠ )
ساڵی ( ٢٠١٣ ) پێدراوە

ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی تایبەتی خۆم لەچاپم داوە
هیچ لایەنیک یارمەتی نەداوم



بەشیک لە قەڵا دێرینەکەی کەرکۆک

دوای هەوڵی ڕوخاندن وشیواندنی

# پێڕستی باسەکان و لاپەڕەکانیان


پێشکەشەبە ........................................................ ٧

## ١ / پێشەکی ........................................ ٨.

## ٢ / بەشی یەکەم :

کەرکوک بەدرێژایی مێژوو ، گەڕانێک بە ناو لاپەڕەکانی مێژووی کۆندا ............ ١٥

سۆمەریەکان .............................................. ١٨

سۆباری ،سۆبارۆ . ........................................ ٢١

ئەکەدیەکان .............................................. ٢٤

گۆتی ، جودی گۆتیۆم ،........................................ ٢٦

ئەشنۆنە .................................................. ٣١

ئاموری ، ئامۆرۆ ............................................ ٣٦

## ٣ / بەشی دووەم :

گۆڕانێکی مێژوویی ێنو ، هاتنی کۆمەڵە نەژادی ( هیندۆ ئەوروپی )............ ٤٣

هیتیت ،حیثی ............................................... ٤٧

میتانی ، هۆری، حۆری ....................................... ٤٩

دۆزراوەکانی شوێنەواری قەڵای کەرکوک و وێرانشار ........................ ٥٩

ئاشوری ، ئاسوری ........................................... ٦٦

کاشی . کاردۆنیاش . ......................................... ٧٥

## ٤ / بەشی سێیەم :

شەپۆلێکی نوێی هیندۆ ئەوروپی،میدیا، پارسوا لەکۆتایی هەزارەی دووەمی ،پ ع .٨٣

ئیمپەراتۆریەتی میدیا ........................................ ٨٥

دەوڵەتی بابلی نوێ ........................................... ٩٠

پەیوەندی وهاوکاری دەوڵەتی میدیا و کلدانی ........................... ٩٤
ئیمپەراتۆریەتی ئەخەمینی ، هەخامەنشی ، پارسۆماش ........................ ١٠٣
ئەسکەندەری مەکەدۆنی و حوکمی سلوگی ........................... ١١٤
ئیمپەراتۆریەتی ئەشکانی ،کەیانی، پاراثوا ........................... ١١٩
ئیمپەراتۆریەتی ساسانی ........................................ ١٢٣
ئاینی زەردەشتی ودەوڵەتی ساسانی ................................ ١٢٧

## ٥ / بەشی چوارەم :

بەرەبەیانی بڵاوبوونەوەی دیانەتی ئیسلامی ........................... ١٣٧
دەوڵەتی ئومەوی و عەباسی وپەوشی ئایینی ئیسلام ........................ ١٥٣
حوکمی ڕاستەو خۆی عەرەب دوایی هات ................................ ١٦٤

## ٦ / بەشی پێنجەم :

سەدەکانی تاریکی وهێرش وحوکمی تورکانی ومەغۆل و غەزو تاتار ودەوڵەتانیان. ١٧١
دەوڵەتانی عوثمانی سوننە مەذهەب و سەفەوی شیعە مەذهەب .................. ١٧٤
ئەمارات ودەوڵەتە کوردیەکانی سەریە سەفەوی وعوثمانی ..................... ١٨١
گەڕانێک بەناو لاپەڕەکانی مێژووی پەیوەند بەکەرکوکەوە لەماوەی حوکمی سەفەوی و عوثمانیدا........................................................ ١٨٨

## ٧ / بەشی شەشەم :

کوردستان و عێراق دوای جەنگی جیهانی یەکەم ............................ ٢٠٣
کوردستانی خوارو ، جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد .................. ٢٠٩
دامەزراندنی حوکمی پاشایەتی دەوڵەتی عێراق ........................... ٢١٩
شێخ مەحمود مەلیکی کوردستان .................................... ٢٢٥
گیروگرفتی ولایەتی موسێل . دانیشتوانی وڵایەتەکە ،بەتایبەت ناوچەی کەرکوک ٢٤٣
سەر ژمێریەکانی سەردەم بەتایبەت دوای دامەزراندنی حوکمی پاشایەتی وکۆماری لەعێراقدا........................................................ ٢٣٩

## ٨ / بەشی حەوتەم :

نەتەوەی کوردو خاکی کوردستان ........................................ ٢٥٣
نەتەوەی عەرەب خاک شارستانی ونیشتەجێبوون و ئایینی ئیسلام ............. ٢٥٩
باسێک دەربارەی تورکومان لەعێراقدا ............................................ ٢٦٦
دەربارەی ئاشوری ، ئاثوری ( نەستوری ،فەلە ) لەکەرکوک .................... ٢٧٤

## ٩ / بەشی هەشتەم :

باری سیاسی کوردستان دوای حوکمی پاشایەتی مەلیک مەحمود................ ٢٨٥
گورزەرانی کوردستان بەتایبەت باری کەرکوک بەدەستی شۆڤینزمی عەرەب وبەعسەوە ٢٩١
گەڕانێک بەناو کەرکوکدا ، ژیان و دیمەنی........................................ ٣٠٦

## ١٠ / بەشی نۆیەم :

کاریگەری نەوتی کەرکوک لەسەر چارەنووسی کورد ............................ ٣١٣
کوردستان بەتایبەت ناوچەی کەرکوک لەساڵی ١٩٧٥بەدواوە وڕێگەی چارەسەری٣١٨
ئەنجامەکانی کۆندەە زانیاری بەکورتکراوەیی ......................................... ٣٢٩
شیکردنەوەو ڕون کردنەوەی ناوی هاتوو لە باسەکاندا ........................ ٣٣٨
سەرچاوەکان ..................................................................... ٣٥١
هەندێک وێنەو دیکۆمێنت و شوێنەوار .......................................... ٣٥٨
کورتەیەک دەربارەی ژیانی نووسەر ............................................ ٣٦٦
سوپاس گوزاری.................................................................. ٣٧٠

# پێشکەشە بە

بەنەوەی نوێ ، ونەوەکانی کۆنی ڕەسەنی دانیشتوی کەرکوک کەبەدرێژایی مێژوو بەرگەگرو خۆڕاگربوون کوردستانیەت وکەلتورو ڕەسەنایەتی سامانی نەتەوەیی کەرکوکیان پاراستوە ، کەنەوە بەنەوە دەستاو دەستیکردوە وەک خۆی تا ئەمڕۆ پاراستویانەو خەملاندویانەو هێشتویانەتەوە .

پێشکەشە بەنەوەکانی گۆتی وسۆباری وهۆری (میتانی) ،، تادوایی ، کەپێشەنگی بنیاتنابی شارستانی بوون لەناوچەکەدا .

پێشکەشە بەو بێدەرەتانانە لەکەرکوک کەبەدەستی بەعسیە درندەکان،ئازارو ،ئەشکەنجە ئەدران لەناوئەبران وکۆمەڵکوژ ئەکران ، بە ئەوانەی ماڵ ومولکیان داگیرئەکراو وێرانئەکران بەکۆمەڵ ڕەوپێئەکران . بەشێوەیەکی دڕاندانەی بێوێنە ئازار ئەدران وئەبران وئەکوژران کەس نەیئەزانی ئێسک وپروسکیان لەکوێ فرێدراوە .

پێشکەشە بەوخێزانانە کە لەچوار چێوەی بەندیخانەیەکی گەور کەناوی تەءمیم بوو دەژیان وبەرگەیانگرت کەپڕ بوو لە کارەسات و مەینەتی و سامناک ڕەشەکوژی بەردەوام، شەوانە نەیانئەزانی چی ڕۆژێکی پڕ لەمەینەتی وکارەسات ودەربەدەری وڕەوپێکردن وجینۆساید چاوەڕوانیان ئەکات .؟ چارەنووسیان بەچی ئەگات .؟ بەدەست خوێنڕێژو درندەکانی بەعسەوە بەیانی چیان بەسەردێت ،،؟ .

پێشکەشە بەگیانی پاک وپیرۆزی هەموو شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان بەتایبەت شەهیدانی ناوچەی کەرکوک .

پێشکەشە بەهەموو دایکان و کەسانی جگەر سوتاو بۆ ڕۆڵە شەهید کراو ونبووەکانیان پێشکەشە بەهەموو خەم خۆرو دڵپاک و دەستپاک ودڵسۆزی ئەم نیشتمانە پێشکەشە بەگیانی ئەسیری شاعیرو عەلی مەردانی هونەرمەندو حەمید باتاسی کوردپەروەر ، مارف بەرزنجی سیاسەتمەدار ، بە هەموو ئەو شەهیدانەی کەرکوک ،کەگیانیان بەخشێ وبوونە قوربانی ، بەو تێکۆشەرانە وئەوانەی گیان و کاتی خویان تەرخانکردبوو بۆ خزمەتی نەتەوەکەیان .

ئەم نووسراوە مێژووییە پێشکەش ئەکەم .

مامۆستا / محەمەد باقی سەعید مستەفا

نەرویج ٢٠١١

# پێشەکی

ماوەیەکی زۆربوو لەخولیای ئەوەدابووم دەربارەی مێژووی کەرکوک بنووسمەوە ، ودوای ماوەیەک سارد ئەبوومەوە , هەندێ جاریش ئەو خواستە لەبیرمدا جۆشی ئەخواردەوە ، کاتێک ئەمخوێندەوە ولەراگەیاندن و لەکەنالەکاندا بەردەوام ئەمدی ئەمبیست، کەهەندێک ناوەند لەگەڵ شۆڤێنزمی عەرەب و ناحەزانی کورد خەریکن راستیەکانی مێژوو چەواشەبکەن ، کەرکوک بەلای باری بەرژەوەندی نەتەوەکەیاندا بگۆرن .

یان هەندێک نووسەری نەژاد پەرست چۆن هیلاکنابن وەرستنابن لە هەلبەستنی درۆو دەلەسەو دروستکردنی وپاساوی بیبنەما لەسەر کەرکوک وناوچەکە بەگشتی ،چەواشەکردنی مێژووی درەوشاوەی هەزارەها ساڵی رابووردوی پەیوەند بەرەسەنایەتی کوردیەوە ، کەمەبەستیان ساغکردنەوەیبوو بۆعەرەب ، یان بەرگێکی عەرەبی لەبەربکەن بڵین شارێک وناوچەیەکی عەرەبیە ، هەندێکیش بلێن تورکومانیە ,ئەلێم باشە ئەمانە لەسەر ئەم بیرە نەژاد پەرستیە هەر ئەرۆن و بێزار نابن ، بەردەوام خەریکی چەواشەکردنی ئەومێژووە ساغبووەو درەوشاوەی کوردستانیەتی کەرکوکن .

سەدامی خوێنرێژ سەری تیاچوو وتمان ئیتر لاپەرەیەکی نوێی تەبایی وبرایەتی وئاشتی وتێگەیشتن لەیەک و دادپەروەری وراستی وهاوسەنگی و پێکەوەژیان لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی عێراق دەستپێئەکات ، بەتاییەت لەکەرکوک وناوچە دابراوەکانی کوردستان ، لاپەرە کۆنەکە ئەپێچرێتەوە، لاپەرەیەکی نوێ هەڵئەدەینەوە.

ئیتر سەرلەنوی وەک برا ئەژین دور لە رک وکینەو تۆڵەسەندنی نارەوا وتەماع و دەستدرێژی بۆمافی یەکتری ودور لەگیانی رەگەزپەرستی.

پەندە مێژووییەکان پێمان ئەڵین بەتاییەت لەم چەندساڵەی رابووردودا ، کوردان و تورکومانی کەرکوک و دەوروبەری چیان بەسەرداهات بەدەست بەعس و شۆڤێنیزمی عەرەبەوە .

ئیتر بەسە کاتی ئەوەهاتووە هەموو دەست بدەینە دەستی یەکتری ولەگەڵ برایانی تورکومان وکلدانی و ئاشوری وعەرەب وەک برا بژین ناوچەکە بکەینە لانەی خۆشی و

بەختیاری و ئاسودەیی و خۆشەویستی وئاشتی وبرایەتی ، بۆخۆمان وهەموو نەوەکانی دوای خۆمان .کەچارەنووس دوا ڕۆژمان بەیەکەوە بەستراوە

کەچی بە پێچەوانەوە ئەمڕۆ سەدەها سەدام ڕاستبوونەتەوە ، نەک بەتەنها بۆ دژایەتیمان لە کەرکوک بەڵکو بۆهەموو شوێن ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان وئاوارەکردنی کورد ودەرکردنی .

کوردستانمان ژیانمان پێرەوا نابینن ، خۆیان بەخاوەنی ئەزانن ،نیازیان وایە لە سەدام ودارو دەستەکەی خرابترمان پێبکەن ئەبێت ئێمەیش هەروا دەستەوەستان بووەستین وبێدەنگبین ، ڕاستی نەلیین و بەلگەی میژووی ساغکراوە نەخەینە بەردەست ، ئەوەی چەواشەکراوە ڕاستی نەکەینەوە ، بەرگری لەڕۆڵەکانمان نەکەین ونەیان پارێزین ؟.

منیش بۆیە ئەم هەنگاوەم نا ، بەهیوای ئەوەی بتوانین خزمەتی ڕاستی مێژوویکەین ، وەک خۆی بینووسینەوە تارۆڵەکانی نەتەوەکەمان وکوردستانیان ودۆست و دوژمن شارەزابن لەمێژووی کەرکوک وڕاستیەکانی کە هەردەم و هەرگیز کەرکوک پارچەیەکی گرنگ وپیرۆزی کوردستانبووە .

لە ماوەی ئەم نووسینەدا وخوێندنەوەیدا هەست پێئەکرێت دەربارەی میژووی ناوچەکەو دەوروپشتی ودەوڵەت ونەتەوەکان تاڕادەیەک نووسراون ،باسکراون ، کە ناچاریە بۆ ئەوەی هەموو لاکانی مێژوویی ڕوونتربێت و بابەتەکان ودەوڵەتانی دەوروپشت لەوکاتەدا کەهەبوون بەرپابوون ومێژوویان لە بەر چاوبێت ، تاخوێنەر هەموو لاکانی مێژووی لەبەردەمدابێت شارەزاببێت لەکاریگەریەکانیان لەسەر کەرکوک ، کەبەوشێوەیە باری ومێژووی کەرکوک باشتر ڕوونئەبێتەوە .

ڕوداوەکانی مێژوویی ناوچەکە یەک لەدوای یەک بەڕیز نووسرواون باسکراون ، ساڵ بەساڵ وسەدە بەسەدە بۆئەوەی خوێنەر بەرەبەرە لەگەڵی بڕوات ڕوداوەکانی لەبەردەمدا ئامادەکراوبێت، هەرچەندە هەندێک باس دوبارەبووەتەوە ناچاریەو زۆرجار لەنووسینەوەدا پێویست بەوە ئەکات .

ناوی زۆر لە پاشانشین و دەوڵەتان ونەتەوکانم نووسیوە لەوانەیە هەندێکیان زیاد بێت بەڵام باسکردنی باشە بۆڕوون کردنەوەی زیاتری زانیاریەکان ، کەزۆریان پەیوەندیان

بەشاری کەرکوک وناوچەکەوە هەبووە کەحوکمڕانی ناوچەکەیان کردوەو کاریگەریان لە سەری هەبووە لە ڕوی شارستانی وکۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووری وبیروباوەڕی ئاینیەوە وململانێ جەنگەوە وشێوەوجۆری بەڕێوەبرن ودیمۆگرافیەوە.
کاتێک ڕوداوو ڕاستیەکی مێژوویی ئەخەینە ڕوو بەڵگە مێژووییەکان بڵاونەکەینەوە ئامازەیان پێنەدەین ، مەبەستمان ئەوەیە بەپێی ئەونووسراو وبەڵگانەی لەبەردەستدان و لەوڕێگەوە هەرچی چەوتی وچەواشەکردنێکی مێژوویی هەیە کە بەئەنقەست و مەبەست تۆمارکرابێت ڕاستیبکەینەوە ، بێئەوەی بیخەینە قاڵبی سیاسیەوە ولایەنێک ، تەنها مێژوویەکی ڕاست ودروست وەکخۆی .بخەینە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێز .
هەرچەندە لەنێوان باسەکاندا چەند تێبینیمان نووسیوە لە دەربڕینی سیاسی ئەچن بەلام ڕاستیەکی مێژویی ڕوداوەکانەو زیاتر باسەکان وڕونتر ئەکەنەوە پەیوەندیان بەسیاسەتەوەبووە، هەروەها لەچوار چێوەی مێژووییدا زانیاری زیاتر ئەدەن بەدەستەوە.
ئەوەی مەبەستمانەو جێی هیوامانە کە هەموو پێک هاتەکانی کەرکوک وناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بەگیانی داد وەری ولێبووردنەوە ودانانن بەڕاستیدا بێنەپێشەوە ، بەبرایەتی وتەبایی وئاشتی وڕێزگرتن لەمافی یەکتری وبەجێبەجێکردنی داواکاری ڕەوای یەکتری ، وەک برا بەو گیانەوە بێنەپێشەوە پێکەوە بژین . پەندەکان وانەکان وئەزموونەکانی مێژوویی لای خۆمان , لەگەڵ هی گەلانی کە پێمان ئەڵێن کە هەڵگرتنی گیانی تۆڵەوکینەو دوژمنایەتی وبەرامبەری ودەستدرێژی بۆسەر مافی یەکتر، ئەنجامەکەی بەزیانی هەموو دوایبدێت سودی هیچ لایەکی تیانیە .
با لاپەڕیەکی نوێی لەیەک گەیشتن وبرایەتی وئاشتی وپێکەوە ژیان بکەینەوە.
کەئەبووایە ئێمە بەتەنها لەوڕووەوە دەستپێشکەر نەبووینایە ئەوانەی کیمیاباران و کۆڕەو ئەنفالیان ئەنجامداو لە ئەستۆیانە ئەبووایە ئەوان ئەو دەستپێشکەریەیان بکردایە ، بەڵام هەر ئێمە بەو بیرە مرۆڤایەتیەوە هەردەم ئامادەین .
لەم نووسینەدا مەبەستمان دەرخستنی زانیاری مێژوویی ڕاست و دروستی کەرکوک و دەورو پشتیەتی ونەتەوەکانی کۆنی کاریگەر لەسەر کەرکوکە ، دورلەگیانی ڕەگەزی

یان ڕک و کینە بەرامبەر هیچ پێکهاتەیەک ، ئەمڕۆش با بەڕیزگرتنی مافی هەموو پێکهاتەکانی کەرکوکەوە خەریکبین وکاربکەین .
لەوانەیە جیاوازی بەدی بکرێت لە مێژوو وساڵی ڕوداوەکۆنەکاندا ، کەلەسەرچاوەکاندا وکتێبەکاندا هەندێ کجار ئەوجیاوازیەم بینیوە بەدیکردوە بەتایبەت لەڕوداوە مێژووییە کۆنەکاندا ، منیش وەک خۆیان وەرمگرتوون جیاوازیەکی ئەوتۆیان نیە کەکاریگەری ئەوتۆیان هەبێت لەسەر گەوهەرو مانای باسەکان ، کە لە زۆر کتێبی کەدا ئەودیاردەیە هەیە داوای لێبووردن ئەکەم .
خوێنەری بەڕێز لەکاتی خوێندنەوەدا هەست ئەکات پێتەکان و وشەکان بەپێی پیتی کوردی نووسراون نەک بەپیتی عەرەبی، بەئاگاداری خۆم بووە .

مامۆستا محەمەد باقی سەعید مستەفا
ساڵی ٢٠١١



سوارەیەکی چەکداری کوردی کۆن

# بەشی یەکەم



قەڵا دێرینەکەی کەرکۆک

# کەرکوک بەدریژایی میژوو

## گەڕانێک بەناولاپەڕەکانی مێژووی کۆندا

**کەرکوک پارچەیەکی گرنگی کوردستانە :-**

**کەرکوک یەکێکە لەشارە هەرە دێرینەکانی کوردستانی خوارو کەئەکەوێتە بەشی ناوچە گردوڵکەو تەپۆلکەکانی خوارو ڕۆژئاوای ، لەدوای ڕیزەشاخەکانی زاگرۆسەوە دێت، لەڕۆژئاوای ڕیزەشاخەکانی سەگرمەی ناوچەی سلێمانی دێت لەپێدەشتەکانی ڕۆژ ئاوای کوردستانی خوارو ، لەگەڵ دەستەخوشکەکەی قەڵای هەولێر (ئۆرۆبیل ) ئەگەڕێنەوە بۆهەزارەها ساڵ پێش عیسا .**

**کەرکوک لەگەڵ هەولێر کۆنترین شارو شوێن نیشتەجێی مروڤبوون لەعێراقدا، هەر لەدێرزەمانەوە کەرکوک بەنەوت ناوبانگی دەرکردوە (هیرۆدۆتی یۆنانی ) لەگەشتەکەیدا ناوی نەوتی کەرکوکی بە (ڕۆنی ماد ) هێناوە .**

**لەکۆنەوە ناوی دەرکردوە بە (ئارابخا) بەمەزەنە مێژووی دروستبوونی ئەگەڕێتەوە بۆ بەرەبەیانی سەدەی بنەماڵەکان (عسر فجر السلالات — ٢٧٠٠ بۆ ٢٤٠٠ پ.ع ).**

زۆر لەشارەزایان ومێژووناسان شێوەی دروستبوونی قەڵاکەی ئەگێڕنەوە بۆ شوێن نیشتەجێی کۆن کە لەگڵ وقوڕو بەردو گەچ ودارو پەردو دروستکرابوون . بەهۆی هێرش وشەڕەوە یان بەهەر هۆیەکبێت ،چەندجار ڕوخاون وکاولبوون ، هەر لەوشوێنە کۆنەیاندا جارێکیکە دروستکراونەتەوە لەسەر داروپەردو گلی کۆنی خانوە ڕوخاوەکان بەم شیوەیە بەرەبەرە لەزەوی بەرزتر بوونەتەوە ، وەک تەپۆڵکەو گردێک و قەڵایەکی ئاسایی دەرئەکەون ، بەهۆی ئەوبەرزیەی بووەتە هۆی پاراستنی دانیشتوانی لەدڕندەو هێرشی سەربازی.

کاتێک لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەکرێت ، هەڵئەدرێنەوە توێژ بەتوێژی گڵەکان دەرئەکەون کەهەر یەکەیان سەدەیەکی مێژوویی پیشانئەدەن وهێمایەکن بۆدەورێکی مێژوویی. زۆرلە مێژوونووسان ئەڵین ئەم شارە لە سەر شوێن نیشتەجێی کونتر سەرلە نوێ دروستکراوەتەوە لە هەر توێژێکدا شوێنەواری کۆنتر دۆزراوەتەوە ، کە مێژووی توێژێکی بنەوەی ئەگەڕێتەوە بۆ بەرەبەیانی سەدەی بنەماڵەکان (عسر فجر السلالات ).

پێدەشتەکانی کوردستان پڕن لە تەپۆڵکەو گردی وەک قەڵای کەرکوک بۆنمونە ( گردی موان ، بەکرئاواو ، تەپەگیان چەمچەماڵ ،وگردی قەڵادزێ ، کۆپاڵە ، تا.د ) لەبەشە شاخاویەکاندا دەها قەڵای سروشتی و هەڵکەوتوو هەیە کە دانیشتوان لەکۆنەوە لەو شوێنانە نیشتەجێبوون وەک قەڵای حوسنی (قەڵادزێ ) ڕەواندوز ، ئامێدی ،وان ،ماردین ،حەسنکێف ،مەلاتیا، ت.د.

بەهەموو لەگەڵ ئەشکەوت وشوێنەوارە دێرینەکانی کە هێمایەکن بۆکونترین شوێنی نیشتەجێبوونی مروڤایەتی وگەشەکردنی گیانی شارستانی لەکوردستاندا , کە کوردستان یەکەم مەڵبەندو لانەی نیشتەجێی مرۆڤ بووە لە دەوری بەردینەوە تائەمڕۆ ئەم ناوچەیە لەپێشەنگی بەشەکانی کەی جیهانبووە لەپێشکەوتنی شارستانیەتدا . هەر لێرەشەوە سۆمەریەکان کشاون بۆ خوارووی عیراق لەوێ پێشکەوتووترین وگەشاوەترین شارستانیان داهێناوەو دامەزراندوە لەجیهاندا.

***



**گلگامش ( کلکەگامێش ) یەکیک بووە لەشاکانی سۆمەری و**

**پاڵەوانی داستانەکانی گلگامشە**

# سۆمەریەکان کێن ، لەکوێوەهاتون.. ؟

کەلەبەرەبەیانی مێژووەوە حوکمیانکردوە تا ساڵی ٢٠٠٦ پ.ع کوردستان مەلبەند وجێی نیشتەجێ و ژیانی سۆمەریەکان بووە لێرەوە بەرەوخواربوونەوە بۆشوێن نیشتەجێی نوێیان لەخواروی میزۆپۆتامیا (دۆڵی دوڕوبار) ، کەزۆر لایەن ومێژووناسان بیرو بۆچونیان بۆئەم ڕاستیە ئەچێت وبەپێی ئەو بەڵگەنامەو نەخش و ئەو پێویستیانەی دروستیاکردوە بەکاریان هێناوە لەژیانی ڕۆژانەیاندا ، هەڵکەوتنی لەشیان ، لەوانەی کوردستان ئەچن ولەیەک سەرچاوەوە هەلقوڵاون سەریان هەڵداوە سۆمەریەکان ئەوشارستانی وپێشکەوتنەیان لەگەڵ خۆیان بردوە بۆشوێنی نیشتەجێی نوێیان ، زۆر وشەو ڕستەی ئاخاوتنی کوردی هەر لەسەر زمانی دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکەدا تا ئەمڕۆ بەکار ئەهێنرێن ( سەیری کتێبی سۆران حەمەڕەش ، بکە بەناوی کورد کییە ) بەڵگەی زۆر هەن ئەو ڕاستیە ئەسەلمێنن کەسۆمەریەکان ژیانی نوێیان درێژەدانە بەژیانی ڕابووردویان لەکوردستان ، هەر لەکۆنەوە لەسەدەکانی بەرەبەیانی مێژووەوە لە کوردستاندا (میزۆپۆتامیا) ژیاون لەوێوە بەرەو خواربوونەتەوە .

ئەگەر بەوردی لێکۆڵینەوەش بکەین لەسەر شارستانی ( قۆناغی حەلەف وعوبێد ) لەئەو ئامێرو دەستگایانەی ڕۆژانە بەکاریانهێناوە ودروستیانکردوە باش بۆمان ڕونئەبێتەوە دەرئەکەوێت وەکو ' هەر لە کوردستانەوە ' هاتبن وایە .

سۆمەریەکان خاوەنی یەکەم شارستانی و گەشەپێدانی وئاسانکردنی هۆ وپێویستی ژیانبوون ویەکەم گەلبوون کە نووسینیان داهێناوە لەگەڵ زۆر داهێنانی کەی بنەڕەتی بۆژیانی مرۆڤ ، مژدەی ڕۆژێکی نوێیان دابەمرۆڤایەتی کەهۆی ئاسانکاری ژیان بەڕێوەیە .

لەزەمانی ئەمانەوە سەدەکانی مێژوویی ونووسین دەستپێئەکات. دوای گەڕان لێکۆڵینەوەی زۆرو بەراوردکردن لەئەنجامدا دەرکەوتووە وبۆچوونی شارەزایانی مێژووش وایە،کە ( ڕەگەزی )جنسی سۆمەریەکان لەنەتەوە زۆر کۆنەکانی ناوچەکانی کوردستان

وناوچەکەبن ، کەجنسی ئەرمەنی تێکەڵاو بەجنسی دەریای سپی ناوەڕاست بوو بێت بەڵام زۆرتر لاسەنگە بەلای جنسی دەریای سپیدا ، لەدوای گەڕان وتاقیکردنەوە لەسەر کەللەسەرو ئێسک وپروسکی ناو گۆڕەکانیان ئەم ڕاستیانە ئەسەلمێنن . زمانی سۆمەریەکان تایبەتبووە نە لەزمانی ئارینەژاد چووە نە لەزمانی سامی چووە تاڕادەیەک نووسین وزمانیان وشیوەی پێکەوەلکاندنی وشەکان لە هی چینی چووە ، کە هی نەتەوە کۆنەکانی ناوچەکەبووە .

*جۆرج رو لەکتێبەکەیدا (العراق القديم ) ترجمەوتعليق حسين علوان حسين ، منقحه في سنه ١٩٦٣ ئەڵێت : کوردستان یەکەم مەڵبەند ولانەی نیشتەجێی مرۆڤ بووە لەسەدەکانی بەردی نوێدا ، وەک دەرکەوتوە و بەڵگەش هەیە کە سۆمەریەکان لەپێش سەدەکانی بەرەبەیانی مێژوو لە خوارووی عێراقی ئەمڕۆ هەبوون لەسەدەکانی پێش (وەرکادا ) لەوناوچانەدا ژیاون کەسەدەکانی (عوبێد) ئەگرێتەوە وئەڵێت : گەلانی سۆمەری و بابلی بەعەکسی عەرەبەوە گەلێکی کشتوکاڵیکەری ڕەسەن بوون ، سۆمەریەکان لە ساڵەکانی (٣٠٠٠ پ.ع ) دا نووسینیان داهێناوە . سۆمەریەکان نووسین وبەڵگەنامەی زۆریان لەدوا بەجێماوە ، یەکێک لەوبەڵگە نامە بەجێماوانە کۆنترین نووسراوەی جوگرافیبووە، بەناوی سوبێر (subir) هاتوە،ئەگەڕێتەوە بۆکاتی ( لۆکال ئانی مۆندۆ ) شای شاری ئەداب {کە لەسەر ڕوباری فوراتە لەبەشی ناوەڕاستدا یە ، بە ٤٠ کیلۆمەتر نزیک عەفەکی ئێستایە لەدیوانیە} .

١. ئەو پاشایە لەچارەکە سەدەی هەزارەی سێیەمی پێش عیسادا ژیاوە لەوبەڵگە نامەیەدا ناوی (ئێلام ،ماراهاشی، گۆتبیوم ،سۆبێر ،ئامۆرۆ، سوتیۆم ) تۆمارکراوە. دواتر ئەکەدیەکان بە ( سۆبارتۆ) ناویان هێناوە سۆبێر بەمانای سەرو یان بەرزایی ئەگرتەوە لایان ، کەجەرگەی کوردستانە.

ەو تۆمارە جوگرافیەدا ناوی زۆرشوێنی کوردستان هاتوە بە تایبەت (گۆتیبـۆم) کە مەبەست ناوچەی فراونی کەرکوکە ودەوروبەریەتی کەبە (ئارابخا ) ناوی دەرکردبوو کەوڵاتی ( گۆتی ) ئەگرتەوە.

٢. سەدەکانی نیشتەجێبوونی سـۆمەریەکان ئەگەڕێتەوە بۆسـەدەکانی پـێش مێـژوو (پێش داهێنانی نووسین )، شوێن نیشتە جێیان لە بەشی خواروی عێـراق لەخـوار (نوفەرەوە) لەنزیک دیوانیە بەرەوخـوار دەسـتی پێئەکـرد . سـۆمەریەکان خـاوەنی سامانێکی گرنگبوون لەبنەمای شارستانی بنەڕەتی و خوێندن و نووسین و مێژوویی ومرۆڤایەتی و ئەدەب وئەفسانە ( وەک داستان وئەفسانەی گلگامش ، کلکەگامێش ) وبناسازی بیروباوەڕی ئایینی ویاسا .

٢. وەک زۆر لەزانایان و ڕۆژهەڵات ناسان باش بۆیچون ، بەتایبەت سیر رۆناڵد وولی کەئەڵێن : (مێژوو لە سۆمەرەوە دەست پێئەکات ).

٤. جۆرج رو لەکتێبی العراق القدیم ، لاپەڕە ٤٥ ، ١٢١

١-د.فازل عەبدولواحد (العراق فی التاریخ ) بەشی٢ لاپەڕە ٦٨

٢- د . احمد سوسە ،تاریخ حزارت وادی الرافدین ، لاپەڕە ٤٠٤.

٣- ها فرانکفۆرد ،شارەزا لە مێژووی سۆمەریەکان کەلـەڕێـزی پێـشەوەی ڕۆژهـەڵات ناسەکان و بلیمەت وشارەزاکانی مێژووە هەمان بۆچوونی هەیە.

٤- د. عبد الرزاق النعمان الفکر السیاسی فی العراق القدیم .

١- ت ،جاکۆبسن ،عن قائمە الملک السومری.

٢- د. احمد سوسە تاریخ العرب و الیهود .

٣- ،سێر لیۆنارد ولی کتێبی نبش المازی سۆمەریەکان

* کارڵ برۆکلمان ، تاریخ الشعوب الا سلامیە

* سۆران حەمەڕەش ، کتێبی کورد کێیە ،،؟ .




قەڵا دێرینەکەی هەولێر(ئۆرۆبیل ) کۆنترین شارلەجیهاندا
دەستەخوشکی قەڵای کەرکوک

# سۆباری ، سۆبیر ، سۆبارتە ،سۆبارتۆ

## پەیوەندی بەناوچەکەوە بەتایبەت ئاراپخا

بەبیروڕای ڕۆژ هەڵات ناس (ئینگلستان ، مەبەست لەسۆباری ناوچەیەکی فراوانی جوگرافی ئەگرتەوە لەسەرو عێلامەوە تا کوردستانی خوارو لەگەڵ ڕۆژ هەڵاتیەوە ، تا وڵاتی شام بەلوبنانیشەوە درێژئەبووەوە .

بەمانای مێژوویی : سۆبارتۆم سۆباری ناوچەی ( ئارابخا ،ناوار ،باراخسی سیمۆرۆم خۆمۆرتۆم )ی ئەگرتەوە لەگەڵ هەندێک ناوچەی کە ، سۆباری لە (ئێلامەوە) کە (پاراهشی) پێئەوترا لە نێوان (ماراهشی ، پارسوا) درێژ ئەبووەوە بۆسەرو ڕۆژئاوا تا شاخەکانی ( ئەمانۆس ) شاخی ( ئورز ) لەلوبنان ، لەگەڵ ناوچەی ( ئامۆرۆ )ب

گشتی و (لۆلۆبی وگۆتیشی ) ئەگرتەوە بەهەموو ولاتی ئاشوریشەوە .
دوایی واتای ناوەکەی گۆڕانی بەسەرداهاتوە بووەتە هێما بۆگەلێک لەو ناوچە فراوانەدا ئەژیان بەناوی ( سۆباری).

* ڕۆژهەلاتی ناس (سێر لیۆنارد وولی) لەکتێبەکەیدا بەناوی (سۆمەریەکان) دەربارەی ئوری سێیەمی سۆمەری نووسیویەتی [1]: (باتیسی دگاش ناو ، لەکاتی پاشایەتی (gimil –sin گیمیل سین ) ی سۆمەری لەساڵی۲٤۰۹ پ ،ز بەدواوە بووە بەحاکمی هەولێر ، ( ئوربیلیوم، ئوربیل ،ئورۆبل) کەبەشێکبوو لەسۆبارتۆو ودەوروبەرەکانی وەکو : ( kardak , gutebam , kankhar , khamasi , sobarta ، (سۆبارتا ، خاماسی ، کانگ هار ، گۆتیبام ، کارداک ) [2] .

لەسەدەکانی حوکمی سۆمەریەکاندا بەتایبەت کاتی حوکمی ئوری سێیەم ناوی ( گۆتی Gutebam ,) لەنووسراوە مێخیەکاندا هاتوە .

ولاتی ئەم گۆتیانە بەشێکبووە لەناوچەیەکی جوگرافی سۆباری ، کەحوکمی سۆمەریەکان لەوێوە درێژ ئەبووەوە تا ناوچەی سۆباریشی ئەگرتەوە کە لەژێردەستیاندا بوو ، زۆر جار سۆمەریەکان هیرشیانهێناوە بۆناوچەی سۆباری وداگیریان کردوە .

زمانی دانیشتوانی (سۆباری ) نەسامی و نە ئاری نەژادبووە بەڵکو بەزمانی ناوچەیی کۆنیان ئەدوان ، وەک سۆمەریەکان ، هەر بەوشێوەیەش (ئاشوریەکان ) کە لەناوچەی سۆباری ژیاون ، دوای ماوەیەک لەمێژوویان زمانی کۆنی ( ناوچە کۆنەکەیان) وازلێهێنابوو بەزمانی سامی دوابوون .

وەک لە بەڵگەنامە مێژووییەکاندا دەرئەکەوێت ئەم ئاشوریانە لەزۆر ڕووەوە لەوەپێش لەڕەسەنی سامی نەژاد نەبووبن ، کە لەپێشدا ناوی زۆر لەسەرەک هۆزو سەرکردەکانیان سامی نەبوون وەک (تۆدیا ، تۆشێپا ، سۆلیلی ، ککیا ) بەوهۆیەوە بیرورا بۆ ئەوە ئەچێت کە ئەم ناوانە هۆری ،حۆری ،هۆرتێت بووبن ؛ ( کە هۆریەکان بنەماڵەیەک و گەلێکی شارستانی کۆن وگەورە بوون لە کوردستاندا ژیاون ) .

لەمەوە دەرئەکەوێت لەوانەیە ئاشوریەکان مرکی سامی نەژادیان وەرگرتبێت ، زمانی سامیان کردبێتە هۆی قسەکردنیان ، کە لەدەوری شاری (ئاشور، شرگاتی) ئیستا نیشتەجێبوون.(٣)

---

(٣) * جۆرج رو ، العراق القدیم ، وەرگێرانی حسێن علوان حسێن) . بەگشتی

* د. عبد الرزاق النعمان الفکر السیاسی فی العراق القدیم . =

* د. جمال رشید ، دراسات کردیەفی بلاد سوباتو . =

* د. تاها باقر ، مقدمە فی تاریخ الحزارات القدیمە .

* کۆمەڵێک مێژوونوسی عێراقی ، العراق فی التاریخ .

* دۆرۆثی مکای ، مدن العراق القدیمە

١) لیۆنارد وولی لەکتێبەکەیدا (سۆمەریەکان ) لەلاپەڕە١٦٦ ،لەبەشی پێنجەم .

(٢) (بەپی بیروبۆچوونی سێر سیدنی سمێث _ کوردوکوردستان لاپەڕە ٤٩ ) .

* ئینگلستان چاپی ١٩٥٥ ،لاپەڕە١٥ واتای ٧ .



١ نمونەی خەتی مێخی سۆمەری

٢ مەسەللەکەی نارام سینی ئەکەدی

# ئەکەدیەکان

## ٢٣٧١ — ٢٢١١پ.ع

بەپێی بۆچوونی ڕۆژهەڵات ناسان و مێژوو نووسان ئەکەدیەکان لەدانیشتوانی دەورگەی عەرەببوون ، لەوێوە هاتون لەسەرو وڵاتی سۆمەری گیرساونەتەوە ، مێژوی نیشتەجێبوونیان بەمەزەنە ئەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی چوارهەزار ساڵ پێش عیسا ، لەڕەگەزی کۆمەڵەی سامی نەژادن و بەزمانی ئەکەدی ئەدوان کە بەشێکبوو لە کۆمەڵە زمانی سامینەژاد ، لەدێهات وشارەکاندا نیشتەجێ بوون بە کشتوکاڵ پیشەی هەمە جۆرەوە خەریکبوون .

شوێن نیشتەجێی سەرەکیان لە سەرو شاری نوفەرەوە (نزیک دیوانیە) دەستی پێئەکرد بەرەو سەرو تاهێلی هیت وسامەڕا (شامەڕا ، شامەڕێ) درێژ ئەبووەوە [1].

شارستانی سۆمەریەکان کاریتیکردبوون و خەتی مێخی سۆمەریەکانیان وەرگرت و لەنووسینەکانیاندا بەکاریان ئەهێنا ، خواکانی سۆمەریان ئەپەرست . ئەکەدیەکان لەدەوروبەری سالآنی ٢٤٠٠ پ. ع ، توانیان بە سەر سۆمەریەکاندا سەر بکەون دەوڵەتی ئەکەدی دابمەزرێنن لەوشوێنانەی کە لێی نیشتەجێبوون کەناوەڕاستی ئیستەی عێراق بوو.

بەناوبانگترین سەرکردەیان ( سارگۆن) سەرجۆن بوو کە بەمەزنترین پاشاو سەرکردەو دامەزرێنەر ئەژمێرێت .[2]

توانی گەورەترین و فراونترین ئیمپەراتۆریەت دابمەزرێنێت لەو زەمانەدا ، توانیان زۆرترین وڵاتانی ڕۆژ هەڵاتی ناوەند داگیربکەن ، نارام سین یەکێکبوو لە پاشا

مەزنەکانی ئەکەدی ، کە بەشێکی زۆری کوردستانی داگیرکردبوو لەگەڵ لۆلۆبییەکاندا کەوتوەتە شەڕەوە .

ا ئەمڕۆ نازانرێت چۆن .؟ و بەچی شێوەیەک .؟ ئەم سەرکەوتنەیان بەدی هێنا . بەسەر سۆمەریەکاندا زالبوون توانیان ئەو دەوڵەتە مەزنە دروستبکەن .[٣]

پاشاکانی دوای (نارام سین) لەبەر شەڕو هیرشی زۆر بۆسەر گەلانی دەوروپشت بێهێز بوون بەتایبەت بەهۆی شەڕی بەردەوامیان لەگەڵ لۆلۆبییەکان . دواجار گۆتیەکان لە ساڵەکانی ٢١٥٦پ.ع دا توانیان بەسەریاندا سەربکەون دەوڵەتەکەیان لەناوبەرن بۆ هەتا هەتایە حوکمی ئەکەدی بسڕنەوە لەمێژووی ناوچەکدا .

[١] دۆرۆثی مکای ، مدن العراق القديمه ، لاپەڕە ١٣٨ ) .

[٢] د، فوزی رشيد ، نارام سين ملک الجهات الاربعه .

* نيكۆلای پۆستگێت ، حزاره العراق واثاره،چاپی یەکەم بەغداد

* محەمەد ئەمین زەکی ، مێژوی کورد وکوردستان ،. لاپەڕە ١٠٠.

* ئەندریە بارۆ ،بلاد ئاشور ،ترجمه سليم تاها التكريتی .

* کۆمەڵێک مێژوونووسی عراقی ، العراق فی التاريخ .

* جۆرج رو ( العراق القديم ، وەرگێڕانی حسێن علوان حسێن ) .

* ليو اۆپنهايم ، بلاد مابين النهرين ،ترجمه سعدی فيزی عبدالرزاق .

* ئينگلستان ، تاريخ اشور القديم چاپی قاهره ساڵی ١٩٥٥ .

* کارل برۆكلمان ، تاريخ الشعوب الاسلاميه

[٣] ئەی ، تی ،ئی ، ئۆلمستيد تاريخ اكد ،



هەندێک سەرچاوە ئاماژەی پێئەدەن پەیکەری ئانۆبانینی لۆلۆبیە
لەدەربەند بێلولە

# گۆتی ؛ جودی

# گۆتیبۆم ،گوتی ،قوتی ،گۆتیۆم

## ٢٢١١-٢١٢٠ پ.ع

گۆتیەکان دانیشتووی ناوچەی ڕۆژ هەڵات وسەرو ڕۆژهەڵاتی سۆبێر (سۆباری ) بوون کەشوێن نیشتەجێی سەرەکیان ناوەڕاستی شاخەکانی زاگرۆسبووە ، بەتایبەت ناوچەی (هەمەدان – ئەکباتانە)لە ناوچەیەکی فراواندا بڵاوبوون کە هەموو ناوچەی (میدیا) و (ئەکباتانە) و(ڕەگ) وکوردستان تا ناوچەی قزل ئۆزۆنی ئەگرتەوە .
بەڵام ئازەرپادگان (ئازەربایجان ویەشێک لە وڵاتی میتانی) نەئەگرتەوە. (١)

لەنووسراوێکی سارگۆنی (سرجون)ی دووەمی ئاشوریدا هاتوە {ئانە سیخێر ، تێشومات گۆتیۆم کی مات مادای رۆقۆتی شەبات شد بێکنی ئادی مات ئەلیپی } واتە (هەموویــان بەیەکەوە گۆتیــۆم ،میــدیا دورەکــان کەئەژیــن لە شــاخی بیکنــی ) لەژێردەستیاندابووە ، مەبەست لەشاخی بێکنی (دەماوەند) و(البورزە) . نووسینەکە هیمایەبۆئەوە کە سارگۆن ئەم ولاتانەی بەدەستەوەبووە (٢)

ئەشنۆنە ( کەئیستا ناوی تل الاسمرە ) لەخوار ئارابخاوە ، لەنزیک دیالا لە باکوری رۆژهەلاتــی بــەغدادە ، لەگەڵ نــاوچەی کەرکـوک بـوویە بەشـێک لەولاتــی سۆمەری بەدانیشتوانی گۆتیەوە . (٣)

ولاتی گۆتی کەئەکەوتە نێوان روباری دیجلەوە لەرۆژ ئاواوە و شاخەکانی زاگرۆز لەرۆژ هەلاتی ولەسەرەوەی روباری زێی بچوک وسەروتر سنوریبوو. لەخـوارەوەش ولاتـی ئەشنۆنەبوو بەسیروانەوە .

ناوی ئەم گۆتیانە هاوتای ناوی شاری (ئاراپخا ) بووە کەدوای ماوەیەک گۆتیـەکـان نیشتەجێی کەرکوک و دەوروبەریبوون ، دانیشتووی ئەم ناوچانە (ناوچەی کەرکوک – ئارابخا ) بەشێکبوون لە دانیشتوانی ولاتی (سۆبارتۆم ،سۆباری) کە (ئارابخا، تا ناوار، باراخـسی، سـیمۆرم ،خۆمۆرتـۆم) لەگەل هەنـدێک نـاوچەی کەی ئـەگرتـەوە . لەلایەکی کەوە گۆتیۆم ناوێکی گشتیبوو بۆ ئەوهۆزانەی لەوسەدانەدا لەوناوەدا ئەژیان کە ئاشور ئەکەوتە رۆژ هەلات وژوروی رۆژهەلاتی وناوچەکە. هەندێک ئەڵین زۆر جار وشەی گۆتیۆم هەر مادی ئەگرتەوە .

بەشیک لە گۆتیەکان هەرلە سەدەکانی حـوکمی ئەکەدیەکانـدا لەناوەراسـت وخـوارو عێراقدا هەبوون (واتە لەولاتی ئەکەد و سۆمەر) ، دانیشتووی ئەوشوێنانەیش بوون . لە سەردەمی سەدەکانی حوکمی ئەکەدیەکاندا ، یەکەم فرامانرەوای گۆتی لەخواروی عێراقـدا حـوکمی کـردوە بە نـاوی (Erridu =Pizir) ، (ئێمیـدۆ ـــ پیزیـر ) کە لەنووسراوێکی مێخیدا ناوی هاتوە ، هاوچەرخی پاشای ئەکەدی بووە .

( ئارام سین) . بۆ ماوەیەکی کەم (نوفەر ـــ نفر ) ی داگیرکردوە ، لەوێ نووسینێکی دورو درێژی بەجێهێشتوە ، خۆی ناوناوە شای چوارقورنەی جیهان (ملـک الجهـات الاربعە ) (٤)

ئەکەدیەکـان لەناوخۆیانـدا تێکچـوون ،کاتێـک حـوکمی بەهیـزی پاشـاکانی ئەکەد بەتـایبەت ( نـارام سـین ) بـەسـەرچـوو ودوای هێـرش وشـەڕی زۆر لەگەڵ وڵاتـانی دەوروپشت کەبێهێزی کردبـوون ، یەکێـک لە سـەرکردە وکاربەدەسـتەکانی گـۆتی کەناوی ( ئیلۆلۆبیش ،ئیلۆلۆمیش) بوو ، بەهەلی زانیوە هێرشی هێناوە بۆسەر وڵاتی ئەکەد ، لەساڵی٢١٥٦ پ.ع بەدواوە ئەو سەرکردە گۆتیە بەسـەر ئـەکـەدیـەکانـدا، سەرکەوتوە لەئەنجامی ئەوهێرشەدا وڵاتی ( ئەکەدو سۆمەری ) داگیرکردوە ناوی خۆی نـاوە ( شـای ئەکەدی بەهێـز) ، بەوشـێوەیە گۆتیەکـان دەولەت ورژێمـی ئەکەدیـان لەناوبردوە ، بەوشیوەیەدەورو حوکمی ئەکەد لەمێژوودا نـاوی نەمـاو بەسـەرچوو ، ئەکەدیەکــان وەک گەل ونەتەوە وحــوکمڕانی لــەمێــژوودا دەوریــان نــەمـــاوە . هەموو ناوچەی ئەکەد وبەشێک لەوڵاتـی سـۆمەر کەوتە ژێردەسـەڵاتی گۆتیەکـانەوە بەسەرکردایەتی پاشا (ئیلۆلۆبیش ) کە خـۆی ناونـاوە ( شـای ئەکەدی بەهێـز ) . هەر لەوساڵانەدا لە ناوچە شاخاویەکانیشەوە بـەشـێکی کـەی گۆتیەکـان هێرشـیان هێناوە بۆسەر ئاشور وداگیرو وێرانیانکردوە . هەموو ئەو ناوچە فراوانە کەوتوەتە ژێر دەستی گۆتیەکانەوە .

گۆتیەکان بۆماوەی نزیکەی سەدەیەک حوکمی وڵاتی ئەکەدیان کـرد لەگەڵ بەشـێک لەوڵاتی سۆمەر ، ئەوبەشەی وڵاتی سـۆمەریەکانی ژێردەسـتیان سەربەسـت تریـوون لەوبەشـەی وڵاتـی ئەکەدیەکـان کە سەربەسـتی سیاسـی و بازرگانیـان هەبـووە .

دەربارەی لۆلۆبی و ئەکەدی : پەیوەندی ورِوداوەکان لەشەڕی بەردەوامدابوون لەگەڵ یەکتری بە سەرکەوتنی گۆتیەکان بەسەرئەکەدیەکاندا ودوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمیان ئەوهێرشە بەردەوامە دواییهات ، دوای هێنرا بەهێرشی ئەکەدی بۆ ناوچە شاخاویەکانی زاگرۆس بەتایبەت سەر وڵاتی لۆلۆبییەکان (لۆلۆبی) لە ناوچەی سلێمانی . ئەوکاتەی پاشای لۆلۆبی بەناوی (سانتۆنی) حوکمڕانبووە نارام سین لەگـەڵیـدا کەوتوەتە شەڕەوە بەسەریدا سەر کەوتوە .(نارام سین ) لەدەربەندی قەراخ بەشاخی بەرانانەوە کەناوی (دەربەنـد گـاورە ) پەیـکەری سـەرکەوتنی خـۆی بەسـەر لۆلـۆدا هەڵکەندوە، لەگەڵ میلێکی بەردینی تر سەرکەوتنەکانی خۆی بەسەر (سانتۆنیدا ) تیا تۆمار کردبوو لەوڵاتی خۆی دایناوبوو پاراستبووی .

لەوە ئەچێت کە نارام سین لەوشەڕانەدا کوژرابێت . نارام سین لەکاتی هێرشەکەیدا بـەناوچـەی ئارابخـادا ( بـەسـەر کـەرکوکـدا ) تێپـەڕێـوە و داگیریکـردوە . بەرامبەر ئەوپەلامارە بەردەوامەی ئەکەدیەکان شای نوێی لۆلۆیی (ئانۆبانینی ) خۆی ئامادەکردبوو بۆ جەنگێکی چارەنووسی دژی ئەکەدیەکان ، بەهێزێکی زۆرەوە بەرنگاری هێرشی ئەکەدیەکان بووە لـەئـەنجامی شـەڕو پێکدادانـدا ، هێـزی پاشـای لۆلـۆیی سەرکەوتوە بەسەر ئەکەدیەکانداو ناوچەکەی لەدەستیان سەندوەتەوە .

ئانۆبانینی ئەم سەرکەوتنەی لە سەر میلی قەدپاڵێکی هۆرین وشێخان هەڵکەندوە ، باسی ئەوەی تیایە کەپاشای نوێی لۆلۆیی (ئانۆبانینی ) سەرکەوتنی خۆی بەسەر ئەکەدیەکاندا تیاتۆمارکردوە .

دوای سەرکەوتنی گۆتیەکان بەسەر وڵاتی ئەکەددا خـوای ئەکەدیـان کـرد بە خـوای خۆیـــان و ئەیانپەرســـت وەک خـــوای (عەشـــتارو خـــوای مانـــگ).

گۆتیەکـان لەکۆمەڵـگـایەکی هـۆزایەتی و سەربەسـتدا ئەژیـان کـۆیلەیەتی ( عەبـد ) لەناویاندا باوی نەبوو ، بەهاتنیان و داگیرکردنی وڵاتی ئەکەدو بەشیک لە سۆمەر ، کۆیلەکانیان ئازادو سەربەستکرد کەزۆریان گـۆتی ولۆلـۆیی بـوون . کە بەقـژ زەردو پێـست سـور ناویـان دەرکردبـوو پێیـان ئەوتـن (نـامرۆ) یـانی (کـۆیلەی سـەرو ) .

گۆتیەکان لەساڵی ٢٢١١ تا ساڵی ٢١٢٠ پ.ع وڵاتی ئەکەدیان بەدەستەوەبووە حوکمڕانیان کردوە ، کەبۆماوەی ٩١ ساڵ درێـژەی کێشاوە لەو مـاوەیەدا ٢١ پاشـا حوکمیانکردوە ،ناوی پاشاکانیان وەک: ئینیمی گابیش ،جارلاگاب یان (گارلاگاب) ، تریکان ( تریقان) بووە .

لە ماوەی حوکمی گۆتیەکاندا میرێکی سۆمەری پەیدابوو کەحوکمی (بنەماڵەی ئوری سێیەمی) دامەزراند نـاوی ئۆتـۆ هەیکـال (ئۆتـۆ حەیکـال )بـوو. کـە بەدوا حـوکمی بنەماڵەی سۆمەری ناو ئەبرێت ، دوای ئەوەی ئۆتۆهەیکال خۆی بەهێزکرد ، بەسەر هەموو دوژمنانیدا سەرکەوت هێزەکانی (ئـۆرۆکی) کـۆکردەوە ، وئامـادەیکردن بـۆ بەرنگاربوونەوەی گوتیەکان و دەرکردنیان لەوڵات ڕزگارکردنی وڵات لەدەستیان ، ئەو میــرە کە نــاوی ( ئۆتۆحەیکــال ، ئۆتۆهەیکــال) بــوو لەســاڵانی ٢١٢٠ پ.ع ،

بەلەشـکرەکەیەوە لە  (کارکـار) بەرنگـاری لەشـکری گۆتیەکـان بـووەوە کە لەژێـر فەرماندەی پاشـا کەیانـدابوون بـەنـاوی (تریکـان ،تریقـان) ، لەئەنجامی شـەڕەکەدا ئۆتۆهەیکال  سەرکەوت بە سەر لەشکری تریکاندا  ،گۆتیەکان شکان وتریکان هەڵهات ، دوایی گرتیان ، ئۆتۆهەیکال ، تریکانی لەگەڵ خیزانەکەی قۆڵبەستکرد ، لەناوبیردن ئەم شەڕە  لەڕۆژی ١٤ تەموزی ئەوساڵەدا ڕویدا ، بەوبۆنەیەوە ئۆتۆحەیکال تۆمارێکی مێژوویی نووسیوە کەلەدوای بەجێماوە ئەلێت :-

[من ئۆتۆهەیکال ئەو پیاوە مەزنە پاشای ئۆرۆک ، پاشای چوارلای جیهان ناوی گۆتیم تێشکاند ،مارو دوپشکی شاخەکان ، بەوجۆرە سەروەریم بەدەست هێنایەوە بۆ سۆمەر ، ولاتم  لەدەست سەندنەوە پاشایەتیم گێڕایەوە بۆ سۆمەر ].

گۆتیەکان کەشکان کشانەوە بەرەو  ئاراپخا ( کەرکوک ) بوونەوە ، لەناوچەی ئارابخا نیـشتەجێبوونەوە ئارابخایـان کردبـە ناوەنـدی سـەرەکی وپایتەختیـان وبتـی خـوای نگرســـــۆ ) یـــــان (ننخرســــــۆ ) یـــــان لەگەڵ خۆیانـــــدا هێنـــــا . هەر لەهەمان کاتدا کە گوتیەکان شکان وکشانەوە . لە (لەگەش ) کە (وڵاتە شار) ,( state city ) بوو  بەشێکبوو لە وڵاتی سۆمەر ، پاشاو میری ئەو شارە گۆتیبوو کە ناوی Gudea Patysy Lagash ( گودیا –پاتیسی لاگاش ) بوو هەر لەشوێنی خـۆی مایەوە وەک حاکمی شارەکە  ،سۆمەریەکان وازیان لێهێنا  ،  ئەو حاکمە کاتی خۆی بەسەر ئەکەدیەکاندا سەر کەوتبوو ، بوو بوو بە حاکمی ئەو شارە .

# ئەشنۆنە

ئەشنۆنە کە ئێستا ناوی (تل الاسمره ) نزیک ڕوباری سیروان (دیالا) نزیک بەغدادە.، لەگەل ناوچەی ئاراپخا بەشێکبووە لەولاتی سۆمەر ، دراوسێی گۆتیەکانبوون دانیشتوانی وەک گەلێکی کۆنی دانێشتوی ناوچەکە لە مێژوودا خۆیان نواندوە دەوڵەتەکەیان لەخوار ولاتی ( گۆتی ، ئارابخاوە)بووە ، کەوەک گۆتییەکان لەژێردەست و کاریگەری شارستانی سۆمەریەکاندابوون ، ولاتەکەیان ناوچەی ڕۆژهەلاتی دیجلەی ئەگرتەوە بەمەندەلی و جلەولاو شارەبان و زرباتیەوە ، تاخوار بەغداد ، خوار روباری (دیالە ، سیروان) تابەرزاییەکانی شاخەکانی پشتکۆ (زاگرۆس) کەبەشێکی گرنگی کوردستانە، ناوی خواکەیان هەرلە هەمان خوای هۆری حۆری ئەچوو کەناوی (تیشوب )بوو لای ئەوان ناوی (تیشباک) بوو . لەگەڵ بێهێزبوونی سۆمەریەکان ساڵی ٢٠٣٨ پ،ع توانیان وەک هەموو (شار دەوڵەتەکان) سەربەخۆبن ، وەک عێلام وچەند ناوچەی کە لە ئوری سۆمەری جیابوونەوە ،دوایی کە سەربەخۆبوون و بەهێزبوون دەستیانکرد بە فراوانکردنی ولاتەکەیان پەلیان کوتا خواروی دیالەیان داگیرکرد ، سەرەو ژور هاتن تا ناوچەی کەرکوک ، لە ساڵی ١٨٥٠پ.ع دا شاری ئاشوریان داگیرکرد ( ئابیق ئاددی ) پاشایان لە ڕێ مرد لەدەشتی هەولێر نێژرا .

ئەشنۆنە لەپشتی ئەو هۆزەوەبووە کە ناویان ( تۆرۆکۆ ) بوو لە دامێنی شاخەکانی زاگرۆس شەڕیان لەگەڵ ئەشمی داگانی ئاشوری کردوە هەروەها ئەم سەرکردەیە لەناوچەی کەرکوک و زێی بچوک شەڕی لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکەکردوە . حامورابی لەساڵەکانی حوکمیدا سۆباری و ناوچەی ئاراپخای داگیرکردوە دوایی هێناوە بەحوکمی ئەشنۆنە .(٣)

***

# دەوری گۆتیەکان بەدرێژایی مێژوو :

گۆتیەکـان بەیەکەم کـۆمەڵە مـرۆڤ دائەنـرێن کە لەکەرکـوک و دەوروبەری بـەچـڕی نیشتەجێبوون. گۆتیەکان بەدرێژایی مێژوو ئاسایی وبەردەوام نیـشتەجێی نـاوچەی ئارابخابوون وخاوەن دەسەڵاتبوون. دوای سەرکەوتنی سـۆمەریەکانیش بە سـەریاندا هەرهەبوون .

ئەو بەشە گۆتیانەی وڵاتی سۆمەرو ئەکەدیان داگیرکردو گرتەدەست کە لەوڵاتی سۆمەر بوون ، دوایی کە بەدەستی سۆمەریەکان شکستیان هێنا گەڕانەوە بۆئەم ناوچەیە ، دوای گەڕانەوەیان بۆ ناوچەی کەرکوکی نەوەیان بەردەوام لەو ناوچەیەدا ژیانیـان بەسەر ئەبرد ،لەمێژوودا زۆرجـار ڕۆڵ ودەوریـان لـەڕوداوە مێژوویـیـەکانـدا هەبـووە ودەرکەوتون ، لەهەندێک ڕووداوی مێژوویی کۆن و نوێدا وبەدرێژایی مێژوو چەند جار ناویـان هـاتوە ، کەهەرمـابوون کـاریگەری مێژوویـیـان هەبـووە لە سـەر نـاوچەکەو حوکمڕانی ناوچەی خۆیان بوون، وەک باسمانکرد دانیشتوی ڕەسەن و کۆنی کەرکوک و دەوروبەری بوون.

لەساڵی ٢٢١١ پ.ع کاتێک سەرکەوتن بە سەر ئەکەدیەکاندا. و بڵاوبوونەوە بەوڵاتی ئەکەدی و سـۆمەریدا لەچەنـد سـەدەو سـاڵانی دواییـدا دەورو ڕۆڵیـان چەنـدجار دەرکەوتوە بەدرێژایـی مێـژوو وئامـاژەی پێـدراوە . ، دوای دووهەزار سـاڵ دوای شکستیان لە بەردەم سـۆمەریەکاندا هـەرهـەبـوون وەک نـەتـەوەیـەکـی ڕەسـەن و ڕەگداکوتاو لەناوچەکەدا چالاکیان هـەبـووە. لەم خـاڵانەی خـوارەوەدا کـاریگەری و هەبوون ودەوری مێژوییان دەرئەکەوێت ، جگە لەوساڵانەی کـەحـوکمی سـۆمەریـان بەدەست بووە ، تا ئەمڕۆ لەچوار هەزار ساڵ زیاتر تێپەڕیوە ، لەو ڕۆژەوەی حوکمی وڵاتی ئەکەدو سۆمەریان گرتووەتە دەست :

١/ لەساڵی ١٧٦٣پ.ع جارێکی کەناویان هاتوە، کە گۆتیەکان لەگەڵ وڵاتانی : ( ئەشنۆنەو ئاشور و مالگیۆم ) پەیمـانی چـوار قۆڵیـان بەسـتوە دژی حـوکمی

حامورابی. دوای ماوەیەکی زۆر ، چەند جاری کە ناویان لەمێژوودا هاتوە لە ساڵەکانی ٢١٢٠ پ.ع بەدواوە هەر لەوڵاتی خۆیاندا بەردەوام جێگیر بوون مابوون ، وەک نەتەوەیەکی ڕەسەن ڕەگ داکوتاو لە ناوچەی کەرکوکدا (بەپێی جۆرج روو ، العراق القدیم ، لاپەڕە ٩٠ )

{ماڵگیۆم وڵاتێک بوو لەوشوێنەی کەسیروان ئەڕژێتە دیجلەوە}

(٢/ لەدەورانی لەساڵانی دامەزراندنی ئیمپەراتۆریەتی کاشیدا ، یەکەم پاشای کاشی (ئاگۆم کاکریمی ) لەدەوروبەری ساڵەکانی ١٥٩٥ پێش عیسا، کەبابلی داگیرکرد دەستی بەسەر گۆتیۆم و الماندا (حەلوان ) گرتووە. (ئاگۆم کاکریم ) بەشانازیەوە ئەڵێت من پاشای (گۆتیۆم و ئاڵماندام ) . بەدرێژایی حوکمی کاشیەکان ناوچەی (کەرکوک) گۆتی بەشیکی گرنگی ئیمپەراتۆریەتی کاشیبووە لە ژێر حوکمیاندابووە .

٣ / لەدەورانی حوکمی ئاشوریدا لەساڵانی ١٢٧٤ —١٢٤٥ پ.ع کاتی حوکمی (شەلەمە نەسری ئاشوری )بەهێزێکەوە وڵاتی گۆتیەکانی داگیرکردوە ، هەربەوشیوەیەش وڵاتی مانیکاڵباتی میتانی و حیثیەکانی داگیرکردوە زیانی زۆری پێگەیاندون .

٤ / لەساڵی ٦١٥ پ.ع کەی ئەخسار (خشارشای )میدیا کاتێک بەلەشکرە پرچەک و بەهێزەکەیەوە کەهێرشی هێنابۆ سەر ئاشوریەکان هاتە ناو کەرکوکەوە ( ئاراپخا) لەناو گۆتیەکاندا مایەوە وپشویەکی داو یارمەتیان دا . وخۆی ڕێکخستەوە بەنیازی داگیرکردنیان بەرەو پایتەخت و شارەکانی ئاشوری بەڕێکەوتەوە .

٥/ لەساڵەکانی ٥٣٩ پ .ع ،(کۆرشی هەخامەنشی شاهانشای پارسوا) کاتێک هێرشی هێنا بۆ سەر بابل ،کەرکوکی داگیرکرد ، هاوپەیمانی بەست لەگەڵ گۆتیەکاندا کەلەو ناوچانەدا هەر هەبوون نیشتەجێ و خاوەنی ئەو لاتەبوون وحاکمی ناوچەکە وکاربەدەستبوون.

کەکۆرش گەیشتە پێدەشتەکانی هەولێر وکەرکوک ، لەناووڵاتی گۆتیەکاندا، لە نزیک کەرکوک پشویەکی دا خۆی ڕیکخست وئامادەکرد بۆهێرش بردنە سەر بابل ، گۆتیەکان

لایەنی كۆرشیان گرت و ئامادەییان پیشاندا بۆكۆمەككردنی  بوونە هاو پەیمانی ، هیزێكی گەورەی لە گۆتیەكان دروستكرد لەژێرفرمانەدەی حاكمی ناوچەكەدا كەناوی (گۆبارۆ) بوو ، ئەم هێزە دەوری كاریگەری هەبوو لە ئاسانكردنی شەڕداو گۆبارۆ دەستپێشكەری كردو هیرشی هێناو پێش ئەوەی كۆرش بگاتە ناو شارەكە بابلی داگیركرد .

كاتێك كۆرش گەیشتە بابل كارەكە ئەنجامدرابوو گۆتیەكان داگیریان كردبوو كاروباریان رێكخستبوو بابلیەكان  تەنها پێشوازیان لەكۆرش كرد .

٦/   لەسەدەكانی دوای سالانی ٦٠٠ دوای عیسا ، لەگەڵ بلاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا وهاتنەخوارەوەی قورئانی پیرۆز بۆ پێغەمبەر (محەمەد درودی خوای لەسەربێت) لەسەدەكانی شەشەمی د.ع ، لەئایەتێكی  قورئانیدا لەباسی كەشتیەكەی نوحدا  هاتوە نووسراوە  (واستوت علی الجودی) مەبەست لێرەدا شاخی جودی ( گۆتیە)  (كەعەرەب بە جودی ناوی ئەبات لە ئەسلدا  (گۆتی ) یە كەعەرەب  (گ ،بە، ج)  ئەخوێنێتەوە ) یانی { كەشتیەكەی نوح پێغەمبەر لەشاخی  ( ولاتی ) گۆتیەكاندا لەنگەریكرت) .

لەم چەندخالەی پێشودا دەرئەكەوێت كە گۆتیەكان بەدرێژایی چوار هەزار ساڵ زیاتر تائەمرۆژ خاوەنی كەركوك و دەوروبەری بوون  دوای ئەوسەدانەش هەربەردەوام بێگومان مابوون .

* قورئانی پیرۆز

* دیاكۆنۆف  كتێبی میدیا، وەرگێڕانی بورهان قانع ، لاپەرە ٣٩١ /٣٩٦ . چاپ ١

(١) *   جۆرج روو ،العراق القدیم ، ، لاپەرە ٩٠  .

(٢ )*   لیۆ ئۆپنهایم بلاد مابین النهرین ، لاپەرە ٤٧٨ ، ترجمە سعدی فیزی عبدالرزاق.

(٣) *  د.فوزی رشید ، نرام سین ملک الجهات الاربعە  .

(٤) * العراق فى التاريخ ، کۆمەڵێک مێژوونووسی عێراقی .
چاپ ١ بغداد ،١٩٨٥
* تاهاباقر ، مقدمه فى تاريخ الحزارات القديمه چاپ ١ بغداد
* محەمەد ئەمین زەکی ، تاریخ کورد و کوردستان .

***



وێنەیەکی حامورابی قانوونەکەی لەخواوەندی شەمش وەردەگرێت

# ئامۆرۆ ، ئاموری ، مار. تۆ

## ١٨٩٤ — ١٥٩٥ پ.ع

لەسـاڵەکانی 2004 بەدواوە بنەمـاڵەی ئـوری سـێەمی سـۆمەری حوکمیـان لەدەستدەرچوو وەک نەتەوە و خاوەن دەسەڵات دەوریان لەمێژوودا بەسەرچوو ، دەوڵەتانی (ئیسن و لارسا) شوێنیان گرتنەوە کەسەریە ئەکەدی و ئاموری بوون ، دوای ئەوەش سەردەمی حوکمڕانی ئیسن و لارسا دواییهات .

دوای ئەوان نەتەوەیەکی کە هاتنە سەر شانۆی حوکمڕانی ناوچەکە بەناوی ( ئامۆرۆ ) وە کە:بەیەکەم بنەماڵەی ئاموری دانراون ، ماوەیک حوکمی ناوچە فراوانە بەجێماوەکەی سۆمەریەکانیان کردوە ، بوونە وارثی شارستانی وزانیاری سۆمەریەکان ، ئەو شارستانی و پێشکەوتنەی سۆمەریەکان بووە بنەمایەک بۆ نەتەوەکانی دوای خۆیان ، زمانی سۆمەریان کردە زمانی فەرمی خۆیان .

(١ ).کاتێک شەپۆلی دووەمی ئاموریەکان دەستی پێکرد ، کۆچیاکرد هاتن بەسەر ئاموریەکانی بنەماڵەی یەکەمدا سەرکەوتن دەوری حوکمڕانی و مێژوییان تەواوبوو.

ئاموریەکان لەساڵی ١٨٩٤پ.ع دا حوکمی بنەماڵەی بابلی دوەمی ئاموریان دامەزراند ، کە شەشەم پاشای حامورابی بوو ، کەدەورێکی گرنگ ودیاری ئەبێنێت لەحوکمی ناوچەکەدا ولەپێش کەوتنی شارستانی ویاسادا.

حامورابی هەموو ناوچەکانی سەریە سۆمەرەکان وئەکەدیەکانی بەکەرکوکیشەوە گرتەوە ژێردەستی خۆی، ، حامورابی دانراوە بەدوەم دانەری قانون لەجیهانـدا دوای سۆمەریەکان ، ولەزەمانی ئەماندا وڵات قۆناغێکی پێشکەوتنی دیاری بەخۆوە بینیوە کە تا ئەمرۆژ ناویان و ئاثاریان هەر بەناوە لەومێژوودا دیارە .

حوکمی ئەم بنەماڵەیە بەردەوامبوو تاساڵی ١٥٩٥پ.ع . بۆ ناسینەوەی ساڵەکانی کارو چالاکی پاشاکانیان ساڵی داگیرکردنی شوێنێکیان هێناوەتەوە بەنمونە وتۆماریانکردوە وەک ئەڵێن (ئەوساڵەی کە ( ئۆرۆبیلم)یان داگیرو کاوڵکرد یان وەک ئەوساڵەی

کەوڵاتـــــی (ســــــیمۆرۆم و لۆلۆبـــــۆم )یـــــان تێـــــشکاندو داگیرکـــــرد .
ئامۆریەکان کەبە ( مار _ تۆ ) ش ناویان ئەبرا هەر لەبەرەبەیانی سەدەکانی بنەماڵەی سۆمەریەوە ، بەشوانکارە ئاژەل لەوەڕاندن خەریکبوون هات وچۆیان بوو لەڕۆژئاوای فوراتەوە تا بیابان و دەشتەکانی سوریائەگەڕان بۆ لەوەڕاندن ، زۆریشیان بۆ بژێوی وژیان بەتاک ئەهاتن لە شارەکانی سۆمەریەکاندا لەوکاتانـەدا کاریـانئەکرد ، لە نـاو ولاتـدا خۆشەویـست نەبـوون بەسـوکی سـەیریان ئەکـردن ،وەک لەنووسـراوەیەکی تۆمارکراودا هاتوە کە ماوەتەوە باسیانئەکات ئەڵێت:
( ئاموری ) مارتۆ نازانن دانەوێڵە چیە ،،،
مارتۆ ئەوانەی نازانن نەخانوویان هەیە نەشار ،،،،
دڕندەی شاخان ،،،مارتۆ ،،، کەخەریکی دەرهێنانی دومەڵانن ،،،
ئەوەی ئەژنـــــۆی نـــــاچەمێنێنتەوە بۆکـــــشتوکاڵ و زەوی کـــــێڵان ،،،
ئەوەی کەگۆشت بەکاڵی ئەخۆات ،،،
ئەوەی بەدرێژایی ژیانی خانوویەک شکنابات ،،،،
ئەوەی کەمرد دفن ناکرێت ،،،،)) .
ئاموری کە پەلاماری گەنم ئەدات لەپڕ قوتیئەدات بێئەوەەی بزانێت چیە ،
(لەکتێبی العراق القدیم لاپەڕە ٢٣٣ — ٢٣٩) .
(٣) ەک لەوەپێش باسکرا ساڵی ٢٠٠٤ پ.ع دوا ڕۆژانی حوکمڕانی ئیمپەڕاتۆریەتی سۆمەریەکانبوو ، وەک نەتەوەیەکی مەزن لەمێژوودا دەوریان بەسەرچوو دوای ئەوەی عیلامیەکان هێرشیان هێناو دواییان بەحوکمیان هێنا ، بەلام دوای ماوەیەک ئێلامیەکان دەرکران وئاموریەکان بەهەلیانزانی جێگەیان گرتنەوە .
بنـەماڵـەی ئـاموەی یـەکـەم دەوڵەتـی ئیـسن ولارسـەیان لـەنـاوبرد کـەلـەجێـی ئیمپەراتۆریەتی سۆمەری دامەزرابوون دەوڵەتی ئاموریان لەشوێنیان دامەزراند کەبە بنەماڵەی (یەکەمی )ئامۆری ناسراوە.
وەک باسـکرا دوای مـاوەیەک لەسـاڵی١٨٩٤ ئاموریەکـان حـوکمی بنەمـاڵەی بـابلی (دووەمیان )دامەزراند ووڵاتیان لەدەستی بنەماڵەی یەکەم سەند ، بوونە حوکمدار ،

بابل كرایه پایته‌ختیـان، ده‌وڵه‌تێكـی پێشكه‌وتو شارسـتانی و به‌هێزیـان دامه‌زرانـد حامورابی به‌یه‌كێك له‌پاشا به‌هێزو ناوداره‌كانیـان ئه‌ژمێرێـت ، له‌دوای ( ئۆرنمـوی ســـۆمه‌ری ) به‌دووه‌م پاشـــا دائه‌نرێـــت له‌جیهانـــدا كه‌قـــانونێ دانـــاوه .

له‌و ڕۆژه‌وه‌ی ئـه‌م ( ئـاموری )یـه سـامی نه‌ژاده كۆچه‌ریانـه بـه‌ده‌م لـه‌وه‌ڕانـدنی مـه‌ڕوماڵاتـه‌وه هیرشـیان هێنـاو بڵاوبوونـه‌وه ،و نیـشته‌جێبوون ، چادره‌كانیـان له‌وناوانه‌دا هه‌ڵدا وبڵاوبوونه‌وه تاپێده‌شته‌كانی شاخه‌كانی زاگرۆزیش هاتن ، ده‌وڵه‌تی بچوكیان دامه‌زراندوه . (٤)

وه‌ك زووتـر باسـكرا له‌گه‌ڵ كه‌وتنـی ده‌وڵه‌تـی سـۆمه‌ری وڵات شـێوا زۆر نـاوچه‌ی لێجیابووه‌وه وه‌ك ( ئه‌شنۆنه ، عێلام ، ماری ، ئاشـور وگۆتیـۆم ) به‌تـایبه‌ت ئه‌و وڵاتانه‌ی كه ئه‌كه‌وتنه ڕۆژهه‌ڵاتی ڕوباری دیجله‌وه ده‌سه‌ڵاتی وڵات به‌سه‌ریاندا كزیوو له‌گه‌ڵ زۆر نـاوچه‌ی كه . ئه‌شـنۆنه به‌هه‌لـی زانـی بۆمـاوه‌یه‌ك به‌شـێك له نـاوچه‌ی كه‌ركوكی داگیركرد .حوكمی بنه‌ماڵه‌ی بابلی ئاموری به‌رده‌وامبوو تا ساڵی ١٥٩٥ پ.ع ، له‌مـاوه‌ی حوكمیانـدا توانیـان ولات بگیـڕنه‌وه دۆخـی جـارانی ،نـاوچه دابڕاوه‌كـان بگێرنه‌وه ژێرده‌ستی خۆیان وه‌ك وڵاتی ئه‌شنۆنه وئاشور و گۆتیۆم هه‌ندێك ناوچه‌ی كه ، به‌و شیووه‌یه توانیان ڕووبه‌ری ده‌وڵه‌ت فراوانتربكه‌ن ئیمپه‌راتۆریه‌تێكی فـراوان پێشكه‌وتو شارستانی دابمه‌زرێنن.

به‌پێی ئه‌و به‌ڵگه نـامه بازرگـانی وپه‌روه‌رده‌ییه كۆنـانه‌ی دۆزراونه‌ته‌وه له نـاوچه‌ی ئاراپخا ( كه‌ركوك ) ، ئه‌و ده‌وڵه‌ته كاریگه‌ری هه‌بووه له سه‌ر سۆباری و بابلی و ئاشوری و ناوچه‌ی ئاراپخا (كه‌ركوك ) به‌تایبه‌ت له‌سه‌ده‌ی شازده‌هه‌م و پازده‌هه‌مدا كه‌هه‌ڕه‌تی حوكمی بابلیبوو.

له میلێكی سه‌ركه‌وتنی یه‌كێك له‌پاشاكانی بابلدا هاتوه كه دایناوه ، نازانرێت كێیه نووســـراوه باســـی ئارابخـــا (كـــه‌ركـــوك) ئه‌كـــات نووســـراوه : [ كێرخۆ -ئاراپخام داگیركرد چوومه ناو شاره‌كه‌و هه‌ردوو پێی خواوه‌ندی ( ئادد) م ماچكرد وڵاته‌كه‌م ڕێكخسته‌وه ] . ( كێرخۆ به‌مانای قه‌ڵا یان شارێكی شۆره‌دراو دێت – كه‌له‌قاموسی گاد دا هاتوه cad (٥)

لەمەوە دەرئەکەوێت لە کێرخۆ  ئاراپخا پەرستگایەکی لێبووە جێگەی خوداوەندی ئادد بووە لەوانەیە کۆشکێکی لێبووبێت هەرلەسەدەکانی بابلیەوە (بەتاییەت لەزەمانی حوکمی حامورابیدا) کەرکوک وەک شار دەوری خۆی هەبووە.
{ وەک لەلێکدانەوەی مێژوییدا دەرئەکەوێت کە ئیبراهیم پێغەمبەر د ،خ ،لەم کاتانەدا ژیاوە بەمەزەنە لەنێوان سالآنی ١٩٢٥ تا١٨٥٠ پ،ع  کەهۆزو عەشیرەتەکەی لەدەوری شاری ( ئورفە ، ئۆرۆها ،روحا ) ئەژیان  خۆیشی هەرلەوێ گەورەبووە هەرلەوێش ژنی بۆئیسحاقی کوڕی هێناوە کەئامۆزای خۆیانبووە ، نەتەوەکانی دانیشتوی ناوچەکە لەوسەدانەدا هۆری و میتانی بوون بێگومان دانیشتوانی کۆن و ڕەسەنی ناوچەکەبوون کە تائەمڕۆژ هەن .
کەئەڵێن ئیبراهیم پێغەمبەر (ئارامی ) بووە ، بنەمایەکی مێژوویی نیە ، بەپێی بەڵگەی مێژوویی ولێکدانەوە و وبەراوردکردنی (مێژووی سەرهەڵدان و ساڵی دەرکەوتنی ئارامیەکان ) ، کە ساڵی هاتنی ئارامیەکان دوای ئەم مێژووە بووە بەنزیکەی هەزار ساڵ دواتر(کە ساڵی ١٢٠٠ پ،ع ) هاتونەتە ناوچەکەو نیشتەجێبوون . بەپێی بەڵگەنامە ساغکراوەکان  مێژووی هاتنیان بەرامبەر (سەدەی یازدەهەم ) پێش عیساپێغەمبەرە} .

* لەقورئانی پیرۆزدا .
* کتێبی سەرگوزەشتەی پێغەمبەران
* لەکتێبی تەورات .

(١) * د.فوزی رشید ، نارام سین ملک الجهات الاربعه ،چاپ ١ ، ١٩٩٠بغداد وزاره الثقافه

(٢)* جۆرج روو ، العراق القدیم ، وەرگێڕانی حسێن علوان لاپەڕە ٣٦٨، ٣٦٩ ٣٧٠ ، ٣٨٦ ،٣٨٧، ٣٨٨ ، ٣٨٩ .

(٣) * العراق فی التاریخ ، کۆمەڵێک مێژوونووسی عێراقی  . بغداد ١٩٨٥ چاپ ١

(٤) * بەپێی قاموسی cad

(٥) * نیکۆلای پۆست گێت ، حزاره العراق واثاره ، ترجمه سمیر عبد الرحیم الچلبی

* محەمەد ئەمین زەکی بەگ ، کوردوکوردستان ، لاپەڕە ٥٤ .


* لیۆ ئۆپنهایم ، بلاد مابێن النهرین لاپەڕە ١٦٠ .

***



ئارمی ئایینی سەدەکانی حوکمی میتانی

# بەشی دووەم




نەخشەی دەوڵاتانی ئیمپەراتۆریەتی :

١/ کاشی ( کاردۆنیاش). ٢/ میتانی (هۆری) . ٣/ هیتیت (حیثی)

# گۆڕانێکی مێژوویی - هاتنی کۆمەڵە نەژادی نوێ بۆ ڕۆژهەلات

لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی (پێش عیسا) لەو کاتەدا کە دەوڵەتانی ئیسن ولارسا بەرپابوون دوای شکست هێنان و ونەمانی سۆمەریەکان وەک دەوڵەت ، لەولاوە بەگشتی ڕوداوی گرنگ هەبوو لەهەموو ناوچەکەدا ، کەبۆ دوا ڕۆژی ناوچەکە ئەبنە هۆو کاریگەر وبنەمایەک بۆ سەر سیاسەت وحوکمڕانی وبیروباوەڕو زمان وتاڕادەیەک گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچەکە .

کۆمەڵە مرۆڤێکی نوێ بەڕیوەبوون لەدورەوە هاتن هەندێکیان لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ (کوردستانی باکور) جێگیربوون ، ئەو کۆمەڵە هۆزو گولانە ( ئارینەژاد ، هیندۆ ئەوروپی) بوون ، دوای ماوەیەک هەر لەوێ لەکوردستانی باکور توانیان

دەولەتێـک دروسـتبکەن بە نـاوی : **پاشانـشینی حیثـیەوە** (هیتیـت ) .

١ لەهەمان کاتدا بەشیک لە کۆمەڵە مرۆڤی کە نیشتەجێبوون لەناو وڵاتی ئەرمینیاو ئێران (کەئەڵێین ئێران بـەکوردستانیـشەوە) ومیزۆپۆتامیـادا ، ئـەمانـە کەهاتنە ناو کوردستانەوە چەند بەشێکبوون ئێمـە لێرەدا مـەبـەستمان دوبـەشـە لەونەتەوانە :

**یەکەم** : بەشێکیان (میتانیەکان) بوون، کەهاتنە ناو (هۆری – حۆریەکانەوە ) تێکەڵاویـان بـوون بەنـاوی میتـانیەوە وەک گەلێکـی ئەرستوکراتی بـوونە سـەرۆک وسەرکردەیان.

**دووەم** :بەشێکیان چوونە ناو کاشیەکانەوە وتێکەڵاویان بـوون جێگیربـوون لە شاخەکانی زاگرۆز و بانی ئێران بوونە سەرکردەو ڕابەریان وزەیەکی نوێیان پێدان ، گەلانی ( هۆری و کاشی ) هەردولایان دانیشتوی کۆن ورەسەنی کوردستان بوون ئەو هەموو کۆچکردوانە لەناو ئەو گەلە کۆنە ڕەسەنانەدا جێگەی خۆیان کـردەوە . ئەمانەی لای خوارەوەبوون :

**ئا / هیتیتەکان هیتیت** (حیثیەکان) : هەرلەکوردستانی باکور نیشتەجێبوون ، لەدوای هاتنیان وجێگیربوونیان و دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆیان دامەزرانـد ، لـەدوای چوارسەد ساڵێک (لە ساڵی١٥٩٥ پ.ع دا ) ، بەرەوڕۆژهەڵات هێرشیان هێنا ، سەرو سۆریایان داگیرکرد ، بەرەو بابل بەهێرش هاتن تاڵانیانکرد وکشانەوە . بەم هۆیەوە بابـڵ بەکـزی وتـاڵانکراوی وپاشـاگەردانـی و بێخـاوەن مـایەوە بۆمـاوەیـەک.

٢ **با / کاشیەکان** : لە ساڵی ١٥٩٥ پ. ع دا ئەو دەوڵەتە بەهێـزەی بابـل کە حـامورابی دروسـتیکردبوو گەشـەی پێکردبـوو ڕایگرتبـوو (حیثیەکـان ) ڕوخانیـان ولەناویانبرد بەوشێوەیە ، ثاری نەژادە (هیندۆ ئەوروپی) تازە کۆچکردوەکـان ئەم روداوەیـان بەهەلزانـی فریـاکەوتن ، هێرشـیان هێنـا ئـەو بۆشـاییەیـان پڕکـردەوە بەوشێووەیە لەگەڵ کاشیەکان هاتنە سەرحازری خۆیان بوونە حاکمی ناوچەکە لە ساڵی ١٥٩٥ پ.ع دا ئیمپەراتۆریەتی کاردۆنیاشیان دامەزراند (بەتایبەت لەناوچەی

ئـەنبـاری ئـەمـڕۆ وکـە دەورو بـەری ڕوبـاری فـوراتی ئـەگرتـەوە ) دوایـی (دوۆرکۆریکالزۆیان) کردە پایتەختیان ، حوکمیان بەردەوامبوو تاساڵی ١١٥٧ پ.ع.

تا / هۆریەکـان (حۆریەکـان) : لەژێر سـەرکردایەتی وسەرپەرشتی سـەرۆکە میتانیەکانیاندا سەرو دوڵی هەردو ڕوبارەکەیان داگیرکرد (میزۆپۆتامیا ) (ناوەڕاستی کوردســـتان) ، دەوڵـــەتێکـــی شارســـتانی مـــەزنیـــان دامـــەرانـــد.

وەک باسـمانکرد حیثیەکـان ومیتـانی (وچینـە سـەرکردە حـاکمەکەی کاشـیەکان وهۆریەکـــان ) ،لەکـــۆمەڵە نەژاد وزمـــانێ (ئـــاری نەژادی ) بەربلابـــوون کەبەکۆمەڵەی (هیندۆ ئەوروپی) ناو ئەبرێن ، بوونەحاکم وچینی ئەرستوکراتی ئەوگەڵە ڕەسەنە کۆنانە ، شارەزاو بەخێوکەری وڵاخی بەرزەبوون وپێچکەیان بەکارئەهێنا لەگەل کەشـــتی ودەرهێنـــانی کـــان دروســـتکردنی ئـــامێر لـــەوکانـــە دەرهێنراوانـــەدا (٣) (ئەو گەڵە کۆچکردوانە شوێن نیشتەجێی کۆنیان شوێنێکبوو لەنێوان ( دەریای بەڵتیـک ودەریـای ڕەش ) لەوە ئەچـوو لەدەشـتەکانی خـوار روسـیاوە هـاتبن ، وبڵاوبـوونەتەوە. بەمەزەنە هاتنیـان لەسـەرەتای سـەدەی هەژدە هەمەوە بووبێـت ، لەوکاتەدا کە حامورابی حاکمی بابلبووە .

بەشـێکی کـەی ئەم کـۆچبەرانە بەردەوامبـوون بەرەو ڕۆژهەڵات ڕەویـان کـرد تاگەیـــشتنە ناوچەکـــانی ( ســـندو پەنجـــاب ) کەئەمـــڕۆ ســـەر بەپاکـــستانن . (٤)

* جۆرج روو ، العراق القدیم ، ،وەرگێڕانی حسێن علوان حسێن ، لاپەڕە ٣٠٥) .

١) * العراق فی التاریخ ، کۆمەڵێک مێژوو نووسی عێراقی .

(٢) * ئەندریە بارۆ ، بلاد ئاشور ، نینوی وبابل . ترجمە سلیم تاهاالتکریتی

(٣) * سیر لیۆنارد وولی ، السۆمریون

(٤) * دیاکۆنۆف ، کتێبی میدیا ، وەرگێڕانی وریا قانع ) . بغداد چاپ ١ ، ١٩٧٨

* محەمەد ئەمین زەکی بەگ ، تاریخی کورد و کوردستان . جزء ۱ چاپ ۲۱۹٦۱ ت محمد علی عونی
* فوئاد فاروقی ،سرنوشت انسان در تاریخ ایران . چاپ ۱، عتائی ،تهران ۱۳٦۳
* عبد العزیم ڕزائی ، تاریخ ده هزار سالەی ایران .
* تاهاباقر ، مقدمه فی تاریخ العراق القدیم . بغداد چاپ ۱ ، العانی ، ۱۹۵۱
* کارڵ برۆکلمان ، تاریخ الشحوب الاسلامیه ، لاپەڕە ۱۵

***



وێنەی لاوێک لە خانەدانەکانی میدیا و دوجەنگاوەر

# هیتیت ،حیثی ،حاتۆتات

## ١٧٥٠– ١٢٠٠پ.ع

حیثیەکـان بەشـێکبوون لەو کۆمەڵـە گەلە هینـدۆ ئەوروپیـانەی کە بەرەو ئانـادۆڵ هاتن(بەتایبەت بۆ کوردستانی باکور )کۆچیانکرد لە سەدەکانی هەژدەهەمین پ.ع ، لەبۆسفۆر پەڕینەوە ، بەناوجەرگەی ئانادۆڵدا هـاتن تـا لەبەشـی خـواروی ڕۆژهەلات نیشتەجێبوون (کەکوردستانی باکورە).

حیثیەکـــان ســێ بەشـــبوون بەزمـــانی هینـــدۆئەوروپی ئەدوان بەشـــێکیان لە دەشتەکانی(سێڤاس) سێواس( کەشارێکی کوردستانی باکورە ) ، ونیساو (کانیشی کۆن – کۆڵ تەپە ) نزیک شاری قەیسەری لەکەبەدۆکیا ودەوروپشتی بڵاوبوونەوە ، بنەماڵەی شانشینی حیثی نوێیان دامەزراند ، دوای ماوەیەک بەرزایەکانی ناوەڕاستی تورکیایان داگیرکرد کـەئـەکـەوتنـە ڕۆژهەڵاتـی ئەنـقەرە (لـەکوردسـتانی بـاکور ) . لەبەرئەوەی لە سەرو سوریاوە نزیکبوون حیثیەکان لەڕیی سوریاوە خەتی مێخیان وەرگرت وبەکاریانهێنا لەنووسینی زمانە تایبەتیەکەیاندا .

لەکاتی دروستبوونی دەوڵەتی حیثی یەکێک لە پاشاکانیان بەناوی مۆرسیلسی یەکەم لە ساڵەکانی ١٦٢٠ – ١٥٩٠ پ ،ع بەرەو ڕۆژ هەڵات هیرشی هێنا لە گەڵ کەناری ڕوباری فوراتەوە بەرەو خوار بووەوە تاگەیشتە بابل داگیرکرد . لەتۆمارێکی حیثیەکاندا هاتوە نووسراوە بەم شێوەیە باسیئەکات :

[ پیاوەکانی حیثی هیرشیان هێنا دژی شەمشۆ – دیتانا ودژی وڵاتی ئەکەد ] .

لەدوای ئەوەی مۆرسیلس ڕوویکردە بابل وداگیریکرد ، لە بابل دەستکەوت و تاڵانی وبەدیل گیراوەکانی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ (حاتۆساسی ) پایتەخت لەئەنجامی ئـەم هێرشـەدا حـوکمی دەوڵەتـی ئـاموری ونەوەکـانی حـامورابی کۆتـایی پێهـات . حیثیەکـان لەبابـل نەمـانەوە و خێراکـشانەوە ، هەرلەو هێرشـەدا پەلامـاری وڵاتـی هۆرییەکانیاندا (حۆری) .

هیتیەکان بەهۆی پاشا بەهێزو ناودارەکانیانەوە وەک (شۆپیلۆلیۆما ) لەساڵی١٣٨٢ پ.ع دا کەبووە پاشای حیثیەکان توانی وڵات رێکبخات و فراونیبکات وەک پاشایەکی دەرکەوتوی ئەو زەمانە ودەریکەوێت ، شاری حاتۆساسی (بۆغازکۆی ئیستا)ی رێکخست کە پایتەختیانبوو.

دوایی بەلەشکرێکی بە هێزەوە هێرشی هێنا بۆ سەرو سوریاو وردە وردە هەموو ناوچەکانی خستە ژێردەستی وگەڕایەوە ، دوای مردنی مۆرسێلس لەساڵی١٣٣٤ پ.ع دا جێگەی گرتەوە ، کاریەدەستانی سوریا وفەلەستین وهەندێک ناوچەی کە لێیان هەڵگەڕانەوە بەڵام توانیان فریابکەون چاریبکەن بیانخەنەوە ژێر رکێفیان . لەوکاتەدا فیرعەونەکانی میسر چاری هیتیەکانیان بۆنەئەکرا، ناچار هاوپەیمانیەکی بەرواڵەتیان لەگەڵیان مۆرکردبوو .

لەگەڵ ئەوەی شانشینی حیثی ومیسری فیرعەونی هاوپەیمان وتەبابوون بەڵام هەر چاوی تەماعیان لەبەشی یەکتریبوو ، ئەوەبوو (رەمسیسی دوەم ) بریاریدا هێرش بهێنێت بۆسەر سوریا وڵاتەکەی فراوانبکات تاروباری فورات بەوهۆیەوە جەنگێکی خوێناوی رویدا لەنیوانیاندا ، کە بەناوبانگترین جەنگ دانراوە لەو زەمانەدا ناوینرا (جەنگی قادیش ) کە لەساڵی ١٢٨٥ پ.ع رویدا ، لەئەنجامدا هیچ لایەکیان سەرنەکەوتن ، دوای ماوەیەک پەیمانی ئاشتی بەسترا لەنێوان (حاتۆ سیلسی سێیەم و رامسیسی دوەم) بەوبۆنەیەوە رامسیس کچە شازادەیەکی حیثی هێنا . لەئەنجامی بەردەوامی کۆچی زۆری گەلانی هیندۆ ئەورووپی بۆ ناوەراستی تورکیا بەتایبەت قەومەکانی ( تراقۆ —فریجیە ) ئەمانە لەدوای نیشتەجێبوونیان بەماوەیەکی کەم توانیان لەساڵی١٢٠٠ پ،ع دا دەوڵەتی حیثی لەناوبەرن.

{ مەبەست لە سوریا و— وڵاتی شام ، سوریاو لوبنان ،ئوردن و فەلەستینی ئەگرتەوە کەناوی سوریای گەورەبوو} .

* سەیری هەمان سەر چاوەکانی پێشوبکە بەتایبەت بەشی دووەم




نەخشەی ئیمپەراتۆریەتی میتانی (هۆری ،حۆری )
پلەکانی گەورەبوونی دەرئەخات

# ئیمپەراتۆریەتی میتانی ( وحۆری، هۆری )

## پەیوەندیان بە کەرکوکەوە ١٥٠٠—١٣٣٠ پ .ع

لە تۆماریکی مێخیدا لە نامەیەکی پارێزراوی (تەل العمرنەدا) لەمیسر ناوی (هۆری حۆری ، هۆریتێت) هاتوە هەروەها لە تەوراتدا بەناوی حۆریتیون باسکراوە : ( لە تەوراتدا لەلاپەڕەکانی بەشی عەرەبیدا چاپی بێروت لەلاپەڕە ٢٠ ، ٣٣ ، ٣٥، ناویان هاتوە) .

بەهۆی ئەونوسراوە پارێزراوانەوە  دەربارەیان ، هۆریەکان بوونە جێگەی سەرنجی زانایانی مێژوو و شوێنەوارناسان ، دەستیانکرد بە گەڕان بەدوای زانیاری لەسەریان . لەدوای گەڕانی ورد لە زۆر شوێن ئاثەواری گرنگی یەکالا کراوەیان دەستکەوت. بەتایبەت لەم دواییەدا  لەپەنجاکانی  سەدەی ڕابووردودا لەدەشتی بتوێندا پێش تەواوکردنی بەنداوی دوکان زۆر ئاثەواریان دۆزیەوە ، وردکرانەوە و لێیان کۆڵرایەوە . دەرئەکەوت کە دانیشتوی میزۆپۆتامیاو سوریابوون ، هەر لەکۆنەوە بەدرێژای مێژوو لەو ناوچانەدا ژیاون و خاوەنی شارستانیەکی پێشکەوتوو گەشاوەبوون ، شوێن نیشتەجێی سەرەکی کۆنیان ناوچەکانی دەوروبەری ئەرمینیابووە ، زمانیان لەکۆمەڵە زمانی ئاسیاییە کەلە زمانی کاشیەکان ئەچێت ،  نزیکە لە زمانی ئۆرارتیەوە. ناوی خواکەیان (تیشوب) بوو کەخوای زریانی شاخە وژنەکەی (هیبا) هێمایەکە بۆدایک بەپێی هەندێک سەرچاوە ئەم گەلە کۆنە  ( واتە هۆری ،حۆریەکان ) لەسەدەکانی حوکمی ئەکەدیەکاندا لەناوچەکانی سەرو دیجلەو فورات چەند شانشینیان پێکهێناوە . لەناو وڵاتی سۆمەردا لەزۆرشارو ناوچەدا هەبوون، لە شاری ئالالاخی سوریای کۆن زۆرینەیەکی بەرچاویان  دروست کردبوو . لەوسەدانەدا دانیشتوانی سەرو سوریا سامی نەژاد نەبوون .

کاتێک میتانیەکان لەهەزارەی دووەمی پ،ع  دا کۆچیانکرد بۆناوچەکە تێکەڵاوی هۆریەکان بوون  بوونە سەرکردەو بزوێنەدەری هۆریەکان وزەیەکی نوییان پێدان ، وەک کۆمەڵ وچینێکی  سەرکردەو ئەرستۆکراتی حوکمی هۆریەکانیان گرتەدەست دەوڵەتێکی پێشکەوتوو شارستانیان دامەزراند

لەساڵەکانی ١٥٠٠پ،ع  بەدواوە هەموو ناوچەو بەشەکان  وشانشینەکانی وڵاتی هۆری (میتانی ) یەکیانگرت دەولەتێکی یەکگرتویان دامەزراند بەڵکو ئیمپەراتۆریەتێکی بەهێز ، شاری ( "واشۆکانیان " ) کردە پایتەختیان کە ئەکەوتە نزیک شارۆچکەی ( سەریکانی ) ئەمڕۆ لە سەرو کوردستانی ڕۆژئاوایە نزیک سنووری کوردستانی باکور ، کەئەمڕۆ ناوەکەیان گۆڕیوە بە  (ڕاس العین ) .

لەگەل دروستکردنی ئەودەوڵەتە مەزنە کەلەژێر فرمانی سەرکردە میتانیەکانیاندابوو ، سەدەیەک تینەپەڕی دەستیانگرت بەسەر هەموو کوردستانی خوارودا وبەناوچەی ئارابخاوە (کەرکوک ) ، شاری (گاسور) یانگرت لەنزیک کەرکوک ، ناوەکەیان لەگاسورەوە گۆڕی بە (نۆزی) نۆزۆ .

دوای لێکۆڵینەوە وگەڕان وردکردنەوە ، شارەزا مێژوویە ئەمریکاییەکان ئەڵێن لە سەدەکانی (٢٢ پێش عیسا ) ناوچەی کەرکوک لەژێر دەستی بنەماڵەیەکدا بووە کەناوی ( ئەگید ،ئاگید ) بووە وشارەکە ناوی گاسور بووە . بەسەر کەوتنی هۆریەکان ودامەزراندنی ئیمپەراتۆریەتی (میتانی – هۆری )خاکی گۆتیەکان کەوتە ژێر کۆنترۆڵیانەوە

بەم شێوەیە لە سەدەی پازدە هەمدا ( هۆریەکان) یاخود (میتانیەکان) لەڕوی ڕەگەزی وئیداریەوە دەستیانگرت بە سەر سەرو سوریاو عێراق وجەزیرەدا ، ئیمپەراتۆریەتێکی بەهێزو وکیانێکی پێشکەوتو گەشەداریان پێکهێنا ، بوونەهێزێکی گەورەی ناوچەکە و ڕاگری لەنگەری هێزی حێثی و فیرعەونەکان و دەوڵەتانی دەوروپشتیان . دەوڵەتی میتانی بێهێزی حیثیەکانیان بەهەلزانی بەهۆی ناکۆکی ودوو بەرەکی ودابەشبوونی ناوخۆیانەوە ، دەستیان کرد بەجوڵان ، لەئەنجامی هێرشێکی بەربڵاودا دەوڵەتەکەیان فراون ودرێژکردەوە لەگۆمی (وانەوە) تا ناوەڕاستی ڕوباری فورات ، لە شاخەکانی زاگرۆزەوە تا کەنارەکانی سوریاو دەریای سپی ناوەڕاست . وڵاتی ئاشور کەوتە ژێردەستی ڕاستەوخۆیان. لەلیستی ناوی پاشاکانی ئاشوردا هەندێک ناو هاتوە ، سەدانەدا کە حوکمی ئاشوریان کردوە ، لەژێر دەستی میتانیدابوون لەوانەیە پاشای ناوچەیی سەربە میتانیەکان بن . بەردەوام دەوڵەتی ئاشوری تاساڵی ١٣٣٠ پ.ع بەشێکبوو لە دەوڵەتی (میتانی ـ هۆری).

کەلەوساڵەدا (ئاشور ئۆباڵت )ی پاشای ئاشوری بەهەلیزانی کاتێک بینی میتانیەکان لەناو خۆیاندا تێکچوون وڵاتیان دووکەرتبووە . خوی کۆکردەو هیزی ئامادەکرد وهێرشی هێنا ، لەئەنجامی هێرشەکەدا سەرکەوت بەسەر میتانیەکاندا وتوانی

دەوڵەتی ئاشوری لەژێردەستی میتانیەکان ڕزگاریکات وڵاتەکەی سەربەخۆبکات .
وەک باسکرا میتانیەکان گەورەو سەرکردەی هۆریەکانبوون وزمانیان هیندۆ ئەورووپیبوو ، ئەشێ لەڕوی زمانەوە کاریان کردبێتە سەر هۆریەکان ، پاشاکانیان ناونابێت بەوشەی هیندۆ ئەورووپی وەک (متیوازە) ، (تۆشتراتا) ، بەجەنگاوەرەکانیان ئەوترا (ماریانۆ) کەچینێکی دەوڵەمەندو سەرکردەی ئارینەژادبوون بەواتە میتانی بوون.
لەئەلالاخ ( لە سەر روباری عاسی لەنێوان حەڵەب و ئەنتاکیا ) تۆماری قانونی دۆزراوەتەوە وهەروەها بەڵگەهەیە لە (ئۆگارێت) کە میتانیەکان کاریگەری سیاسیان هەبووە لەسەر قەتەنە ، وفەلەستین .
ەنزیک نۆزی ، (یۆرغان تەپە) وێران شار (تەرگەلان) ، { کە ئەکەوتە خوارووی ڕۆژئاوای کەرکوک بە دەوری ٩ میل } ، نامەیەکی پاشای میتانی (ساوشتاتار ) دوزراوەتەوە کەبۆ پاشای (ئارابخا ، عرفە ) ی ناردوە مۆری لولەیی خۆی لەسەرە بەزمانی ئەکەدی نووسراوەو بەوشەی ناوازەی هۆری ڕازاوەتەوە . هەروەها لە نامەیەکدا ناوی (باراتانا ) هاتوە .
ئەو تۆمارانە کە لەناوچەی نۆزی و ئارابخا (عەرەفە، کەرکوک ) دۆزراونەتەو ئەونامانە هی خێزانە دەوڵەمەندەکانە کە بەزوبانی ئەکەدی تێکەڵاو بە هۆری نووسراون زۆری دۆزراوەکانی نۆزی بەزوبانی ئەکەدی نووسراون نووسینە قورینە دۆزراوەکان زۆر زۆرن ، کە خوێندراونەتەوە دەرکەوتوە کە نۆزی ناوچەیەکی ئیداری دادوەری بووە ، کۆشک و تەلاری پرسینەوەو دادوەری لێبووە ، لەناو لیست و تۆمارە قانونیەکاندا دەرئەکەوێت ،کە بەرپرسیاربوون بەرامبەر پاشاو گەورە میتانیەکانیان بۆ ڕیکخستنی لەشکر ، بە بەڵگەی ئەوەی ناوی گالیسکە وئەسپ وچەک وناوی سەربازیان تیا نووسراوە ، ئەوچینەی کە ناوی ماریانا بووە چینی ئەروستوکراتی کۆمەڵبوون .
لەنووسراوێکی قانونی کەدا لە نۆزی دوزراوەتەوە ئەڵێت :
(فلان کەس کە نەخۆش بوو لە جێگەکەیدا ڕاکشابوو باوکم دەستی گرتم ) پێی وتم ( هەموو کوڕە پێگەیشتووەکانم ژنیان هێنا . بەڵام تۆژنت نەهێناوە ، لە بەر ئەوە کیژێکی کۆیلەت پێشکەش ئەکەم کە فلانە بیکە بە هاوسەری خۆت ) . بەڵام ئەو

تۆمارو بەڵگانەی کەلە حاتۆساس (بۆغازکۆی پایتەختی حیثیەکان) دۆزراونەتەوە بەزوبانی هۆری نووسراون لەگەڵ هەندیک لیستی تۆمارکراو بەزوبانی هیندۆ ئەورووپی دەربارەی داستانی گلگامیش ، کلکە گامێشن ( گلگامشە) وپاڕانەوەی دینی تیانووسراون کەبنەمایان ئەگەڕێتەوە بۆ هۆریەکان .

هەروەها لە ناو تۆمارو نامە پارێزراوەکانی (تل العمرنە ) کە ئەگەڕێنەوە بۆ زەمانی فیرعەونی میسر( ئەمینۆفیسی چوارەم ،توت ئەنخ ئامون ، ئەخناتۆن ) لەسالآنی حوکمیدا ١٣٦٧_١٣٥٠) هەموویان تائەمڕۆ پارێزراون بە زوبانی ئەکەدی و هۆری نووسراون .

فیرعەونەکان پەیوەندی دیپلۆماسی بەهیزیان هەبووە لەگەڵ میتانیەکاندا ، ئاڵوگۆڕی باڵیۆزیان کردوە ، ژن وژنخوازی هەبووە لە نێوانیاندا ، زۆر جار ئاڵوگۆڕی دیاریان کردودوە لەگەڵ یەکتر ، فیرعەونەکان دیاری بەنرخیان ناردوە بۆ دەرباری ئیمپەراتۆری میتانی کەپێکهاتبوو لە زێرو زیو وبەردی بەنرخ ، لەبەرامبەر ئەم دیاریانە میتانیەکانیش کالآی بەنرخیان ناردوە بۆدەرباری فیرعەونەکان .

هەر لەو کاتانەدا فیرعەونی میسر (توت عەنخ ئامون) حەوت جار داوای (گیلۆخیبا ،تادۆخیبا ،کیلۆ حیبا) ئەکات کەکچی (شۆرتارنا ،شۆتارنای) ئیمپەراتۆری میتانیبوو، لەئەنجامدا پاشای میتانی کچەکەی پێداوە ، جیازی شیاوی بۆئامادەکردوە ، لەگەڵ کۆمەڵێک کارەکەرو کەنیزەک ودیاری بەنرخ ناردویەتی بۆمیسر. وەک هەندێک سەرچاوە ئاماژەی پێئەدەن لەوە ئەچێت ئەو کچە شازادەیە هەمان (شاجوان نەڤەرتیتی ،نفرتیتی) بەناوبانگ بێت کە لەمیژوودا ناوی دەرکردوە یادی ئەکرێتەوە، بەیەکەم شاجوانی میسرو دانراوە لەکاتی خۆیدا . تا ئەمڕۆژ بە ریکلام لەسەر بۆن وعەتری نایاب و سابوونی بۆنخۆش وهۆی ڕازاندنەوەی خانمان ناوی دەرئەکەوێت کەبەوناوەوە ناونراون .

دەربارەی ئایین و بڕوا لەدەوڵەتی میتانیدا ، بڕوایان بە (گیانی ، ڕوحی ) بەتین بوو بڕوایان بەخوای ڕۆژ بەهێزبوو لەگەڵ بیری ڕۆحی ، لەوەئەچوو تاڕادەیەک لەپەیڕەوانی

هەندێک ڕێوشوێن وئامۆژگاری ئیبراهیم پێغەمبەر بن ، لەڕوی بڕوای ئایینەوە پێشکەوتبوون .

نفەرتیتی شازادەی میتانی ژنی ئەخناتون شۆڕشێکی ئاینی دژی خوای (ئامون ) لەمیسردا بەرپاکردوە ، بەپێچەوانەی ئایینی کۆنی فیرعەون ومیسریەکان کەبڕوایان بەخوای ئامون بوو کەبە درێژایی مێژوو ڕەواجیان بەو ئایینەی خۆیاندابوو کەهی وڵاتی خۆیانبوو . فیرعەونی میسر میردی شاژنە میتانیەکە بەهۆی هاوسەرە کەیەوە باوەڕی بەخوای ( ئاتون ) هێنا کە لە خوای ڕۆژدا خۆی ئەنواند باوەڕی پێهێناو ئایینەکەی شاژنی خێزانی پەسەندکرد ، وەک هەندێک سەرچاوە ئاماژەی پێئەدەن گوایە فیرعەون ناوی خۆی لە ( توت عەنخ ئامونەوە ) گۆریوە بۆ ( ئەخناتون) کە پەرستنی خوای (ئامون ) ی گوڕی بەخوای (ئاتون) ئاتون هێمابوو بۆخوای ڕۆژ بەڕەنگە زەردەکەیەوە ، کەمیتانیەکان ئەیانپەرست . تائەمرۆژ ڕەنگی زەرد بۆخوای رۆژ وهێمای ڕوناکی ئەگەڕێتەوە بەپێی بۆچوونی زۆر لەمێژوونووسان شارەزایانی مێژووی کۆن .(کتێبی د جەمال ڕەشید ،دراسات کردیە فی بلاد سوبارتو) . ( ٣ )

دوای ئەوەی کەفیرعەون دەمرێت فیرعەونی نوێی دوای ئەو ئەگەڕێتەوە بۆسەر ئایین و بڕوای باو باپیرانی خۆی کەپەرستنی خوای ئامون بوو .

هەروەها ئاشوریەکانیش باڵیۆزیان ئەناردە ( تل العمرنە) بۆ دەرباری کۆشکی فیرعەونەکان دوای ئەوەی ڕێگەیان پێئەدراو ،ڕەزامەندی و ئاغاکانیان وەرئەگرت کەمیتانیەکان بوون .

لەرێککەوتن نامەیەکدا لەگەڵ حیثیەکاندا ناوی خواکانی میتانی تۆمارکراوە کە ناوی خوای ئاریەکانن وەک ( میثرا ،ئارۆناس ،ئێندرا ، ناساتیانا ) ،شان بە شانی ( تیشۆب و هیبا) .

میتانیەکان ، هۆریەکانیان فێری بەخێوکردنی ئەسپ کرد لەگەڵ ڕاهێنانی. ( پیاوێکی هۆری لەبۆغازکۆی ، حاتۆساس نامەیەکی نووسیوە دەربارەی بەخێوکردنی وڵاخی بەرزە وڕاهێنانی کە بە وشەی هیندۆ ئەورووپی ڕازاندویەتیەوە ).

(٢) هیتیتەکان سودیان لە میتانیەکان وەرگرتوە بۆحوکمی ناوچەکانی ژێردەستیان و بۆئاسانکردنی حوکمڕانیان . لەگەڵ سەرکردەی هەر ناوچەیەک پەیمانێکیان مۆرکردوە کە هەردو لا لەسەری بڕۆن ، هۆریەکان دەورری بەرچاو کاریگەر ودەسەڵاتی بەهێزیان هەبووە لە ناو بنەماڵە وخێزانەکانی پاشاکانی حیثیەکاندا کەهەندێک لەو پاشایانە ناوی حۆریان لە خویان ناوە .

هەندێک نووسراوەی دۆزراوە لە (ماری- لەسوریا ) باس لەوەئەکەن کە هۆریەکان لەزۆر ناوچەی سەرو هەردو ڕوبارەکە لەکۆنەوە کاربەدەست و ئەمیربوون کەناوی ئەوسەرکردانە بەڕونی بەزمانی هۆریبوون .

هەرلە ( ماری ) تۆمارێک دۆزراوەتەوە بەزوبانی هۆری نووسراون باس لەوە ئەکەن لەکاتی بێهێزی نەوەکانی دوای حامورابی ئەمان خۆیان توند وبەهێزکردوە دەوڵەتی (هانیکاڵبات / خانی گالبات) یان دامەزراندوە ، وەک هەندێک سەرچاوە ئامـاژەی پێئەدەن کە دەوڵەتێک هەبووە بە ناوی هانیکاڵبات پێش لە ناوچوونی دەوڵەتی بنەماڵەی بابلی کۆن (حامورابی) .

هروەها لەشاخەکانی زاگرۆزەوە تادەریای سپی ناوەڕاست هەرلەکۆنەوە ژمارەیەک شانشینی بچوکیان دروستکردوە .

هەرلەدوای روخاندن ولەناوچوونی بنەمالەی بابلی کۆنی (نەوەی حامورابی ) بەدەستی حیثیەکان وەک لەوەپێش باسکرا . میتانیەکان فرسەتیان بۆ هەڵکەوت خۆیان بەهێزکرد ، ناوچەکە لە بەردەمیاندا کرایەوە و وڵاتەکەیان فراوانکردو پەرەیانسەندو پێدەشتەکانی دیجلەو فوراتیان گرتە ژێردەست تاشاخەکانی تۆرۆس ، دوایی توانیان حوکمی ئەرمینیاش بگرنەدەست و لەدەشتەکانی سوریاوە تا ڕۆژ هەڵاتی ئاشور بخەنە ژێر دەستیانەوە .

یەکەم پاشای میتانی کە ناوی ئەبرێت بە ( باراتانا ) سالی ١٤٨٠پ.ع لە سەر پەیکەرێکی ( ئەدریمی )پاشای مەلیکی (ئالالاخ ) هەیە، ناوی باراتانای هێناوە کە گەورەیەتی .

ناوی هۆری یان حۆری ، لەوانەیە هەر بەدرێژایی مێژوو پارێزرابێت هاتبێتەخوارەوە مابێتەوە لەناوی ( ئۆرفەوە) دەربکەوێت کە ئیغریقیەکان پێیان ئەوت ( ئۆرۆحۆ ) ، لە دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیح بەناوی ئۆدێسا ناوی دەرکردوە کەبووەتە ناوەندێکی گرنگی ئایینی مەسیحیەکان.

کاتێک توشتراتا هاتە سەرکورسی حوکمی میتانی دوای ئەوەی براکەی کوژرا چەند میرێک لێی ڕاستبوونەوە داوای کورسی وجێنشینی میتانیان ئەکرد ، لەهەموویان بە هێزتر براکەی بوو کەناوی ( ئارتەناما ) بوو وتی من پاشای ( میتانی : حۆریم ) ، بنەماڵەیەکی حوکمڕانی سەربەخۆی دامەزراند ، ئەرتەناما و کوڕەکەی شۆتارنا داوای یارمەتیان لە دەرەوەکرد و پەیوەندیان لە گەڵ ئاشوریەکان بە هێزکرد ، ( ئاشوریەکان تائەوکاتە ژێردەستەیان بوون ) لە دەوروبەری ساڵی ١٣٦٠پ.ع دا ، تۆشتراتا لەلایەن کوڕەکەیەوە کوژرا .

دوای ماوەیەک جێگرەکەی چاری کوڕەکەی متیوازەی بۆ نەکرا ڕایکرد بۆ بابل بۆلای شای کاشیەکان ، بەڵام شای کاشیەکان بۆرنابۆریاش نەیگرتەخۆ ، چووە ناوحیثیەکانەوە ، بەوهۆیەوە وڵات بووبە دوکەرتەوە .

( ئاشور ئۆباڵتی ) ئاشوری بەهەلی زانی فریاکەوت بێئەوەی تیرێک بهاوێژێت بووبە خاوەنی وڵاتە هەڵوەشاوەکەی (هۆری -میتانی) . خۆی ناو نا (پاشای مەزن) توانی نامە بگۆڕێتەوە لە گەڵ فیرعەونەکان و کچەکەی خۆی بداتە بۆرنابۆریاش پاشای کاشی لە بابل کە ئەم پاشا ئاشوریە وپاشاکانی پێش ئەوهێشتا لەژێر دەستی کاشیەکاندابوون بۆ پارێکردنی و خۆپاراستن لێیان ئەم کارەیان ئەنجامئەدا .

لەو ساڵانەدابوو کە (موساپێغەمبەر. د،خ.) لەمیسر نامەی پێغەمبەری بۆ هات وکتێبی تەوراتی بۆهاتوەتە خوارێ ڕەواجیداوە بەدینەکەی بەوهۆیەوە لەگەڵ فیرعەونی میسر تێکئەچێت ، لەگەڵ گەلەکەی و پەیڕەوانی ئایینەکەی میسر بەجێ دەهێڵی بەرەو فەلەستین ئەکەوێتە ڕێ.

دوای ئەوەی پاشای نوێی میسر ئەگەڕێتەوە سەرئایین و بڕوای باوباپیرانی ، وەک باسکرا (موسی پێغەمبەر د .ر ) ولەڕوی ئایینیەوە وبەوهۆیەوە لەگەڵ فیرعەون

وداروده‌سته‌كه‌ی تێكچووه ، به‌و هۆیه‌وه ناچار میسری به‌جیهێشتوه له‌گه‌ڵ قه‌ومه‌كه‌ی موساییه‌كان كه‌وتوه‌ته‌ڕێ به‌ره‌و فه‌له‌ستین ، به‌درێژایی ڕێگه هێزه‌كانی فیرعه‌ون به‌دوایانه‌وه بوون له‌شه‌ڕدابوون له‌گه‌ڵیان .

(حه‌زره‌تی موسا د.ر ) له‌ڕێگه‌دا له‌ناوچه‌ی له‌سینا كۆچی دواییكردوه ، دوای مردنی گه‌له‌كه‌ی به‌رده‌وام به‌ڕێوه‌بوون به‌ره‌و فه‌له‌ستین تا گه‌یشتنه‌وه كه‌به‌ئاواتی ئه‌وه‌وه بوون بگه‌نه‌وه فه‌له‌ستین ، كه‌ناویان نابوو، زه‌وی چاوه‌ڕوانكراو ( ئه‌رز المیعاد).

## * ئه‌لف سامی نه‌ژاد :

[ به‌و كۆمه‌ڵه گه‌ل و نه‌ته‌وه جیاجیانه ئه‌وترێت كه به‌شێوه‌و زاراوه‌كانی زمانی سامی ئه‌دوێن ناویان له‌ناوی كوڕێكی (نوح پێغه‌مبه‌ره‌وه د.خ ) وه‌رگیراوه به ناوی (سام كوڕی نوح ) . وه‌ك ئارامی ، ئاموری ، كلدانی، عه‌ره‌بی ،عیبری (جوله‌كه،موسایی ،یه‌هودی ) ،ئه‌كه‌دی ،ئه‌ثیوبی ،،هه‌تد ). كه هه‌رگه‌ل و نه‌ته‌وه‌یه‌كیان جیاوازن له‌یه‌كتر و شێوه‌ی نووسین و ئاخاوتنیان جیایه ، ناتوانرێت بوترێت هه‌موو یه‌ك نه‌ته‌وه‌و یه‌ك زوبانن . ]

## * بێ ( ئاری نه‌ژاد : (هیندۆ ئه‌ورووپی )

[ كه له‌كۆمه‌ڵه نه‌ته‌وه‌یه‌كی جیا جیا دروستبوون هه‌موو بۆیه‌ك ڕه‌گه‌ز ئه‌گه‌ڕێنه‌وه وه‌ك (ئینگلیز ، جه‌رمان ،لاتین ، فارس ، كورد ، فه‌ره‌نسی ، هیندی ، سلافی ، سكه‌ندینافی ) كه‌ئه‌مڕۆ هه‌ر نه‌ته‌وه‌یه‌كیان زمانی جیاوازیان هه‌یه ،به‌یه‌ك نه‌ته‌وه هه‌ژمار ناكرێن . ]

* كتێبی ته‌ورات

(١) * نیكۆلاس پۆستگێت ،حزاره العراق واثاره ، لاپه‌ڕه٩١ ،٩٣، ٩٧، ١٠٦ .

(٢) * د.جمال رشید ،دراسات كردیه فی بلاد سۆبارتۆ ، لاپه‌ڕه ٢٦ تا ٤٢ .

(٣) * العراق فی التاریخ ، كۆمه‌ڵێك له مێژوونووسی عێراقی ، لاپه‌ڕه١٢٩ .

* جۆرج روو ، العراق القديم ، ،وەرگێرانی حسێن علوان حسێن ، لاپەرە ٣٤٦ ،٣٤٩.

* لیۆ ئۆپنهایم بلاد مابین النهرین ، لاپەرە ٣٦٧ .

* د. احمد سوسه ، العرب و الیهود ، د .

* محەمەد ئەمین زەکی بەگ ، تاریخ کورد و کوردستان .

***



نەفەرتیتی شاجوانی میسر ، ژنی فیرعەونی میسر ئەخناتۆن

وەک ئەڵێن کچی پاشای میتانی بووە



گڕی ئاگری ئەزەلی بابەگور گڕ

# هەڵکۆڵینی شوێنەواری قەڵای کەرکوک و ێرانشار

لەدەڤەری کەرکوک و پەیوەندیان بەهۆری ومیتانیەوە لەکتێبەکەی ئەدمۆندزدا، کوردو تورک وعەرەبدا هاتوە و لەلاپەڕە ٢٥٩ بەدواوەی نووسراوە. )

(١) لە ساڵی ١٩٢٢ ، ١٩٢٣ دا لەئەنجامی بارانیکی زۆردا، ئاوییارانەکە گڵەکەی ڕادابوو لایەکی قەڵای ناو کەرکوک داڕما و کەندەڵانێکی لێپەیدابوو لەئەنجامدا هەندێک پارچەقوڕی خشتی سورکراوەی نووسراوی لەگەڵ خۆی بردبوو .

خشتەکان کۆکرانەوەو هەڵگیران ، بەڵام بەڕەسمی ناوی نەبرا و تۆمار نەکران ( ٨ ) قوڕیان گەیشتنە مۆزەخانەی بەغداد .

( کۆرنەر ) ی مێژووناس هەر هەشت پارچە نووسراوەکەی لە مۆزەخانەکەدا دی ، گەڕایەوە بۆ کەرکوک ، گەڕا بەدوای ئەوکەسەدا یەکەمجار لایبوو ، دۆزیەوە کەپیاوێکی موسوڵمان بوو (١٨) پارچەی تری لێکڕی ، ومۆزەخانەی بەریتانیا لێیکڕیەوە ئەم پارچە خشتانە بەقوڵی چەند ئینجێک بوون لەمادەی کاربۆنی .

لە سەر داوای ( کۆرنەر ) و داوای خانم ( گێرتز وود بل ) هەڵسان بە ناردنی دوکتۆر ( ئەدوارد چیرا) لەپەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی بۆ ئەوەی دەستبکات بە

هەڵکۆڵینی کە ، لەمانگی شوباتی ١٩٢٥ دا ، لەئەنجامی گەڕان و کۆڵین هەڵکەندن ولێکۆڵینەوە بۆیدەرکەوت ناتوانێت قوڵتر لە ڕۆچوونەکە هەڵبکەنێت ،کەئاوی باران بەشیوەیەک وایلێکردبوو نەی وێرا لەبەر کەوتنی خانووەکانی قەراغ قەڵاکە .
لەوکاتەدا ( کۆرنەر) بیستبووی یەکێک لەدێی تەرگەڵان ( کە ئەکەوێتە دوری ٩ میل لەخواروی ڕۆژئاوای کەرکوک) وە ٣٥ ساڵ لەمەوبەر چەند پارچەقوڕێکی دۆزیوەتەوە، لەکاتێکدا ویستویەتی خشت هەڵبکەنێت لەبناغەی دیواری شوێنێکی کاولەی کۆن کەپێی ئەلێن (وێران شار) ،نزیک گردێکی گەورە کەپێی ئەڵێن (گردەکاولە ، یۆرغان تەپە) ، ئەم کەسە بەدزیەوە دەستیدابووە هەڵکەندن ، چەند مانگێک خەریکی هەڵکەندن وهەڵدانەوەبووە ، ئەیان وت چەند جارێکیش خۆی و کەرەکەی چوونەتە بەغداد ، ئەم کەسە ناوی (مام عەتێ) بوو ، دوای ماوەیەک بەیانیەک لاشەکەی بەخنکاوی لەناوچاڵێکدا دۆزراوەتەوە کە بۆگەڕان خۆی هەڵیکەندبوو ، لەوڕۆژەوە ئەوشوێنە بەناوی ئەو پیاوەوە ناونرا ( وێرانەی عەتیە) بەتورکومانی (عتیە خەرابەسی) ، کە شوێن دستی دیاربووە لەو کارەدا .
( کۆرنەر ) لەگەڵ (چیرا) هاتن بەهەردوکیان داوای ئیجازەیان لە (حسەین بەگ نەفتچی زادە ) کرد کەخاوەنی زەوییەکەبوو ، ڕیگەیان پێبدات هەڵکۆڵین بکەن بۆگەڕان بەشوێن خشت ونوسراوە و پاشماوەی کۆن ، ئەویش ڕێگەیدان .
( چیرا ) لەدوای چەند ڕۆژێک ئیشکردن بناغەی خانوویەکی بۆ دەرکەوت ناوەکەی خشت ڕێژبوو بەخۆڵەمێش داپۆشرابوو ( ٦٠ ) پارچە قوڕی دوزیەوە کە بەخەتی مێخی نووسرابوون .
وەکو دەرکەوت ئەو( ٥١ ) پارچە قوڕەی تریش ، هەر هی ئەم شوێنە بوو ، کە لەلایەن مام عەتێوە بەمۆزەخانەکانی ئەورووپا فرۆشرابوون ، دوای لێکۆڵینەوە گەڕان و لێکدانەوە و خوێندنەوەی (٥١ ) لەوحەکەی پێشوو لەگەڵ (٣٠ ) پارچەقوڕی کە ، کەلەلایەن ( س ، ج ، گاد) دەستکەوتبوو بۆیان ساغبووەوە کە کەرکوکی ئیستا هەمان ( Arrapha ) ( ئاراپها ، ئاراپخا ) ئاراپخای کۆنە کە لەسەرچاوە مێژووییەکاندا باس ئەکرێت وناوی دەرکردوە. ودەرکەوت (وێرانەی عەتیەی ، نزیک

تەرگەلان ، وێران شار ) ، هەمان ( نۆزی) کۆنە ، وزۆر لە نووسراوی خشتەکان کە خوێندراونەتەوە ،نەبەزمانی بابلی بوون نە ئاشوری بەڵکو بەزمانی هۆری نووسرابوون لە ساڵانی دواییدا لە (نۆزی ) ، لەلایەن نێرراوە ئەمریکیەکانەوە هەڵکەندن وهەڵکۆڵین وگەڕان بەردەوام بوو یەک لە دوای یەک لەئەنجامئـەدرا هەزارەهـا پـارچە قـوڕی نووسراویان دۆزیەوە کەبەختەتی مێخی نووسرابوون . لێکۆڵینەوەی زانیـاری زۆریـان لەسەرکراو لەئەنجامدا زۆر زانیاری مێژوویی وکۆمەڵایەتیان ودەست کەوت لێکەوتەوە .
(سێر سـدنی سـمێث ) ئەم نووسـین و رونکـردنەوەی خـوارەوەی لە سـەر نـۆزی بڵاوکردەوە : [نووسین وزمانی پارچە قوڕی یەکەم ئەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی ( ئەگید ، اگید) کەلە سەدەکانی دەوروبەری ٢٢ بیست و دووی پێش عیسا ژیاون وئەم ناوچەیە ناوی (گاسور ) بووە لەژێر دەستیاندابووە . ئەم بنەماڵەیە دەسەڵاتی تا (ئێلام ،عێلام ) ،گەیشتوە . لەسەدەکانی نۆزدەی پێش عیسادا لەنامە بازرگانیەکاندا هاتوە ، کەلە نزیک شاری ( قیساریە – مازاک) کوردستانی باکور دۆزراونەتەوە ، ناوی قوماشیکیان هێناوە کەهی گاسور بووە .
(١) لە سـەردەمی حـوکمی حامورابیـدا نزیـک سـاڵەکانی ١٨٥٠ پـێش عیـسا ، ناوچەی (وێرانە شار) ناوی (نۆزۆ ، نۆزی )بووە . هەر وەها لەدوزراوەی (مائیر ) کە شوێنێکی سەر بەئاشووریەکان بووە ناوی نۆزی هاتوە .
ەئەنجامی گەران وهەڵکەندن وتوێژینەوە نووسینەکان ڕاستی ئەوە نادەن بەدەستەوە دەربارەی ئەوماوەیەی کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە پ. ع دەستپێئەکات ، تا سەدەی شازدەهەم و پازدەهەم پێش عیسا . کەسەدەی بازرگانیبوو ، ئەوماوەیە زۆر ڕون نیە و زانیاریان لە سەرنیە .
زۆرترینی لەوحەکان ئەگەڕێنەوە بۆ سەدەی پازدەهەم کە دەریانخستوە دانیشتوانی ( نۆزۆ ،نۆزی ) چوار چێن وتوێژی ئەرستۆکراتی دەرەبەگایەتی هۆری بوون . هەر ئەوگەلەن کەلە تەوراتدا ناویان هاتوە بە (حـۆرتی ) کەبەزمانێـک قـسەیان ئەکـردو تاڕادەیەک ساغبووەتەوە پەیوەندی بە زمانی (ئۆرارتیەوە) هەیە . هەروەها بەهۆی ئەزانیاریانەی دۆزراونەتەوە لە زۆر شوێن بۆنمونە لە : (ڕاس شـمرا و بۆغـازکۆی )

هاتوون و دوای گەڕان وپشکنین دۆزراونەتەوە. لەورێگەیەوە زۆر لە بڕواو نزاو ڕێگە ئایینیەکانی ( هۆریەکان ) وناوی خواکانیان زانراوە. ]

(woolley) وولی ڕۆژهەلاتناسی ناودار بۆی ساغبووەتەوە وبۆچوونی وابووە وئەڵێت : کەلەبنەڕەتدا ئەم (هۆریانە ،هۆرتیت ) لەتۆرۆسەوە هاتوون لەنێوان هەردو ڕوبارەکە (میزۆپۆتامیا ) و ئێران بڵاوبوونەتەوە لە سەردەمی سەدەی هەژدەهەمەوە و لەدۆڵــی عاســیش لە ســوریا (کوردســتانی ڕۆژئــاوا) تــێکەڵاوی دانیــشتوانی ئەو ناوچانەبوون .

دوای دامەزراندنی دەوڵەت چەند پەیمانێکیان بەستوە ، لەونووسراوانەدا کەناویان هاتوە بەزمانی هۆری بووە کە لە زمانی سانسکریتی ئەچێت و ئەتـوانین بـەزمـانی بەهیندۆ ئەورووپی دابنێین .

(٢) لە پێشەنگی پاشاکانی (میتانی – هۆری ) کە پەیمانیـان بەسـتوە ( شاوشـتا ،ساوستا ) بووە: وەک خۆی لەنووسراوێکدا ئەڵێت : ( شاری ئاشوری داگیرکـردوە دەرگایەکی زێڕی لە ئاشور (شرگاتی ئیستا) هێناوە لەگەڵ خۆی ) . لەنۆزی نامەیەکی دۆزراوەتەوە کە خۆی تیایدا باسی داگیرکردنـی ئاشـور ئەکـات لەگەڵ هێنـانی ئەو دەرگایە کە مێژووی ئەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵەکانی ١٤٤٠ _ ١٤٢٠پێش عیسا . لەوکاتانەدا هەموو ناوچەی کەرکوک بە ئاراپخا ناسرابوو ، پایتەختیـان لە نـاوچەی کەرکوک بوو ،ئەتوانین هەرئەم ناوەی لێ بنێین بلێین (ئارابخا) ناسرابوو (بەشاری خواکـان) ، ئەوانەی لێکۆڵینەوەیـان کـردوە لەسـەرئەم نـاوچەیە ، ئەڵـێن لەوانەیە پایتەختی شایەکی لەخۆی گەورەتر بێت ، هەندێکیش ئەڵێن پاشاکانی وڵاتی هۆریی سەرو هەردو روبارەکە (میزۆپۆتامیا ) لێرە نیشتەجێبوون ، بەڵام ئەوەی ساغبووەتەوە پاشاَیەک لە پاشاکان کۆشکێکی هەبـووە لە نـۆزی ، لایەکـی تـایبەتبووە بە ژنـان ومندالان .

دەربارەی ئەو تابلۆ دۆزراوانەی نۆزی زۆریان بەزمانی ناوچەیی هۆری تۆمـارکراون ، دەربارەی ئەم نووسراوانە ( گ . ج. گاد ،G, j Gadd ) ئەڵێت : (ئەوەی ئەم

بەڵگانە لە هیتر جیائەکەنەوە ئەو ناوە تایبەتیانەن  کەهی دانیشتوانی ناوچەکەبوون ئەوسا سەرنج ڕاکێشنەبوون ، لەناویاندا هیچ شوێنەوارێکی دەسەڵاتدارێتی ئاشوریەکانی تیاهەست پێناکرێت ، نـاوی کەسـی ئاشـوری تیـابەدی ناکرێـت . تەنـانەت نـاوی خوای (ئاشور) یشی تیادا نەهـاتوە ). دەوڵەتـی ئاشـوری بەشـێکبووە لە دەوڵەتـی میتانی ( هۆری ) .

تا ساڵەکانی ١٣٦٥ — ١٣٣٠ پ .ع  ئاشوریەکان سەربەخۆ نەبوون ، کە لە سەردەمی ئاشور ئۆبالتی یەکەمی ئاشوریەوە ، دوای بێ هێز بوونی دەوڵەتی میتانی ودو کەرت بـوونی ، تـوانی دەوڵەتـی ئاشـوری  لەدەسـتی میتانیەکـان رزگـار بکـات وڵاتەکەی سەربەخۆبکات .

لەتابلۆی ١ تا –٥١ کەبابەتەکانی بازرگانین ناوی چوار بەرەی خێزانی هۆری نیشتەجێی نۆزی هاتوە لەوانەی خەریکی بازرگانی بوون کە ئەمانەی خوارەوەن :

١/  گیبیل .

٢ / شارۆ بوهیشینی شینای ، نینکیا ، ودلو، موکری .

٣ / تیشۆب ئاکواتیل ، بوتیای هاشیب .

٤ / تیللا پیاتیشینی ،تیشانای .

دەربارەی ئەم بنەماڵانە  ( گاد ) ئەڵێت   ؛  ئەوناوانە ( میتـانین ، هـۆرین )  ، بـۆ یەکەم جـار بەهـۆی نامەکـانی  ( تـل العمـارنە) وە بەرچـاوکەوتون وناسـیونی . چینی دەسەڵاتداری دەوڵەتی  کە میتانیەکان بوون لەوڵاتی هۆری بە زمـانی هینـدۆ ئەوروپی قسەیانکردوە بەڵام گەلی هۆری بەزمانی ناوچەیی دواون کە هۆری بـووە . ( بەپێی کتێبی لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی — وڵاتی کوردەواری  سپایزەر  لەلاپەڕە ٢١٠–٢١٣ ) . (٣)

ئەو هۆریانەی بـاکوری میزۆپۆتامیـا کەبە زمـانێکی نـاوچەیی دواون بەشـێکی زۆری دانیشتوانی ئەو وڵاتەیـان پێکئەهێنـا ، کەلە دواییـدا  بەئاشـوری ناسـراوە ، شـاری نەینەواش شارێکی سۆبارییبووە کەسۆباری وهۆری  دانیشتوانی دەوڵەتی میتانییبوون ئاشکرایە بەوڵاتی سۆباریش وتراوە وڵاتی میتانی. کەهەموو وڵاتی سۆباری ئەگرتەوە .

ئەوانەی لەرووی زمانی هۆریەوە لە تابلۆکانیان کۆڵیوەتەوە ( دوکتۆر کۆرنەر . / گاد . / بۆرک . / سپایزەر بوون ، بۆیان دەرکەوتوە ئەو زمانەی کە نامەکەی ( تۆشراتتای ) پێنووسراوە بەبەشێک لە بەشەکانی زمانی قەفقاسی دانراوە.

(٤) لێرەدا باشتر وایە باسی دۆزینەوەی ئاسەوارێکی کۆن بکەین کە مێژوویەکی بەنرخی هەیە : ئەدمۆندز ، کە خاوەنی ، کتێبی کورد ،تورک ، عەرەبە راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراقبوو ئەڵێت : لەساڵی ١٩٢٣ دا ، کۆمەڵێک سەربازی (لیڤی ، لیوی) لە ئاشوریەکان کەخەریکی رێککردنی گۆرەپانێکی سەربازی بوون بەرامبەر بەنگەڵەکانیان ، گۆزەیەکی مۆرکراویان دۆزیەوە کەلێوان بوو لەپارچە (دراو ،پووڵ ،پارەی) ساسانی نزیکەی دوهەزار ئەبوو. (کۆرنەر) هەندێک لەوکۆمەڵە پارەیەی بەرکەوت کەلە لەمۆزەخانەی بەریتانیادایە ، دەرکەوتوە ئەو پارچە پارانە ئەگەرێنەوە بۆ زەمانی پێنج (پاشا ، شاهانشا، کیسرا) ی ساسانی لەوانە :

١ / قوبادی یەکەم ( کیسرا کەی قوباد) ساڵی ٤٩٩ - ٥٣١ دوای عیسا ، شاهانشای ساسانی بووە.

٢ / خوسرەوی یەکەم (کەی خەسرەو ) ساڵی ٥٣١- ٥٧٩ دوای عیسا ، شاهانشای ساسانی بووە

٣ /هورمزەدی چوارەم (کیسرا هورمز ) ساڵی ٥٧٩- ٥٩٠ دوای عیسا ، شاهانشای ساسانی بووە

٤ / بەهرامی شەشەم (کیسرا بارام ) ساڵی ٥٩٠ — ٥٩١ دوای عیسا ، شاهانشای ساسانی بووە

٥ /خوسرەوی دووەم (کەی خەسرەو ) ساڵی ٥٩٠ -٦٢٨ دوای عیسا ، شاهانشای ساسانی بووە دوامێژووی ساڵی لەسکەدانی پارەکان ئەگەرێتەوە بۆ ساڵی ٦٠١ د،ع . بۆچوونمان دەربارەی ساڵی شاردنەوەی ئەم پارانە ئەگەرێتەوە بۆ بەرەبەیانی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و هێرشی موسوڵمانە عەرەبەکان ،کە لەدوایانەوە هۆزو خێڵەکیە عەرەبەکان بەمەبەستی نیشتەجێبوون دوای لەشکری موسوڵمانان کەوتبوون ، دوای شەڕی قادسیە و دوای ئەوەی (شاری مادیان ، مەدائین ) یان داگیرکردبوو


ولەساڵی ٦٣٦ د.ع دا کەشاری مەدائین ،مادیان پایتەختی زستانەی کیسراکانی ساسانی بوو ،لەئەنجامی ئەوشەڕانەدا دەوڵەتی ساسانی شکستی هێناوە . دواجار لەشەڕی نەهاوەند دا لەشکری موسوڵمانان دواییان هێنا بە حوکمی بنەماڵەی ساسانی ساڵی ٦٥١ د.ع دوای ئەوە هەرەشەیان لە کەرکوک کردوە .
دەوڵەتی ساسانی پێشەنگی دەوڵەتانبووە لەلێدانی پارەدا (سکە) کەلە زەمانی ( داریۆشدا – دارا ) بۆیەکەم جار لەساڵی ٥١٧ پ.ع دا سکەی زێڕیان لێداوە لەشێوەی یۆنانیەکان بەناوی داریکۆسەوە .



دوو ڕوی دراوێکی کۆنی ساسانی

*ئەدمۆندز ، لەکتێبی کوردو تورک و عەرەب ، لاپەڕە٢٥٩،تا ٢٦١ .
(١) * سپایزەر ،لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی وڵاتی کوردەواری ، سپایزەر لاپەڕە ٢١٠ ، ٢١٣ .
(٢) * بەدواداچوون ولێکۆڵینەوەکانی مێژووناسان ورۆژهەلاتی ناسان: وەک :
١ / کۆرنەر . ٢/ گیرتز وود بل ( مسس بیل) . ٣ /سیرلیۆناردوولی
٤ / چیرا . ٥ / سیرسدنی سمیدس . ٦ / بۆرگ.
٧ / گ ، ج ، گاد

***




نەخشەی ئیمپەراتۆریەتی ئاشوری لە دوای ساڵەکانی ٩١١ پێش عیسا

# ئیمپەراتۆریەتی ئاشوری ، ئاسور

## وەک دەسەڵات و دەوڵەت وحوکمی سەربەخۆ

## لە ١٣٣٠ - تا ٦١٢ پ

ئاشور ، ئاسوریەکان کۆمەلە مرۆڤێکبوون لەدەوروبەری شرگاتی ئیستا ئەژیان کەناوی ئاشور( ئاش – شور) بوو . وەک هۆزێکی (بەدو) خێڵەکی ژیانیان بەسەر ئەبرد ، چادر نشین بوون ، لەزەمانی دوایین حوکمی سۆمەریەکانەوە ساڵانی ٢٠٠٦ پ،ع لەوێ

نیشتەجێبوون لەسەر پارچە زەویەکی سێ سوچی ئەژیان بەدرێژایی لای کەناری چەپێ ڕوباری دیجلە درێژئەبووەوە کەدرێژی وپانی لە چەند میلێک تێپەڕ نەئەبوو

لەوشوێنەی زێی بچوک ئەڕژێتە دیجلەوە ، دەوروبەری ئاشور بەکۆمەڵە شاخێک دەورەدرابوو ، لەلایەکی کەوە ناوچەکە بە هۆزوخێڵە بەهێزەکانی گۆتی و لۆلۆییەکان چنرابوو کەلەوناوە نیشتەجێبوون ، بەوهۆیەوە داگیرکردنی ئەوناوچەیە ئاسان نەبوو.
دەربارەی مێژوویان لە (خورس ئاباد) لیستێک ناو دۆزراوەتەوە ناوی ١٧ پاشای تیایە ، گوایە لە دوای سالآنی یەکەم جاری نیشتەجێبوونیان لە ناوچەی شاری ئاشور حوکمیان کردوە کەئەمانە هەموو لەناو چادردا ژیاون ، بەم پێیە لەوانەیە بەڕاستی پاشا نەبووبن ، بەڵکو سەرۆک هۆزی عەشیرەتێکی ناودار بن لەدەوری شاری ئاشور . ئەوەی جێی سەرنجە ناوی هەندێک لە پاشاکانی پێشویان وەک (تودیا ،ئۆشیبا ،سۆلیکی ، ککیا )بووە نە سامی نە سۆمەری بوون ،بەڵکو ئەگەڕانەوە بۆکۆمەڵە نەژادی سێیەم لەوانەیە ( هۆری ، حۆری ) بێت . بەوهۆیەوە بیر بۆ ئەوەئەچێت کەئاشوریەکان بەڕەگەز سامی نەبووبن ، ئەم ئاشوریانە کاتێک نیشتەجێبوون تێکەڵاوی سۆباریەکانبوون ، دوایی بەشێوەی زوبانی ئەکەدی ئەدوان و لەنووسیندا نووسینی مێخی سۆمەریەکانیان بەکارئەهێنا . هەر بەناوی شارەکەیانەوە ناویان دەرکرد وخواکەیشیان هەرناوی (ئاشور)بوو .
شاری ئاشور بۆماوەیەکی کەم دوای سالآنی ٢٠٠٦ پ.ع سەربەخۆیی دەستکەوت. سەربەخۆبوون وەک هەموو شارەکانی کەی وڵاتی سۆمەر کاتێک ئیمپەراتۆریەتی سۆمەری لەناوچوو.
لەوانەیە لەساڵی ١٩٥٣ — ١٩٣٥ پ.ع ، شاری ئاشور هێزی پەیداکردبێت بەو شێوەیە پانتایی فراوانبووە تا شآری نەینەوای گرتوەتەوە، هەرلەو کاتانەدا کۆمەڵە مرۆڤێکی سامی نەژادیکە ناوچەکەیان پڕکردبوو بەهێزێکی زۆرەو بڵاوبوونەوە چادریان هەڵدا ، ئەوانیش بوونەهێزێک بۆئاشور . (١)
لە دوای هاتن و ماوەی نیشتەجێبوونی ئاشوریەکان هەر لەژێردەستی سۆمەری وئەکەدیدا بوون ، لەماوەی حوکمی گۆتیەکانیشدا هەرپارچەیەک بوون لەوڵاتی گۆتی ، لەکاتی حوکمی ئاموری و حێثی ومیتانی وکاشیدا ، ئاشوریەکان هەرتابع بوون ،شاری ئاشور ناوچەیەکی بازرگانی گرنگ بوو بۆئەم ڕاستیە زۆر بەڵگە هەیە .

ئاشور وەک دەوڵەت ودەسەڵات بەدرێژایی مێژوو بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە ئەتوانین دابەشیبکەین بە : یەکەم :- ساڵانی دەستپێکردنی نیشتەجێ بوونیان وەک تیرەو هۆز ئەژیان کەهێشتا زوربەیان چادرنشین بوون ، لەم ماوانەدا وڵات وناوچەکەیان پارچەیەک بوو لەحوکمڕانی وژێردەستی سۆمەری وئەکەدی . ئاشوریەکان بەدرێژایی کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش عیسا . لەژێر کاریگەری شارستانی و حوکمی ئەکەدی وسۆمەریدابوون ، ماوەیەکیش سەربە گۆتیەکانبوون شاری ئاشور یەکێکبوو لە ناوچە ئیداریەکانی سۆمەریەکان وئەکەدیەکان . هەرهەمان نووسینی مێخی سۆمەریەکانیان بەکار ئەهێنا و زمانی ئاخاوتنیان شێوەیەک بوو لەزمانی ئەکەدی ، خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نەبوون ، بەبازرگانیەوە خەریک بوون .

دووەم :- سەدەکانی ئاشوری کۆن لەساڵانی ٢٠٠٠ -تا ١٥٣١ پ.ع لەم ماوەیەدا لەژێر زەبرو دەسەڵاتی سۆمەریەکاندا دەرچوون دوای ئەوەی حوکمی بنەماڵەی ئوری سێیەمی سۆمەری لەناوچوو سۆمەریەکان حوکمیان لە دەست دەرچوو دەری مێژووییان بەسەرچوو ، وڵات شێوابوو ئاشور وەک نیمچە (دەوڵەتەشار )ەکانی کەی ئەکەدی سۆمەری (دویلات المدن ) ماوەیەکی کەم سەربەخۆبوون . لەگەڵ دەستپێکردنی سەدەکانی بابلی کۆن لە زەمانی حامورابی ونەوەکانی ، ئاشوریەکان کەوتنە لەژێر دەستی بابلیەکانەوە بەتایبەت کاتی حوکمی حامورابی ساڵی ١٧٦٢ پ.ع ، کاتێک بابل توشی هێرشێکی هاوپەیمانی (ئێلامی و گۆتی و ئاشوری و ئەشنۆنە )بوو ، ئەمان بۆماوەیەکی کەم حەکمی خۆیان گرتەدەست ، لە ئەنجامدا هەرچواریان سەر نەکەوتن ، حامورابی توانی ناوچەی ئاشورو گۆتی و ئەشنۆنە بخاتەوە ژێردەستی خۆی بەئاراپخاشەوە . (٢)

سێیەم:- سەدەکانی ئاشوری ناوەند ساڵانی ١٥٣١ - تا ١٣٦٥ ،١٣٣٠ پ.ع ، لەم سەدانەدا زۆر گۆڕان وبەسەرهاتی جۆراو جۆر و بنەڕەتی لەو ناوچە بەرینەدا هاتەکایەوە کەهەڕەتی سەدەکانی حوکمی یەک لە دوای یەکی،حیثی ومیتانی وکاشی بوو ،کەئاشور پارچەیەکی درێژکراوەی ژێر دەستیان بوو لە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی

هەر یەک لەو دەوڵەتانەدابوو ،کاریگەری شارستانیان هەبوو لەسەریان .
**چوارەم :-** لەدوای ساڵی ١٣٦٥ - ١٣٣٠ پ.ع لە ماوەی بێهێزبوون ودوکەرتبوونی دەوڵەتی میتانی ( ئاشور ئۆباڵتی یەکەم )ی ئاشوری هەلی دەستکەوت وڵاتی ئاشوری سەربەخۆکرد و لەچنگ وژێردەستەی میتانیەکان دەریکرد، ئەوەی شایانی باسە ئاشوریەکان لەژێر دەستی ڕاستەو خۆی میتانیەکان (هۆریەکان)دا بوون لەساڵانی ١٥٠٠ تاساڵی١٣٦٠ پ.ع ، کەلە میتانیەکان ڕزگایانبوو ، بوونە لایەنگری کاشیەکان بەدرێژایی ئەوماوەیە سەربە کاشیەکانبوون .
لەسەدەکانی دواییدا دوای ئەوەی کاشیەکان حوکمیان لەدەستچوو ئاشوریەکان سەربەخۆبوون ،دەوڵەتێکی بەهێزیان دامەزراند، گیانی سەربازی وشەرەنگێزی وداگیرکردنی وڵاتان وئازاردانی گەلان لەدەرون وبیری سەرکردەکانی ئاشوریدا جۆشی ئەخوارد ، بەو سەرکەوتنەیانەوە نەوەستان . وڵاتەکەیان فراوانکرد دەستیانکرد بەهێرشی کاولکاری و تالانی وئازاردانی گەلانی دراوسێ وڕەو پێکردنی گەلانی ژێردەستەیان .
دەربارەی گۆتی و مێژووی کەرکوک پەیوەندیان بەئاشورەوە (شەلمانوسەری یەکەم) لەهێرشێکیدا وڵاتی گۆتی (کەرکوک ، ئاراپخا) داگیرکردوە ، هیرشی هێناوە بۆسەر هۆریەکان بۆسەر شاتوارا پاشای هانیگاڵبات ) کە پارچەیەکی دەوڵەتی میتانیبوو هەرمابووەوە وەک پارچەیەک لە دەوڵەتی میتانی ( دوای دوکەرتبوونی ئیمپەراتۆریەتی میتانی- هۆری) لەساڵانی (١٢٧٤—١٢٤٥ پ.ع دا وڵات وشارەکانیانی کاولکردوە و خەڵکەکەی بەکۆمەڵ کوشتوەو تاڵانی کردون .
وەک لەبەڵگە مێژووییەکاندا باسکراوە وهەستی پێنەکرێت ناتەبایی و نارەزایی هەبوو دژی دەوڵەتی ئاشوری لە لایەن گەلان و وڵاتانی دەورو پشتیانەوە ئەوگەلە زوڵم لێکراوانە زۆر جار پەیمانیان ئەبەست لەناو خۆیاندا بۆ ڕوبەڕو بوونەوەی ئاشوریەکان .
لەڕوی ئیداری و ڕێکخستنی سەربازیەوە ( تەجلاتیپلیزەری یەکەمی ئاشوری ) بەشی وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ڕێکخست ( مەبەست ڕۆژ هەڵاتی دیجلەیە) کردی بە دو یەکەی ئیداریەوە :

١/ یەکەم    ناوچەی کەرکوک (ئاراپخا - وڵاتی گۆتی) هەموو ناوچەکە تابەغداد  درێژ ئەبووەوە .

٢/ دووەم    ئەو زەویانەی ئەکەوتنە خواروی وڵاتی گۆتی  مەبەست ئەشنۆنەو دەورو بەریبوو، کە وڵاتی ئێلامی لە بابل جیائەکردەوە .

**پێنجەم : -سەدەکانی ئیمپەراتۆری لە٩١١ -تا ٦١٢ پ.ع** .لەم ماوەیەدا ئاشوریەکان توانیان یەکێک لە ئیمپەراتۆریەتە مەزنەکانی جیهان دابمەزرێنن ، دوای ئـەوەی کـەهێزیـان زیـادیکرد، وئـالەتێکی سـەربازیان پێکهێنـا تـا ئامادەبێـت بەدەستیانەوەبێت بۆکاتی پێویست بۆداگیرکردنی وڵاتان .

دەستیانکرد بەجوڵان وهێـرش بۆسـەر وڵاتـان وگەلانـی دەوروپـشتیان بە مەبەسـتی فراونکردنی وڵاتەکەیان  لەسەر حسابی گەلانی دراوسێ  ، لە لایەکی کەوە ڕۆڵێکـی گرنـگ وبەرچاویـان هەبـوو لەپێـشکەوتنی شارسـتانی نـاوچەکە لەزۆر ڕووەوە وەک بیناسازی ، پیشەسازی و ئەدەب ونووسین پەیکەرتاشی ، شانبەشانی دڕەنـدەیی و شەڕەنگێزیان ولەناوبردنی مرۆڤ وکاوڵکردنی وڵاتان ، لەزەمانی  (ئادد نەراری لەساڵی ٩١١-٨٩١ پ.ع )،کەوتە دۆخێکی نوێی ئیمپەراتۆریەوە کەتوانی لە زۆرلاوە شۆڕش و جوڵان وڕاپەڕینی گەلان ووڵاتانی دەوروپشت ودژ بەئاشور دامرکێنێت  وداگیریانبکات، وڵاتی فراوانبکات .    لە ماوەی حوکمی  (ئاشور نوسەر باڵی دووەم ) دا، دەوڵەتی ئاشوری هەموو کوردستانی خواروی گرتە ژێردەستی ، لەشاخی زاگرۆزەوە تا خاپور ،لەنوسەیبینەوە تا تکریت .

لە سـاڵانی  دەوروبەری ٨٩١ پ.ع ،ئاشـوریەکان کەرکوکیـان داگیرکردبـوو . ئەوجەنگانەی ئاشوریەکان بەرپایان ئەکرد بەناوی خواکەیانەوە بوو( ئاشور ) گوایە لەسەر داوا وخواست و  حەزو ئارەزووی خواکەیانە ئەم جەنگانە بەرپائەکەن و، پاشای ئاشور خۆی بە نوێنەری خواکـەیـان دانـابوو لە سـەر زەوی ، ئەبێـت گـوێ ڕایەڵـی فەرمانی خواکەی بێت وئەنجامیبدات .

هەرچی هۆی شەڕو لەناوبردن وکۆمەڵکوژی هەبوو  لەوهێرشانەیاندا بەکاریان ئەهێنا دژی دانیشتوانی ئەو شوێنانەی کەشەڕیان لەگەڵ ئەکردن ، وڵاتیان داگیرئەکردن ، ئەم

ڕەفتارانەیـان بەکـارێکی پیـرۆز و ئـایینی ئەزانـی و ئەوگەلانەیـان دائەنـا کە دژی خواکەیانن .

لەبەر ئەوە کوشتن و لەناوبردن و بەدیلگرتنی ژن و پیاو و منداڵ دەست و قاچ بڕین کۆت وزنجیرکردنی لاوەکان و پیاوان ڕاکێشانیان بۆ ئیشکردن لەنەینەوای پایتەخت . بەتالانی بردنی هەموو موڵک وماڵ، سوتاندنی پێویـستی ژیانیـان بەحەڵاڵ وچـاک و پیرۆز ئەزانی، ئەبێت سزایان بدرێن و تۆڵەیان لێبکرێتەوە ، داواو ئاواتی خواکەیـان بوو.

هەر بەپێچەوانەوە بەو تالانی وهێرشـانە گـوایە گەلـی ئاشـوری پیـی خۆشـگوزەران ئاســـودەئەکەن ، ئەو گەلانەش بێـــدەرەتان وبێهێـــزو لاوازو وهەژار ئەکەن ، کە بندەستکردنیان ئاسانتر ئەبێت

یەکێک لەموچە خۆرەکانی بابلی لەشاری نوفەر وێراویەتی نامـە بـۆ ( ئەسـەرخادون ،ئەسەرحەدونی ) پاشای ئاشوری بنووسێت بڵێـت :- ( پاشـام بـاش ئەزانیـت کە هەموو وڵاتەکان بەکین وداخ لەدڵن لێمان ) .

کردبوویانە نەریتێک لەبەهاری هەموو ساڵێکدا سەربازەکانیان کۆئەکردەوە ، بەفرمانی خواکەیان (ئاشور ) بەرەو شاخی تـۆرس و زاگـرۆز وپێدەشـتەکان بەڕێئەبـوون ، بەهەرچوارلادا بڵاوئەبوونەوە، بۆسەر حاکمی ناوچەکان ئەهاتن ، کەهەندێک سەرکردەو دانیشتوان ئازایانە تـادوا هەناسـە بەرنگاریـان ئەبـوونەوە ، هەنـدێکیان هەڵئەهـاتن لەبیابان وکونە شاخدا خۆیان ئەشاردەوە، هەندێکیان پێیان ماچئەکرد، سەربازەکانیش ئەهـاتنە وێـزەی دانیـشتوان بـەکوشـتن بـڕین ، بەدزی وتـالانی وبـاج کـۆکردنەوە . وێـنەی ئەم ڕوداوانە لە تابلۆکـانی ناوکۆشـکەکانی ئاشـوریەکان بەئاشـکرا وێنەیـان کێشرابوو ،تیایاندا دەرئەکەوت کەخەلکی چۆن ئازاردراون وکۆت وزنجیرکراون ، قاچ ودەستیان براوە.

لەم خراپەکاری وکوشتن وبڕینەدا هـیچ لەوپاشـایانەی ئاشـور نەگەیـشتونەتە پـلەی (ئاشور نوسەر بال ) لەتاونکاریدا ، ، کاتێک حـاکم و یـاخی بووەکـانی ئەکوشـت بەوەوە نەئەوەستا ، پێستەکانیشی ئەگورو بەسەر شورای شارەکەیاندا هەڵی ئەخستن

و ئازارو ئەشکەنجەی دیل و دانیشتوانی ئاسایی بێتاوانی ئەدا ، لەژن و منداڵ و لاو وپیــــر ، بـــەشـــێوەیـــەکـــی ســـادیانە دەســـت قـــاچی ئەبـــڕین .
هەر بەوەشەوە نە ئەوەستان بەڵکو دانیشتوانی وڵاتە داگیرکراوەکانیان بە دەست و پێ بەستراوی ڕەو پێئەکرد بەرەو شوێنانی کە ئەیانبردن و ئەوانەی مابوون نیشتەجێیان ئەکردن دورلە زێدی باو باپیریان .
بۆنمونە ساڵی٧٤٢ پ.ع ، بیست هەزار سوریان ڕەوپێکرد بۆ شاخەکانی زاگرۆز ، لەساڵی ٧٤٤پ.ع ، ٦٥ هەزار ئێرانیان ڕەوپێکرد ، هەروەها ١٨ هەزار ئارامیان لە قەراغ ڕوباری دیجلە ڕەوپێکرد بۆناو سوریا .
لەگەڵ ئەوەشـدا ئاشـور قۆنـاغێکی پـڕ لە شارسـتانی بڕیبـو لەڕوی بیناسـازی و پیشەسازی و نووسین ئەدەب و ئاودێری وپەیکەر تاشی لەزۆر روی شارستانی کەوە پێش کەوتبوون .. هتد .
شارەزایی و شارستانی میتانیەکـان کـاریگەری زۆری هەبـوو لە سـەریان بەتـایبەت لەنـاوچەی وڵاتـی ( گـۆتی ، نـۆزی وئارابخـا ، کەرکـوک ) بـەپێـی :
* ( کۆمـەڵێـک لـەمێـژوو نووسـانی عێراقـی ،العـراق فـی التـاریخ لاپەڕە ١٣٢ )
گەلانی دەورو پشت ئازارو مەینەتی زۆریان چێشت بە دەست ئاشوریەکانەوە بەناچاری ئەژیـان وگوزەرانیـان ئەکـرد بـۆ هەڵێـک وڕێـگەیەک ئەگەڕان وچـاوەڕوانبوون دەستیانبکەوێت یان هاو پەیمانیەک دروستبکەن دژی ئاشوریەکان ، بەهۆیەوە لەزوڵم و زۆری ئاشوریەکان ڕزگاریانبێت.
لەزەمانی ( شەلەمەنوسەری سێیەمی ئاشوریدا لەساڵی ٨٥٨-٨٢٤ ) وڵات زۆر فراوان بوو ، لەشەڕێکدا لەناوچەی ڕوباری عاسـی ژمـارەیەکی زۆری لـە عەرەبـی کـۆچەری (بەدوی) کۆمەڵکوژکردوە ، کەبۆ یەکەم جارلە مێژوودا ناویان براوە بە ( ئەرەبایا ) هەروەها ناوی میدی کوردیشی هێناوە .
شەلمانوسـەر لـە سـاڵی٨٣٦ پ.ع دا لەبەڵـگە نامەیەکدا نووسـیویەتی ئەڵیـت : لە پارسواوە تێپەڕیم چوومە[ خاکی مێسی و خاکی ئامادیا و خاکی ئارازیاش و خـاکی

خارخار( هارهار) ] . (کەبەشی زۆری ئەوشوێنانەی شەلمانوسەر پێیاندا تێپەڕبووە ، کوردستانی گەورەی ئەگرتەوە) .

لەکاتی حوکمڕانی ئەودا ژمارەیەک شار ڕاستبوونەتەوە هەڵگەڕاونەتەوە لێی وەک شاری( ئاشور ، نەینەوا ، (هەولێر) ئۆرۆبیل ، ئاراپخا (کەرکوک) کە ژمارەیان ۲۷ شاربووە) ، کوڕەکەی دوای خۆی توانیویەتی ئەوشۆڕشانە دامرکێنێتەوە دەست بگرێتەوە بەسەریاندا . لەساڵی۷۷۱-۷٥٤پ.ع کاتی حوکمی ( ئاشوردان ) ڕشانەوە کەوتوەتەوە لە ئاشورو ئاراپخادا ، ئەم پاشایە لە شۆڕشێکدا کوژراوە کە لەدژی بەرپابووە .

لەکاتی حوکمی ( تیگلات پلاسەری سێیەم )دا ناوی هۆزی گۆمۆرۆ هاتوە کە بەناوی (گارامایی) ناویان دەرکردوە لەناوچەی کەرکوک ودەوروبەری نیشتەجێبوون . لەساڵی ٦٧٢ پ.ع (ئەسەرخادون) ،ئەسەرحدون پەیمانی بەست لەگەڵ میدیەکان ، کوڕەکەی خۆی ئاشور پانیباڵی کردوە بەجێ نشینی خۆی . میدیەکان لەساڵی ۷۰۰ پ.ع بەدواوە هەرخەریکی خۆئامادەکردن و لەشکر کەشیبوون ، خۆیان ڕێکخستبوو لە دەوڵەتێکی بەهێزو مۆدرن و چارەنووس سازدا ئامادە بۆ دوا ڕۆژێکی چاوەڕوانکراوی پڕ لەسەروەری ورزگاری لە دەست زوڵم وزۆری بێئەندازەی دەوڵەتی ئاشوری .

**دەوری کلدانی :** بەدرێژای ئەوسەدانە بابل لەژێر دەستی ئاشوردابوو لە ساڵی ٦۲٦ پ.ع دا لەکاتی حوکمی ئاشور پانیباڵدا ، سەرکردەیەکی کلدانی بەهێز لە بابل دەرکەوت کەناوی (نابۆ پۆلاسار) بوو ،بەرامبەر ئاشوریەکان ڕاستبووەوە خۆی ناونا (پاشای بابل ) بنەماڵەیەکی حوکمڕانی بابلی نوێی کلدانی پێکهێنا . نازانرێت ئەو بنە ماڵەیە چۆن هاتوون وچۆن نیشتەجێبوون .

ناپۆبۆلاسار دەستیکرد بە ئامادەباشی بەهێزکردن ورێکخستنی لەشکرەکەی ، دەستیکرد بە لەشکرکەشی بۆ بەرنگاربوونەوە ولە ناوبردنی دەوڵەتی ئاشوری . بەو شێوەیە ئەو ئامانجە چاوەڕوانکراو وهیوایەی هاتەدی ، کەلەگەڵ هیواو ئامانجی میدیەکاندا ئەگونجا ، ڕویکردە میدیەکان وپەیوەندی پێیانەوەکرد ، پەیمانێکی

دۆستانەی بەست لەگەڵ شاهانشای میدی ( کەی ئەخسار ) . بڕیاریاندا بەهەردو لایان دەوڵەتی ئاشوری لەناوبەرن .

نابۆ پۆلاسار لەساڵی ٦١٤ پ.ع دا پەلاماری شاری ئاشوریدا کە پایتەختی ئایینی بوو ، بەڵام نەیتوانی داگیریبکات وەستا تا میدیەکان پەیمانیان بەست لەگەڵیا، بەهەر دولا بەهێزە پڕچەک وئامادەکراوەکەیانەوە ڕویانکردە نەینەوای پایتەخت هەر ئەوساڵە، لەدوای ماوەیەک شاری نەینەوا داگیرکرا کە پایتەختی ئیدارییبوو سۆتینراو لەگەڵ زەوی تەختکرا بەوشێوەیە لەساڵی ٦١٢ پ. ع دا گەورەترین و دڕندەترین وپێشکەوتوترین ئیمپەراتۆریەتی ئەو زەمانە هەتا هەتایە لەناوچوو.


* ئەندریە بارۆ ،بلاد ئاشور ، نینوا وبابل. ترجمە عیسی سلمان ، سلیم تاها التکریتی (١)

* د. جمال رشید ، دراسات کوردیە فی بلاد سۆبارتو ، لاپەڕە ٣٠ (٢)

* جۆرج روو ، العراق القدیم ، ترجمە حسێن علوان ، لاپەڕە ٣٨١ تا ٣٨٥ تا ٣٩٣ ، ٤٠٦ .

* نیکۆلاس پۆستگێت ، حزارە العراق وئاثارە ، لاپەڕە ، ١٠٥ ، ١٠٧ .

* کۆمەڵیک مێژوو نووسی عێراقی ، العراق فی التاریخ لاپەڕە ١٢٢ ،١٢٨، ١٣٢

* دیاکۆنۆف ، کتێبی میدیا ، وەرگێڕانی بورهان قانع .

* لیۆ ئۆپنهایم ، بلاد مابین النهرین ، لاپەڕە ٤٧٨ .

* دبلیو،ای ، ویگرام- ادگار ،تی ،ئەی ، مهد البشریە او الحیاە فی شرق کردستان ،

* د. عبد الرزاق النعمان الفکر السیاسی فی العراق القدیم .

* ئەدمۆندز ، کوردوتورک و عەرەب چاپی لندن ١٩٥٥

* ئینگلستان تاریخ اشور القدیم چاپی قاهرە ١٩٥٥


***



زەکورەی ( کۆریکالزۆ ) یەکێکە لە پایتەختەکانی کاشیەکان
ئەمڕۆ بەناوی ( عگرگوفەوەیە) نزیک بەغداد

# ئیمپەراتۆریەتی

# کاشی ، کاش ، کاشیت ، کاردۆنیاش

## ١٥٩٥——١١٥٧پ.ع

کاشیەکان لەو هۆزو گەلە کۆنانەن کەلەدێر زەمانەوە لەناوچەکەدا ژیاون لە دوڵ و هەردەکان و شاخەکانی زاگرۆس ، بەتایبەت لەناوچەی لوڕستان نیشتەجیبوون، ئەم گەلە ڕاپەڕین وجوڵانێکی نوێ و وریایی وزەیەکی بەهێزەوە هاتنە مەیدانی چالاکی نەتەوایەتی بەتایبەت لەدوای هاتنی ئەو کۆمەڵە نەژادە ئاریایە (هیندۆ ئورووپی) یە کە لەگەڵ میتانی و هیتیت بەشێکی کە هاتنە ناوچە بەرینەکەی ڕۆژهەلات بە کوردستانیشەوە لەناوکاشیەکاندا نیشتەجێبوون .

بەشێکیان کەچوونە ناو کاشیەکانەوە تێکەڵاویان بوون بوونە گەورەو سەرکردەو ڕابەر وپێشڕەویان پاڵیان پێوەنان وریکیانخستن هوشیاریانکردنەوە ورووژانیانن وزەیەکی نوێیان پێدان . (١)

لەوکاتانەدا دەوڵەتی بابلی بەسەرکردەی حامورابی حوکمڕان بوو ، دوای مردنی حامورابی بەماوەیەکی کەم ، کاشیەکان یەکەم هێرشیان هێنا بۆسەر بابل بە سەرکردایەتی پاشاکەیان (گەنداش)، بۆیەکەم جار سەرنەکەوتن بەڵام بەرێگەی ئاشتیەوە وتاک تاک وبەکۆمەڵ هاتن لەناو بابل ژمارەیان زیادیکرد ، لە بابل بەناوی بازرگانی وکارەوە خەریکبوون وای لێهات زۆرینەیەکی بەرچاویان پێکهێنا لە بابلدا . نەوەکانی دوای حامورابی نەیانتوانی بەرگری لەهێزو هێرشی کاشیەکان بکەن ، بۆجاری دووەم کاشیەکان لەژێر سەرکردایەتی پاشاکەیان (کاشتلیاشی یەکەم ) سەرکەوتن وتوانیان پاشانشینێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن لەناوچەی روباری فورات نزێک ( عانە) ناویان نا دەوڵەتی (کاردۆنیاش) .

لەدەورووبەری ساڵی١٧٠٩ پ.ع دووبارە هێرشیان هێنایەوە بۆسەر بابل نەیانتوانی داگیریبکەن ، هەرچەندە ژمارەیەکی بەرچاویان پێک هێنابوو لەبابل .

(٢) لەوکاتانەدا دو دەوڵەتی گرنگ وبەهێز لە ناوچەکەدا هەبوون وحوکمڕانبوون خاوەن هێزبوون ، حیثی ومیتانی ) ،لەولاشەوە ئیمپەراتۆریەتی میسر کاریگەری هەبوو لەسەر ناوچەکە وبەهێزبوون ، حیثیەکان پێشبرکێی بەهێزیان هەبوو لە گەڵ میتانیەکاندا حەزیان بە سەرکەوتنی میتانی نەدەکرد بە تایبەت لەسەرو سوریا ، لەوە ئەچوو کاشیەکانیش لەگەڵ حیثیەکاندا جۆرە هاو پەیمانیەکیان دروستکردبێت یان داوایان کردبێت کەبێنە سەربابل یارمەتیان بدەن لەداگیرکردنیدا . لەوکاتەشدا حیثیەکان هیرشیان هێنابوو بۆسەر هەندێک میرنشینی وڵاتی سوریا بۆ ئەو مەبەستە ڕێگایەکی زۆر دورو درێژیان بڕیبوو ، دوای داگیرکردنی ناوچەکان ، لەگەڵ روباری فوراتدا بەرەو بابل کشان داگیریانکرد و تاڵانیانکرد و بەخێرایی بەرەو وڵاتی خۆیان لەپرکشانەوە ، هەیکەلێکی بەردینی شێرێکیان بەجێهێشت لەبابل کەلە مێژوودا بەناوی (شێری بابل) ناوی دەرکردوە .

لەگەڵ ودوای گەڕنەوەی (هیتیتەکان) ،حیثیەکان بۆناو وڵاتی خۆیان ،ئەو مەترسیەی لەلای (هۆریەکان) ومیتانیەکان هەبوو لە حیثیەکان ڕەویەوە لەسەریان نەما ، میتانیەکان دەستیان پەرژاو گەشەیانکردو بەهێزتربوون زۆر شوێنیان داگیرکردو وڵاتیان فراونکرد .

لەولاشەوە مەیدان چۆڵبوو بۆ کاشیەکان لەدەوروبەری بابل بۆشاییەک دروستبوو ، ، لەساڵانی حوکمڕانی شا (ئاگومی دووەم- کاکریم ) لە ساڵی١٥٩٥ پ.ع دا ،توانیان ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە بەئاسانی بابل داگیربکەن و دوایی بەحوکمی بنەماڵەی بابلی کۆن بهێنن هەموو وڵاتی بابل بخەنە ژێر ڕکێفیانەوە ، لەپەلامارێکدا توانیان پاشای بابل ( شەمشۆ- دیتانا ) بکوژن، بەوشێوەیەوڵات تەخت بوو بۆیان و بوونەسەرکردەو خاوەنی وڵاتەکە .

سالی ١٥٩٥ پ.ع دا کاشیەکان بنەماڵەی حوکمڕانی بابلی نوێیان دامەزراند. بابلیان هێشتەوە بەپایتەخت و ناوی دەوڵەتەکەیان هەر بەناوی (کاردۆنیاش) ایەوە (٣).

لەساڵانی حوکمڕانی (ئولام بۆریاش- غولام بۆریاش) ١٥٠٠ پ.ع ، ئەم پاشایە توانی هەموو وڵاتی بابل پاکبکاتەوە لە دوژمنان سنووری وڵات بگێڕێتەوە دوخی جارانی.

لەشاکانی کاشی وەک (کرنداش) دەستی ئاوەدان کردنەوەی هەبووە ، (کۆریکالزۆی دووەم ساڵی ١٣٤٥-١٣٢٤ پ.ع) شاری (کۆریکالزۆ-دۆر کۆریکالزۆی ) دروستکردەوە وئاوەدانکردەوە .

{ کۆریکالزۆ ئەکەوێتە ڕۆژئاوای بەغدا بە دوری ٢٠ میل ، لەشێوەی زەقورەدابوو بەرزی ١٧٠ پێبوو کە تا ئەمڕۆژ شوێنەواری هەرماوە بەناوی عەگرگوفەوە ئەمڕۆ بەناوبانگە} .

( کەدشمان ئینلیلی یەکەم ) خوشکی خۆی دابە فیرعەونی میسر ، هەروەها (بۆرنابۆریاش ) نامەی گۆڕیوەتەوە لەگەڵ فیرعەون ، ئەسپ و بەردی بەنرخی بۆناردوە ، فیرعەونیش بەدیاری زێڕو عاج و تەختەی ئەبەنۆسی بۆناردوە و کچەکەی خۆی داوە بە فیرعەون . خۆی کچی پاشای ئاشوری هێناوە ،کوڕێکی لێبوو لە دوای خۆی ، بووە بەپاشا بەناوی (کادشمان خاربی یەکەم ) بەدرێژایی حوکمی کاشیەکان

ئاشــور پــارچەیەکبووە لە ئیمپەراتــۆریەتی کاشــی لــەژێــردەســتیاندابوون . (کادشـمان ) کـوڕراو بـراکەی (کۆریکـالزۆی دووەم )جـێگەی گـرتەوە ، کە خـۆی خەریککردبــوو بە داگیرکردنــی وڵاتـــان و فراوانکردنـــی ســـنوری وڵاتەکەی . (بۆرنابۆریاشی یەکەم ) پەیمانی بەست لەگەڵ ئاشور . لەساڵی ١٤٣٠پ.ع دا دوای ئەو (کارائینداش ) دیسان پەیمانی بە ستەوە لە گەڵ ئاشوریەکان ، وەک باسکرا بەدرێژایــی حــوکمی کاشــیەکان وڵاتــی ئاشــور پــارچەیەک بــوو لە دەوڵەتـــی کاشی (کاردۆنیاش) ، کەرکوکیش ناوچەیەکی گرنگی دەوڵەتی کاشیانبوو ناوچەیەکی بازرگانی بوو.

خوای کاشیەکان ناوی (شیپاک ) بوو ، زۆر خوای کەیـان هەبـوو بەنـاوی هینـدۆ ئەوروپــیەوە وەک : (کاشــۆ ،هارپــا ، شــۆمالییا ، شــۆکامۆنا )، لەگەڵ خــوای (شۆریاش ، مارۆناش ، بۆریاش ، لەگەڵ مەردوخ (بیل) وخاربی ) کە بەرامبەر ( ئینلیــل) بـــە هاوتـــای دایاننـــابوو ، هەمـــوو خواکانیـــان یەکـــسانبوو لایـــان . کاشیەکان بۆگوێزانەوە ئەسپیان بەکار ئەهێنا ، هەروەها لەجەنگەکانیشدا بەکاریان ئەهینان بۆ ڕاکێشانی گالیسکە، لەکاتی حوکمڕانی ئەماندا بەهۆی چالاکی بازرگانیەوە زۆر لە نووسینی مێژوویی و ئەدەبـی و داسـتان وئەفـسانەی کـۆن لەڕیـی ئەمـانەوە بڵاوبووەوە بەوڵاتاندا . (٤)

لەکاتی حوکمیاندا بەردێکی تاشراو باو بوو وەک (مەسەلله) تاشرابوو کەپێیان ئەوت (بەردی سنور) ناوی کەسانی خاوەن زەوی تیایاندا نووسـرابوو وەک تـاپۆی ئەمـڕۆ وابوو چەند سانتیمەترێک درێژو پانبوو.

***

# کاریگەری عێلامیەکان ، (ئێلامی)
# لەسەر دەوڵەتی کاشیان

حوکمی دەوڵەتی کاردۆنیاش بەردەوامبوو تا ساڵی ١١٥٧ پ.ع ، هەرلەوساڵەدا بەهۆی هێرشــی بە هێـزی عێلامیەکـانەوە لەنـاوچوو ، کە لەوهێرشــەدا عێلامیەکـان بە سـەرکردایەتی پاشـاکەیان (شـوتو —نـاخونتی) توانیـان شـاری بابـل داگیـربکەن و تالآنیبکەن بەوشێوەیە وڵاتی کاردۆنیاشیان داگیرکرد ولەناوبرد وکاول وتالآنکرد ، ئەم هێرشە لەزەمانی دوا پاشای کاشیەکاندابوو کەناوی ( کاشتلیاش) بوو ،بەم شێوەیە دەورو حوکمی دەوڵەتی کاشی دواییهات ، کەلە چوار سەد ساڵ زیاتر حوکمڕانیان کرد .

لەو هێرش وتالآنیانەدا عێلامیـەکـان (مەسـەللەکەی حـامورابی) لەگەڵ پەیـکەری سـەرکەوتنی پاشـای ئەکەدی (مانشـستۆ وکـوڕەکەی نـرام سـین کـەلای خۆیـان پاراستبوویان و هێمای سەرکەوتنی ئەکەدیەکانبوو بەسەر لۆلۆبیەکاندا ) بـەتـالآنی لەگەڵ خۆیان بردیانن ، لەگەڵ هەندێک بڕگە لە شەریعەتی حامورابی لەگەڵ خۆیان هەڵیـــانگرت بردیـــان بـــۆ شـــاری (ســـوس) کە پایتەختیـــان بـــوو . هەر دەربارەی بابل وکەرکوک (ئاراپخا) ، لەمەسەللەیەکدا هاتوە یەکێک لە پاشاکانی بابل نازانرێت کێیە و بەرواری کەیە ؟ ، باسی داگیرکردنی ئاراپخا ئەکات بەم شێوەیە : (کێرخـۆ ، ئاراپخـام داگیرکـرد و چومەنـاوی و هەردو پێـی خـوای — ئـادد — ئاداد (حداد) ،م ماچکرد و وڵاتەکەم ڕێکخستەوە ) لەمەوە دەر ئەکەوێت کە کیرخۆ – ئارابخا پرستگایەکی لێبووە لە وانەیە کۆشکێکی لێ بووبێت ، بەخوای ئادد بەناوبانگ بووە . (٥)

(١)* لیۆ ئۆپنهایم ، بلاد مابین النهرین ، لاپەڕە١٦٠ ) .

(٢) * لەلایەن کۆمەڵێک مێژوونووسی عێراقی ( العراق فی التاریخ )،لاپەڕە ٩٥ ،٩٨ ، ١٢٢ ، ١٢٧ ، ١٢٨) .

(٣)* جۆرج روو العراق القديم ، لاپەڕە ٣١٩ ، ٣٢٨ ، ٣٣٠، ٣٣٢، ٣٣٤، ٣٤٦ ، ٣٨٢ ،) .

(٤)* نیکۆلای پۆستگێت حزارە العراق واثارە ، ، لاپەڕە ٩٠ ، ٩٣ ، ٩٤، ٩٥، ) .

(٥)* د. جمال رشید ، دراسات کوردیه فی بلاد سۆبارتۆ ،لاپەڕە ٣٠) .

* (سپایزەر ، لەکتێبی تاریخ کورد وکوردستان ، محمد امین زکی .


* دیاکۆنۆڤ ، میدیا ، وەرگێڕانی وریا قانع )

* د.احمد سوسه ، العرب والیهود .

* د . عبد الرزاق النعمان ، الفکر السیاسی فی العراق القدیم ، .

* د . احمد سوسه ، تاریخ حزاره وادی الرافدین .

***



لەم وێنەیەدا دەر ئەکەوێت چۆن ئاشوریەکان کۆمەڵکوژی عەرەبیان کردوە

لە ساڵانی دەوروبەری ٨٢٤ پ.ع دا . بەدەستی شەلمانووسەری سێیەمی ئاشوری

# بەشی سێیەم

# شەپۆلێکی نوێی گەلانی هیندۆ ئەوروپی

## لەکۆتایی هەزارەی دووەمدا

لە سەدەکانی دەوروبەری کۆتایی هەزارەی دووەمدا بەتایبەت لەدوای سەدەی سیازدەهەمەوە بەپێی توێژینەوەو ولێکۆڵینەوە وبۆچوونی مێژوونووسانەوە ، شەپۆلی دووەمی گەلانی ئاری نەژاد — هیندۆ ئەوروپی دەستیپێکرد لەدەشتەکانی خوارو روسیاوە بەرەو رۆژهەلات کۆچیانکرد هاتن کەچەند کۆمەڵە هۆزو گەلانێکبوون بڵاوبوونەوە لە کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست وناوەڕاستی ئەنەدۆڵ و ئێران وکوردستان وبەشێکیان تاسنوری تورکستان گەیشتن لەوێ گیرسانەوە و نیشتەجێبوون ، لەسەر هەربەشێکیان ڕونکردنەوە پێشکەش ئەکەین :-

* مادای _ ئەمادا _ میدیا _ مادۆ _ ماد . لەکوردستاندا لە ئاقاری ئەسفەهان ونزیک تاران وهەمەدان تاگۆمی ورمێ وبەرەو خوارتر گیرسانەوە. لەو ناوەشدا چەند کۆمەڵە مرۆڤی کە لەکوردستان نیشتەجێبوون وەک ( کیمیریەکان ، سیکیثیەکان ، ئاشکوزای )

* فورس _ پارسوا _ پارسۆماش یەکەم جار لە سەرو کوردستان لە رۆژهەلات ودەوری گۆمی ورمێ وبەرەوخوار نیشتەجێ بوون ( بەمانایەکی کە لەرۆژئاوای مادەکان نیشتەجێبوون ) دوای نزیکەی سەد ساڵێک ئەوناوچەیان بەدڵنەبوو بەجێیانهێشت بەرەوخوار بوونەوە بۆ ناوچەی شیرازی ئێستا کەپێیان ئەوت (ئەنشان ). بەپێی کتێبی ( رشێد یاسەمی ، کوردو پەیوەستەگی نەژادی ئۆ ) ١

* زکیرتۆ ئەمانە هەرلە ئێران مانەوە نیشتەجێبوون .

* پارثوا _ پارثاڤا _ فورثیەکان ، ئەشکانیەکان ، لەگەڵ هەراوی (هارایڤا) لەرۆژ هەڵاتی ئێران و لەسنووری تورکستان نیشتەجێبوون

* لە گەڵ ئەم گەلانەدا کۆمەڵە گەلانی کە بەرەو یۆنان و کەنارەکانی خواروی تورکیا هاتن.

* هەروەها بۆ کەنارەکانی کەنعان (فەلەستینی ئەمڕۆ ) قەومێک هاتن بەناوی پلیست ( کە ناوی فەلەستین لەوەوە وەرگیراوە ) .

* هیکسۆس لەو قەومانە بوون کە هاتن بۆمیسر ، بۆماوەیەک میسریان داگیرکرد ئەم کۆمەلە گەلانە کاریگەریان هەبوو لەسەر نەتەوە ڕەسەن وکۆنەکانی ناوچەکە و تاڕدەیەک دیمۆگرافیا و زوبانی دانیشتوانی کۆنی ناوچەیان گۆڕی بە زوبانی هیندۆ ئەورووپی.

هەرلە هیندستانەوە تا ناوەڕاستی تورکیاو قەفقاسیا بەهەموو ئەوناوچانەدا بڵاوبوونەوە، ئەم نەتەوە نوێیانە کاریگەری مەعنەویان هەبووە لە سەر ژیانی دانیشتوانی کۆنی ناوچەکە وزەیەکی نوێ وچالاکیاندا پێیان و بوونە گەلی جەنگاوەر وچالاک و خاوەن دەوڵەت وبنیاتنەری ئیمپەراتۆریەت و شارستانی نوی

***



وێنەیەکی خەیاڵی کەی ئەخسار شای م




نەخشەی ئیمپەراتۆریەتی ( میدیا ) لەسەدەکانی ئەوپەڕی هێزو فراوانبوونیدا

# ئیمپەراتۆریەتی

## میدیا ، ماد ، ئەماد ، مادای ، (ماە. ماگ)

٧٠٠ - ٥٤٩ پ.ع

لەنێوان ئەوگەڵ وهۆزە ئاری نەژادانەی کەکۆچیانکرد و هـاتن بـۆ نـاوچەکە دەوری کاریگەرو چارەنووسیان گێرا لەوناوەدا، لەڕوی شارستانی و بەڕێوە بەرایەتی و گۆڕێنی دیمۆگرافی ناوچەکە ، ( میدیەکان ، مادەکان ) بوون کـە لـەکوردستـانی بـەرینـی ئەوساتانە بڵاوبونەوەو ونیشتەجێبوون لەگەڵ هاتنیان بۆ ناوچەکە شاری ( هەمەدان -ئەکباتـانە) یـان کـردە پایتەختیـان وەک باسـکرا ،بڵاوبـوونەوە لەسـنوری شـاری (ئەسفەهان و ریگا )و لە نزیک تاران و هەمەدانەوە لە ڕۆژ هەڵاتەوە تا سەرە وخواری گۆمی ورمێ درێژ ئەبوونەوە تاناوچەی رۆژهەلاتی (ئۆرۆ - بیل ، ئۆربیلۆم ) هەولیر . پارسەکانیش لەگەڵیاندا لەرۆژئاوایاندا نیشتەجێبوون لەسەرو هەولێرەوە تا ڕوژئاوای گۆمی ورمێ . (١)

لەکاتی هاتنیاندا دەوڵەتی ئاشوری لەوپەڕی هێزو فراوانیدابوو بەزوڵم و زۆرو ئازار دانی گەلانی ژێردەستیان ناویان دەرکردبوو ، ئازاری میدیەکانیان ئەدا . (لەساڵی ٧٠٠ پ.ع ) دا میدیەکان توانیان بەڕابەری سەرەک هۆزەکەیان ( دیاکۆ ، دئاکۆ) دەوڵەتێکی تایبەتی بەهێز چارەنووس ساز دابمەزرێنن ، کەپێویستیەکی مێژوییبوو . وشاری (ئەکباتانە ، هەمەدان ) بکەنە پایتەخت کەئەکەوتە ئەودیو ریزە شاخەکانی زاگرۆسەوە کە دور دەستبوو لەهێرشی بەردوامی ئاشوریەکان پارێزراوبوو لەهێرشی چاوەڕوانکراوی کاوڵکاریان .

گرنگترین وبەناوبانگترین هۆزەکانی ماد ( پور شاهی – یان وەیسە) بوو . گەلانی ناوچەکە لەبیریانبوو چەند کارەسات وکوشتن وبڕین وماڵ وێرانیان بە سەرهاتبوو بەدەست ئاشوریەکانەوە ، ئەمانیش ئەبووایە ئامادەبن بۆ ڕوبەڕو بوونەوەیەکی چارەنووسی لەگەڵیان .

[ (پارسۆ ، پارسۆماش ، پارس ، فارس ) یەکەم جار لەکوردستاندا نیشتەجێبوون ،وەک باسکرا دوای نزیکەی سەدەیەک ئەوشوێنەیان بەجێهێشت بەرەوخوار بوونەوە بۆناوچەی خواروی ڕۆژهەلاتی ئێران بەتایبەت ناوچەی شیراز (ئەنزان ،ئەنشان ) لەوێ نیشتەجێ بوون ، کەشوێنی پێشوویان بەدڵ نەبوو لەبەر زوڵم وزۆرو هێرشی بەردەوامی ئاشوریەکان بێت یان بەهەر هۆیەکی کە بوبێت. لەشوێنی تازەیان مانەوە بەناوی وڵاتی (پارسۆماش، پارسوا) کە ئەمڕۆ ئاستانی فارسە ،کە لەدوا ڕۆژدا دەورێکی مێژوویی گرنگ ئەبینن لەمێژووی ئێراندا وبەتایبەت لەسەدەکانی دوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی میدی ، کەتوانیان گەورەترین ئیمپەراتۆریەتی ئەو زەمانە دائەمەزرێنن ].

ەرلەرۆژانی دروستبوونی دەوڵەتی میدیاوە ئەم مادانە لەژێر زەبرو هێرشی کاولکاری بەردەوامی ئاشوریکاندابوون هەردەم لە ئامدەباشیدابوون بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەیان ، ناوچەکە جۆشی ئەخواردو ، لەگێژاوی ئەم ڕوداوە گرنگەی ئەودیو سنووری شاخەکانی زاگرۆز ، دامەزراندنی ئیمپەراتۆریەتی میدیای لێکەوتەوە هاتەکایەوە وەک دەوڵەتێکی مۆدرنی ئەو زەمانەو نوێ ، دەوڵەتی مادی نوێ کە دوردەستی

ئاشوریەکانبوو ، بووە هێزێک ، هیوایەک و جێی ئومێد بۆگەلانی چەوساوە وستەملێکراوی هەموو ناوچەکە .
خێڵەکانی ماد لەماوەیەکی کەمدا توانیان خۆیان بنوێنن لەو دەوڵەتە بەهێزەدا ، هەمو هۆزەکانی ماد یەکێتییەکیان پێکهێنا بەناوی (یەکێتی هۆزەکانی ماد ) لەژێر سەرکردایەتی مادی یەکگرتوودا .
( هیرۆدۆت )لەگەشتەکەیدا لە سەر میدیەکان نووسیویەتی ئەڵێت : مادەکان لە شەش هۆز پێک هاتبوون : ١ / پاریتاکن . ٢ / بۆسەها. ٣ / سترۆخانی . ٤ / ئاریزانتی . ٥ / بوددس . ٦ / مۆغەکان ،مۆگان .
لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەت وڕێکخستنی کاروباری دەوڵەتی ، مادەکان دەستیانکرد بەئامادەباشی وپڕچەککردن وبەهێزکردنی هێزی سەربازی بۆ ڕووبەڕو بوونەوەی ئاشوریەکان . (٢)
لە ئایندەیەکی نزیکدا مادەکان توانیان پشتی بەهێزترین ئیمپەراتۆریەتی کاولکاری زوڵم و چەوساندنەوەی گەلانی ناوچەکەبشکێنن ( کە دەوڵەتی ئاشوریبوو ) بۆ هەتاهەتایی لەناویبەرن ، توانیان گەلانی زوڵم لێکراو چەوساوەی ناوچەکە ئازاد وڕزگاریکەن لەم دەوڵەتە دڕندە بێبەزەییە بکوژە کاولکەرە.
لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان سەرقاڵ وخەریکی بیرکردنەوەبوون ، بۆ پەیمانبەستن دژی ئاشور ، دوایی ئەوهەلەیان بۆ ڕەخسا لەگەڵ بابلیەکان ڕیککەوتن پەیمانی هاوکاری و سەربازیان بەست لەگەڵیان .

[ لەوماوە چارەنووسیەدا لەپڕ ( سیثیەکان ) دستیانگرت بە سەر میدیەکاندا بۆماوەی ٢٨ بیست و هەشت سال حوکمی دەوڵەتی میدیایان گرتەدەست دواجار (کەی ئەخسار) بە پێی پلانێکی سەرکەوتوو ولات ڕزگاریکات لە دەستیان توانی سەربەستی بۆگەلەکەی بگێڕێتەوە ، ئەم (سیثیانە) بۆماوەیەک هاو پەیمانی ئاشور پانیبالی ئاشوریبوون دژی میدیەکان ] .

بابلیەکان کە لەژێردەستی ئاشوریەکاندابوون ،لە بەریاری خراپی شارەکەو هێرش وزوڵمی بەردەوامی ئاشوریەکان وای لێکردبوون ئەوانیش بیر لە ڕێگە چارەیەک بکەنەوە وڵات لەچنگیان ڕزگاربکەن .

بابل لەلایەن ئاشوریەکانەوە حوکمئەکرا پاشای ئاشور خۆی سەرۆکی بابلی دەستنیشان ئەکرد .

حاکمی ئەوکاتەی بابل ناوی (کندلانۆ ، کاندالانۆ) بووکە لەلایەن ئاشورەوە دانرابوو ، بەنیاز بوو دژی ئاشوریەکان کارێک ئەنجامبدات .

لەساڵی ٦٢٧پ.ع دا کەخۆی ئامادەکردو بەهێزبوو لە ئاشوریەکان هەڵگەڕایەوە ، لەدوای مردنی کندلانۆ سەرکردایەتی هەڵگەڕانەوەکە کەوتەدەست حاکمی بەشی سەر دەریا ( حاکم القتر البحری ) کەناوی ( نبو – اپال – اسر ) ( نبۆپلاسەر ) Nabo pola ssar بوو کە ئارامیبوو لە هۆزی کالدۆبوو ، داخ لەدڵبوو لەئاشوریەکان بووە حاکمی بابل.

(ئەم کلدانیانە کۆمەڵێکی ڕەوەندبوون لەگەڵ دەستپێکردنی هەزارەی یەکەمی پ.ع ) دا لە سنوری بابل نیشتەجێبوون .

لەوماوەیەدا کلدانی و ئیلامی و بابلی دژی ئاشوریەکان یەکیانگرت. شاری نوفەر بنکەیەکی بەهێزی ئاشوری بوو ، لەشکری ئاشوریەکان لەوێ مۆڵدرابوو ، نبۆ پۆلاسەر بەهێزێکەوە پەلاماری بنکەی سەربازی شاری نوفەریدا ، ئەوهێزە نەیتوانی بەرگەی هێرشی هێزی نەبوپۆلاسەر بگرێت ، بەسەریاندا سەرکەوت ، توانی ناوچەکە پاکبکاتەوە لە ئاشوریەکان ، دوای سەرکەتنی کلدانیەکان بەسەر ئاشوریەکان لەوناوچەیەدا ، کلدانیەکان کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ شەڕێکی مەسیری بە پرچەککردن و بەهێزکردنی لەشکر بۆ بەرنگاربوونەوەی ئاشوریەکان لەپێناوی ڕزگاربوون لە دەستیان ولاناوبردنی دەوڵەتەکەیان .(٣)

(١)* رشید یاسمی ، لەکتێبی نەتەوەی کوردو پیوستەگی نژادی ئو .

(٢)* جۆرج روو ، العراق القدیم ، لاپەڕە ٣٦٠ تا٣٦٣ ،٤٠٧، ٤٢٦ تا ٤٣٥ ،٥٠٠.

(٣)* دیاکۆنۆڤ ،کتێبی میدیا ، وەرگێڕانی بورهان قانع ، لاپەڕە ٣٨٥ .

* سەرەفخانی بەدلیسی ،شرفنامە .

* ئەمین زەکی بەگ ،کورد وکوردستان .

* لیۆ ئۆپنهایم ، بلاد مابین النهرین .

# دەوڵەتی بابلی (کلدانی) نوێساڵی

## ٦٣٦_٥٣٩ پ.ع

## هاو پەیمانی مادو بابلی لێکەوتەوە

لە ڕۆژی ٢٣ تشرینی یەکەم ساڵی٦٢٦ پ.ع ، ناپۆپۆلاسار لە سەر تەختی بابل دانیشت ، دوای ئەوەی بۆماوەی دەساڵ زیاتر لەبگرەو بەردەی شەڕدابوو لەگەڵ ئاشوریەکاندا ، زۆر شوێنی لەدەست سەندنەوە بەتایبەت لەخواروی عێراق ، وڵاتی سۆمەرو ئەکەدی لێیان پاککردەوە ، لە ساڵی ٦١٦ پ.ع دا ناوچەی ڕوباری فوراتی سەرو بابلی داگیرکرد .

لەدوا ڕو بەڕوبوونەوەیاندا لەگەڵ ئاشوریەکاندا ، بابلیەکان شکان بەهۆی ئەوەی ( مانابیەکان ) یارمەتی ئاشوریان ئەدا ، لەئەنجامی شکاندنی کلدانیەکان لەم شەڕەدا زۆر لە سەرکردەکانیان دەستگیرکران .

لە بەهاری ساڵی ٦١٥ پ.ع دا کلدانیەکان هێرشیان هێنایەوە بۆسەر شاری ئاشور لە ئەنجامدا سەرنەکەوتن بەرەوخوار کشانەوە تا لە قەڵاکەی ( تاکری تا — تاکریتاین ) شاری تکریتی ئێستا خۆیان قایمکرد کەچاوەڕوانی هەلیک بوون بۆئەوەی درێژە بەهێرشەکانیان بدەن .

نابوپۆڵاسار چاوی هیوای بڕیبووە سەر مادەکان یارمەتیبدەن و بەهانایەوە بچن، لەئەنجامدا نەبۆپۆڵاسار داوای یارمەتی و هاو پەیمانی لە میدیەکان کرد . کەلەوکاتانەدا میدیەکانیش بۆ بەرگری لە وڵاتەکەیان لەشەڕی بەردەوام و خۆ ئامادەکردندابوون ، هێزێکی یەکگرتوی پڕچەک وئامادەکراویان بە دەستەوەبوو ، وەک (هیرۆدۆت مێژوونووسی بە ناو بانگی یۆنانی دەربارەی میدیەکان ئەیگێڕێتەوە ئەڵێت : {یەکێک لەپاشاکانیان لەشەڕێکدا بەرامبەر ودژ بەئاشوریەکان لە ساڵی ٦٥٣ پ.ع دا کوژرا ، کە ناوی (فراورت ، فرائۆرت ،فرائۆرتس) بوو، کە هیرۆدۆت (بەفارتۆت )ناوی ئەبات ، ئەڵێت کوڕی (کەیقوباد بووە) ، لەجێی ئەو (کەی ئەخسار ، ئۆفار خشاترا)ی کوڕی بووە پاشای میدیا }. (٣)

کەی ئەخسار( Cy axares ) دەستیکرد بە بەهێزکردنی لە شکرەکەی کەتوانی بەو هێزە پرچەک و ئامادەکراوە بەرامبەر ئاشوریەکان بوەستێت ،وڵاتی فراوانبکات ، کە لە ئەکباتانەوە درێژ ئەبووە وە بۆ تاران وتاگۆمی وان ، لەخوارەوەش گەلی پارس پارسۆماش لەژێر ئەمری میدیەکاندابوون .

هەر لە هەرەتی بەهێزیدا توانی سەربکەوێت بە سەر (مانابیەکان — ئومان ماندا ) و ناوچەکەیان بکات بە بەشێک لەئیمپەراتۆریەتی ماد کەبەدرێژایی ئەوماوەیە ئومان ماندا هاوپەیمان وهاوکاری ئاشوریەکان بوون .

لە بەهار تا هاوینی ساڵی٦١٥ پ.ع ،کەی ئەخسار بەلەشکرە بەهێزە گەورە پڕ تفاقە ئامادەکراوەکەیەوە بەرەو ئاشور کەوتەرێ بەگەردنەکانی زاگرۆزدا تیپەڕیوو بەرو ڕۆژئاوا تا گەیشتە دەشتی شارەزور ، بەو ناوەدا تێپەڕی تا گەیشتە گردۆڵکە کانی ناوچەی (ئاراپخا - کەرکوک - عەرەفە ) لەبەرزۆی ژمارەی لەشکرەکەی بەپانی تاخوار ئۆرۆبیل- هەولێر درێژ بووەوە ، لەمانگی ئۆکتۆبەردا چوونە ناو کەرکوکەوە ، لەکەرکوک پێشوازی لێکرا و پشویەکیدا.

لە کەرکوک شکرەکەی بە سەرکردەوە ، کردی بەبنکەیەکی سەربازی ، مادەکان دەستیانکرد بەخۆئامادەکردن ولەشکر کەشی ، لەهێرشیاندا لە ناوچەی ئاراپخا ولەڕۆژهەلاتی دیجلەدا ئاشوریکانیان ڕاونا وڕامالی بەرەو زێی بچوک ، هەرچی بنکەو بارەگایان هەبوو لەوناوەدا داگیرکرا ، تاگەیشتنە کەنار دیجلە ، شاری (تەربیس ) یان داگیرکرد ، لەدیجلە پەڕینەوە سەرەو ژور کشان تا لە ئاشور نزیکبوونەوە کە پایتەختی کۆنی ئاشوریەکان وبنکەی ئایینیبوو. دوای ئەو سەرکەوتنانە کەی ئەخسار بەرەو ئاشور کەوتەڕی وگەمارۆیدا .

بابلیەکانیش لەگەڵ ڕوباری دیجلەدا بەرەوژور بەڕێکەوتن بەرەو (شاری ئاشور) هاتن ، دوایی کەفریاکەوتن و گەیشتن دیان کەیئەخسار گەمارۆی شارەکەی دابوو ، لەبەردەم شورەی شاری ئاشور کەیئەخسار پێشوازی لە نابوپۆلاسار کرد ، هەرلەوێ پەیمانێکی دوقۆڵیان بەست ، دوایی هاو پەیمانیەکە بەهێزتربوو ، کوڕەکەی نابوپۆلاسار کە ناوی Nabo chad nessar (نەبوخودنەسر بوو - نابو خود نوسەر -

نبۆ کدوری اسر ) کچی کەی ئەخساری هێنا کە ناوی ( Amytis ئەمیتیس – ئەمیتا )بوو.

بەهاوکاری لەشکری میدی وبابلی لەپایزی ساڵی ٦١٤پ.ع ، توانیان شاری ئاشور داگیربکەن وکاول وتاڵانیبکەن .

لەلایەکی کەوە هەردولا کەخۆیان یەکخستبوو هاوپەیمانیان بەستبوو لەدراوی ڕوباری دیالەدا بەشێکی لەشکرەکەیان بەیەکگەیشتبوون هەرلایەکیان بنکەیەکی سەربازی دامەزراندبوو ، لە ڕوباری ( ڕادان ) عودیمی ،عوزێمی ئێستا تێپەڕبوون بەرەو شاری (نەینەوا) ی پایتەخت بەڕێکەوتن . لەمانگی تەموز تا ئاگستۆزی ساڵی ٦١٢ پ.ع ، بە گەمارۆی شاری نەینەواوە خەریکبوون ، لەدەوری حەسارەکەیدا (شوراکەیدا) لەمانگی ئابدا شەڕ دەستیپێکرد ، هەرلەومانگەدا بوو هاوپەیمانان بەسەر ئاشوریەکاندا سەرکەوتن ، قەڵاکەیان داگیرکرد توانیان بچنە ناوشاری (نەینەواوە) ، لەگەل داگیرکردنیدا ئاگریان تێبەرداو تاڵانیانکرد ، پاشای ئاشور (سین شارشکۆن ) ناچار خۆی فرێدایە ناو ئاگری کۆشکەکەیەوە و خۆی سوتان .

بەم شێوەیە پەردەی هەتاهەتایی دادرایەوە لەسەر زاڵمترین ڕژێمی ئەو سات . درندەترین دەوڵەتی زۆرداری لە جیهانی ئەوسەردەمەدا ، لەناوبرا .

ئەم جەنگە بە شەڕێکی پێشکەوتن خوازی ئەو سەردەمە دانرا .کە لەم شەڕەداو لەئەنجامی پەلامارەکانی میدیەکان دەرکەوت مەبەستی یەکەمی گەلان سەرکەوتن و ڕزگاربوون و ئازادبوون بوو لەدەست زوڵمی ئاشوریەکان وبەنیازی لەناوچونی دەوڵەتی ئاشوری بوو بۆیە هەموو ئەو گەلانە تێکەڵاوی شەڕ بوون بۆهاوکاری دژی ئاشوریەکان .ئەم سەرکەوتنە بووە مایەی خۆشی و شادی بۆگەلانی چەوساوەی ئاسیاو ڕۆژئاوا ، هەمووی بەقازانج و سەرکەوتنی میدیا وکلدانیەکان دواییهات. بەم سەرکەوتنە ئاشتی ، هێمنی وخۆشگوزەرانی بۆیانگەرایەوە :

دەربارەی ئەوشەڕە لەتۆمارێکدا نووسراوە ئەمە دەقەکەیەتی: { میدیەکان هێرشیان هێنا بۆ سەر شارەکە شۆرەی شارەکەیان تێکو پێکدا هیزەکان بەشیر لەناوبران و تالانکران دیلەکانیان لەگەل خۆیان برد } . هەرلەکۆتایی ساڵی ٦١٢ پ.ع ،

بەوشیوەیە میدیەکان و بابلیە هاوپەیمانەکانیان توانیـان هەرسێ پـایتەختی ئاشـور داگیرو کاوڵبکەن :

١- ئاشور ( پایتەختی ئایینی) بوو.

٢ - نەینەوا (پایتەختی بەڕێوەبردن ) بوو.

٣ / نەمرود (بنکەی سەرەکی لەشکر) بوو .

هەموو شارەکانی دەوڵەتی لـەنـاوچووی ئاشـوریان یەک لە دوای یەک داگیرکـرد بەشاری هەولێریشەوە کەناوی (ئۆرۆ بل) بوو واتە (شاری خواوەندی بیل ) کەشارێکی ئاوەدان و گرنگبوو شـوێنی خواوەنـدی سـەرەکی (بیـل) بـوو کە هاوتـای خواوەنـد مەردوخی بەناوبانگبوو.

بەهێرشـی دولایەنە بەرەو (حەران ، ڕوحـا ، ئۆرۆهـا ) کەوتـنـەڕێ و داگیریـانکرد مادەکان هێزێکیان لەوێ هێشتەوە بۆ ئەوەی ئەو ناوچەیە سەر بەئیمپەراتـۆریەتی میدیا بێت وبمێنێتەوە ، ئیدارەیەکی جێگیریان تیا دامەزراند دوای ڕێکەوتنی میدی و بابلی هەرچی ڕۆژ هەڵاتی دیجلەبوو خرایە سەرمیدیا و بووە پارچەیەک لە وڵاتی میدیا ، مادەکان دەستیان بە سەرداگرت ناوچەکەیان ڕێکخستەوە ، ودوایی بەرەو ئەکباتانە ( هەمەدان ) کشانەوە .

بابلیەکان رویانکردە ڕۆژئاوا بۆفراوانکردنی وڵاتەکەیان ، ڕۆژئاوای دیجلە تانزیک نەینەوا بەرئەوان کەوت .

نابوپۆلاســـار لەتۆمارێکـــدا باســـی ســـەر کەوتنەکـــان ئەکـــات بەم جـــۆرە : [کەلی وڵاتی سۆبێرۆم سەربڕی (مانای ئاشور) شارەکەیانم لەگەڵ زەوی تەختکرد و کردەخـۆڵ ئەو ئاشـوریانەی بۆمـاوەیەکی زۆر ئەم وڵاتەیـان حـوکمکرد گەلانیـان ژێردەستەکرد ، زوڵمی زۆریان لەگەلی ئەم نیشتمانەکرد ، لەوڵاتی ئەکەد دەرمکردن ، وڵاتم پاککردوە لێیان زەبرو زەنگیانم نەهێشت ] .

(١) * جۆرج روو ،العراق القدیم لاپەڕە ٥٠٠ — تا ٥٠٩ پ.ع ) .

(٢) ( دیاکۆنۆف ،میدیا وەرگێرانی بۆکوردی بورهان قانع لاپەڕە ٤١١٧، ٤١٨، ٤٢٩)

***

# پەیوەندی لە نێوان دەوڵەتی میدیا و دەوڵەتی بابلی کلدانی

وەک باسکرا هەرلەدوای ئەم سەرکەوتنە میدیەکان کشانەوە بۆ ئەودیو کێوەکانی زاگرۆس . لەوێوە بەهێزێکی زۆرەوە ڕویان وەرگێڕا بەرەو ئەرمینیا و دۆڵی ئانادۆڵ کەچاویان لە سەریان بوو بە مەبەستی داگیرکردن و فراوانکردنی ئیمپەراتۆریەتەکەیان میدیەکان دوای ماوەیەک توانیان وڵاتی ئۆرارتۆ (ئەرمینیا ) داگیریکەن ، کەبارەکە جێگیربوو لەئەرمینیا وکەوتە ژێر دەستی ڕاستەوخۆیانەوە ، کەوڵاتەکەیان بۆساغبووەوە ، سەریان پەرژا . (١) (٢)

بەلەشکرەکەیانەوە بەرەو ناوەڕاستی ئەنەدۆڵ ( تورکیا ) کشان وکەوتنە شەڕەوە لەگەڵ لەشکری وڵاتی (لیدی) کەحوکمڕانی ئەو ناوچانەبوون ، بەدەم شەڕو داگیرکردنەوە لەشکری میدیەکان گەیشتنە کەناری ڕوباری هالیس (قزل ئێرمەق) لەڕۆژهەڵاتی ئەنقەرە ، لە مەیدانی شەڕدا (کەی ئەخسارشا) ڕوبەڕوی (پاشای لیدیا ئەلیاتس ) بووەوە ، لەوکاتەی هەردولایان بەرامبەر یەکتر وەستابوون ، لەپڕ ڕۆژ گیرا ، بەوهۆیەوە هەردولا دەستیان لەشەڕ هەڵگرت، بەهۆی ڕۆژگیرانەوە شەڕەکە ناونرا (شەڕی ڕۆژگیران) ، کەلە ساڵی ٥٨٥ پ.ع .ڕویدا ، هەردو لا ئیتر بەنیاز نەبوون لەشەڕدا بەردەوامبن ، (نەبوخود نوسەر) بووە نابژیکەر لەنێوان ( کەی ئەخسار و ئەلیاتسدا ) و لەئەنجامدا پەیمان لەنێوانیاندا بەسترا ومۆرکرا ، ڕوباری یشیل ئێرمەق ،( هالیسی کۆن ) دەستنیشانکرا و دانرا بە سنوری هەدولا ، لەساڵی٥٨٥ پ ع دا بوو کەئاگر بەستکرا وپەیمان مۆرکراو ،وشەڕەکە وەستا .

دەوڵەتی میدیا پەرەی سەندو فراوانبوو ، لەڕۆژ هەلاتەوە ئەفغانستان وهەموو ئێرانی گرتەوە ولەخوارەوە لە کەناری ڕۆژ هەڵاتی دیجلە بەرەوخوار ئەبووەوە تاکەنداوی ئەگرتەوە ، لەباکورەوە تا سەرو ئەرمەنستان درێژ ئەبووەوە و لەڕۆژ ئاواوە تاڕوباری

قزیل ئـێەمەق – هالیـسی کـۆن ، نزیـک ئەنـقەرە درێـژ ئەبـووەوە  کە بـووە ئیمپەراتۆریەتێکی فراوان و مەزنی ئەو زەمانە .

میدیەکان لە شارستانیەت پیشەسازیدا پلەیەکی باشیان بڕی ، لەڕوی ڕێکخستنی لەشکرەوە سودیان لە ئاشور  وەرگرت ، دەستوری تایبەتیـان هەبـوو بۆڕیکخستنی کـۆمەڵ وپەیوەنـدی کـۆمەلایەتی . جـولانەوەی دیپلۆماسـی سـەوکەوتویان هەبـوو.

لەماوەی هاتن و کۆچکردنی کۆمەڵە نەژادی یەکەم و دووەمی هیندۆ ئەورویی کەچەند سـەدەیەک درێـژەی کێـشا   هـەر وەک لـە لاپـەڕەکـانی پێـشوودا  باسـی هەردو کۆچکردنەکەمانکرد  ناوچەکە گۆڕاو  وردەوردە شێوەی نەتەوەی ئاری نەژادی وەرگرت لە زمان و زۆر ڕوی کەی چالاکی شارستانی وکـۆمەلایەتی وکەلتـورو پیـشەسـازی . ئەوکۆچکردوانە تێکەڵاوی  هۆزو گەلانی (میتانی – هۆری  ، کاشی ، هیتیت و گۆتی وگەلە ڕەسەنەکۆنەکانی ناوچەکەبوون ) کە زوربەیان  زوبانیان لەیەکتر نزیکبوو و یەک نەژادبوون  بەوشێوەیە بەدرێژایی ئەو سەدانە بەرە بەرە دیمۆگرافیای بنەڕەتی ناوچەکە گۆڕا  زمانی نەتەوەکـانی سـەر بە ئیمپەراتـۆرییەتی میـدیا شـێوەی ئـاری نەژادیـان وەرگرت ، شاری ئەکباتانە وفراونبوو وەک مێژوونووسان باسیانکردوە بەحەوت شورای ڕەنگاو ڕەنگ یەک لە دوای یەک دەورە درابوو(٣)

هاو پەیمانی بابل و میدیا ماوەیەک دەوامیکـرد  (نەبوخـود نەسـر) هەر بەگومـانبوو لەمیـدیەکان ، میـدیەکانیش دوای ســەرکەوتنی ســەرومڕیان لە هەمــوو بەرەکــان وناوچەکاندا بوونە بەهێزترین دەسەلاتی ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاست ، خۆیان نرواند وەک گەورەترین وفراوانترین ئیمپەراتۆریەتی ئەو زەمانە ، چاوی تەماعیان بڕیبووە دەوڵەتی بابلی .

نەبوخود نوسەر  (بەخت النەسر) بۆدەست پێشکەری وخۆپاراستن  ، بەپەلە بەچوار دەوری وڵاتەکەیدا دیوارێکی بەرزو پانی دروستکرد بەتایبەت لای سەرووی وڵاتەکەی بۆپارێزگاری کردنی بابل ، ئەم دیوارو حەسارەی بەجۆرێک قایمکرد تا ئەوکاتەو ڕۆژگار کاری لەوجۆرەی بەخۆوە نەدیبوو ،  کەلە نزیک شارۆچکەی بەلەدی (بلد ) ئێستاوە لە سەر روباری دیجلە لەخواروی رۆژئاوای سامەڕا  (شامەڕێ ) بە ١٥ پازدە کیلۆمەتر

درێژ ئەبووەوە تانزیک شاری فەلوجە لە سەر فورات دیوارە کەبە ناوی ( دیواری ماد — شورای ماد) ناوبانگی دەرکرد ، کەبووە سنوری نوێی نێوان میدیاو بابل . زەوی و زاری وڵاتی ئاشور بەگشتی بووبە بەشێک لەخاکی ماد ، بەوشێوەیە خاکی سۆبارۆ ( ئاشور) بوو بەپارچەیەک لە ئیمپەراتۆریەتی ماد کەلەوکاتانەدا ناوی ئەبرابە (سوریە ماد – سیرۆمەدی) ، ناوچەی ئارابخا و دەوروپشتی ( وڵاتی گۆتی ) پارچەیەک بوو لەئیمپەراتۆریەتی میدیا .

، بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کە وتراوە ( نەبوخود نەسەر ) شاری کەرکوک وقەڵاکەی دروستکردوە ئەمە قسەی عەوام و نەزانە ، بنەمایەکی زانیاری و مێژوویی نیە . ئاراپخا (کەرکوک) زۆرکونترە لەزەمانی (نەبوخود نەسر) ودەوڵەتی بابلی کەلەگەڵ میدیەکان هاوچەرخبوون ، هەر لەوکاتانەشدا مادەکان فرسەتی بابلیان نەداوە دەستبخەنە کاروبارو بەڕێوەبردنی ڕۆژ هەڵاتی دیجلە بەکەرکوکیشەوە لەوانەیە نەبوخود نەسر بەدرێژایی ژیانی هەر وڵاتی کەرکوکی نەدیبێت ، کە لەوسەدانەدا مەڵبەندی وڵاتی گۆتی وهێزەکانی گۆتیبوو کەپارجەیەک بوون لەوڵاتی میدیا . بەپێچەوانەوە دوکتۆرە مێژوو نووسەکانی عەرەب خویان بە هەڵەدا بردوە کە نووسیویانە ناوچەی ئارابخا لە ژێردەستی (بابلی کلدانیدابووە) .

دەوڵەتی میدیا لە دەولەتە پێشکەوتوو ، پێشکەوتنخواز و،مرۆفپەروەرەکان دائەنرێت کەتوانی لەڕیی هاوپەیمانیەکی نەتەوەکانی ژێردەستەی ئاشوریەکان دوایی بەحوکمی سەدەی جەورو ستەمی ئاشوریەکان بهێنێت ، ئەو مۆتەکە زیانبەخشە لەسەر سنگی گەلان دوربخاتەوە ولەناوییبەرێت ، بەوهۆیەو بۆماوەیەک گەلان بکەونە خۆشیەوە هەناسەی سەربەستی هەڵبمژن ، مەزنی ئەو دەولەتە بە شیوەیەک بووە توانی لاپەڕەیەکی مێژووی پڕ لە سەروەری تۆماربکات وناوبانگی لەجیهانی ئەوکاتانەدا بەباشی بڵاوببێتەوە ، کە لەلاپەڕەکانی تەوراتی یەهودەکاندا (موسایی ،جوەکان) لە زۆر لاپەڕەکانیدا ناوی میدیای هێناوە بەو ڕادەیەی کە دەوڵەتی هەخامەنشی لەدوای میدیەکان دامەزراوە هەر بەهی میدیا ناوزەنی کردوە بەمیدیای داناوە تا ناوی پاشاکانی ئەخەمینی بە میدی ناویردوە وەک دارای میدی ، کۆرشی میدیایی ، هەخامەنشی میدی ، بەوجوۆرە .

ئایین و بڕوا و باری کۆمەڵایەتی گەلانی سەر بە ئیمپەراتۆریەتی میدیا لەسەدەکانی حوکمڕانی میدیەکاندا بڵاوترین ئایین و بڕوا لەو سەردەمانەدا ، ئایینی (زەردەشتی) بوو کەبڕوایەکی کۆمەڵایەتی چاکسازی هەبوو ، لەوانەیە هەندێکیش لەدانیشتوان لە پەیڕەوانی ئیبراهیم پێغەمبەربن د،خ ئامۆژگاریەکانیان بەجێ هێنابێت، وەک هەندێک ئیشارەتی مێژوویی لەوبارەیەوە هەیە ، لەناو دانیشتواندا پەیڕەوانی دیانەتی موسا پێغەمبەر هەبوون.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە باسکردنی بیرو باوەڕو ئاراستەکانی زەرادەشتە ، وەک زۆر سەرچاوە باسی لێوە دەکەن خەڵکی ناوچەی ورمێی بووە لە گەورە پیاوچاکەکانی زەمانی خۆی ژمارەئەکرێت ،کەژیانی پڕبووە لە خەبات وخۆبەخشی لە پێناوی چاکسازی کۆمەڵایەتی وڕێکخستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ،کورتەی بڕواکەی ئەوەبوو کە ؛

١/ ئاهورامازدا خوای ڕوناکی وچاکەو خێرو خۆشی ڕەوشت چاکی ڕاستی پاکی دژی درۆ بوولەگەڵ کارکردنی بەجەخت بوو ، کە ناوی (ئەهورامازدا ، هورمز ،ئاهورا) بوو ، کە بەدوای چاکەو بەرژەوەندی وخزمەتی مرۆڤەوەبوو .

٢/ بەرامبەری (ئەهریمەن) ناو هەبوو کە هێمای تاریکی و خراپەکاری گومڕایی بووە ، هەمیشە دژی هورمزەد بووە هەردەم لە کۆششدابووە بۆتێکدانی باری گوزەرانی مروڤ وخراپەکاری وتاریکی وەرگێڕانی مرۆڤ بەرەو خراپەکاری ڕەوشت نزمی ودرۆ ودزی و ناپاکی کە بەشێوەی شەیتان ودێو خۆی ئەنواند.

کاکلەی فەلسەفەی زەردەشت لە سێ وشەدا خۆی ئەنواند ( بیری چاک ، وتەی چاک ، کرداری چاک ) ئایینی زەردەشتی ئاین وبڕوای فەرمی دەوڵەتی بوو ، بڕوای بە بوون وفەلسەفەی گیانی ویەکتاپەرستی و( روحی )هەبوو کە هێزێکی نەدیاربوو ڕاگرو پەیداکەروکارسازی گەردوون بوو ، ئاگریش کەهیمای ڕوناکی و گەرمایی بوو دژی تاریکی بوو هەردەم ڕوەو سەرەوەبوو پاکەرەوەی پیسیبوو ، هۆی گەرمکردنەوەی مروڤبوو لەناو ماڵ و پەرستگاکاندا ، هەردەم کڵپەی ئاگر لەپەرستگاکاندا (

ئاتەشگەدە ) مەشخەڵانیبوو ،هێمایەک بوو بۆپەیڕەوی ئایینی و بڕواکانی زەردەشت نەک بۆ پەرستنی.

هەردەم ئەهریمەن لەچالاکی و دوژمنایەتیدابوو دژی هەموو کارو ڕەفتارو ڕەوشت وکردەوەیەکی چاکە ، لە زۆرەملی و ململانێدا بوو لەگەڵ ڕوناکی پاکی بیری مرۆڤ دوستی ، شەیتان ئاسایی .

کتیبی زەردەشت کە بیروباوەر و بۆچونی ئایینی وکۆمەڵایەتی و فەلسەفەکەی زەردەشتی تیانووسرابوو ناوی (ئاڤێستا ) بوو ، لەچەند بەشێک پێکهاتبوو وەک گاتەها و زەند وپازەند ،کە زۆر ترینی سروودو پاڕانەوەی ئاینی وئامۆژگاری و ئاڕاستەی کۆمەڵ بوون ، ڕێزگرتن بوو لە کارکردن کارکەران وکشت وکاڵ .

( ئەکباتانە هەمەدان ) لەسەدەکانی حەوتەمی پ.ع دا ، پایتەختی مەرکەزی میدیا و رۆحانیانی میدیاکان بوو شوێنی حەوانەوەی مۆغان (مۆگان ) بوو ئازربایجان (ئازەر پایگان) ناوەکەی هەر لە مانای بنکەکانی ئاگرەکانی زەردەشتیەوە هاتوە. لەئاوێستادا ناوی بابلیش هاتوە وەک شار .

دواجار ئەسکەندەری مەکەدۆنی کەبەسەر ئیمپەراتۆریەتی هەخامەنشیدا سەرکەوت ،پایتەختەکەیان (پاسەرگاد ، ئەستوخور ، پاسۆپۆلس )ی تاڵان وکاوڵکردو وسوتاندی ، بەرگێکی ناوازەی تایبەتی ئاڤێستای سوتاند کە دەهەزار پەڕەبوو لە سەر پێستی ئاسک بەئاوی ئاڵتون نووسرابووەوە .

میدیەکان خاوەنی ئەسپی زۆربوون ، خەریکی بەخێوکردن و ڕاهێنانی ئەسپ و وڵاخی بەرزەبوون لە دەشتەکانی دەوروبەری کرماشاندا وڵاخ وئەسپی ڕەسەن بەزۆری بەخێوئەکرا وبازرگانی پێوەئەکراو ئەنێررا بۆ میزۆپۆتامیاو عەرەبستان و میسر وزۆرشوێن و وڵاتانی کەیش ، هەتا ئەو کاتانەی ئاشوریەکان باڵادەستبوون بەزۆر وڵاخیان لە میدیەکان ئەسەند ، لەشەڕو هێرشەکانیاندا بەکاریان ئەهێنان ، گرنگترین شوێنی بەخێوکردنی ئەسپ لە بەشی مادی گەورەبوو لە ( هی. بۆ. پۆ .تۆ . ) کەلەوێ نزیکەی پەنجا هەزار ئەسپ بەخێو ئەکرا وێنجەی دەرخوارد ئەدرا (کەیۆنانیەکانیش لەمانەوە فێری چاندنی یۆنجەبوون ) لەناوچەی( نەسا ) نزیک کرمانشا ژمارەیەکی زۆر ئەسپ بەخێو ئەکرا .

لەزەمانی میدیاکاندا ( هەولێر ،ئۆرۆ بیل ) ناوچەو شارێکی گرنگی میدیەکان بوو قەلاکەی پێی ئەوترا قەلای میدی ، هۆزەکانی میدیا زوو تێکەلاوی دانیشتوانی کۆنی ولاتەکەبوون کە میتانی ( هۆری ) بوون بەوهۆیەوە هەموو بوونەیەک زمان وسەربەیەک رەگەز . بەوپێیە گۆتیەکان لە ناوچەی ئارابخا خاوەن دەسەلاتی ناوچەکەی خۆیانبوون میدیەکان وپارسەکان (فورس ) کە هەردولا بەیەکەوە کۆچیانکردبوو بۆ ئەم ولاتانە میدیەکان لەپێش پارس ، فارسەکانەوە دەولەتیان دامەزراند واتە ( ئیمپەراتۆریەتی میدیا ) کەلەلایەن پارسەکانیشەوە ئەبرابەرێوە شوێنی شیاوی خۆیان هەبوو لەدەرباری شاهانشای میدیا .

لەزەمانی دوا پاشای میدیەکان شا (ئەستیاگ ) کە کچەکەی ناوی ( مەندانە) بوو دابووی (بەکامبیزی ) پاشای فارس ،پارس ( پارسۆماش ) ، کۆرێکی لێبوو بەناوی (کۆرشی دوەم ) کە گەورەبوو چاوی تەماعی بریە تەخت وکورسی باپیری ، بیری کردەوە لە دانانی پلان لەدژی ، لەگەل ( نابۆنیدزی حاکمی ) ئەوکاتەی بابل رێککەوت ، هەروەها هەندێک سەرکردەی سەربازی باپیری بەلای خۆیدا راکێشا بوونە لایەنگری ، کەوتە خۆئامادەکردن بەنیازی لەشکرکەشی دژی باپیری . کە ئەستیاگ شا هەستی بەپلانی کچەزاکەی کرد بانگهێشتی کرد بۆ ئەکباتانە بۆلێپرسینەوە ، کۆرش بەگوێی نەکرد لێی هەلگەرایەوە ، ئەستیاگ شا هێزی سەربازی لەدژی بەکارهێنا ، لەئەنجامی ئەو لەشکرکەشیە کۆرش سەرکەوت بە سەر باپیریدا بە تایبەت دوای ئەوەی هەندێک لە سەرکردە سەربازیەکانی لێیهەلگەرانەوە لەدژی جەنگان ، وقۆلبەستیانکردو دایانەدەستی کورشی کچەزای . بەوپێیە دەولەتی میدیا لەناوچوو لەجێی ئەو دەولەتی (ئەخەمینی) هەخامەنشی فارسی ، پارسی دامەزرا و جێگەی گرتەوە ..لەوسەدانەدا و دواتر ولاتی میدیا بەدوبەش ناو ئەبرا .

یەکەم مادی گەورە کەپایتەختەکەی شاری ئەکباتانا بوو ئەکەوتە رۆژ هەلاتی دەولەتی میدیاوە لەئەکباتانەوە بەرەوخوار تائەسفەهان و تاران وسنوری ئەفغانستان وبەرەو خواری ئەگرتەوە.

دووەم مادی بچوک   کەرۆژئاوای میـدیا بـوو لە قەفقاسـەوە بەرەوخـوار ئـەبـووەوە هەمووکوردستانی ئەگرتەوە پایتەختەکەی نزیک تەبرێز بوو لە (قازا) ، کەلە زەمانی سـلوگیەکاندا بە ( ئەترۆپـاتین) ناویـانگی دەرکردبـوو نـاوچەی ئازەربایجـان ( ئاترپادگان ، ئاذر پایگان )نیشی ئەگرتەوە .

شوێنەوارەکۆنە بەجێماوەکانی میدیا وبەڵگەمێژووییەکان لەسەریان بۆنموونە ئەمانەن :

١ / گۆڕی شیرین و فەرهاد لەنێوان کرماشان و کەنگاوەر نزیک سەحنە کە بە گوڕی کەیکاوس بەناوبانگە.

٢ / لەخوارو باختەران (کرماشان ) کەناوی سکاوەندە . هەرتسفیلد ئەڵێت لەوانەیە گۆڕی گئۆماتای مۆغ بێت

٣ / بەسێ کیلۆمەتر خواروی ڕۆژهەلاتی سەرپیلی زەهاو لەدامێنی کێوێک بەنـاوی دوکان داوود .

٤ / لەکێوەکانی مەمسنی بەبەرزی ٣٠٠ مەتر گۆڕێک بەناوی( داو دختر ، دایک و کچ ) لەوانەیە گۆڕی هەخامەنشیەکان بێت .

{هەنـدێک لەمێژوونووسـانی ڕەگەزپەرسـتی عەرەب باسـئەکەن و بڕوایـان وایە کە دەوڵەتێک نەبووە بەناوی میدیاوە ، لەو ڕووەوە بەگومان دورلەڕاستی هەواڵی بـاس ئەکەن ، ئەم جۆرە بیرو بۆچوونە بۆشێواندنی مێژووە هەرچەندە کەم دەوڵەت هەیە لەمێژوودا بەشێوەی ماد ساغکراوەیە، هەربۆ بەپێزبوونی باسـەکـەو بـۆ بـەڵگـە :

١/ هیرۆدۆت لەگەشتەکەیدا چەند جار باسی میدیەکانی کـردوە ،لە زۆر سـەرچاوەی ساغکراوەدا باسی بوون ورۆڵیان کراوە لەمێـژوودا ولە سـەر بەردە هەڵکەنـدراوەکان ونووسینی لاپـاڵی شـاخەکان وبەڵـگەی دۆزراوە ونووسـین و بەڵگەنـامەی زۆرهەن .

٢/ لەتەوراتدا چەند جار ناویان هاتوە وەک لە لاپەڕە ٤٨٧ لە بەشی ١ ، هەروەها لەلاپەڕە٨٧٤-١٠١٨ دا لە بەرگە عەرەبیەکەدا هاتوە لەزۆر لاپەڕەی کەدا ناوی میدیا وەک دەوڵەت هاتوە .(٥)

٣/ هەروەها لەنووسراوەی زۆر لە پێغەمبەرانی ناوچەکە ناوی میدیایان هێناوە وەک پێغەمبەر ئارامیا و نابۆنیدز کە میدیا بوونی ڕوداوێکی واقعی دەوڵەتێک ونەتەوەیەکە وساغکراوەیە لەمێژوودا (٦) .

٤ / ئەسەرحەدۆن پەیمانی بەستوە لەگەڵ میدیەکانداو لەئێوارەخوانێکدا گەورەپیاوانی میدیای بانگکردوە کەلەمێژوودا ڕون و ئاشکرایە هەر لەومونـاسەبەتەیشدا ئاشوربانیبالی کوڕی کردوە بەجێنشینی .

ڕۆڵی میدیەکان ئاشکراو ڕوونە لە ڕزگارکردنی گەلانی ژێردەستەو زوڵم لێکراو بەدەستی ئاشوریەکان داگیرکـردن و کـاولکردنی دوڵـەتـی ئاشـوری بـەدەسـتی میدیـەکـان و خذمەتکردنی مرۆڤایەتیە لەوسەدانەدا ، پێویست ناکات ئەوباس و خوازانە گرنگیـان پێبدرێت ، لەوانەیە لە لایەن هەنـدێک مێـژوو نووسـی ڕەگەز پەرسـتانی عەرەبـەوە دروستکرابن .

(١)* جۆرج روو ، العراق القديم ، وەرگێڕانی حسين علوان حسين ، لاپەڕە ١٦٢ تا ١٧٠ ، ٤٩٩ ).

(١)* العراق فی التاريخ ، کۆمەڵێک مێژوونووسی عێراقی لاپەڕە٥٠٠ تا ٥٠٩ –٥٠٠

(٢)* رشيد ياسمی ،کورد وپیوەستگی نەژادی ئو .

(٢) * دیاکۆنۆف ، میدیا ، وەرگێڕانی بورهان قانع ، لاپەڕە٤١٨،٤١٧ – ٤٢٩ ،٤٦٤)

(٣)* هەروەها نووسین و یادەوەری هیرۆدۆتس

(٤)* فرشته عبد الهی ، لەکتێبی دين زرتشت ونقش ان در جامعه ساسانيان ، لاپەڕە ٣٤ ،فارسی.

(٥) * کتێبی تەورات ، بەشی یەکەم لاپەڕە٤٨٧ هەروەهالە لاپەرە٨٧٤ ،١٠١٨ چاپی بێروت عەرەبی

(٦) * یادەوەریەکانی پێغەمبەران ئارامیا ونابۆنیدز بەپێی کتێبی :میدیا ، العراق القديم .

* د. جمال رشيد ، دراسات كورديه فى بلاد سۆبارتۆ لاپەڕە ٢٧ ، ١٠٣ ) .
* محەمەد ئەمین زەکی بەگ ، مێژووی کورد وکوردستان .
* عبد العزيم رزائی ،تاريخ دەهزار سالەی ايران جلد ٣ ، فارسی .
* کتێبی ئاڤێستا بە زوبانی فارسی .
* مرتزی راوندی ، تاريخ اجتماعی ايران ، فارسی .
* د. عبد الحسين زرين كوب ، تاريخ مردمی ايران ،فارسی

***




نەخشەی ئیمپەراتۆریەتی ئەخەمینی هەخامەنشی ( پارسۆماش ) (فارس)

# ئیمپەراتۆریەتی ئەخەمینی هەخامەنشی ، پارسۆ

## ٥٥٠ – ٣٣٠ پ.ع

پارسەکان پارسۆماش ( فارس ) کەهۆزێکی هاودەم و هاوڕێ و خزمی میدیاکان بوون دوای هاتنیان بۆ ناوچەکە لەگەڵ هۆزەکانی میدیا لەڕۆژئاوای گۆمی ورمێ وبەرەوخوار لەوناوە بۆماوەیەک نیشتەجێ بوون ، دوای نزیکەی سەدەیەک خۆیان نەگرت ، بەرەو خوار بوونەوە بۆ خواروی ڕۆژهەڵاتی ئێران بۆناوچەی شیرازی ئەمڕۆ کەپێی ئەوترا ( ئەنشان ) ، لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی میدیا ئەمانیش وڵاتەکەیان بەپارچەیەکی گرنگ دانرا کەسەر بە ئیمپەراتۆریەتی میدیا بوون ، نیمچە سەربەستیەکیان هەبوو لەحوکمدا کەبۆیان ڕەخسابوو حوکمی ناوچەکەی خۆیانبکەن ، ئەوینە ماڵەیە هاوبەشی میدیاییەکانیان ئەکرد لەحوکمداو لەناو لەشکری میدیەکاندا

پلەی دیاری سەربازیان بەدەستەوەبوو، لەدەرباری کۆشکی پاشاکانی میدیا لەهەمەدان هەبوون ، ئامادەو کاربەدەست و دست بەکاربوون شانبەشانی کاربەدەستە میدیەکان . لەناو ولاتی خۆیاندا جۆرێک لەکۆنفیدراڵیان دامەزراندبوو دەوڵەتیان هەبوو لەڕێی بنەماڵەیانەوە ئەبرابەڕیوە ، ژن وژنخوازی هەبوو لە نیوان میدیەکان و پارسەکاندا و بەهەردولا چینی ئەروستوکراتی شاهانەی دەوڵەتی میدیایان پێکئەهێنا . دەرباری پێشکەوتن و پیشەسازی و شارستانی و کۆمەلایەتی هونەرو پەیکەرتاشی و نووسین ، سودیان لەشارستانی و پێشکەوتنی دەوروبەریان وەرگرتبوو بەتایبەت لەمیدیەکانەوە کەهەردەم هاوبەشبوون ، لەگەڵ ئەوەی شارستانی تایبەتی خۆیان هەبوو. گەلانی سەر بەئیمپەراتوری میدیا لەگەڵ هەخامەنشی گوزەرانیان بەرەو باشتر ئەچوو. گەورەو سەرکردەکانی ( پارسەکان پارسۆماش ، فارس) حوکمی ناوچەکەیان بەوراثی بۆ ئەهاتەخوارەوە ، کەلەناوچەی فراوانی (ئەنزان ، ئەنشان ) شیراز نیشتەجێبوون. دوایین ئیمپەراتۆری میدیا ئەستیاگی شاهانشا کە (هیرۆدوت ئەڵێت ناوی ئەفراسیاب بووە) وەک لەمەوبەر باسکرا کچەکەی خۆی بەناوی (مەندانەوە ) دابوو بە (کامبیز ) ی پاشای ،پارس ، وەک باسکرا کورێکی لێبوو بەناوی (کۆرشی دووەم ) ، کە گەورەبوو تەماعی کردە کورسیەکەی باپیری . لێی هەڵگەڕایەو و بەرامبەری کردو شەڕی دژی بەرپاکرد هێزی پارسەکان هەموو چوونە پاڵی و هەندێک سەرچاوەش ئاماژەی پێئەدەن ، کەیەکێک لە سەرکردە گەورە سەربازیەکانی ئەستیاگ شا بەناوی (هەرپاکەوە) چووەپاڵ کۆرش لەگەڵ هەندێک لە سەرکردە سەربازیەکانی کە . وەک لە هەندێک سەرچاوە باسئەکات ، ئەڵێن لەلایەکی کەوە لەبنەوە لەگەڵ ( نابۆنیددا —حاکمی بابل ) پەیمانیان بەستبوو کەئەویش هاوکاری کۆرش بکات دژی ئەستیاگ . (نابۆنید یەکێک بوو لە پاشاکانی بابل کەسەرکردەیەک بوو کلدانیەکان دایاننابوو بەحاکمی بابل پیاوێکی دینی و نووسەربوو ، نابۆنیدس هەر لە خەیاڵی دروستکردنەوەی پرستگای (خوای سن) دابوو لە (حەڕان ) کەمیدیەکان بەدەستیانەوەبوو ئەگەر بتوانێت لەدەستی میدیەکانی بسێنێتەوە بیگێڕێتەوە ، هیوای بەکۆرشبوو ئەم ئاواتەی بۆ بهێنێتەدی (١) .

ئیمپەراتۆری میدیا ئەستیاگ شا هەستی بە پلانی کۆرش کرد بانگهێشتی کرد کەبێت بۆ هەمەدان (ئەکباتانە ) بەڵام کۆرش یاخیبوو بەگوێی نەکرد هەڵگەڕایەوە لێی ، دەستیکرد بە لەشکرکەشی دژی باپیری ، ئەستیاک شا هێرشی هێنا بۆسەر کۆرش بەنیازی تەمێکردنی ، شەڕ هەڵگیرسا لەنێواندیاندا لە ئەنجامی شەرەکەدا کۆرش سەرکەوت بە سەر ئەستیاگ شای باپیریداو کۆت وزنجیری کردو لەبەندیخانە توندیکرد. حوکمی میدیای گرتەدەست ، لەجێی ئەو ودەوڵەتی هەخامەنشی فارسی دامەزراند . بەم شێوەیە لەجیاتی دەوڵەتی میدیا دەوڵەتێکی نوێی دامەزرا بەناوی ( هەخامەنشی ،پارسۆماش) .

دوای ئەوەی کۆرش کورسیەکەی باپیری زەوتکرد ، لەسەر تەختی میدیا دانیشت ، خۆی ناونا (کۆرشی دووەم ئیمپەراتۆری هەخامەنشی مەزن شای پارسۆماش و ئەشنان) بەوشێوەیە بوو بەشای میدیاو فارس ، بۆ ماوەیەک هەمەدانی هێشتەوە، مایەوە بە پایتەخت ، دوایی شاری بازار گادیان ( پارسۆ پۆلسیان) دروستکردو کردیانە پایتەخت کە لەنزیک شاری شیرازی ئەمڕۆ یە.

لەبەڵگە تۆمارکراوەکاندا هاتوە کەماونەتەوە نووسراوە : [شەوێک نابۆنیدس خەو ئەبینێت بە خوای مەردوخەوە پێی ئەڵێت برۆ پەرستگەی حەران بنیات بنێرەوە ، ئەوێش ئەلێت حەڕان بەدەستی ئامان ماندا (یانی مادە) کانەوەیە ، ئەم کارە بۆمن ئاسان نیە ] مەردوخ بەم جۆرە بەم دەقەی کە نووسراوە ، وەرامی نابۆنیدس ئەداتەوە :- {ئەمان ماندا ئەوانەی کە باسیان ئەکەیت ، ئەوان و وڵاتەکەیان وپاشاکانیان وئەوانەی لەڕێزیانن ، لە سێیەمین ساڵی داهاتوودا ، لەناوئەچن ، من وا لە بەردەستە خزمەتکارە لاوەکەیان ئەکەم ،کە کۆرشە (شای ئەنشان )، بەلەشکرە کەمەکەیەوە بڵاوەبکات بە ئەمان ماندا (مادەکان) وەدەریان بکات } .

ئەوەبوو کۆرش ئەستیاکی (ئۆشتۆ میکۆ ) پاشای ئەمان ماندای (میدیا ) ی بەدیلگرت بەدەست و پێ بەستراوی بردی بۆ وڵاتەکەی . لە بەڵگەنامەیەکی کەی تۆمارکراوی نابۆنیدسدا ، بەم دەقە هاتوە نووسیویەتی :{ (ئۆشتۆمیکۆ) ئەستیاگ شا، سەربازەکانی بانگکردو کۆیکردنەوە هێرشی هێنا بۆشەڕ

بۆ ڕووبەرو بوونەوەی کۆرش پاشای ئەشنان ، لەگەرمەی شەڕەکەدا لەشکرەکەی لێی هەڵگەڕانەوە گرتیان ودەستوپێوەندیانکرد و دایانەدەستی کۆرش } .
لە دوای سەرکەوتنی کۆرش بە سەرمیدیەکاندا ، وەک سەرکردەیەکی بلیمەت وهەڵکەوتوو دەرکەوت ناوبانگی بڵاوبووەوە ، حەزی بە فراوانکردنی وڵاتەکەیبوو ، لەشکرەکەی ئامادەکرد بۆ داگیرکردنی ناوەڕاست وڕۆژ ئاوای ئەنەدۆل ( تورکیا ) ، هێرشیکردە سەر دەوڵەتی لیدیا ، کەلەوکاتەدا دەوڵەتی لیدیا حوکمڕانی ئەو وڵاتانەبوون ، پاشاکەیان ناوی (کرویس — قارون ) بوو ، کۆرش بەلەشکرەکەیەوە بەرەو ڕۆژئاوا بەڕێکەوت لەخوار نەینەواوە لەدیجلە پەڕیەوە بەدەشتی جەزیرەدا کشا لەڕێی حەڕانەوە بەرو ڕۆژئاوابووە وە ، لەڕێگەکەیدا چەند ناوچەیەکی سەر بە بابلی داگیرکرد ، بەم کارەی پەیمانی دولایەنەی شکاند کە لەنێوان نابۆنیدس و کۆرشدا مۆرکرابوو . (٢)
ناوچەی کلیکیای داگیرکرد بەلەشکرە زۆرەکەیەوە بەرەوپێشەوە بەدەم شەڕەوە بەڕێبوو ، لەهێرشی بەردەوام ولەشکر کەشی وشەڕ دژی وڵاتی لیدیا ، لەئەنجامدا لەساڵی ٥٤٧ پ،ع لەشکری (قارون ، لیدیا ) لەبەردەم هێرشی بەهێزی کۆرشدا شکشتی هێنا، لەشکری کۆرش دوای ئەم سەرکەوتنەوە بەرەو ڕۆژئاوا بەڕێکەوت نەوەستا تا هەموو ئەنەدۆڵی داگیرکرد (تورکیا) تا گەروی بۆسفۆر و دەریای ئیجەی خستەژێر دەستیەوە .
کۆرش لەدوای ئەم سەرکەوتنەی بەرەو ڕۆژ هەڵات ڕوی وەرگێڕا تا گەیشتە ریزەشاخی (پامیر ) وڵاتی (پارثیاو ئاریا) لەڕۆاهەلاتی ئێران و (سۆگدیا وباکتریا )لە ئەفغانستان وتورکستانی داگیرکرد ، بەشێک لە وڵاتی هیندستانیش کەوتە ژێردەستیەوە .
ئەگەر سەرکەوتنی کۆرش لەهەموو جیهاندا بەو جۆرەبێت ،نابونیدز چۆن خۆی ڕائەگرێت بەرامبەر هێزی بێئەندازەی کۆرش و سەربەخۆیی خۆی ئەپارێزێت ؟ . ئیمپەراتۆریەتی بابلی چۆن خۆی ڕائەگرێت بەرامبەر بە هێرشی کۆرشی هەخامەنشی .
(کۆمەڵێک مێژوونوسی عێراقی ،العراق القدیم لاپەڕە٥١٦ ) . (٣)

لەپایزی سالّی ٥٣٩ پ.ع كۆرش هێرشی كردە سەر پاشانشێنی بابل ، نابۆنیدس پاشای بابل ( بیلی شاسەر)ی كوڕی ڕاسپاد كە لەشكرەكەی بڵاوبكاتەوە بەدرێژایی كەناری ڕوباری دیجلە بۆ ئەوەی پایتەختەكەی بپارێزێت ، بەلام لەشكری كۆرش ،پارسوا ( فارس) لەژمارە نەئەهات . ئەوەی لەشكری بابلی بێهێز كرد ( گۆبارۆ ،كۆبریاس ) بوو كەحاكمی ناوچەی گۆتی بوو لایەنی كۆرشی گرت و لەهێرشەكەیدا یارمەتیدا ، كاتێک كورش بەڵەشكرەكەیەوە گەیشتە ئاراپخا (كەركوك ) لەوێ حەوایەوە لەشكرەكەی ڕێكخست لەگەڵ گۆبارۆ پلانی هێرش وشەڕی دانا بۆ سەر بابل هێزی گۆتیەكان لەگەڵ هێزی كۆرش بوونەیەک . گۆتیەكان بەشێكی گرنگی زریەپۆشەكان بوون لە هێزەكەی كۆرشدا ،هێزەكەی كۆرش كە بەسەركردایەتی گۆبارۆ و ئەفسەرە پلەدارەكان بەرەو بابل كەوتنەڕێ ، لەئۆپیس شەڕێک ڕوویدا ( بیلی شاسەر )ی كوڕی نابۆنیدز لەوێ كوژرا . لەدیجلە پەڕینەوە بەرەوخواربوونەوە بەرەو شاری بابل لە١٢ مانگی

تشرینی یەكەم سالّی ٥٣٩ پ.ع دا زۆر بەئاسانی بێشەڕوكوشتار چوونە ناو بابلەوە وپێشوازیان لێكرا ، بەم شێوەیە شارەكە زیانی ئەوتۆی بەرنەكەوت هەرچی خواكانیان بوو بەڕێزەوە لەشوێن خۆیان دانرانەوە .

دوای ئەوەی بابل داگیركرا ، ئامادەكرا بۆپێشوازی لەكۆرش، كۆرش كەگەیشتە ناو شاری بابل وتی: (ڕێز لە خواوەند مەردوخ ئەگرم )، لەوە ئەچوو كە بابلیەكان پێشوازی گەرمیان لەكۆرش كردبێت .

لەدوای ماوەیەكی كەم كۆرش ئەمریكرد هەموو ئەودیلە جولەكانە ( ئیسرائیلی ، عیبری) بەریدەن كەبەناوی ( سبی بابلی ) بارمتەی بابل ، بارمتە بوون لەبابل وكوفە ، كاتی خۆی كەبابلیەكان لەجەنگەكانیاندا لەدژی ئیسرائیل ، بەدیلیان گیرتبون وبەڕێیكردنەوە بۆ ولاتی خۆیان، بەڵگە نامە نووسراوەكەی نابۆنیدس باسی داگیركردنی بابل ئەكات بەم شێوەو دەقە وباسە نووسیویەتی:

{ لەمانگی ئەیلول– تشرینی یەكەم كاتێک كۆرش هێرشی هێنا بۆسەر لەشكری ئەكەد لە (ئۆپیس ) لەسەر دیجلە ، دانیشتوانی ئەكەد هەڵگەڕانەوە لەكاریەدەستان

و لەشكری بابل ، بەڵام نابۆنیدس تێیان كەوت زۆری لێكوشتن بۆڕۆژی پازدەهەمین بێ كوشتارو شەڕ (سپار ) داگیركرا ، نابۆنیدس ڕایكرد ،لەڕۆژی شازدەهەمین گۆبارۆ حاكمی گۆتی لەگەڵ لەشكرەكەی چووە ناو بابلەوە بەبێ شەڕ نابۆنیدز لەناو بابلدا گیرا }تاكۆتایی مانگ جەنگاوەرە زرێپۆشەكانی گۆتی مانەوە لە پەرستگای ئیساكلا (پەرستگای مردوخ ) ، ، بۆ ڕێز لێنان لەمەردوخ كەسیان لەوناوەدا چەكیان هەڵنەگرت ، خۆشی و زەماوەندیانكرد .

لە مانگی تشرینی یەكەم ودووەم لەرۆژێ سێیەمیدا ، كۆرش هاتەناو شاری بابلەوە پێشوازیان لێكردو و ئاشتی خۆیكێشا بەسەر شارەكەدا كۆرش سلاو و ڕێزی گەیاندە دانیشتوانی شارەكە } ٤٠)

مەردوخ هاوسەنگی خوای (بیل ، بل ) بوو لە هەولیر (ئۆرۆبیل )دوای ئەوەی هەرچی ولاتی ژێردەستی بابل هەبوو بووە پارچەیەك لە دەولەتی ئەخەمینی ،بەوشێوەیە ئەم ئیمپەراتۆریەتی هەخامەنشی لە شآخی پامیرەوە درێژ ئەبووە وە تادەریای ئیجە ،كە گورەترین ئیمپەراتوریەت بوو لە جیهاندا تا ئەورۆژە دامەزرابێت .

بەم شێوەیە كۆرش لەماوەیەكی كەمدا توانی پشتی سێ ئیمپەراتۆریەت بشكێنێت لەناویانبەرێت ، یەكەم میدیا ، دووەم بابل ، سێیەم لیدیا ، لەگەل ئەوەی كە كۆرش سەركەوت بە سەر میدیەكاندا بەڵام میدیەكان هەر وەك شەریك لەو دەولەتدا مانەوە كاربەدەست بوون شوێنی شیاوی خۆیان كردبووەوە وەك برابەش ئیمپەراتۆریەتەكە بە ناوی (پارسۆ ومیدیاوە) ئەبرابەڕێوە .

زۆر جار دولەتی هەخامەنشی بەناوی میدیاوە ناوزەند ئەكراو ، وەك لە تەوراتدا لە زۆر شوێن ناوی پاشاكانی هەخامەنشی براوە بە میدی وەك داریۆشی میدی ،كەچەند جارێك لەتەوراتدا ئاماژەدراوە بەناوی مادەكانەوە وەك نووسراوە ( مادەكان بوون كە بابلیان داگیركردوە و دیلەكانی بابلیان ڕزگاركردو هیشتیان بگەڕێنەوە بۆ ئیسرائیل .

لەكاتیحوكمرانی هەخامەنشیدا ولات كرابوو بەچەند ولایەتیكەوە بەناوی (مەرزوبانەوە ) .

ئەویەشەی كەعێراقی ئیستای ئەگرتەوە مەرزوبانی شازدەهەمین بوو ، كەركوكیش بەشێك بوو لێی .

یەکێک لە شاکانی هەخامەنشی داریۆش ( دارا ) لەکاتی حوکمڕانیدا بەفەرمی نووسینی بە زمانی ئارامی ناساند {لەوکاتانەدا لەناوچەکەدا لەڕوی زمان ونەژادەوە گۆڕانی زۆر ڕوویدا ، بەتایبەت لەعێراقی ئەوسادا ، نەژادی میدیا و فارس وتۆرارتی و جولەکەو ئارامی و کلدانی و دوایی عەرەبی تێکەڵاوی یەکتربوون هەر لەکۆنتریشەوە بەردەوامبوو ، وای لەعێراق کرد کە پێکهاتەی تەنها لەنەتەوەیەک پێک نەهاتبێت بەڵکو تیکەڵاوبێت}.

(لێرەدا کەدەڵێین عێراق مەبەستمان لەمێژوودا ئەو ناوچەیەی خوار هێڵی شامەڕێ و فەلوجە و بەرەوخواری ئەگرتەوە لەنیوان دیجلەو فورات و بەشی ڕۆژ ئاوای فورات).

لەکاتی حوکمڕانی (دارا ) داریۆشی دووەمی ئەخمینیدا ساڵی ٥٢٢-٤٨٦ پ.ع هەڵگەڕانەوە و شۆڕشی زۆر لە ئۆرارتۆ و میدیا و بابل زۆرشوێنی کە ڕویدا ، بەڵام بەهۆی توانایی داریۆش و هەوڵی و ریایی و لەکاتیخۆیدا فریاکەوت توانی بەسەر هەموو ڕاپەڕێن وجوڵانەوەکاندا سەربکەوێت .

ئەم سەرکەوتنانەی لە قەدپاڵێ بەرزایی شاخێکی نزیک کرماشان کە ناوی بێستونە (بهستۆن ) هەڵکەندوە بەشوێنێکی بەرزەوەیە کەسێک وابەئاسانی ناتوانێت بیگاتێ کە بەزوبانی فارسی کۆن و بابلی (ئارامی ) و عێلامی نووسرابوو کە وێنەی چەند پیاوێکی کۆت وبەندکراوی لەسەر هەڵکەندراوە هەر یەکەیان ئاماژەیە بۆ وێنەی سەرکردەیەک ،چەند دێڕێک دەربارەی هەر یەکێکیان لەلایانەوە نووسراوە بەوسێ زمانە نووسراوە .

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە لە زۆرترین بەڵگەنامەو نووسینەکانی پاشاکانی هەخامەنشیەکاندا ، بەناوی خۆاوەندیانەوە بەتایبەت ( ئاهورا ئەهورمازدا ) نووسینەکانیان دەستپێکردوە دوایی بەشانازیەوە باسی بنەماڵەو وەچەی خۆیانکردوە ، شانازن کە ئاری نەژادن . وبەهیمەت و کارو ڕەزامەندی یارمەتی خوداوەندیان ئاهورا ،ئەهورمازدا )ئەم کارەیان ئەنجامداوە .

لەدەوڵەتی هەخامەنشیدا ،نیزامی ڕیکخستنی سەربازی و ، نەریتی کۆمەڵایەتیان و جلوبەرگ وڕێو ڕەسمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان وەک ئەوەی دەوڵەتی میدیابووە ، لەمیدیاوە وەریانگرتوە کەهی شارستانی ئەوانە

لەزەمانی حوکمڕانی ئەماندابووە کە (زەینەفۆن ) بۆ یۆنان گراوەتەوە بە دەهەزار سەربازە بەکرێگیراوەکەیەوە لە ساڵی ٤٠١ پ.ع دا ، ئەم یۆنانیانە لە سەر داوای یەکێک لەپاشاکانی هەخامەنشی بەکرێ هاتبوون بۆیارمەتی دژی برایەکی کە شەڕیانبوو لە سەر تەختی پاشایەتی و کورسی حوکم .

زەینۆفۆن لەیادەوەریەکدا بە ناوی ( ئانابازیس) باسی گەڕانەوەی ئەکات بۆیۆنان لەگەڵ دەهەزار سەربازی یۆنانی ، نووسیبووی ، ( لەدوای دۆڵی زاخۆ کەپیایدا تێپەڕبووە باسی گەلی ( کارداکا ) ئەکات کە بە وڵاتەکەیاندا تێپەڕیوە بەسەرسامیەوە باسی پێشکەوتنی ئەو گەلە ئەکات ، لەماوەی گەشتەکەیدا بەشارێکدا تێپەڕیوە بە ناوی ( موسیلا ،میسێللا ) کە مەبەستی شاری موسڵی ئێستایە)، کەبرا عەرەبەکانمان ئەمڕۆ کردویانە بە -الموسل) . لەسەدەکانی حوکمی هەخامەنشێەکاندا وەک زەمانی میدیاکان گەڵ بەخۆشگوزەرانی ئەژایان بازرگانی پەرەی سەندبوو بۆئەو مەبەستە ڕیگەی زۆرکرایەوە وەک ڕێگەی (ساردس ، ساردۆرێش - شوش ) کەلە دەریای ئیجەو یۆنانەوە دەستیپێئەکرد تاشاری شوش لەعێلام ، ئەو ڕیگەیە تا ئەمڕۆ شوێنەواری ماوە کە ئێستا هەمان ڕێگەیە بەکەرکوک ، هەولێردا تێئەپەڕێت ، وەک هێڵێک بە زۆر شوێنی کەیشدا تێئەپەڕێت . کە زەمانی عوسمانیەکانیشدا هەمان ڕێگەیان بەکارئەهێنا بۆ بازرگانی وگەیاندنی نامەو فرمانی سوڵتانی.

لەئەنجامی گەڕانەوەی زەینۆفۆن کەباسی خێرو بەرەکەت وپێشکەوتنی ناوچەکەی کردوە ، لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری ناوچەی دەریای ئیجە لەلایەن هەخامەنشیەوە داگیرکرابوو و گیانی سەربازی وپێشکەوتنی وبەهیزبوونی یۆنان و مەکەدۆنیا لەئارادابوو کەبوونە ئالەتێکی جەنگی بەهێز وداگیرکەر .

(٨) بەوهۆیانەوە مەکەدۆنیەکان و یۆنانیەکان و بۆفراوانکردنی وڵاتەکەیان تۆڵە سەندن لە فارسەکان چاوی تەماعیان بڕیبووە ڕۆژهەڵات بەو هێزە ڕێکخراوە ئامادە و

پرچەکەوە  ئەوخالانەی کەباسمانکرد هەموو بوونەهۆی ئەوەی  بەهێزێکی سەربازی ئامادەکراوەوەبەرەو رۆژهەلات بکەونەرێ بەمەبەستی ورزگارکردنی بەشێکی ولاتەکەیان وناوچەکە لەژێر دەستی هەخامەنشیەکان و داگیرکردنی زۆرترین خاکی رۆژ هەلاتی ناوند ،بەسەر هەخامەنشیەکاندا سەربکەون

## تێبینی ئارامیەکان :

هۆزێکی بەدو رەوەندو کۆچەریبوون  توندرەو و توندو تیژبوون  لەکۆندا دەورێکی بنیاتنەری شارستانیان نەبووە سامی نەژادبوون  زۆر لەشارەزایانی مێژوو ئەیان گێرنەوە بۆدورگەی عەرەبی کە گوایە لەوێوە بلاوبوونەتەوە زمانەکەیان ، نزیکە لەزمانی عەرەبی وعیبریەوە لەکۆمەلە زمانی سامیە ، هەندێک بروایان وایە کە شوێن نیشتەجێیان هەر بیابانی شام و دەوروبەری بێت ، باسیش هەیە کەلە راستیدا خزمایەتی و پەیوەندی بەتین هەبێت لە نێوان ئارامیەکان وعیبریەکاندا کە لە تەوراتدا ناویان هاتوە بەیەکەوە بەو رادەیەی کەبە (بەعقوب پێغەمبەر وتراوە ئارامی گەرۆک) ، بە (یوسف کوری نون وتراوە یوسفی ئارامی).

نووسینە مێخیەکان زانیاری ئەوتۆ نادەن بە دەستەوە لە سەریان و بوونیان و دەوریان ، تەنها لەسەدەی دوازدەدا نەبێت  کەباسی پەیوەندی کراوە لە نێوان ئەحلامی و ئارامیەکاندا .  لەنووسینێکی تێگلات بلێزەری یەکەمی ئاشوری  لەسالی ١١١٥-١٠٧٧ پ.ع دا ، باسی ( ئەحلامی – ئەرمایا) هاتوە بەم شێوەیە ( ئەوانەی لەئەحلامیەکان بوون لەگەل ئەوانەی ئارامی بوون ) ،  بۆچون هەیەکە ئەم ئارامیانە لە سەدەکانی یازدەهەم لەسوریا نیشتەجێبوون ، لەتەوراتدا هاتوە پاشاکانی ئیسرائیل کە لەپێغەمبەران بوون لەسالانی هەزارەی یەکەمدا وەک ( شائول وداود و سلێمان) هێرشیان هێناوە بۆ سەر دەولەتە ناوچەییەکانیان لە سەرو ئیسرائیل وەک ( ئارام بێت رحوب  ، ئارام سوباح )، لەرۆژهەلاتی فوراتیشدا دەولەتیان دامەزراندوە بە ناوی ( ئارام نهاریم ).

لەولاتی ئاشوردا  زمانی ئارامی و نووسینی پیتەکانی بەسەر نووسینی پیتی ئەکەدی بابلی ومێخیدا زالبوو باویان نەما . لەجیاتیان زمانی ئارامی وبلاوبووەوە لەوناوچانەدا . هەخامەنشێەکان  نووسینان بەزمانی ئارامی کردە زمانی رەسمی نووسینەوە لەولاتدا

بەفەرمی ناساندیان ، هەروەها زمانی نووسین و قسەکردنی یەسوع مەسیح پێغەمبەر بوو(د. خ ) .
دواییبووە زمانی نووسینی گەلانی ڕۆژهەلآت و قسەکردن لەهەندێک بواری ئایینی مەسیحی کەسوریانی پێ ئەوترا ، کەلەلایەن مەسیحیەکانەوە بەکار ئەهێنرا ( بووە زمانی ئایینیان ) تا ئەمڕۆژ بەردەوامە هەرهەمان نووسینی ئارامیە . زمان و ونووسینی عەرەبی شێوەی نووسینی ئارامی هەیە لەڕوی پێکەوە لکاندنی وشەکانی و کەلەخەتی ئارامیەوە وەرگیراوە . (٦)
[لێرەوە هەندێک بۆچوون و بیروڕا دێتە پێشەوە ، گوایە هەندێک ئەڵێن (ئیبراهیم پێغەمبەر .د،خ ) ئارامیبووە لەڕاستیدا کاتی سەرهەڵدانی ئیبراهیم وژیانی لە دەوروبەری ساڵی١٨٥٠ پ.ع بووە ،کەچی کۆنترین باس لەسەر ئارامیەکان ویوونیان ودەوریان لەو ناوەدا لەساڵانی نوسینەوەی تەوراتەوە لەزەمانی موسا دا تا ساڵی ١٢٠٠ پ.ع کۆنتر بەدەستەوە نیە وتێپەڕنابێت . کەجیاوازی لەنێوان هەردو ماوەکەدا ٦٥٠ ساڵە ، ئیبراهیم پێغەمبەر ژیاوە بە٦٥٠ساڵ ، پێش پەیدابوونی ناو ودەوری ئارامیەکان .لەناو قەومەکەیدا کەهۆزی ومیتانی بوون لەدەوروبەری ساڵی ١٨٥٠ پ.ع. دا ژیاوە ] (٧).

(١) * دیاکۆنۆف ، میدیا ، دیاکۆنۆف ، وەرگێرانی بورهان قانع .
(٢)* العراق فی التاریخ ، کۆمەڵێک مێژوو نووسی عێراقی. ٥١٦لاپەڕە
(٣) * جۆرج روو ،العراق القدیم ، لاپەڕە ،٤٣٦ ،٥١٦،٥١٤، ٥٢٢، ٥٤٦، ، ٥٥١ ٥٦١، )
(٤)* محەمەد ئەمین زەکی مێژوی کورد وکوردستان
(٥)* کتێبی تەورات ، لاپەڕە ، ٨٧٤ هەروەها لاپەڕە ١٠١٨ چاپی عەرەبی بیروت
(٦)* تاهاباقر ، مقدمە فی تاریخ الحزارە العراقیە، لاپەڕە ١٥٥ .
(٧) * شرفخانی بەتلیسی ، شرفنامە ،وەرگێرانی بۆ عەرەبی محمد علی عونی
* زەینەفۆن ، ئانابازیس ،گەڕانەوەی دەهەزار یۆنانی .
* د. احمد سوسە ، تاریخ حزارە وادی الرافدین .

(٨) * د . احمد سوسه ، العرب و اليهود .

* ليۆ ئۆپنهايم ، بلاد مابين النهرين .

* عبد العزيم رزائى ، تاريخ ده هزار سالەیى ايران



وێنەی هەڵکەندراوەکەی کێوی بێستون نزێک کرماشان لەکاتی حوکمی

دارا ی دووەمدا ، (دارێوش)



دارای سێیەم (دارێوش )



ئەسکەندەری مەکدۆنی

# ئەسکەندەری مەکدۆنی (دەوری هیلینی)

## دامەزراندنی حوکمی سلۆکس ، سلوکی

## ساڵی٣٣١ - ١٢٦ پ.ع

لاوێکی سەرکردەو بلیمەت و لێهاتوو ئازا لەمەکەدۆنیا هەڵکەوت بەناوی ئەسکەندەری مەکەدۆنیەوە لەیۆنان و مەکەدۆنیادا ناوبانگی دەرکرد وای لەمەکەدۆنیەکان ویۆنانیەکان کرد کەبیر لە سەندنەوەی ناوچەکەیان وڵاتە داگیرکراوەکان بکەنەوە کە لە ژێردەستی دەوڵەتی هەخامەنشیدابوو ، گورزێک لەپارسوا (فارسەکان) بووەشێنن.ووڵاتەکەیان ڕزگار بکەن لەدەستی هەخامەنشیەکان . هەروەها بەنیازی داگیرکردنی وڵاتان لەشکرێکی ڕێک وپێک وپرچەک کراوی ئەو ساتانەو مەشق پێکراویان ئامادەکردبوو دەستیانکرد بە لەشکرکەشی وهێرشکردن بەرەو ڕۆژهەڵات ، ولات بە وڵات و ناوچە بەناوچەی ژێردەسەڵاتی هەخامەنشیان داگیریانکرد تاگەیشتنە دەشتی هەولێر ، ئەم

هێرشه له زەمانی حوکمڕانی داریۆشی سێیەمدا – دارای سێیەمی هەخامەنشی دا ئەنجامدرا .

دارای سێیەم بەلەشکرەکەیەوە بۆبەرگری لەوڵاتەکەی بۆبەربەستکردنی هێرشەکەیان بەرو پیریان هات بەرنگاریان بووەوە، هەردو لەشکرەکە لەدەشتێکی نزیک (ئۆرۆبل ، ئۆرۆبیل ) هەولێر لەپەنای گردی گۆگەمێل نزیک کەناری روباری خاپوور بەیەک گەیشتن وبەرەوڕوی یەک وەستان ، شەڕێکی بەرامبەری چارەنووسی و خوێناوی لەبەینیاندا قەوما ، له ژێر سەرکردایەتی داراو ئەسکەندەری مەکەدۆنیدا ، لەئەنجامی شەڕێکی بەرامبەری کەچەند ڕۆژێکی خایاند ، لەشکری ئەسکەندەری مەکەدۆنی سەرکەوت بە سەر لەشکری هەخامەنشیدا کە بەڕابەری دارای سێیەم بوو ساڵی٣٣١ پ.ع (١) .

له ئەنجامی شەڕەکەدا دارا لەمەیداندا بەزی و رایکرد ئەسکەندەر ، دوایکەوت گرتی و لەناوییبرد .

بەوشێوەیە هەموو وڵاتی سەر بە ئیمپەراتۆریەتی ئەخەمینی هەڵوەشایەوە وکەوتە ژێردەستی ئەسکەندەری مەکەدۆنیەوە. ئەسکەندەری مەکەدۆنی بەدەم شەڕو سەرکەوتنی بەردەوامدا گەیشتە هیندستان ، سنوری وڵاتەکەی لەمەکەدۆنیاوە تاهیندستان درێژکردەوە کە گەورەترین وفراونترین ئیمپەراتۆریەتبوو تائەوساتانە لەجیهاندا کە دامەزراوە.

لەکاتی هێرشەکەیدا ئەسکەندەر بەسەر شاری ئۆرۆبیلدا تێپەڕی ، گەیشتە ئاراپخادا ( کەرکوک ) لەوێ حەوایەوە خۆی ڕێکخست ئارابخا (کەرکوک) یەکێکبوو لەو شارانە کە ڕێکخراو دەستی پیاهێنراو ناوەکەی لە ئاراپخاوکرخاوە (دوایی کاتی فران ڕەوایی سلوگیەکان) گۆڕا بۆ (کرخ سلوگ) کەمەبەست قەڵاکەبوو بەمانای (قەڵای سلوگی ) ناویدەرچوو ، کەرکوک لەم سەدانەی دواییدا و بەوناوە نوێەوە زیاتر دەرکەوتوە وباسی لێوەکراوە (کرخ ، کرخین ) وەک لەسەدەکانی سلوگیەکاندا پێی ئەوترا ( کرخ سلوگ ،کرخین سلوگ ) ئارامیەکان پێیان ئەوت ( کرخا بیت سلوگ) دوایی موسوڵمانەکان پێیان ئەوت ( کرخینی ) ، کە وشەی کرخ بەمانای قەڵا ئەهات .

ڕۆژ هەڵاتی ناس وشارەزای مێژوو (هرسفیلّد ) لەسەر ئەوە سورە کە وشەی ( کرخی ،کەرخی ، کرخینی) ئارامی نیە ، وەک لای مێژوو ناسان باوبووە بەڵکو بەزوبانی ( هۆریە، حۆریە ). (٢)

دوهەزار ساڵ پ.ع خێزانی (وولی ) کە دانیشتوی قەڵاکەبوون ناویان ناوە کرخا کەبەزمانی هۆری مانای قەڵای ئەگرتەوە .کەڕەگی ناوەکە ئەگەڕێتەوە بۆ زوبانی هۆری کاتێک لە شکری ئەسکەندەری مەکدۆنی ئەگەنە شاری کەرکوک لە دورەوە گڕی ئاگری بابە گورگور ئەبینن باسیّ ئەکەن:

( ئەڵێن گەیشتینە شوێنێک کە ئاگر لە ناو زەویدا دەرئەچو وناویان نا (نەفتە) کە کانە نەوتی لێیە ، ئەوئاگرەی کەنزیک کەرکوکە ولەزەویەوە بەگڕبەرز ئەبێتەوە کەناوی بابە گورگوڕە ، ئەوان پێیان وتوە (گڕگڕە).

لە سەرچاوە ئارامیەکاندا هاتوە لە ساڵانی ٣١٢-١٣٥ پ.ع ، ئەم شارە گەشەی کردوە و گەورەبووە بیناو سازمانی چاکی تیادروستکراوە لەگەڵ شورایەکدا ، کراوە بەبنکەی فەرمانڕەوایی ناوچەکە ، بەم جۆرە ئەم شارە ڕۆڵی دیاری وبەردەوامی دیوە لەکاتی حوکمی دەوڵەتانی دوای سلوکۆس وەک دەولەتانی پورثی ئەشکانی و ساسانی (٣) ئەسکەندەر لەهێرشەکەیدا لەکەرکوکەوە بەڕێکەوتوە بەرەو بابل ، کە گەیشتە بابل لەویّ حەسایەوە بەرەو ناوەڕاستی ئاسیا کەوتەوەڕی ، بەرەو پایتەختی هەخامەنشی بەڕێکەوت وشاری (پاسارگاد ، پارسۆپۆلیسی) داگیرکردو کاولکرد وسوتاندی.

نوسخەیەکی دەگمەنی کتێبی ئایینی زەردەشتی بەناوی ( ئاڤێستاوە) دەستکەوت سوتاندی کەدەهەزار پەڕەبوو لە سەر پێستی ئاسک بەئاوی زێر نووسرابوو .

دوابەدوای کەوتنی دەوڵەتی هەخامەنشی و داگیرکردنی وڵاتەکەیان لە لایەن ئەسکەندەری مەکدۆنیەوە سەدەکانی هیلینی دوایی لەگەڵ دەوری (سلوگی ،سلۆکۆس ) دەستیپێکرد .

ئەسکەندەر بەرەوهیندستان کەوتەوەڕێ وداگیریکرد لەگەڕانەوەیدا لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ٣٢٣پ.ع لەبابل لەتەمەنی لاوێتیدا بە نەخۆشیەکی کوتوپڕ کۆچی دواییکرد .

ئەسکەندەر کەمرد منداڵی ئەوتۆی نەبوو کەجێی بگرێتەوە ژنەکەی سکی پڕبوو کەناوی ( ڕۆکسانا، ڕۆشنابوو ) کچی خێزانێکی ناوچەکەبوو هێنابووی . (٤)
دوای مردنی کوت وپڕی ئەسکەندەر ،سەرکردەکانی لەناو خۆیاندا لە سەرکورسی حوکم تێکچوون، دوای ماوەیەک لەئەنجامی بگرەو بەردە و شەڕی زۆر لە نێوانیاندا ، یەکێک لەسەرکردە سەربازیەکانی بە ناوی ( سلۆکس ) بەسەریانا سەرکەوت وبەشێکی فراوانی ولاتی بۆ ساغبووەوە ، بەتایبەت ئێران و کوردستان وبەشێکی عێراقی ئەوسا ئەوەی لێرەدا شایانی باسە لەزەمانی سلوگیەکاندا گۆڕانێکی شارستانی و چاکسازی و پێشکەوتن ڕویداو شاری نوێ لەناوچەکەدا دروستکرا .
لەسەدەکانی حوکمی سلوگیەکاندا ئەوبەشەی دەوروپشتی هەردو رویارەکەیان کردبوو چەند بەشێکەوە:
١/ میزۆپۆتامیا : بەو دەڤەرە ئەوترا کە لەنێوان هەردو ڕوبارەکەدابوو (دیجلەوفورات) لە سەرو بەغداد بەرەوژور
٢ / بابیلۆنا : خوار بەغدادی ئەگرتەوە ،دەڤەرو ناوچەی بابل و دەوروپشتی ئەگرتەوە
٣ / باراپۆتامیا: ڕۆژ ئاوای ڕوباری فوراتی ئەگرتەوە بەدرێژایی لەسەرەوە تاخوارو.
سلوگیەکان گرنگیەکی تایبەتیاندا بە میدیای بچوک لەسەروڕۆژ ئاوای ئێران کە بە ( ئەترۆپاتین) ناوی دەرکردبوو ، هەروەها بەناوی ولاتی (مۆگان ،مۆغان ، مۆقان ، مۆگ ) ئەناسرا مەڵبەندی پیاوە ئایینیە زەردەشتیەکان بوو . پایتەختی مادی بچوک شارۆچکەیەکی نزیک تەبرێز بوو بەناوی (قازا ).
لەماوەی حوکمی سلوگیەکاندا شێوەو جۆری ژیانی خەڵکی گۆرانی بە سەرەدا هات ، شارستانی و نەریتی هیلینی تاڕادەیەک کاریکردە سەر دانیشتوانی ناوچەکە .لەگەل ئەوەشدا سلوگیەکان مەبەستیانبوو کەش و هەوایەکی شارستانی ئەغریقی وڕۆژهەلاتی بهێننە ئاراوە . لەنزیک بەغدادی ئیستا شاری (سلوگیەیان ) دروستکرد .
لەم سالانەی دواییەدا کۆپەیەک دۆزراوەتەوە کەنووسراوێکی زەمانی سلوگیەکانی تیابوو

، باسی کرێن وفرۆشتنی باخێکی ئەکرد لە نێوان دوکەسدا کە ناویان بەزمانی سلوگیبوو لەگەڵ ناوی شاهیدەکان نووسراوە ئەشی ئەو ڕێککەوتن نامەیە لەماوەی حوکمی سلوگیەکاندا لە دەورویەری هەوراماندا بووبێت . (٥)

هۆزی (پارثوا ) لەوهۆزانەبوون کەسەریە دەوڵەتی سلوگی بوون لەناوچەکەی خۆیاندا توانیان نیمچە دەوڵەتێک دابمەزرێنێت ، لەهەرێمی پارثیا لە ناو بانەکانی ئێران و ڕۆژ هەڵاتیدا ، لەساڵی ٢٥٠پ.ع ، توانیان سەریەخۆیی بەدەست بهێنن سلوگیەکان لە وڵات دەربکەن ، بەرە بەرە پاڵبنێن پێیانەوە بەرەو ڕۆژئاوایان بکەنەوە ، تا دواجار سەرکەوتن بە سەریانداو لە وڵاتی ڕۆژهەڵات دوریان خستنەوە و دواییان بەحوکمیان هێنا .

(١)* لیۆ ئۆپنهایم وەرگێڕانی جرجیس فتح الّه مهد البشریه او الحیات فی شرق کردستان ،لاپەڕە ٣١٠ تا ٣١٤ .

(٢)* د . احمد سوسه ، تاریخ حزاره وادی الرافدین ، لاپەڕە ٤٠٤ )

(٣) * رشید یاسمی ،کوردو پەیوەستەگی نژادی ئو

(٤)* محمد امین زکی ، تاریخ کوردوکوردستان


(٥)* دیاکۆنۆف میدیا ورگێڕانی وریاقانع

* شەریف خانی بەدلیسی شەرەف نامە

* کۆمەڵیک مێژوونووسی عێراقی العراق فی التاریخ

* جۆرج ڕوو العراق القدیم

***




**نەخشەی ئیمپەراتۆریەتی  پارثی ،  ئەشکانی ، کەیانی ، ئەرشاکی ،**

# ئیمپەراتۆریەتی ئەشکانی

## کەیانی ، ئارشاکی ،ئەشکانی ، فورثی ، (پارثوا )

### سالّی ١٢٦ پ.ع  –  ٢٢٦ د.ع (دوای عیسا)

**پارثوا هۆزێک بوون لەوگەلانەی کە لەکۆتایی هەزارەی دووەمی پ.ع ، لەگەڵ میدیەکان و پارسەکاندا هاتنە ناوچەکەوە ، بەناوی ( پارثوا ، پارثاڤا) لە ڕۆژهەڵات وناوچەی خۆراسان و بانی ئێران نیشتەجێبوون . وڵاتەکەیان لەسەدەکانی حوکمی میدیەکان وئەخمینیەکاندا سەربە حوکمی هەردولایان بوون ، لە نووسینەکەی قەدپاڵی بێستوندا لەلایەن دارای دوەمەوە ، ناویان هاتوە بە ( پارثاوا ) ، ئەمانیش بەرەگەز وزمان هەر هیندۆ ئەورووپین ، لەناوچەی خۆیاندا نیمچە سەربەستیەکیان هەبووە .**

پاشای نوێی (پارثوا ، ئەرشاکی ) توانی دەوڵەتێکی بچووک دابمەزرێنێت (کە بەچەند ناوێک ناوبانگی هەبوو ) ووردە وردە لە سەر حسابی ئیمپەراتۆریەتی سلوگی فراوانیبکات. بەتایبەت (میثریدات کوڕی ئەرشاک )پاشای ئەشکانی دەستیکرد بەفراونکردنی وڵاتەکەی بەلەشکرێکی بەهێزو ئامادەکراوەوە هێرشی هێنا بەرەو سوریا هات ، ناوچەو دەڤەرەکانی سەر ڕێگەی خستە ژێر دەستیەوە وهەرێمی هەرکانی داگیرکرد خستیەسەر وڵاتەکەی .

لەساڵی ١٥٣ پ .ع دا (میثریدات کوڕی ئەرشاک ) هێرشی هێنابۆ بابل داگیریکرد و بنکەیەکی سەربازی لە تەیسۆفۆن کردەوە و توانی دەستبگرێت بە سەر هەرێمەکانی بابل ،ئاشور ،عێلام ، فارس ، میدیا ،هەرکانیا .

دوای ئەو (ئەفراهات ، فەرهاد ) جێگەی باوکی گرتەوە ، بابلی بەجێهێشت گەڕایەوە بۆ ناو هۆزەکەی بۆناو وڵاتی خۆیان ، دوای ئەوەی نوێنەری خۆی دانا لە بابل وەک حاکمی ناوچەکە کەناوی (هەمیرۆس) بوو ،ئەوحاکمە دەستی دایە خراپە کاری بەرامبەر بەدانیشتوانی بابل ، خەڵکی لێی بێزاربوون .

پارثیەکان خزمەتی خواوەندی (بل- بیل) یانکرد لە بابل لەگەڵ خواوەندی تایبەتی خۆیان میثرا دایاننا. (٤)

لەماوەی حوکمی ( پارثیەکان ،ئەرشاکیەکان ، کەیانیەکاندا ) ناوچەی (حەدەر ،حەزەر) کەلە ڕۆژئاوای دیجلەدابوو خوار موسڵا ( موسڵ ) لەژێر رکێفیاندابوو .

یەکێک لە پاشاکانی ئەرشاکی ناوی (سەنترک ،سەنتەروق) بووە لەساڵی ٧٦ بۆ ساڵی ٦٩ پ.ع حوکمی وڵاتی کردوە لەوانەیە پاشایەکی ناوچەیی بووبێت.

( مێژوونووسە عەرەبەکان ئەڵێن ئەمە ناوی سەنتەروقی پاشای عەرەبە کە لە حەزەر حاکم و پاشابووە ئەو ناوچەیە بە ئەرەبایا ناوی دەرکردبوو . هەروەها وەک هەندێک سەرچاوە ئاماژەی پێئەدەن لەوانەیە مەلویەکانی سامەڕا (شامەڕێ) ئەمان بنیاتیان نابێت ).

لەناوچەی کرخا (کەرکوک) وئۆرۆبیل (هەولێر) کاری ڕێکخستن وئاوەدان کردنەوە وخزمەتگوزاریان ئەنجامداوە ، بەتایبەتی ئاوری بەجەختیان داوەتەوە لەم دووشارەو ناوچەکەیان وگەشەیکردوە

ڕێوڕەسمی حوکمی ئەمان وابووە وڵاتیان دابەش کردبوو بە شێوەیەک هەریەشە وەک کۆنفیدراڵیەت حوکمیانکردوە لەناو وڵاتی خۆیاندا نیمچە سەربەخۆ بوون.
هەر لەسەدەکانی هاتنی عیسا مەسیحدا لەکاتی حوکمڕانی ئەماندا، دیانەتی مەسیحی لەکوردستاندا بڵاوبووەوە بەتایبەت لەناوچەی ( کەرکوک و هەولێر و داقوقا )، ودەوروپشتی (موسڵ ) وزۆر ناوچەی کە، هەروەها زوتر لە خواروی کوردستانی باکور وەک (هەڕان و ئۆرۆفەو ئەنتاکیاو سەروی سوریا ) دیانەتی مەسیحی بڵاوبووەوە .
حوکمی ( پارثۆ، ئەشکانی ،ئەرشاکی ) بەردەوام بوو تا ساسانیەکان لێیان هەڵگەڕانەوە ، دوای ئەوەی شۆڕش و ڕاپەڕین و جوڵان لەزۆردەڤەری وڵاتدا ڕویدا ، بەتایبەت لەساڵی ٢٢٠ – ٢٢٧ د.ع ( دوای عیسا ) ، بەتایبەت لەلایەن پاشاکانی ناوچەی کرخۆ (کەرکوک) و حدیاب ( ئۆرۆبیل ،هەولێر )ەوە ،کە ئەم دووشارە لە ئەردەوان (هەردەوان)ی شای ئەشکانی هەڵگەڕانەوە ڕاستبوونەوە کە دوا پاشای ئەرشاکیبوو، .
سەرکردەکانی ئەم ناوچانە ، دوایی ڕێککەوتن لەگەڵ ( ئەردەشێر کوڕی شاپور ،کوڕی بابک کوڕی ساسان) ، دژی دەولەتی پارثوا بوونە هاو پەیمانی ( ئەردەشێری ساسانی ) بەهەموو کەوتنە لەشکر کەشی وهێرش دژی ئەردەوانی (ئەشکانی ).
لەو کاتەدا شاهانشا ( ئەردەوان ،هەردەوان ) نامەیەکی هەڕەشەی ناردوە بۆ ئەردەشێری ساسانی لەو نامەدا هەڕەشەی لێکردوە نووسیویەتی :
( تۆ بویتە ئەوپیاوەی کەلە دەوڵەتی کەیانی ( ئەرشاکی ) هەڵبگرێیتەوە وراستبیتەوە ئەی ئەو کوردەی کە لەناو خێوەتگای کورداندا گەورەبوویت ، ڕاوەستەبۆم ! ).
هەر لەژێر سێبەری ئەو هاوپەیمانیەدا بەهاوکاری هێزی کرخۆ (کەرکوک ) وحدیاب (هەولێر)، بەهەموو هیرشیان هێنا بۆ سەر سلوقیە (سلوگیە) وتەیسۆفۆن کەپایتەختی ئەشکانیبوو توانیان سەر بکەون بەسەر ئەردەوانی ( هەردەوان )ی پێنجەمدا کە بەناچاری لەساڵی ١٢٦ د.ع. خوی کوشت ، بەوشێوەەیە وڵات کەوتە ژێردەستی بنەماڵەی ساسانی ، لە ئەنجامدا ، لەهەمان ساڵی کەوتنی دەوڵەتی (ئەشکانی ، پارثوا ،ئەرشاکی ) ئیمپەراتۆریەتی ساسانی لەشوێنی دروستبوو

(١) * دیـــــاكۆنۆف ،میـــــدیا ، وەرگێرانـــــی بورهـــــان قـــــانع .
(٢)* جۆرج روو ، العراق القدیم ، وەرگێرانی حسێن علوان لاپەرە ٥٦٠ ، ٥٦٢ .
* العراق فی التاریخ ، كۆمەڵێك مێژوونووسی عێراقـی . لاپەرە ٢٥٤ ، ٢٥٧
(٣)* هادی ڕشید الچاوشلی ،تراث اربیل التاریخی
(٤)* خواوەندی ( بل ، بیل ) كەهاوتای مەردوخ بوو لە هەولێریش هەربەو نـاوەوە هەبوو كە بە ناوبانگبوو پاشاكانی ئاشوری هەردەم لە هەولێر زیارەتیان ئەكردو ئەیان پەرست و كرنووشیان بۆ ئەبرد هەر بەو پێیە هەولێر بەشاری خواوەندی بیـل نـاوی دەركردبوو بۆیە ئەمڕۆ بە ( ئۆرۆبیل ، ئۆرۆبـل ) نـاو ئەبرێـت هەربەو نـاوەوە لە جیهاندا ناسراوە .( ئۆرۆ ) مانای شار ( بیل ) خواوەندی شارەكە ، نەک بە ناوی ( ئەربا ئیلۆ) ناوی دەركردبێت كە لەلایەن مێژوونووسانی عەرەبەوە بەمەبەستێكی كە لێكدراوەتەوە .

***



نەخشەی دراوێكی ئەشكانی بەناوی فرائۆرت

***




نەخشەی ئیمپەراتۆریەتی ساسانی

# ئیمپەراتۆریەتی ساسانی

## ساڵی ١٢٧ د.ع تا ٦٥١ د.ع

وەک لەوە پێش باسکرا لەزەمانی هەردەوانی ( ئەردەوان ) ی پێنجەمی ئەشکانیدا دەوڵەتی (فورثی، ئەشکانی ) لەناوبرا لەساڵی ١٢٦ د.ع دا لەسەر دەستی ئەردەشێری ساسانی ، دوای ئەوەی ئەردەشیری ساسانی هێرشی هێنا بۆسەر ئەردەوانی شای ئەشکانی و بە سەریدا سەرکەوت . هەرلەو ساڵەدا بوو ١٢٧ دوای عیسا دەوڵەتی ئەشکانی ڕوخاو هەڵوەشایەوە ، دەوڵەتی ساسانی لەشوێنی دامەزرا. بنەماڵەی ئەردوشێر ئەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە خیزانە گەورەکانی شاری ( ئەستوخوڕ ،پاسارگادی )ی نزیک شێراز کە ساسانی باپیرە گەورەیان زێوانی پەرستگای خواوەندی ( ئەناهیتا ) بووە لەوێ ، ساسانیەکان بەسەرکردایەتی ئەردەشێر ، لەپاشای پورثەکان هەڵگەڕانەوە وخێرا خۆیانکۆکردەوە هێزی سەربازیان ئامادەکرد ، دەستیانکرد بە لەشکرکەشی دژی فورثە ئەشکانیەکان .

ئەردەشێر لە شەڕێکدا بەرەو ڕوی ئەردەوان بوو وە ئەوشەرە ناوبرا بەجەنگی ( هورمزەدجان ) لەوشەڕەدا لەشکری ئەشکانی شکستی هێناو ئەردەوان خۆیکوشت ، بەوشیوەیە دەوڵەتی ئەشکانی لەناو چوو.

دوای ئەو سەرکەوتنە ،لەشکری ساسانی بەرەو بابل بوونەوە داگیریانکرد بوونە وارث و جێگری کەیانیەکان ، ئەشکانیەکان، هەموو وڵاتیان خستە ژێر ڕکێفیانەوە شاری مادیانیان (مدائن )کردە پایتەختی زستانەیان ، کەهەمان شاری (مەدائنی ) نزیک بەغدادبوو ، بووە بنکەو پایتەختی کیسراکانی ساسانی . (١)

زۆرترین شاکانی ساسانی نازناوی (کیسرا ) یان لەپێش ناوەکانیان دانابوو وەک کیسرا ئەپەروێز ، کیسرا ئەنۆشیروان زمانی فەرمی وڵاتیان ( پەهلەوی ،فەهلەوی ،فەیلی ) بوو کەیەکێکبوو لەدیالکتی زمانی کوردی ، فەیلی زمانی دانیشتوانی ناوچەکەبوو .

جەرگەی بەڕێوەبردنی ئیمپەراتۆریەتەکەیان لەکوردستاندابوو لەگەڵ پایتەختەکەیان . بەم سەرکەوتنەی ساسانیەکان ودامەزراندنی ئیمپەراتۆریەتی نوێ ، ساسانیەکان بوونە وارثی هەموو شێوەو جۆرەکانی شارستانی ونەریتی کۆمەڵایەتی وپێشکەوتنی نەتەوەکانی ئارینەژاد و گەلانی پێشکەوتوو ودەوروپشت ئەمان هاتنە سەرحازری ، موركی كەلتوری نەتەوایەتیوشارستانی كوردیان بەزۆری پێوە دیاربوو . بەوهۆیانەوە بەدەولەتێکی سەر بەکورد هەژمارەئەکرا ، بەتایبەت کە لە سەرشان وکۆمەکی هێزی دانیشتوانی کەرکوک و هەولێرو کرمانشان ناوچەکانی کەی کوردستان سەرکەوت و دامەزرا وجەرگەی حوکمڕانیان کوردستانبوو.

ەو ناوچانەی کەپشتی ئەردەشێریان گرت و یارمەتیاندا بوونە هۆی سەرکەوتنی ، کرانە تایبەتمەندو ئاوری تەواویان لێدرایەوە دەستی ئاوەدانیان بۆدرێژکرا . دەڤەری سیروان و دیالە وجلەولاو ناوچەی خانەقین و بەغداد و دەشتی کرماشان مەڵبەندی هاتوچۆو ژیان وراوی هەمیشەیی کیسراکانی ساسانیبوو ، نووسراو و بەڵگەنامەو نووسینی قەدپالی کێوەکان لەگەڵ پەیکەرو پەرستگای زۆریان لەدوابەجێ ماوە وەک تاقوستان لەکرماشان گەلێک شوێنەواری کە.

کۆمەڵگەی ساسانی لە سێ٣ توێژ وچین پێکهاتبوو :

یەکەم ( تەبەقەی ڕۆحانیان ، ئاثرون) .

دووەم (تەبەقەی جەنگاوەران ،ڕث ئاشتەر ) .

سێیەم (تەبەقەی کشاوەرزان ، واستەریو ،فشۆنێت ) (٢)

دەولەتی ساسانی پلەیەکی بەرزی بڕیبـوو لەپێشکەوتنی شارسـتانی و کۆمەڵایەتی ویەڕێوەبردن و یاسا وبیناسازی وپیشەیی هەمەجۆر ، هەر وەها لەڕوی زمان و ئەدەب و کەلتورو شیعرو داستان وڕۆماندا هەنگاوێکی باشی بڕیبوو . لەروی پیشەسازیەوە لە نـاوچە پێـشکەوتوەکانی جیهـان دانرابـووو ، گـورانی ومۆزیکـا پێـشکەوتبوو . لەسەدەکانی فرمانڕەوایی ساسانیەکاندا وڵاتەکەبووە مەزنترین دەوڵەتی سەر زەوی ئەو سـەردەمانە ، لـەڕوی شـێوەکـانی شارسـتانی و پیـشەسـازی ئـەدەب و هونـەرو پێشکەوتنەوە لەپلەیەکی باڵادابوون ، ئەوشارستانی و پێشکەوتنە هەر بەردەوام بوو تا ئەوساڵانەی کە دەوڵەتیان لەدەستچوو ، لەدوای بڵاو بـوونەوەی ئـایینی ئیـسلام ودوای هێرشی بەردەوامی عەرەبە موسوڵمانەکان بڵاوکـردنەوەی ئـایینی ئیـسلام ،و مەبەستیان سەرکەوتنیان بوو بەسەر دەولەتی ساسانیداو لەناوبردنی (٣)

هەربەوشیوەیە عەرەب ومۆسوڵمانەکان دوای سەرکەوتنیان ودامەزرانـدنی دەوڵـەتـی ئیـسلامی ئەو پێشکەوتنە شارسـتانیەیان لە ساسـانیەکانەوە وەرگـرت گوێزایانـەوە بۆبەغداد وبوونە خاوەنی ئەو شارستانیە وخاوەنی وڵات .

(١) * د. احمد سوسه ، تاریخ حزاره وادی الرافدین ، لاپەڕە ١٤ ) .

(٢) * محەمەد ئەمین زەکی بەگ ، مێژووی کورد وکوردستان ،لاپەڕە ١٢٢) ،

(٣)* دیاکۆنۆف ، میدیا ، وەرگێڕانی بورهان قانع .

* ویلگرام ، مهد البشریه او الحیاه فی شرق کوردستان وەرگێڕانی جرجیس فتح اللّه ، لاپەڕە ٣١٠ .

* جۆرج روو ، العراق القدیم .

* کۆمەڵێک مێژوونووسی عێراقی العراق فی التاریخ ، عێراقی .

* رشید یاسمی ، کورد و پیوستەکی نژادی او .

* شرفخانی بەدلیسی ، شەرەف نامە وەرگێرانی محمەد عەلی عەونی .

* ترجمەی هاشم رزی ، ئاوستا




ئارمی دەوڵەتی : وێنەی ئەهرومازدا وسێ گوفتارە بەنرخە فەلسەفیەکەی زەردەشت

( گوفتاری چاک ، بیری چاک ، کرداری چاک)دەرئەکەوێت



وێنەیەکی خەیاڵی دروستکراوی زەردەشت

# دەوڵەتی ساسانی

## ودیانەتی زەرادەشت وئایین و بڕوا

وەک لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێدراوە کەخوداوەندی مەزن فەرموویوتی هەر نەتەوەیک پێغەمبەریک یان پیاوچاکێکی هەبووە وپەیدابووە وهەڵکەوتوە ڕێگەی چاکەی پیشانی نەتەوەکەی داوە . لەوانەیە زەرادەشتیش لەوپیاو چاکانەبووبێت . دیانەتی زەردەشتی لەناوچەیەکی بەریندا بڵاوبوو ، دیانەتی زەرادەشتی باوەڕپێکراوبوو لەلایەن دەوڵەتەوە بەتایبەت دەوڵەتی مادو هەخامەنشی، ودوایی بەتایبەتی ئایینی فەرمیبوو لە ئیمپەرا تۆریەتی ساسانیدا. لە زور شارو شارۆچکەو دێهاتەکاندا پەرستگاو (ئاگرگەدە ، ئاتەشگەدە، ئازەرپادگان ) هەبوو ، هەردەم ئاگر لەناویاندا مەشخەڵانی بوو نەئەکوژایەوە، کە ئەوئاگرە هێمایەک بووە بۆ مەراسیمی بەڕێوەبردنی ئایینەکە نەک بۆپەرستنی وەک باسکراوەو باوە ، ( گوایە زەردەشتیەکان ئاگریان پەرستوە). گەورەترین ئاتەشگەدە لەوسەدانەدا ئاتەشگەدەی شاهانی ساسانی ( ئازەر گۆشاسب ) بوو لەتەختی سلێمان لەکوردستاندا.

ئایینی زەردەشت بەمەزەنە حەوت سەدە پێش لەدایک بوونی عیسا وهەزارساڵیک زیاتر پێش بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامی پیرۆز سەری هەڵداوە ، بەتایبەت لە میدیا و پارس ( فارس) بڵاوبووەتەوە. وەک باسکراوە لەڕێی پیاوچاکێکی ناوچەکەوە کە ناوی (زەرادەشتبووە) ، کەلە ئاڤێستادا بە ( زەرتۆشترە ئەسپێتامە ) ناوی هاتووە کتێبی ئاڤێستای داناوە کە بیروباوەڕو ئامۆژگاریە کۆمەڵاتیەکان وشێوەی پەرستن یاسای بەڕێوەبردن وپەیوەندی ناوکۆمەڵی لەخۆ گرتبوو .

لە ( کتێبی ئاڤێستادا لە سروودی ٢٩ لەبەندی ٨ ، ٥١ . لەبەندی ١١ ، ٥٣ . بندی ١ ) ناوی زەرتوشترە هاتوە. وەک باسکرا کتێبێکی داناوە دەربارەی بیروباوەڕو بۆچونەکانی بەناوی ( ئاڤێستاوە ) (١)

بڕوای بەیەکتا پرستی هەبووە بەخواوەندی چاکەو ڕوناکی وڕاستی وپاکی و بە بەزەیی وهیمنی ومیهرەبان ، بەخاوەن ڕەوشتی چاک ناوزەند کراوە ، کەناوی ( ئاهورا ، هورمزەد ،میثرا)بووە ، بەرامبەری دێوێک ڕاستبووەتەوە کە ماکی خراپەکاری وتاریکی ودرۆو دەلە سەو ناپاکی ڕەوشتنزمی بووە ،کەناوی (ئەهریمەن ) بووە . پیاوانی ئایینی دەوڵەتی ناویان (مۆغان ، مۆگان بوو، عەرەب پێیان ئەوتن مۆقان ) کەچینێکی تایبەتبوون .

ناوی هورمزەد لەبەڵگەنامەیەکی ئاشور پانیباڵی ئاشوریداهاتوە بەناوی خوداوەندی (ئاسەرمزاس ، اسرمزاس ) دیانەتی زەرادەشتی کە بە ناوی خوداوەندیان ئەهرۆمازداوە خۆی ئەنوواند بڕوای یەکتاپەرستی هەبوو کە زۆر بەئاشکرا لە ئاڤێستادا لە پاڕانەوە ئایینیە زەردەشتیەکاندا دەرئەکەوێت وەک :

( ئەی ئەهرومازدا ئەی ئەوکەسەی ئەم گەردون و ژیانەت ڕەخسان ) .

(ئەی ئاهورا ئەی پەروەرگار ئەی کردگار ، ئەوکەسەی ئەم جیهانەت ڕەخساندودروستکرد ، تۆبنیاتنەری گەردوونی لەتۆ ئەپاڕێمەوە) .

(ئەی ئاهورا تۆیت کارساز وگەردوون ڕەس ) .

( لەئاڤیستادا هاتوە ئاهورا ئەلێت: چەندەها وڵات و زەوی وزارم کارسازکرد وڕەخساند وەک ئێران ویج -ڤاچ) .

هەروەها وەک بۆنمونە هاتوە: ( دین نیک مزدا پەرستی می ستایم ؛ بەمانای دینی دروست وپاکی ئەهرومازدا پەرستم حەمدو ئەنام بۆی ) ، لەشوێنێکی کەدا ئەڵێت ( نخستین ئافەریدگاە افریتش ئاشون می ستایم ، یانی گەورەترین سازگەری گەردون لەو گەورەو میهرەبانە ئەپاڕێمەوە ) .

بیروڕا و بۆچونێک هەیەکە لەوانەیە بیری یەکتا پەرستی دیانەتی زەرادەشتی لە ئایینی موسا پێغەمبەرەوە د.خ هاوشێوەبێت یان وەرگیرابێت .

پوختەی بیرو فەلسەفەی زەردەشت لە سێ وتەی بەنرخدا خۆی ئەنوێنێت .

١ / گفتاری بەجێ ٢ / بیری بەجێ ٣/ کاری بەجێ .

کتێبی ئاڤیستا شەش بەشبووە :

( ١/ گاهان گاتەها ، ٢ / یەسنە ، یەشتەها ، ٣ / ویسپەرد ،٤ / وردەئاوێستا ، ٥ / وێندیداد ، ٦ / لەگەل بەشێک بەناوی زەند و پازەند. هەروەها (دین کرت ، دین کورد ) بەشێکی ئاڤیستایە ، کتێبی ئاڤێستا بەزمانی ئاوێستایی نووسرابووەوە ، ئەشی بوترێت لەوانەیە ئاڤێستا بەشێوەی زمانی ولاتی (ئێران ویج) نووسرابێت کەزۆر لەشارەزایانی مێژوو بیریان بۆئەوە ئەچێت کە دیالەکتی هەورامی بێت. کە لەدوای بەراوردو لێکۆڵینەوە ئەم بۆچوونەیان لەلا دروستبووبێت .
وەک باس ئەکرێت زەرادەشت لە ناوچەی رۆژهەلاتی گۆمی ورمێ ژیاوە لەوانەیە دادگا کرابێت لە ئەنجامدا دورخرابێتەوە بۆ ناوچەی باکتریا لەرۆژهەلاتی ئێران . هەروەها (بەبیرو بۆچونی هەرتسفیلد وکتێبی پێشوو ) .
لەکتێبی ( دینکرت ) دینی کورد دا هاتوو زەرادەشت لە دێهاتی (سپیتامیە) لەخانەوادەی (پورتسپی) مادی هاتوەتە دنیاوە ، دایکی ناوی ( دوغدو) بووە کچێ خانەوادەیەکی نەجیبی میدیە، باوکی سەرۆک هۆزبووە وپیاوێکی داناو بەدین بووە . قەدیمترین بینای زەردەشتی (نۆشی جان ) بووە نزیک هەمەدانە و ٢٠ کیلۆمەتر لەرۆژ ئاوای مەلایرە .
لێرەدا لەم باسانەدا ئەوەی پەیوەندی بەکەرکوکەوە هەیە ومەبەستمانە بەم شیوەیەی خوارەوە میژوو باسی ئەکات ،
**(تەبەری کاتێک سەردانی کەرکوکی کردوە لەکتێبەکەیدا بەشی دووەم چاپی سێیەم لەقاهیرە لە لاپەرە ٦) دا نووسیویەتی ئەڵێت :** { ئەوخێزانە رەسەنانەی ماگ (ماد) کەدانیشتوی کرکا بیت سلوگ (کرخا بێت سلوخ ) بوون زەردەشتیبوون بەیانیان زوو لە دەوری ئاگر کۆئەبوونەوە بۆنوێژکردن . لەسەدەی شەشەمی دوای لەدایک بوونی عیسادا . زۆرترین دانیشتوانی دێهاتەکان زەردەشتیبوون (٣)
هۆزەکانی حدێب ،حدیاب (هەولێر) . وبێث جرمی ،باگەرمی — گەرمیان ، ( کەرکوک ) لە گەڵ ناوچەکانی دەورووپشتیان ئاییني زەرادەشتیان پەیرەو ئەکرد } خێزانە (ماگەکان) کاروباری ئایینیان ئەبردبەرێوە کەپەیوەندیان هەبوو (بەمۆبزەکانەوە)

کەسەرۆکی بەڕیوەبردنی ئایینی زەردەشتیبوون ، کە ئامۆژکارو پێشرەو پێش نوێژبوون هەردەم خەریکی وردکردنەوە و ڕونکردنەوەی ڕێگەی ئایینی زەردەشتیبوون .
[ یاقوت الحموی لەکتێبەکەیدا ( معجم البلدان ) ،چاپی بێروت بەرگی چوارەم ،لاپەرە ٤٥٠ باسی کەرکوک ئەکات کە بە کەرخینی ناوی ئەبات ئەڵێت : قەلایەکە لەسەر زەویەکی نەرمایی باش وتوندکراوە بە شورەیەک ، لەنێوان دقوقا (داقوق) ،وئەربیل (ئۆرۆبیل) لەسەرگردێکی بەرز دروستکراوە ] کەرکوک لەزەمانی ساسانیەکاندا بەشێک بوو لەئیقلیمی ئاشور کەنزیک (تەیسۆفۆن) و(مەدائینی) پایتەختبووە .(٤)
لەماوەیەکدا لەولاتی ساسانیدا مەزهەبی مانی بڵاوبووەوە ، دوایی مەزهەبی مەزدەکی پەیدابوو ، دیانەتی مەسیحی یەکەم جارلە ڕێی ئەرمینیاوە لەزۆر شوێنی ولات بڵاوبووە ، ،( لەساڵی ٣٣ د.ع) دا هاتەکوردستانەوە ، بەلام ئەو ڕەواجەی نەبوو ، لەسەدەی چوارەمدا لەڕیگەی سوریاو ئەرمینیاوە بڵاوبووەوە ، دیانەتی مەسیحی کە لەکوردستاندا بڵاوبووەوە ، بەوهۆیەوە زۆر ناوەندی ئایینی کرایەوە ، کرانە مەڵبەندو کەنیسە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئایینی .
لە سەرچاوە ونووسینە ئارامیەکانی ( سریانی )دا هاتوە دێیەک هەبووە نزیک (داقوقا ،داکۆکا ) بەناوی (لاشوم) ناوی دەرکردوە لەخوار کەرکوکەوەبووە ناوەندی قەشەکانی سەردەمی بڵاوبوونەوەی دیانەتی مەسیحی بووە ، ناوەکەی دوایی گۆڕاوە بە ( لاسیم) ودواتر بە (لاسین ) .
وردە وردە خەڵکی ولاتی هەولێر ( حدێب ) ، لەگەڵ کەرکوک (بێت جورمی) ،( بیت گرمی)، (باگەرمی )، وزۆر لەدانیشتوانی ئەم ناوچانە هاتونەڕیزی مەسیحەکانەوە (٥).
لەسەردەمی بڵاوبوونەوەی دیانەتی مەسیحیدا قەشە وکەسە ئایینیەکانی کورد وەک قاشە (شەممۆ کوڕی فاغۆ . لەبێندابیش . بارشبای شارەزوری . ناثنیالی شارەزوری ) لەسەدەکانی حەوتەمی عیسایی قەشەو پیاوی ئایینی مەسیحیبوون خەڵکیان ئاڕاستەئەکرد بۆ ئەم دینە ، هەروەها کیسرا ساسانی جاثلیق (سوببەر یەشوع )ی

هەڵیواسی ولەناوییبرد کە یەکەم شوان بوو لەدەوری شاخەکانی شارەزور ژیابوو ، سەر قەشەی کەنیسەو مەڵبەندی داقوق بووساڵی ٥٩٦ د.ع .

مێژوو باسی کیسرای دووەم ئەکات کە دەولەمەندبووە گەنجینەکەی پڕبووە لەگەوهەرو زێڕو و بەردی بەنرخ ، ستەم وجەوری لە مەسیحیەکان کردوە ، (یەزدینی) کوشتوە کەلە بنەماڵەیەکی مەسیحی دەوڵەمەندی کەرکوکبووە ، هەروەها ( مشیحا زەخا ) یەکێکبووە لەپیاوە ئایینیەکانی مەسیحی وڵاتی هەولێر لەنووسراوەکانی مارکۆپۆڵۆ و مەسعودیدا ناوی هاتوە .

لەسەدەی یازدەهەمدا باسی جۆنێتی بڵاوبوونەوەی دیانەتی مەسیحی ئەکەن چۆن ئایینی مەسیحی لەرۆژهەڵاتی دیجلەدا بڵاوبووەتەوە کە دانیشتوانی کوردبوون، لەدوای ماوەیەک داقوق بووە بەبنکەیەکی ئایینی مەسیحی .

شاری داکۆکا (داقوق) ئاوەدانتربووە لەکەرکوک ، (کرخینی ) ، کە کەرکوک بەشێکیش بووە لە داقوق . (٥)

لەکاتی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا ئەم ناوچەیە کرا بەبەشێک (لەهەرێمی کوفە) ، ئەو ناوچانەی سەر بە کوفەبوون بە (ماە کوفە) ناویان دەرکردبوو بەمانای ( وڵاتی مادیەکانی سەربە بەشی کوفە ).

{ئەوەی جێی سەرنجە کە گەورە پیاوانی دێرو کەنیسەکانی کەرکوک (بێت جورمی ، باگەرمی ، گەرمیان ) و دەورووپشتی وهەولێر (حدێب حدیاب) و ناوچەکانی داسن و بێت عەبهی دەوری موسێل و شوێنانی کە بەنەژاد و زمان کوردبوون ، کەبوونە مەسیحی باس وخوازو کاری بەڕێوەبردنی ئایینی و نووسینیان بە زمانی ئارامیبوو کەزمانی دینیبوو، تا ئەمڕۆژ ئەو دیاردەیە هەر بەر دەوامە کە زۆر لەو مەسیحیانە بەڕەگەز کوردن و زمانی ئایینیان شیوەیەکی کلدانیە ، بەڵام شۆڤێنیە عەرەبەکان بە سامی نەژادیان داناون وهەر بەعەرەبیان دائەنێن ، ئەگەر هەندێکیان سامی نەژاد بن ، مانای ئەوەنیە کەعەرەبن ، مەرج نیەهەموو سامی نەژادەکان عەرەبن } .

لە سەدەکانی دوایی وپێش هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی ساسانی ، وپێش ودوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام دەڤەری کەرکوک ناوچەیەکی ناوداری مەسیحی

(نەستوری ) و ناوەندی کورسی قەشەکانبوو ، ئەو ناوەندە مەسیحیانە وئەوکۆمەلە مەسیحیە کۆنانە بەدرێژایی مێژوو بەردەوام هەبوون . ئەمڕۆ وەک کۆمەڵە خێزانی کلدانی خۆیان ئەنوێنن لەکەرکوکدا لە گەڕەکە کۆنەکانی گردەکە (قەڵاکە ) ئەژیان و ئەژین ، مەتران ئیش و کاری ئایینی ئەبرد بەڕێوە، مۆرەکەی هەر ناوی کەرکوکی کۆنی پێوەیە ، ئەم مەسیحیانە شانازیان بەکۆنترین کەنیسەیانەوە ئەکرد لە جیهاندا کەلە سەدەی پێنجەمدا بۆیادی شەهیدانی مەسیحی دروستکرابوو کە لە زەمانی ( یەزدگوردی ساسانی ) دا ، ( لەساڵی٤٣٨-٤٥٧ د.ع ) ستەمی زۆریان لێکرابوو . کاتێک تورکە عوثمانیەکان کەرکوکیان داگیرکرد ، ئەوکەنیسەیەیان وەک عەماری چەک و تەقەمەنی و زەخیرە بەکارهێنا ، لەگەڵ بڕانەوەی جەنگی جیهانی یەکەم لەساڵی ١٩١٨ دا کەهێزی تورکەکان لە کەرکوک کشانەوە بەجێیان هێشت وتەقانیانەوە و بەتەواوی کاولیانکرد .

وەک لە هەندێک سەر چاوەی جولەکەدا باس ئەکرێت جوڵەکەی نیشتەجێ بە کۆمەڵی هەبوون لەبابل و نوفەر ،وشوێنانی کە وەک کەرکوک وهەولێر و زۆر بەشی کەی کوردستان ، ئەوبەشە جولەکەیەی کە لە کەرکوکدا ئەژیان هەژارترو کەمدەست تربوون لەمەسیحیەکان ، کە بەئیشی بازرگانی و ئاڵ و وێلەوە خەریکبوون ،حاخامەکانیش کاروباری ئایینیان ئەبرد بەڕێوە .

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانەو باسەکەمان دەربارەی کەرکوک باشتر چڕ ئەبێتەوە : شاری کەرکوکە ،کە لە سەدەکانی فرمانڕەوایی سلوگیەکاندا ناوی ئەبرا بە ( کرخ ، کرخینی ) کەناوێکی (هۆری)بوو . لەهەندێک سەرچاوەدا هاتوە کە دووهەزار ساڵ پێش عیسا خێزانی (وولی ، وولو) کەدانیشتوی قەڵابوون ناویان ناوە ( کرخا) کەبەزمانی هۆرییووە .

لەسەرچاوە ئەگریکیەکاندا (ئەغریقی ) ناوی کەرکوک هاتوە بە ئاراپخیۆس Arrapkhius کەمەڵبەندی پەرستنی خواوەندی ( ئادد ) بووە، دوایی سلوگیەکان پێیان وتوە (کرخ سلوگ ، کرخینی سلوگ) مانای قەڵای سلوگی .

( مێژووناس هرتسفیڵد سورەلە سەر ئەوەی کە ئەو ناوە ئارامی نیە بەڵکو هۆریە) بۆیەکەم جار کەناوی کەرکوک هاتبێت بەم شێوەیەی ئەمڕۆی ( کەرکوک ) لەلایەن نووسەرە موسوڵمانەکانەوە هاتوە ، لە کتێبی مێژووی تەیموری لەنگ بەناوی (زەفەرنامە)وەکە (عەلی الیزدی) لەسەدەی پازدەهەمدا دایناوە بەو ناوەوە هاتوە.(٦)

زەمانی حوکمڕانی ساسانیەکان بارو دۆخ وژیان وهێزی دەوڵەتانی دەوروپشت جیاوازی زۆری هەبوو لە گەل سەدەکانی پێش ئەمان .

لەکاتی حوکمڕانی ئەماندا، دەوڵەتێکی بەهێزی سەربازی وشارستانی و پێشکەوتوو لە ئەوروپا هەڵکەوتبوو کە زۆرترین وڵاتی ئەوروپایان لەژێر دەستدابوو وەچاوی تەماعیان بڕیبووە ڕۆژهەڵات . خەریکی لەشکرکەشی و هێرشی بەردەوامبوون بەرەورۆژ هەڵات . کیسراکانی ئیمپەراتۆریەتی ساسانی لەبەر ئەوهۆیانە هەردەم لە شەڕێ بەردووام وبەرگریدابوون لە گەڵیان لەئەنجامی ئەو بارە نالەبارە لەوسەدانەدا کوردستان دابەشبوو بەسەر هەردو لادا هەمیشە شەڕی کاولکاری کوردستانی ئەگرتەوە ، بەشی باکورو ڕۆژئاوای کوردستان ژێر دەستەی ڕۆماو قوستەنتەنیەوە بوو وبەشی ڕۆژهەلات وخوارو ساسانی بوو .

لەڕۆژانی دواساڵی حوکمڕانی ساسانیەکاندا کەرکوک بە بەشێک لە هەرێمی شارەزور ناسراوبوو .

کاتێک هێرشی وێرانکاری ڕۆمەکان بۆ سەر ئیمپەراتۆریەتی ساسانی لە (ساڵی٦٢٧ د.ع ) دا ئەنجامدرا ، بەتایبەت بۆسەر شارەزور بەسەرکردایەتی ئیمپەراتۆری ڕۆم ( هەرقل ، هارکولیۆس ) لەم هێرشەدا بۆ یەکەم جار لەگەڵ (کیسرا خەسرەو پەروێزی ساسانی)دا کەوتەشەڕەوە ،لەنزیک (نەینەوا ) بەرەو ڕوی یەک بوونەوە ، شەڕێکی خوێنین و بەرامبەری لەنێوانیاندا ڕویدا . لەو شەڕەدا ڕۆمەکان سەرکەوتن بە سەر ساسانیەکاندا ، هەرقل بەدەم وردەشەڕەوە دوای خەسرەو پەروێز کەوت ، شەڕ بەردەوامبوو لەناوچەی هەولێر دوایی کەوتە کەرکوک و شارەزور ، لەئەنجامدا کەخەسرەو پەروێز بەزی ولەوشەڕەدا سەری تیاچوو . ڕۆمەکان دوای ئەوسەرکەوتنەیان دەستیانکرد بەکوشتن وبڕین و کاوڵکردن وتاڵانکاری بەتایبەت لەناوچەی شآرەزور ،

هەرچی دێهات و شارەکان بوو کاول و تالآنکران و سوتێنران ، دوایی ڕۆمەکان ڕویانکردە ناوچەی ئەردەڵان هەربە شێوی شارەزوریان برد تالان و برێان لەو ناوەدا ئەنجامدا ، کەلەم شەڕانەدا کوردستان بوویەدو کەرتەوە بەگشتی بووە پێگەی شەڕو تالآنی کوشتن و کاولکاری. ئەم حاڵە بەردەوامبوو تا (ساڵی ١٨ کۆچی ،٦٣٩ د.ع ) ، کەئەم ساڵە بەرەبەیان و هەرەتی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامیبوو

( ١ )* جلیل دوستخوا ، کتێبی ئاڤێستا ، سروودی ژمارە ٢٩ لە بەندی ١ ، ٨ ، ژمارە ٥١ بەندی١، هاتووە

لەکتێبی ئاینی زرادشت وجامعەی ساسانیان ،لاپەڕە ١٠ تا ٢٣ .

(٢) * علی شریعتی ، ئایینی زەردەشت ، وەرگێرانی بەکوردی شهرام رشید قادر .

(٣)* تبری ، (لەکتێبەکەیدا تاریخ التبری ) لەگەشتەکەیدا بۆکەرکوک ، بەشی دووەم ،چاپی سێیەم قاهیرە لاپەڕە ٦. ٥٣ بەندی ١

* یاقوت الحموی ، معجم البلدان، چاپی بێروت بەرگی چوارەم ،لاپەڕە ٤٥٠ .

(٤) * جمیل بندی ڕۆژبەیانی ، داقوق فی التاریخ ، لاپەڕە٣٧٦ .

(٥) * علی الیزدی ، زفرنامە

(٦) * دائرەالمعارف الاسلامیە ،بەشی دو ، لاپەڕە١٠٣٤ .

*لیسترانگ ، بلدان الخلافە الشرقیە ، لاپەڕە ٩٢

* محەمەد ئەمین زەکی بەگ ، تاریخ کورد وکوردستان ، لاپەڕە١٢٠ ، ١٢٢ ،٢٤١ .

*د . احمد سوسە ،تاریخ حزارە وادی الرافدین ، لاپەڕە ١٤ ، ٤٠٤ .

*ویلگرام ، الحیاە فی شرق کردستان او مهد البشریە وەرگێرانی جرجیس فتح اللە ، لاپەڕە ٣١٠ )

* ئەدمۆندز ، کورد و تورک و عەرەب ، لاپەڕە ٢٤١ بەئینگلیزی

* د. جمال رشید ، دراسات کوردیە فی بلاد سۆبارتۆ ، لاپەڕە ٨٧ ، ١٣٥ ، ١٣٦ .

* فتوح البلدان ، پۆلازری چاپی قاهرە

***

# بەشی چوارەم



نەخشەی دەوڵەتانی ئیسلامی ، خولەفای ڕاشدین وبەدواوە

# بەرەبەیانی بلاوبوونەوەی
# ئایینی ئیسلام

لەئەنجامی شەڕوکوشتاری نێوان لەشکری ڕۆم و ساسانی و ئەو کاوڵکاری وتاڵانی وکوشتن وبڕینەی قەیسەری ڕۆم هەرقل ( هەرکلیۆس ) ئە نجامیدا لە ماوەی ئەوهێرشانەیدا کە کردیە سەر دەوڵەتی ساسانی بەتایبەت بۆسەر کوردستان ، دەوڵەتی ساسانی بەجۆرێک کزو لاوازبوو کە توانای بەرگری نەمابوو وڵات وێرانبوو و برسێتی هەژاری ونەخۆشی بڵاوبوو .

ەرلەو ڕۆژانەدابوو ئاییینی ئیسلام سەری هەڵدابوو لەقۆناغی بلاوبوونەوەو پەرەپێدانیدابوو موسوڵمانەکان سەرقاڵی هێرش وجیهادی بەردەوامبوون بۆ سەر دەوڵەتی ساسانی ولەناوبردنی وبڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام .

ەشێکی زۆری خێزانی موسوڵمانەکان دورگەی عەرەبیان بەجێهێشت دوای لەشکری موسوڵمانان کەوتن بۆ نیشتە جێبوون بەرەبەرە لەڕۆژئاوای فورات پەڕینەوە، بەوڵاتانی داگیرکراودا بڵاوبوونەوە. لەشکری موسوڵمانان بەردەوام خەریکی هێرش و

لەشكركەشی بوون بۆبڵاوكردنەوەی ئەم دینە نوێیە ، هێرشی سەرەكیان بۆ سەر (سەواد) بوو ( كەئەوساتانە بەعێراق ئەوترا ارز السواد ) لەدو ڕێگەوە هێرشێان هێنا ١ / لە ناوچەكانی ناوەڕاستی ڕۆژئاوای فوراتەوە بەتایبەت لە ناوچەی كەربەلاو كوفەوە ئەنبارەوە .

٢ / لەخوارەوە لە بەسرەو لە (ئەبلە) سەریان هەڵدا دێ بەدێ و شاربەشاری ڕۆژئاوای فوراتیان بەدرێژایی داگیركرد ، ئەم هێرشانەیان بەناوی غەزاو جیهادەوە بوو لەپێناوی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا ، وەک باسكرا هێرشی سەركیان لەناوچەی ناوەڕاستی فوراتبوو لەدەەروبەری كەربەلاو كوفە و ئەنبار.

ئەو عەشیرەتە عەرەبانەی كە زوتر لە زۆر ناوچەی ڕۆژئاوای ڕوباری فوراتدا نیشتەجێبوون هاتنە ناو ڕیزی موسوڵمانانەوە بەسەركردایەتی (موثنی بن حارث الشیبانی) بوونە هێزێک و بەشێک لە لەشكری موسوڵمانان ، هۆزی شیبانی ماوەیەک لەوەبەر (لەزیقار ) توانیبوویان بەرامبەر بە دەوڵەتی ساسانی بوەستن و لەوناوچانەدا بەسەریاندا سەریكەوتبون ، كەپێغەمبەری مەزن د.خ ، لەدوای ئەوسەركەوتنە فەرموویەتی ( هذا یوم انتسف فیه العرب من العجم وبی نسروا ) ، نزیكە بەم مانایە · ئەو ڕۆژەبوو كە عەرەب بەسەر عەجەمدا سەركەوتن وتۆڵەیان لێسەندن سەركەوتنیان بەدی هێنا .

لەو سەدانەدا وكۆنتریش نەتەوەی عەرەب تەنها لە ڕوژئاوای ڕوباری فوراتدا جێگیربوون كەسنووری (حدودی) نەتەوەییانبوو هەر لەو سەدانەدا ئامارەتێكیان پێكهێنابوو بە ناوی ( حیرەوە ) ئەو عەشیرەتانەی كە نیشتەجێی ئەوناوچەیە بوون بەیارمەتی ساسانیەكان ئەمارەتی حیرەیان دروستكردبوو .

ئەم هۆزو تیرە كۆچكردوانە لە سەدەی سێیەمەوە ( د.ع ) لەیەمەنەوە تازەكۆچیانكردبوو هاتبوون بۆعێراق بەناوی تیرەی ( تنوخ )ەوە ، چادرنشینبوون . بە یارمەتی وڕەزامەندی و دەستنیشان و سەرپەرشتی دەوڵەتی ساسانی ئەو ئەمارەتەیان دروستكرد كەسەنتەرەكەی شاری (حیرە) بوو سێ میل لەخوار كوفەی

ئیستاوەبوو . ئەم تیرەوهۆزە عەرەبیانە لەلایەن ساسانیەکانەوە بەکار ئەهێنران بەمەبەستی بەرگریکردن و پارێزگاری لە سنووری دەوڵەتی ساسانی دژی هۆزە ڕەوەندە ( بەدوە ) عەرەبەکان هیرشی کاولکاسری بەردەوامیان ،کە (حیرە )وەک سپێرێک لەبەردەمیاندا وەستابوو ، سەرکردەی حیرە بەناوی (تنوخ ) وخانەوادەکەیان بە ناوی ( لخمی )حوکمیانئەکرد .

* لەکتێبی التاریخ الاسلامی والحزارە الاسلامیە، هی د.احمد شلبی دکتۆرای فەلسەفە ، چاپی قاهیرە ١٩٥٨ بەرگی یەکەم ، لەلاپەڕە ٥٦ دا هاتوە کە : (١)
( فورس (ساسانی) ، بەهەمان شێوەی ڕۆمەکانیش بۆ ئەوەی سنورەکانیان دور ڕابگرن ،لە گەڵ عەرەب جیاییکەنەوە و لەهێرشی بەردەوامی بەدوی عەرەب بەدورین وپارێزراوبن ، هۆزە عەرەبەکانیان بەکار هێناوە ، بۆ ئەوەی ئەوهۆزانە بتوانن بەرنگاری هێرشی عەرەب ببنەوە ، لەبەرئەوە مەملەکەتی حیرەیان دامەزراند کە پارێزگاری لە فورس (ساسانی) بکات بیانپارێزێت ، هەر بەوشێوەیە مەملەکەتی غەسان دامەزرا بۆ ئەوەی ڕۆم بپارێزن و ڕۆمەکانیش بیانپارێزن ).

ئەو عەرەبانەی لەو ناوچانەدا ئەژیان بەشێکیان مەسیحی وزەردەشتیبوون ، لەکاتی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا چوونەپاڵ هاوڕەگەزو هاوزمانە عەرەبەکانیانەوە ، بەوهۆیانەوە موسوڵمانەکان ناوچەی ڕۆژئاوای فوراتی ناوەڕاستیان خستەژێر دەستیانەوە وسەرکەوتن بەسەر لەشکری ساسانیدا وشاری حیرەیان داگیرکرد . هەروەها قەڵای ئیخێدەر( قلعە الاخیذر ) نزیک کەربەلایان داگیرکرد ، کە قەڵایەکی سەخت مەڵبەندێکی بەرگری وکۆمەڵایەتی ساسانیبوو لەحیرە منداڵان لێیان ئەخوێند ، کاتێک داگیریانکرد هەرچی منداڵی مەسیحیە عەرەب و زەردەشتیەکان هەبوو دەستیان بەسەریانداگرت بردیانن ولەناوخۆیاندا دابەشیان کردن ، دوایی کە گەورەبوون بە مەوالی ناویان دەرکرد ، لەشکری موسوڵمانان دوای داگیرکردنی شاری حێرە دێهاتەکانی دەوروپشتیان داگیرکرد .

موسوڵمانەکان خۆیان ئامادەکردبوو بۆجیهادو جەنگێکی چارەنووسی لەپێناو بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا لە ولاشەوە ساسانیەکان ژمارەیەکی زۆر سەربازیان

ئامـادەو پـرچەک کردبـوو بـۆ بەرامـبەری وبەرگـری وبەرەو ڕوبـوونەوەی هێـزی موسوڵمانەکان ، لەماوەی ئەم هێرشە بەردەوامانەدا چەند سـەرکردەیەکی ئیـسلامی گۆران وەک (موثنی کوڕی حارثی شەیبانی و خالد کوڕی وەلید ، دواجـار سـەعد کوڕی وەقاس ) بووە سەرکردەی لەشکری موسوڵمانان کە لەخاڵوانی پێغەمبەر بوو د.خ سەرکردەی لەشکری ساسـانیەکانیش ڕۆسـتەم بـوو ، مـاوەیـەک وردە شـەڕ بەردەوام بوو ، دێهاتەکانی ڕۆژئاوای فوراتیان داگیرکرد ، دواجار هەردولا ئامادەی شەڕێکی چارەنووس ساز بـوون هـەرلایـەک ئامـادەی شـەڕبـوو لـەشـکرێکی زۆریـان کۆکردبووەوە ، لەشوێنێک کەناوی (قادیش ، قادسیە) بوو کەقەلآیەکی ساسانی بوو .
لەساڵی ١٤ کۆچیدا شەڕدەستی پێکرد کە هەردولا ئامادەبوون بوشـەڕی بەرامـبەری بەردەوام ، لەوشوێنەدا لەساڵی ١٥ کۆچی ولەمانگی ١٩ شوبات ساڵی ٦٣٦ بۆچەند ڕۆژێک شەڕی گەرم بەردەوام بوو ، لەئەنجامدا کۆتاییهات بە سەرکەوتنی موسوڵمانان بەسەر لەشکری ساسانیەکاندا .
لەگەرمەی شـەڕەکەدا لاوێکـی موسـوڵمانی عەرەب دزەیکردبـووە نـاو ڕیزەکـانی ساسانیەکانەوە نزیک ڕۆستەم بووەوە لەپشتەوە خەنجەرێکی لێداو ڕۆستەمی کوشت و هاواریکرد (بەخوای گەورەی کەعبە ڕۆستەم کوشـت ) بەوشـێوەیە کاتێـک مردنـی ڕۆستەم بلاوبووەوە ،لەشکری ساسانیان سەریان لێشێواو شـپرزەبوون بلاوەیـان لێکرد ، لەشکری موسوڵمانان سەرکەوتن ، دەستیان کرد بەکوشتنی سەربازەکانی لەشکری ساسـانیەکان ، هـەر بـەدوایانـەوە بـوون لـەشـکرە بـەزیـوەکە بەرەودواوە لەپاشەکشێدابوو. بەوشیوەیە عەرەبە موسوڵمانەکان لەڕوباری فورات پەڕیبوونەوە دوایان کەوتن تا بەرەو پایتەختی ساسانیان کردنەوە کەشاری مادیان بوو( مەدائن ) ، سەعد کوڕی وەقاس بەدەم شەڕوهێرشەوە بەرەو شاری مادیان ( مەدائن ) کەوتەڕی پـایتەختی ساسـانی شـاری مادیـان ( مەدائـن ) (کەپێـی ئەوتـرا شەهرسـتانان ، شارستانان ) بێبەرگری بێخاوەن لە بەردەمیاندا کرایەوە ، ، موسوڵمانەکان بەرەو پایتەخت هیرشیان هێناو داگیریانکرد سەعد چووە ناوشارەکەوە دەستکرا بەتالآنی و کاوڵکردن و بەدێلگرتنی ژن ومنـداڵ وجـوان وپیـر و دابەشـکردنی دەسـتکەوتیان .

خێرا دەستیانکرد بەجیگیرکردنی لەشکرەکەو نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبەکان کە بەدوای لەشکری موسوڵمانانەوە  لەدورگەی عەرەبەوە بەخاووخێزانەوە هاتبوون  بۆ نیشتەجێبوون  لەدەڤەرە داگیرکراوەکاندا.
یەزدگوردی سێیەم  لەساڵی ١٩ کۆچیدا دوای شکست هێنانی دەوڵەتەکەی وداگیرکردنی پایتەختەکەی ( مادائینی ) بەجێ هێشت دەربازبوو بەرەو خانەقین و هەلوان وجلەولا کەوتەڕی بۆخۆپاراستن ودورکەوتنەوە
کیسرا یەزدگوردی سییەم  لە دەوروبەری  ( جلەولا ، گولۆڵە ) وچانێکیدا ، دەستی کرد بەخۆئامادەکردن و کۆکردنەوەی لەشکرەکەی بەرگری لەدەوڵەتەکەی  .
سەرکردەو بەرپرسانی سەربازی ساسانی  سەرقاڵی خۆئامادەکردن بوون دژی هێرشی موسوڵمانان ،  موسوڵمانەکان بەرەو هەڵوان  (حەلوان)  ئەلوەندو خانەقین و دەوروبەری هێرشیان هێنا.
لەجلەولا  شەڕێک ڕویدا ، لە ئەنجامی شەڕوپێکدا داندا ، لە شکری ساسانی دیسان بەرگەیان نەگرت لەبەردەم هێرشی لەشکری موسوڵمان و عەرەبەکاندا شکستیان هێنا ، ئەم شەڕە بە جەنگی  (جلەولا ) ناوبرا ، لەشکری ساسانی بەرەو قوڵایی کوردستان بەتایبەت بەرەو( نەهاوەند )کشانەوە.
لەنەهاوەندا ساسانیەکان جارێکی کە کەوتبوونەخۆ ، بۆخۆ ئامادەکردن کۆکردنەوەی لەشکر بۆ شەڕێکی چارەنووسی کە دژی هێرشی موسوڵمانان  وبەنیازی سەرکەوتن ، ژمارەیەکی زۆر (گۆندی ، (جندی) ، سەربازیان) کۆکرد بووەوە ئامادەیان کردن وهەر هێزێکیان بەدەستەوەبوو لەگەل ئەوانەی لەشوێنانی کەدا کەمابوون  هێنایانن  هەموویان خستە کارەوە .
لەم شەڕەدا ساسانیەکان دروشمی کاوەی ئاسنگەریان ( درفش کاڤیان ) یان بەرزکردەوە کە  ئاڵاو دروشمی دێرینەی گەلانی ئێرانیبوو  دوەڵەت لەدوای دەوڵەت لەکاتی شەڕی گرنگ وچارەنووسیدا بەرزیان ئەکردەوە ، سەرلەشکری ساسانی  ( مەردان شابوو ) سێ سەرکردەی لە شکری کەی لە بەردەستدابوو:

١/ سفار کوڕی خزر ، ٢/ جیهانگیر کوڕی پەروێز ، ٣/ سروشان کوڕی ئەسفەندیار ، سەرلەشکری موسولّمانانیش (نەعمان کوڕی مقرن المزنی) بوو .
دوای ماوەیەک شەڕەکە گەرمبوو لە ئەنجامی شەرو کوشتاری زۆر وپیکدادانداندا لە نێوان هەردولادا. بەشکستی وتێکشکانی لەشکری ساسانی دواییهات ، دوای سەرکەوتنی موسولّمانەکان لەبەرەکانی شەڕدا ، بەکوشتن کەوتنەگیانی سەربازانی ساسانی ، دروشمی کاوەی ئاسنگەریان دەستکەوەت و سوتانیان ، بەم جۆرە ئیمپەراتۆریەتی ساسانی لە مێژودا چووە ناو لاپەڕەکانی مێژووی دەولّەتانی ڕابوورد و لەناوچوو لەساڵی ٢١ کۆچیدا .(٢)
یەزگوردی سێیەم شاهانشاو کیسرای ساسانی سەری خۆی هەڵگرت ڕووەو ناوەڕاستی ئاسیا بەرەو دوارۆژێکی نادیار کەوتەڕی ، دوایی بەدەستی ئاشەوانێک کوژرا . ئەم دەولەتە بەردەوامبوو تا ئەوڕۆژەی لەشکری موسولّمانان دوا سەرکەوتنیان بەدیهێنا ودەولەتی ساسانیان لە ناوبرد لەشەڕی نەهاوەندا لە (ساڵی ٦٥١ .د.ع ) دا .
دوای ئەم شەڕ وکوشتارو سەرکەوتنانەی موسولّمانان ، هەموو ئێران و کوردستان بێهێزو بێخاوەن مانەوە لەبەردەم لەشکری موسولّماناندا دەرگا کرایەوە ، ئەوکەلانە بەرامبەر لەشکری عەرەبە موسولّمانەکان توانای بەرگریان نەما موسولاّنەکان لەشکریان ڕێکخستبوو بەشێوەیەک بەش بەشیانکردبوون بۆ ئەوەی هەر کۆمەڵێک بەهێزێکەوە بەلایەکدا بچن بۆداگیرکردنی ناوچەکانی کە .
ساڵی ١٨ کۆچی هێزێک بەرەو تکریت کەوتبووە ڕێ داگیریانکرد ، بەشێکیان بەرەو { باجورمی ، باگەرمی ، گەرمیان (کەرکوک) و( شارەزورو) } هاتن وبلاّوبوونەوە ، سەرلەشکری موسولّمانان ( هاشم بن عەتەبە بن ئەبی وەقاس لەگەڵ ئەشعەث بن قیس الکیندی ) باگەرمیان (کەرکوک ) داگیرکرد کە ناوچەو ولاّتی گوتیەکان بوو .
* ( بەپێی کتێبی بولازری-پۆلاّزرێ- فتوح البلدان ،لاپەڕە ٢٦٤-٢٦٥ ). (٣)
هەروەها خاوەنی فتوح البلدان ئەڵێت [ سەعد کوڕی وەقاس فرمانیدا کە هاشم بن عەتەبە بن ئەبی وەقاس لەگەڵ ئەشعەث بن قیس الکیندی بنێرێت بوناوچەکە ، بە ( ڕازانات) دا تێپەڕبوون گەیشتنە (داقوقا وخانیجار ) ناوچەکەیان داگیرکرد ] . بەم

شێوەیە هەموو (کورەی) ناوچەی باجورمی (باگەرمی) گەرمیان کەوتەژێر ڕکێفیانەوە چوونە ناو( سن بارما) وە لەگەڵ بوازیج الملک ) تاگەیشتنە شارەزور ، لەوکاتەدا داقوقا شارێکی ئاوەدانبوو ئاوابوو کردیانە بنکەیەکی سەربازی . کەرکوک (بێت سلوگ ، کرخینی) بەشێک بوو لە داقوق ، هەموو ناوچەکەیان بەست بە کوفەوە کەمەرکەزی ولایەتبوو .

لەدوای داگیرکردنی ناوچەی گەرمیان و کەرکوک و بەشێک لە شارەزور ، هیرشی موسوڵمانان بەرەو قوڵایی شارەزور تابناری شاخەکانی زاگرۆس هاتن ، لەو ناوچانەدا ماوەیەک مانەوە بەڵام توشی بەرگری توندبوونەوە و دوپشکی شارەزور پەرێشانی کردن زۆری لێکوشتن.

لەگەل داگیرکردنی ناوچەی گەرمیان وشارەزور ،بەشێک لەشکری موسوڵمانان بەسەرکردایەتی (عەتەبە بن فرقد السلمی ) لە دەوروپشتی ڕوباری دیجلە نزیک تکریت بەرەو موسڵ کەوتنەڕێ هەرچی دێهات و شاروچکەی کوردان هەبوو لە سەر ڕێگەیان داگیریانکرد تاگەیشتنە شارێک کەپێی ئەوترا (میسیلا ) کە ئەمرۆ ناوی ( موسڵە) داگیریانکرد ( هرثمەابن عرفجە البارقی ) کرایە سەرکاری شاری موسێڵ و چوونە ناو شارەکەوە کە دانیشتوانی کورد بوون ،زەردەشتی و مەسیحی بوون ، وەک بلازری خاوەنی کتێبی فتوح البلدان باسئەکات : ( لەساڵی ٢٠ کۆچیدا بۆیەکەم جارە کەعەرەب ئەچنە ناو شاری موسڵەوە کەنیسەو پەرستگاکانیان و ئاتەش گەدەیان داگیرئەکەن ئەوخێزانە عەرەبانە کە لەگەڵ هۆزەکانیاندا بەدوای لەشکری موسوڵماناندا بۆنیشتەجێبوون وژیان هاتبوون نیشتەجێ ئەکەن لەکەنیسەو پەرستگاکاندا ولەوناوچانەدا کەداگیر ئەکرێن ). پۆلازرێ دەڵێت: موسوڵمانەکان و هۆزە عەرەبەکان دوای ئەم سەرکەوتنەیان وجێگیربونیان لەموسێل ڕویانکردە بنکەو قەڵاو شارو شارۆچکەکانی کوردەکان هەموویان داگیرکران (٣) .

بەم شێوەیە بە مەبەستی بلاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام بەجیهاد ، وردە وردە هەموو کوردستان وبانی ئێرانیان داگیرکردو خستیانە ژێردەستیانەوە وبەرەو ئەرمینیاو دەیلەم و ڕۆژهەلاتی ئێران کشان موسوڵمانەکان.

---

لەكـاتی هێـرش وگەمـارۆدانی شـارێک ، بەدانیـشتوانیان ڕایـان ئەگەیانـد .
١ / ئەگەر بەئاشتی خۆ بەدەستەوەبدەن وبێنەڕێزی موسوڵمانانەوە پارێزراو ئەبن .
٢ / یاخود دانووسان و گفت و گۆ ئەکرا بەمەرجی ئەوەی دانیشتوان بپارێزراو ئەبن ،سەربەست ئەبن لەپەیڕەوکردنی ئایین وبیروباوەڕیان ، پەرستگاکانیان پارێزراوبێت بەمەرجێک باج وسەرانە بدەن بەموسولمان . موسوڵمانەکان بەم شێوەیەو بەمەرجی جیاوازەوە بەپێی شوێنەکان توانیان زۆر شوێن داگیربکەن ئایینی ئیسلامی بڵاوبکەنەوە . بێپەلامارو شەڕو هێرش و غەزا لەشوێنی کەدا ئایینی ئیسلام بەئاشتی بڵاوبووەوە خەڵکەکە خۆیان هاتنەناو دینەکەوە .
٣ / ئەگەر بەو دو مەرجەی سەروە قایلنین ناچارین بەزۆرو شەڕوکوشتار سەربکەوین بـە سـەریانـداو ئۆبـاڵی ئـەنجامـەکـانی لـە ئـەستۆی ئـەواندایـەو ئـەنفـال ئـەکـرێن لەناوچەکانی دەیلەم دانیـشتوان بەرگـری تەواویـان لەوڵاتەکەیـانکرد کە کوردبـوون مەرجیان دانا بۆڕێکەوتن کەپارێزراوبن پەرستگاکانیان پارێزراوبێت وسەربەستبن لەبیرو باوەڕی ئایینیدا .
٤/رش هێنان وجیهادی موسوڵمانان ، هاتنی تیرەو هۆزەکانی عەرەب لـەدورگـەی عەرەب وعەربستانەوە بۆناو وڵاتانی کە ، دوشـێوەی جیـاوازی لە خـۆی گرتبـوو :
یەکەم :لە شـێوەی هێرشـی سـەربازی ، موسـوڵمانان وموجاهیـدینی ئیـسلام کەمەبەست و ئامانجی سەرەکیان بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام بوو لەڕێگەی داگیرکردن و بروابێهێنانی لەلایەن دانیشتوانی وڵاتانی داگیرکراوەوە ، قایل بوونیان بەم ئایینە نوێیە. ئەم ئایینە نوێیە کە دینی پیرۆزەو ڕەواو ڕاستیەو ئایینی ئاشـتی وبرایەتـی وپاکی ورەوشت بەرزیە هەموو تاکێکی موسوڵمانان لە ئاستیا بەیەک چاوسەیر ئەکات موسوڵمانان هەموو وەک یەکن جیاوازی لە نێوانیاندا نیە ،تەنها لەڕوی خواپەرستیەوە وپەیوەندبوون بەفەرمودەکانی دینەوە جیاوازیان هەیە .
دووەم : موسولمانە عەرەبە ڕەوەنـدو کۆچەرەکـان (بەدو) کە بەشـێوەی هـۆزو عەشـیرەتی لە یەمەن و دورگەی عەرەبەوە ئەهـاتن لەدوای لەشـکرەوەبوون بـۆ

نیشتەجێ بوون و ژیان لەو وڵاتە داگیرکراونەدا وکەبوونەتە موسوڵمان ، کەمەبەست لێرەدا ئابووری بوو گەڕانبوو بەدوای خۆشگوزەرانیدا .
لەولاتی خۆیاندا ژیان ودەستکەوت وباری ئابووری ئاسان نەبوو.هەژارو دەستکورت بوون هەلێک بوو بۆیان ڕەخسا بکەونە ژیانێکی نوێ و خۆش گوزەرانیەوە ،لەو وڵاتە داگیر کراوانەدا کەخیرو بەرەکەتیان زۆرترە .
ئەم هۆزو عەشێرەتە عەرەبانە بەم شێوەیە دەستیانگرت بەسەر ئەو ناوچانەدا وبوونە خاوەنی موڵک وماڵ وزەوی و زارو ئەرەوەتی دانیشتوان ، لەبەرئەوەی زۆری هۆزو عەشیرەتە بەدەویەکان ئاستی بەرزی شارستانیان نەبوو جاهیل وهەژار بوون گیانی عەشیرەگەری وهۆزایەتی وگیانی دەمارگیری وبیروباوەڕو نەریتی جاهلیەتی عەرەب ،هێشتازاڵ بوو بەسەر بیرو کردارو رەفتاریاندا ، ئایینی ئیسلام نەیتوانی باش وەک پێویست لەبیرو دڵ ودەرونیاندا بچەسپێت ، باش ڕەگی دانەکوتابوو ، لە فەرمودە بەنرخەکانی ئیسلام تێنەگەیشتبوون بەباشی پەیڕەویان نەئەکرد ، گیانی هەوەس و ئارەزو بەرژەوەندی وخواستی تاکە کەسی وگیانی عەشیرەتگەری وهەوڵدان بۆخۆشگوزەرانی ودەستکەوت زاڵبوو بەسەرکار وکردەوەی ڕۆژانەیاندا وبیروباوەڕی خواپەرستیدا .
موسوڵمانە غەیرە عەرەبەکان توشی بێبەشی و جەورو ستەم وناخۆشی بوون بەدەست ئەم هۆزانەوە ، کردارو ڕەفتاریان لەگەڵ فەرمودەو ئایینی پاکی ئیسلام نەئەگونجاو دینیان کردبووە هۆی بژیوی خۆش گوزەرانیان لەسەر ڕێی ڕاستی دین لایان دابوو مەرامی تاکی خۆیان لامەبەستبوو نەک دینەکە .
ناو دارترین ئەو هۆزە عەرەبانەی کە لە ناوجەرگەی عەرەبستانەوە ولەیەمەنەوە لەهەڕەتی بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا بەمەبەستی نیشتەجێبوون لەناوگەلاتی داگیرکراودا ،کۆچیانکرد لەدوای لەشکری موسوڵمانانەوە هاتن بۆنمونە ئەمانەبوون :
قوزاعە ، ئەیاد ، عدنان ، بکر بن وائل ، تمیم ، تغلب ، النمر ، الكلب ، قزاعە ، اسد، تەی ، ئوزد ، شیبانی، عەنزە، بەنی لام ،— هە،،تد .
بەشێکی کەم لەم هۆزانە زووتر لە ڕۆژئاوای فورات نیشتەجێبوون ، وەک نەتەوە و

خاوەن زەوی و خاک لەڕۆژئاوای ڕوباری فوراتدا ئەژیان ، تائەوساتانە هێشتا نەپەڕیبوونەوە بۆ ڕۆژ هەڵاتی فورات ، زۆرترینیان لەناوجەرگەی دورگەی عەرەبەوە کۆچیانکردبوو بۆ ئەم وڵاتە . دوای سەرکەوتنی سەرومڕو بەردەوامی موسوڵمانان لە داگیرکردن وبڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام نامەیان نووسی بۆخەلیفەی دووەمی موسوڵمانان عومەر کوڕی خەتاب. س.خ :-

{ موسوڵمانان ئەیانەوێت بنکەو مەڵبەندی هەمیشەیی دروستبکەن لەنزیک ولە ناوخاکی عەرەبدا بۆ حەوانەوەی لەشکری موسوڵمانان و ڕێکخستنی کاورباریان و ئامادەکردنیان ودابەشکردنی هێزەکانیان و بۆ هێرش بردن بەرەو شوێنانی کەی ڕزگارنەکراو ،هەروەها بۆ دابەشکردن ونیشتەجێکردنی ئەوهوز وعەشیرەتە رەوەندو کۆچەریە بەدەویە عەرەبانەی کە بەخۆشی ئەم وڵاتانەوە بە خاوو خێزانەوەبەدوای لەشکری موسوڵماناندا لە یەمەن و دورگەی عەرەبەوە هاتوون بۆ نیشتەجێبوون و ژیان}.

خەلیفە عومەر کوڕی خەتاب س.خ ، وەرامی دانەوە کە : [عەرەب لە تەبیعەتی حوشتردایە ، بیابانی پێخۆشە کەنزیک ئاو لەوەڕبێت. لەکوێ سنوری زەوی و زارو خاکی عەرەب دواییدێت دواسنوری وڵاتی عەرەبە ، هەروەها لەوشوێنەی سنوری زەوی وزار وخاکی وڵاتی فارس (کوردستان ) دەستپێنەکات ئەوشوێنە هەڵبژێرن بۆ ئەومەبەستە ، لەوێ شارو ئاوەدانی لێدروستبکەن ] (٥) لەسەرینەمای ئەو ڕاسپاردانە موسوڵمانەکان شوێنی کوفە وبەسرەیان هەڵبژارد وپەسەندکرد کە ئەومەرجانەی باسکران تێیاندابوو کەپشتیان بەبیابانی عەرەبەوە بوو. لەبەردەم ئەماندا بە چەند کیلۆمەترێک سنوری خاکی عەرەب دواییدێت ، (کوفەو بەسرە ) لەشوێنی ئیستایان هەڵبژێران ئەومەرجانەیان تیابوو کەئەکەوتنە دواسنوری زەوی عەرەب ، کرانە بنکەی سەربازی ، و نیشتەجێکردنی بەشێک لە هوزو عەشیرەتە عەرەبەکان ، هەرلێرەشەوە دابەش ئەکران بەسەر ولاتانی داگیرکراوی سەریە موسوڵمانان.

کاتێک هـوزە بەدەویە عەرەبەکـان لە ناوەڕاسـتی عێـراق نیـشتەجێ بـوون بینیـان دارەدرەخت ودارخورما بەچڕی بەناو یەکداچوون و پڕە لەخێرو بەرەکەت ، یەکەم جار ناویان نا (سواد) دوایی بەناوچەکەیان وت (العراق ). (٢)

دانیشتوانی کرێکـارو جوتیـار وکەشـتیاری ڕەسـەن وکۆنی وڵاتە داگیرکراوەکانیـان دەرنەکرد لەشوێنی خۆیان هیشتیانەوە سودیان لێوەرگرتن وەک کرێکار وسـەپـان، ڕەنجبەر هەرچەندە دەسستیانگرت بەسەر زەوی و زاریاندا بوونەخاوەنی موڵـک و زەوی و زاریـان ، هەر هـۆزو عەشـیرەتێک کۆمەڵێـک لە دانیـشتوانی ڕەسـەنی ئەو وڵاتانەیان هینایە پاڵ خۆیـان بەنـاوی ئاگـاداری وپاراسـتنیان لە زەوی وزارەکـانی خۆیاندا ئیش وکاریان پێنەکردن بۆکاری کشتوکاڵی و بەردەستی خۆیان بـەکاریـان ئەهێنان ناویان لێنرا (مەوالی)

(مەوالی ) بەمانای هەرچی دانیشتوانی وڵاتە داگیرکراوەکانە کەغەیرە عەرەبن بوونەتە موسوڵمان ودینی ئیسلامیان قبوڵە بە (مەوالی) ناوبراون ( بەکوردی بەردەست وپیاوی کەسـایەتـی عـەرەب وسـەرکـردە موسـوڵمانەکـان ئەگەیەنێـت )، لەگەڵ عەرەبە موسوڵمانەکاندا بەپلەیەک نزمتر سـەیرئەکران . لـەگـەڵ ئـەوەی موسـوڵمان بـوون ،ئەبووایە ساڵانە سەرانەیان بدایە، لەناو لەشکری ئیسلامدا مافی ئەوتۆیان نەبـوو ، کاریەدەست ویەرپرس نەبوون ، بەشدار نەبوون لە دەستکەوتی شەرو غەزا وئەنفالدا ،پلەو پایەیان پێنەئەدرا ، لەبەڕیوەبەرایەتی شوێنە فەرمیەکانـدا دور ئەخـرانەوە . بەتـــاوان دائەنـــراو قەدەغەبـــوو مەوالـــیەک ئـــافرەتێکی عەرەب بهێنێـــت . هەر بۆنمونە[ کاتێک موختارالثقفی بەراپەڕینێک هەڵسا کە سەر بەعەلەویەکانبوو ، هەڕەشـەیکرد کە (مەوالـی ) وکۆیلەکـان بەکارئەهێنێـت دژی دەرەبەگ وئەشـراف وهۆزەکانی عەرەب وئەیان جوڵێنێت پلەو پایەیان پێ ئەداو ئاستیان بەرزئەکـاتەوە وەک عەرەب ، موختار بۆماوەیەک ڕەواجی بەم کارەدا ، هوزە عەرەبەکان بەم کارە سەغڵەتبوون هاواریان لێ هەڵسا کەئەمە لە پلەو شـکۆمەندیان کەمئەکـاتەوە چۆن ئەبێت مەوالی وەک ئەوان سەیربکرێن بەرزبکرێنەوە ولەئاستی ئەواندابن ، بەڵام دوایی موختار جوابی نارد بۆ سەرۆک هۆزەکانی عەرەب ئامادەیە مەوالی بگێڕێتەوە دۆخی

جارانی بیبەشیانبکات لە ئیمتیازات ئەگەر ئەمان لەشەڕەکانیدا لایەنی بگرن ] ، .
( شیث کوڕی ڕەبعی ) دەربارەی مەوالیەکان بە موختاری ثەقەفی وتوە :
مەوالیەکانمان نیعمەتێکن خواپێی داوین ، کردومانن بە بەشێک لە دەستکەوتمان ،
کاتێک مسعەب کوڕێ زوبێری دیوە وتویەتی ، ئەوانە کۆیلەی ئێمەن شەڕیان پێبکە .
بەغدادی ئەڵێت : موختاری ثەقەفی وەعدی بە مەوالی دابوو کەماڵ ومولکی
گەورەکانیان بەسەریاندا دابەشبکات) . کاتێک خەلیفە ئەبوعەباس پیاوێکی مەوالی
کردە سەرکردە و بەڕیوەبەری موسڵ کە ناوی (محمد کوڕی سول بوو) لەموالی
خەشعەم بوو ، هۆزە عەرەبەکانی نیشتەجێی موسڵ بەدڵیان نەبوو وتیان چۆن ئەبێت
مەوالیەک حوکمیان بکات ..؟ . (١٤)
یەکێک لەوکێشە وگیروگرفتانەی کەموسوڵمانەکان توشیبوون ، ئەوگەڵ ونەتەوانەبوون
کە وڵاتەکانیان داگیرکرا دوای بەرگری وشەڕو کوشتار هاتنە ژێرئاڵای ئیسلامەوە ، کە
ئەمان ئاری نەژادن وزمانیان هیندۆ ئەوروپی بوو ،موسوڵمانە عەرەبەکان سامی
نەژادن و عەرەبی زمانبوون ، لەیەکتر تێنە ئەگەیشتن ئەم جیاوازیە کێشەی زۆری
بۆدروستکردن ، ئیدارەکردنیان وتێگەیشتن لە یەکتری ئاسان نەبوو . کەئەبووایە فیری
زمانی عەرەبی بکرێن وزمانەکە لە ناویاندا بڵاوبکرێتەوە ، هەندێک لە عەرەبەکان وتیان
مادەی ئیسلام عوروبەیە و عروبەش مادەی ئیسلامە لە بەرئەوە عروبەوئیسلام یەکن
بەهەردو تەواوکەری یەکترن . ئەبێت هەموو موسوڵمانان عەرەبی بزانن (١٢)
بۆ ئاسان کردنی بەڕێوەبردنی وڵاتانی داگیرکراو سەربە موسوڵمانان وڵاتەکانیانکرد بە
دوبەشەوە ،
١/ بەسرە سەنتەری ولاییەتبوو ، ئەوبەشانەی کە سەربە بەسرە بوون پێیان ئەوترا (
ماە بەسرە) (مانای وڵاتانی میدیای سەربە بەسرە ) یەکێک بە ناوی ئەمیرێ بەسرە
کاروباری وڵاتانی سەربە بەسرەی ئەبرد بەڕێوە وەک (فارس ،کرمان ، خۆراسان
، (ئەسپەهان) ئەسفەهان ، ئەهواز ) . (١١)
٢/ کوفە (کەپێی ئەوترا (ماە کوفە) یانی بەشەکانی وڵاتی میدیای سەر بەکوفە) کە
هەرێمی ، (سەرو ئێران ،وەک قەزوێن وزنجان وتەبەرستان وئازربایجان وڕەی وقۆمس و

نەهاوەند و ،بەشێکی زۆری کوردستان کەبە الجبال ناسرابوو لەلایەن ئەمیری کوفەوە ئەبرابەڕێوە. ئیبن الفقیە ئەڵێت : (کەئەڵێین والی عێراق مانای والی بەسرەو کوفەی ئەگرتەوە ) بۆ ئەوەی کاروباری وڵاتان و بەڕێوەبردنیان باش بڕوات بەڕێوە ، والی عێراق سەرۆکی کارو ، ئەمیری هەڵئەبژارد بۆبەڕیوەبردنی ناوچەو وڵاتانی دەوروپشت ودوردەست ، ڕەچاوی ئەوەی ئەکرد کە ئەبێت ئەو کەسە تواناو توندوتیژ و دڵسۆزبێت و دەستی نەپارێزێت لە بەکارهێنانی هەرچی هۆیەک لەبەردەستیابێت بۆ دامرکاندنەوەی هەر هەستان و ڕاپەڕینێک . (٢)

ئەوەی جێی سەرنجە ئایینی ئیسلام بڵاوبووەوە دوای ئەوەی گەلانی ڕوژهەڵاتی ناوەند لە دوای ماوەیەک هاتنەژێر ئالای ئیسلامەوە پەیڕەوی ئەودینە پیرۆزەیانکرد بەخۆشیەوە پەیڕەوی فەرمودەو پێویستیەکانی ئایینیان بەجێ ئەهیناو پیاوی ئایینی و زانایانی زۆریان تیاهەڵکەوت هاتنەکۆری کاروخزمەت کردنی ئایینەوە ، کورد باوەشی دڵسۆزی کردەوە بۆ ئەم ئایینە نوێیە ، نەتەوەی کورد لە هەموو نەتەوەکانی غەیرە عەرەب زیاتر خزمەتی دینی ئیسلامیان کرد و قوربانی زۆریشیان لەو پێناوەدا دا کە مێژوو بە شانازیەوە باسیئەکات ولەبەرچاوە .

ئاینی ئیسلام کاریگەری بنەڕەتی هەبوو لەسەر گەلانی سەربە دینی ئیسلامی لەڕوی ئابوری وکۆمەلایەتی وئەدەبی ومیژوویی وکەلتوری وهونەرەوە، کە کاریکردە سەرناخی نەتەوەکان وبیرو فەلسەفەو ئاستی بیرکردنەوەیان و پەیوەندی کۆمەلایەتی وخێزانیان . دیمۆگرافیای زۆرنەتەوە وگەلان وشوێنانی گۆڕی ، زۆر وڵات وگەلان بوونە عەرەب وەک میسرو سوریەو سەروی ئەفریقا بەشێک لەعێراق وئێران . نەتەوەی عەرەب بووە تاکە گەلی گەورە وبەدەست وفراوانی ناوچەکە ، چارەنووسی زۆرلەگەلان وڵاتانی ناوچەکە کەوتە دەستی ئەوان .

لە لایەکی کەوە خەلیفەکان وئایین پەیڕەوان و جێگران وزانایانی ئایینی وسەرکردەی لەشکری بەگیانی عەشیرەتگەریەوە کەوتنە قینەبەری دوژمنایەتی وپیلانگێران دژی یەکتر ، لەلایەک داوا ئەکرا بنەماڵەی پێغەمبەر د.خ (ئال البیت )ئەبێت حوکمی موسوڵمانان بکەن وخەلیفەی موسوڵمانان هەرلەو بنەماڵەیە بێت ، بنەماڵەی تر هەبوو

بەرامبەر ئەم بیرۆکەیە وەستابوون ، کێبرکێیان بوو لەپێناوی بەدەستهێنانی خەلافەت وحوکمڕانی.

لەدوای ماوەیەک بارەکە گەیشتە ڕادەی خوێنڕشتن ولەشکرکەشی دژی یەکتر و بەهەدەرچونی خوێنی هەزارەها موسوڵمان بە خۆڕایی وەک شەڕێ سەفەین وجەمەل وکارەساتی کۆمەڵکوژی کەربەلا وشەهیدکردنی خەلیفەکانی ڕاشدین وکۆشتارەکانی حەجاج کوڕی یوسفی ئەقەفی.

لەئەنجامدا جیهانی ئیسلامی دووکەرت بوو لەنێوان بنەماڵەی معاویە کەڕاستبوونەوە و وەستان بەرامبەر بنەماڵەی پێغەمبەر محمد د.خ ، لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵ وتاقمی جۆراوجۆری کە ، لەئەنجامدا بەئاقاری کەدا تێپەڕی کەئاسەوار کاریگەریان تا ئەمڕۆ بەردەوامە کە ئەم بڕگانەی لێکەوتەوە: (١٠)

١ / کۆمەڵێکی نوێ پەیدابوو خۆیان ڕێکخست بەناوی خەواریج سەریەهیچ لایەکیان نەبوون .

٢ / عەلەویەکان ( شیعەی )سەربە خەلیفە علی کوڕی ئەبوتالیب س.خ . کە لایەنگرو بەرگربوون لەڕەوشی بنەماڵەی ئیمامی عەلی س.خ ، کەلە ئال البیتدا خۆی ئەنواند . دوایی بەناوی شێعەوە ناویان دەرکرد

٣ / ئەمەویێ سەربە بنەماڵەی معاویەکوڕی ئەبی سوفیان کە موناف‌سی بنەماڵەی(ئال البیت ) بوون دوایی گۆڕانی کەیان بەسەرداهات بە بەیارانی سوننە مەزهەب ناوبانگیان دەرکرد. (١١)

لەئەنجامی شەهیدکردنی خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتالب و حوکم ودەوری خەلیفەکانی راشدین دواییهات و هەڵوەشایەوە لەجیاتی ، خەلافەتی بنەماڵەی ئەمەوی( لەشام ، دیمەشق) دامەزرا .

تێبینی :

{سەیر ئەوەیە ئەو دوکتۆرە عەرەبە بەڕیزانە ( لەکتێبی العراق فی التاریخ ) و لە زۆر نووسراو توێژینەوەی مێژووییدا لەباتی ئەوەی ناوی موسوڵمان ودینی ئیسلام بهێنن کە ئەو سەرکەوتنانەیان بە دەستهێناوە بەمەبەست و لەپێناوی بڵاوکردنەوەی ئایین

وبڕوای ئیسلامەتیدا ، کەچی باسی نەتەوەی عەرەب ئەکەن کەسەرکەوتون بەسەر نەتەوەکانی ناو ئێران ، بەشەڕێکی نەژاد پەرستی دائەنێن نەک ئایینی ، لەگەڵ ئەوەی عەرەب خۆیان پێش کەمتر لەپەنجاساڵ پێش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام پارچە بەردو قوڕو بتیان ئەپەرست ، ئەوتەتەوە داگیرکراوانە ڕێزەوێکی بڕوایان هەبوو کە بیری یەکتاپەرستی وچاکەی بەرجەستەکردبوو ، لەبەرامبەردا عەرەبەکان شانازیان بەجەهالەتی عەرەبی و بتپەرستی کۆنیانەوە ئەکرد وەک کەلتورێکی عەرەبی باسیان لێوە ئەکرد هێشتا بیرو بڕوای جەهالەتی عەرەب نەڕەوییبووەوە لەمێشک و بیرکردنەوەو ڕەفتاریاندا} .

(١)* د. احمد سوسه ، مقدمه فی تاریخ الحزاره العربیه ، لاپەڕە ٢٩٦ .

* د. فاروق عمر فوزی ، تاریخ العراق فی عسور الخلافه ، ١١ تا ١٤ ،١٦-٢٠ - ٢٨ ، ٣٢ - ٣٧ .

* مجموعه من کتاب کوێتیین تاریخ الحزاره العربیه الاسلامیه ،لاپەڕە٦٩ ، ،٧١ ٩١، ٩٣.

(٢)* د. احمد شلبی ، التاریخ الاسلامی والحزارەالعربیه ،چاپی قاهیره١٩٥٨ بەرگی یەکەم لاپەرە ٥٦

(١) * د . فاروق عمر فوزی ،تاریخ العرب و المسلمون فی العسر العباسی

(٣) * بلازری (پۆلازریٚ ) فتوح البلدان ، لاپەڕە ٢٦٠— ٢٦٥ .

* د. نزار عبد اللتیف الحدیثی ، العراق فی التاریخ ، لاپەڕە ٢١٤- ٢١٩ تا ٢٢٢ .

(٤) * سالح احمد العلی ، العراق فی التاریخ ،لاپەڕە ٢٢٣ .

(٥) * م . جمیل ڕۆژبەیانی ، داقوق فی التاریخ ، لاپەڕە ٣٧٦ .

(٦) * عبد الحسین زرین کوب ، تاریخ مردم ایران ، فارسی.

(٧) * عبد الحسین زرین کوب ، تاریخ ایران بعد از اسلام ، فارسی .

(٨) * مرتزی راوندی . تاریخ اجتماعی ایران ، فارسی .

(٩) * علی میر فتروس ، ملاحزاتی در تاریخ ایران اسلام و اسلام راستین فارسی

(١٠) * الفرق بین الفرق ، لاپەڕە ٣٢.

(١١) * اللواء محمود رامز ، تحرير العراق ، لاپەرە ١٤٥.

(١٢) * ولكنسۆن جۆن ، حدود الجزيره العربيه

(١٣) * منهاج سراج ، تاريخ ايران واسلام

(١٤) * د. فاروق عمر فوزى ، النهوز العربى فى العراق .

* شرفخانى بەدليسى ، شرف نامه

* محەمەد ئەمين زەكى ، تاريخ كورد وكوردستان

***



نەخشى دراوێكى عەباسى

# دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسی

## ورەوشی ئایینی ئیسلام

لە ئەنجامی دوبەرەکی ودوژمنایەتی  لە نێوان بنەماڵەی خەلیفە علی س.خ وبنەماڵەی معاویە ، دواکات ئەمەویەکان سەرکەوتن ، معاویە بووە خەلیفەی موسوڵمانان ودەوری (دەوڵەتی خولەفای ڕاشدین ) بەرسەرچوو لە جیاتی ئەو (دەوڵەتی خولەفای ئەمەوی ) دامەزرا ، پایتەختیان لەمەکەوە گواستەوە بۆ شاری دیمەشق لەشام  ئەم دەوڵەتە ڕوویەکی کەی حوکمڕانی گرتەبەر ، خەلیفەو کاربەدەستانی لاسایی دەوڵەتانی ڕۆمانی وساسانی وڵاتانی غەیرە موسوڵمانیان ئەکرد  لەکۆشک وتەلاری پڕ لەکەنیزەک مۆزیک وژیانی پڕلەخۆشی دنیایی و ئارەزووکاری وڕابواردن ژیانیان بەسەر ئەبرد .
بەڕێوە بردنی کاروباری ئایینی ودینی ئیسلامی شێوەیەکی کەی وەرگرت کە خەلیفەکان بەرە بەرە دورکەوتنەوە لە بواری بەڕیوەبردنی کاروباری دینی موسوڵمانان ،بارەکە وەک زەمانی خەلیفەکانی ڕاشدین نەمایەوە گۆڕانی بەسەرداهات، بۆ ئەومەبەستە زۆربەتەنگی دینەکەوە نەبوون.
لەخەلیفەکانی ڕاشدین  کەمتر خۆیان بەکاروباری ئایینیەوە خەریکئەکرد، بەڵام لەگەڵ ویارمەتی سەرکردە سەربازیەکان هەر بەردەوامبوون  لە خۆئامدەکردن ولەشکر کەشی و داگیرکردنی وڵاتان بەناوی غەزاو جیهادو بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامەوە .
دڵسۆزان وزانایان وپیاوچاکان لەموسوڵمانی بەدین وئایین پەروەران وخواپەرستان زۆرتر بەتەنگ دینەکەوە بوون بەدڵ ودەرونیکی پاکی دین پەروەریەوە پەیوەند بوون بەئایین و دینەکەوەو  وبڵاوکردنەوەی و جێبەجێ کردنی فەرمودەو پێویستیەکانی ئایینی ، لە هەموو ئاست وئاقارێکدا خەریکبوون ، ئەم کارە پیرۆزەیان ئەنجامئەداو کردبوویانە کاری ڕۆژانەو ژیانی هەمیشەیی ، شوێنی کارەو ئەرکەکانی خەلیفەشیان گرتبووە ئەستۆ لەو بووارانەدا   بەجیهادەوە خەریکبوون وئەجەنگان . (١)
وەک باسکرا بەشێک لەخەلیفەکانی ئەمەوی و عەباسی خەریکی کاروباری کەسایەتی

ودنیـایی خۆیـانبوون . وەک خەلیفەکـانی ڕاشـدین وابەسـادەیی بـەدادپەرەوەری وخواپەرستی وکاری ئایینیەوە زۆر خەریکنەبوون ، لەگەڵ ئەوەشدا خـاوەنی هەردو دەسـەلآتی دنیـایی ودینـی بـوون ، هەنـدێکیان هەر بەڕواڵـت خەلیفەبـوون . دابڕان وبەرامبەری وفرەبۆچوون وفتوای زۆرو پەیدابوو ، ڕیزی موسوڵمانان کەرتبوونی زۆری بەخۆوەدی ، گیانی بەرامبەری دوژمنایەتی پەیدابوو خوێن کەوتەبەینـەوە ڕک وکینە درەستبوو ، دابڕان و چەند بەرەیەکی لێبووەوە لەئەنجامدا ئەم کارو هەنگاوانە بوونە ڕەگێکی هەمیشەیی مێژوویی دوبەرەکی و جیاوازی وفرە بۆچوونی بەردەوام . ئەو دوبەرەکی جیاوازی وفرەبۆچوونە ئـاینی وبەرامـبەریە تـائەمڕۆ دیـاردەکانیـان بەردەوامن ڕەنگ ئەدەنەوە لەژیانی ڕۆژانەی موسوڵماناندا وناوەندە ئایینیەکاندا . کە بەزەقی و ئاشکرا لە مەزهەبی سوننە وشیعەدا ئەمڕۆ خۆیان ئەنوێنن ، ئەوانـیش هەریەکەیان لک و لۆی زۆریان لێبووەتەوە ئەمـڕۆ بـەچـەنـدەهـا نـاو لـەکۆمـەڵگـای موسوڵماناندا هەن ەناوشیعە مەزهەبەکانـدا ڕەوتـی عەلەوی وجەعـفەری و ئەئـیمەی ئیثناعەشەری و چەند شێوەی جیاوازو بۆچوونی ئایینی کە لەناویاندا سەریان هەڵدا . لەناو سوننە مەزهەبەکاندا ، مەزهەبی شافعی ومالکی وحەمبەلی وحەنەفی پەیدابوو، دوایی لک ولۆی کەیان لێبووەوە لەناوچەو شوێنان و وڵاتانی کە دەها تاقم وکۆمەڵەو تایەفەی ئایینی ومەزهەبی سـەری هەڵـدا وەک مەولەوی ، نەقـشبەندی و تەسـەوف وقادری و ئیسماعیلی و زەیدی و ئیبازە .

کاتی خۆی ئاینی ئیسلام بەیەک کتێب کە قورئانی پیرۆز بوو لای خودای مەزنەوە هاتەخوارەوە، لەگەڵ فەرمودەو فەرز وسونەت ، وگێڕانەوەی سیرەتی پێغەمبەر د.خ ، کەلەلایەن شارەزایانی ئایینی ویارانی پێغەمبەرەوە د. خ ،روایەت ئەکران لەوانە زۆریان باوەڕپێکراو وراست ودروست وبەڵگەدارو ساغکراوەبوون ، کەبەهەموویان سنورێکی دانراویان هەبوو لەدینی ئیسلامدا تاڕادەیەک نەگۆڕبوون (٢) .

لەسەرو ئەوانەی کەباسکران ، بۆچوونی ئایینی زۆر لە جیهانی ئیسلامەتیدا پەیدابوو، لەگەڵ فتواو بیروباوەڕو گێڕانەوەی هەمە جۆرو و بێسنور ولەژمارە بەدەر بلاوبوونەوە و نووسرانەوە ، تارادەیەک زۆر نەریت و بیروبـاوەڕو کەلتـوری کـۆمەلآیەتی نـاوکۆمەڵ

وگەلان تێکەڵاویانکرا ، لەسەروئەمانەوە لەگەڵ نەریت وکەلتوری زەمانی جاهیلیەتی عەرەب توندوتیژی وخوی بەدی تیرەگەری وهۆزایەتیان بوو تێکەلاوکران بڵاوکرانەوە، ، وتەی بەجێ فەلسەفەی کۆنی گەلان ونەتەوە وموسوڵمان بووەکان لەگەلیدا تێکەڵاوکرا ، زۆر لە کۆلکەمەڵاو زانای ئایینی بەناو شارەزا لە ئوموری دین پەیدابوو هەرکەسە وهەرکۆمەڵێک لەلای خۆیەوە ئیجتیهادی ئەکرد وفتوا وتەفسیری دینی بڵاوئەکردەوە ،تاڕادەیەکێش دەستکاری لیکدانەوەو تەفسیری ئایەتی قورئانیان ئەکرد، بەپێی پێویست و ئارەزو مەبەست بەرژەوەندی تاکی خۆیان ئەیانگونجان ،یان تابکرێنە بەڵگەو داردەستی هەندێک خەلیفەو پاشاو سەرکردەکان بۆ ڕەواج و بەرژەوەندی وبەردەوامی حوکمیان .

بەم هۆیانەوە ئەم دین وئایینە پاکە کرایە مایەی جۆرێک لەشیواندن و شپرزەیی ، کرابەهۆی بەکارهێنانی خراپی وتێنەگەیشتن لەبنەمای ئەو دینە پاکە بێگەردە، جۆرێک لە پاشاگەردانی و فیکری شێواوی لەناو موسوڵماناندا دروستبوو ، تێکەڵاوی بیرو ئەفسانەو خەرافات و تەفسیری نابەجێبوو ، کەئاسەواری ئەم هەڵوێست و کردەوانە تا ئەمرۆژ لەناوموسوڵماناندا کاریگەریان هەیە . کەئەتوانین بڵێین دوو زانای ئایینی لە زۆر فتواو توێژینەوەو تەفسیری دینیدا یەکناگرنەوە کە هەموویان موسوڵمانن یەک دین و یەک باوەڕن.

ئەمرۆ زۆر لایەن وهەندیک تاقم وخاوەن ڕەوشی دینی وتوند ڕەو هەن. کارو ڕەفتاریان ناگونجێت لەگەڵ بنەمای ڕەوشت وئایینی ئیسلامدا ، کەدینی ئاشتی و بەزەیی ولێبوردن وبرایەتی هاوکاری وپاکی ودڵپاکی ودەستپاکی وعیبادەتە وخواپەرستیەو خذمەتگوزاری ویارمەتی ودەستگرتنی موسوڵمانانە کاتی لێقەومان ، هی هێمنی وهیوایە ویەکسانی وبرایەتی موسوڵمانانە و هی ڕەوشتی بەرزە وهەموو سیفەتی چاکەی کۆمەڵایەتی ومرۆڤایەتی لەخۆیداگرتوە دەوڵەتی ئەمەوی کەدامەزرا لە دەوڵەتێکی ئاسایی سەدەکانی پێش بڵاوبوونەوەی ئیسلامی ئەچوو وەک دەوڵەتانی بیزەنتی ڕۆمانی و ساسانی لە شێوەی کارو ڕەفتار ڕابواردن وبەڕێوەچونی کۆشکی

خەلیفەکان  و بەڕێوەبردنی وڵات وکاروباری موسوڵمانان ولەشکرکەشی ڕەفتاریان ئەکرد. (٣)

ئەمەویەکان بەرامبەر مەواڵی بەکردار و ڕەفتاری لوتبەرزی و ڕەگەزپەرستی عەرەبیەوە مامە ڵەیان لە گەڵ ئەکردن ، بە دانیشتوانی پلەیەک نزمتر سەیریانئەکردن ، کە ئەم ڕەفتارانە نە ئەگونجان لەگەڵ بنەماکانی ئاینیدا لەزەمانی خەلیفەی ئەمەوی عەبدوالملک کوڕی مەرواندا، والی عێراق کەحەجاج کوڕی یوسفی سەقەفیبوو داوایکرد هەرچی دیوان وسجلات ونووسینەوە هەیە لەهەموو ئاستێکدا و لەبەڕێوەبەرایتیەکاندا ولەناو لەشکرو سجلات ودیوانی باج و خەراجدا ئەبێت بکرێن بەعەرەبی ، تەنها زمانی عەرەبی بەکاربهێنن . خەلیفە عەبدوالملیک خویشی ئەمریکرد کە ئەبێت تەنها بەزمانی عەرەبی بنووسن وبخوێننەوە ، حەجاج پیاوێکی دڵڕەق وتوندو تیژ بوو ژمارەیەکی زۆری لەموسوڵمانانی بێتاوان کوشت. خەلیفەعەبدوالملک کوڕی مروان و حەجاج بۆئەوەی بتوانن بەباشی حوکمی عێراق بکەن بیریان بۆ ئەوە ئەچوو کە : یەکەم : ئاوڕیدەنەوە لەدین و بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام ( بەتایبەت سوننەکان) بوچەسپاندنی بەرێگەی تایبەت .دووەم : لەگەڵ عاملی تعریب هەوڵبدەن زمانی عەرەبی بڵاوبکەنەوە لە ناوگەلانی موسوڵمانی غەیرە عەرەب ، کە بەجۆریک مەجبوربکرێن فیری زمانەکەبن بۆ ئەوەی لەورێگەیەوە پلەو کاریان ودەستکەوتی ڕۆژانە وژیانیان بپارێزن.

سییەم : هەوڵبدەن بۆ برەوپێدانی ئابووری وڵات .

هەر بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی بیری عروبە وئیسلام والی بەسرەو کوفە زیاد بن ئەبیە لەساڵی ٥١ کۆچیدا ، پەنجاهەزار عەرەبی ناردە خۆراسان ونیشتەجێیکردن ، تالەو ڕێگەیەوە زمانی عەرەبی بڵاوبکەنەوە.

لەگەڵ ئەو هەموو ئاستەم و ناڕەواییانەدا کە موسوڵمانان توشی ئەبوون بەدەستی هۆزو عەشیرەتە عەرەبە هاوردە دەمارگیرە نەزان وجاهیلەکانەوە بەئومووری ڕاستی دینەکە ، لەگەڵ ئەوەدا دینەکە ڕەوشی پێشکەوتنی خۆیگرتبوو ، هەر هەردەم لە

بڵاوبوونەوە وبرەودابوو لەڕێی جیهادو هێرشی موسوڵمانان وکارو هیمەتی پیاوچاکان وزانایانی دینی وخواپەرستانەوە بوو کەبوونە نمونەی خواپەرستی ڕاست ودروست وئاوێنەیەک بۆ عەکسکردنەوەی ڕووی گەشاوەی دینەکە ، بەتایبەت لەلایەن پەیڕەوانی پیاوی ئایینی سەربە گەلانی غەیرە عەرەب کەهاتبوونە ڕیزی موسوڵمانان (٤).

ئایینی ئیسلام بەهەرشێوەیەک بێت لەناو نەتەوە وگەلانی غەیرە عەرەبدا بڵاوبووەوە ، دوای ماوەیەک ئەو نەتەوەو گەلانە باوەشیان بۆکردەوە بەقەناعەتەوە هاتنە ناوی پەیڕەوی ئایینەکەیانکرد ، بووە خوراکێکی گیانی بۆیان هەرچی فەرمودەو ئومـوری دینەکەو جێبەجێکردنیبوو بە دڵسۆزی ئەنجامیانئەدا ، بەتایبەت لە ناو گەلی کورد دا وایلێهـات زۆربەی زۆریـنەی دانیـشتوان وخەڵکـی لەپەیڕەوانـی ئەم دینەبـوون وخزمەتیانکرد ،تائەمڕۆژ گەلی کورد لەجاران زیـاتر پەیوەسـتن بە دینەکەیـانەوە ،لەگەڵ ئەوەی زۆرلایەن ودوژمنانی کورد ئەم دینەیان بەمەبەست ، دژی میللەتی کوردو چەوساندنەوەی و ژێردەستەکردنی وبەرژەوەندی تاکی خۆیان و نەتەوەکانیان بەکارهێناوە ، بەناوی ئەو دینەوە چەندەها تاوانیان ئەنجامداوە ، کـورد لـەوڕووەوە کارەساتی زۆری بەسەر هاتوە.

لەسەرو ئەوانەوە ئێمەیان بەلادەر لەدین داناوە ، کە بەپێچەوانەوە ئەوەان بەوشێوەیە گـــومڕاو لادەریـــوون ولەڕێـــگەی پـــاکی دیـــنەکە لایـــان داوە نەک کـــورد.

زۆر لە موسوڵمانان لە ئەمەویەکان داخ لەدڵ وبێزاربوون بەهۆی تونـدوتیژی وکـاری ناڕەوایان بەرامبەر بەموسوڵمانان، کەهەموو بەیەک چاو سەیر نەئەکران جۆرێـک لـە نەژادپەرستیان پێوەدیاربوو موسوڵمانانی غەیرە عەرەب ئەم دەوڵەتەیان لاباشنەبوو پێیانخۆشنەبوو .

عەباسیەکان کەبنەچەیان ئەگەڕایەوە بۆ بنەماڵەی خەلیفەعلی کوڕی ئەبوو تالیب س.خ ( ال البیت )، بە شێوەیەکی نهێنی لەخۆراسانەوە دەستبەکاربوون دژی ئەمەویەکان ، خۆیان ڕیکخستبوو کاریانئەکرد، ، ئەبوو موسلمی خۆراسانی کە لەبنەماڵەی ڕاوەندییوو کوردبوو توانی ڕۆڵێکی گرنگی سـەرکردایەتی جـوڵانەوەکە ببینێـت ، دوای هێـرش

وشەڕی بەردەوام لەشەڕی ( زابدا ) وتوانیان دەوڵەتی ئەمەوی لە ناوبەرن . دەوڵەتی عەباسی دامەزرا (٥)

ئەمەویەکان بەهۆی توندو تیژی وکاری ناڕەوایـان لەلایەک ، ولەلایەن هـۆزە عەرەبە هاوردەکانەوە لە لایەکی کەوە خەریکی کاری خراپەکاری و دەستدرێژی بەردەوامبوون بەتایبەت لە ولایەتی خۆراسان موسوڵمانان هاواریانبوو بەدەسـتیانەوە ، سـنورێک نەبوو بۆ تەماع و دەستدرێژیان بۆسەر مـافی مـسوڵمانان ، ئەم ڕەفتارانەیـان وای لەمحەمەد کوڕی علی عەباسی کرد کە لەڕێزی شۆڕشگێڕانبوو ، نامەیەکی ڕاسپاردە بنووسێت بۆ ئەبوموسلیمی خۆراسانی داوابکات (وان استتعت الا تدع فی خراسان لسانا عربیا فافعل ) یانی ئەگەر لەتواناتا هەیە لە خۆراساندا کارێک بکەیت نەهێڵیت تاکێـــک بە زمـــانی عەرەبـــی بـــدوێت ، ئەنجـــامی بـــدە (جێبەجێیـــبکە) .

کاتێک کەموسوڵمانان ئەو هۆزو عەشیرەتە عەرەبە بەدەویە جاهیلانەیان ئەبینی چۆن ژیانیان لێتاڵ کردبوون گـوزەرانیـان لەهەموویـان کردبـووە دۆزەخ بەکـرداری پـڕ لەئارەزوکاری ونەریتی جەهالەتی عەرەبی هەڵسوکەوتیان ئەکرد دور لە پەیڕەوی ڕاست و دروستی فەرمودەکانی دینەکە . (٦)

موسوڵمانانی غەیرە عەرەب ئەیانوت و دوبارەیان ئەکردەوە ، کەئێمە ئیسلامەتیمان وەرگرتوە و قبوڵمانە وخوا پەرستی ئەکەین بووینەتە موسـوڵمان وڕێگـەی ڕاسـتی ئیسلامەتیمان گرتوەتەبەر، بەڵام نەوتراوە بەوهـۆیەوە عەرەب ببـنە سـەرکردەمان و ماڵوموڵکمان داگیربکەن و ژیانمان لێبکەن بە دۆزەخ ، بەهەوەس وئارەزوی خۆیـان ڕەفتارمان لەگەڵبکەن ، بەسوکی سەیرمانبکەن و وخزمەتیان بکەین ئـێمەیش وەک ئەوان نەتەوەی جیاوازین شانازین بەنەتەوەکانمانەوە لەوان کەمتر نـین بەردەسـتی ئەوان نین وقبوڵی ناکەین .

عەباسیەکان لە دەوڵەتانی ڕۆمانی و ساسانی و گەلانی یۆنان وهینـد کـوردو فـارس سوودیان وەرگرت لە زۆر بابەتی پێشکەوتووی شارستانی وبەڕێوەبردن وڕێکخستنی سەربازی وپیشەسازی و بیناسازی وکشتوکاڵ وئەدەبی وفەلسەفیو نووسین و زمان ،

هەرلە لەناو کۆشک وتەلارە تایبەتیەکانیاندا شیوەی ڕابوردن وژیانی ڕۆمانی وبیزەنتی وساسانیان وەرگرتبوو .

لەکاتی حوکمی ئەمەویەکاندا و دوایی لەکاتی حوکمڕانی عەباسیەکانیشدا زۆر جوڵان وشۆڕش و هەڵگەرانەوە وڕاپەڕینی جۆراوجۆرو بەمەبەست دژی ئەمەوی و هەروەها لەدژی عەباسیەکانیش بەرپابوو بەچەند شێوە ومەبەست مانایەک بوون وەک :

یەکەم : کۆمەڵی ئەوتۆ هەبوو بەناوی ئایینی کۆنی زەردەشتی و ماگۆشی و سەرلەنوێ بۆ بوژاندنەوەی ئایینی کۆن و گیڕانەوەی حوکمی ساسانی ونەتەوەکانی ناوچەکە، کاریانئەکرد ڕاستبوونەوە ، و شۆڕش و ڕاپەڕینیان بەرپاکرد وەک جولانەوەی ( بەهافرید ) و جولانەوەی (سن باذ) وجولانەوەی (استاذ سیس ) وجولانەوەی موقەنەع (مقنع ) ، وخورەمی ، ومەزدەکی .

دووەم : ڕاپەڕین و جولانەوە دژی ئەمەوی و عەباسیەکان ڕویئەدا ، دژی ئەو جیاوازی وزوڵمەبوو لە گەلانی غەیرە عەرەب ئەکراو بە (مەوالی) ناو ئەبران بەپلەیەک کەمتر لەعەرەب سەیر ئەکران بەلوتبەرزیەوە وبەسوکی سەیرئەکران ، ئەوگەل و نەتەوانە مەبەستیان ڕزگاربوون بوو لەحوکمی ڕاستەو خۆی عەرەب نەک دینەکە کەپەیوەبدبوون پێوەی لاری نەبوون لێی ، ئەوگەلانە ڕائەپەڕین ئەجولان ، داوای مافیان ئەکرد کە وەک عەرەب سەیر بکرێن . بڵاویان ئەکردەوە وئەیان وت ئێمە موسوڵمانین دینەکەمان لە لاپیرۆزەو پەیڕەوی ئەکەین ، بەلام عەرەبمان بەدڵنیەو قبوڵنیە بەوشێوەیەی ئەمڕۆ کە ڕەفتارمان لە گەڵئەکەن ،ئێمە لە عەرەب کەمترنین ئەوان لەئێمە ڕەسەنترو بەڕیزتر نین ، کەئاییني ئیسلام بەیەک چاو سەیری هەموو موسوڵمانان ئەکات ئێمەیش حەقمانە وەک عەرەب کاربەدەست و خاوەنماف وسەربەخۆبین ئەبێت وابێت.

ئەو هەڵگەڕانەوەو ڕاپەڕین وداواکاریانە کە ڕویانئەدا بۆ داواکردنی مافی نەتەوە تایبەتبوو بەموسوڵمانەکانی غەیرە عەرەب وەک : وەک جوڵانەوەی ڕاوەندیەکان بە سەرکردایەتی عبداله ڕاوەندی ، ئەبوموسلیمی خۆراسانی ، جولانەوەی بەرمەکیەکان ،جولانی تاهیر کوڕی حسەین بۆجیابوونەوە لەعێراق ، ڕاپەڕین هەڵگەڕانەوەی

جەعفەری كورد ، وجولانەوەی ئەفشین و مازیار وئەبیساج و ڕاپەڕینەكانی جەزیرەی فوراتی ، هە،،تد .

سێیەم : ئەو ڕاپەڕین وهەڵگەڕانەوە وشۆڕشانە بەرپانەكران دژی خەلیفە وكاربەدەستانی ئەمەوی ودەوڵەتی عەباسی كە زۆرترینیان سەربە (عەرەبە موسوڵمانەكان وهۆزو عەشیرەتەكانی عەرەببوون ) زۆر جار خۆیان بەحەقتر ئەزانی لە عەباسیەكان بۆحوكمڕانی وڵات و وەرگرتنی خەلافەت ودەستكەوت وئیمتیازات ، وەك جولانەوەی خەوارج ، عەلەویەكان لە خۆراسان ودەیلەم وشوێنانی كەو ، كارەساتی كەربەلا ، شەڕی جمل وعبداللّە كوڕی زوبێر ، جولانەوەی موختار الثقفی ، جولانەوەی ئال الحسن (محمد ذوالنفس الزكیه) ، جولانەوەی نسر بن شیث العقیلی ، هە،،تد كە هەموویان تایبەت وسەر بەعەرەب بوون.

خەلیفەی موسوڵمانان وبەشێك لەسەركردەی موجاهیدەكان و سەركردە لەشكریەكان وسەربازان وموسوڵمانان زۆرجار بەتوندی بەرامبەر هەموو جولانەوەكان ئەوەستان ولەناویان ئەبردن بەتایبەت ئەو ڕاپەڕین جولان وشۆڕشانەی هی مەوالیبوون سەربە نەتەوەكانی كەبوون ( جگەلەوانەی سەربە موسوڵمانە عەرەبەكان بوون ) ، هەموویان تێكەڵ بەیكئەكران وائەدرانە قەڵەم كە هەردوكیان بەرامبەر خەلیفەی موسوڵمانان وئایینی ئیسلام ئەنجامدراوە بەگومڕایی و وەرگەڕان لەدین و بەزەندەقە وكفر دائەنران وبە ( شعوبی )ومەجوسی ناوزەن ئەكران كە دژی دینن .

ئەو ڕاپەڕێن و جولانانەی بۆمەبەست وداواكاری نەتەوەیی و مافی گەلانی غەیرە عەرەب بوو لەلایەن مەوالیەوە بەرپابوو ، بەئەنقەست تێكەڵاوی هەلگەڕانەوەكانی دژ بە ئیسلام ئەكران ، كە هەردو شێوە هەڵگەڕانەوەكان ، بەكافر وزەندەقە ئەدرانە قەڵەم ، بەڵگەی ئەوەیان ئەهێنایەوە كە ئایینی ئیسلام بەیەك چاو سەیری هەموو موسوڵمانان ئەكات وەك یەك بیجیاوازی كە موسوڵمانان هەموو یەكن بەبەڵگەی ئایەتێك ( لافرق بین عربی واعجمی الا بالتقوی ) ئیتر پێویست ناكات هەر شەعب وگەلێك ڕاستبێتەوە باسی شەعبەكەی خۆی بكات كە ئەمە ( شعوبیەتە ) . یەك ئوممە هەیەو یەك گەل هەیە ئەویش ئومەی ئیسلامیە .

بەلام ئەوەیان لەبیر خۆیـان ئەبـردەوە کە خـوا نەی فەرمـووە لەبەر خـاتری عەرەب کەدینەکە بەعەرەبی هاتوەتە خوارێ ئەبێت هەمو بۆعەرەب واز لە زمانی نەتەوەیـی وئینتیمـای نەتەوەیـی خۆیـان بهێـنن ، ئیتـر پێویـست ناکـات ئـەوگـەلانـە باسـی نەتەوەکانیان ومافیان بکەن ، نەک لەبەرخاتری ئیسلام بەڵکو لەبەرخاتری عەرەب .
عەرەب هەرچەندە خاوەنی ئایینی ئیسلامی پیرۆزن بەڵام دوورن لەگیانی شارستانی وتیگـەیـشتنی و لـەمـافی گـەلان داواکـاری تایبـەتمـەنـدی تایبـەتـی خۆیـان .
لەسەرو ئەو باسانەوە پەیڕەوانی ئایینی هەر بەردەوامبوون لەخواپەرستی و ڕەواجدان بەدینەکە و بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام بەهەر شێوەیەک کە گەنجاوبێت ، لەشکری موسـوڵمانان لـە غـەزاو جیهـادی بـەردەوامـدابوون بـەوڵاتانـدا بڵاوبـوون سـەرقـاڵی بڵاوکردنەوەی ئایین و پەیرەوی ئیسلامیبوون لەسەدەکانی حوکمڕانی عەباسـیەکاندا ئایینی ئیسلام پەرەیسەند لە زۆرترین وڵاتانی ئاسیادا وسەرو ئەفریکادا بڵاو بووەوە .
خەلیفەکانی عەباسی دووربین نەبوون هۆشیارو وریـا نـەبـوون وردنـەبـوون ، کـارو کردەوەو بڕیارەکانی خۆیان وئەنجامەکانی بەباشی تاوتوێ نەئەکرد ورد نەئەکردەوە زۆرجار بەزیانی وڵات ودەسەڵات و خۆیان دواییئەهات ، بێهێزو بێدەسەڵات بوون ورياو بەسیاسەت نەبوون ، بەردەوام پشتیان ئەبەست بەگەلان وهێزی دەرەکی و کەسایەتی نـامۆ بـەدیـن وڵات ، کـە لـەئـەنجامـدا بـەزیـانی هـەمـوو دواییـان ئـەهـات .
نامەیان بۆ هۆزو کەسایەتی و سەرکردەی دەرەکی ونامو بەدین ئـەنـارد ، بانگیـان ئەکردن و تەماعیان ئەخستەبەریان ، کەبەهێزەوە بەدەنگیانەوە بێن یارمەتیان بدەن و تا کورسیەکانیان بۆبپارێزن ئیتر ئاگایان لە بەرژەوەندی گەلەکەیان و موسوڵمانان نەبوو لەوپێناوەدا وچیان بەسـەربێت ، بـەوشـێوەیـە توشـی هـەڵـەی گـەورەبـوون موسوڵمانان کەوتنە داوی هێزی نامۆ بەوڵات و دەرەکی وگیرۆدەی کۆمەڵێک دڕندەو پیاوکوژ بوون ، (کە بەشیک لەئەو لایەنە بانگێش کراوانە موسوڵمانیش نەبوون )، لەئەنجامدا موسوڵمانان بەدەستیانەوە توشی کوشتن بـڕین وماڵـکاولی وێرانکـاری وتالانی وڕەوپێکردن ئەبوون وموڵک وماڵیان لێزەوت ئەکرا .

کاتێک ئەهاتن بەدەنگیانەوە وئەگەیشتن دەستیانئەکرد بەکوشتاری بێوێنەو تاڵانی و کاولکاری وداگیرکردنی ماڵ و موڵک وزەوی وزاری خەڵکی و دیمۆگرافیای ناوچەکەیان ئەگۆڕی .

بەهاتنیان بوونە تاکە هێزو سەرکردەو وخاوەن دەسەڵات ، دەستیانگرت بەسەر وڵاتداو خەلیفەکان بوونە ژێردەستەیان و بێدەسەڵات لە ئاستیاندا ، خەلیفە هەر بەناومابوو، ئەمانە ( زۆریان تورک و مەغۆل و غەز وتەتەر وسەلجوقی خەواریزمی بوون ) .

بویهیەکانیش ( دەیلەمی ) لەوگەلانەبوون بەهێزوتوانای خۆیانەوە بۆماوەیەک دەستیانگرت بەسەر وڵاتدا ، بوونە تاکە هێزو خاوەنی دەسەڵات ، کاری ولاتیان گرتەدەست خەلیفە هیچ دەسەلاتێکی نەمابوو بەناو هیشتبوویانەوە و تەنها بەناو کاری دینی ئەبرد بەڕێوە .

کاتێک بویهیەکان ( دەیلەمی ) حوکمی وڵاتیان گرتە دەست بەناو خەلیفەیان هیشتەوە هێچ دەسەڵاتێکی بەدەست نەبوو بەچاوێکی ڕێزەوە سەیری خاوەن بڕواو ئاینە جۆر بەجۆرەکان و دینە ئاسمانیەکانیان ئەکرد، باشتربوون شارستانیبوون تا لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا لەلایەن بوەیهیەکانەوە ئیعتیرافی ڕەسمیکرا بە ئایینی عیسایی و موسایی لە گەڵ مەجوسی (ماگۆشی) ، ئەم دەیلەمیانە کاتیک حوکمی وڵاتی خەلافەتی عەباسیان بە دەستەوە بوو خزمەتی دەوڵەتی عەباسیان کرد بەغدادیان پێشخست. ( دەربارەی ڕەگەزو بنەچەی بوەیهی ، دەیلەمی ، زۆر سەرچاوە ئاماژەی پێئەدەن کەئەمانە کورد بوون ) .

ئەمان بوون ڕێوڕەسمی لەخۆدان شیوەن ویادکردنەوەی کۆمەڵکوژی (کەربەلا) یان کردە یادەوەریەکی ساڵانە و نەریتێکی شێعەکان .

لەزەمانی ئەماندا هۆزی شێبانی لە ناوچەی شارەزور ودەوروبەری هەردەم خەریکی ڕاوڕوت ودزی و جەردەیی ڕێگرتن ومالْ تالانکردن کوشتنی خەڵکی بوون ،دەستدرێژیان ئەکردە سەر مافی دانیشتوان کاری بەدو ڕەوشت نزمیان ئەنجامئەدا وڵاتیان شێواندبوو ، بوەیهیەکان لێیان ڕاپەڕین وڕاستبوونەوە دەستیانکرد بە لەشکر کەشی دژیان بەهێزێکی سەربازیەوە کەوتنە گیانیان دوایان کەوتن بەڕاونانیان ڕادانیان ، بەدەم شەڕەوە ودوایانکەوتن بەرەو دورگەی عەرەب دوریان خستنەوە ، شێبانیەکان لەبەردەمیاندا بەڕاکردن پاشەکشێیان بووو ، هەتا نەیان کردنەوە بە ناو

نەجدو حیجازو ناو دورگەی عەرەبدا وازیان لێنەهێنان ، ئەوناوچەو وڵاتەیان لێپاککردنەوە ئەوگەلانەوە ناوچەکەیان ڕزگارکرد لەخراپەکاریان . {دەربارەی ماگۆشی و زەردەشتی (مەجوسی ) زاناو مێژوو نووس (ئەستوخوری ) باسیکردوە : کەم شار هەبووە پەرستگایەکی ماگۆشی (مەجوسی) لێنەبێت کە ئاگر بەردەوام تێیاندا مەشخەڵانیبوو ئەم بڕیارەش بەزۆری لەلایەن بویهیەکانەوە بوو }.

(١)* د .سالح احمد العلی ، العراق فی التاریخ ، لاپەڕە ٢٣٥- ٢٣٩ .

(٢)* د . فاروق عمر فوزی ، تاریخ العراق فی عسور الخلافه الاسلامیه ، لاپەڕە ٢٣ – ٣٧ ، ٣٨- ٤٦ .

(٢)* د . فاروق عمر فوزی ، النهوز العربی فی العراق .

(٣)* محەمەد ئەمین زەکی بەگ ،تاریخ الکرد وکردستان .

(٣) * شەرەف خانی بەدلیسی ، شەرەفنامە

(٤)* عبد الحسین زرین کوب ، تاریخ مردم ایران ، فارسی .

(٤)* عبد الحسین زرین کوب ،تاریخ ایران بعد از اسلام ، فارسی .

(٤) * حسن الغرباوی ، الشعوبیه ودورها التخریبی فی مجال العقیده الاسلامیه .

(٤) * هنری پرستێد ، انتشار الحزاره .

(٥)* مرتزی راوندی ، تاریخ اجتماعی ایران ، فارسی.

(٥)* فرشته عبدالهی ، دین زرتشت ، نقش ان در جامعه ساسانیان ،فارسی .

(٦)* علی میر فتروس ملاحزاتی در تاریخ ایران ،اسلام واسلام راستین .

* د . احمد سوسه ، تاریخ حزاره وادی الرافدین ، لاپەڕە ١٤ ،١٥، ٤٠٤،

* بۆلازری ( پۆلازرێ ) کتێبی فتوع البلدان .

* کارل بۆکلمان ، تاریخ الشعوب الاسلامیه ،لاپەڕە ١٥

* لیلی جاف ،کرکوک لمحات تاریخیه .

* د. احمد الشلبی ، التاریخ الاسلامی والحزاره السلامیه .

* امین الریحانی ، رحلات فی قلب العراق

* د . عبد الحسین نوائی ، ایران وجهان از مغول تاقاجاریه .

* ئاڤێستا ، ژمارەیەکی زۆر لە کتێب دەربارەی ئاڤێستا وەک سەرچاوەکانی کە

# حوكمی ڕاستەو خۆی عەرەب دواییهات

## لە ساڵانی ٢٢٠ کۆچی بەدواوە

عەرەب وەک هەڵگری ئاڵای ئیسلام وەک نەتەوەیەک لەکاتی حوکمی خەلیفە موعتەسەم بەدواوە دەسەڵاتی لەدەستدا نەما ، موعتەسەم کوڕی هارون الرشیدبوو ، کە دایکی تورکبوو کاتێک دەسەڵاتی لە دەستچوو، کەنزیکەی دەهەزار کۆیلەی (عبدی ) تورکی کڕی وهینانی بۆ بەغداد ، لەبەرخراپی ڕەفتارو کرداری نەگونجاویان دوایی لەبەغدادەوە بردنی بۆ (شامەڕێ ) سامەڕا ولەوی نیشتەجێیکردن ، بەرەبەرە ئەم تورکانە بوونە مۆرانەی سەر دڵی دەوڵەتی عەباسی بەوهۆیەوە خەلیفە دەسەڵاتی لەدەستچوو ،کە لەدەستچوونی دەسەلات وحوکمی عەرەب ئەگەیەنێت دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی عەباسی بەدەست تورکانەوە کزو بێهێزو نەتوانابوو ، لەماوەیەکدا لەسەرو هێڵی تکریتەوە تا داقوق وبەرەوژور بە دەستیانەوە نەمابوو ، بەو شێوەیە تورک مەغۆل و تاتار یەک لەدوای یەک بەمەبەستی بەرژەوەندی و تەماعیان وبۆ دەستکەوتنی خێرو بێری ئەم وڵاتانە ونیشتەجێبوونیان ، بەهێرشی سەربازیەوە وبەتاڵان وبڕی وکاولکاری کوشتن وهاتن ،کە بەڕەزامەندی و داواکاری ونامەی خەلیفە بێهێزەکانی عەباسیبوو کەبەدوایاندا ئەیاننارد ، حوکمی وڵات کەوتە دەستی ئەوان هەر ئەوانبوون دەستنیشانی خەلیفەیان ئەکردو دایان ئەنان ولایان ئەبردن یان ئەیاکوشتن وەک سەلجوقی خەواریزمی ومەگۆلی وتاتار .(١)

وەک لەوەپێش باسکرا ودوبارەی ئەکەینەوە لە گەڵ دەستپێکردنی سەدەی چوارەمی کۆچی بوەیهیەکان (٢)

(دەیلەمی) ، بەهێزەوە هاتن بەرەو پایتەخت و حوکمی وڵاتیان گرتەدەست ،خەلیفە هەر بەناو مابوو بەئارەزوی خۆیان خەلیفەیان دائەناو لائەبرد لە زەمانی ئەماندا چەندکارێکی ئازایانەو کاریگەریان ئەنجام داوە کەتا ئەمڕۆ ئاسەواریان ئەبینرێت و هەست پێئەکرێت وەک دروستکردنی بینای گەورە لەبەغداد وبیمارستانی گەورە

بەناوی عەزودیە ، وەک لەوەپێش ئاماژەمان پێدا دەستیانکرد بەڕاونانی عەشیرەتی بنوشیبان و لەعێراق دەرکردنیان کەلە شارەزورو ودەوروبەری کەرکوکدا کارو تاوان و جەردەیی وریگری و تالانیان ئەنجامئەدا ئەو ناوچانەیان شێواندبوو بەهێزێکەوە دوایان کەوتن تانەیان کردن بە نەجدو حیجازدا لەجزیرەت العرەب وازیان لێنەهێنان .

هەر ئەمانبوون کەلتوری لەخۆدان و شیوەنیان کردەباو بۆ کارەساتی کەربەلاو وشەهیدبوونی ئیمام حوسەین ، س.خ

هەروەها لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا ئیعتیرافکرا بەئایین و دینە ئاسمانیەکان وەک موسیحی و موسایی ، لەگەڵ مەجوسی ( ماگۆشی) (٣) .

بۆچوونێک هەیە کەئەم (دەیلەمیانە بوەیهیانە) کوردین لەخوار دەریای خەزەردا ئەژیان و لەوی نیشتەجێبوون .

دوای ئەوەی خەلیفەکان بیزار ئەبوون لە تورک وتۆرانیەکان کەخۆیان ناردوویوویان بە شوێنیاندا ، ئەوەی کە هیوایان لێبوو لەڕێی ئەمانەوە، بۆیان نەئەهاتەدی ، دیسان داوایان لەبەشێکی کەیان ئەکرد و نامەیان بۆ تاقم و هێزێکی کە ئەنووسی کە بەهانایانەوە بێن کورسیەکانیان بۆ بپارێزن ، لەئەنجامدا هەر هۆزە کە بەهێزی سەربازی وسوپای زۆرو بەهێزو پرچەکەوە ئەهاتن ، لەگەڵ خۆیاندا کاولکاری وکوشتن وبرین وکارەساتیان ئەهێنا بۆناو وڵاتی ئیسلام . دوای ماوەیەک خەلیفەکان بەدەست زوڵم وزۆریانەوە هاواریان لێبەرز ئەبووە وە ، ناچار داوای کۆمەڵێکی کەیان ئەکرد بێن ڕزگاریان بکەن لە دەستیان .بۆنمونە وەک سلجوقیەکان وخەواریزم ومەگۆل وتەتەر کەبە نامەو داوای خەلیفەوە هاتن وڵات کەوتەژێر دەستیان .

دەوڵەتی ئەیوەبی بەسەرکردایەتی سەلاحەالدینی ئەیوبی دامەزرابوو کەڕوبەرێکی فراوانی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست لەژێر فرمانیندابوو لەوکاتەدا مەسیحیەکانی ئەوروپا بەناوی خاچەوە ( سەلیبەوە) هیرشیان هێنا بەرەو فەلەستێن بەمەبەستی سەندنەوەی لە ژێر دەستی موسوڵمانان ، سەلاح الدین توانی بەسەریاندا سەربکەوێت بیانگێڕێتەوە کەهیشتا خەلیفەکانی عەباسی مابوون بەلام بێ دەسەلاتبوون نەیان توانی یارمەتی

ئەیوبییەکان بدەن . حوکمی ئەیوبی بەردەوامبوو تادوای داگیرکردنی بەغداد لەلایەن مەغۆلەکانەوە . (٤)

لەگێژاوی ئەم بگرەو بەردەو پاشاگەردانی وکاولکاریانەدا دواجار ڕێگە خۆشکرا بۆ هۆلاکۆخانی مەگۆلی ، (٥) کەبەلەشکرە بێژمارەکەیەوەلەسالی ١٢٥٨ دا بەرامبەر ٦٥٦ کۆچی توانی هێرشی کاولکاری بهێنێت ، لەڕێگەیدا تەڕو وشکی بەسەریەکدا سووتان، بەشێکی هێزەکەی بەسەر ناوچەی کەرکوک وشارەزووردا تێپەڕی ڕووبەرێکی فراوانی کوردستانی کاولکرد تاگەیشتە بەغدادو داگیریکردو وێرانیکرد ، کۆمەڵکوژی دانیشتوانی بەغدادی ئەنجامدا ، خەلیفەو دارەدەستەکەی کوشت ، کەبۆپێشوازی هێزەکەهاتبوون بەم شێوەیە دەوڵەتی عەباسی لە ناوبرد .

لەدوای ئەو سالانەچەند سەدەیەکی تاریکی و کۆمەڵکوژی وتالانی وکاولکاری وهەژاری برسێتی و نەخۆشی وپەشێوی و پاشاگەردانی هاتە ئاراوە حوکمی دەوڵەتانی سەریەتورکان بەهەمووناو وبەشەکانیانەوە دەستیپێکرد . (٦)

(دوا سولتانی سەلجوقی کەناوی سولتان سەنجەری سلجوقیبوو لە سەدەی دوازدەهەمی د.ع دا بۆیەکەم جار ناوی کوردستان ) براوە ، کەناوچەیەکی حوکمڕانی ناو نابوو کوردستان ، هەروەها القزوێنی یەکەم مێژوو نووسە لە کتێبەکەیدا بەناوی ( نزهە القلوب) ناوی کوردستانی هێناوە سالی ٧٤٠ کۆچی بەرامبەر سەدەی چواردەهەم لە کاتی حوکمڕانی عەباسیەکاندا و دوای ئەوانیش لەکوردستان وئێراندا چەند دەوڵەت وئەمارەت دامەزرابوو وەک دەوڵەتی حوسنەوی کوردی ( کە زوربەی زۆری ڕووبەری کوردستانیان بەدەستەوەبوو تانزیک بابل ) هەروەها وەک دەوڵەتی مەروانی ،عەنازی وکاکۆیە بابانی و بەهدینی وئەردەلانی وزۆر ئەمارەت و دەوڵەتی تر ، کە سەر بەکوردبوون ، هەروەها وەک حەمدانی وبنوعقیل ( لەدەورووبەری موسیل کە سەر بەعەرەب بوون ) وخەزنەوی وسامانی تاهیری ( لەناوەڕاست وڕۆژهەلاتی ئێران) ،هە .د. بەدرێژایی حوکمی عەباسی لە ولاتدا هەردەم شۆڕش و ڕاپەڕین و بەرپانەبوو بۆ دەستخستنی مافی گەلانی ژردەستەی دەوڵەتان کەنامۆبوون بەونەتەوەڕەسەنانە .

(١)* جــــورج روو ،العـــــراق القــــديم ، تــــرجمه حــــسين علــــوان .
(٢)* كۆمــــەڵێــــک میژوونووســــی عێراقــــی ، العــــراق فــــی التــــاریخ .
(٣)* لیـــــۆ تۆپنهـــــایم ، بـــــلاد مـــــابین النهــــــرین ، .
(٤) *نیکۆلاس پۆستگێت ، حزاره العراق و اثاره ، ترجمه سمیر عبد الرحیم الچلبی .
(٥)* بارتۆڵد فاسیلی ،تاریخ الترک فی اسیا الوستی . ترجمه وچاپی قاهره .
(٦) * د. فاروق عمر فوزی ،تاریخ العراق فی عسور الخلافه العربیه الاسلامیه .
(٦)* د . فـــاروق عمـــر فـــوزی ، النهـــوز العربـــی فـــی العـــراق .
* مجموعکــه مــن اســاتذه کــویتیین ، تــاریخ الحــزاره العربیــه الاســلامیه .
* کــــارڵ برۆکلمــــان ، تــــاریخ الــــشعوب الاســــلامیه ، لاپــــەڕە ٩٩
* عبداڵله سلوم السامرائی ، الشعوبیه حرکه موزاده للاسلام و الامه العربیه .
* حسن غریاوی ، الشعوبیه ودورها التخریبی فی مجال العقیده الاسلامیه
* جمــــال نــــەبــــەز ، بیــــری نــــەتــــەوەیــــی کــــورد .
* فوئــــاد فــــاروقی ،سرنوشــــت انــــسان در تــــاریخ ایــــران .
* د . عبــد الحــسین نــوائی ، ایــران وجهــان ازمغــول تــا قاجاریــه .
* د . عبــد الحــسین زریــن کــوب ،تــاریخ ایــران بعــد از اســلام .
* میرزا شوکروڵله سنندجی ، تحفەی ناسری تاریخ و جغرافیای کوردستان




سوڵتان سەلاح الدین الایوب

# بەشی پێنجەم

# سەدەکانی تاریکی وحوکمی تورکانی

## مەغۆل وغەزو تاتار

### لەساڵی ١٢٥٨ د.ع ، ساڵی ٦٥٦ کۆچی بەدواوە

بەداگیرکردنی بەغدادو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەن مەغۆلەکانەوە پەردە دادرایەوە لەسەر دەوڵەت وخەلافەتی عەباسی ، وڵات بێخاوەن کەوتە دەستی مەگۆلە دڕندە بێبەزەییەکانەوە وبوونە خاوەنی وڵات وچارەنووسی گەلانی ناوچەکە وهەرچی پێشکەوتن وبنەمای شارستانی و پیشەسازی وئەدەبی ورۆشنبیری هەبوو سوتانیان یان فڕێدرانە ناو دیجلەوە یان لە ناوبران . ڕەشەکوژی دانیشتوان کرا . کارەساتێکی مرۆڤایەتی بوو نەک لەبەغداد ئەنجامدرا بەڵکو لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وکوردستاندا ، بەوهۆیەوە گەلان ونەتەوەکانی ناوچەکە توشی کارەساتێکی بێوێنەبوون .

دوای ئەو کارەساتە مرۆڤایەتیانە چەند سەدەیەکی تاریکی ، دەستی نەهامەتی کێشا بە سەر وڵاتانی ئیسلامەتیدا . تورکان بە هەموو ناو وهۆزو خێلەکانیانەوە وەک تەتەرو غەزو مەغۆل وخەواریزم وجەلائیری سەلجوقی بوونە سەروک وخاوەن چارەنووسی گەلانی ناوچەکە وحوکمی ڕاستەوخۆیان پەیرەوئەکرد خەرێکی کۆمەڵکوژی و نیشتەجێکردنی خێڵ وهۆزەکانیان بوون لەو شوێنانەدا کە بەدڵیانبوو ، دوای ئەوەی زۆرلە دانیشتوانیان ڕەوپێئەکرد یان لە ناوئەبرد بەوهۆیانەوە زۆرشوێنی ناوچەکە گۆڕانی دیمۆگرافی بنەڕەتی بەسەرداهات. (١)

تورک ومەغۆلەکان لەوماوەیەدا دەوڵەتی زۆریان دامەزراند کە هەموو سەریەخۆیانبوون وەک ئێڵخانی و جەلائیری قەرەقۆینلۆ وئاق قۆینلۆ کەحوکمی ڕاستەوخۆ و بەهێزو بەئارەزووکاریان ئەنجامئەداو بەئاگرو ئاسن وڵاتانیان ئەبردبەڕێوە ، ژیان وچارەنووسی ئەوگەلانە بەدەستیانەوەبوو بەئارەزوی ئەوانبوو ، ئەو نەتەوەو گەلانە کەوتنە ژێردەست وڕەحمەتی ئەو بێدینە دڕندە وەحشیە تاوانکارانەوە . لەماوەی حوکمی تورک ومەغۆل

وتورانیەکاندا زۆر وجەورو ستەم وکاری ناڕەوا ئەنجامدراو دەستدرێژی ئەکرایە سەر ژیان ومافی گەلان . (٢)

کاتێک مەغۆلەکان بەناوی دەوڵەتی ئێلخانیەوە حوکمی هەموو ڕۆژهەڵاتیان گرتەدەست لەڕوی ئیداریەوە وڵاتیانکرد بە سێ بە شەوە :

یەکەم : ؛ (ئیقلیم العراق) ، هەرێمی عێراق: لەزێی گەوەرەوە تا عەبادان درێژ ئەبووەوە ، بەپانی لە قادسیەوە تا حەلوانی ئەگرتەوە .

دووەم : جزیرەی فوراتی ؛ ( ئیقلیم الجزیرە الفراتیە) هەرێمی دورگەی فورات : ئامەد ودەوروپشتی تا موسێل وشەنگال و ئامیدی و ئوربیلی ( هەولێری) ئەگرتەوە .

سێیەم : ( ئیقلیم الجبال ) :هەرێمی شاخاوی : زۆرترینی کوردستانی ئەگرتەوە بە ولایەتی شارەزوریشەوە ( کەرکوک) . (٣)

دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە بێ ئیرادەبوون زمانی توركی بەهەمە جۆرو شێوەکانیەوە ( دیالێکت) سەپێنرا بەسەر ئەوگەلە داماوە ژێر دەستانەدا . ئەوشوێنەی کە داگیرکرابوو دانیشتوانی ڕەسەنی وکۆنی بەکەمی مابوون یان کوژرابون یان ڕەو پێکرابوون، تورک ومەغۆل جێگەی گرتبوونەوە ، ماڵ ومولْکیان کاولکرابوو یان دەستی بەسەرداگیرابوو بوونە خاوەنی موڵک وماڵ وزەوی و زاری ئەو گەلە ژێردەستە و لەناوچووانە .

کە تا ئەمڕۆ سەرو ڕۆژئاوای ئێران ئازەری نشێنکراوە ، وبوونەتە خاوەنی ئەو وڵاتە کە ناوی ئازەربایجانە .

لە ڕۆژهەڵاتی ئێران تورکومان نیشتەجێبوون بوونە خاوەنی خاک و ئاوی . ناوچەی هەمەدان بووەتە هی تورک و ئازەری . ودەوری کەرکوک تورکومانە لەزۆر شوێنیکەی کوردستان وڕۆژهەڵاتدا تێکەڵاون لەگەڵ کورد ونەتەوە ودانیشتوانە ڕەسەنەکانی و کۆنی وڵات (٤)

بەشێک لەتورکان لەوڵاتی ئەنەدۆڵدا (تورکیا) بڵاوبوونەوە کەدانێشتوانی ڕەسەنی ئەو ناوچانە کورد وئەرمەن ولاز ویۆنانی بوون ئەمڕۆ زۆرترین دانیشتوانی پەڕەوازەبوون زۆرترەنیان بەدرێژایی ئەوماوەیە کراون بەتورک .(٥)

. لەکاتی حوکمی مەغۆلەکاندا دەوڵەت بەناوی ئێلخانی ناوئەبرا ، کەرکوک پارچەیەکبوو لەو دەڵەتە لەساڵی ٦٩٤ کۆچیدا لەماوەی حوکمی ئاق قۆینلۆ وقەرەقۆینلۆ کەرکوک بووە بەشیک لەو دەوڵەتانە ، بەڵام لەچوارچێوەی حوکمی ئاق قۆینلۆدا تابع وسەربە ئەمارەتی ئەردلان بوو ، حوکمی تورک ومەغۆل وتاتار بەو شیوەیە ماوەیەک دەوامیکرد لە ڕۆژی داگیرکردنی بەغدادەوە لەساڵی ١٢٥٨دا کە دەوڵەتی عەباسی بەدەستی هۆلاکۆ لەناو چوودا تا ساڵی١٥٠٨د،ع .(٦).

(١) * د. عبد الحسين نوائى ، ايران وجهان از مغول تاقاجاريه ،فارسى.

(٢) * محەمەد ئەمین زەکی بەگ ،میژووی کورد و کوردستان .

(٣)* شرف خانى بەدليسى ، شرفنامە ، وەرگێڕانى بە عەرەبى محمد على عونى

(٤)* عەبد الحسين زرين كوب ، تاريخ ايران بعد از اسلام ،فارسى.

(٥) * د. فاروق عمر فوزى ، تاريخ العراق فى عسور الخلافه العربيه الاسلاميه .

(٦) * عونى فرسخ ، الاقليات فى الوتن العربى منذ الجاهليه الى اليوم .

(٦)* بارتۆڵد فاسيلى ، تاريخ الترک فى اسيا الوستى ، ترجمه القاهره .

***

# دەوڵەتانی

# عوثمانی سوننە مەزهەب

# سەفەوی شیعە مەزهەب

ئەو دەوڵەتانەی سەر بەتورک ومەغۆل تەتەر وغەز بوون لە شەڕی بەرامبەری و بەردەوامدابوون دژ بەیەک ، چەند سەدەیەکی تاریکی وشێواو وپاشاگەردانیبوو ، لە ئەنجامدا دواجار لەئێراندا لە ناوچەی ئەردەبیل شێخ سفی الدین ئەردەبیلی دەوڵەتی سەفەوی دامەزراند .

{ سەفی الدین لەبنەماڵەیەکی تورکومانی ناوچەی (دیاربەکر) ئامەد بوو پیاوێکی سۆفییبوو لەساڵی ١٣٣٤دا حوکمی بنەماڵەی سەفەوی دامەزراند لەسەرو ڕۆژئاوای ئێران لەناوچەی ئەردەبیل ، هەندێک سەرچاوە ئاماژەئەدەن کە سەفی ئەلدین کوردی ناوچەی دیاربەکر بووە یان دایکی کورد بووە}.(١)

لەولاشەوە لەڕۆژ ئاوای تورکیا لەدەوروبەری شاری (بورسە ) دەوڵەتی عوسمانی دامەزرابوو ، ئەم دەوڵەتە ساوایە بەزوویی پەرەیسەند چاوی تەماعی بڕیبووە ڕۆژ هەڵات ، بەرەبەرە بەداگیرکردن هاتن تاگەیشتنە خاڵی بەرامبەر بە سەفەویەکان لەکوردستان .

ولاتی کوردەواری بووە مەیدان وسنوری دەسەلات وهێز وشەڕو ململانێ لەنێوان هەردو لایەنی سەفەوی و عوثمانی . (٢)

لەوسەدانەدا هەردو دەوڵەتەکە بوونە تاکە دوهێزی بەرامبەر بەیەکتر ، کە هەر لایەکیان تەماعی لەزەوی ولاتی ئەویتردا هەبوو .

سەفەویەکان لەتەسەوفەوە دوایی مەزهەبی شیعەیان هەڵبژارد وپەیڕەوکرد سەرۆکەکانیان بەناوی (شای سەفەوی ) حوکمیان ئەکرد ، دەوڵەتی عوسمانلی مەزهەبی سوننەی پەسەندکردبوو سەرۆکیان بەناوی ( سولتان وخەلیفەوە )

حوکمیانئەکرد ، کە لەنێوان هەردو مەزهەبەکەدا دوژمنایەتیەکی مێژوویی کۆن هەبوو لەگەڵ یەکتر کە لەسەربنەمای بیروباوەڕی مەزهەبی کاریانئەکرد بەڵام لەناوەڕۆکدا لەسەر بەرژەوەندی هەردو نەتەوەی فرس و تورک دامەزرابوون وبۆتەماع وچاوبڕینە زەوی وڵاتی یەکتری . بەناوی دینەوە حوکمڕانیان ئەکرد.

لەماوەی حوکمی ئەم دو دەوڵەتە بەهێزەدا سەدەها شەڕو پێکدادانی گەورەو خوێناوی ڕوویداوە کە هەرلایەکیان دەستیان نەپاراستوە لەکاوڵکاری وێرانکاری و تاڵانی وڵاتی یەکتری ودەستدرێژی بۆ سەرگۆڕو شوێنە ئایینیە پیرۆزەکان وکاوڵکردن وتیکدانیان بەتایبەت لەکوردستاندا ولەعێراقدا. (٣)

کوردستان کەوتبووە ناوجەرگەو سەرەڕێی ئەم جەنگە کاولکاریانەوە بەهۆی دەها جەنگ وشەڕی خوێناوی بەردەوامی هەردولا کورد توشی کارەساتی بەردەوام ئەبوو ، دوایی بەپێی ڕێکەوتنی هەردولا کوردستان لەناوەڕاستەوە لە سەرەوە تاخوارەوە کرا بەدوکەرتەوە ، ، خوێنی لاوان وپیاو وموڵک ماڵی گەلی کورد بووە چاوگی ئاگری شەڕو پێکدادانی بەردەوامیان ، لەو شەڕانەدا هەرجارە لایەکیان سەر ئەکەوتن و ڕوبەرێکی فراوانی وڵاتی یەکتریان داگیرئەکرد کەکوردستانی ئەگرتەوە .

شاە ئیسماعیلی سەفەوی (لەساڵی ١٥٠٨ د.ع ) دا عێراقی داگیرکردو ناوچەی کەرکوکی کردە حاکم نشین وبنکەی لەشکری خۆی ، دەستی نەپاراست لە مەزارو مزگەوتەکانی سوننە مەزهەبەکان بەتایبەت لە بەغداد . بەپێچەوانەوە ئەگەر عوسمانیەکان بهاتنایە ودەستیان بەسەر هەر شوێنێکدا بگرتایە وەک ئەوان دەستکاری مەزارو مزگەوتەکانی شیعەیان ئەکرد و کاولیان ئەکرد .

سوڵتان سلێمانی قانونی عوسمانی (لەساڵی ١٥٣٤ د.ع) دا بەلەشکرێکی زۆرەوە بە غدادی لە دەست سەندنەوە .. وداگیریکردەوە ، کەبەهۆی هاوکاری یارمەتی و ئاسانکاری حاکمی بەغداد ئەنجامدرا کە (زولفقارخانی کورد بوو ) کە دەستی بەسەربەغداد داگرت داگیریکردو بەپاککراوی دایەدەستیان . سوڵتان سلێمانی قانونی کەتوانی (عێراق ) بسێنێتەوە لەدەستی سەفەویەکان و دەستێکی بەبەغداد داهێنا ناوچەکەی ڕێکخست وڵاتەکەی کرد بەچوار وڵایەتەوە.

یەکەم :  ولایەتی بەغداد : کە لە هەژدە سنجق یان لیوا پێکهاتبوو . مەرکەزەکەی بەغدادبوو .

بدووەم :  ولایەتی موسڵ : لە شەش سنجق پێکهاتبوو مەرکەزەکەی موسڵبوو.

سێیەم :  وڵایەتی شارەزوور : (شهرزور) لە بیست ویەک سنجق پێکهاتبوو لەگەڵ قەڵاکان کەرکوک مەرکەزیبوو .

چوارەم : ولایەتی بەسرە :  سنجقی نەبوو  لە بەر پێکهاتەی عەشێرەتی زۆرو بەهێزی ناوچەکەوە نەیان توانی وەک پێویست ڕێکیبخەن ، شاری بەسرە مەرکەزیبوو .

هەریەک لەم ولایەتانە لەلایەن والیەوە کاری ئەبرا بەڕێوە بەپلەی وەزیر   . بەڕێوە بردنی ولایەتی شارەزور لەگەڵ بەسرە ئاسانتەبوو  ، کەهەردەم هەڵگەڕانەوە و شۆڕش بەرپائەبوو ، وڵایەتی شارەزوور  ناوچەیەکی شاخاوی بوو، نزیک سنوری دەوڵەتی سەفەوی بوو .  لەولایەتی بەسرەش شەڕو پێکدادانی هۆزی زۆرو عەشیرەتە بەهێزەکان بەردەوام بوو.  (٤)

عێراق لەژێرکاریگەری جەنگ وشەڕی بەردەوامی دەوڵەتی سەفەوی وعوسمانیدا بوو هەرجارە لایەکیان داگیرینەکرد ، هەروەها پیلانگێری و شەڕو جولان و ڕاپەڕێنی والیەکان وسەرکردە ناوچەییەکانیش بەردەوام لەئارادابوو  بۆ ئازادی وسەربەخویی وەرگرتنی سوڵتەو پایەو کورسی حوکم .

لەوانە وەک جولانەوە وڕاپەڕینی   زولفەقارخان لەساڵی١٥٢٧ د.ع دا  کە سەرکردەیەکی کوردبوو توانی بەسەر حوکمداری ئێرانیەکاندا سەربکەوێت لەبەغداد ، ناوەڕاست وخواروی عێراق بخاتەژێر کۆنترۆڵیەوە، و بیکاتە بەشیک لە دەوڵەتی عوثمانی ، لەئەنجامدا دوبرا لەخزمەکانی بەپلانێک کەدژی ڕێکیان خستبوو سەرکەوتن بەسەریداو لە ناویانبرد   هەروەها دواجار لەئەنجامی جوڵانەوەی بەکر سوباشی کە سەرکردەیەکی پۆلیس بوو توانی بۆماوەیەکی کەم هەموو عێراق بخاتە ژێر ڕکێفیەوە .

لە دوای شەڕو پێکدادانی بەردەوامی شای ئێران وسوڵتانی عوسمانی ، هەردولا هاتنە سەر بیری ڕێککەوتن کە هێڵی سنوری لەنێوانیاندا دەستنیشان بکەن ، لەمایسی

ساڵی١٦٣٩ د.ع دا ، پەیمانێکیان بەست لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن ، کەڕێککەوتنەکە ناونرا بە (ڕێکەوتنی زەهاو) بەشێک لەوبڕیارانە : جەسان وبەدرە ومەندەلی سەر بەوالی بەغداد بن و بەشێک لە هارونیە بۆ والی بەغداد بێت کەبەشێکی هۆزی جافی ئەگرتەوە ، هێڵی سنوری شارەزور دانرا کە ئەو دەربەندو گەلی ودولانەی بەسەر شارەزوردا ئەیانڕوانی و ئاوەکان ئەچنەوە سەری تابع بە شارەزوربن ، وقزڵجە ودەوروبەری سەربە سوڵتان بێت . شای ئێران پەیمانیدا ، کەپەلاماری خاڵە سنوریەکان نەدات ، وپشتگیری جولانەوەو هەڵگەڕانەوە نەکات لەناوچەکاندا کە ئەمارەتەکان کوردیەکان ودانیشتوان ئەنجامیبدەن . حوکمی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانی بەردەوام بوو تادوای بڕانەوەی جەنگی جیهانی یەکەم ساڵی ١٩١٨ .

بەلام دەوڵەتی سەفەوی زوترگۆڕانی بە سەرداهات زوتر لەناوچوو ، دوایئ ئەوەی ئەفغانەکان هێرشیان هێنا بۆسەر ئێران وداگیریانکرد ولات شێواو ، لەئەنجامی ئەوشێواندن وپاشاگەردانیە ، (نادرشای هەوشار ، نادر قولی ) وەک سەرکردەیەکی بەتوانای لە شکری سەفەوی هەڵکەوت ودەرکەوت ، لەساڵی١٧٢٥ دا بەرامبەر ئەفغانەکان وەستا کە هێرشیان هێنابوو بۆسەر ئێران وداگیریان کردبوو ، نادرقولی شا بەسەر ئەفغانەکاندا سەرکەوت، لەئێران دوری خستنەوە ودەستیگرت بەسەر تەختی شاهی سەفەویدا خۆیکردە شای ئێران بەناوی نادرشای ئەفشارەوە . لە ساڵی ١٧٣٢ دا لەڕێی کەرکوک وهەولێرەوە پەلاماری عێراقیدا ، گەمارۆی هەولێر وموسڵی داو سەرنەکەوت ، دوایی وپەلاماری بەغدادیدا سەرنەکەوت بێئەنجام گەڕایەوە ، نادر شا لەماوەی حوکمیدا سێجار پەلاماری عێراقیداوە ، بەتایبەت بەغداد لەساڵانی ١٧٤٣ تاساڵی ١٧٤٧ سەرنەکەوتوە ، هەروەها گەمارۆی بەسرەی داوە سەرنەکەوتوە . ناچار داوای ڕیککەوتنی کردوە لەگەڵ والی بەغداد .

لەهەموو جارەکاندا بەناوچەی کەرکوک – هەولێردا تێپەڕیوە ئەو ناوچەیەی کردوەتە بنکەی هێرشی سەربازی ، شەڕیکی گەورە ڕویداوە لەو ناوچانەدا بەتایبەت لە ئاوەسپی ، دواجار نادرشاە لەناو ولاتەکەیدا ئەکوژرێت بەوهۆیەوە ولات ئەشێوێت .

دوای کوژرانی نادر شاه ، کەریم خانی زەند وەک سەرکردەیەکی بەتوانا حوکمی وڵاتی گرتەدەست وەک شای ئێران ، حوکمی بنەماڵەی زەندی کوردی لەئێراندا لەساڵی ١٧٥٧دا دامەزراند ، بنەماڵەی کەریمخانی زەند کوردی دانیشتوی ناوچەی مەلاییر بوون خوار هەمەدان لەدێی پری لەناوچەی مەلایر .

بەحەزو ئارەزوی خۆی ناوی خۆی نا ( وەکیلی ڕەعیەت ) کەخۆی وای پێخۆشبوو ، پیاوێکی داد پەروەربوو لەماوەی حوکمیدا وڵات ئارامی بەخۆوە دیوە . یەکێک لەدوژمنە سەرسەخت بەرامبەریەکانی ، سەرکردەی هۆزی قاجاری (محەمەد خانی قاجاری ) بوو کەتورک بوو ،لەشەڕی بەردەوامدابوو دژی حاکمانی زەندی ، داوای کورسی حوکمی ئەکرد ببێت بەشای ئێران .

دواجار توانی بەسەر نەوەی کەریم خان (لتفعەلی خانی شای زەندا ) سەربکەوێت ،حوکمی ئێرانی لەدەست سەندن ،بەوشێوەیە لەجیاتی حوکمی کەریم خان و نەوەکانی ، محەمەد خان حوکمی بنەماڵەی قاجاری تورکی لەشێراز دامەزراند بەناوی( دەوڵەتی شاهانشاهی قاجاری ) ، نەوەکانی کەریم خانی زەندی بەشێوەیەکی نامەردی و تراجیدی وسادیانە لەناوبرد .

حوکمی قاجاریەکان تا دوای جەنگی جیهانی یەکەم بەردەوامبوو تاساڵی ١٩١٨ ، کەلە دوای ئەو ماوەیە سەرکردەیەکی لەشکری تورک لەقاجاریەکان هەڵگەڕایەوە بەناوی (ڕەزاشاه ) دوایی بەحوکمی قاجاریەکان هێنا و نیزامی شاهان شاهی پەهلەوی لەئێراندا دامەزراند.

ئەو دەوڵەتانەی لەدوای هێرشی هۆلاکۆ لەساڵی ١٢٥٨ دا کەلەئێراندا دامەزراون زۆرترینیان مەغۆلی و تورک و غەزو (جگەلەزەندیەکان ) تورکومان بوون تاشوڕشی خومەینی ساڵی ١٩٧٩ کە ئەویش ڕەنگی تورکی پێوەیە بەڵام هەندێکیان وەک دەوڵەتێکی ئێرانی فارسی دەرکەوتون لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی فارسی بە فەرمی وتا ئەمڕۆژ هەر ناوەڕۆکی حوکمی ئێرانفارس و تورک ئازەری یەعیە (٥).

بەدرێژایی مێژوو پێش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و تاکەوتنی دەوڵەتی عەباسی کوردو فارس وەک دو نەتەوەی هاوکارو بنبرا وئامۆزابوون ، هەردەم هاوپشت

ویارمەتی دەری یەکتربوون وەک خاوەنی یەک چارەنووس بوهەردولا ڕەفتاریانئەکرد ، لە زۆر ڕاپەڕین و شۆڕشەکاندا پاڵپشت و یارمەتی دەری یەکتربوون .

بەڵام دوای پەیڕەوکردنی مەزهەبی ( تەشەیوع ) لەلایەن فارس و تورک و ئازەریەوە لەنێراندا ئەوپیوەندیە لەنێواندیانا کزبوو وبووە هۆی دورکەوتنەوەی پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ کورد دا، لەبەر ئەوەی زۆرترینی کورد سونەمەزهەبن ، جۆرێک لەساردی و دوژمنایەتی دروستبوو لەنێوانیاندا ، کورد توشی چەوساندنەوە وزوڵم بوو بەدەستیانەوە بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی بەدرێژایی مێژوو پێکهاتەیان تورکبووە یان تێکەڵاو بووە .

(١) * جورج روو ، العراق القديم ، لاپەڕە ٥٦٣- تا ٥٨٦ .

(٢) * محەمەد ئەمین زەکی بەگ ، تاریخ کورد وکوردستان .

(٣)* د عماد عبدالسلام رەوف ، د علاء موسێ کازم ،العراق فی التاریخ ، لاپەڕە ٦٠٠ تا ٦١٠

(٤)* شرف خانی بەدلیسی ، شەرەفنامە ، وەرگێڕانی محەمەد عەلی عەونی .

(٥) * بارتۆڵد فاسیلی الترک فی ئاسیا الوستی، ترجمە القاهرە

* م . جمیل ڕۆژ بەیانی ، داقوق فی التاریخ ،لاپەڕە ٤١٥ ، ٤١٦ .

* مێجر لۆنکریک وەرگێڕانی جعفر خیات ، چوار سەدەی ئەم دواییە لەمیژووی عێراق ، لاپەڕە ١١ ، ٤٥

(٦) * عبدالرزاق الحسنی ، تاریخ العراق السیاسی الحدێث . جزء ١ ، ٢ ، ٣

(٧) * عەبدوڵلە غفور ، جوغرافیای کوردستان .

* هنری فۆستر ، نشات العراق العدیث ، الجزء الاول لاپەڕە ٣٩ ، ٤٨ ، ٩١ .

* میدیا ، دیاکۆنۆف ، وەرگێڕانی بورهان قانع .

* بلازری فتوح البلدان . چاپی قاهیرە

* جلیل دۆستخواە ، ئاڤێستا کهن ترین سرودهای ایرانیان ، بەزوبانی فارسی .

* شاكر خسباک ، كوردو مەسەلەی كورد وەرگێڕانی ئەمجەد شاكەلی .
* محمود ياسين التكريتی ، الايوبيون فی الشام والجزيره

***



كەريم خانی زەندی كورد (شاهانشای ئێران )
كە بەوەكێلی ڕەعیەت ناوی دەركردبوو



شوێنەواری یەکێک لە قەڵا دێرینەکانی ئەمارەتە کوردیەکان

# دەوڵەت وئەمارەتە کوردیەکانی سەر

## بەسەفەوی و عوثمانی

لە سەدەکانی حوکمی سەفەوی وعوثمانیدا ژمارەیەکی زۆر لەئەمارەت و دەوڵەتی کوردی هەبوون زوترینیان لەکاتی حوکمیاندا دروستبوون ، ئەو دەوڵەت و ئەمارەتانەی پێکهێناوە وەک دەوڵەت وئامارەتی :

ئەردەڵان ، بابان ،بەدرخان ، کوکویە ، ڕەوادی ، شەدادی ، بەرزیکان ، دۆستەکی (مەروانی) ، هەزبانی ،کابانی، کەڵهوڕ ،پشت کۆ، ، بەهدینان ،سۆران ، جان پۆڵا ، بدرخان ، وان ، بەتلیس ، سێوەرک ،خەربوت ، ئامێدی ،شەمدینان ... هەتادوایی.
ناوچەی کەرکوک یەکێکبوو لەو ناوچانەی لەئەنجامی جەنگی بەرامبەری هەردولایاندا زیانی زۆری لێئەکەوت هەرلایەکیان زۆرجار لەو ناوچانەدا لەشکرەکەیان مۆڵئەدا ، بۆخۆ ئامادەکردن وهێرشکردن دژی لایەنەکەی کە . کەرکوک بەدرێژایی ئەوسەدانە

بەدەستی خاوەنە کوردەکانیەوە بوو وەک .دەوڵەتی حوسنەوی و بەنی عەناز و ئەردەڵان وبابان . دەوڵەتی حوسنەوی کەروبەرێکی فراوانی کوردستانی ئەگرتەوە تانزیک شاری بابل ،ناوچەی کەرکوک لەساڵی ٣٣٠ بەدواوە تاساڵی ٤٠٥ کۆچی بەشیک بوو لە ودەوڵەتە .

لەسەردەمی دەوڵەتی بەنی عەنازدا لە ساڵی ٤٣٢ کۆچی بەدواوە شاری کەرکوک سەربەم دەوڵەتەبوو .

لەگەڵ هێرشی تورکومان لەساڵانی ٤٩٨ کۆچی بەدواوە بۆماوەیەک کەرکوک کەوتە ژێردەستی تورکومانە هاوردەکانەوە.

دەوڵەت وئەمارەتی ئەردەڵانی کە لە ساڵی ٥٦٤ کۆچیەوە دامەزرابوو ، لە ماوەی ژیانی خەسرەو خانی ئەردەڵانیدا لەساڵی ٦٠١ کۆچیدا فراوانبوو، دوای ئەو کورەکەی کڵۆڵ خانی ئەردەلانی لەساڵی ٦٠٦ کۆچیدا جێگەی گرتەوە تاساڵی ٦٢٩ کۆچی ، بەدرێژایی ئەوماوەیە کەرکوک لەناوچەکانی سەر بە حوکمی ئەردەڵانیەکانبوو .

هەروەها دەوڵەتی بابان کەفەقێ ئەحمەدی دارشمانە دایمەزراند ، بەدرێژایی حوکمی بەردەوامیان ولەم سەدانەی دواییدا زۆرجار ناوچەی کەرکوک بەشێکبووە لەوئەمارەتە ، لەساڵی ١٧٨٤ ئیبراهیم پاشای بابان شاری سلێمانی دروستکرد بەناوی سلێمان پاشای گەورەوە کەواڵی بەغدادبوو ئەوناوەی لێنرا .

ئەمارەتی بابان لەسەدەکانی دواییدا بووە تابعی ولایەتی بەغداد یەکێک لە ئەمیرە بەناوبانگەکانی ئەم ئەمارەتە عەبدوالرحمان پاشای بابان بوو کە چەند جار شۆڕشی بەرپاکردوە دژی دەوڵەتی عوسمانی بۆ دەستخستنی حوکمی سەربەخۆیی بۆکوردستان.

پاشاکانی دەوڵەتی بابانی چەند جار هێرشیان هێناوە بەمەبەستی داگیرکردنی بەغداد کە مەرکەزی ولایەتبوو ، بۆ ئەوەی هەموو ولایەتی بەغداد بخەنە ژێر ڕکێفیانەوە ، ئەمارەتی بابان دەستی کێشابوو بە سەر زۆرترین ڕوبەری کوردستانی خوارو تانزیک بەغداد ، عبد الرحمان پاشای بابان لە ساڵی ١٨١٢ بەهێزەکەیەوە چووە ناو بەغداد دوای ئەوەی حوکمی مەمالێک دواییهات و کشایەوە.

لەناوئێراندا لەبەشی کوردستانی ڕۆژ هەلات شۆڕش و ڕاپەڕینی زۆر ئەنجام دراوە بەتایبەت لەناوچەی کرمانشاو موکریان وسەنەندەج و ناوچەی سەر بەشوکاک وەک : ڕاپەرینی محەمەد خانی لەپزێرین ( ڕاپەرینی قەڵای دم دم ) وڕاپەڕێنی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانی و ڕاپەڕێنی زۆری کە.

لەو دەڵەتە گەورانەی کە دامەزراون لە ماوەی حوکمڕانی تورکان وئێران کەهەموو مورک و ناوی کوردیان پێوەبووە وەک دەوڵەتانی: ئەیوبی کەسەلاحەدینی ئەیوبی ڕابەرو سەرکردەی بوو، کەلەماوەی نزیک کۆتایی حوکمی عەباسیەکان دروستبوو ، بەرپابوو تادوای لەناو چوونی دەوڵەتی عەباسی .

هەروەها دەوڵەتی زەندی کوردی بەسەرکردایەتی کەریم خانی زەند ، هەرچەندە هیچ لایەکیان وەک پێویست بۆ بەرژەوەندی کورد وەک نەتەوەییەک کاریاننەکردوە ، کەلایەنی ئایینی ومەزهەبی زاڵتربووە لە گیانی نیشتمانی و نەتەوەیی لەبیروکرداری ئەو سەرکردانەدا. بەڵام هەرکورد زەرەر مەندیش نەبووە ،تاڕادەیەک سودمەند بووە لێیان .

زۆر لە ئەو دەوڵەت ئەمارەتە کوردیانەی لەچوارچێوەی دەوڵەتی خەلیفەی عوسمانی دامەزرابوون هەر یەکەیان وەک کیانێکی فیدراڵی حوکمیان ئەکرد و بەوراثی بوو ، پەیوەندی سەرەکی گرنگیان لە گەل دەرباری خەلیفە کۆکردنەوەی باج وخەراجبووە بۆیان لە گەڵ هاوکاری ویارمەتیدانی لەشکری لەکاتی جەنگ وشەڕی ناوخۆ ودەرەوە کەهاوکاربوون لەڕێی ئامادەکردنی تفاقی شەڕو پشتگیری هێزی سەبازی. ژمارەی ئەو ئامارەتانە لە بیست ئەمارەت تێپەبوون .

لە کاتی حوکمی یاوز سەلیمی سوڵتانی عوثمانیدا بەپێی ڕێک کەوتنێک (سوڵتان یاوز سەلیم ) لە ساڵی١٥١٤ دا توانی لەگەڵ نوێنەری ئەمارەتە کوردیەکان پەیمان نامەیەک مۆربکات هەموو ئەمارەتە کوردیەکانی سەر بە دەڵەتی عوثمانی لە حوکمێکی فیدراڵیدا کۆبکاتەوە بەسەرکردایەتی (مەولانا ئیدریس البدلیسی) کە ماوەیەکی زۆری خایاند مەرجەکانی بەم شێوەیەبوو :

یەکەم هەرئەمارەتێک سەربەخۆیی تەواوی هەیە لە چوارچێوەی ئەمارەتەکەی خۆیدا

دووەم     سەرۆکایەتی هەریەک لەئەمارەتە کوردیەکان کەدەستنیشان ئەکرێت بەوراثیە لە باوکەوە بۆ نەوەی داوی خۆی ئەگوێزرێتەوە .

سێیەم    لەکاتی هەر دەستدرێژیەکی دەرەکی پێویستە ئەمارەتەکان تفاقی شەڕ وسەربازی ، وچەک وبژێوی ئامادەبکەن ،بەکردەوە هابەشی بکەن .

چوارەم    بۆهەڵگەڕانەوەو شەڕی ناوخۆ پێویستە لەسەر ئەمارەتەکان هاوکاری ویارمەتی پێشکەش بکەن بە دەرباری خەلیفەو هێزی سەربازیان بۆبەرگری ئامادەبێت

پێنجەم    باشتر وایە لەهەموو بۆنەو خۆشی وسەرکەوتن و جەژنەکاندا پێویستی سەرشانیان جێبەجێ بکەن بەپێش کەشکردنی دیاری وماڵ و پێوستی بوونەکەوە .

وەک باسکرا ماوەیەک ئەمارەتەکانی سەر بەسوڵتانی عوثمانی کۆکرانەوە لە ژێر سەرکردایەتی مەولانا ئیدریس البدلیسی وەک یەکگرتوویەکی فیدراڵی ، ئەو نوێنەرو سەرکردەی هەموو ئەمارەتە کوردیەکانبوو دەرباری خەلیفەو سوڵتانی عوثمانی کە یەکسەر پەیوەندی لە گەڵ خەلیفەدا هەبوو بۆ ئاسانکردنی بەڕێوەبردنی ئیش وکاری ئەمارەتەکانی کوردستان . (١)

ئەمارەتە کوردیەکان بەشێوەی نیمچە ئیداری سەربەخۆ مانەوە ، تا ساڵی ١٨٣١ هەرئەمارەتێک بەتاک حوکمڕانی ناوچەکانیان بەڕێوە ئەبرد ، دوای ئەو ماوەیە خەلیفەی عوسمانی بڕیاریدا کۆتایی بەحوکمی ئەمارەتەکان بهێنێت حوکمی ڕاستەوخۆ ( مەرکەزیەت ) پەیرەوبکات.

دەوڵەتی عوثمانی دەستیکرد بەهێرشی سەربازی بۆسەریان بەهێزو هاوکاری و یارمەتی ئەمارەتە کوردیەکانی کە ، ئەمارەت لە دوای ئەمارەتی لەناوبرد و هەڵیوەشاندن .

دوا ئەمارەتی کوردی لەساڵی ١٨٥٠ دا لەناوبرا و، دوایی هێنرا بەحوکمی بنەماڵەیان، بڕیار درا کەبەڕیوەبردنی وڵات مەرکەزی بێت وخویان سەرکردەو بەڕیوەبەری ناوچەکان وسەنتەری ئەمارەتەکان دابنێن . (٢)

ولایەتی شارەزور کەپایتەختەکەی کەرکوکبوو بەپێی قانون وبڕیارێک کە لە ساڵی ١٨٦٤ دا دەرچوو خرایە سەر ولایەتی موسێل ، مەدحەت پاشا کرایە والی عێراق ، ئەویش عێراقی دابەشکرد کرد بە سێ ولایەت :

( ١/ ولايەتی موسێل ، ٢ / ولایەتی بەغداد ، ٣ / ولایەتی بەسرە )
بەوپێیە وڵات بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆ ئەبرابەڕێوە .
لەدوا سەدەکانی حوکمی عوسمانیدا بەتایبەت سەدەی نۆزدەهەم ، شۆڕش ڕاپەڕین وجوڵانەوە هەڵگەڕانەوە لە زۆر ناوچەی کوردستان و ناوچەکانی کەی ژێر دەستی عوثمانی سەریهەڵدا بۆ داواکاری مافی نەتەوەیی وسەربەخۆیی بۆ کوردستان نەتەوەکانی تر . (٣)
زۆرترین شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی عوثمانی ڕوویدا وەک لە : ئەمارەتی وان وباشقەڵا وجزیرەی بۆتان ومەلاتیاو دەرسیم و ئامەد وئەردەلانی وبابانی وسۆران وبەهدینان ، لەوماوەیەدا جەندەها سەرکردە وپێاوی گەورەو کورد پەروەرو شۆڕشگێری دڵسۆز و ناودار ڕوشنبیر پێگەیشت ناوبانگیان سەند وەک عەبدووالڕحمان پاشای بابان وخان ئەحمەد خانی ئەردەلانی ومحەمەد پاشای ڕەواندزی وئەمیر بەدرخانی بۆتان ، شێخ عوبەیدوڵای نەهری تا .د .
گیانی سەربەخۆیی ونیشتمان پەروەری پەرەی سەندبوو ، زۆر ناوەندو کۆمەڵەی کوردی پێکهاتبوو لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان .
گەلانی ژێر دەستی خەلافەتی سوڵتانی عوثمانی جووڵابون ، گیانی نەتەوەیی و ڕاپەڕین بۆ سەربەخۆیی لەناویاندا پەرەی سەندبوو.
لەماوەی حوکمی سوڵتانی عوسمانیدا هەمان ( ڕیگەی) کۆنی زەمانی هەخامەنشیەکان بەکارهێنرا بۆ ئاسانکردنی پەیوەندی نێوان پایتەخت وناوچە دورەکانی دەوری میزۆپۆتامیا بۆگەیاندنی نامەوە ڕاسپاردەو فرمانەکان ، کە لە حەڵەبەوە دەستی پێئەکرد تا تەلەعەفەر وهەولێر لەوێوە بۆ پردێ وکەرکوک وتوز وکفری و قەرەتەپە ، کەلە هەرشارێکی سەر ئەم ڕێگەیە بنکەیەکی ڕەسمی هەبوو چەند کارمەندێک کاریان تیائەکرد ، بەرە بەرە ئەو فرمانبەرانە زمانی تورکیان بەکار ئەهێنا لەکارە ڕەسمیەکاندا وەک بنەماڵەیەک مانەوە بەتورکی ئەدوان کە تا ئەمڕۆژ نەوەکانیان وەک کەمە نەتەوە هەرماون لەوشوێنانەدا ژیان بە سەرئەبەن . کەرکوکیش سەنتەری گرنگی هەڵسوڕاندنی کاروباری عوسمانیەکان بوو بۆ ئەومەبەستانە .

لەساڵی ۱۹۰۸دا سوڵتان عەبدوالحمید لەژێر کاریگەری کۆمەڵەی (اتحاد وترقی (یەکێتی ویەرکەوتن ) دەستوری نوێی بڵاوکردەوە ، بەڵام کاریگەری ئەوتۆی نەبوو لەسەر رەوش و بەرێوە بردنی وڵات ولابردنی زوڵم و زۆر لەسەر گەلانی ژێر دەستە ، دەستورەکە وەک پێویست کاریپێنەکرا . کات تێپەربوو گیان وبیری ریگەز پەرستی تورانی هێزی سەندبوو گەلانی ژێر دەستە لەژێر زەبرو زوڵمی ئەم دەوڵەتە دواکەوتوەدا ئەچەوسانەوە. (٤)

لەساڵی ١٩١٤ دا جەنگی جیهانی یەکەم بەرپابوو لەماوەی جەنگەکەدا خەڵکی توشی برسێتی و نەخۆشی نەبوونی بوون ساڵێکی قات وقڕیبوو زۆرکەس مردن وسەریان تیاچوو ، لەئەنجامی جەنگەکەدا دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانی دۆڕاو دەوڵەتی عوثمانی هەڵەوشایەوە ولەناوچوو هاوپەیمانان سەرکەوتن دەوڵەتەکە دابەشکرا، خەلافەت هەڵوەشایەوە و لەجیاتی ئەو رژێمێکی کۆماری عیلمانی دامەزرا . جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٨ دواییهات هێشتا شەڕ کۆتایی نەهاتبوو ئینگلیز وفەرەنسەو هاوپیمانان وڵاتەکەیان لەنێو خۆیاندا بەنهێنی دابەشکردبوو بەپێی پەیمانێک ناوی نرا ( پەیمانی سایکس _ بیکۆ ) هاوپەیمانان بەپێی مەبەست وبەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەوڵەتی عوسمانی هەڵوەشاویان لەناوخۆیاندا دابەشکرد ، بێئەوەی گوێ بدەنە داواکاری وبەرژەوەندی نەتەوەکان ، بەتایبەت خاکی کوردستان ، ئەوبەشەی کوردستان سەر بە دەوڵەتی عوثمانی دۆڕاو بوو بەچواربەشەوە : (٥)

ا کوردستانی باکور .

ب کوردستانی خوارو .

ج کوردستانی رۆژئاوا .

د بەشێکی کوردستان لەئازربایاجان و ئەرمینیا مانەوە .

ز ئەوبەشەی ژێردەستی ئێران وەک خۆی مایەوە دەستکاری نەکرا

ئینگلیز فریاکەوتبوو ڕووبەرێکی فراوانی خواروی عێراقی داگیرکردبوو ، بەرەو بەغداد وکوردستان بەڕێووەبوون لەگەڵ بڕانەوەی جەنگەکە ، بەریتانیا عێراقی خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە وداگیریکردبوو

(١) * هنری فۆستر ، نشاه العراق الحدیث ، وەرگێڕانی سلیم تەها التکریتی لاپەڕە ٩١ – تا١١٠ * د. علاء موسی کازم و د . عماد عبدالسلام ڕەوف ، العراق فی التاریخ لاپەڕە ٦٠٠–٦١٠.

(٢)* د . مستەفا عبد القادر النجار ، العراق فی التاریخ ، لاپەڕە ٦٦٣ تا ٦٨٠ .

(٣)* مێجر لۆنکریک ، اربعە قرون من تاریخ العراق الحدیث ، وەرگێڕانی جەعفەر خەیات ، لاپەڕە ١١ ،٤٥.

(٤) * عبد الرزاق الحسنی ، تاریخ العراق السیاسی الحدیث . جزء ١ ، ٢ ،٣

(٥)* جورج روو ، العراق القدیم ، لاپەڕە ٥٦٣ تا٥٨٦ .

* محەمەد ئەمین زەکی ، تاریخ کورد و کوردستان .

* شرفخانی بدلیسی ، شرفنامە ، ترجمە ی محەمەد عەلی عەنی .

* مەحمود یاسین التکریتی ، الایوبیون فی الشام .

* بێگەبەگ ،بیرەوەریەکانی بێگەبەگ (مذکرات بیگەبگ ) ترجمەی جەمیل ڕۆژبەیانی

* ئەولیاچلبی ، سیاحەتنامەی ئەولیاچەلەبی تەرجمەی سەعید ناکام .

* ، هادی الچاوشلی ، تراث اربیل التاریخی .

* د.حسین امین ، تاریخ العراق فی العسر السلجوقی

***

# گەڕانێک بەناو لاپەڕەکانی مێژووی پەیوەند بە کەرکوکەوە

## لەماوەی حوکمی عوثمانی وسەفەویدا

لەساڵی ١٥٠٠ د.ع کەرکوک وسنجقی قەرەداغ یەکخرابوون ، ئەوماوەیە ناوچەی شارەزور وکەرکوک سەر بە دەولەتی ئەردەلانی کوردی بوون ، کە پایتەختەکەیان شاری سنە (سەنەندەج ) بوو بەتاییەت زەمانی شاە ئیسماعیلی سەفەوی . لە ئەنجامی ململانێ وشەڕێ نێوان دەوڵەتی سەفەوی وعوثمانی دواجار لە ساڵی ١٥٥٤د.ع دا ناوچەکە بۆتورک ساغبووەوە (١).

لەکاتی ئیدارەی دەوڵەتی ئەردەلانی کوردیدا ناوچەی دۆڵی هەریر وبازیان خرانە سەر ناوچەی کەرکوک ، هەموو کارەکان لە کەرکوک بەڕێوەئەبرا ، دوایی بەناوی (وڵایەتی شارەزورەوە) ناوی دەرکرد، لەماوەی سەدەیەکدا چەندجار لەلایەن سەفەویەکانەوە داگیرئەکراو تورکانی عوثمانی داگیریان ئەکردەوە بەوهۆیانەوە ( ولایەتی شارەزور) ناوچەی کەرکوک وشارەزور کرابووبە بنکەی سەربازی وهێرش هێنان بۆ هەردولا کە لەئەنجامدا وێران وکاولکرابوو ناوچەکەزۆر دواکەوتوو بوو ،هەژاری ونەزانی و نەخۆشی لەو ناوەدا پەرەیانسەندبوو .

لەساڵی ١٦٢٩ د.ع دا سوڵتانی عوثمانی بەلەشکرێکی گەورەوە کەرکوکی داگیرکرد وهاتە سەر شارەزور تا گوڵعەنبەر ( خورماڵ ) نەوەستا ، لەشکری سەفەوی لە بەردەمیاندا بەرەو دواوە ئەکشایەوە ، تورکان بەهێرش و داگیرکردن ناوچە بەناوچە بەدوایاندا هاتن تاگەیشتنە هەمەدان ، تورکان ئەو وڵاتەیان وێران وتاڵان وکاولکرد . خان ئەحمەد خانی میری ئەردەلانی سەرلەشکری باڵێکی گرنگی لەشکرە گەورەکەی شاە عەباسی سەفەوییبوو.

لەگەڕانەوەیاندا شای ئێران بەهێزێکەوە دوایانکەوت ، لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا کەرکوکیان داگیرکردەوە وکاروبار یان ڕێکخست ، لەساڵی ١٦٣٨ دا بەرەو بەغدادبوونەوە داگیریان کردو سەندیانەوە .

دیسان سوڵتانی عوثمانی هێرشێکی بەربڵاوی هێنایەوە بەغدادی داگیرکردەوە ناچار هەردولا ؛ شای سەفەوی و سوڵتانی عوثمانی ؛ لە ساڵی ١٦٣٩ دا رێکەوتن و پەیماننامەیەکیان لەنێوان خۆیاندا مۆرکرد بەۆێی ئەو رێککەوتنە کوردستانیان لە ناوەڕاستەوە دابەش ودوکەرتکرد لەسەرەوە بەرەوخوار دواسنوری کوردستانی خوارو ، لەوپەیمانە دوقۆڵیەدا بڕیاردرا وڵاتی ئەردەڵان سەر بەعەجەم بێت ، وڵاتی بابان سەر بەسوڵتانی عوثمانی بێت .

کەرکوک کرایە مەرکەزی ولایەتی شارەزور ، دەوڵەتی بابانی لەو سەدەیەدا سنوری لەزێی بچوکەوە درێژ ئەبووەوە تاڕوبارى سیروان بەپردێ وکفریەوە .

هەرلەو ساڵانەدابوو هۆزی جاف لە ئێرانەوە لەناوچەی جوانڕۆ وە هاتن بۆ ناوچەکە و لەدەوری هەردو کەناری سیروان نیشتەجێبوون ، هیچ سجلێکی ئەوماوەیە نەماوە دەربارەی کەرکوک کەپایتەختی ولایەتی شارەزوربووە تا زانیاریان لێوەربگیرێت. ئەم ناوچانە ماوەیەک بەهێمنی وئارامی مانەوە ، ئەوەندەی نەخایاند کە ئەفغانەکان ئێرانیان داگیرکرد ، بەهۆی ئەم بارە ئاڵۆزەوە نادرشا هەڵکەوت ودەرکەوت بووە شای ئێران ووڵاتی پاککردەوە لە ئەفغانەکان بەوشیوەیە ، حوکمی سەفەوی لەئێران دواییهات نادرشابووە شاهانشای ئێران . (٢)

نادرشاه لەتاوتوێکردنی بیری ئەوەدابوو کە عێراق داگیربکات ، دەستیکرد بەخۆئامدەکردن و لەشکرکەشی لەساڵی ١٧٣٣ دا هێرشی هێنا بەرەو کەرکوک وموسڵ وگەمارۆی بەغدادیدا ، تورکانی عوثمانی بەرەو ڕووی بوونەوە بەسەرکردەی ( تۆپاڵ عوثمان ) لە ئەنجامی شەڕەکەدا هیزی نادرشاه تێکشکاو کشایەوە بۆناو ئێران ، تۆپاڵ عوثمان کۆمەڵکوژی وتاوانی زۆریکرد لە ناوچەی شارەزور بەتایبەت لەخورماڵ (گوڵ عومەر ) ، تۆپاڵ عوثمان لەدەرەوەی کەرکوک چادری هەڵدا چاوەڕوانی یارمەتی زیاتربوو لەئەستەمول .

نادر شاە دوبارە خۆیسازدایەوە بەرەو لەشکری تۆپاڵ عوثمان هێرشی هێنا ، وردەشەڕ لە نێوانیاندا لە خوار کەرکوکەوە لەدەشتی لەیلان بەرەو ئاوەسپی وداقوق دەستیپێکرد ، لەئەنجامی گەرمەی شەڕەکەدا لەشکری تۆپاڵ عوثمان خراپ شکاو تۆپاڵ عوثمان بەساغی دەربازبوو دوایکەوتن لەئەنجامدا کوژرا .

دوا بەدوای ئەو سەرکەوتنەی نادر شا ، بەهۆی باری نالەبارو شێواندن و ئاڵۆزی ناوئێران نادرشا بەپەلەکشایەوە گەڕایەوە بۆناو ئێران ، دوای ماوەیەک هێرشی هێنایەوە کەرکوکی گەمارۆدایەوە ، هەرچی سەر بەتورکبوو لەتورکومانەکان چوونەناو قەلاکەوە لەگەڵ کلدانیەکان لەوێ خۆیان توندکرد ، دوایی خۆیان دابەدەستەوە بە مەرجی ئەوەی گیانیان پارێزراوبێت .

دوای ئەو سەرکەوتنە نادرشا بەرەو هەولێر کەوتەڕێ داگیریکرد ، دوای ئەو سەرکەوتنەی بەرەو موسڵ هێرشی هێنا گەمارۆیداو دواجار نەیتوانی داگیربیکات ، گەڕایەوە بۆ کەرکوک ولەو ناوچەیەدا چادری هەڵداو وکردیە بنکەی سەربازی سەرەکی ، لەشکرەکەی ڕێکخستەوە بەجێی هێشت ، خۆی گەڕایەوە بۆ ناو ئێران لەساڵی ١٧٤٧دا لەڕوداوێکی چاوەڕوان نەکراوی لەپڕدا کوژرا ، بەوشیوەیە حوکم ودەوری نادرشا دواییهات .

هەرلەو سەدانەدا بابانەکان بە هێزبوون ودەسەلاتیان زیادیکردبوو لە هەمەدانەوە تا کەرکوک لەژێر دەسەلاتیاندابوو بەتایبەت لەکاتی حوکمی خانەپاشای بابانی و کوڕەکەیدا ، بەلام بەهۆی هێرشی نادرشاوە کەتورک بوو حەزی بەکورد نەبوو سنورێکی دانا بۆ هێزو ناوچە فراوانەکەی بابانیەکان بەتایبەت لەویەشەی ناو ئێران .

لە ساڵی١٧٥٨ دا ، والی ( شارەزور )کەرکوک ئەمین پاشا بوو جارجارەش ، لەخانەوادەی جەلیلی دانیشتوی موسێل ئەبوونە حاکمی کەرکوک (کە ئەسڵیان لەدیاربەکرەوە ؛ ئامەد ؛ هاتبوونە موسڵ ) .

کاتێک نادرشا کوژرا وڵات ئاشوب وپاشاگەردانی تێکەوت ، وەک لەوەپێش باسکرا لە سەر تەختی شاهانە لەنێوان سێ داواکاری خاوەن هێز ناکۆکی پەیدابوو ، یەکێک ئەفغانی بوو لە سەرکردەکانی نادرشا ، دووەم تورکی ناوی محەمەد خانی قاجاری بوو، سێیەم کوردی ، ناوی کەریم خانی زەند بوو . ململانێ وناحەزی و دوژمنایەتی وشەڕ لەنێواندا پەیدابوو، لە ئەنجامدا کەریم خانی زەند سەرکەوت لەساڵی ١٧٥٧ دا بووە شاهانشای ئێران و پێشەوای ئێران خۆی ناونا

(وەکیلـــــی رەعـــــیەت) ، کەزۆر خۆشەویـــــست بـــــوو ،دادپـــــەروەربـــــوو .
لەوکاتەدا بابانیەکان بەهێزتربوون دەستیان کێشا بەسەر خواروی روباری دیالە لە زەهاوەوە تاسەرو ڕانیە ،لەگەڵ ئەوەشدا بابانەکان لە شەڕو دوژمنایەتی بەردەوام دابوون لەناو خۆیاندا لەسەرکورسی برا دژی برابوو مام دژی برازابوو ئەم شەرە لەسەر کورسی بەردەوامبوو تا لەسالی ١٧٧٤ .
بابانەکان کەوتبوونە گیانی یەکتر لەسەر کورسی وگەیشتن بە پلەی پاشایەتی بابان ، هەندێک لە چاودێران قەڵاچوالانیان بەکورسی کورسی یاری منداڵان ناویان ئەبرد ودایاننابوو . دوایی محەمەد پاشای کوڕی خانەپاشا بابانی توانی بەسەر هێزی براکانیدا زاڵبێت بەڵام هەر بێئەنجامبوو ، بەوهۆیانەوە شارەزور لەوکاتانەدا مەیدانی شەڕو کوشتارو تاڵانی وێرانکاریبوو . لەولاشەوە خانەکانی ئەردەڵان ناوە ناوە هێرشیان ئەهێنا بۆ سەر بابانەکان ، ئەم بارە نا لەبارە تا ساڵەکانی دوای ١٧٧٥ دا بەردەوامبوو هێرش وشەڕووێران کاری درێژەی ئەکێشا .
لەم ساڵانەدا (مەمالیک ) حوکمی عێراقیان ئەکرد ،سوڵتانی عوثمانی لێیان بەقینبوو ویستی ڕادەیەک دابنێت بۆ دەسەلاتیان و لایانبەرێت دەستیکرد بە لەشکرکەشی وهێرەشی سەربازی دژیان .
بۆ ئەنجامدانی هێرشەکە مستەفا پاشا ناوی کردە سەرلەشکری هێزەکەی ، لە سەر ڕێگەی بۆ بەغداد سلێمان پاشای جلیلی کەوالی شارەزوربوو، لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرت وبردی ، بەرەو بەغداد بەڕیکەوت ، لەگەڵیان کەوتەشەڕەوە بەغدادی وداگیریکرد ،والی بەغداد کە ناوی عمر بوو ، لەمەمالیکەکان بوو لەوشەڕەدا کوژرا .
لەساڵی ١٧٧٥دا بڕیاردرا ولایەتی شارەزور( کرکوک) بخرێتە سەر ولایەتی موسڵ ، سوڵتان بڕیاریدا حاکمی ماردین ببێتە والی موسڵ .
لەلایەکی کەوە کۆچکردن و ڕەوکردن و هاتن وشوێن گۆڕکێی هۆزە عەرەبەکان دیاردەیەکی ڕەوداوی ڕۆژانەبوو ، بەتایبەت عەشیرەتی شەممەر لەنەجدو حیجازەوە هاتن لەڕۆژئاوای فوراتەوە پەڕینەوە کۆچیانکرد بۆ ڕۆژهەلاتی شەنگال (سنجار) وبەرەوژور بوونەوە ، لەوناوچانەدا بڵاوبوونەوە نیشتەجێبوون ، بەشێک لەوان (

شەممەر تۆقە) ڕوباری دیجلەیان بڕی لای چەپی ڕوباری سیروانیان داگیرکرد تا کوت ، زۆریان بەردەوام خەریکی جێگە گۆڕکێ بوون عەشیرەتی عوبێدیش لەدیجلە پەڕینەوە بەرەو ڕۆژهەڵات بوونەوە بۆ ناوچەی کەرکوک ، شاخی حەمرینیان بڕی تالە حەویجە نیشتەجێبوون ئەم هۆزانە هەردەم لەشەڕو کوشتاردابوون چەند جار لەشکرکەشی دژیانکراوە بوونە کێشەیەک بۆ ناوچەکە.

وەک لە میژووی ڕوداوەکاندا دەرئەکەوێت کورد لەبەر شەڕی ناوخۆ سەریان لێشێوابوو بەرپێ خویان نەئەدی و سەریان نەئەپەرژایە سەر عەشیرەتە عەرەبەکان ودوژمنان وداگیرکەران نەیەڵن زەوی وزاری کورد داگیربکەن . (٣)

بابانیەکان هیزیان زیادیکردبوو دەستیان بەسەروالی بەغدادا هەبوو، لەدانان ولابردنی والیەکاندا پرس ورایان پێئەکراو ، ئەیانتوانی زۆر بەئاسانی دەست بەسەر هەموو عێراقدا بگرن و ولایەتی بەغداد بگرنەدەست بەڵام شەڕی ناو خۆو دوبەرەکی ماوەی نەئەدان.

لەکاتی حوکمی سلێمان پاشادا کەوالی بەغدادبوو لەساڵی ١٧٨١دا لەوساڵانەدا دەستکرا بەبیناکردنی شاری سلێمانی بۆئەوەی لەجیاتی قەڵاچوالان ببێتە پایتەختی بابانەکان ، ئیبراهیم پاشا لەساڵی ١٧٨٤ تەواویکرد .

لەوکاتانەدا دەوڵتی بابانی وەک ئیمپەراتۆریەتێک خۆی ئەنواند کە وڵاتەکەی لەزەهاو و قەسری شیرین و خانەقینەوە درێژ ئەبووە تا تانزیک هەریرو باتاس .

هەرلەو ساڵانەدابوو عەبدوالرحمن پاشای بابان دەستیگرتبوو بەسەر وڵاتداو دەستیکردبوو بەخۆ ئامادەکردن بەشۆڕشێک دژی دەوڵەتی عوثمانی وبەنیازی سەربەخۆیی بۆکوردستان ، لەئەنجامدا والی بەغداد بەلەشکرێکی زۆرو بەهێزەوە بەرنگاری هێزی عەبدوالرحمان پاشای بابان بووەوە .

لەساڵی ١٨١٢دا لە ناوچەی کفری لە شەرێکی خوێنیندا لەشکری واڵی بەغداد بە سەر هێزی پاشای باباندا سەرکەوت.

دوای ئەم سەرکەوتنە ، والی بەغداد ڕوی لەشکرەکەی وەرگێرا بەرەو کەرکوک و موسڵ بۆ تۆڵەکردنەوە لەوانەی یارمەتی پاشای بابان وهێزەکەیان داوە .

{عەبدوالرحمن پاشای بابان کە لەوماوەیەکدا بەدەست وخواز وئارەزوی ئەو والی بەغداد دائەنراو لائەبرا وابەزویی شکستی هێنا ، لێرەدا بیر بۆئەوە ئەچێت کەوالی بەغداد زیاتر لەوالی موسل کاری ناوچەی شارەزوری ئەنجامدابێت ودەستی ڕوشتبێت بەسەر ولایەتی شارەزوردا } .

عەبدوالرحمان پاشای بابان لەکاتی شکستیدا بۆ کوڕەکەی نووسیبوو کە هەمان ڕێگەی باوکی بگرێتەبەر هەردەم لە خەباتدابێت لە پێناوی سەرکەوتن ڕزگارکردنی نەتەوکەیدا لەژێر چنگی تورکانی عوثمانی ، عەبدولرحمان پاشای بابان لەساڵی ١٨١٣ دا کۆچی دواییکرد .

کوڕەکەی مەحمود پاشابووە جێنشینی ، بەڵام خزمان بواری ئەوەیان نەدا کە هیواو ئاواتی باوکی بهێنێتەدی دوبەرەکی ناویان هەر بەردەوامبوو لە پێناوی وەرگرتن و شادبوون بە کورسی پاشایەتی، هەریەکە هانای بۆ لایەک ئەبرد . ماوەیەک عەبدوڵا پاشای مامی کورسی لەدەست سەند ململانێ وکێبڕکێ وبەرامبەری لەنێوانیاندا هەربەردەوام بوو ، و شاری کەرکوک کرابووە بنکەیەکی سەرەکی بابانی ، لەساڵی ١٨١٨ دا شەڕێک رویدا لەنێوان هێزی بابانی وبەغداد ، مەحمود پاشا بەهێزەکەیەوە توانی شوێنەکەی خۆی وەرگرێتەوە دواجار والی بەغداد وای بەباشزانی مەحمود پاشا لەشوێنی خۆی بمێنێتەوە و عەبدوللەپاشا ببێتە پاشای کۆیە . (٤)

لە ١٨ تەموزی ساڵی١٨٢٣ دا ( پەیمانی ئەرزروم ) مۆرکرایەوە کە بەسەرکردنەوە وپیاچوونەوەی پەیمانەکەی پێشوبوو هی زەمانی سوڵتان مورادی چوارەم . لەکاتی حوکمی فتحعەلی شای قاجاریدا دەسەڵاتی بابان کەوتە دەستی ئێران کە بنکەیەکی سەربازیان لە سلێمانی دامەزراندبوو تا مردنی فتحعلی شای قاجار لەساڵی ١٨٣٤دا بارەکە بەوشێوەیە مایەوە . بەم هۆیەوە ئەمارەتی بابان ڕۆژ بەڕۆژ لەکزیدابوو بەرەو نوشوستی و نەمان ئەچوو .

لەساڵی ١٨٣٠ ڕشانەوە لە تەبرێز پەیدابوو گەیشتە کەرکوک وسلێمانی ، دوکتۆرێکی ئینگلیز بڵاویکردەوە کە ڕیگەی هات و چۆبگرن (حجر سحی )جێبەجێ بکەن ، تاهات وچۆ کەمبێتەوە زیاتر بڵاونەبێتەوە ئەڵین کۆلکە مەلایەک فتوای دابوو ئەمە کفرە لە

ئەنجامدا خەڵکێکی زۆری کوشت ، دوای ئەوەی سوڵتانی عوثمانی بەهێزی سەربازی داود پاشای والی بەغدادی لابرد عێراقی کرد بەیەک ولایەت لە ساڵی ١٨٣٤ دا تا ساڵی١٨٦٩ .

سوڵتان مەحمودی دووەم لامەرکەزیەتی سەپاند بەسەر وڵاتدا ،کەلەزەمانی ئەودا توندوتیژی وبێدادی و نایاسایی پەیڕەوئەکرا تامردنی لەساڵی ١٨٣٩دا کاری پێئەکرا. دەوڵەتی بابان بەوکزی و دوبەرەکی و ئاشوبی ناوماڵی کوردەوە ژیا تا ساڵی ١٨٥٠ دواجار لەناوبراو لەناوچوو ، بەهەمان شیوە هەموو ئەمارەتە کوردیەکانی سەر بە سوڵتانی عوثمانی و قاجاری یەک لەدوای یەک لە ناوبران . لەوکاتەدا کەرکوک سەر بە بەغداد بوو . هەر لەوساڵەدا موسڵ و کەرکوک کرانە سنجقی سەربە ولایەتی بەغداد ، بەسرە بەولایەت مایەوە . هەرچی مەبەستی دەوڵەتی عوثمانی بوو بۆی چووە سەر . مەحمودپاشا ئینجە بێرقداری تورک بووە حاکمی کەرکوک و ئسماعیل پاشای تورک بووە حاکمی سلێمانی لەجیاتی دوا پاشای بابانی حوکمی ڕاستەوخۆی تورکیان جێبەجێ ئەکرد.

کەرکوک بووە مەڵبەندی ئامادەکردنی فەرمانبەر ، کەچینی کاربەدەستی تورکی تیا پەروەردە ئەکرا وئامادە ئەکرا لێرەوە هەولێ بەتورککردنی ناوچەکان ئەدرا ، تورکان لەوڵاتدا بڵاوبوونەوە، موچەخۆری داوێن پیس و پارەخۆری تورکی بوونە مۆرانەی ناوکۆمەڵ ، جەندرمەی تورک ئەسوڕانەوە وەک واشەی برسی ، لەهەوڵدابوون زمانی تورکی بسەپێنن بە سەر دانیشتواندا ، ناوی شارو دێهات وڕوبارو کێو شاخەکان وشوێنەکانیان گۆڕی ناوی تورکیان لێنا. وڵات شێوابوو نەخۆشی وبرسێتی ونەخوێندەواری بڵاوبوو کەس لەژیان وموڵک وماڵی ئەمین نەبوو. لە ساڵی ١٨٧٩ داجارێکی کە موسڵ کرایەوە بەوڵایەت کەرکوک وسلێمانی دوسنجقی تابعی موسڵبوون .

١/ سنجقی کەرکوک مەرکەزی قەزا کەبوو ، هەولێرو ڕانیەو ڕەواندز و کۆی سنجق و کفری لە سەربوو .

٢ / سنجقی سلێمانی  مەرکەز قەزا کەبوو، بازیان و هەڵەبجەو شارەزور و مەرگەی لەسەربوو . (٥)
سەدەی بیستەم لەنزیکبوونەوەدا بوو ، دەوڵەتی عوثمانی لەهەوڵی چاکسازی دابوو ، بۆ ئەوەی دەستکاری دەستوریکات وڕێگەویانی نوێ بکاتەوەو چاکیانبکات وپێشەسازی پێشبخات بەتایبەت لەکاتی حوکمی داود پاشادا .
کاتێک ( سوڵتان عبدالحمید) هاتە سەر تەختی سوڵتانی کە پیاوێکی زۆر دڵـڕەق و بێبەزەیی وزاالم بوو بڕوای بەحوکمی موتڵەق هەبوو ، بیرورای وابوو هەر هەوڵدانێک بۆ چاکسازی وچاککردنی بارەکەو پێشکەوتن بێسودە ونامۆیە، لەگەل وێست وخوازی گەڵدا ناگونجێت . لەبەر ئەمۆیە دەستیکرد بەڕاونانی داود پاشا کە بیری چاکسازی هەبوو دەستی کرد بەڕاونان وگرتنی ئەندامانی حیزبەکەی (حزبی تورکیای فتات ) .
لەم کارانەیدا پشتی بە ستبوو بەکۆمەڵێک کۆنەپەرست وهەلپەرست کە پیشەیان کاری سیخوڕی وبەرامبەری هەموو هەوڵێکی پێشکەوتنبوون .
لەکرداری خراپەکاریدا ، پشتی بەئایین بەستبوو داوای دامەزراندنی ( یەکێتی ئیسلامی) کرد بۆئەوەی لەوڕێگەیەوە حوکمەکەی بەهێزتربکات و هەڕەشەی لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا ئەکرد بەتایبەت لە ئینگلیزو فەڕەنسە کەهەندێک وڵاتی ئیسلامیان لەژێر دەستدابوو ، ئەم هەنگاو وکارانەی سودیاننەبوو  بەم بیروکارانەی (پێاوە نەخۆشەکە مـەبـەست دەوڵەتی عوثمانیە ) نەیتوانی دەوڵەتی عوثمانی ڕزگاربکات  لەڕمان وهەڵوەشاندنەوە ، لە زور وڵات وناوچەکاندا شۆڕش وڕاپەڕێن بەرپابوو گەلانی کوردو عەرەب و بوڵگارو یۆنان ڕاپەڕێن شۆڕشیان بەرپاکرد داوای  مافی سەربەستی وسـەربەخۆییان ئەکـرد ولەچنگی تورک ڕزگاریان ببێت .
لەساڵی ١٨٩١ داکۆمەڵێک لەڕۆشنبیرانی عوثمانی کـۆمەڵەی یەکێتـی وبەرکەوتـن ( اتحادوالترقی ) یان دامەزراند ، کەچەند ئەندامێکی کورد هاویەش بوون لەوکۆمەڵەدا ، داوای چاکسازی و سەربەستی وژیانی پەرلەمانیان ئەکرد ، بڕیاریاندا لە ساڵی ١٩٠٨ دا شـۆڕش بەرپـابکەن ئەگەر داواکاریـان نەیەتەدی ،  لە ئەنجامـدا سـوڵتان بـۆ داواکاریەکانیان  ملینا حوکمیان گرتەدەست ، دەستیانکرد بە چاککردنی باری وڵات ،

گەلانی ژێر دەستەی دەوڵەتی عوثمانی زۆر بەخۆشیەوە بەرەو پیریان چوون .
سوڵتان ئەم هەنگاو کارانەی بەدڵنەبوو بەرامبەری کردن ، توانیان لە ساڵی ١٩٠٩ لەسەرکورسی حوکم لایبەرن لە جیاتی ئەو سوڵتان ( محەمەد ڕەشادیان) دانا بە ناوی سوڵتان محەمەدی پێنجەم ، کاربەدەستانی ئیتحادوترقی کە هاتنە سەر کورسی حوکم جێگەپێیان کردەوەو جێگیربوون ، گیانی شۆڤێنی ورەگەزپەرستی خۆیان دەرخست ویستیان هەرچی نەتەوەکانی غەیرە تورکی ژێردەستیان هەیە بیانکەن بەتورک ، بەتایبەت کوردو عەرەب و ئەرمەن و یۆنان وبولگار ، تاد ، کە هەموو بەوپەڕی تواناییانەوە بەرنگاریان وەستان وشورشیان بەرپاکرد وەک شۆڕشیی بەردەوامی شێخ عوبەیدوللای نەهری ودەیان شۆڕشی کەی کورد بەرپاکرا بۆڕزگار کردنی خاکی کوردستان لەژێر دەستی تورکان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. (٦)

هەر لە زوەوە دەوڵەتە ئەورووپیە کان مرخیان خۆشکردبوولەمیراتی دەوڵەتی عوثمانی. بەپێی بەرژەوەندی وڵاتەکانی خۆیان میراتی پیاوە نەخۆشەکە بەشبکەن لە نێوان خۆیاندا ، نەک بەپێی بەرژەوەندی گەلانی ژێردەستی عوثمانی، لەبیروهەوڵی نانەوەی شەڕدابوون بۆگەیشتن بەمەبەستیان ، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩١٤ جەنگی جیهانی یەکەم دەستیپێکرد لەئەنجامی ئەو جەنگەجیهانیەدا دەوڵەتی عوثمانی لە دۆڕاوەکانبوو شکستی هێناو لەناا.

وەک لەمەوپێش باسی لێوەکرا هێشتا جەنگ نەبڕابووەوە ئینگلیزو هاو پەیمانان ، لەساڵی ١٩١٦ دا پەیمانی سایکس – بیکۆیان مورکرد کە میراتی دەولەتی سوڵتانی عوثمانی لە ناو خۆیاندا بەشبکەن و بەئارەزوو خواست و بەرژەوەندی خۆیان ، بێئەوەی گوێبدەنە بەرژەوەندی گەلانی ژێردەستە وبیریکەنەوە لەڕزگارکردن و هێنانەدی ئاواتە نەتەوەییەکانیان .

ئینگلیز دستپێشکەری خۆی کردبوو کەرکوکی داگیرکردبوو کردبوویە بنکەیەکی سەربازی وهێرشهێنان وداگیر کردن وکاری سیخوڕی ، بڵاویان ئەکردەوەکە ئێمە بۆرزگارکردنی ئێوە هاتوین ، لەژێردەستی تورک ڕزگارتان بکەین، داواکاری نەتەوەییتان جێبەجێ ئەکەین ئەنجامەکانی هەموو بەپێی ئارەزوتان ئەبێت .

لەگەڵ بڕانەوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا ، بڕیاردرا کۆنگرەی ئاشتی گەلان لە پاریس بگیرێت ، لە ڕۆژی ١٧ کانونی دووەمی ساڵی ١٩١٩ کۆنگرەی ئاشتی بەسترا لە پاریس ، لە نەتەوەکانی ژێردەستی دەوڵەتی هەڵوەشاو لەناوچووی عوثمانی داواکرا، هەر نەتەوەیەک نوێنەریان بنێرن بۆکۆنگرەی ئاشتی لەپاریس داواکاریان پێشکەشبکەن گەلی کورد لەدوای کۆبونەوەو وتو وێژو ڕێکەوتنی ناوەندەکانی ڕۆشنبیری و سیاسی ، شەریف پاشای خەندان وپاوەرکانیان کردە نوێنەر بۆ ئامادەبوون وپێشکەشکردنی داواکاری نەتەوەی کورد بۆسەربەخۆیی هەموو خاکی کوردستانی یەکگرتوو ، لەگەڵ بیرخەرەو نەخشەیەکی هەموو خاکی کوردستان .

ئەوەی گرنگ وپێویستبوو ئامادەکرابوو پێشکەشکرا ، لەئەنجامدا پەیمانی ئاشتی مۆرکرا بەناوی ( سیڤەرەوە) کەناویشی ( پەیمانی ڤەرسای) بوو . لەساڵی ١٩٢٠ دا پەیمانە مۆرکراوەکە لە ٤٤٠ بەند پێکهاتبوو لەبەئەوەی سوڵتانی عوثمانی لە دەوڵەتە دۆڕاوەکان بوو پەیمانەکە بەسەر تورکیادا سەپێنرا بەناوی پەیمانی سیڤەرەوە ، بەندەکانی ٦٢ ، ٦٣ ، ٦٤ وەک باسکرا بەناوی کوردستانەوەبوو دەربارەی مافی نەتەوەی کوردبوو، بەڵام هەرلەسەر لاپەڕەکاندا مایەوە بەهۆی چەندخاڵی پەیوەند بەکوردەوە و دوژمنان و هاوپەیمانانەوە نەهاتەدی ، پشتگوێخرا پەیمانی سیڤەر هەر بەناومایەوە، لەجیاتیدا پەیمانی لۆزان لە ٢٤ تەموزی ساڵی ١٩٢٣مۆرکرا وجێگەی گرتەوە . بەم شێوەیە ئاگری شۆڤێنی وڕەگەزپەرستی تورک ، کاریکردە سەر گەلی کورد وبەرژەوەندیەکانی ،لە هەموو گەلانیکە زیاتر سوتاندی ئازاریداو بێبەشیکرد . (٧)

هەرلەساڵی ١٩٢٠ دا کە دەوڵەتی عێراق دامەزرا ، گەلی کورد لەگەرمەی چاوەڕوانیەدا بوو ئینگلیز وعێراق پەیمانێکی نوێیان واژوکرد بڕیاردراوە عێراق بچێتە ژێر ئینتیدابی بەریتانیاوە ، ئەو پەیمانە دژی بەرژەوەندی کورد بوو دژی پەیمانی سیڤەر بوو ، کە وایان دابووە قەڵەم پەیمانی سیڤەر لەعێراقدا ڕێگرە لەبەردەم جێبەجێکردنی و ئینتیداب .

## هەر بۆمێژوو :

لەساڵی ١٨٨٧ دا لەشاری بەرلین ( پەیمانی بەرلین ) مۆرکرابوو لەلایەن دەوڵەتانی ئەوروپاوە کەلەئەنجامیدا بڕیاردرابوو :

[ کێس وکێشەی نەتەوەی کورد درابووە دەستی ئینگلیز کە ئەوپارێزەرو قسەکەر بێت بەناوی کوردەوە حەقی تەسەروفی هەبێت و مافی دەست بە سەراگرتنی کوردستانیان دابوو بە بەریتانیا کەگوایە بەریتانیا پارێزەری کوردبێت وەک نەتەوەیەک لەجیاتیان قسەکەریش بێت بەناویانەوە کێش و کێسەکەی بەدەست ئەوانەوە بێت ] .

بەلام من ئەڵیم ( کاکەی ئینگلیز کوردی چاک پاراست و هەرچی بەدڵمانبوو جێبەجێکرا ) ، بەدڵ وئارەزوی ئەوانبوو کەدراینە دەستی عەرەب وتورک و خاکی کوردستانیان کردە چوارپارچە ، ئەی ئەوە نیە ئەمڕۆ چی حاڵێکمانە بە دەست دوژمنانەوە !) .

(١) * کۆمەڵێک مێژوونووسی عراقی ، العراق فی التاریخ .

(٢)* مێجر لۆنکریک ،اربعه قرون الاخیره من تاریخ العراق الحدیث ، ترجمه جعفر الخیات .

(٣)* مستر ئەدمۆندز ، لەکتێبی کورد و تورک و عەرەب ، لاپەڕە١٥٠ بەدواوە .

(٤)* محەمەد ئەمین زەکی مێژوی کورد وکوردستان ، .

(٥)* شرف خانی بەدلیسی ، شرفنامە ،ترجمە محمد علی عەنی .

(٦)* عبدالرزاق الحسنی ، تاریخ العراق السیاسی الحدیث ، لاپەڕە ٢٦٦ تا٢٧٠ .

(٧) * د . ولید حمدی ، الکرد و کردستان فی الوثائق البریتانیە .

(٨)* عونی فرسخ ، الاقلیات فی الوتن العربی لاپەڕە ٢٥٣ ، ٢٦٠

*هنری فۆستر، نشات العراق الحدیث، ترجمە سلیم تاها التکریتی ، لاپەڕە١٧١ تا٢١٠

* د . شاکر خسباک ،العراق الشمالی دراسە لنواحی التبعیە والبشریە، لاپەڕە ٢١٠ تا ٢١٤

* ڕاپۆرتی عسبە الامم ، لە سەر ولایەتی موسل .

* جەمال نەبەز ، بیری نەتەوەیی کورد

* دائرت المعارف الاسلامیە ، لەژێر ناوی کرکوک .

* قاموس الاعلام العثمانى ، چاپى ئوستانبول .
* دريه عونى ، كورد و عرب خسام ام وئام
* ئەوليا چەلەبى  سياحەتنامەى ئەولياچەلەبى
* بێگەبەگى ئەردەڵانى ،مذكرات بێگەبەگ  ترجمەى جەميل بەندى ڕۆژبەيانى



## وێنەيەكى خەياڵى جەنگاوەرێكى كۆن

# بەشی شەشەم




**یەکێک لە نەخشە هەمە جۆرە جیاوازەکانی خاکی کوردستان**

# کوردستان وعێراق

## دوای جەنگی جیهانی یەکەم

جەنگی جیهانی یەکەم لەساڵی ١٩١٨ بڕایەوە، هاوپەیمانان جەنگەکەیان بردەوە و خۆیان بوونەخاوەن بڕیار وچارەنووسی گەلانی ناوچەکە، هەرسێ ولایەتەکەی عیراقیان بەئاسانی داگیرکرد ، بڵاویانکردەوە کە ئێمە بۆداگیرکردنی ولاتەکەتان نەهاتووین بەڵکو بۆ ڕزگارکردنی گەلانی ژێردەستەی عوثمانی هاتووین و ڕزگاریان بکەین لەدەست زوڵم و زۆری عوثمانی . لەبەر ئەوهۆیانە هەموو گەلانی ژێر دەستی تورکان سەربەست ئەبن وبەمافی نەتەوەیی خۆیان شاد ئەبن . باهەر گەل و نەتەوەیەکیان

نوێنەریان بنێرنە پاریس ، پەیوەندی بکەن ( بەکۆمەڵەی ئاشی گەلانەوە)  دواواکاری گەڵ ونەتەوەکانیان پێشکەشبکەن تا ماف وهیواکانیان  لەبەرچاوبگیرێت و بڕیاری گونجاویان لە سەربدرێت . (١)

ئەم بانگەوازەی هاو پەیمانان هیوایەک و خۆشیەکی دابە گەلی کورد ، رۆشنبیران وکەسایەتی ولاوان و بەرپرسان وپیاوانی هەڵکەوتو کەوتنە کاروچالاکی چڕوپڕ ، نوێنەرانی کورد دەست بەجێ دەستیانکرد بە ئامادەکاری ئامادەبوون ، یاداشت ونەخشەی کوردستانی گەوەرەیان بە یەکگرتوویی ئامدەکردبوو ، جەنەراڵ شەریف پاشای خەندان سەرکردەی لیژنە نێرراوەکەی کوردبوو بۆپاریس. (٢)

وەک لەوەپێش باسکرا بەریتانیا عێراقی داگیرکردبوو ،جەنەرال مۆد سەرکردەی هێزەکەی بەریتانیا دەستیگرت بە سەر بەغدادا ، بەخێرایی حاکمی گشتیان بۆ عێراق دەستنیشانکرد  وەک نوێنەری خاوەن شکۆی بەریتانیا دەستبەکاربێت کاری بەڕێوەبردن و دەوڵەتی ئەنجام بدات، لەهەموو ناوچەو شارەکاندا حاکمێکی ئینگلیزی مەدەنیان دانا بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکە وچەند بنکەیەکی سەربازیان دامەزراند لە وانە بنکەی سەربازی ڕۆستەمیە لەبەغداد ، بنکەی سەربازی لەکەرکوک و موسێل وخواروی عێراق .  موسێڵ وکەرکوکیان کردە بنکەی هێرش وداگیرکردن وسەرکوتکردنی شۆڕش وراپەڕینەکان وداواکاری دانیشتوانی کوردستان .

لە ساڵانی پێش جەنگی جیهانی یەکەمەوە ودوای برانەوەی  ،نەتەوەی کورد لە شۆڕش وراپەڕیندابوو بۆ ڕزگاربوون وسەربەخۆیی .   لەبەشی سۆران شێخ مەحمودی نەمر لە پێشڕەوان وسەرکردەکانی جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کوردبوو و ، لەگەڵ  ولەڕێی کۆمەلەو ڕێکخراوە کوردیەکانەوە وزۆر لە کەسایەتی ناوداری بابانی وئەفسەرو پایەدارانی زەمانی عوسمانی و ئەدییان و ڕۆشنبیران و کەسایەتی و سەرۆک هۆزەکانەوە . (٣)

لە بەشی بادینان بنەماڵەی بارزانی لە پێش رەوانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردبوون  لەگەڵ سەرۆک هۆزو نووسەرو ڕۆشنبیرو کەسایەتی وفرمانبەرو و ئەفسەرانی زەمانی عوسمانی.

له بەشی کوردستانی باکور لەگەل بەشی رۆژئاوا سەرکردەو پێشرەوانی جوڵانەوەی سەربەخۆیی کوردستان زۆریان پایە بڵندو شارەزا و زۆر بوون وەک شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و شێخ عەبدوالقادر دوکتۆر فوئاد وبنەماڵەی میرەکانی بەدرخانی وکەسایەتی زۆری کەی خاوەن بڕوانامەی باڵاو کەسایەتی سیاسی و رۆشنبیرو خاوەن پلەو پایەی بەرزی زەمانی دەوڵەتی عوثمانی کەزۆرترین سەرکردەو کەسایەتیەکان لەوێ بەچرووپڕی خەریکبوون .

لەبەشی کۆردستانی رۆژ هەڵات هەردەم وەک هەموو بەشەکانی کەی کوردستان سەرۆک هۆزەکان وئەدیبان ولاوان و کە سایەتی ورۆشنبیران لە هەوڵ و کۆشش وخەباتدابوون بۆرزگاربوون لە دەستی ئێران ، بەڵام ئێران دورخرابووەوە لەو کاریگەریانەی دوای بڕانەوەی جەنگ روویانئەدا لە ناوچەکەدا ، هاوپەیمانان حەزیان بە دابەشبوونی ئێران نەبوو.

هەر زووتر ئینگلیزەکان بڵاویانکردەوە ( کەبەهیچ شێوەیەک دەست ناخەنە ناوکاروباری ئێرانەوە ، ئێران وەک خۆی لەچوارچێوەی ئەمڕۆی خۆیدا ئەمێنێتەوە دەستکاری ناکرێت ، بڵاویان کردەوە مەبەستی کارو چالاکیمان ئەمڕۆ بەتەنها لەئەو بەشانەدا ئەبن کەسەربە دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانی دۆڕاو و هەڵوەشاوەن ) . (٤)

لەهەموو شوێن وبەش و ناوچەکانی کوردستان ، سەرکردەو سەرۆک هۆزو دڵسۆزان ورۆشنبیرانی کورد لەخەم و کاری بەرێوەبردن بەئەنجام گەیاندنی داواکاری پەیوەند بە نەتەوەکەیانەوە بوون ، کۆمەڵەو پارت و ناوەندی رۆشنبیریان پێکهێنابوو کە سەرقاڵی چالاکی و پەیوەندی بوون لەگەڵ ناوەندەکانی بڕیارو گەلانی دەرەپشت و چاوەڕوانی (کۆمەڵەی ئاشتی گەلان بوون لەپاریس ) بۆ دەستخستنی بڕیاریک وخاڵێک دەربارەی نەتەوەی کوردو خاکی کوردستان وچارەسەرکردنی کێشەکان وشادبوون بە ماف وداواکاری نەتەوەیی .

بەهیوابوون لەدانیشتنەکانی کۆمەڵەی ئاشتی گەلان لەپاریس و لەپەیمان نامەو وبڕیارەکانی دەوڵەتانی براوە و ناوەندی خاوەن بڕیار ، بەئەنجامێک بگەن و بڕیاریان لە سەر بدرێت ، تا ئاواتی چاوەڕوانکراوی نەتەوەی کوردوخاکی کوردستان بێتەدی لە

سەربەخۆیی وسەرفرازی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانی ئایندەی سەربەخۆ لەچوار چێوەی کوردستانی گەورەی یەکگرتودا .

لە ئەنجامی کۆبوونەوەکان لەکۆمەڵەی ئاشتی گەلاندا لەپاریس وەک باسکرا (پەیمانی سیڤەر ) مۆرکرا کەزیاتر لەچوار سەد خاڵی لەخۆگرتبوو ، خاڵی ٦٢ ،٦٣، ٦٤ ، دەربارەی خاکی کوردستان بوو کە کورد بۆی هەیە دەوڵەتی ئایندەی خۆی لەسەر خاکی نەتەوەیی دابمەزرێنێت ، کەبەشێکی کەمی کوردستانی باکوری ئەگرتەوە بەسترابوو بەچەند مەرجێکەوە ، لەلایەن کوردەوە پێویستی بەدواکەوتن ووریابوونی بەچەخت ویەکڕیزی و یەکڕا ویەکبڕیار یەکبیرو کردار هەبوو ، سەرکردە ونوێنەرانی بەرپرسیارن بۆ ئەنجامدانی لەماوەی ساڵێکدا .

هەر لەو کاتانەشدا سەرۆک کۆماری ئەمریکا وێلسۆن چواردە مادەی دەرکرد دەربارەی چارەنووسی گەلانیرزگارکراوی ژێردەستی حوکمی دەوڵەتی عوسمانی لەناوچوو، کە دوازدە خاڵی کێشەی کوردی ئەگرتەوە ، وێلسۆن حەزی بەوەکردبوو دوای مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر ولەکاتی جێبەجێکردنیدا ئارەزوی خۆی پیشاندابوو کە سنوری نێوان دەوڵەتی کوردستان ودەوڵەتی ئەرمینیا خۆی دەستنیشانی بکات . (٥)

بەڵام وەک دەرکەوت ئەوجەختە وەک پێویست نەبوو ئاستەنگی زۆری لە بەردەمدا هەبوو ودروستبوو ، لەگێژاوی ململانێ و( چەند ) بەرەکی نەک دوبەرەکی وئارەزو بەرژەوەندی تاکە کەسی ناوخۆمان ، سەرباقی پلان وهەوڵی دوژمنان ودراوسێ وداگیرکەرانی کوردستان و ئینگلیزیش لەولاوە بووەستێت ( کە بەناو هاوکارو پشت وپەنامانبوو ) ، کارەکە وئەنجامدانی تاڕادەیەک بێخاوەن مایەوە جێبەجێ نەکرا ).

نەتەوەی کورد لەگێژاوی پیلان وفرت وفێڵ و بەڵێن وپەیمانی سەرپێی وبەدەمی ولاسدانی بەدرۆ و بەهۆی دەوری دوژمنان وداگیرکەرانی کوردستانەوە و وبەرژەوەندی دەوڵەتانی هاوپەیمانان و چاوچنۆکیان بۆ نەوتی کەرکوک ، لەلای خۆشمانەوە نەبوونی یەکڕێزی ویەک بەرنامەی کارو یەکبڕیار ویەک وشەو تەبایی لەناو ڕێزەکانی گەلەکەماندا هەموو بەیەکەوە بوونە هۆی مایەپوچی ولەدەستدانی هەلی گونجاو ، هەلی چارەنووسیمان لەدەست دەرچوو .

لەناوەڕاست وچەقی ڕوداوەکاندا ولەوکاتە ناسک وچارەنووسیەدا لەناو سەرکردەو بەرپرسانی کورددا لەژێرەوە ناکۆکی پەیدابوو، پاڵە پەستۆ بوو بۆپلە وپایەو کورسی لەحکومەتی چاوەڕوانکراوی دواڕۆژی کورد دا سەریهەڵدا وئاشکرابوو بەهەموو بوونە هۆ و کێشەوگرفت لەڕێی جێبەجی کردنیدا کەهێشتا بۆمان نەڕەخسابوو ، لەئەنجامدا دەستخەڕۆ و مایەپوچ بووین ، دوژمنان وناوەندەکانی خاوەن بڕیار هەربەو چاوە سەیریان کردین ، پشتگوێ خراین.

ئینگلیز بیرو بڕیاری خۆی زوتر ساغکردبووەوە کەبەهیچ جۆرێک لەپرۆگرامیاندا نیە لەکوردستانی خواروودا بهێڵن حکومەتێکی کوردی دابمەزرێت سەربەخۆ ، ئەبێت لە چوارچێووەی عێراقدا بێت چەند خاڵێکیان ئاماژە پێدابوو ئەبێت پەیڕەوبکرێت بۆ پارێزگاری لەمافی گەلی کورد لەعێراقدا. کە کوردستانی خوارو (ولایەتی موسڵی) ئەگرتەوە .

لەدوای مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر ، ناوەندەکانی سەربە هاوپەیمانان بڵاویانکردەوە (پەیمانی سیڤەر) ڕێگرە لە بەردەم عێراقدا بۆسەپاندن وجیگیرکردنی ئینتیداب ، بەڵام پەیمانی لۆزان باشترین دەستکەوتە بۆعێراق بۆ ئاسانکردنی کارەکان وبەڕێوەبردنی عێراق .

ئەوەندەی پێنەچووبوو کە زووتر تورکانی عوثمانی ئەمارەتە کوردیەکانیان لەناو بردبوو وەک بابان وسۆران وبەهدینان وبۆتان هە ،،تد ، ناوی ڕوبارەکان ودێهات وشارەکان وناوچەکان وکێو وشوێنەکانیان گۆڕیبوو ناوی تورکیان لێنابوو ، کە تائەمڕۆش هەر بەو ناوە تورکیانە ماونەتەوە دستکاری نەکراون . (٦)

وەک لەوە پێش باسکرا زوڵم وزۆریان لە دانیشتوان ئەکرد ، بیرو هەستی نەتەوایەتی گەلاڵەبوو بەهێز و بڵاوبوو لە ناو هەموو توێژەکانی گەلدا بەهۆی ڕێکخراو و پارت و ناوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیریەکانەوە کەبە هەموو ڕەوتێکی تازەو شۆڕشگێریان دابوو بەجولانەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد ، لەسلێمانی و بارزان وبەشەکانی کوردستانی باکورو شوێنانی کە جولانەوە و ڕاپەڕین سەری هەڵدابوو ، لەگەڵ بڕانەوەی جەنگی جیهانی یەکەم هەموو کەوتبوونە خۆ بۆ داواکاری وخەبات بۆ وەرگرتنی مافی کورد

چی بەدانووسان داواکردن لە ناوەندی بڕیارو کۆمەڵەی ئاشتی گەلان ، یان لەڕێی خۆئامادەکردن بۆڕاپەڕین و جوڵان بۆدەستخستنی مافەکانی نەتەوەیی

(١)* هنری فۆستر ، نشاه العراق الحدیث ، وەرگێڕانی سلیم تاها التکریتی لاپەڕە٣٩ - ١١٠تا١١٦ .

(٢)* د.مستەفا عبد القادر النجار ، العراق فی التاریخ ، لاپەڕە ٦١٠ تا ٦١٥ .

(٣)* عبد الرزاق الحسنی ، تاریخ العراق السیاسی الحدیث . جزء ١، ٢ ، ٣

(٤) * مێجەر لۆنکریک ، اربعه قرون من تاریخ العراق الحدیث ، ترجمه جعفر خیات

(٥) * تقریر عسبه الامم حول حدود ترکیا والعراق .

(٦)* جەمال نەبەز ، بیری نەتەوەیی کورد .

(٧)* عونی فرسخ ، الاقلیات فی الوتن العربی

* میرزا شکروڵڵەی سنندجی ، تحفەی ناسری تاریخ و جغرافیای کوردستان .

* محەمەد ئەمین زەکی بەگ ،تاریخی کوردو کوردستان .


* د. ولید حمدی ،الکرد وکردستان فی الوثائق البریتانیه .

* عبداڵله سلوم السامرائی ، الشعوبیه حرکه مزاده للاسلام .

* مجموعه من اساتذه من الکوێت ، تاریخ الحزاره العربیه الاسلامیه .

* عبداڵلهغفور ، جوغرافیای کوردستان

***



نەخشەی  کوردستانی خوارو لە ناو نەخشەی پارێزگاکانی  عێراقدا
بەنەخشەی کەرکوکەوە لەپێش دابڕانی هەندێک قەزالێی

# کوردستانی خوارو

## جوڵانەوەی ڕزگارت خوازی نەتەوەی کورد

لەئەنجامی جەنگی جیهانی یەکەمدا ساڵی ١٩١٨ ،کاتێک لەشکری عوسمانی بەرامبەر هێزی ئینگلیز لەبەرەکانی شەڕدا شکستی هێنا  ، لەسلێمانی ودەوروپشتی تورکان پاشەکشێیانکرد ، لەگەڵ چۆڵکردنی  بەڕێوەبردنی ناوچەکەیان سپارد بە شێخ مەحمود وەک سەرکردەیەکی ئاینی وشۆڕشگێر وناوداری ناوچەکە ،حوکمی بەشێک لە کوردستانی خوارووی کەوتە دەست ،  شێخی نەمر بووە  (حوکمداری کوردستانی خوارو) ، دوای کۆبوونەوە وپرس وڕاوێژ ، بڕیاردرا حکومەتێکی کاتی دابمەزرێت لەکوردستانی خواروودا بەسەرکردایەتی شێخ مەحمودی حەفید بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هاوولاتیان وبەرەو ئامانجی چاوەڕوانکراو .

دوای بەزینی هێزی تورک و کشانەوەیان لە ناو چەکە . ئینگلیز بەهێزەوە هاتەناو شاری سلێمانی وەک هێزێکی براوەی جەنگ ،دەستیانکرد بەرێکخستنی کاروباری بەڕێوەبردنی ناوچەکە ، شێخ مەحمودیان هێشتەوە ودایاننا بەحوکمداری کوردستانی خوارو بەمەرجێک سەربە بەریتانیابێت ،کەرکوکیان کردە بنکەیەکی سەرەکی سەربازی ، لە هەموو ناوچەکانی وڵایەتی موسڵ جێگیربوون .

دوای ماوەیەک تورکەکان بەهێزێکی سەربازیەوە هێرشیان هێنایەوە ، توانیان ناوچەی سلێمانی داگیربکەنەوە شێخی نەمریان گرت ، دوای ماوەیەک بەرەڵلایانکرد بەحوکمداری سلێمانی هێشتیانەوە . (١)

بەهۆی ئەم کارەو ڕوداوەچاوەڕوننەکراوە بەوهۆیەوە ئەوانەی بەئومێدبوون لەئینگلیز ولایەنگریانبوون توشی دڵشکستی ببن ، ئەوەندەی پێنەچوو ئینگلیزەکان تۆپەراسیۆنێکی سەربازیان دژی تورکان ئەنجامدا بەهێزێکی سەربازیەوە بەرەو ڕوی تورکان بوونەوە ، لەدوای چەند شەڕێک هێزی تورکیان بەزاند ، لە تشرینی دووەمی ساڵی١٩١٩دا ناوچەی سلێمانیان داگیرکردەوە ، وڵاتیان لەتورکان پاککردەوە، ئەم جارەیش لاریان نەبوو لە مانەوەی شێخ مەحمود بەحوکمداری کوردستان . لایەنگیری وهاوکاری گەلی کورد بۆحوکمی شێخ مەحمود ڕۆژ بەڕۆژ لەزیادبووندابوو کارو هێزو توانای لە لەگەشەکردندابوو سەرۆک هۆزەکان وڕۆشنبیران کەسایەتی وخاوەن پلەوپایەی زەمانی عوثمانی ولاوان زۆریان پەیوەندیان پێوەکردبوو ، ئامادەبوون بۆپشتگیری وهاوکاری شێخی نەمرو و حوکمدارییەکەی . (٢)

نوێنەری سەربازی وشارستانی وپیاوەکانی ئینگلیز لەحاکمانی مەدەنی وسیخورەکانی لەهەموو ناوچەکاندا هەبوون بڵاوکرابوونەوە ، خەریکی کاری بەڕیوەبردن و نووسینی ڕاپۆرت بوون لەسەر ناوچەکە لەهەموو ڕوویەکەوە .

لەگەڵ دەستپێکردنی زستانی ساڵی ١٩١٩ نێرراوی بەڕێوەبەرایەتی شارستانی ئینگلیز لەعێراقدا (مبعوث الادارە المدنیە الانکلیزیە ) سەردانی سلێمانی کرد لەکۆبوونەوەیەکدا زیاتر لە شەست سەرۆک هۆز ئامادەبوون ، نوێنەری هۆزەکانی (

موکریان و سەقزو سەنەندەج ) لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبوون لە ئەنجامدا هەموو گەیشتنە بڕیارێک بەم شێوەیە :

{ دوای ئەوەی حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا ، پەیمان وبەڵێنیداوە وبڵاویکردوەتەوە کەمەبەستی هاتنیان بۆناوچەکان بۆ ئەوەیە گەلانی ژێردەست و چەوساوەی ڕۆژهەڵات ڕزگاربکەن ویارمەتییدەن بۆسەربەخۆیی ، لەبەرئەوە سەرۆک هۆزەکانی کورد کە نوێنەری گەلی کوردستانن داوائەکەن ، کە وەربگیرێن لەژێر چاودێری خاون شکۆی بەریتانیادا و لەژێر سایەیدا پارێزراو بن و لەکاتی پێویستدا نوێنەر بنێرێت بۆیارمەتی دانیان لەوبارەیەوە ، بەمەبەستی پێشخستنی ناوچەکە لەبواری شارستانیەوە }. نوێنەری بەریتانیا ئاگاداری کردنەوە هەر هۆزێک سەرەبەستە کەبێتە ناو ئەم یەکگرتنەوە یان نا ،هەروەها ئاگاداری کردنەوە : [لەبەرکاری زۆرو سەرقاڵیان دەستیان ناپەرژێتە سەرنوێنەرانی کوردەکانی ناو ئێران (مەبەستی نوێنەری هۆزەکانی موکریان وسەقز وسەنەندەج بوو) کە ناتوانن قبوڵیانبکەن بێنە ناو ئەم یەککگرتنە کۆنفیدراڵیە چاوەڕوانکراوە ، چاکتر وایە لە چوارچێوەی ئێراندا بمێننەوە بەڵام با پەیوەندیان پێمانەوە هەبێت] . (٣)

کورد چاوەڕوانبوو هاوپەیمانان بەتایبەت ئینگلیز کارپکی ئەوتۆبکەن ئاواتی دێرینەی بهێنێتەدی بەدامەزراندنی حوکومەتێکی سەربەخۆ بۆکوردستان ، بەڵام زۆرلە ڕۆشنبیران لەوبڕاوەڕەدا نەبوون کەکارێکی وا بۆکورد ئەنجامبدەن . بیری ئینگلیز بۆئەوە ئەچوو کە ولایەتی موسڵ باشترین شوێنە بۆدەوڵەتێک بۆ ئەنجامدانی ئەو مەبەستە ، بەڵام لە چوارچێوەی عێراقدا ، جەنەڕاڵ شەریف پاشاش هەربیری بۆ ئەوە چووبوو لەگەڵ حەمدی بەگی بابان کەئەو ناچەیە بکرێتە ناوەندی دەوڵەتێک ودەسەلاتێک بۆکورد لەچوار چێوەی دەوڵەتی عێراقی چاوەڕوانکراودا .

**هەربۆ مێژووە** : لەساڵی ١٩٢٠دا هاوپەیمانان لە (سان ریمۆ) لە ئیتالیا بڕیاری ئەوەیان دابوو کە بە هیچ شێوەیەک ڕیگەنەدەن عێراق دابەش بکرێت ، هەروەها بەفەرمی بڕیاریاندا عێراق لەژێر ئینتیدابی بەریتانیادا بێت .

( مەبەست لە عێراق هەرسێ ولایەتەکە بوو بەیەکەوە موسڵ وبەغداد و بەسرە) .

لەوماوەیەدا لەساڵی ١٩١٩ دا ، شێخ مەحمود بەڕەزامەندی بەریتانیا بەحەکمداری کوردستانی خوارو مایەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئینگلیزەکان بەرامبەر بەشێخ مەحمود جۆرە هەڵوێستێکیان وەرگرتبوو بەدڵنیاییەوە سەیری هەنگاوەکان وکارەکانی شێخ مەحمودیان نەئەکرد گومانیان لێی هەبوو ژمارەیەک تێبینیان لە سەری هەبوو ، ئەفسەرە سەربازی وحاکمەکانی ئینگلیز لەناوچەکاندا لە بروسکەکانیاندا هەردەم دەربارەی شێخی ئەمر تێبینیان ئەنارد ورەخنەیان هەبوو .

حوکومەتی شێخ مەحمود ڕۆژبە ڕۆژ بەهێزتر ئەبوو ، کورد پەروەران زیاتر لەدەوری کۆئەبوونەوە پشتگیریان لێئەکرد ، بەڵام ئینگلیزەکان بارەکەیان بەدڵنەبوو ساردو خاوبوون لەجێبەجێکردنی وداواکاری وئەنجامدانی کارەکانیاندا .

لە هەوڵی ئەوەدابوون لە دەسەڵاتی کەمبکەنەوە ، ئەوەبوو کەرکوک وکفریان لێجیاکردەوە ، هەروەها هۆزی جافیان لێدابڕی و کەوتنە دوژمنایەتی ئەوانەی لایەنگیری حکومەتەکەی شێخ مەحمودیان ئەکرد.

شێخ مەحمود بەرامبەر ئەم هەنگاوانەی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا دڵگرانبوو ناڕەزایی دەربڕی و لەکارو کردارو ڕەفتارو هەنگاوەکانی ئینگلیز وەرستبوو ، کە هەردەم بەبیانوبوون لێی .

شیخ مەحمود کەوتەخۆ بۆ بیرخستنەوەی وداواکاری وجێبەجی کردنی گفت وپەیمانەکانی ئینگلیزو هاوپەیمانان دەربارەی مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان ،کەبەخاڵی ڕوون وئاشکرا گفت وەعدەکانیان و دەستنیشان بکەن .

هەنگاوەکانی بەریتانیەکان هەردەم دژی بەرژەوەندی داواکاری و ئاواتی کوردبوو لەگەڵ لوتبەرزی وڕەفتار و تەعەنوتی نوێنەرەکانیان ، هەموو هەوڵەکانی سەرکردەو بەرپرسان بێسود و بێئەنجام مانەوە .

شێخ مەحمود پەیوەندی زۆری کرد بە کەسایەتی جیهانی و سەروکی وڵاتانەوە لەڕێی نوێنەرانەوە و بروسکەو یاداشت نامەی زۆر، کەهەموویان ئاوات و داواکاری نەتەوەی کوردیان بەرجەستەئەکرد.

له مایسی ساڵی ١٩١٩ دا بەناچاری دوای ئەو هەموو هەوڵ وتەقەللایەی کەدابووی بۆجیبەجێ کردنی داواکریەکانی نەتەوەکەی ، کەزانی پشتگوێ خراوە و بێسودە وەرامی ڕون و ڕاشکاو و ئاشکرای وەرنەگرتوە ، کەوتە خۆ بۆجولآن داواکاری و بەرنگاریبوونەوە وراپەڕین دژیان .

ئینگلیزەکان بەهەلیان زانی بۆ بیانوویەکی وا ئەگەڕان ، بیکەنە بەڵگەو مەهانە دژی شێخی نەمر ، هێزێکی زۆرو پرچەکیان لەکەرکوک ئامادەکردبوو هێنابوویان بەرەوسلێمانی و لەحاڵەتی ئامادەباشیدابوون ، هاتبوونە چەمچەماڵ لەوێ مۆڵیاندابوو ، بەرامبەر بەهێزی شێخ مەحمود وەستابوون ، دەستیانکردبوو بە تۆپەراسیۆن بەرەو سلێمانی ، لە دەربەندی بازیان هەردوهێزەکە بەرامبەر یەک بوونەوە ،شەڕو پێکدادان دەستیپێکرد کە ناونرا بەشەڕی ( بەردە قارەمان ) لەو نەبەردیەدا هێزی کورد بەرگەی نەگرت شکا، کە هێزی ئینگلیز بەژمارە زۆربوون و پرچەک بوون ، لەتفاقی شەڕدا کۆکبوون پێشەکی ئامادەکرابوون ، لەئەنجامی ئەم شەڕدا شێخ مەحمود بەبرینداری بەدێلگیرا لەگەڵ کۆمەڵێک لەچەکدارانی لەوانەی کەپارێزەری (حیمایە) تایبەتی خۆی بوون وڕەوانەی کەرکوک کران لەوێوە بەرەو بەغداد بەڕێکران بۆبەندیخانەی ڕۆستەمیە کەئەمڕۆ ناوی سەربازگەی ڕەشیدە ، دوای ماوەیەک بەرو هیندستان برا .

هەرلەو ساڵەشدا عەشیرەتی گۆیان نزیک زاخۆ ڕاپەڕین بارزانیەکان بەدەنگیانەوە هاتن ، شۆڕش لەوناوەدا پەرەیسەند وبڵاو بووەوە ، لەبادینان بارزانیەکان سەرکردایەتیان ئەکرد ، لەبەشی سۆران شێخ مەحمود سەرکردایەتی ئەکرد هەردولا پەیوەندیان بەیەکەوە کردبوو بۆ ڕێکخستنی کاروباری شۆڕش وجولآنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد .

له ساڵی ١٩١٩ دا هاوپەیمانان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران ڕێککەوتنیان مۆرکرد کە :

**لەیەکێتی خاکی ئێران ڕێزبگرن** ،ڕێگرین لەبەردەم هەرجولآن وراپەڕینێک دژیان بەرپابێت ، باشتروایە ئێران بێگۆڕان ودەستکاری لەچوارچیوەی خۆیدا بمێنێتەوە . (٤)

لەتشرینی دووەمی ساڵی ۱۹۱۹ دا ئینگلیز هاتە سەر ئەو باوەڕەی باشتروایە کەعێراق یەکگرتووبێت وکوردستانی خوارو پارچەیەک بێت لەعێراق ، هەر لەوکاتانەشدا تورکەکان پەیوەندیان بە شێخ مەحمودەوە کردبوو کە ئەگەر دژ بەئینگلیز یارمەتیان بدات ئەوان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردستان پێکئەهێنن ئەمە وای لەبەریتانیەکان کردبوو کە هەڵوێستی دوژمنانەی زیاتر لە شێخ مەحمود وەربگرن .

هاو پەیمانان لەوکاتەدا بەنیازی ئەوە بوون ، بەپێی پەیمانی سیڤەر دوای بڕیاردان و مۆرکردنی پەیمانەکە لەساڵی ۱۹۲۰ دا.. (کامەران بەدرخان ) بکەن بە سەرکردەی ئەو حکومەتە کوردیە لە خاکی سەربەخۆی کوردستانی باکوردا کەبەنیازن بۆکورد پێکی بهێنن .

لەڕۆژی ۳۰ سی تەموزی ساڵی ۱۹۲۰ کۆمەڵێک لەکەسایەتی کورد ، کەپێکهاتبوو لەناوداران وڕۆشنبیران وکەسایەتی فەرمی وسەرۆک هۆزەکانی سلێمانی وهەولێر وموسڵ وکەرکوک بروسکەو بیرخەرەوەیەکیان ئاڕاستەی هاوپەیمانان کرد کە [داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان کردبوو بۆکوردستان لەچوار چێوەی عێراقدا ،بەئاگاداری و لەژێر چاودێری بەریتانیادا بێت وبەشارەزایی وڕاوێژکاریان بێت ] زیاتر لە ٦٢ کەسایەتی وناودارو سەرۆک هۆزی کورد ئەو بروسکەیەیان واژوو کردبوو . بەڵام هەربێئەنجام مایەوە .

لە ساڵی ۱۹۲۰ دا بەریتانیا ویستی کۆبونەوەیەکی فراوان ئەنجامبدات لە بەغداد بەئامادە بوونی نوێنەرانی (ئەفسەرانی بەڕێوەبەرانی سیاسی بەریتانی ) کە لەسلێمانی وکەرکوک و هەولێرو موسڵ کاربەدەست بوون نوێنەری ئینگلیزبوون لەناوچە جیاجیاکاندا، بەمەبەستی ئەوەی بزانن داواکاری ونیازی کورد چیە ..؟ ، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک ئەم کۆبوونەوەیە ئەنجامنەدرا .

هەر لەو ساڵەدابوو ۱۹۲۰ نوێنەرانی کورد بەسەرکردایەتی شەریف پاشای خەندان و ئاوەڵەکانی ئامادەبوون لە کۆمەڵەی ئاشتی گەلان کە لەپاریس ئەگیرا، چاوەڕوانی بڕیارێکبوون بەدەستی بهێنن ، چارەنووسی بێت لەبەرژەوەندی نەتەوەی کورد دا بێت، لە ئەنجامدا وەک چەندجار دوبارەبووەوە باسکرا لەوکۆبوونەوەیەدا پەیمانی سیڤەر

مۆرکرا کەلە چوار سەد خاڵ زیاتری لە خۆگرتبوو، کە چەند بەندێکی ئاماژەی دابوو بەمافی نەتەوەی کوردوخاکی کوردستان لەژێر ناوی ( کوردستان ) ، بەتایبەت لەخاڵی ژمارە ( ٦٢ ، ٦٣، ٦٤) دەربارەی نەتەوەی کورد وخاکی کوردستان بوو رێگەی دابوو بەدروستکردنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ، مەرجەکان وشێوەی جێبەجێکردنی دستنیشانکرابوو ،کە ناوچەیەکی سنورداری کەمی کوردستانی باکوری ئەگرتەوە کەلە نەخشەیەکدا دیاریکرابوو .

دوای ماوەیەک ئینگکلیزەکان دەریان بڕی کە شەریف پاشایان بەدڵنیە ،تەگەرەیان ئەخستە سەر رێگەی ، بیانوو بەهانەی زۆری نابەجێیان ئەهێنایەوە دژی. (٥)

لەوکاتەشدا هاوپەیمانان سەیری کوردستانیان ئەکرد وەک دوو بەشبێت وایان ئەدایە قەڵەم :

( یەکەم / کوردستانی خوارو بەشێک بێت لە چوار چێوەی دەوڵەتی عێراقی چاوەڕوانکراو .

دووەم / کوردستانی باکور کە پەیمانی سیڤەر ئەیگرتەوە ناوچەیەکی کەمی سنورداری ئەگرترتەوە مەرج داربوو .

لەساڵی ١٩٢٠ دا تورکان هێرشیان هێنایەوە بۆ سەر کوردستانی خوارو ، ئۆزدەمیر ناوێک سەرکردایەتی ئەکردن ، بەشێکی زۆری ناوچەی ڕەواندزیان داگیرکرد وهەندێک زانای ئاینی تێنەگەیشتو دوایانکەوتن گوایە ئەمە جیهادە دژی بێگانە . هۆزەکانی خۆشناو وسورچی دوایانکەوتن و زێبارێەکانیش ئارەزویان لێبوو بچنەناویانەوە ، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم بەریتانیا بە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی هیرشی هێنایە سەریان لەوناوە دوری خستنەوە ئەو ناوچەیەی لێپاککردنەوە .

لە ساڵی ١٩٢١ دا میستەر چەرچل بروسکەیەکی بەپەلەی نارد بۆ کاریەدەستانی ناوچەکە لە هاوپەیمان نووسرابوو کە {نابێت پشتگیری هیچ جوڵانەوەیەکی کورد بکەن لە ڕاپەڕین دژی کەمالیەکان لە بەشی کوردستانی باکور }.(مەبەست لەکەمالیەکان : حکومەت و هێزی مستەفا کەمال بوو کە کۆماری عیلمانی نویی

تورکیای دامەزراندبوو) . {هەروەها لە بروسکەکەدا نووسیبووی باشتر وایە ئەو بەشە کوردیەی ناو عێراق پارچەیەک بێت لە عێراق وحوکمێکی خۆیی دابمەزرێنن بۆکوردو تورکومان و ئاشوری }.

## هەربۆمێژوو :

[ کورد بەهۆی دوبەرەکی وناکۆکی ناوخۆ ململانێی نێوان کەسایەتی کورد بۆکورسی وپلەوپایە وتێنەگەیشتنی باری خراپ وناسک وچارەنووسدارەکە و ، هەڵسەهگاندی خراپی دۆزی کورد لەلایەن کوردانەوە لەوکاتە ناسکەدا ، هەروەها وای لە زۆریانکرد وەرستبین خۆبدزنەوە لەبەرپرسیارێتی وساردببنەوە وبێزاربین لێی ، هەروەها لەبەر هۆی نەزانی هەژاری خودی گەلی کوردستان کەبارە ناسکەکەیان باش هەڵنەسەنگاندبوو وهەروەها لەبەر باری سیاسی ئەوکاتەو هەڵوێستی دوژمنانەی هاوپەیمان وداگیرکەرانی کوردستان ودوژمنانی دەورووپشت ، بەوشێوەیە کوردهەلی زێرینی لەدەستچوو لەوکاتە هەڵکەوتو چارەنووسیەدا بەتایبەت لە بەشیکوردستانی باکور].

هەرلەوکاتانەدا پیاوانی سەر بە حاکمانی سیاسی وموخابەراتی بەریتانی ، کەبەناوی (دادوەری سیاسی ) کاریانئەکرد ،سەرقاڵی نووسینی تێبینی بوون لەسەر حکومەتی شێخ مەحمود ، لەگەڵ کۆکردنەوەی بیرورا لەسەر دانیشتوان . لەکورتەی راپۆرتەکانیاندا نووسیبوویان گوایە :

* هەندێک خەو بەخەلیفەی عوسمانیەوە ئەبینن هیوادارن حوکمی خەلیفە بگەرێتەوە .
* وبازرگانان حوکمی بەغدادیان لاباشترە بەهیوان دانەبرین لەو ناوچەیە .
* بەشێکی زۆر حەزیان بە سەربەخۆیی وسەربەستی ویەکێتی خاکی کوردستانەو لایەنگیری حکومەتی شێخ مەحمودن .
* بەشێکی کەیش ئینگلیزیان لاپەسەندترە ، حوکمی شێخ مەحمودیان بەدڵنیە .
* بەشێکیش دژی ئینگلیزن . ٦)

هەروەها لە بروسکەو تێبینیەکانیاندا ڕەخنەی زۆریان هەبوو ئاماژەیان پێئەدا :

[کە کورد یەک ڕانین بڕیارو پلان وپرۆگرامیان وەک یەکنیە ، وشەیان یەکنیە ، نازانن چیان ئەوێت ؟ . یەک هەڵوێست و یەکریز نین ، کۆکنین لەسەر یەک بڕیارو ، پرۆگرامیکی وردکراوە و دانراو وساغکراوەیان نیە بۆ چارەنووس و دواڕۆژی نەتەوەی کورد ، یەک ڕابەرو سەرکردەیان نیە تاکرەوی باوە لەناویاندا هەرکەس بۆخۆیەی ].

لەگێژاوی ئەم هەموو ڕوداوە ناخوازراوانەدا و هەڵوێست ودژایەتی هاوپەیمانان بەو ڕادەیە . خەریکبوون پەردەیەک بدەن بەسەر کێش ودۆزی نەتەوەی کورداو پشتگوێبخەن دوژمنایەتی ڕاستەوخۆی هەر داواکاری ومافێکی کوردبکەن ودژی بوەستن .

لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠دا ( میستەر پێرسی کۆکس ) دەستنیشانکرا بەنێرراوی سامی خاوەن شکۆی بەریتانیا لەعێراقدا بووە حاکمی گشتی عێراق. وەەر لەو ساڵەدا بڵاوکرایەوە ، کە عێراق بەڕەسمی لەلایەن عوسبە الامەوە خرایە ژێر چاودێری وئینتیدابی بەریتانیاوە . بڕیارەکەی عوسبە الامم لە بیست برگە پێک هاتبوو لەبرگەی شازدەهەمدا هاتبوو :

[ئینتیداب ڕێگرنیە حکومەتێکی سەربەخۆی ئیداری دروستبکرێت لەناوچەکورد نشینەکاندا ] .

* عەبدوالرزاق الحسنی ،تاریخ العراق السیاسی الحدیث لاپەڕە ١٦٩ .

لە ساڵی ١٩٢٠ دا شۆڕشێکی سەر تاسەری لەهەر سێ ولایەتەکەی ئەمڕۆی عێراق بەرپابووو ناوینرا بە شۆڕشی ساڵی بیست ( ثورە العشرین ) شۆڕشگێران دەستیانگرت بەسەر رووبەرێکی فراونی عێراقدا زۆر لەنوێنەرو کاربەدەستی ئینگلیز کوژران وزیانی زۆریان لێکەوت ، نەتەوەی کوردیش هاوبەشی شۆڕش و ڕاپەڕینەکەی کرد بەتایبەت لە کفری وخانەقین وکەرکوک و هەولێر وسلێمانی ، هەروەها شوێنانی کەی کوردستانی گرتەوە ، ئینگلیزەکان دوای ئەم بەسەر هاتە وڕاپەڕێنە کەوتنە خۆ وبیریان هاتەسەر

دامەزراندنی دەولەتێکی عەرەبی یەکگرتو لە هەرسێ ولایەتەکە بەناوی دەوڵەتی عێراقەوە .

یەکەم جار لە ٢٥ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠ دا حکومەتێکی کاتیان دامەزراند ، عەبدوالرحمن الگیلانی نقیبی بەغداد کرایە سەرۆکی حکومەت . هەرلەوساڵانەدا ، لەژێر چاودێری وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیا میستەر چەرچل کۆنگرەی قاهیرە گیرا بۆ لێکۆڵینەوە لە چارەنووسی گەلانی ژێردەستەی ڕزگاربوو ، بریار دەرچوو حکومەتێکی عەرەبی لەعێراقدا دابمەزرێت و ئەمیر فەیسەل بکرێتە پاشای عێراق ، دوایی ڕاپرسی گشتی بکرێت بۆ زانینی ڕای گشتی و ڕەزامەندی لەسەر ئەوپاشایەتیە .

(١) * مێجر لۆنکریک ، اربعه قرون من تاریخ العراق الحدیث ، وەرگێڕانی جعفر الخیاط .

(٢)* العراق فی التاریخ ، کۆمەڵێک مێژوونووسی عێراقی لاپەڕە ٦١٥تا٦٢٤ ) .

(٣)* مستر ئەدمۆندز ، کوردو تورک وعەرەب .

(٤) * د. ولید حمدی ، الکرد وکردستان فی الوثائق البریتانیه

(٥)* فەرهاد پیریاڵ ، شەریف پاشای خەندان

(٦)* ماکدوێل داوود ، تاریخ معاسری کورد وەرگێڕ راو

* عبد الرزاق الحسنی ، تاریخ العراق السیاسی الحدیث ، لاپەڕە ١٦٩ ) . * هنری فۆستر ، نشاه العراق الحدیث ، وەرگێرانی سلیم تاها التکریتی ، لاپەڕە٤٣- ١٠٨ تا١٢٠ .

* محەمەد ئەمین زەکی ، تاریخ السلیمانیه ، ، وەرگێڕانی جەمیل ڕۆژبەیانی .

* محەمەد ئەمین زەکی ، تاریخی کورد وکوردستان .

* عەبدوڵلە عەبدالکریم مارف البرزنجی ، کارکۆک لەمێژوودا

* عبداڵلە غفور ، جوغرافیای کوردستان .

* د شاکر خسباک ، کورد و مەسەلەی کورد .

***




نەخشەی عێراق کە ڕووبەری هەرسێ ولایەتەکە بەشێوەیەک دیاریکراوە

# دامەزراندنی

## دەوڵەتێکی پاشایەتی بەناوی عێراقەوە

هاوپەیمانان کاتی خۆی بەڵێنیان دابوو بەحسێن کوڕی عەلی شەریفی مەککە ، کەلەعیراقدا دەولەتێک دابمەزرێنن بۆعەرەب ، بەوپێیە کەوتنە خۆو ویستیان لە عێراقدا نیزامێکی پاشایەتی دابمەزرێنن یەکێک لەبنەماڵەی شەریف حسێن دابنێن بەپاشا .

لە ساڵی ١٩٢١دا بەریتانیا هاتەسەر ئەو ڕایەی کە دەستبەکاربن بۆ دامەزراندنی دوڵەتی پاشایەتی عێراق ، بەلکاندنی هەرسێ ولایەتی بەغداد و بەسرەو موسڵ ، ناوی بنێن (عێراق )، وەک باسکرا لەقاهیرە کۆبوونەوەیەکی گرنگی پیاوانی بەریتانی لە ئاستێکی بەرزدا بەسترا بۆ تاوتوێکردنی بیروڕا ،بەمەبەستی ئەنجامدانی بریارێک بۆ چارەنووسی عێراق وناوچەکە وچۆنێتی پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقی نوێ .

هەربۆمێژوو : لەساڵی ١٩١٥دا شەریفی مەکە شەریف حسەین نامەیەکی نووسی و ناردی بۆ سێرمەکماهۆن بالیۆزی بەریتانیا لەقاهیرە ، داوای لێکردبوو یارمەتیبدات تابتوانێت هیرش بەرێتە سەر لەشکری تورک لەوڵاتەدا دەریانبکات و عەرەب رزگاریکات لێیان ، هەروەها بەڵێنی بدەنێ کەیارمەتی عەرەب بدەن بۆ ئەنجامدان ودامەزراندنی ، دەوڵەتێکی سەربەخۆی یەککرتوو لەهەموو خاکی نەتەوەیی عەرەبدا ، بۆ ئەومەبەستە هەنگاوینێن دەستیبگرن ئاراستەیبکەن . لەوکاتەدا ئەونامەیە زۆرگرنگ بوو زۆر مانای لەخۆئەگرت .

١/ لەوکاتە ناسکەدا کەعەرەب ژێردەستەی تورکبوون پیاوێک هەبوو بەناوی هەمووەوە وەک نوێنەری هەموو ، هەوڵی ئەداو نوێنەرایەتی ئەکردن ، ئێمەی کوردیش لەوکاتانەدا لەناوماندا زۆرجار فرەکوێخایی هەبووە ، هەموو ئامادەنەبوون لەژێرئالای یەک نوێنەردا وکاریکەن و هاوکاری بن ، ئەگەر ئەونوێنەرەش بەراوێژکاری کۆمەڵێک سەرکردەی کەش دانرابێت ، هەڵبژێررابێت کە لەکاتی چارەنووسیدا تاکرەوی فرە سەرکردەیی و دوبەرەکی سەری هەڵداوە .

٢ / پیاوێکی دینی مەزنی عەرەب لەبنەماڵەی هاشمی لەمەکە وەک شەریف حوسەین دوو دەسەڵاتی هەبووە دینی و دنیایی لەروێ ئایینیەوە هێچ بڕوایەکی بە خەلیفەو خەلافەت نەماوە بەنوێنەر ورابەری ئیسلامی دانەناون ، وێراویەتی ئەو بیرو بۆچونەکۆنە بڕەوێنێتەوە کەکەس پرکێشی ئەوەی نەئەکرد بەرامبەر خەلیفەی (بەناوی) موسوڵمانان بووەستێت ، کە ئەوخەلیفەیە لەژێر پەردەو ناوی ئیسلامەوە خزمەتی نەتەوەی تورکی ئەکردو بەکاری ئەهێنا بۆبەرژەوەندی خۆدی نەتەوەی تورک

٣ / ئامادەبوو بەکردەوە لەرێی هێرشی سەربازی و لەشکر کەشیەوە بەیارمەتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی خاوەن هێزو نامۆ پەلاماری رژێمی خەلافەت ودام و دەستگاکەییدات لەخاکی عەرەب دەریان بکات .

٤ / داوا لەبەریتانیا بکات دەولەتێکی عەرەبی سەربەخۆی یەککرتویان بۆدروستبکات لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٢١دا بڕیاردرا لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی نەخشە

کێشراو بەمەرجێک  پاشایەتی ودیموکراتی و دەستوری ونیابی بێت ، فەیسەڵ کوڕی شەریف حسێن دەستنیشانکرا بۆپاشایەتی ئەودەوڵەتە .
ڕۆژی ٢٧ ئاغستۆزی ساڵی ١٩٢١ دانرا کەلەو ڕۆژەدا  لەئاهەنگێکدا تاج بخرێتە سەر پاشای نوێی عێراق .
دوای ئەوە هاتبوونە سەر ئەو بڕیارەی  کە باشترین ڕێگە ئەوەیە ولآیەتی موسڵ بەشێک بێت لەعێراق ، بەوشێوەیە  دەوڵەتەکەیان دروستکرد وناویان نا عێراق (کەلەوە پێش ڕووبەرێکی کەم بەناوی عێراقەوە هەبوو ) ،  هەر سێ ولایەتەکەیان بەیەکەوە لکان وعێراقی ئەمڕۆیان لێدروستکرد ، کە نائاسایی ونایاساییبوو سروشتینەبوو دەرلەویست و ئیرادەو خواستی گەلانی ناوچەکەبوو ، کەدانیشتوانی ناوچەکە زۆر جیاوازبوون لە یەکتری ، حەزو ئارەزو هۆیەک نەبوو لەنیوانیاندا بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتری بتوانن بەئاسایی بژین . (١)
دانیشتوانی ئەوسێ ولایەتە پێکهاتبوون لەکوردو عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعە ،کە لە نێوان شیعەو سوننەدا دوژمنایەتیەکی مێژوویی زۆرکۆن هەبوو  ،گەلی کوردیش حەزی پێنەبوو لەژێر زەبرو حوکمی عەرەبدا بژی کەنەتەوەیەکی جیاوازە لە عەرەب وئارینەژادە هیچ هۆیەکی شیاونیە کەکورد لەژێرسایەی عەرەبدا بەوشێوەیە حوکم بکرێت ، بەڵام لەلای ئینگلیزو لەبەر بەرژەوەندی چاوچنۆکی کۆلۆنیالیزمی جیهانی ئەو هەنگاوە کێشەوعەیبی نەبوو ، بەوپێیەو لەو ڕێگەیەوە  ئەوەی بەحەزو ئارەزوویانبوو لە بەرژەوەندیانبوو باشتربوو بۆیان بۆمەرامیان بەو شێوەیە ئەوەی ویستیان بۆیان بێتەدی ،هاتەدی ، کە تەنها حەزو ئارەزوو بەرژەوەندی  ئینگلیزی تیابوو :
یەکەم   ولآیەتی موسل ( کوردستانی خوارو) زوربەی زۆری کوردبوو  لەگەڵ کەمە نەتەوەیی عەرەب وتورکمان ومەسیحی (وکلدانی و ئاشوری ).
دووەم   ولآیەتی بەغداد کەزوربەی زۆری عەرەبی سوننە مەزهەب بوون لەگەڵ کەمایەتی شێعە ئەکەوتە ناوەڕاستی عێراق .
سێیەم   ولایەتی بەسرە کە زوربەی زۆری عەرەبی شیعە مەزهەب بوون لەخواروی عێراق .

له مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢١ دا له بەینی چەند کەسایەتیەکدا کێبڕکی هەبوو کەبەنیازبوون ببنه پاشای دەوڵەتی نوێ عێراق ، خۆیان بەشیاوتر ئەزانی لەبنەماڵەی مەلیک حسێن ، کەنامۆیه بەناوچەکه ، وەک میری لورستان ، سەرۆک هوزەکانی ئەهواز (ئەحواز) ، دوایی بەتۆپزی فەیسەڵ کوری حسەین دەستنیشانکرا ببێته پاشای عراق .

بۆ وەرگرتنی رەزامەندی گەڵی عێراق له سەری ، پێیان باشبوو بخرێته راپرسی گەلی عێراقەوه ، بۆیه خرایه دەنگدانی گشتیەوه ، لەئەنجامی راپرسیەکەدا کەرکوک دژی وەستاو سلێمانی هاوبەشی نەکرد و زۆر لەناوچه کوردنشێنەکان بەکەمی دەنگیان دابوو ، هەولێرو موسڵ مەرجیان هەبوو که مافی نەتەوەیی و کەمه نەتەوەیی پارێزراو بێت ، لەئەنجامدا بەزۆرینەی دەنگدەرانی ئامادەبوو (جگەله نوێنەری ئەو شوێنانەی کەدژی وەستان ولەگەڵی نەبوون ) فەیسەڵ کورێ حسەین بووه پاشای عێراق . (٢)

رۆژێ٢٧ ئاغستۆز ساڵی ١٩٢١ دانرا بۆ گێرانی ئاهەنگی تاج خستنه سەری پاشای نوێ فەیسەڵ کوری حسەین لەوئاهەنگەدا کورد بەشداری نەکرد ، بەتایبەت له کەرکوک وسلێمانی کەسێک لەوئاهەنگەدا ئامادەنەبوو.

لەرۆژی ١٠ ئابی ١٩٢٢ دا پەیمانی دوقۆڵێ عێراق وبەریتانیا مۆرکرا ، کەپێویستی بەدەنگدان هەبوو لەلایەن نوێنەرانی دانراو ودەستنیشانکراو بەناوی گەلی عێراقەوه .

لەرۆژی ١٩تشرینی یەکەم ساڵی ١٩٢٢ بریاردرا دەستەی دامەزرێنەر (مەجلیسی تاسیسی) دەستنیشان بکرێت بۆ ئەوەی وڵات بەرێت بەرێوه ، کاری هەنوکەیی و کاتی وپێویستی ئەنجامبدات ، هەڵسێت بەدانانی دەستورو وقانونی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ پەرلەمـــان و بـــۆ دامەزرانـــدن وبەرێکردنـــی کاروبـــاری دەولەتـــی . هەروەها بریاریدات لەسەر پەیمانی دۆستانەی عێراق و بەریتانیا ، مۆرییکات ، ئەم کـارانه نـارەزایی ودژایەتـی دروسـتکرد لەنـاو رۆڵەکـانی گەڵ وپارتەکانـدا ، که هەڵوێستیان هەبـوو دژی کاربەدەسـتانی ئینگلیـز له عێراقـدا و بێزاربـوون له کـارو رەفتاری ئارەزوکاریان بەرامبەر بەگەلی عێراق، بەتایبەت ئەوهەوڵەی دایان بەنیازی سەپاندنی پەیمانەکه .

کاربەدەستانی عێراق وئینگلیز بەفرسەتیان زانی ،لە شەوێکدا توانیان ئەندامانی نوێنەران بەزۆر کۆبکەنەوە و تاڕادەیەک هەڕەشەی تیابوو لەوانەی کە بەنیازبن دژی مۆرکردنی پەیمانەکە بوەستن ، بەوشێوەیە لەشەوی ١١ حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٤ دا پەیمانەکە خرایە دەنگدانەوە هەر بەوشەوە پەیمانەکە بەزۆر سەپێندرا بەسەر گەلانی عێراقدا ، لەودانیشتنەدا مۆرکراو پەسەندکرا ، دەنگدانەکە بەم شیوەیە بوو : ٣٧ ئەندام بە ئا دەنگیاندا ، ٢٤ ئەندام بەنا دژی وەستان ، ٨ کەس دەنگیان نەداو ، ٣١ کەس هەر نەهاتبوون ئەگەر لە ناوەکان وەردبینەوە زۆر بەئاسانی ناوی زۆر لەوکوردانە جیائەکەینەوە کە ئامادەبوون و ، ئەوانەی دەنگیانداوە و ، ئەوانەی دژی وەستاون ، بۆنموونە ئەوانەی لەگەڵیبوون دەنگیان بۆدا ئەمانە بوون وائەزانم کوردبوون وەک (جعفرالعسکری ،علی جودت الایوبی ، داود الحیدری ، حبیب التالبانی ، مرزا فرج ، فتاح محەمەد ، عزە عوسمان پاشا ، سعید قادر ، تۆفیق احمد ، محەمەد شەمدین ئاغا ، عبدالرحمن پاشا الحیدری ) .

لەوانەی کە دژی وەستان بەمەزەنە ئەمانە کورد بوون (ئاسف قاسم ئاغا ، عبداللتیف المعروف ) ئەوانەی هەر دەنگیان نەدا ( محەمەد شەریف ،حسین ملا ئاغا ، پیر داود ) (٣)

هەرلە ڕۆژانی پێش جەنگی جیهانی یەکەمەوە چەند کەسایەتیەک نوێنەری کەرکوک و بەشەکانی کەی شارە گەورەکانی کوردستان وعێراق کە لە ژێردەست وحوکمی دەوڵەتی عوثمانیدابوون ، ئەندام بوون لەمەجلیسی مەبعوثانی عوسمانیدا ( مەبەست لەئەم مەجلیسە ئەندامانی وەک نوێنەر و پەرلامانتار کۆئەبوونەوە لە ئەستەمبول ، بەمانایەکی کە ئەندامی پەرلەمانی دەوڵەتی سوڵتانی عوسمانی بوون ) بەتایبەت دوای سالی ١٩٠٨ دوای ئینقلابی ئیتحاد و تورەقی ناوەکانیان بەم شێوەیەبوو :

دەورەی یەکەم

ئیسماعیل حقی بابان لە سەر بەغداد

دەورەی دووەم

ئیسماعیل حقی بابان    لەسەر دیوانیە .

جمیل سدقی زەهاوی    لە سەر منتفک .

معروف الرسافی    لەسەر عەمارە.

داود یوسفانی    لە سەر موسڵ .

الحاج علی قیردار    لەسەر کەرکوک .

سالح پاشا نەفتچی    لە سەر کەرکوک .

لەدوا دەورەدا

لەساڵی ١٩١٥ دا کە لەدوای ئەمەدا هیچ دەورەیەکی پەرلەمانی بەدوایدا نەهات ودەولەتی عوسمانی لەئەنجامی جەنگەکادا هەڵوەشایەوە

جمیل سدقی زەهاوی    لە سەر بەغداد

معروف الرسافی    لە سەر بەغداد

(١)* میجر لۆنکریک ، اربعە قرون من تاریخ العراق الحدیث ، وەرگێرانی جەعفەر خەیات

( ٢) * مستەفا عبد القادر النجار ، العراق فی التـاریخ ، لاپەرە ٦٦٠ تـا٦٧٠ .

(٣)* هنری فۆستر ، نشاە العراق الحدیث ، وەرگێرانی سلیم تاها التکریتی لاپەرە ١٩٨ — ٢٠١تا ٢١٠

لە جزئ دوەم لاپەرِ ٣٠١ ، ٣٠٢ ) .

(٣) * مستر ئەدمۆندز ، کوردو تورک و عەرەب ،

(٤)* عبدالرزاق الحسنی ، التاریخ العراق السیاسی الحدیث ،لاپەرە١٣٢، ١٣٣ ، ١٨٧ ، ١٩١ ، ١٩٤ - ١٩٦) .

(٥) * د .ولید حمدی ، الکرد و کردستان فی الوثائق البریتانیە .

* شرفخان البدلیسی ، شرفنامە .

* محەمەد ئەمین زەکی ، مێژووی کوردو کوردستان

* عەبدوڵلە عەبدالکریم مارف البرزنجی ، کارکۆک لەمێژوودا



ئاڵای  پاشایەتی مەلیک مەحمود



شێخ مەحمودی نەمر مەلیکی کوردستان

# شێخ مەحمود

## مەلیکی کوردستان

شێخ مەحمود  بە دیلی وبەندکراوی لەدەرەوەی کوردستان مایەوە دوای ماوەیەک ڕێگەی پێدرا بگەڕێتەوە، بۆ کوردستان لەدوای گەڕانەوەی بەماوەیەک  توانی جارێکی کە دەست بە سەر ناوچەی سلێمانیدا بگرێتەوە ، لاوان ودڵسۆزان ونیشتمان پەروەران و سەروک هۆزەکان وکەسایەتی وڕۆشنبیران جارێکی کە لە دەوری کۆبوونەوە بۆ پشتگیری وهاوکاری ، کاروباری ناوچەکەی ڕێکخستەوە ،بەپرس و ڕاوێژی ڕۆشنبیران و

کەسایەتیەکانی کورد خۆی ئامادەکرد بوو دروستکردنی سوڵتەیەکی کوردی وپێکهێنانی دەولەتی پاشایەتی بەئاگاداری بەریتانیا .

لە ڕۆژی ١٨ تشرینی دووەم ساڵی ١٩٢٢ دا جاڕی سەربەخۆیی کوردستانیدا ، حکومەتی کوردستانی ڕاگەیاند ، ناوی سەرۆک وەزیرو وەزیرەکان بڵاوکرایەوە بڕیار دەرچوو کەکوردستان دەوڵەتێکی پاشایەتی پەرلەمانی دەستوری دیموکراتی ئەبێت ، لەژێر چاودێری خاوەن شکۆی بەریتانیادا .

ئاڵای فەرمی پاشایەتی کوردستان هەڵکرا کەپێکهاتبوو لە پەرچەمێکی سەوز لە ناوەڕاستیا مانگێکی هیلالی سپی هەبوو لەناو بازنەیەکی سوردا ، هەروەها شێخ مەحمود بە مەلیکی کوردستان دەستنیشانکرا. کاربەدەستانی کوردو کەسایەتی وگەورە پیاونی کورد سەرقاڵی ئەوەبوون کاروباری دەوڵەتی بەباشی ومۆدرن بەرنبەرێوە ودەستورێک بۆکوردستان دابنێن ، کەمایەی دڵخۆشی دانیشتوان بێت .

سێر پێرسی کۆکس دادوەری گشتی عێراق ، بروسکەیەکی نارد بۆخاوەن شکۆی بەریتانیا داوایکردبوو بەیانێک دەربکەن ،تێیدا ڕەزامەندبن ودانبنێن بەمافی کوردا لەچوار چێوەی عێراقدا ، لەوڕووەوە ئاگاداریەک بڵاوبکەنەوە .

دوایی بەیانەکە دەرچوو قایلبوون بەدروستکردنی حکومەتی کوردی لەچوارچێوەی عێراقدا بەمەرجێک جیابوونەوەی سیاسی و ئابووری تیانەبێت .

بەڵام ئینگلیز هەر بەگومانبوون لە شێخ مەحمود بەدڵیانەبوو زۆر جارێش لەڕێی بەکرێگیراوان وپیاوەکانیانەوە ومخابەراتیانەوە ڕاپۆرت دژی بەرزئەکرایەوە ، چەند جار نووسرابوو کە شێخ مەحمود لەژێرەوە لە گەڵ تورکان ڕێککەوتوە ، بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی بۆ دروستبکەن .

دادوەرەکانی بەریتانیا وحاکمان وڕاوێژکارانی ناوچەکان ، دژایەتی وبەرامبەرییان ئەکرد لەخانەی وتۆڵە کردنەوەدابوون هەردەم لەسەری خەریکی ڕاپۆرت نووسین بوون ، لەهەوڵی دابڕینی ناوچەکاندابوون ، دەستیانکردبوو بەپیلان وکاری بەرامبەری دژی ، یەکەم هەنگاویان بۆکەم کردنەوەی ڕووبەری ژێر دەسەڵاتیبوو ، کۆیەو ڕانیەو کفری و

کەرکوکیان لێجیاکردەوە ، هۆزە بەهێزەکانیان لێجیاکردەوە وەک پشدەرو جاف وهەمەوەند وقادرکەرەم .

شێخ مەحمود هەردەم لەپەیوندیدابوو لەگەڵ نوێنەرانی ئینگلیز ، بۆگفت وگۆو رێککەوتن و لەیەک تێگەیشتن ، بەپێچەوانەوە ئینگلیز بەردەوام ئامادەنەبوون بۆگفت وگۆ ، هەر خەریکبوون لەدەسەلاتی کەمبکەنەوە تەگەرەیان ئەخستەسەر رێگەی ، خۆیان ئەدزیەوە لەهەر هەوڵ داواکاری وپەیوەندی بۆئەنجامدانی کاروباری ناوچەکە . شێخ مەحمود هەرکارێکی ئەنجامبدایە هەنگاوێکی بنایە بەدڵیاننەبوو هەر بە بیانووبوون لێی.

دواجار داوایان لەشێخ کرد لە کەرکوک ئامدەبێت بۆ ئەوەی بەرەو بەغداد بکەوێتەرێ بۆگفت وگۆ، ئاگاداریانکردەوە لەهاتنیا رێزی لێئەگرن ، شێخی نەمر وەرامیدانەوە بەم مانایە: { ئێمە چەندجار نوێنەرمان ناردوە بۆ دەربارتان لەئاستی بەرزو بەرپرسیارێتیدابوون ،گوێیان لێنەگیراوە نازانین بۆچی هەرئەبێت ئێمە لە بەغداد ئامدەبێن وچی پێویست ئەکات ؟ }.

دوا وەرامی شێخ وکاربەدەستانی کورد ئەوەبوو کە ناتوانین لە بەغداد ئامادەبێن. دواجار ئینگلیز ئاگاداری شێخ مەحمودیان کردەوە کە ئەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا لەبەغداد ئامادەبێت .

بارەکە بەجۆرێک شیوابوو گۆڕابوو کەم کەس ئەیتوانی کارەکەو سیاسەتی رۆژانە ،کە بەرەورو ئەبوونەوە باش تێیانبگات ، هەنگاوەکان هەڵ بسەنگێنێت ، بەباشی بەرێبیانبکات ، وچارەسەری کێشەکان بکات ، ،نەی ئەزانی ئەم بارە نالەبارە بەرەوکوێ ئەڕوات . ئەم کارە دژوارە دوژمنانەی بەریتانیەکان دژی گەلی کورد ماوەیەکی خایاند .

واجار لەرۆژی ٢٤ /٢٥ شوباتی ساڵی١٩٢٣ دا دەسەلاتدارانی ئینگلیز بەیاننامەیان دابەش وبڵاوکردەوە کە شێخ مەحمود و کاربەدەستانی لەماوەیەکی دیاریکراودا ئەبێت لە کەرکوک ئامادەبن ، بۆ ئەوەی بەرەو بەغداد بەرێبکرێن. بەپێچەوانەوە ئەگەرنا خۆیان بەرامبەر هەنگاوەکانیان بەرپرسیارن .

بابكر ئاغای سەرۆک عەشیرەتی میراودەلی ، شێخ عبدوالکریمی قادرکەرەم ئاگاداركرابوونەوە كەچمكێكی ئیدارەی ناوچەكانیان بگرنەدەست .
لەدوای ماوەیەک بابکر ئاغای میراودەلی لەپشدەر وشێخ عەبدوالقادر لەسەنگاو ، مەحمود پاشای سەرۆک عەشیرەتی جاف ، وعەبدوڵلاخان بهادر ، محمەد ئەمین ئاغای هەمەوەندی ، سوارئاغای بڵباس ، ئاگادارکرانەوە کە شێخ مەحمود مەلیکی کوردستان نیەو دەسەلاتەکەی هەڵوەشاوەتەوە .
لە کەرکوک دەسەڵاتدارانی ئینگلیز دەستیانکرد بەگرتن وڕاونانی کوردپەروەران و دڵسۆزان ولایەنگرانی شێخ مەحمود بە تایبەت بەرامبەر دو کەسایەتی ناوداری شارەکە ، یەکەم سەید ئەحمەد خانەقا ودوەم نازم بەگ نەفتچیزادە، توانیان ئەحمەد خانەقا بگرن ونەفییبکەن ، نازم بەگ نەفتچیان دەستنەکەوت ، ئەو دەربازبوو بەرەو سلێمانی بۆلای شێخی نەمر کەوتەڕێ.
ئینگیزەکان بۆردومانی سلێمانیانکرد ماڵی فایەق بەگ کەلەنزیک جادەی کاوەی ئەمڕۆ بوو بەرکەوت ، دژی حکومەتی کوردستان و شێخ مەحمود مەلیکی کوردستان ئاگاداریان بەفڕۆکە بڵاوکردەوە ، دایان بەگوێیدا ئەبێت واز لەپاشایەتی بهێنێت ، دابنیشێت ، دەستتێوەرنەدات لە کاروباری دەوڵەتی عێراقی ، کەئینگلیز بەنیازە کارێک بۆکورد ئەنجامبدات مافی لەبەرچاو ئەگیرێت وپارێزراو ئەبێت.
بەوشێوەیە نەیانهێشت حکومەتی کوردستان و پاشایەتی شێخ مەحمود بەردەوام بێت لەوکاتەدا شێخ مەحمود سلێمانی بەجێ هێشتبوو بەرەو ئێران کەوتبوە ڕێ ، مەحمودخانی دزڵی پەیوەندی پێوە کردبوو لەولاشەوە بارزان هەر لەڕاپەڕین جوڵاندابوو لەگەڵ هێزەکانی شێخ مەحمود بەردەوام لەپەیوەندیدابوون .
. ئاگری شۆڕش هەموو کوردستانی خواروی گرتەوە ، هەربە هەمان شێوە ئینگلیز بەهەلی زانی بەوهۆیەوە بیکاتە بەهانە داواکاری ومافی کورد پشتگوێ بخات ودەستبکات بەخۆسازدان دژی ڕاپەڕین وشۆڕشەکانی وهەر داواکاریەکی کورد.
لەوکاتەدا سالار الدولەی قاجاری پەیوەندی بەشێخی نەمرەوە کردبوو ( کە بەنیازی

ئەوەبوو لە ناوکوردا وبەهێزو هاوکاری کورد تەختی شاهانەی قاجاری بسێنێتەوە کە ڕەزاشا لێی زەوتکردبوو ) .
دوای تێپەڕبوونی ساڵانێک چەند جوڵان وڕاپەڕین ئەنجامدراو یاداشت پێشکەشکراو بروسکەی ناڕەزایی نێررا دژی هەڵوێستی هاوپەیمانـان وداگیرکەرانـی کوردسـتان ، کەهەمـووی ئاڕاسـتەی کـۆمەلەی نەتەوەکـان (عـسبە الامـم) ئەکـرا . ڕابەران و سەرکردەکانی کورد ،بەردەوام پەیوەندی زۆریان ئەکرد بەکەسایتی جیهانی و ناوەندی بڕیـارو سـەرکردەی وڵاتـانەوە لـەڕێـی نـاردنی نامـەوە بروسـکەوە ، بەڵام هەمـوو بێئەنجامبوو.
لەساڵی ١٩٣٠ دا ( ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا )شەڕی بەردەرکی سـەرا قـەومـا دژی پەیمانی دوقۆڵی بەریتانیاو دەوڵەتی پاشایەتی عێراق ، کەخەڵکی شار ڕژانە سەرجادە بەخۆپیشاندان لەئەنجامدا کەتەقە لەخۆپێشاندەران کرا ، ژمارەیەک لەخەڵکی شارەکە شەهیدکران .
دوای شەڕی بەردەرکی سەراو کوشتارەکەی شەشێ ئەیلولی ساڵی ١١٩٣٠ ، شێخی نەمر بروسکەیەکی ناڕەزایی و داواکاری ئاڕاستەی کۆمەڵەی نەتەوەکـان کـرد کە ئیتـر لە تواناماندا نەماوە وناکرێت بەوشێوەیە لەگەڵ عەرەبدا بتوانین بژین ، جیامانبکەنەوە لەعەرەب وگففت و پەیمانەکانتان جێبەچی بکەن .
تاساڵی ١٩٣١ نوێنەران وڕۆشنبیران وکوردپەروەران وسەرۆک هۆزەکانی کورد ١٠ دە بروســـکەو یاداشـــتی نـــاڕەزایی و داواکاریـــان نـــارد بـــۆ کـــۆمەڵەی گەلان .
لەئەنجامدا لەڕۆژی ٢٢ کانونی یەکەمی لەساڵی ١٩٣١ کۆمەڵەی گەلان ( عوسبە الامم ) بەفەرمی وەرامی گەلی کوردی بەم شێوەیەو مانایە دایەوە:
{ دۆزی کوردو داواکاری وکارو کێشەتان لای ئێمە نەماوە وپەیوەندی بەئێمەوە نیە ، بەرەوڕوی بەریتانیا کـراوەتەوە ، ئەو بەرپرسـیارە لە دوسـیەکەتان ، ئەو بەم کـارە هەڵئەسێت ، مافی ئیداری ودەستوری کورد جێبەجێ ئەکرێت } .
**هەربۆمێژوو** : وەک باسکرا (زوتر کۆمەڵەی گەلان بەپێی بریاریک دوسیەی کوردی دابووە دەستی بەریتانیا ، بەتایبەت لەبەر ڕۆشنایی بڕیـارەکـەی کۆنگرەی بـەرلـین

کەلەساڵی ١٨٨٧دا لەسەدەی ڕابووردودا پێش جەنگی جیهانی یەکەم دەرچوبوو ، بەوپێیە دوسیەوە کێشەو بەدواچونی گیروگرفتی نەتەوەی کورد درابووە دەستی بەریتانیا ، کەئینگلیز یارمەتی دەرو پارێزگەر و ئاراستەکەر قسەکەربێت لە ناوەندە جیهانی و دەوڵەتیەکاندا بەناوی کوردەوە ) .

وەک لەوە پێش ئاماژەمان پێدا ، بەرامبەر ئەم کاروکردەوە ناڕەوایانەی ئینگلیزو کاربەدەستانی عێراق دژی نەتەوەی کورد ئەنجامیانئەدا ، هەموو داواکاریەکی نەتەوەییان پشتگوێ ئەخست.

لەئەنجامی کاردانەوە ولەدژی کاری ناڕەوا خراپەکاری وهەڵوێستی میری وئینگلیز ، زووتر بەهۆی کۆشتارەکەی شەشی ئەیلول لەبەردەرکی سەرادا کەئەنجامدرا بوو ، شێخ مەحمود وەرستبوو بەناچاری کەوتە خۆئامادەکرن بۆهەڵسان وجوڵان وڕاپەڕین دژی ئینگلیزو پاشایەتی عێراق . لە بەشی بادینانیش شێخ ئەحمەدی بارزانی ومەلامستەفا هەڵسان ، بەرامبەر ئەو هەموو فرت وفێل وخۆدزینەوەی بەریتانیا و ، پاشگەزبوونەوەی لەو بەڵینانەی کەدابووی بەگەلی کوردستان و ، لەگەل ئەو هەموو کارە دوژمنانەی دژی کورد ئەنجامیئەدا ، هەر بۆ نمونەش لەساڵی ١٩٤٢دا کۆمەڵەی هیوا یاداشتێکیان دا بە کۆمەڵەی گەلان ، داوای مافی چارەنووسی نەتەوەی کوردو سەربەخۆیی خاکی کوردستانیان کردبوو .

لەوەرامی ئەوهەموو خراپەکاریانە دژی نەتەوەی کورد لەئەنجامدا لەهەردولاوە ڕاپەڕین وشۆڕش بەرپابوو ، لەوەرام وبەرامبەر ئەم هەموو و ڕاپەڕین و شۆڕش وداواکاریانە ، هەموو مافی گەلی کوردو جێبەجێکردنی هاتە سەرچەند برگەیەک لە لەڕێکەتننامەکەی نێوان ئینگلیزو عێراق کە لەساڵی ١٩٢٤ دا کەئاماژەی پێدرابوو . وەک لەوانە : لەوناوچانەی کەکوردن یان کەزۆرینەی کوردی تیائەژی لە کەرکوک وسلێمانی و هەولێر وموسڵ خوێندن وکاروباری بەڕێوبردن بەزمانی کوردی بێت ، هەوڵبدەن بەپێی توانا فرمانبەر لەکوردەکان بێت.

کەرکوک بۆماوەیەکی کەم کرابووە مەڵبەندی سەرەکی بۆ بەڕێوەبردنی خوێندن بەزمانی کوردی ، دوایی هەوڵ درا ئەو بڕیارە کوت ودیالەش بگرێتەوە بەڵام بەریتانیا نەیهێشت ، لەئەنجامدا زۆریان جێبەجێ نەکران .

لەدوای ئەم هەموو گۆڕانکاری ورِوداوانە وکارەناڕەوایانە دژی نەتەوەی کورد فەیسەڵ کوڕی حسەین پاشای نوێی عێراق لەگەڵ نێرراوی بەرزی بەریتانی هیوایان وابوو کە سلێمانی وەک لیوایەک سەیربکرێت بەهەمان شێوەی لیواکانی کەی عێراق مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ! .

هەریۆمێژوو { لەدوای تۆزێک تێبینی وردکردنەوەی بارەکەی ئەمڕۆی کێشەی کورد ئەبینین هەرهەمان سیناریۆو بڕیاری کۆنە دوبارەئەبێتەوە بەهەندێک جیاوازی وگۆڕانەوە کە (ڕێگرین لەدروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لەبەشی خواروی کوردستاندا) . کە جێبەجێکردنی لەسەر یەکرِیزی یەکبوونی هێزەکان وهەنگاوەکانی کورد وەستاوە کەبەجەختبن نەگەڕێنەوە نەیەڵن کەلێن بکەوێتە ناوڕیزەکانی کوردەوە یەک هەڵوێست و یەک وشەو یەک بڕیاری چارەنووسیبن تابتوانن ئەو وسیناریۆو هەڵوێستە کۆنە لەسەرکورد بڕەوێننەوە یان ناوەندی بڕیاری جیهانی بخەینە (ئەمری واقع ) کەگەلی کورد نەتەوەیەکی مەزنە مافی خۆیەتی لەخاکی نەتەوەیی خۆیدا سەربەست وئازادبێت ، ئەو زەمانەش نەما ئەمڕۆ کورد بەدەردی زەمانی سەدام و بەعس ببرێت .

ئەمڕۆ لەگەڵ دوێنێ جیاوازی هەیە گەلی کوردستان خاوەنی سامانێکی بێژمارەی نەوتە ،بەوهۆیەوە ئێمە شوێن پێو پێگەمان گرنگ ئەبێت وبووە لەبازاڕی ئابووری جیهانیدا ،لەسەرنەخشەی ئابووری جیهانیدا شوێنەکەمان دیارتر ئەبێت ، ئەو کۆمپانیە جیهانیانە کە لەگەڵمانن شەریکی کارەکەن ، بەرژەوەندیان هەیە لە دەرهێنانی نەوتدا لەمەودوا هەرلەبەر بەرژەوەندی خۆیان بڕواناکەین دەست بەردارمانببن .}

لەشارەکانی سلێمانی وهەولێر وناوچەی کە کۆمەڵەی زانستی وئەدەبی کرابووەوە لەلایەن کە سایەتی ورِۆشنبیرانەوە ئەبرانبەڕیوە . هەروەها لە کەرکوکیش ، لە٢١ حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٦ دا ( کۆمەڵەی زانستی ) پێکهات وەک هی ئەوانەی

لەسلێمانی وشوێنانی کەی کوردستان کە ئەم بەڕێزانە ئەندامانی ئەوکۆمەڵە زانستیەبوون :

| | | |
|---|---|---|
| ١/ مەلا عەبدالقادر | سەرۆکی ئەوقاف | سەرۆک |
| ٢/ مستەفا ئەفەندی | خانەنشین | جێگری سەرۆک |
| ٣/ عەبد الخالق ئەفەندی کوڕی حسێن نەقشبەندی | | جێگری سەرۆک |
| ٤/ ئەحمەد ئەفەندی | خانەنشین | ئەندام |
| ٥/ قادر ئەفەندی | کوڕی حسن باوە | ئەندام |
| ٦/ عزەت ئەفەندی | کوڕی تۆفیق ئاغا | ئەندام |
| ٧/ عبدالرحمن ئەفەندی | کوڕی ناجی ئەفەندی | ئەندام |
| ٨/ ڕەوف ئەفەندی | کوڕی ناجی ئەفەندی | ئەندام |
| ٩/ عەلی ڕەزا ئەفەندی | فرمانبەر لەئەوقاف | ئەندام |
| ١٠/ حمید ئەفەندی | کوڕی حاجی فتاح | ئەندام |

هەروەها ئەم سەرۆک هۆزە بەڕێزانە پەیوەندیان بەم یانە زانستیەوە کردبوو هاوکاربوون :

| | |
|---|---|
| ڕفعت ئیسماعیل بەگ | سەرۆک هۆزی داودە |
| حسن ئیسماعیل بەگ | سەرۆک هۆزی داودە |
| محەمەد خورشید ئاغا | هۆزی داودە |
| شێخ عزالدین ئەفەندی | تاڵەبانی |
| شێخ حسیب ئەفەندی | تاڵەبانی |
| شێخ جمیل ئەفەندی | تاڵەبانی |
| سەید خلیل ئاغا | کاکەیی |
| سەید سلێمان ئاغا | کاکەیی |
| عەلی ئاغا | کاکەیی |

(١) * د . وليــد حمــدى ،الكــرد وكوردســتان فــى الوثــائق البريتــانيه، .

(٢)* مێجر لۆنكريك ، اربعه قرون الاخيره من تاريخ العراق الحديث ، وەرگێڕانی جەعفەر الخيات .

(٣) * عبد الرزاق الحسنى ، تاريخ العراق السياسى الحديث بەشى ١، ٢ ،٣ .

*هنرى فۆستر ، نشاەالعراق الحديث، وەرگێڕانی سليم تاها التكريتى لاپەڕە ١٧١-٢٠٦

* مستەفا عبد القادر النجار ، العراق فى التاريخ ، لاپەڕە ٦٦٢ - ٦٨٠ .

* ويلگرام ،ترجمه جرجيس فتح اللّه ، مهد البشريه ، الحيات فى شرق كردستان .


* محەمەد ئەمين زەكى بەگ ،مێژووى كرد و كردستان

* جواد الملا ،البارزانى وكيسينگەر و الدوله الكرديه .

* شاكر خسباك كوردو مەسەلەى كورد وەرگێڕانی ئەمجەد شاكەلى .

* ياداشت و چەند بەڵگەنامەيەكى مێژوونووسان و ڕۆشنبيرانى كوردى وەك : رفيق حلمى و ئەحمەد خواجه ، بەڕێز تاڵەبانى و لەڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا

***




**نەخشەی ولایەتی موسڵ**

# گیروگرفتی ولایەتی موسڵ

## دانیشتوانی ولایەتەکە بەتایبەت ناوچەی کەرکوک

دوای ئەوەی مستەفا کەمال لەجوڵانەوەکەیدا سەرکەوت ، دەستیگرت بەسەر روبەرێکی زۆری پاشماوەی سەڵتەنەتی عوثمانی رژێمی کۆماری توركی عیلمانی دامەزراند ، لەهەوڵی بەردەوام دابوو ناوچەی کە بخاتەوە سەر رژێمە کۆماریە عیلمانیە تازەکەی روبەری فراوان بکات.

لەساڵی ۱۹۲۳ دا مستەفا کەمال توانی سنورێک دابنێت بۆ هاوپەیمانان ورایانبکێشێت بۆ سەرمێزی گفت وگۆو لە لۆزان ( سویسرە) سەرکەوتوانە توانی پەیمانی سیڤەر

بسرێتەوە ، لەجیاتی سیڤەر سەر لە نوێ پەیمانی لۆزان بەهاو پەیمانان مۆربکات ، کە دەستەکەوتێکی گرنگبوو بۆ رژێمی تورکیای نوێ .
هەروەها پەیمانی نوێی لۆزان بەرژەوەندی عێراق وبەریتانیاشی تیابوو ،وەک هەردولایان هەردەم دوبارەیان ئەکردەوە کەپەیمانی سیڤەر رێگرە لەبەردەم پلان و کارەکانماندا لە ناوچەکە بەتایبەت لەعێراقدا ، دوای ئەم دەستکەوتە تورکیا هەنگاوی کەی نا ، داوای ولایەتی موسڵی کرد .
وعێراق وبەریتانیا زوتر ولایەتی موسلیان لکاندبوو بەعێراقەوە کە بەهیچ شێوەیەک ئامادەنەبوون بەهۆی کانگا نەوتیەکانیەوە واز لە وڵایەتی موسڵ بهێنن ، ئەم بگرەو بەردەیە کەسەریهەڵدا ، بووە گیروگرفت لەنیوان هەردو لایەنە ناکۆکەکەدا دوای گفت وگۆو دانیشتن نەگەیشتنە ئەنجامێک ، دواجار کێشەکە رەوانەی ( کۆمەڵەی گەلان ) کرا ئەوانێش ناردیان بۆ دادگای دادوەری نێودەوڵەتی لەلاهای (مەحکەمەی عەدلی دوەلی). (١)
لەلاهای لیژنەی تایبەتی پێکهات بۆ گەڕان و چاودێری وپشکنین لێکۆڵینەوە گەڕان وپەیوەندیکردن بە دانیشتوانەوەو پرسیارکردن .
لەئەنجامی گەڕان وپرسیارو تێبینی لەسەر زەوی وپەیوەندی ڕاستەو خۆ بەدانیشتوانی ناوچەکەوە لەدوای پرس.
وپەیوەندی و گەڕانی زۆر بۆیاندەرکەوت کە وڵایەتەکە کوردیە زوربەی دانیشتوانی کوردن . لەئەنجامدا لە ڕاپۆرتەکەیاندا ڕای خۆیان بەڕاشکاوی دەربڕی وبڵاویانکردەوە ، کە کوردەکان نەتەوەیەکی جیاوازن ، نەعەرەبن نەتورک ، بەتایبەت بەپێچەوانەی ئیدعای تورکانەوە کە ئەڵێن (کوردەکان لە ئێمەن وتورکن ) .
لەڕاپۆرتەکانیاندا بەشێوەیەکی ساغکراوە ئاماژەیان پێدابوو ، پێشکەشیان کرد . بڵاویانکردەوە کە[ کورد نەتەوەیەکی ئاری نەژادن ، یەکێک زۆر بەئاسانی ئەتوانێت کوردێک لە عەرەب وتورک جیابکاتەوە مەگەر ئەوکەسە هەر کوێر بێت چاوی نەبینێت (نابینابێت) ، توانای بینینی نەبێت نەتوانێت جیایانبکاتەوە .
دەربارەی مافی نەتەوەیی کورد لە ناو ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەچەند خاڵێک درابوو ، ، داوایانکردبوو ئەبێت مافی کورد پارێزراو بێت وەک نەتەوەیەک ، کە جیاوازن لە

نەتەوكانی عەرەب وتورک ، لەراپۆرتەکەدا خشتەی رێژەو ژمارەی دانیشتوانی کوردو تورکومـان وعەرەب و رەگەزو ئایینیەکـان نووسـرابوو ئامـاژەیـان پێـدرابوو ]. (٢) بەدرێژایی ماوەی لێکۆڵینەوەی دوورو درێژو وململانێی نێوان نوێنەرانی ئینگلیزو تورک ، دواجار لەمانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٢٥ دا راپۆرتە ئامادەکراوەکە درا بە مەحکەمەی عەدلی دوەلی لە لاهای. دوایی بڕیاری یەکالاکردنـەوەی کێشەکـە دەرچـوو ، خـرایە بەردەم (کۆمەڵەی گەلان ) ومووناقەشـەی زۆری لەسـەرکرا ، لە رۆژی ١٦ شـازدەی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٥ دوابڕیار دەرچوو کە ئەبێت ولایەتی موسڵ سەر بەعێراق بمێنێتەوە .

هەربۆمێژوو[ئەوەی لێرەدا شایانی باسە کە شاری ( موسـێلا) موسـڵ لەو رۆژەوەی بۆیەکەم جار کە لە شکری موسوڵمانان شاری موسڵیان داگیرکردوە ، هۆزە عەرەبە هاوردەکانیان لەگەل خۆیان بەخاو وخێزانەوە هێناوە ونیشتەجێیان کردن لەناوموسێل دەوروبەریدا ، بۆ یەکەم جار عـەرەب نیـشتەجێکراوە لە موسـڵدا لە نـاو کەنیـسەو پەرستگاکاندا ، لەو رۆژانەوە بەبیری تەسکی عەشیرەتگەری جاهیلیەتی عەرەبی دەر لە فەرمودەی ئایینی راست دروست وپاکی دینەکە دوژمنـایەتی ورەفتـاری خراپیـان لەگەڵ دانیشتوانی رەسەنی شارەکە وناوچەکەدا کردوە کە کورد زەردەشتی و مەسیحی بوون ، نەیان ویستوەیەکێک لە کەسایەتی کورد، کاربەدەست وسەرۆکی شارەکە بێت ، گیانی رەگەزپەرستیان زاڵتربووە بەسەرگیانی ئایینی وخواپەرستیدا ، بـەدرێژایـی مێژوو بەتەعریب کردنی ناوچەکەوە خەریکبوون.

بۆ ئەومەبەستە خوێندنگەی عەرەبی زۆریان کردبووەوە . تا ئەمرۆژ ئەو رکوکینەو دوژمنایـەتیـە لەگەڵ کـورد هەر بەردەوامە زۆر کە سـایەتی کـورد تـائەمرۆ لەوێ تیرۆرکراوە ، هەرچەندە لە سەدەکانی ئەم دواییەدا لە حوکمی سەڵتەنەتی عوسمانیدا زۆرخیزانی بە رەگەز کورد والی بوون وبۆنمونە خێڵـی جەلیلـی بەڵام ئـەوانـیش ئەو هەستە نەتەوەییانە نەبووە وەک پێویست] . (٣)

بۆبەپێزکردنی باسەکە ، لەراپۆرتەکاندا خشتەی هەموو دانیشتوانی (وڵایەتی موسل) بەمەزەنە کراوی کە درابوو بەلیژنەی بەدوادا چونی دادگای نیوودەوڵەتی لەلاهـای و ئەوانەی خۆیان ئامادەیان کردبوو ئەخەینە بەردەست کەبەم شێوەیەی خوارەوە مەزەنە

کرابــوو ، لایەکیــان لە لایەن تورکــانەوەبوو ، ئەوی کە لەلایەن ئینگلیــزەوە بــوو هەرچەندە هەردوکیان بەگشتی کەم وکوڕیان تیابوو ،ئارەزوکاری هــەر لایـەنێکیـانی تیابەدی ئەکرا ، بیر بۆئەوە ئەچوو کە ئەم مەزەنە کـردنە دەربـارەی ڕێـژەی هەمە ڕەگەزو ئاینیەکان لە پێش جەنگی جیهانی یەکەمدا ئەنجامدرابێت . دانیشتوانی ولایەتی موسێل :

| ڕەگەز | مەزەنە کراوی نوێنەری تورکیا عیسمەت پاشا | مەزەنە کراوی نوێنەری بەریتانیا لۆرد کرەزن |
|---|---|---|
| تورک | ١٤٦ ، ٩٦٠ | ٦٦ ، ٠٠٠ |
| کورد | ٢٦٣ ، ٨٣٠ | ٤٥٥ ، ٠٠٠ |
| عەرەب | ٤٣ ، ٢١٠ | ١٨٦ ، ٠٠٠ |
| مەسیحی | ٠٠٠ ٠٠٠ | ٦٢ ، ٠٠٠ |
| یەزیدی | ١٨ ، ٠٠٠ | ٠٠٠ ، ٠٠٠ |
| کە موسوڵمان نین | ٠ ٣١ ، ٠٠٠ | ٠٠٠ ، ٠٠٠ |
| جولەکە (یهودی ) | ، ٠٠٠ | ١٧ ، ٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٥٠٣، ٠٠٠ | ٧٨٦ ، ٠٠٠ |

لەلایەن نوێنەری تورکیاوە ١٧٠٠٠ سەدوحەفتاهەزاری زیاد خرابووە سەر مەزەنەکەیان بـەنـاوی کۆچـەریـەکانـەوە هەرچەنـدە هەردو مەزەنەکە دورن لەڕاسـتیەوە بەوردی ئامادەنەکراون هەر بەمەزەنە دانرابوون بەڵام ئەوەی ئینگلیز تاڕادەیەک زیاتر باوەڕی پێئەکرێت ، لەخشتەکەی تورکدا مەسیحی نیە و لەخـشتەکەی ئینگلیـزدا یەزیـدی تیانیە ،

[ لەکتیبی ولایەتی موسلدا ژمارەی یەزیدیەکان بە ٣٠٠٠٠ سی هەزار مەزەنەکراون ] .
ئەوەی بەدی ئەکرێت تورکان ژمارەکانی ڕەگەزی تورکیان بەلای خۆیاندا داتاشیوە .

لەمەزەنەی تورکاندا (عیسمەت پاشا ) ٠ ژمارەی کوردی بەیەزیدیەوە کە کوردی ڕەسەنن بە ٨٣٠ ، ٢٨١ داناوە ، بەم شێوەیەش ژمارەی کورد لە نیوەی دانیشتوانی هەموو ولایەتەکە زیاترە ، کەڕێژەی کورد لە ٥٦% زیاترئەکات .

ژمارەی عەرەب لە ولایەتەکەدا بەپێی مەزەنەی ( عیسمەت پاشای ) ڕێژەیان لە ١٨% کەمترە ٠ (٣)

ئەگەر مەزەنەکەی نوێنەری بەریتانیا (لۆرد کرەزن ) وردبکەینەوە ژمارەی کورد هەمیسان لە ولایەتی موسڵدا لەهەموو بەشەکانی کەی دانیشتوان بەیەکەوە زیاترە کەڕیژەی کورد لە ٥٦% هەموو دانیشتوان زیاترە .

ژمارەی دانیشتوانی عەرەب بەپێی مەزەنەی لۆرد کرەزنی بەریتانی ڕێژەیان لە% ٢٤ دانیشتوانی ولایەتەکە کەمترە

***



# سەرژمێریەکانی سەردەم

## دوای دامەزراندنی رژێمی پاشایەتی و کۆماری لەعێراقدا

١/ حکـومەتی عێراقـی لە سـاڵی ١٩٢٢-١٩٢٤ خـشتەیەکی بڵاوکـردوەتەوە بەم شێوەیە{ لەسەرچاوەکاندا کەژمارەیان زۆرە هەستپێئەکرێت کەلەوانەیە جیاوازی لە ژمـارەی دانیـشتواندا و لە نەقـڵ کردنـی ژمارەکانـدا هەبێـت منـیش وەک خـۆی لەسەرچاوەکاندا چۆن نووسراوە وەرمگرتوە زۆرترینیان ئاماژە بەم ژمارانە ئەدەن ، بۆئاگاداری خوێنەری بەڕێز } :
ژمارەی دانیشتوانی وڵایەتی موسڵ بەگشتی دەستنیشانکراوە لەلایەک ، لەلایەکی کەوە ژمارەی دانیشتوانی ناو شاری موسێڵی دەستنیشانکردوە بەم پێیەی خوارەوە .

| ڕەگەز | ژمارەی دانیشتوانی هەموو وڵایەتی موسڵ | ژمارەی دانیشتوانی ناو شاری موسێڵ |
|---|---|---|
| کورد | ٤٩٤ ٠٠٧ | ٨٨ ، ٠٠٠ |
| عەرەب | ١٦٦ ،٩٤١ | ١١٩ ، ٠٠٠ |
| تورک | ٣٨ ، ٦٥٢ | ٩ ، ٧٥٠ |
| مەسیحی | ٦١ ، ٣٣٦ | ٥٥ ، ٠٠٠ |
| یەزیدی | ٢٦ ،٢٥٧ | ٢٦ ، ٢٠٠ |
| یەهودی (جولەکە) | ٠٠٠، ٠٠٠ | ٧ ، ٥٥٠ |
| هەموو | ٧٨٧ ، ١٩٣ | ٣٠٦ ، ٠٠٠ |

هەرچەندە  تێبێنی هەیە لەسەر مەزەنەی ژمارەکان کە   کەم و زیادکردنی بەمەبەستی تیاهەیە بەڵام مێژووەکەی کۆنە ناچار وەرئەگیرێت ، وەک بەڵگە نامەیک سەیر ئەکرێت بۆ ڕێژەی دانیشتوانی ئەوکاتانە .

٦، ٧ ،٨  وەک لە سەرەوە نووسراوە ، بەپێی ئەوخشتەیەی حکومەتی عێراق کە لە ساڵی ١٩٢٢ —١٩٢٤ دا  لە ئەنجامی سەرژمێریدا بڵاوکراوەتـەوە ، دەرئەکەوێـت عەرەب وتورکومان وکەمە نەتەواتیەکانی ولایەتی موسڵ بە هەموو ژمارەیـان کەمتـر بووە لە ژمارەی کورد ، بەهەموویان نیوەی کوردنەبوون ، کەڕێژەی دانیشتوانی کورد ٥٨% هەموو دانیشتوانی وڵایەتی موسیل بووە ، کەیەزیدیەکانیش کوردی ڕەسەنن لە سەر کورد حساب نەکراون لەوسەرژمێریەدا .

لەمەزەنەیەکـی کەدا ژمـارەی کـورد بەیەزیـدیەوە ٤٦٧، ٦٣٤ بـوو کە بەهەمـوو دانیشتوانی ولایەتی موسێل  ١٩٣ ، ١٠٩٣ کەس بوون هەر لێرەشـدا ژمـارەی کـورد لەنیوە زیاترە. ڕێژەی دانیشتوانی عەرەب لە ولایەتەکەدا  لە % ٢١ کەمتربـووە . بەدرێژایـی حـوکمی پاشـایەتی و ڕژێمەکـانی دوای ئەوان  تـا ئەمـڕۆ کاربـەدەسـتان بەردەوام خەریکی هێنانی عەرەب بـوون و تەعریـب کردنـی نـاوچەکەو ڕەوپێکردنـی دانیشتوانی کوردبوون ، چەند بەشێکی خاکی کوردستانیان  لێدابڕیوە  ، بەوشێوەیەو بەوهۆیانەوە لەهەوڵی بەردەوامدابوون کە ڕێژەی ژمارەی کورد بەرەبەرە کەمبکەنەوە . وەک زۆر سەرچاوەی مێژوو ئاماژەی پێئەدەن   کەعەرب لە ولایەتـی موسـڵدا تـازە هاتون بەناوی هۆزەکانی ، ( شەممەرو . جبورو . عوبێد   . ویەکرو  .

موذەرەوە  هەتا..د  ) کە  ٥٠٠ ساڵ کەمترە لەحیجازەوە ویەمەن و نیودورگـەی عەرەبەوە  کۆچیانکردوە  بۆئەم ناوچانە یەک لە دوای یەک هاتوون  لەدەوری کەرکوک وموسڵ دیالا و سەلاح الدین نیشتەجێبوون بەوهۆیانەوە ژمارەو ڕێژەیان زیادیکردوە.

٢/ هەروەها بەپێی سەر ژمێری لەسالی ١٩٥٧دا ( دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک ) بەم پێیەبوو :

| دەوروبەری کەرکوک | ناو شاری کەرکوک | ژمارەی پارێز گاکە بە هەموو |
|---|---|---|
| ١٥٣ ١٧٢ | ٢٣٥ ٧٤٠ | ٣٨٨ ٩١٢ |

رووبەری کەرکوک لەوسالانەدا بەم پێیەبوو : ٣٥٥ ٢٠ کم ٢

٣ / بەپێی سەر ژمێری سالی ١٩٤٧ کە لەعێراقدا ئەنجامدرا دانیشتوانی کورد لە عێراقدا بەم پێیەی خوارەوە .
بوو بەتایبەت ئەو لیوایانە (پارێزگانە) کەکوردبوون یان ڕێژەیەکی بەرچاوی کوردیان تیاژیاوە

| لیوا (پارێزگا ) | ژمارەی کورد |
|---|---|
| موسێل | ٢١٠ ،٩٢٠ |
| هەولێر | ٢١٨ ،٩٩٥ |
| سلێمانی | ٢٢٢ ،٧٠٠ |
| کەرکوک | ١٥١ ،٥٧٥ |
| دیالە | ٧٢ ،٣٦٠ |
| پارێزگاکانی تر | ٢٣ ،٤٠٠ |
| کۆی هەموو | ٨٩٩ ،٩٥٠ |

ڕێژەی ٧، ١٨% دانیشتوانی عێراق بووە

( بەپێی نووسینی احمد فوزی ، خناجر وجبال — وسەرژمێری سالی ١٩٤٧ )

٤ / هەروەها بەپێی سەر ژمێری ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوانی هەموو عێراق بەپێی ڕەگەز و زمانی دایکیان .

بەم پێیەی خوارەوەبوو :

| پارێزگا | عەرەب | کوردویەزیدی | تورکومان | کلدۆ اشور،سریان | ئێرانی وڕەگەزیکە | کۆی پارێزگان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| موسڵ | ٤٢٣ ٥١٨ | ٢٣٢ ٢٠٦ | ٣٦ ٠٧٩ | ٤٦ ١٧٥ | ١٧ ٤٦٩ | ٧٥٥ ٤٤٧ |
| هەولێر | ١٩ ،٠٠٦ | ٣٣٥،٢٤٣ | ٦، ٨٧٣ | ٤، ٦٨٩ | ٥٨١ | ٢٧٣، ٣٨٣ |
| کەرکوک | ١٠٩ ،٦٢٠ | ١٨٧ ،٥٩٢ | ٨٣ ،٣٧١ | ١ ،٦٠٥ | ٦٦٥ | ٣٨٨ ،٨٢٩ |
| سلێمانی | ٣، ٢٨٥ | ٢٩٩، ٩٣٦ | — | — | ١، ٦٧٤ | ٣٠٤، ٨٩٥ |
| دیالی | ٢٦١، ٤٤٧ | ٦٠، ٠٦٥ | ٧، ٣٣٣ | — | ٩٩٩ | ٣٢٩، ٨٣٦ |
| بەغداد | ١ ،٣١٣، ٠١٢ | ٥٠٢،١٥ | ٠٧٩،٢ | ٤٢٨،٧ | ٣٢٨،٢٧ | ١ ،٦٧٥ ،٢٠٠ |
| هەموو عێراق | ٩٧٢،٤ ،٤٨٢ | ١ ،٠٤٢ ،٠٧٠ | ١٣٦ ،١٦٥ | ٦٨ ،٥٧٠ | ٧٩ ،٦٨٩ | ٦ ،٢٩٨ ،٩٧٦ |

زۆر بەپێویستمان نەزانی ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکانی کە بنووسینەوە کەژمارەی کورد بەکەمی هەژمار کرابوو، بەڵام لەم خشتەیەدا دەر ئەکەوێت کۆی ژمارەی کورد بەیەزیدیەوە ٠٧٠ ،٠٤٢، ١، کەسە کەڕێژەی کورد بەپێی دانیشتوانی هەموو عێراق ئەکاتە ٦٧، ١٥ % .

٥ / لەساڵی ١٩٦٥ دا سەرژمێری دانیشتوانی عێراق کرا ، بەفەرمی بڵاوکرایەوە . لەگەڵ ١٩٥٧ بەم شێوەیە بوو

| لیوا (پارێزگا) | سەرژمێری١٩٦٥ | سەرژمێری ١٩٥٧ | ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| موسڵ | ٩٥٤،١٥٧ | ٧٥٥ ،٤٤٧ | % ٢٠،٢٦ |
| هەولێر | ٢٨٥،٣٦٠ | ٢٨٣،٢٧٣ | % ١٨،١٢ |
| کەرکوک | ٤٦٢، ٢٧٠ | ٣٨٨، ،٨٢٩ | % ٨٢،١٨ |
| سلێمانی | ٤٠٨، ٢٢٠ | ٣٠٤ ،٨٩٥ | % ٧٨،٣١ |
| دیالی | ٤٠٠ ،٠٤٩ | ٣٢٩ ،٨٣٦ | % ٢١ ،٢٨ |
| بەغداد | ٢ ،١٢٤ ،٣٢٣ | ١ ،٣١٣ ،٠١٢ | % ٦١ ،٨٠ |
| کۆی گشتی | ٨ ،٢٦١ ،٥٢٧ | ٦ ،٢٩٨ ،٩٧٦ | % ٣١ ،١٥ |

٦ / سەرژمێری نەتەوەکانی دانیشتوی عێراق ساڵی ١٩٦٥ کەجیاکرانەوە لەساڵی١٩٦٧دا بڵاوکرایەوە .بەپێی ژمارەیان بەم شێوەیەی خوارەوەبوو:

| ڕەگەز ( نەتەوە ) | سەرژمێری ١٩٥٧ | سەرژمێری ١٩٦٥ | ڕێژەیان بەپێی هەموو دانیشتوانی عێراق |
|---|---|---|---|
| عەرەب | ٤ ،٩٧٢ ،٤٨٢ | ٦ ،٦٣٩ ،٠٥٢ | % ٨٠ ،٣٧ |
| کورد | ٩٨٦ ،٣٨٠ | ١ ،٢٠٠ ،٠٨٩ | % ١٤ ،٥٢ |
| ئێزیدی | ٥٥ ،٦٩٠ | ٧٠ ،٣٣٦ | % ٠ ،٨٥ |
| تورکومان | ١٣٦ ،١٦٥ | ١٦٥ ،٢٥٠ | % ٢ ،٠٠ |
| کلدان سریان،ئاثور | ٦٨ ،٥٧٠ | ٨٢ ،٢٨٤ | % ١ ،٠٠ |
| ئێرانی ، بێگانە | ٨٩ ،٦٨٩ | ١٠٤ ،٥١٦ | % ١ ،٢٦ |
| کۆی گشتی | ٦ ،٢٩٨ ،٩٧٦ | ٨ ،٢٦١ ،٥٢٧ | ١٠٠ |

ڕێژەی کورد لەگەڵ یەزیدی کەکوردی ڕەسەنن لەخشتەکەدا ٥٢ ،١٤، + ٨٥ ، = بەهەموونەکاتە ٧ ٣ ،٥ ١ %

٧/ ڕووبەری کوردستانی عێراق بە پێی ڕووبەری هەموو عێراق بەگشتی بەم شێوەیەبوو :

| لیوا (پارێزگا ) | ڕووبەری لیواکە | ( گوایە ) ڕووبەری بەشە کوردیەکە |
|---|---|---|
| موسێل | ٥٠ ،٨٨١ | ١٦ ،٥٠٠ |
| هەولێر | ١٥ ،٣١٥ | ١٢ ،٠٠٠ |
| سلێمانی | ١١ ،٩٩٣ | ١١ ،٩٩٣ |
| کرکوک | ١٥ ،٧٤٢ | ٩ ،٧٧٧ |
| دیالی | ١٥ ،٧٤٢ | ٢ ،٢٣٠ |
| کۆی ڕووبەری عێراق | ٤٥١ ،٧٤٠ | ٥٢ ،٥٠٠ |

کەڕێژەی ڕووبەری کوردستان بە ١١،٥ % ڕووبەری عێراق مەزەنەکراوە کە ڕاستنیە هەرچەندە هەموو ڕووبەرەکان وەک پێویست دانەنراون ، لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی لیواکانی تر (پارێزگاکان) بەشیکی بەرچاوی کورد هەن ، ڕووبەرێکی بەرچاوی کوردستان پێک ئەهێنن کەحسابیان بۆنەکراوە.

بۆنمونە وەک: لەکوت ڕووبەرێکی بەرچاوی زەوی کورد هەیە لەگەڵ دانیشتوانی کورد لە گەڵ ڕووبەرێکی زۆری مەندەلی و زرباتیەو بەرەوخوار کەپارچەیەکن لەکوردستان وەک زۆر شوێنی کەی عێراق .

٨ / دوا سەرژمێری کە کراوە لە ١٧ /١٠ / ١٩٧٨ دا کە حکومەتی عێراق بە فەرمی بڵاوی کردەوەتەوە .

دەربارەیی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە نامیلکەیەکدا لەژێر ناوی ( ژمارەو ئامارە دەربارەی ناوچەی کوردستان بۆ حوکمی زاتی ) بەم شیوەیەبووە :

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانشتوانی سلێمانی کەلە دە قەزا پێکهاتوە | ٩٥١ ،٧٦٣ |
| ژمارەی دانیشتوانی هەولێر کەلە حەوت قەزا پێکهاتوە | ٧٧٠ ،٤٣٩ |
| ژمارەی دانیشتوانی دهۆک کەلە سێ قەزا پێکهاتوە | ٢٩٣ ،٣٠٤ |

بەم پێیە ژمارەی دانیشتوان بەهەر سێ پارێزگاکە ٠٥١، ٠٦١، ٢ کە ئەکاتە ٣، ١٢ % ڕێژەی هەموو دانیشتوانی

عێراق ، کە ڕاست نیەو دانیشتوانی کەرکوک وموسێل و سەلاح الدین ودیالی وکوت (بەشە دابڕاوەکانی کوردستان ) حساب نەکراون لە زورشوێنی کەی عێراقدا ژمارەی بەرچاوی کورد هەن ، حسابنەکراون ، بەگیانێکی شۆفێنی و ڕەگەز پەرستیەوە دانراون ، دوای کۆمەڵ کوژی وڕەوی بەکۆمەڵ و تەعریب و تبعیسکردن وداگرتن وچۆڵ کردنی ناوچە سنوریەکان ، ڕاگواستنی هەزارەها خێزانی کورد بۆ خواروی عێراق توندکردنی هەزارەها کورد لەبەندیخانەکان .

٩ / هەرلەو نامیلکەیەداهاتوە یەکە ئیداریەکانی لە ساڵی٣١/١٢/ ١٩٨٨ دابەش کردوە بەپێی ڕوبەریان بەم شێوەیەی خوارەوە :

| | |
|---|---|
| ڕوبەری پارێزگای سلێمانی | ٠٢٣، ١٧ کم٢ |
| ڕوبەری پارێزگای هەولێر | ٤٧١، ١٤ کم٢ |
| ڕوبەری پارێزگای دهۆک | ٥٥٣، ٦ کم٢ |

بەم پێوانەیە ڕوبەری کوردستانی عێراق بەشی ناوچەی حوکمی زاتی ئەکاتە ٠٤٧، ٣٨ کم٢ کەڕێژەکەی ئەکاتە ( ٨،٥ % ) ی ڕوبەری هەموو عێراق ، ئەم ڕوبەرو ڕێژەیەوە بەوجۆرە خەملێوراوە دورە لەڕاستیەوە بەپیی هەموو پێوەرێکی مێژوویی

وجوگرافی وله سەرزەوی وراپۆرتە نێودەوڵەتی و لێژنەکانی گەڕانی سەریە عوسبە الامم لەم راپۆرتە ساختەکاریانەدا دەرئەکەوێت ، دەرونی پرلەکینەو نەژادپەرستی عەرەبە عونسوریەکان تاچی ڕادەیەک دوژمنی خوێنە خۆری کوردن ، ئەم راپۆرت و مەزەنەو سەر ژمێریانە دوای کیمیاباران و ئەنفال و کۆمەڵکوژی و ڕەوپێکردنی کورد دێت ، سەرەڕای ئەوەی دوای هەوڵی تەعریب وتەبعیس وپاکتاوی نەژادی کورد ، زیاد لەوانەی باسکران وله بەرچاوە ، بەشە کوردستانیە دابڕاوەکان حساب نەکراون وەک :

١/ کەرکوک ڕوتکرابووەوە لە قەزای توزخورماتوو و کفری .

٢ / قەزای خـــانەقین و مەنـــدەلی لەگەلـــی حـــسابنەکرابوون .

٣ / قەزای ئاکرێ و شێخان شەنگال خرابوونە سەر موسێل .

٤ / کەرکوک هەر حسابنەکرابوو دەر لەکوردستان دانرابوو .

لەسەرو ئەمانەوە ژمارەیەکی زۆری کوردو رووبەرێکی فراوانی کوردستان لە پارێزگاکان وەک دیالە و کوت و سەلاح الدین وموسێل باسنەکرابوو بەم پێیە لەنێوە زیاتری ڕوبەری کوردستان حسابنەکرابوو .

لەسەرژمێریەکاندا ،ژمارەیکی زۆری کورد بشتگوێ خرابوو ،کەلە موسێل و بەغداد وشوێنانیکە هەبوون بەچەند ملێونێک ژمارەئەکران بە تاییەت موسێل کەڕوبەرێکی زۆری کوردستانی لە خۆئەگرت .

١٠ / دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک بەپێی ڕێژەی هەر ڕەگەزێک بەجیا لە ساڵانی ١٩٥٧ – ١٩٧٧ بەم ێیە بوو

| ڕەگەز | ڕێژەیان | ١٩٥٧ | — | ١٩٧٧ |
|---|---|---|---|---|
| عەرەب | | ٢، ٢٨ % | بووە | ٤، ٤٤ % |
| کورد | | ٣، ٤٨ % | کەم بووە | ٦، ٣٧ % |
| تورکومان | | ٤، ٢١ % | کەم | ٣، ١٦ % |
| هی تر | | ١، ٢ % | کەم | ٧، ١ % |

بەپێی ئەوخشتەیەی سەرەوە ڕێژەی کورد کەمیکردوە و ڕێژەی عەرەب بە شێوەیەکی زۆری بەرچاو زیادیکردوە کە ئەگەڕێتەوە بۆ ساختەکاری و هێنانی عەرەب لە خواروی عێراقەوە بەمەبەستی نیشتەجێکردنیان بۆزیادکردنی ڕێژەی عـەرەب لـەکـەرکـوک ، هەروەهابەهۆی دابڕینی چەند قەزاو ناحیە یەک لەکەرکوک وەک لەوە پـێش باسـکرا هەروەها تورکومانیش بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردوە.

١١/ بەپێی ئەو زانیاریانەی کە نەتەوە یەککگرتوەکان پشتی پێ بەستوە ڕێژەی کورد لە هەموو عێراقدا ٢، ١٨ % سەر جەمی دانیشتوانی عێراقە ومەزەنەئەکرێـت بـەو پێیەی خوارەوە ژمارەی زیادبکات .

ژمارەی کورد لەساڵی ١٩٨٧ دا بە ٦٨٢، ٠٥٤، ٣ کەس مەزەنە دەکرێت .

ژمارەی کورد لە ساڵی ١٩٩٠دا بە ١٢٠، ٥٠٨ ، ٣ کەس مەزەنە دەکرێت .

ژمارەی کورد لە ساڵی ١٩٩٥دا بە ٥٣٦، ٠٠١، ٤ کەس مەزەنە دەکرێت .

ژمارەی کورد لە ساڵی ٢٠٠٠ دا لەکۆتایی ئەم سەدەیەدا ،بەوپێیە دەگاتە ٤٩٩، ٧٤٥، ٤ کەس . ٦ ،٧، ٨،

**دوا تێبینی :** لەلاپەڕەی ١٣٧ ،جغرافیە العراق ، هی تاها الهاشمیدا هاتوە پێش ساڵی ١٩٣٠ ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک ٢٦٠٠٠ کەسبووە و ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی ١٤٠٠٠ کەسبووە

* تقریر عسبە الامم حول ولایەت الموسل

(١) * هنری فۆستر ، نشات العراق الحدیث ، بەشی یەکەم وەرگێڕانی سلیم تاها التکریتی
(٢)* کۆمەڵێک لە مێژوو نووسی عێراقی ، العراق فی التاریخ ، .لاپەڕە ٦٠٠ تا ٦٢٥.
(٣) * عبدالرزاق الحسنی ، تاریخ العراق السیاسی الحدیث . جزء ١ ،٢، ٣
(٤) * مێجر لۆنکریک ، اربعه قرون من تاریخ العراق الحدیث ، ترجمه جعفر الخیات .
(٥)* د . ولید حمدی ،الکرد وکردستان فی الوثائق البریتانیه .
(٦)* لیلی نامق الجاف ، کرکوک لمحات تاریخیه لاپەڕە ٥٠ تا٧٤ .
(٧)* گۆڤاری سیاسەتی دەولی ژمارە ٢ سالی دوەم تەموزی ١٩٩٣. سلێمانی
(٧)* الامم المتحده ، اللجنه الاقتسادیه لغربی ئاسیا، الوزع السکانی فی منتقه غربی ئاسیا ( الجمهوریه العراقیه ) بغداد ١٩٨١ لاپەڕە ٤ .
(٨)* وەرگێر لە ئینگلیزیەوە مینە ، ویلایەتی موسل ، ڕاپۆرتی کۆمەڵەی نەتەوەکان
* عونی فرسخ ، الاقلیات فی الوتن العربی منذ الجاهلیه الی الیوم .
* مستر ئەدمۆندز ، کوردو تورک و عەرەب .
* تاهاباقر ، مقدمه فی تاریخ الالحزارات القدیمه ، چاپی یەکەم ١٩٧٣
* امین الریحانی ، رحلات فی تاریخ و قلب العراق .
* حسن الغرباوی ، الشعوبیه ودورها التخریبی فی مجال العقیده الاسلامیه .
* زرغام عبدآللە الدباغ ، قزایا الامن القومی .
* عەبدواڵڵە عەبدالکریم مارف بەرزنجی ، کارکوک لەمێژوودا
* د.عزیز الحاج ، القزیه الکردیه فی العشرینات، متبعەالانتسار بغداد. التبعەالثانیه ، ١٩٨٥ ، لاپەڕە ٨١ .
* تاهاالهاشمی جغرافیه العراق

**ێبینی** هەرچەندە سەرچاوەکان زۆربوون لەگەل ئەوەشدا جیاوازی ئەوتۆنەبووە لەژمارەکاندا کەشایانی باسبێت




**نەخشەی پارێزگای ئەمڕۆی کەرکوک ،کە زۆر لە قەزاو ناحیەکانی لێدابڕاوە**

# بەشی حەوتەم



دیمەنێکی شاری کەرکوک کەپێکهاتەی دانیشتوانی تیادەر ئەکەوێت

# پێکهاتەو مێژووی نەتەوەو گەلان وکەمە نەتەوەیی وئایینی

## دانیشتوی ئەمڕۆی کەرکوک ودەوروبەری

لەم بەشـەدا ئەمانەوێـت دەربـارەی نـەتـەوە و گـەلان ودانیـشتوانی نـاو کەرکـوک ودەوروبەری و، مێژوویان و مێژووی پێکهاتەو ساڵی نیشتەجێبوونیان لەگەڵ بـاری کۆمەڵایەتیان تاوتوێبکەین لێکیبدەینەوە، توێژینەوەی لەسەربکەین بەتایبەت دەربارەی کوردو تورکومان وعەرەب وکلدانی و ئاثوری( ئاشوری ) وکەمە نەتەوەیی وئایینی ، یەک لە دوای یەک ، کەئەمـڕۆ هەمـوو وەک بـرا دەژیـن ، شـاری کەرکـوک وەک ئینجـانەیەکی ڕازاوە بەگـوڵی هەمەڕەنـگ وشـێوەو جـۆر نـەخـشێنراوە ، بەهیـوایـن کەهیوای چاوەڕوانکراوی هەموانە ، بەهەمـوو هاوکـارو یـارمەتی دەری یـەکتـرین و بەدەنگی یەکتریەوە بچن ، هەموو بە بەختیاری و بەخۆشی وئاشتی وهێمنی بەیەکەوە

ژیان بەسەر بەرن کە تاکە ڕێگەیە بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی شارەکەو پاراستنی لە هەموو ڕوداوێکی نەخوازراو تیکدەر .

لێرەدا باسەکان وەک زانیاریەکی مێژوویی نووسراون ، وەک مێژوو نووس ،زانیاری ڕاست و دروست وەک خۆی بەبەڵگەوە پشت بەستو بەدیکۆمێنتەوە دەخەینە بەردەست ، لەسەر یان دژ بەهیچ لایەنێک نەنووسراوە ، دژی هیچ لایەک ونەتەوەیەک نەنووسراوە تەنها دەرخستن وباسکردنی ، ڕاستییەکانی مێژووە دەربارەی هەموو نەتەوەو پێکهاتەکانی کەرکوک بەدرێژایی مێژوو.

ئێمەبڕوای تەواومان هەیە ،بەگیانی برایەتی و ئاشتی هێمنی و پێکەوەژیانی هەموپێکهاتەکان وڕێزگرتنی یەکتر تێگەیشتن ودان نان بەمافی ڕەوای یەکتری ، کەهەموو مافێکی هەرلایەکیان پارێزرابێت ، هەموو بەیەکەوە وەک برابژین . بەهاوکاری ویارمەتی هەموو پێکهاتەکانی کەرکوک ناوچەکان بەڕێوەببرێت هێچ لایەن و پێکهاتەیەک پشتگوێ نەخرێت





وێنەی ژمارەیەک کچۆڵەو پیاوانی کورد بەجلی نەتەوەییەوە

# ئەلف / نەتەوەی کوردوخاکی کوردستان

کورد هەر لەدێر زەمانەوە لەخاکی نەتەوەیی تایبەتی خۆیدا تائەمڕۆ ژیاوە ئەتوانین بڵێین کە کوردستان لەوشوێنانەیە کە بۆ یەکەم جار ژیانی ئادەمیزاد لێرەوە سەر چاوەی گرتوە ، ئەشکەوتەکانی شانەدەر و زەرزێ و هەزار مێرد و شوێنەواری کۆنی کە وەک بەردەبەلکەو تەپەگەیان دەها شوێنەواری کە باشترین بەڵگەن بۆ ئەم ڕاستیانە ، هەرلێرەوە بنەمای یەکەمین شارستانی سەریهەڵداوە و دامەزراوە و جۆرەها داهێنانکراوە بۆ ئاسانکردنی ژیانی مرۆڤ ، هەرلێرەوە سۆمەریەکان کشاون بۆ خواروی عێراق ، یەکەمین وپێشکەوتوترین و گەشاوەترین شارستانێتی ئەوسەردەمانەیان پێکهێناوە گەشەیان پێکردوە . ئەو نەتەوە و گەل و هۆزانەی کەسەریەکوردبوون لەم خاکەدا ژیاون حەکمڕانیان کردوە ودەستی باڵایان هەبووە لە گەشەکردنی شارستانیدا : وەک سۆباری ، لۆلۆبی ، زاموا ، مانایی (ئەمان ماندا) وکاڵدی ، گۆتی ، هۆری ، کاشی ، میتانی ،هیتیت (حێثی ) ،کاردداک ، ئەشنۆنە ،مادای ، ئۆرارتۆ ،،، هەتا ،، د . کورد ئەمڕۆ لەکوردستاندا وارث ومیراتگری هەموویانە ، هەمووئەو ناو وکەڵتورو سامانەی کە لەکوردستان لەدوایاندا بەجێماوە ونەوەبەنەوە هاتوەتە خوارێ هی ئەوهەموو گەل و هۆزە جۆراو جۆرانەیە بەجۆرەها ناویانەوە . کورد نەتەوەیەکی ئاری نەژادەو زمانی تایبەتی خۆی هەیە .لەزمانە زیندوەکانی جیهان ئەژمێر رێت.

لەگەل ئەوەی گەلی کوردستان بەدریژایی میژوو بەهۆی شوێنگەی گرنگی جوگرافیەوە کەسەرە ڕێگە وپێگەی بازرگانی و شارستانیبووە توشی کارەسات و کاولکاری کوشتن و برین وداگیرکردنی زۆربووە لەلایەن دەوڵەتان و گەلانی بەهێزو چاوچنۆکی زۆرەوە ، بەلام هەر بەرگەی گرتوە وکەڵتورو سامانی نەتیەوایەتی و پێناسەی نەتەوەیی لەدەست نەداوە .

بەدرێژایی مێژوو کەم گەل هەیە وەک کورد ، بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەم گێژاوانەدا بپارێزێت ، هەر چەندە بەتۆپزی وبەهۆی کاریگەری نەتەوەکانی دەوروپشت

وهێزی دەرەکی تائەمڕۆ ڕووبەرێکی زۆری خاکی کردستان داگیرکراوە ودیموگرافیای دانیشتوانی گۆڕاوە .
لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام نەتەوەی کورد هاتە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە ، ئایینی ئیسلامی کاریگەریەکی گیانی هەبووە لە سەر دەروونی دانیشتوان وژیانیان ، لەئەنجامی پەیوەندبوونی بەتینی گەلی کورد بە ئایینەکەوە کەهەردەم ئامادەبووە بۆخزمەتکردنی ، لەگەڵ ئەوەشدا ناسنامەی نەتەوەیی خۆی لەدەستنەداوەو پاراستویەتی.
بەهۆی کاریگەری دینەکەوە زۆر لەولاتان وەک عێراق و سوریاو میسر وولاتانی سەرو ئەفریکا بوونە عەرەب ، هەرچەندە نەتەوەی کورد نزیکترین نەتەوەی دراوسێی عەرەببوو ، وهەرچەندە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان زۆر پەیوەندبوون بەدینەکەوەو بەدین بوون ، هەر بەرگەیانگرت نەبوونەعەرەب .
لە خوسڵەتە باشەکانی نەتەوەی کورد ، کەزۆر لە ڕۆژهەلات ناسان ومێژوونووسان هەڵیان سەنگاندوە ، کەکورد نەتەوەیەکی شارستانیە بەزوویی مورکی شارستانی وەرئەگرێت ، پێشئەکەوێت و لەش ساغەو ڕێژەیەکی زۆری زیرەکی تیایە، گەلێکی کراوە ورووخۆشە زۆر حەزی بەژیانی خۆشی وسەربەستیە ، لەوگەلانەیە بەهۆی دوژمنایەتی لە خۆرایی نەتەوەکانی دەوروپشت و کۆلۆنیالیزمی جیهانی ڕێگەی پشوودان و پێشکەوتن وسەرفرازی لێگیراوە . لەونەتەوانەیە هەردەم گیانی مرۆڤایەتی و لێبوردن و بەزەیی زاڵبووە بەسەر کردارو ڕەفتارو بەڕێوەبردنیدا و، بەرامبەر بێگانەو دوژمنانیشی ، و لەکاتی بەهێزی وتوانای وتۆڵەسەندنیدا و سەرکەوتنیدا هەردەم مرۆڤپەروەر و بەبەزەییبووە دور بووە لەگیانی تۆڵەکردنەوە کارو ڕەوشتی نزم خراپەکاری ودەرلەگیانی مرۆڤایەتی. کە مێژووشاهیدە بۆ ئەم ڕاستیە .
ئەمڕۆ بەزەقی ئەو جیاوازیە وڕەوشت بەرزیەی نەتەوەیی و دەرونیە بەکوردەوە دیارە ،بەپێچەوانەی گەلانی کە، کە لەپێناوی مشتێک پارەدا ئەمڕۆ ڕۆڵەکانیان وەک کارو بەرخ سەر ئەبڕن یان بەناوی ئیسلامەتی توندڕەوەوە ئەوتاوانانە ئەنجام ئەدرەن مزگەوتەکان و شووێنیگشتی پەرستن و پیرۆزەکان و شوێن بۆنەگشتیەکان کاوڵ

ئەکەن ، ئەتەقێتەوە ،ڕۆژانە دەها لاشەو پارچەی لەشی موسوڵمانان لەمندال و ژن وپیاوی بێتاوان لەسەرجادەکان لەناو تورەکەدا کۆ ئەکرەێنەوە بەناوی دین و ئیسلامەتیەوە ئەوکارانەو ئەوتاوانانە ئەنجائەدەن .
بەپێچەوانەوە ڕۆڵەکانی کوردستان ئەم جۆرەتاوان و کردارە نامرۆڤانە بەکاری ڕەوشت نزمی وقێزەون و دورلەگیانی مرۆڤایەتی ودەرلە فەرمودە وڕەوشتی ئایینی دەزانن و بەگومڕایی ودەرچوون لەسەر ڕێگەی ئایینی پاکی ئیسلامی دائەنێن .
کورد هەردەم خۆی دوورڕاگرتووە لە ئەنجامدانی ئەوکارە بەدو نزم وقێزەونانە بەدرێژایی مێژوو .
هەرچەندە یەکێکە لەو گەلانەی بە خوتی خۆڕایی هەردەم زوڵمی لێکراوە و خاکی داگیرکراوە و بەکۆمەڵ کوژراوە ماڵی کاولکراوە دوژمن هاتوەتە سەردڵی و بەوەش قایل نەبووە نەوەستاوە بەڵکو ویستویەتی هەرلە ناوی ببات . کورد هەردەم گیانی لێبوردن و بەزەیی و مرۆڤایەتی پەیڕەوکردوە وبیری لە تۆڵەی نامەردانە نەکردوەتەوە .
لەهەموو شەرو بەرگریەکانیدا وسەرکەوتنیدا بەرامبەر دوژمن میهرەبان بووە .
هەرلەوسۆنەیەوە سەلاحەدینی ئەیوبی لەمێژوودا بەڕێزەوە باسی ئەکرێت دۆست ودوژمن شاهیدی ئەو ڕاستیانەن ،لەشەڕەکانیدا بەرامبەر دوژمنان بەشەرەفەوە و ڕەوشتی بەرزی پەروەردەکراوی کوردەواریەوە وبەرێزەوە مامەڵەی لەگەڵ کردون لەوپەڕی سەرکەوتنی و بەهێزیدا بەجوانی و لێبوردەیی ڕەفتاری لەگەڵ کردون ، ڕیزی لە خانەوادەو ژن ومنداڵ و دیل و پەک کەوتەکانی گرتوە بەڕیزەوە ڕەوانەی ناو کەس وکاری کردون ، ڕیزی لە شوێنەئاینیەکان گرتوە و پاراستونی ، بەوشێوەیە بیرۆکەیەکی مرۆڤایەتی و لێبوردن وبەزەییی لەهەموو جیهاندا هێنایە ئاراوە لەکاتی شەڕو دوژمنایەتیدا کە تائەمڕۆژ مەسیحیەکان و ڕۆژ ئاوا بەشانازیەوە باسی ئەوپیاوە مەزنە میهرەبانە ئەکەن .
ئەوەکەریم خانی زەند وشێخ سەعیدی پیران و نەمران قازی محەمەد و شێخ مەحمود و بارزانی کەهەریەکێکیان خاوەنی پلەیەکی ڕەوشت بەرزی وگیانی مرۆڤایەتی وخاوەنی بیری لێبوردن و بەزەییبوون .

هەربەم زوانە دیمان هەزارەها سەربازی عێراقی لەوانەی کە تاتوانیان هاوبەشیانکرد وتاوانیان ئەنجادا لەکوردستاندا بە کیمیاباران و ئەنفال و کۆمەڵ کوژی و کۆڕەو وتەعریب و تەبعیسکردن دەرحەقی کورد ، کەدیمان چۆن بەسەرشۆڕی و کزۆڵەو زەلیل وبەزیو بێدەسەلات کەوتنە بەردەستی پێشمەرگەو ڕۆڵەکانی کوردستان ، چۆن سەرکردایەتی کورد هەموویانی بەخشی وبەڕێزەوە ناردنیەوە بۆناو کەس وکاریان ، زۆرکەس وایان ئەوت ئەگەر ئەوان بەو زەلیلیە ئێمەیان دەست بکەوتایە ، هەرخودا ئەیزانی چیان پێدەکردین . کورد

نەتەوەیەکی ڕەسەنی دانیشتوی ئەم خاکەیە لەقوڵای مێژووە وە هەر لەدێر زەمانەوە ڕەگی داکوتاوە و خاکەکەی پاراستوە هەردەم دەستی برایەتی بۆگەلانی دراوسێی درێژکردوە . بەدرێژایی مێژوو شوێن دەست و جێگەپەنجەی دیاربووە لەپێشکەوتنی شارستانی و خزمەتکردنی مرۆڤایەتی







وێنەی پاشا فەیسەڵی دووەم ، پیاوێکی عەرەب ، پاشا فەیسەڵی یەکەم

# بۆ / نەتەوەی عەرەب وخاک وشارستانی

## نیشتەجێبوونیان لەناو عێراقداو ئایینی ئیسلام

لەپێش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا نەتەوەی عەرەب لە عێراقدا لەبەشی ناوەڕاستی ئێستای عێراقدا تەنها لە ڕۆژئاوای ڕوباری فوراتدا ئەژیان ، لە سنوری ئەنباری ئیستەی عێراقدا لەگەڵ فوراتدا تائەگاتە ئاستی بابل لەناوعێراقدا ، لەبابل بەرەو خوار لەنێوان دیجلەو فوراتدا بەکەمی ئەژیان وەهەبوون .

{لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام وبەدوای لەشکری موسوڵمانانەدا "عەرەب وەک نەتەوە لەڕوباری فورات پەڕیونەتەوە " دوایی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا بەوڵاتانی ڕۆژ هەڵاتدا بڵاوبوونەوە}.

لە سەدەکانی حوکمڕانی ساسانیدا ودوای لەناوچوونی دەوڵەتی ساسانی زۆرلە هۆزە ( عەشیرەتە) عەرەبەکان لە دورگەی عەرەبەوە کۆچیان کردبوو بۆ ناوچەکە لە ڕۆژ ئاوای فوراتدا جێگیربوون ، بەیارمەتی و هاوکاری ساسانیەکان دەوڵەتیان دروستکردبوو ، وەک سپێرێک تابتوانن سنورەکانی دەوڵەتی ساسانی بپارێزن لە هێرشی کۆچەریە (بەدویە) عەرەبەکان ، یەکێک لەو هۆزانە بەناوی (تنوخەوە) بوو لە سەدەی سێیەمی دوای عیساوە لە یەمەنەوە کۆچیان کردبوو بۆرۆژ ئاوای ڕوباری فورات ،چادرنشین بوون لە شاری حیرە دەوڵەتیان دامەزراند کە ٣ میل لە خوار کوفەوەبوو .

* بەپێی تاهاباقر لەکتێبی مقدمه فی تاریخ الحزارات القدیمه لاپەڕە ٢٩٦ ) . (١)

* ( هەروەها وەک لەکتێبی التاریخ الاسلامی و الحزاره الاسلامیه دانەری د . احمد شلبی دوکتۆرای فەلسەفە لە جامعەی کمبرج بەرگی یەکەم لاپەڕە ٥٦ هاتوە) : (٢)

{ ساسانیەکان هەر وەک ڕۆمەکان وێستیان سنورێکی جیاکەرەوە لەگەڵ عەرەب دروستبکەن ، کەنەیەڵن عەرەبە بەدەویەکان دستدرێژی بکەنە سەر دانیشتوانی ناوچەکە ، هاتن هۆزە عەرەبەکانیان بەکار هێنا بۆ ئەم مەبەستە بۆ ئەوەی ببنە دیوارو سپێر لەبەردەم هێرشی عەرەب ، مەملەکەتی حیرەیان دامەزراند کە

بیانپارێزێت وبیپارێزن ، ڕۆمەکانیش بەو شیوەیە مەملەکەتی غەسانیان دروستکرد ڕۆم بپارێزێت وئەوانیش بیانپارێزن }.

* هەروەهابەپێی کتێبەکەی تاها الهاشمی جوغرافیت العراق ساڵی ١٩٣٠ چاپێ یەکەم چاپخانەی السلام لەلاپەڕە ٨٩ ،٩٠ دانوسراوە :بەم تێکستە دەقاو دەق ئەلێت : (عەرەبەکان لەسەدەی یەکەمی د.ع دا ، لەعێراقدا نیشتەجێبوون بەتایبەت قوزاعەی عەدنانی وئەیاد ، ئەوبیرۆکەیە ڕاست نیە کەبڵێین عراق عەرەبی بووە ، بەپێچەوانەوەئەم عەرەبانە وەک داگیرکەر هاتون . تاسەدەی شەشەم ناوچەی جزیرەی نێوان دجلەو فورات پڕبووە لە کۆچەر و خێڵەکی عەرەب ) .

هەرلەلاپەڕە ٤٠٤ دا نووسراوە: ( دوای فەتحی ئیسلامی بۆیەکەم جار کوچەریەکان لەگەڵ موسوڵمانەکان لەڕۆژئاوای فوڕاتدا نیشتەجێ کران دوایی لەفورات پەڕینەوە)

* د. فاروق عمر فوزی لەکتێبی تاریخ العراق فی عسورالخلافە العربیە الاسلامیە لاپەرە ٩ تا لاپەڕە ١٢ ئەلێت :

{ عەرەب پەیوەندیەکی بەهێزیان هەبووە بەو بەشە عەرەب نشێنەوە پێش ئیسلام بەماوەیەکی زۆر ، کەهەندێکیان لە (حیرە وعین تمر وئەنبار ) نیشتە جێبوون ، هەندێکیشیان وەک ڕەوەندو کۆچەری لە دەشتەکان و دۆڵەکانی بیابانی کوفەو بەسرە ئەسوڕانەوە} ،[ ئەم شوێنانە کەباسکران هەموویان لە ڕۆژئاوای فورات بوون ] (٣).

* هەورەوها شاکر محمود رامز لەکتێبەکەیدا ، تحریر العراق ،حروب فجر الاسلام ، چاپ ١ بغداد ساڵی ١٩٨١ لەلاپەڕە ١٦٢ دا نووسیویەتی ئەڵێت [ العراق العربی بەدرێژایی ڕوباری فورات بەلای ڕۆژ ئاوایدا هۆزەکانی عەرەب تیا نیشتە جێبوون بێگومان جەنگەکان لەوێدا بەرپابوون].

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا وهێرشی موسوڵمانەکان بۆجیهادو داگیرکردن وبڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامدا گەورەترین هێرشی کۆچکردنی عەرەب دەستی پێکردوە کە خێڵەکیە عەرەبە بەدەویەکان لەدورگەی عەرەبەوە لەحیجازو یەمەنەوەو بەرە ناوچەکانی هەردوبەری ڕوباری فورات کۆچیان کرد . بەخاوو خێزانەوە دوای لەشکری موسوڵمانەکان کەوتبوون بۆنیشتەجێبوون لەوڵاتە فەتحکراوەکاندا ،

کەپڕبوون لەخێروبەرەکەت وبژێوی ، وەک هۆزەکانی : عدنان ، ایاد ، بکر بن وائل ، تمیم ، تغلب ، النمر ، الکلب ، قزاعه ، اسد ، موزەر ، بنی لام ، هەتا ..د

١ .هەروەهـــــا ئەڵێـــــت : عەرەب لەعێراقـــــدا دوجۆربـــــوون : یەکەم دانیشتوو کە نیشتەجێبوو دەوڵەتی بچوکیان دروستکردبوو وەک حیـرە ، لەرۆژئاوای فورات جێنشین بوون

دووەم بەشیکی کەی ڕەوەندو کۆچەرییوون وەک بەنی شیبان وبنوبکر کە زۆرجار لەڕوباری فورات ئەپەڕینەوە بۆ ولەوەڕ } یانی سنوری دورگەی عەرەبیان ئـەبـڕی کـــەڕوبـــاری فوراتبـــوو ، دوایـــی ئـــەگـــەڕانـــەوە بۆشـــوێنی خۆیـــان .

* هەروەها لەکتێبی تاریخ العرب قبل الاسلام ، دانەری د.. جواد علی لە لاپەڕە ١٨ داهاتوە : (٤)

( مەبەسـت لە ولاتـی عەرەب بـادیەی — بیابـانی ڕۆژئـاوای فـورات ئەگـرێتەوە تـا ئەودەشتانەی بەسەر شامدا ئەڕوانن ) گەورترین و بەناوبـانگترین کـۆچی گەورەی عەرەب لەدورگەی عەرەب ویەمەنەوە بۆناو عێراق کەکۆچیانکردوە لە دوایساڵەکانی بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامدا ئەنجامدراوە .

کەهۆزە عەرەبەکان بە خاو وخێزانەوە ولەدوای لەشکری موسوڵمانانەوە هێرشیان هێنا هـــاتن بەرەو عێـــراق ولاتـــانی داگیـــر کـــراو بڵاوبـــوونەوە و نیـــشتەجێبوون .

لەپێش بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامدا ئەگەر لـەڕوی شارسـتانیەوە لـەسـەر عـەرەب لێکۆڵینەوە و تێبینی بکەین وردبینەوە بەڕونی دەرئەکەوێت کە خاوەنی شارسـتانی ئەوتۆ نەبوون .

هەنری فۆستر لەکتێبی نشاه العراق الحدیث ، لە لاپەڕە ٤٣ دا دەربارەی شارستانی عەرەب ئەڵێت : ( عەرەب تەنها سۆزی ئاینیان هێنایە کایەوە ، بەشەکانی کەی شارستانی وەرگیراون هی ئەوان نین بەڵکو هی گەلانی کەن ) (٥) .

* هەروەهـــا ئیـــبن خلـــدون دەربـــارەی شارســـتانی عەرەب ئەڵێـــت : (عەرەب بـــوونە خـــاوەنی موڵـــک وگەورەی فـــرس و رۆم ، بەڵام لەو

ئاستەدانەبوون کە ببنە خاوەنی شارستانیەت ) ، بەمانا شارستانی نەبوون .

* کاتێک موسوڵمانەکان دوای ئەوەی عێراقیان داگیرکرد داوایان لە خەلیفەعمر کرد (س.ل ) لەکوێ شار دروستبکەین ؟ وەرامی ئەوەبوو : لە کوێ دوا سنوری وڵاتی عەرەبە و لەکوێ سنوری فارس (مەبەست کوردستانە) دەست پێئەکات لەوێ شار دروستبکەن بەپێی ئەو مەرجە (کوفە لەڕۆژ ئاوای فورات و ئەبلە نزیک بەسرە ) هەڵبژێرران دروستکران کە ئەو مەرجەیان تیابوو دواسنوری خاک و وڵاتی عەرەب بوون لە ڕۆژ ئاوای فورات بوون لە خاکی دواسنوری وڵاتی عەرەب بوون .

* چەند سەرچاوەیەکی میژوویی ئەیگێرێتەوە کاتێک نوێنەرانی (پێغەمبەر محەمەد د.خ ) گەیشتنە دربارى (کیسرا ، یەزدگوردی سێیەم ) ، کیسرا لەکۆشکەکەیدا لە شاری مادیان (مەدائن ) پێشوازی لێکردن ونامەیان پێشکەشکرد لە قسەکانیاندا باسیانکردبوو ئەگەر بەئاشتی نەیەنە سەر ڕێگەی ئیسلام ، خاکی ئێوە بەهێزو بەزۆر داگیرئەکەین ، کیسرا یەزدگورد هاتنی ئەم نوێنەرانەی پێخۆشنەبوو و بەیاوەرەکانی ئەلێت بڕۆن هەندێک خۆڵی دەرەوە بکەنەناو سەبەتەیەکەوە بۆیان بهێنن کەخۆڵی خاکی ئێمەیە بیاندەنێ ، نوێنەرەکان بەخۆشیەوە ئەگەڕێنەوە بەشانازیەوە ئەڵێن کە چەند مشتێک لەو خاکەی ئێرانیان پێیە وهیناویانە کەهی خاکی ئێرانە .

* ستیڤن لۆنکریک ، لەکتێبی اربعە قرون من تاریخ العراق الحدیث ئەڵێت : (٦) ێراق لەڕوی نەژادەوە وڵاتێکی عەرەب نەبووە ،شەپۆل دوای شەپۆل لەسەدەکانی سۆمەری وکاشی وساسانیەوە تا مەغۆلەکان خوێنی تازەی پێدراوە ، نەژادی عەرەب لەم دوییەدا پەیدابووە .

* لەکتێبی تاریخ الحزارە العربیە الاسلامیە ، کە لەلایەن کۆمەڵیک دوکتۆری شارەزا لەکوێت نووسراوە لە لاپەڕە ٦٩ دا هاتوە هەروەها لە لاپەڕە٩١ ،٩٣ دا ئەڵێت (٧): { لەگەڵ ئەوەی ئایینی ئیسلام هەوڵیدا لە ناو هۆزە عەرەبە هاتوە نیشتەجێبووەکاندا لە وڵاتانی غەیرە عەرەبدا ئەو دەمارگیریە هۆزایەتی و بەداوەتە عەرەبیە و بیری جاهلیەتە عەرەبیە لەبیرو ڕەفتاریاندا بڕەوێنێتەوە بیگۆڕێت ، بەڵام ئەم هەوڵ وکارە ئەوسودە چاوەڕوانکراوەی نەبووە ، عەرەبە هاوردەکان بەسەر نەتەوکانی کەدا خۆیان

ئەنواندو خۆیان بە بەرزتر دائەناو بەرامبەریان لـوت بەرزبـوون ، ئەم دیـاردەیە نە ئەگونجـا لەگەڵ گیـانی ئیـسلامەتی کە هەمـوو نەتەوەکـان وەک بـراو هاوسـەنگ سـەیرئەکات ، عەرەب لە بیـرو کـردارو بەرگـی بەداوەت وجەهالەتـدا ئەژیـا زۆر ئاساننەبوو وا بەزوییی بتوانن لەرێی ئایینی ئیسلامەوە لەدڵ و دەروون ورەفتاریاندا دەریبکـەن وبیگـۆڕن . دوای بڵاوبـوونەوەی ئـایینی ئیـسلام عەرەب هـاتە مەیـدانی ئاوڕدانەوە لە شارستانیەت کە زۆری لەرێی نەتەوەکانی سەریەئایینی ئیسلامەوەبووە ، ئەو نەتەوەو گەلانە خاوەنی شارستانی بوون ناوچەکەیان دەوڵەمەندکردبوو بەداهێنان و شارستانیەت ، وەک کوردو فارس و رۆم و تورک و یۆنان ، عەرەبەکان لەوانەوە شارستانیان وەرگرتوە}.

لێرەوە تیبینیەکانی ئەودوکتۆرە بەرێزانە تەواوبوو .

ئەڵێم ئەوەی جێی سەرنجە عەرەب بەهۆ و لەرێی ئایینی ئیسلامەوە پەرەی سەندو بوونە نەتەوەیەکی مەزن و خاوەن ناو، هەرچەندە عەرەب لەدوسەد ساڵ زیاتر حوکمی راسـتەوخۆیـان بەردەوامنەبـوو ، دوای ئـەوە دەوریـان وەک نـەتـەوە وحـوکمڕانی بەسەرچوو ،.

دوای ئەوەی موسوڵمانە غەیرە عەرەبەکان بەقـەناعـەتـەوە ئاینـەکـەیـان وەرگـرت . ئایینەکە کەبووە خـواردنی گیـانی بـۆگەلان و هەمـووی لەژێـر ئاڵایـدا کۆبـوونەوە و پەیرەویانکرد ، لە بەر ئەوەی دینەکە بەزوبانی عەرەبی هاتەخواری بووە هۆی ئەوەی کاریگەری نەتەوایەتی عەرەبی بەردەوامبێت لە سەر گەلانی موسوڵمان ،کە زۆریان بوونە عەرەب .

[تەعریب تا ئەمڕۆژ هەر بەردەوامەو شان بەشانی ئـایینی ئیـسلام بـەرێـوەیـە ] . عەرەب وەک نەتەوە گەشەی کردو پەرەیسەند ، هۆزو عەشێرەتە عەرەبەکان کەلە گەڵ ویەدوای لەشکری موسوڵمانانندا هاتن بۆنیشتەجێبوون لەوڵاتە فەتحکراوەکاندا ، بەڵام گیانی بەداوەت وبیری جەهالەتی عەرەب هەر لەمێشک و بیرو دەرونیاندا مابوو ، ئایینی ئیسلام وەک پێویست کاری ئیجابی تێنەکردبوون بەردەوام شانازیان بەگیانی جەهالەت وعەشیرەت گەریەوە ئەکرد دینی ئیسلام لەلایان بووە کەلتور نەک رێرەوی دینی وخواپەرستی.

بەدرێژایی مێژووی سەردەم ئەم بیرۆکەیە بووە بناغەی عونسوریەت و ڕەگەزپەرستی و خۆنواندن و لوتبەرزی بە سەر گەلانی موسوڵمانی غەیرە عەرەب تا ئەمڕۆ نەژاد پەرستی لەبیرو کردارو ڕەفتاری زۆریاندا دەرئەکەوێت و پەیڕەوی ئەکەن وتێکەڵاوی دینەکەیان کردوە ، کەئەو بیرو بۆ چوونەیان وەک لاپەڕەیەک وایە دیوێکی ئیسلامیەو و دیوەکەی تری عونسوریەو لەمێشکیاندا تێکەڵاو وجێگیرن وابە بەئاسانی لەیەکتری جیاناکرێنەوە ، هەرچەندە هەردوکیان لەڕاستیدا جیاوازن بەم شێوەیە دژی فەرمودەکانی دینن .

بەپێچەوانەوە گەلانی کە بەعونسوری و ڕەگەز پەرست دائەنێن لە سەر ئەو بڕوایەی کەموسوڵمانان یەک ئوممەن .ئایینی ئیسلام دژی نەتەوە پەرستیە ، بەڵام بۆخۆیان ڕەوایە هەردەم باسی عەربچێتی ومێژوو و کەلتور وشیعرو ئەدەبی کۆنیانبکەن و شانازیبکەن بەڕابوردوی عەرەبەوە لەبتپەرستی بەرد پەرستی وموعەلەقاتی سەبعە زەرقای یەمامەو سەدی مەئرەب . هەر داواکاری وخواستی نەتەوەیی نەوتەوەکانی کە بۆ سەروەری و مافی نەتەوایەتی وچارەنووسی ، هەڵگەڕانەوە لە ئایینی ئیسلام دائەنین ، تاوان باریان ئەکەن ( بەشعوبی ) ناویان ئەبەن .

(١) * تاهاباقر ، مقدمه فی تاریخ الحزارات القدیمه ، لاپەڕە٢٩٦ .

(٢) * احمد شلبی دکتۆرا فەلسەفە کێمبریج ، التاریخ الاسلامی والحزاره الاسلامیه ، بەرگی یەکەم ،لاپەڕە ٥٦.

(٣)* د .فاروق عمر فوزی تاریخ العراق فی عسور الخلافه العربیه الاسلامیه ، لاپەڕە ٩ تا ١٢ .

(٤) * د .جواد علی ، تاریخ العرب قبل الاسلام لاپەڕە ١٨ .

(٥) * هنری فۆستر ، ،نشات العراق الحدیث ، لاپەڕە ٤٣ .

(٦)* مێجر لۆنکریک ، اربعه قرون الاخیره من تاریخ العراق الحدیث ، ترجمه جعفر الخیات .

(٧)* تاریخ الحزاره العربیه الاسلامیه مجموعه من کتاب الکویت ، لاپەڕە ٦٩ ، لاپەڕە ٩١تا٩٣ .

* شرف خانی بەدلیسی شرف نامه
* عونی فرسخ ، الاقلیات فی الوتن العربی ، ١٢٩ ، ٣٠٣ .
* نیکۆلاس پۆستگێت ، حزاره العراق واثاره
* دائره المعارف الاسلامیه .
* دورۆثی مکای ، مدن العراق القدیمه .
* لواء رکن شاکر محمود رامز تحریر العراق لاپەڕە ١٦٣
* حسن الغریاوی ،الشعوبیه ودورها التخریبی فی مجال العقیده الاسلامیه
* عبدوڵله سلوم السامەڕائی الشعوبیه حرکه موزاده للاسلام و الامه العربیه



وێنەی چەند لاوێکی تورکومان

## تێ /تورکومانەکان کێن ولەکوێوە هاتون وکەی .؟

## کەرکوک وگەڕانێک بەناو لاپەڕەکانی مێژوودا

لە سەرچاوە مێژوویەکاندا هاتوە کە تورکومانەکان لەزەمانی عەباسیەکانەوە دوای ٢٢٠ کۆچی بەرە بەرە هاتون دوای ئەوەی موعتەسەم کوڕی هارون الرشید کە دایکی تورک بوو حەزی بەتورکبوو دەهەزار لاوی عبدی تورکی کڕی ، لە بەغداد لەدەوری خۆی داینا ون ، لە ئەنجامی خراپەو ڕەفتاری بەدیان لە گەڵ دانیشتوان گوێزرانەوە بۆ سامەڕاو ، بوونە بنکەیەک وهۆو هاندەرێک بۆ تورکانی کەی وڵاتی خۆیان ، کەچاوی تەماعیان بڕیە ناوچەکەو تورکان پۆل بەپۆل هیرشیان هێنا بۆنیشتەجێبوون وداگیرکردنی ناوچەکە .

لەلایەن مێژوو نووسانەوە بۆچوونی جۆراو جۆر هەیە ، دەربارەی ساڵی هاتن ونیشتەجێبوونیان کە پێیان وایە :

١ / لە گەڵ شەپۆلی تەتەرو تورک ومەغۆل وغەز خەواریزمی و جەلائیری وسەلجوقی هاتوون بەدرێژایی لەسەدەکان و ساڵانی حوکمڕانیان لەڕۆژهەڵاتدا .

٢/ بەشێکیان پاشماوەی هێزەکانی لەشکری خەلیفەکانی عەباسین نیشتەجێبوون .

٣ / بەشێکی کەیان لەگەڵ لەشکری هۆلاکۆی مەغۆلی و بەدرێژایی حوکمی ئێلخانی و مەغـــۆل و قەرە قۆینلـــۆ و ئـــاق قۆینلـــۆ هـــاتوون و نیـــشتەجێبوون .
٤ / بەشێکی کەیان تـازە لە گەڵ لەشـکری نادرشـای هەوشـاردا هـاتوون ، کاتێـک هێرشی هێناوە بۆسەر عێراق کەبنکەی سەربازی سەرەکی لە ناوچەی کەرکوکبووە .
٥ / لەسەدەکانی حوکمی عوثمانیدا لە سەر ڕێگەی سەرکی پۆست و بەریدی نێوان ئەستەموڵ و بەغداد کە بە ناوی (ڕێگەی سـوڵتانی ) ناوبـانگی دەرکردبـوو چەنـد مەڵبەندو بنکەی ئاوەدانی کرابووەوە بۆ پشو وحەوانەوەی قافڵەی بازرگانی وتەتەرو پیاوانی دەوڵەتی عوثمانی بەهۆیانەوە لەوبنکانەدا چەندها خێزان نیشتەجێکراون ، ئەو ڕێگەیە لەحەڵەبەوە دەستپێێەکرد تا نزیک بەغداد ، کارمەند دانرابوو لەو شوێنانە لەگەڵ خێزانەکانیانـــدا لەوێ ژیانیـــان بە ســـەرئەبرد ونیـــشتەجێبوون .
هەروەها دائیرەی مەعاریفی عوثمانی باس لە هاتنی تورکومان ئەکات بۆ ناوچەکەو ئەلێت :{ لەوانەیە پێش عوثمانیەکـان هـاتبن بەڵام نـاتوانین ئەوە بـسەلمێنین ، و ئەسڵیان بگێڕینەوە بۆ ئەوبنکە سەربازیانەی کە خەلیفەکانی سەدەی نۆ هەم د.ع ،لەو ناوچانە دایاننابوون ، یاخود بۆ ئەو تورکومانانەی کەلەسەردەمی سوڵتانەکانی سەڵجوقی ساڵی (١٠٣٧ – ١١١٧ ) د .ع هاتوون ، ودوایی لەگەڵ سـەلجوقیەکانی عێـراق وکوردسـتان ( لەسـاڵی ١١١٧ – تـا ١١٩٤ د.ع). ئەتابکەکـانی هەولێـر دا ساڵی (١١٤٤—١٢٣٢) هاتوون} (١)
ئەوەی ئەم بەشەی نووسیوە لەدائیرەی مەعاریفی عوثمانی ناوی خۆی نەنووسیوە .
{ئەوشوێنانەی تورکومـانی تیانیـشتەجێبوون مەزهەبـی سـونە بـاوبووە لەناویانـدا ، بەتایبەت کەرکوک وکفری کە دو ناوچەی گرنگ پێدراوی عوثمانیبوون .لەگەڵ پردێ } ، نوسەرەکە لە سەری ئەڕوات ئەڵێت :
{ زۆرترینی دانیشتوانی ناوچەکە ( کێشی زەنـدەقەیان) هەیە ، بەڵام زۆر بەتونـدی لەڕەوشی ئایینیدا شاردویانەتەوە ، لەوناوچانەدا پێیـان ئەڵـێن (قـزل بـاش ) یـانی سەرسور کەبنکەی سەرەکیان بەزۆری تازەخورماتوو داقوق وقەرەتەپە وتوزخورماتوە کەبەهەموویان لە سەر ڕیگەی سوڵتانین ، دێهاتی تریش هەیە وەک تـسین وبەشـیر

نزیک کەرکوک و لە لەیلان وقەرەحەسەن هەن. قزلباشەکانی ناوچەی کەرکوک نهێنیەکانیان زیاتر پاراستوە لەکاکەییەکان} .

زۆر لەمێژوونووسان بەتایبەت عێراقیەکان ئەم بۆچوونەیان هەیە دەربارەی هاتنی تورکومانەکان بۆناوعێراق ئەڵێن : .

١ / کاریەدەستەکانی سەلجوقی لە ئەنەدۆڵەوە هیناویانن .

٢ / ئەمانە نەوەی ئەوسەد هەزارە تورکەن کەوتنە دەستی تەیموری لەنگ کە (خواجە علی) ئەردەبیلی سەفەوی کە (تەسەوفی) دامەزراند ، ئەمانەی ڕزگارکردوەلەدەستی تەیموری لەنگ لەکوشتن ، لە سالّی (١٣٩٢ —١٤٠٢) دا لەم ناوچانەدا نیشتەجێبوون .

٣ / لەلایەن سوڵتان یاوز سەلیم وسلێمانی قانونیەوە گوێزراونەتەوە بۆسەر ڕێگەی سوڵتانی سالّی (١٥١٢-٠ ١٥٦ )

٤ / ئەم تورکومانانە نمونەی ئەو ئاذەربایجانیانەن کەلە مەراغەوە شاە ئیسماعیلی سەفەوی لە ساڵەکانی (١٥٠٢- ١٥٢٤ ) لەم ناوچەیەدا لەبنکەیەکدا کۆیکردنەوە بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنێت لەکاتی داگیرکردنی عێراقدا .

٥ / دورنیە ئەمانە ئەوقزلباشانە بن کە سەریەو بنکە سەربازیە ئاذەربایجانیانەبن ، کەنادرشاە لەسالّی (١٧٣٠- ١٧٤٧ ) دا لەکاتی هێرشەکانیدا بۆسەر عێراق لەگەڵ خۆی هێنانی ، قزلباش بەوسەربازە ناوازە وهەڵبژاردانە ئەوترا کە شاە عەباسیان لەسەرتەخت دانا زۆریان کێشی سەفوی شیعەیان هەبوو پێیان ئەوتن (بکتاش ) ، لەدواییدا بەهەموو ئێرانیەکانیان ئەوت قزلباش (٢).

د. شاکر خەسباک بیری بۆئەوە ئەچێت کە ( کەتورکومانەکان لەکوردستاندا کۆمەڵە هۆزێکی تێکەڵاوین لەهۆزەکانی غز و غۆز لەناوەڕاستی ئاسیاوە لەیەک ساتدانەهاتبن . ئەشی ناوی تورکومان لەوشەی تەرجومانەوە هاتبێت کە لەنێوان عەرەبە سەرکەوتوەکان وتورکەکانی وڵاتی خۆراسان تەرجومانبوون کە هێشتا تورکەکان موسوڵمان نەبوون ، (بارتۆڵد )ڕۆژهەلات ناس وابۆی ئەچێت کە وشەی تورکمان یەکەم جار لە سەدەی دەهەمی عیسادا بەکار هاتبێت کە ئەسڵەکەی نەزانراوە (٣).

هەروەها لەڕاپۆرتەکەی لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا (عوسبەت الامم)دا هاتوە کە (ئەو لیژنەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەچارەنووسی ولایەتی موسڵ هاتبوون لەڕاپۆرتەکەیاندا نووسیویانە : [ نەتەوەکانی تورک کە ڕوباری جەیحونیان بڕی لە سەدەی یازدەهەمدا بەرەو ڕۆژئاوا هاتن خێرا بوونە موسوڵمان کەلە هۆزی غەزیوون ( ئۆغۆز ) بوون یاخود هی تر ، ناویان ئەبرا بە (تورکومان) بەنازناوی هەموو تورکومانەکانی فارس وئادەربایجان وعێراق وئەنەدۆڵ وسوریاو میسر لەدواییدا لەزۆر شوێنیکە ناوی تازەیان لێنرا بەپێی بارودۆخی مێژوویی وشوێنی جوگرافی ، لە ئاذەربایجاندا ناوی ئاذەریان لێنرا، لە ئەنەدۆڵ ناوی عوثمانی ، هەندێک لەو کۆچەری ونیمچەکۆچەریانە بەناوی تورکومانەوە مانەوە هەندێک لە وانەش بە ناوە کۆنەکانیانەوە مانەوە ، وەکو ئەو هۆزانەی ڕۆژهەلاتی قەزوێن .

ئەو کۆمەلانەی کەلە عێراقدا نیشتەجێبوون . لەگەل ئەوەشدا کەئەوان بەڕەگەزو زمان لەوانن ، تاڕادەیەک دورن لەتورکومانی ناوەڕاستی ئاسیا .

کورتە ڕاپۆرتەکە ئەڵێت تورکومانی عێراق لە نەوەی سەربازەکانی تۆغروڵ بەگ وسەربازەکانی خەلیفەکانی عەباسین و سەربازەکانی ( ئەتابەگین ) و هەندیکیشیان لە نەوەی سەربازەکانی عوثمانی و ئەفسەرەکانیانن ].

( ڕاپۆرتی عوسبە الامم دەربارەی سنوری تورکیاو عێراق وئینگلیز لاپەڕە ٤٧ ) (٤)

ەئەنجامی ئەو زانیاریانەی پێشوو دەربارەی نیشتەجیبوونی تورکومان لەعێراقدا ئەگەڕێتەوە بۆسەردەمی عەباسیەکان و ئەمارەتەکانی سەلجوقی ومەغۆلی ، ئەتوانین بڵێین دوا شەپۆلی ڕەوی تورکومانەکان بۆعێراق لەگەڵ داگیرکردنی بەغداد بوو لەلایەن عوثمانیەکانەوە .

ناوچەکانی نیشتەجێی تورکومان لەهێڵی (تەلەعفەرەوە) دەستپێئەکات تا لە (دەلی عەباس) دواییدێت کە بە هەولێر وکەرکوک وتوزخورماتو کفریدا تێپەڕ ئەبێت ، ئەم هێلە زۆر جار لە هەندێک شوێندا بەکارهێنراوە دژی هیرشی هۆزی عەرەب و جیاکردنەوەیان وبۆ پارێزگارکردنی ڕێگەی بازرگانی ، لەم ناوچانەدا بنکەی سەربازی هەبووە .

یەکەم جار عەباسیەکان بۆپاراستنی خۆیان ئەم تورکومانانەیان هێنا ،ڕیگەیان خۆشکرد ، ئەمڕۆ لەخانەقین وقزلریات (سعدیە) وجلەولا و منسوریە وشارەبان ومەندەلی بەکەمی هەن . خێزانە ئەرستوکراتیە تورکومانەکانی کەرکوک بەڕەگەز تورکن یان خۆیان بەتورک ئەزانن ئەگەر کوردیشبن ، گرنگترین ئەو خێزانانە : ( نەفتچی زادە ) کە سەرچاوەی نەوتی کەرکوک ودەرهێنانی بەدەستیانەوەبوو وسودیان لێی وەرئەگرت ، (یەعقوبی زادە) کەبەزۆری خاوەنی زەوی وزارن وموڵکدارن ، ئەلێن وەچەیان ئەگەڕێتەوە بۆکوردی زەنگەنە ، (قیردارەکان ) بازرگان وخاوەن زەوین . زۆریش هەن موچەخۆری زەمانی دەوڵەتی عوثمانیبوون دوای ڕوخاندنی هاتونەتەوە لەوێ نیشتەجێبوون .

هەروەها دەرکەوتوترین خێزان وکەسایەتی کوردی ( سەید ئەحمەد خانەقایە) کە بەرزنجیە ، هەروەها (ساڵحی ) کە ناوەکەی لە (ساڵەییەوە ) هاتوە کوردن هەندێکێان خۆیان بەتورکومان لە قەڵەمئەدەن ، زۆر خێزانی کورد هەن ڕەسەنن وبەڕەگەز کوردن خۆیان بە تورکومان داناوە ، کە ئەم دیاردەیە یەکێکە لەوکێشانەی کورد توشیبووە .

ڕێژەیەکی زۆری تورکومان لەکەرکوەک و دەوروبەریدا ئەمڕۆ ئەژین ، کە بەنەتەوەی سێیەم دانراون ناسراون . وەک نەتەوەی کورد ئەوانیش سزاو تاڵاوی بەعس و شۆڤێنیزمی عەرەبیان چێشتوە هەموو ئەمڕۆ وەک برا لەشارو دێهاتەکاندا ئەژین و زۆر تێکەڵاون لەگەڵ کوردو عەرەب و کلدانی و ئاشوریداو ، بەرژەوندی ژیانی هەموو دوا ڕۆژی پڕ لەکامەرانی واپێویست ئەکات هەموو ڕێزی یەکتر بگرن و هاوکارو یارمەتی دەرین لەبەرێوەبردن و خزمەتی ناوچەکەیانداو وەک براو هاو نیشتمان بەخۆشی و شادی و ئاشتی ژیان بەسەربەرن ،هەر کێشەو گیروگرفتێک هەبێت لەناوچەکەدا ڕوی هەموو ئەگرێتەوە هەموو زەرەرمەند ئەبن ، ئەتوانین بڵێین چآرەنووسی هەردولا وەک یەکە

**تێبینی :** لەدوای ئەم باسە دەربارەی تورکومان من لێرەدا ئەم چەند دێڕە ئەخەمە سەر باسەکە کە خۆم لەناو جەرگەی ئەم دیاردەیەدا ژیام (ئەم باسە پێوانەی لە سەر ناکرێت هەر تێبینیە بەگشتیە )

١/ لەساڵی ١٩٥٤ دا کەلە دارالمعلمین بووم لەبەغداد ماڵی خۆشکم لەکەرکوک بوو ، دوکانیان هەبوو لەبازاڕی قۆریە لە تەنیشت دوکانی ( حەمید باتاسی ) کەنەتەوەییەکی کوردی دڵسۆزبوو وهەردەم خەریکی کوردایەتیبوو ، لەهاتوچۆمدا چەند ڕۆژێک لەکەرکوک ئەمامەوە ، حەمید باتاسیم ئەدی . وناسیم کە لاوێکی نیشتمان پەروەرێ پاکی کەم وێنەبوو ، ڕۆژێک ئیشارەتی لاوێکی کرد لەوبەرەوە بەرامبەرمان وەستابوو ، وتی باوکی ئەو کوڕە یەکێکبووە لە دڵسۆزەکان و کوردپەروەرانی کورد لەسلێمانی و لەچەکدارە نزیکەکانی شێخی نەمر (شێخ مەحمود بووە) ، کە باوکی تا ئەمڕۆژ کوردایەتی ئەکات خاوەنی ئەو دوکانەی بەرامبەرمانە ، کوڕەکەی ئەمڕۆ بووەتە تورکومان نەک بەتەنها ئەمڕۆ خۆی بەتورکومان ئەزانێت بەڵکو تۆرانیە وهەردەم دژی کوردەو سوێندی خواردوە کە هەرگیز بە کوردی قسەنەکات ، ئەڵێت هەرکوردی نازانم ، باوکێشی لەخەم و خەفەتی ئەودایە و ئەوێش بێێیش ئەسوڕێتەوە بەزۆر پارەش لەباوکی ئەسێنێت .

٢ / لەگەڵ ماڵی خوشکمدا خێزانێک دو ژوریان بەکرێ گرتبوو ، خێزانەکە لە ژنێک و دوکچی پێکهاتبوو ،ڕۆژێک کەویستم بچمە دەروە ژنەکە داوایکرد کە هەندی شت لەبازاڕ بکرم بۆیان ، بەتورکومانی قسەیکرد وتم تێناگەم بەکوردی پێم بڵێ ، خوشکم وتی ئەڵێن کوردی نازانین ، کوردنین !! هەر بەتورکومانی ئەدوێن. دوای ماوەیەک باوکی ئەو ژنەم دی هاتبوو بۆکەرکوک بۆدیدەنی ماڵی کچەکەی کەدیم بەجلی کوردیەوە بوو پەستەک لە بەرێکبوو وتم خاڵە کوردی ئەزانیت ، وتی بەڵی من کوردی ناوچەی شوانم ، وتم ئەی تورکومانی ئەزانیت وتی نەخێر ، وتم ئەی چۆن کچەکەت و ئەو دووکچەی کوردی نازانن .؟ ، وتی (خواسەری سەری لێشێواندون ).

٣ / لەدارالمعلمین لە بەغداد ئەمان خوێند برادەرێکم هەبوو حەزی لە ئەدەب و شیعربوو ، دوایی بووە شاعێرو نووسەر بەینمان خۆش بوو ، هەرجارێک بچومایە بۆ

کەرکوک ئەمدی ، بەخوێندنەوەی شیعرو باسی ئەدەب خەریک ئەبووین دەستێکی باڵای هەبوو لە شێعرو ئەدەبی تورکومانیدا، جارێکیان هەواڵم پرسی لەوشوێنەی زۆر جار ئەمدی وتیان فلان کەسی زەنگەنەت ئەوێت مەبەستیان ئەو بوو ، کەدیم لێم پرسی ئەڵێن تۆ زەنگەنەیت وتی بەڵی .

تا ئەمڕۆژ هەر ئەڵێم ڕیزم بۆتورکومانەکانە ، زمانی تورکومانی چی سیحرو ئەفسانەیەکی هەیە کە بەزوویی کوردێک بکاتە تورکومان ، نەک بە تەنها بوون بە تورکومان بەڵکو بەدوژمنی کوردو زیاتر لە خودی تورکومانەکان کەدوژنمان نین . ( کەزۆرلەتورکومانەکان لەکۆنەوەو پەیوەندی باش و تێکەڵاوی خزمایەتی و ژن و ژنخوازیان هەیە لە گەڵ کورد دا و تێکەڵاون هەموو وەک برائەژین بەتەبایی و بەرژەوەندی و ژیانیان بەیەکەوەیەو یەکتری تەواو ئەکەن ) ، کەزۆر لەویابەتە هەیە لە ناوچە تورکومان نشینەکاندا .

لەلایەکی کەوە پرسیار ئەوەیە کە حوکمی تورکی (عوثمانی ) بەسەرچووە کاریەدەست وحاکمی ناوچەکە نین ، تاترس هەبێت لێیان حوکم وبژێوی خوڵکی بەدەستی ئەوان بێت یان زۆریان لەکورد کردبێت تاببنە تورکومان ، یان زمانی کوردی لەناوچەکەدا قەدەغەبێت تاخەڵکی لەبەر بەرژەوەندیان بەتورکومانی قسەبکەن . چەند نووسەرو شاعیرم دی کەئەلێن تورکومانین کەچی بەڕیچەلەک کوردن لەهۆزو عەشیرتەکانی ناوچەکەن ،،، هەتا،،د .

(١) * دائیرەی مەعاریفی ئیسلامی عوثمانی
(٢)* ڕاپۆرتی عسبە الامم دەربارەی گرفتی ولایەتی موسیل ،لاپەڕە٤٧ .
(٣)* شاکر خسباک ، العراق الشمالی ، لاپەڕە ٢١٠- ٢١٤) .
(٤) * ارنۆڵد فاسیلی کتێبی تاریخ الترک فی ئاسیا السغری چاپی قاهیرە ١٩٥٨ لاپەڕە ٥٨
* ئەدمۆندز ، لەکتێبی کورد تورک عەرەب ، لاپەڕە ، ١٤١ بەدواوە) .
* عبد الرزاق الحسنی تاریخ العراق السیاسی الحدیث جزء ١، ٢ ، ٣

* محەمەد ئەمین زەکی ، مێژووی کورد وکوردستان

* عونی فرسخ ، الاقلیات فی الوطن العربی .

* عبدآللە غفور ، جوغرافیای کوردستان .

* جمیل رۆژ بەیانی ، داقوق فی التاریخ .

* عەبدوڵله عەبدوڵکەریم مارف ، کارکۆک

***





وێنەی چەند لاوێکی ئاثوری بەجل وبەرگی کەلتوری نەتەوایەتیانەوە

# جیم / ئاثوری (ئاشوری ، نەستوری )

## ( فەلە) لەعێراقدا بەتایبەت لە کەرکوک

ئاثوریەکان کەلەناوچەی چۆلەمێرگ ودەوروبەری ، لەکوردستانی باکور وڕۆژهەڵاتدا ئەژیان ، لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا ، لەژێر فرمانی گەورە ئاینیەکەیاندابوون بەناوی (مار شەمعون ) ، ودوای بڕانەوەی جەنگەکە وەک هەموو کەمە نەتەوایەتی

وئاپینیەکانی کە  هەستان وڕاپەڕین و شۆڕشیان بەرپاکرد داوای مافی نەتەوەیی خۆیان ئەکرد ، بەهیوای ڕزگاربوونیان لەژێردەستی تورک ، دژی ڕژێمی تورکی ستەمکار وداگیرکەر وەستان ، ، کۆمەڵێکی کەیان لە دەوروپشتی ورمی هەبوون ، هەموو بەیەکەوە هەڵسان بۆداواکاری مافیان ، وبەریتانیا ویستی یارمەتیانبدات . پێش ئەوەی چەکیان پێبگات ، هێزی تورک فریاکەوت هێرشی کوشتنی بەکومەڵ وخوێناوی هێنایە سەریان   .

لەئەنجامدا  ئەم ئاشوریانە  لەتورکیا وئێران توشی کۆمەڵ کوژی و ڕەوپێکردن وکێشەبوون ، ڕاپەڕینەکانیان بۆئازادی و داواکاری ودەستکەوتی مافیان وەک نەتەوەیەکی کۆن  سەرینەگرت .

، لە ورمێ کوشتاری زۆریان لێکردن بەمەبەستی وکۆمەڵکوژی و لەناوبردنی یەکجاریان ئەوەی مابوو فریاکەوتن بەرەو کوردستانی خوارو هەڵهاتن .

ئینگلیز بەهانایانەوە هات یارمەتیدان لەناو عێراقدا لەزۆر شوێن نیشتە جێیکردن فریایانکەوت  یارمەتیدان وگوێزرانەوە بۆلای ڕاستی روباری دیالە نزیک بعقوبە (باخقوباد) لەناو چادردا نیشتەجێکران کە ژمارەیان نزیکەی پەنجاهەزار ئاوارەبوون ، لەوانە سیازدە هەزارو پێنج سەدیان ئەرمەنی بوون .

لەدوای بڕانەوەی جەنگی جیهانی یەکەم ،  ئەوانەی لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە (ئێران ) ئاوارەبوون گەرانەوە شوێنی خۆیان  لەگەڕانەوەیاندا بۆناو ئێران ڕێگریان لێنەکرا  .

بەریتانیا جێگە گۆڕکێی و ئاڵوگۆڕی و پێنەکردن ،ژمارەیەکی زۆر لەلاوانی ئاشوری وەک سەرباز  وەرگرت بەناوی (لیڤیەوە ) بەکاری ئەهێنان بە مەبەستی تایبەتی خۆیان (بۆبەرژەوەندی بەریتانیا ) ، کەلەکەرکوک ودەوروبەریدا زۆریان کۆکرابوونەوە دانرابوون .

کۆمەڵێک لەو لیڤیانەی کە لە ناو لەشکری بەریتانیدا هەبوون لەناو کەرکوکدا کاریانئەکرد ژیانیان بەسەر ئەبرد ،  لە ڕۆژی ١٤چواردەی مایسی ساڵی ١٩٢٤ دا، لە ئەنجامی هەندێک هۆ وتینەگەیشتن لەیەکتر ودەمەقاڵی لەگەڵ دانیشتوانی کەرکوکدا ، سەبازە ئاشوریەکان هێرشیان کردەسەر دانیشتوانی بێچەکی ناو کەرکوک لەئەنجامدا

پەنجاوشەش ( ٥٦) کەسیان لێکوشتن و ( ٤٤ ) چلوچوار کەسیشیان بریندارکرد ، لەتۆڵەی ئەم کوشتارەدا کەرکوکیەکان ویستیان تۆڵە بکەنەوە بەڵام بەریتانیا خێرا فریاکەوت گوێزانیەوە بۆ چەمچەماڵ .

بۆ سبەینێ هەر لە تۆڵەی ئەوکوشتارەدا دانیشتوانی کەرکوک هێرشیان هێنا بۆسەر گەڕەکی کونی مەسیحیە کلدانیەکان ماڵەکانیان تالآنکرد ، هەندێکیان لێکوشتن ، کە تـــا ئەوکـــاتەش کەرکـــوک لەژێـــر حـــوکمی ئینگلیزدابـــوو . ئەوانەی لە شوێنە کوردنشینەکانی کوردستانی باکورەوە هاتبوون ( تورکیا ) ، بوونە کێشەیەک بۆبەریتانیا، تورک ڕێگربوو لە بەردەم گەڕانەوەیاندا بۆزێدی باو باپیریان ، بوونە باریک بەسەر ئینگلیزەوە دوایی نیازیانبوو هەندیک دێهاتی سەرو موسل لە خاوەنە کوردەکانیان بسێنن پێیان بدەن لەوێ نیشتەجێیانبکەن کەئەکەوتە سەرو ئامیدی بەتایبەت لەدیی ( مای) .
تا کۆلۆنێل ویلسۆن حاکمی ملکی گشتی عێراق لە ٢٠ ئابی ١٩٢٠ بروسکەیەکی بەم مانایە نارد بۆیارمەتیدانیان وفریاکەوتنیان کە نیازیان وایە لەوشوێنانە نیشتەجێیان بکەن . ئەم کارەیان بۆ نەچوەسەر وازیان لەوبیرو نیازە هێنا ، هەرلەو ماوەیەدا نـــزیکەی دوهەزار لاویـــان دانـــابوو بەشـــێوەی ســـەرباز بەنـــاوی لیڤـــیەوە .
لەدوای ماوەیەک ئەوانەی لەچادرگەکاندا لەباقوبەمابوونەوە ، بێزاربوون ، لە ژێر سەرکردایەتی ( ئاغا پەترۆسدا ) بەرەو شاخ بوونەوە داوای حکومەتێکیانکرد لە سەرو موسڵەوە بۆیان دروستبکرێت ، وادیاربوو ئینگلیز ئەمەی پێخۆشبوو بۆ بەهێزکردنی خۆیان دژی تورک و ، لاوازکردنی کورد ، بە کارێکی بەجێیان دایە قەڵەم ، بنکەیەکیان بۆکردنەوە لە نزیک (پردی مەندان) لەکلکەی (شاخی مەقلوب) نزیک روباری خازەر لە بەینی موسڵ وئاکرێدا .
لە بەعقوبەوە دەهەزاریان گواستنەوە بۆ ئەو ناوچەیە ، پیاوەکانیان بەیاد وهیواو ئومێدەی پێشویانەوە ، ژن ومندالەکانیان لەناو چادرەکانی ناوچەی پردی مەندان بەجێهێشت ، بەرو شاخەکان بوونەوە ، شەڕ قەوما لە نێوان ئەواندا وخەڵکی

دانیشتوانی ناوچەکە بە تایبەت کە بەرزانیبوون ، لەئەنجامی ئەم کارەیاندا توشی شکستی بوون ، وئا ئومێدبوون لە وهیواو ئاواتەیان کەبەتەماییوون پێیبگەن ، دوای ئەم بەسەرهاتە ( پەترۆس ئاغا) سەریخۆی هەڵگرت بەرەو پاریس بەڕێکەوت ، دوای ماوەیەک لەوی کۆچی دواییکرد .

ە ماوەیەکی کەمدا ئاشوریەکان توشی کارەسات و ناهەموری و کوشتن و نەخۆشی و برسیەتی بوونەوە کە هۆی هەندیکی بۆخۆیان ئەگەڕێتەوە، کە بەباشی بارە ئاڵوزەکەی ناوچەکەو دەوروپشتیان و باری نالەباری خۆیان باش هەڵنەسەنگاندبوو ، هەندێکیان رەفتارو گیانی دەمارگیری وبەپەلەو هەڵەشەییان هەبوو پشتیان بەئینگلیز بەستبوو وئینگلیزیش لەو ئاستەدانەبوو کە پشتی تەواوی پێببەستریت .

لەناو بازاڕی شاری موسڵدا توشی شەڕێک هاتن کە ژمارەیەکیان لێکوژرا بەهەژدە ١٨ کوژراو و بریندار مەزەنەکران . ئینگلیز دوا جار وای بڵاوکردەوە کە هەولئەدەن ئاشوریەکان بەدائیمی نیشتەجێبکەن لەو شوێنانەی کە لەسەروی عێراقدا چۆڵن لە ناوچەی دهۆک و ئامێدی وشاخەکانی سەرویان ، دایانە قەڵەم کە ئەمە باشترین ڕێگە چارەیە بۆ کێشەی ئاڵۆزی ئاشوری کە حکومەتی بەریتانیا پێڕەوی بکات بۆ بەرژەوەندی ئاشوریەکانە وجێبەجێی ئەکات. بەمەرجێک لەوشوێنانەدا خۆیان کاروباری خۆیان بەرێوەبەرن ، دەوڵەتی عێراقیش ئەم هەنگاوەی لاپەسەندبوو .

کاتێک ئاشوریەکان چاوەڕوانی ئەنجامدانی ئەوبەڵێنەبوون ، کێشەو گیروگرفتی ولایەتی موسل دروستبوو لەنێوان ئینگلیزو دەوڵەتی عێراق بەهەردو لەلایەک ، لەگەڵ کۆماری تورکیا لەلایەکی کەوە ، بووە کێشەیەک لەنیوانیاندا، وەک لەوەپێش باسی لەسەرکرا ، لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت لەلایەن کۆمەڵەی گەلان (عسبە الامم ) هاتن بۆعێراق بۆ لێکۆڵینەوە وگەڕان و نووسینی ڕاپۆرت لە سەر ولایەتی موسیل ، یەکێک لەڕاسپاردەکانیان لەڕاپۆرتەکەدا ئەوەبوو کە ئەبێت ئاشوریەکان دەستکەوتەکانی پێش جەنگی یەکەم وەربگرنەوە و جۆرێک لەحوکمی ذاتیان بۆدابین بکرێت .

تورکیا بەهیچ شێوەیەک قبوڵینەکرد بگەڕێنەوە بۆ زێدی باو باپیریان لەناوچەی هەکاری ، لەماوەیەکی کەمدا توانیان لە دەری ڕەواندز لە دەشتی نەهلە وسەرو ئاکرێ

٤٥٠ چوار سەدو پەنجا خێزان نیشتەجێبکەن. کاربەدەستانی حکومەتی عێراق زۆرجار پەست وبەداخبوون لێیان کە لە هەموو کاروبارو پرسیاریاندا ڕوویان لە ئینگلیز ئەکرد زۆر لە ڕاپۆرتەکانی ئەم دوایییەی بەریتانیەکان دەربارەیان وەک جاران نەبوو پشتگیری و بەتەنگەوە هاتنی تیا بەدی نەئەکرا بەرامبەریان . بیرۆکەی حوکمی ذاتی بەرەو ڕەوینەوە ئەچوو ، لەولاوە کوردیش ئەم سیاسەتەی ئینگلیزی بە دڵنەبوو ، بەوجۆرە لە سەرحسابی کوردو زەوی و زاری هاووڵاتیان ئەوکێشەیە حەلبکەن.

ئەبوو تورکیا مەجبووربکەن ڕێگەبدات رۆڵەکانی وڵاتەکەی خۆی وەربگرێتەوە ویگەڕێنەوە ناو ناومال شوێن وزێدی باوباپیرانیان ، کە ئەم کارە زۆر ئاستەنگ نەبوو بۆ ئیمپەراتۆریەتی بەریتانیا، کە لەوڵاتانی براوەی جەنگبوو، هەروەها کورد قایل نەبوو وڵاتی داگیربکرێت دانیشتوان دەربکرێن و بدرێت بەوان .لە١٤ تشرینی ساڵی ١٩٣٢ داواکاری ئاثوری بۆحوکمی ذاتی ڕەتکرایەوە ، لەبەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی لیژنەی ئینتیداب ، کەلەو ڕاپۆرتەدا نووسرابوو : ( ئاثوریەکان خۆیان بەرپرسیارن لەدوا رۆژی خۆیان ولەسەر خۆیانە ، وبەندە بەوەی ئاثوریەکان چەندە پشتگیری عێراقبکەن ودڵسۆزبن بۆی ).

لەوکاتەدا مار شەمعون چووبوو بۆ جنێڤ بەدوای ئەنجامدانی داواکاریەکانیان ، کەدی داواکانیان ڕەتکراوەتەوە و دژی ئاواتەکانیانە خێرا گەڕایەوە بۆعێراق ، پێش نیازی تری پێشکەشکرد داوای دەسەڵاتی کەی کرد ، قایل نەبوو بەبڕیارەکان وکارەکانی لیژنەی نیشتەجێکردنی ئاثوریەکان ، حکومەت بانگیکرد بۆ بەغدادو داوایلێکرد کە پەیمان بدات ئاشتی وهێمنی بپارێزێت ئەوجا ڕێگەی ئەدەن بەغداد بەجێ بهێلێت ، بەڵام خۆی ملینەدا ، ئاثوریەکان بەمە قایلنەبوون ، داوایانکرد کە ئەیانەوێت بچنە ناو ناوچەی ژێر ئینتیدابی فەرەنسیەوە لەسوریا .

بۆ جێبەجێ کردنی ئەو نیازو مەبەستەیان حکومەت ڕێگەیدان ژمارەیەکی زۆریان بەچەکەکانیانەوە لەدیجلەدا بەرەو سوریابوونەوە، پەڕینەوە ، هێزی حکومەتی عێراق بە دوایانەوەبوو بەمەبەستی ئەوەی ڕێگەی گەڕانەوەیان لێبگرن .

کاربەدەستانی فرنسا چەکەکانی لێسەندن ، لەوێش ئەوەی هیوایانبوو وادەرنەچوو ،وپەشیمانبوونەوە گەڕانەوە بۆ ناوعێراق ، ئەم هەنگاوەش بووە کارەساتێکی کە بۆیان ، زۆریان لە کاتی پەڕینەوەدا لەناو دیجلەدا خنکان ، لەگەڕانەوەدا لەشکری عێراق ڕێگەی لێگرتن پەلاماریدان لە ئەنجامی شەرو پەڕینەوە زیاد لە هەزار کەسیان لێکوژرا ولەئاوی دیجلەشدا بەژن ومندالیشەوە خنکان، دوای ئەم کۆمەڵکوژیە وەفدی عێراق بانگکران بۆجنێڤ بۆلێکۆڵینەوە وڕونکردنەوەی ئەم کوشتارە لە (عوسبە الامم ) وبـــــۆتێڕوانین لە هەڵوێـــــست وکـــــرداری حکـــــومەتی عێـــــراق دژیـــــان .
ئەم بەشـە گـرنگە لەدانیـشتوانی کوردسـتان وەک هەمـوو بەشـەکانی کە تووشـی ناهەمواری ناخۆشیبوون لە ئەنجامی کارەسات و بەسەرهاتیان ، لـەئـەنجامی ئـەم هەموو بەسەرهات و کارەسـاتەیـان ، کـەئینگلیـز خـۆی دزیـەوە لێیـان وەک جـاران گوێینەدانێ ، لە ناو شارەکانی عێراقدا لەکەرکـوک وهەولێـرو دەوروپـشتی موسـڵ و دێهاتەکانی بڵاوبوونەوە بەشێکیان لەناوسوریا وئێران مانەوە کەکارەساتێک و ژیانێکی ناهەمواریبوو توشیانبوو.
لەدوای ئەوەی کۆمپانیای(i. p .c) ئای . پی . سی (کۆمپانیانی نەوتـی عێـراق )دەسـتیکرد بەدرەهێنـانی نەوت لە کەرکـوک ژمـارەیەکی بەرچـاوی لەئاثوریەکـان دامەزران وکاریان بۆدابینکراو ژمارەیەکی باش لە خێزانیان لە ناوچەی عەرەفەی سەر بەکۆمپانیای نەوت لەناوشاری کەرکوکدا نیشتەجێکران.و لەناو شارو دێهاتەکاندا دەژین

**دەربارەی کلدانیەکان وسوریانی مەسیحی** کەنیشتەجێی شاری کەرکوک و دەوەروبەریبـوون ئەومەسـیحیە یـانە لەخێزانەکـۆن و ڕەسـەنەکانی نـاوکەرکوک و دەوروبەریبـوون ، بەتـایبەت کـە لاسـیوم ، لاشـوم وداقـوق مـەرکـەزی کـەنیسـەی مەسیحیەکـانی ، دانیـشتوی کـۆنی ناوچـەکـەبـوون ، لەوانەیە هەنـدێکیان بەڕەگەز کوردبوون وەک چۆن لەوە پێش باسیان لێوەکرا ،بەڵام زوبانی ئایینیان بەکار ئەهێنا وپەسەندیان کردبوو لەئاخاوتنی دینی وئاسایی ڕۆژانەیاندا کەشێوەیەکی ئارامیبوو.
ئەم مەسیحیەیانە ڕەگێکی مێژووی کۆنیان هەیە لە وڵاتدا لە وەپێش بەڕونی باسیان لێکرا .

لەساڵی ١٩٤٦ دا بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەکرێکاران لەهەموو نەتەوە ئاینیەکان لەکۆمپانیای نەوتی کەرکوک کاریانئەکرد وپارتی کۆمۆنیست بنکەیەکی جەماوەری فراوانی هەبوو لەناو کرێکارانی ئەو کۆمپانیەدا، بنکەیەکی ڕێکخستنی دروستکردبوو لەناو کریکاراندا ، لەخۆپێشاندانێکدا بۆ دەستکەوتنی چەند داواکاریەک لەشوێنێک بەناوی باخی گاوران (گاورباغی ) نزیک کۆمپانیای نەوت کۆبوونەوە ، تەقەیان لێکراو کۆمەڵێکیان لێکوژرا ئەم ڕوداوە ناو نرا بە گاورباغی خوێناوی ( مذبحه گاورباخی ) .ئەمڕۆ ئەوهەموو مەتەوەو کەمەنەتەوەیی و ئایینی وەک برائەژین لەشاری کەرکوکی هەمەڕەنگ و برایەتیدا ، تاگیانی برایەتی و لەخۆبوردەیی هاوکاری یەکتر گەشەتربێت ، بەوپێیە ژیانی هەموو ئاسودەتر و پێشکەوتو تر ئەبێت .

* مستر ئەدمۆندز ، کورد و تورک و عەرەب ، ،لاپەڕە ٣٤٩.
* عبدالرزاق الحسنی ، تاریخ العراق السیاسی الحدیث الجزء الثالث لاپەڕە٢٦٦ تا٢٢٧٠ لاپەڕە٣ ، ٢٠ تا٢٧ .
* ڕاپۆرتی لیژنەی عسبەالامم دەربارەی کێشی ولایەتی موسل .
* دائره المعارف الاسلامیه .
* قاموس الاعلام العثمانی چاپی ئەستانبول .
* مێجر لۆنکریک ، اربعه قرون الاخیرەمن تاریخ العراق الحدیث ، لاپەڕە ١١ تا٤٥ تا ٥٠ ، ٦٥ ، تا٧٠ ، ١٤٠ تا ١٦٠ ، ٢١٦ تا٢٤٧ .
* هنری فۆستر ، نشات العراق الحدیث ، لاپەڕە ٢٤٠ تا٣٠٠.
* د. شاکر خسباک ، العراق الشمالی دراسه لنواحی التبیعیه والبشریه ، لاپەڕە ٢٤٢ تا٢٤٥ .
* د. مزەفەر عبداڵله امین — د . جهاد سالح العمر ، العراق فی التاریخ ، ٦٦٣ تا٦٨٠ .
* محەمەد ئەمین زەکی بەگ ، مێژووی کوردوکوردستان
* عەبدوڵله عەبدوالکریم مارف بەرزنجی ، کارکۆک لەمێژوودا



**کچە پێشمەرگەیەکی ئاثوری بەناوی مارگرێت کەهاوبەشی شۆڕشی ئەیلولی کردوە**

# بەشی هەشتەم



وێنەی شارێکی کوردستانی بەقەڵادێریەکەیەوە

# باری سیاسی کورد دوای هەڵوەشاندنەوەی
## ڕژێمی پاشایەتی مەلیک مەحمود

وەک لەوە پێش ئاماژەمان پێدا تا ساڵی ١٩٣٠بەدواوە لە ئەنجامی کاردانەوەی ڕەفتاری خراپی کاربەدەستانی ئینگلیزو پاشایەتی عێراق ، کە ئینگلیز نەی هێشت حوکمی مەلیک مەحمود بەردەوام بێت (زۆری لێکرا کە ئەبێت دابنیشێت دەست تێوەرنەدات لە کارو باری کوردستان و ناوچەکە ) .

دوای ماوەیەک شێخی نەمر کە لەودیو سنور چاوەڕوانی هەلێکبوو بڕەخسێت بۆی، ئەوەبوو دوای ڕوداوەکانی ساڵی ١٩٣٠ دوای شەڕوکوشتاری ڕاپەڕینەکەی بەردەرکی سەرا ، هەڵساو ڕاپەڕی بەهێزەکەیەوە هاتەوە ناو عێراقەوە ، لەولاشەوە لەبارزان شێخ ئەحمەدی بارزانی و مەلامستەفای برای لە هەمان کات وساتدا بەهێزێکی زۆرەوە

ڕاپەڕین هەردولا کارەکانیان ڕێکخستبوو پەیوەندیان بەیەکەوە هەبوو ، لەماوەیەکی کەمدا سەرکەوتنیان بەدی هێنا ، کەکاتیبوو .
ڕاپەڕینەکە سەرنەکەوت  شکستی هێنا بەهۆی هێرشی پرچەک وتفاق وبەهێزی ئینگلیزو کاربەدەستانی عێراقی وبەیارمەتی هێزی ئاسمانی ئینگلیز . لەئەنجامدا شێخ مەحمود گیراو لە ناسریەو بەغداد  بەدەستبەسەرکراوی مایەوە، شێخ ئەحمەدی بارزانیش نەفیکرا بۆخواروی عێراق لەساڵەکانی ١٩٣١ بەدواوە  دوای شکستی هەردو ڕاپەڕینەکە  ،جولانەوەو ڕاپەڕینی کورد ئەو چالاکیانەی پێشووی نەما تاڕادەیەک کزیوو ئەم بارە بەوشێوە بەردەوام بوو .
تا ساڵی ١٩٣٦ بە دواوە  لەگەڵ کۆدەتا سەربازیەکەی بەکر سدقی ، کەوزەیەکی نوێیدا بە جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەتاییەت لەکوردستانی خوارو .
لە تشرینی یەکمی ساڵی ١٩٣٦ دا وەکێلی قائدی فیرقەی دوو لەکەرکوک ،فەریقی یەکەم بەکر سدقی هەڵگەڕانەوەیەکی سەربازی لەپری ئەنجامدا  ، بووە سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق ، دەستیگرت بەسەر  هێزی سوپاو حکومەتدا .
ئەم ئەفسەرە سەربازیە بیروبۆچونی سۆشیالیستی وچاکسازی هەبوو،  لە بەرئەوەی کوردێکی نەتەوەیی بوو ڕەوتێکی نوێیدا بەجولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد ، بەتاییەت کە فیرقەی دوو لەکەرکوک لەپیادەی شاخاوی پێکهاتبوو زۆرترین سەربازەکانی کوردبوون ، لەوماوە کەمەدا تاڕادەیەک توانی خزمەتی نەتەوەکەی بکات زۆر ئەفسەری سەربازی کورد لەکولییەکانی سەربازی دەرچوون ودامەزران وهیوای دوا ڕۆژێکی ڕوناکی خزمەتگوزاری بۆکورد لێ چاوەڕوانئەکرا ئەگەر وا زووبە زوو تیرۆر نەکرایە ، کەبەدەستێکی گڵاوی نەژاد پەرستیانی عەرەب لەموسڵ تیرۆرکرا .
هەرلەم ساڵانەدا (کۆمەڵەی هێوا) پێکهات بەسەرکردایەتی ڕفیق حلمی ولەگەڵ ژمارەیەک  ئەندامانی نیشتمانپەروەر ، هەرچەندە کۆمەڵەی هیوا  دو باڵی هەبوو باڵیکی چەپرەو کەحەزیان بەبەرەی سۆشیالیستی بوو ، باڵی دووەم مەیانەڕەوە بیرو بۆچوونیان وابوو  کەدۆستایەتی ئینگلیز لەدەستنەدەن ، دوایی هەر دوباڵەکە لەیەک جیابوونەوە ، چەپرەوەکان  ( حیزبی ڕزگاری کوردیان) دامەزراند هەموو هیوایان وابوو

بائیتر بشت نەبەستین بەهێزو توانای دەرەبەگ و عەشایر بەڵکو بەهێزو خەباتی جەماوەر وچینایەتی .

هەروەها زۆر لەپارت و کۆمەڵەی کە دامەزرا بەتایبەت : پارتی کۆمۆنیستی عێراق ساڵی ١٩٣٤وکۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ساڵی ١٩٤٢ وپارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی ١٩٤٦ .

لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا ، لەگەل کۆدەتاکەی ڕەشید عالی الگیلانی کورد بەنیازی ئەوەبوو کە فرسەتێکی دەستبکەوێت لەهەلێکی گونجاودا ، بتوانێت ماف وئاواتی نەتەوەی کورد لەئازادی و ڕزگاری ودامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان بهێنێتەدی ، دڵسۆزان و یشتمانپەروەران و ڕۆشنبیران لە خەم و کاری ئەوئامانجە پیرۆزەدابوون ، لەبارزان شۆڕش بەرپابووبوو لە سۆرانیش شێخ مەحمود ساڵی ١٩٤١ بەغدادی بەجێهێشت ، دەستی دایەوەچەک وراپەڕی ، هەروەها شەریف پاشاهاتەوە مەیدانی چالاکی سیاسی و دەستیکردبوو بە پەیوەندی بە ناوەندەکانی بریارو ولاتانەوە ، لە هەموو بەشەکانی کوردستانی داگیرکراو لاوان و ئەندامانی سەربەرێکخراوە ئاشکراو نهێنیەکان خەرێکی چالاکی وخۆرێکخستن بوون بەنیازی دەستکەوتێک بۆکورد لەم کاتە ناسک وچارەنووسدارەدا کەجیهان پیا تێپەڕ ئەبوو ، نەئەزانرا ئەم جەنگە بەچی ئاقارێکدا ئەڕوات ، کورد ئەبێت خۆی رێکبخات ماڵی کورد یەکبخات بەچەخت و وریابێت بۆڕوداوی لەپڕ ، تا بتوابێت لەهەڵی ڕەخساودا لەئامادە باشێدابێت بەیەکرێزی یەکێتی ڕیزەکانی وبەیەک وشەو یەک بریار هەل بقۆزیتەوە فرسەت لەدەستنەدات ، لەئاستی ڕوداودابێت فریابکەوێت .

شەڕ بڕایەوە ، مامە ئینگلیزو هاو پەیمانانی لەجەنگەکەدا سەرکەوتن لە ئەنجامدا هەروەک جاران کارێکیان بۆ کورد نەکرد ، دوژمنان وداگیرکەرانی کوردستان وهاوپەیمانان لەکورد بەدەست ترو بەکارتربوون .

کوردیش ئەوتوانا زاتیە بەرگەگریەی نەبوو ، کەبەرگەبگرێت ووریایانە سیاسەتی بەڕێوەبەرێت، لەگێژاوی ململانێی نێودەوڵەتی وبەرژەوەندی و گەمەی جیهانی وهەوڵ وکۆششی دوژمنانی دەورویشت تالەوبەینەدا بەئامانجی نەتەوەیی بگات بتوانێت

بەسەرکەوتویی مافی گەلەکەی بەدەست بهێنێت ، .هەوڵێکبدات کارێک وسیاسەتێک پەیرەو بکات رێگەیەکی گونجاو بگرێتەبەر لەوپەشێویەدا ولەکۆتایی جەنگەکەدا شتێک بەدەست بهێنێت .

لەکاتی برانەوەی جەنگدا کۆماری مەهاباد دامەزرابوو ئەویش کەوتەبازاڕی بەرژەوەندی وململانێی جیهانیەوە ونەگەیشتە ئەنجام و ئاواتەکانی بەربەست کران بەپێی پیلانی نێودەوڵەتیحکومەتەکە بەئاسانی لەناوبرا.

ئەوکۆمارەی مەهاباد کە کورد بەخوێنی لاوان خەباتی بێوچان بەئەنجامیگەیاند ، دوای جەنگەکە هەرخێرا لەبازاڕو مەیدانی کڕین وفرۆشتنی گەرمی بەرژەوەندی وداگیرکەرانی کوردستان وکۆلۆنیالیزمی جیهانی بەبەرمیلە نەوت فرۆشرا پەندو وانە، ئەوەیە کە نەتەوەی کوردو هەر نەتەوەیەکی کە پێویستە یەکەم پەرموونەوەی بەخۆی وتواناو ڕۆڵەکانی خۆیبێت یەک ڕێزو یەک وشەبێت یەک بڕیارو یەک هیزو یەک ڕابەر بێت، ڕاوەستاو وبەرگەگری مەیدان بێت ، بەپرۆگرامێکی بەئەزمون و ردکراوە بەیەک دەنگ بێتە پێشەوە ، ، ڕاست ودروست وخەمخۆر بێت ، بەهەڵوێستی بەهێزو نەتەوەیی ویەکڕیزی هێزەکانی دەبێت ، بێتەمەیدانەوە هەردەم ئاگادار بێت لە بۆسەدابێت . ئەوسا پشت بەستو بێت بەهاوکاری و پشتگیری ناوەندی بڕیار ، بەوشێوەیە کارەکانی بەرەوپێشەوە ئەڕوات ، بەوشیوەیە ئەتوانین دوژمنان بهێنینە سەرمێزی هاوکاری ، کەخۆمان نەبێن فرە بەرەکەبین ئیترچۆن چاوەڕوانی چاکەو یارمەتی کەی ناوەندی جیهانی وخاوەنی بڕیاری جیهانیبین . هەموو کوردێکی ڕۆشنبیر لای ڕوونە ئەزانێت هەرگیز کۆلونیالیزم بەرژەوەندی خۆی لە ئێراندا لەدەستنادات بۆ ئێمەی کورد کە ئێران دەوڵەتێکی گرنگی بەهێزی ناوچەکەیەو خاوەن مێژوویەکی کۆنە وشارستانیەو شوێنگەی ستراتیجی خۆی هەیە و پشتی بە ڕوسەوەیە .

تورکیا گرنگترین مەوقعی ستراتیجی ناوچەکەی هەیە، گەورەیەو فراوانە دوستی دێرینی ئەمریکاو دەوڵەتانی بەهێزە وئەندامی پەیمانی ناتۆیە .

هەروەها ئامادەنین لەبەرخاتری ئێمە عەرەب و ئەو هەموو دەوڵەتە عەرەبیانە لە خۆیان زویریکات ، سعودیە وژمارەیەکی کە لە دەوڵەتانی عەرەب خاوەنی کانگای

نەوتن دوستی دێرینەن . کورد خۆشی لەوئاست وهێز ویەک وشەیی یەک ڕیزی وئامدەکاریەدا نەبووە وتوانای مادی بەو پێیەنەبوو لەوئاستەدا نەبووە لەگەڵ زۆرهۆی تر کەهەن ناتوانێت ئەوان بکاتە هاوکار ویارمەتیدەر . لەبەر ئەو هەموو هۆیانە کورد دەستبەتاڵ مایەپوچ مایەوە، ئەوەی ئاواتی بوو پێی نەگەیشت وهەلی لەدەستچوو .

مەگەر دەوڵەتێکی گەورەو بەهێز بۆبەرژەوەندی پێوستی گرنگی تایبەتی خۆی دەستمان بگرێت ، لەگەڵ ئەوەدا کە مەرجە خۆمان هەبین و ئامادەو یەکریز ویەک بڕیاربین .

هەموکوردێک ئەبێت ئەوە باش بزانێت ، کەتا ئەمڕۆ بیروڕاو نەخشەیەکی نەگۆڕاو هەیە لەسەرمێزی دەوڵەتانی خاوەن بڕیارو بەهێز ، سیناریۆیەک هەیە هەر لەکۆنەوە دانراوە ، لەلایەن دەوڵەتانی کۆلۆنیالیزم و دەوڵەتانی بەهێزو ناوەندی بڕیار دەربارەی دوارۆژی کوردو چارەنووسی ، تائەمڕۆژ نەگۆڕە ، تائەمڕۆ ڕێگەیان نەداوە کورد شادبێت بەدەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ ، لەئۆتۆنۆمی و فیدراڵی زیاتر ئەمڕۆ لە بیرو بەرنامەی کاریاندانیە . بەتواناو یەکگرتویی ئەتوانین زۆر لەو سیناریۆ و بڕیارانە کالبکەینەوە وبگۆڕین .

لە کات ودوای جەنگی جیهانی دووەمدا نەخشەی زۆر لەوڵاتان گۆڕاو زۆر نەتەوە بە ئاواتی خۆیان شادبوون بەڵام نەتەوەی کورد لەهەموو ناوچەکاندا هەرلە هەوڵ وخەبات وشۆڕشی بەردەوامدابوو ، بەتایبەت لەبادینان بەسەرکردایەتی (شێخ ئەحمەدی بارزانی ومەلامستەفای بارزان ) لەسۆران لەژێرفرمانی (شێخ مەحمود) دا .لەشورشدابوون لەکوردستانی باکور و بەشەکانی کەی کوردستان ئەوهەول وکۆششە وهەڵوێستە بۆسەندنی مافی نەتەوایەتی گەلی کوردستان لەوکاتانەدا هەبوو لەبیرو دەرونی دڵسۆزاندا جۆشی ئەخوارد .

لەکوردستانی خواروودا هەر لەوکاتەدا ئینگلیز هێزێکی گەورەی پڕچەک وتفاقی شەڕی ئامادەکردبوو بۆ بەرنگاربوونەوەی هەرجوڵان ڕاپەڕین وشۆڕشێکی کورد ، بەوشێوەیە ئینگلیز وسەرکردەکانی پاشایەتی عێراقی پێشڕەوی هێرشێکی بەرفراوانی لەشکری

عێراقیان کرد ، بەهاوکاری چەند هۆزێکی ناوچەکە دژ بە شۆڕشی لەبارزان کەوتنە چالاکی و جولان ، لەئەنجامدا شێخ ئەحمەدو مەلا مستەفا بارزانی بە هێزەکەیانەوە بەرەو ئێران کشانەوە.

لە١٤ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥ دا ، بارزانی بەهێزێکەوە چوەپاڵ کۆماری مەهاباد ، لەولاوە شێخی ئەمر هەستیکرد ئەو تواناو پشتگیریەی نیە کە بتوانێت بەرگەی هێزی ئینگلیزو عێراقی بگرێت ودوای پەیوەندی وگفت وگۆ ، زۆر لە داواکاریەکانی ڕەتکرایەوە دواجار بەناچاری چووە داریکەلی دانیشت ،لەوێ مایەوە ، تا لەساڵی ١٩٥٦ دا بەنەخۆشی لەنەخۆشخانەی بەغداد کۆچی دواییکرد وتەرمەکەی لەسلێمانی بەخاک سپێررا . شەریف پاشاش سەری خۆی هەڵگرت گەڕایەوە بۆ ئەوروپا . کۆماری مەهابادێش بەپلانێکی نێو دەوڵەتی لەناو براو ، قازی محەمەدی سەرکۆماریش لە ٣/٣١ ١٩٤٦ دا لەمەیدانی چوارچرا لەشاری مەهاباد لەسێدارەدرا.

لەگەڵ کەوتنی کۆماری مەهاباد مەلامستەفا بەهێزەکەیەوە ناچار ئێرانی بەجێهێشت بەدەم شەڕەوە چووەناو وڵاتی سۆڤێتەوە ، لەوێ بەپەنابەر مایەوە تاساڵی ١٩٥٨ دوایێ شۆڕشی ١٤ تەمووز گەڕیایەوە ناو خاکی نیشتمان وەک پاڵەوانێکی نەتەوەیی پێشوازی لێکرا.

سەرچاوەکان : بەپێی یاداشت و بیرەوەری نووسینەکانی ڕۆشنبیران و سیاسەت مەدارانی کورد ومێژوونووسان لەوکاتانەدا وەک : ئەحمەد خواجە ، ڕەفیق حیلمی ومێژوونووسانی کەی کورد وەک سالح قەفتان ،د کمال مەزهەر ، د ولید حمدی ، جواد الملا ،یاداشتی مەسعود بەرزانی و تاڵەبانی وقاسملۆ وگۆڤارو ڕۆژنامە کوردیەکان

# گوزەرانی کوردستان بەتایبەت دەڤەری کەرکوک

## بەدەست شۆڤێنزمی عەرەب و بەعسەوە

بەدرێژایی مێژوویەکی نزیک وسەردەم دانیشتوانی کەرکوک بەهەموو پێکهاتەی نەتەوە وکەمە نەتەوەیی و ئاینیەوە بە هەموو توێژو چینەکانیانەوە وەک برا ژیاون ململانێ وساردی ئەوتۆ لە نێوانیاندانەبووە کەببێتەهۆی دوژمنایەتی وشەڕی بەردەوام ، دیاردەی ناحەزی لەنێوانیان زۆرکزبوو.

دوای دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت و بەکاربوونی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک ، بەسەدان کرێکار لە پێکهاتەکانی دانیشتوانی کەرکوک خرانە سەرکار ، ژیان وگوزەران وبژێوی لە کەرکوکدا بەرەو باشتر ئەچوو بێکاری کەمبووەوە نوێنەری نەتەوەکان وکەمایەتی ئایینی وەک کرێکارو فرمانبەر لە کۆمپانیای دەرهێنانی نەوت کاریانئەکرد، کەرکوک بووە شاری برایەتی و پێکەوە ژیان وپێکهاتەی هەمە نەتەوە وئایینی کە لەوسالأنەدا پێکهاتەیان بەم شێوەیەی خوارەوەبوو :-

یەکەم : نەتەوەی کورد یەکەم نەتەوەبووە لەکەرکوک بەدرێژایی مێژوو هەمیشە زۆرینەبووە ڕەسەن وڕەگ داکوتاوی هەرەدێرین بوون. بەپێی سەرژمێری ساڵی١٩٥٧ کورد زۆرینەی دانیشتوانی ناو کەرکوک ودەوروبەری بووە

دووەم : تورکومان کە مێژوویان لە لاپەڕەکانی پێشودا باسکراوە ، ژمارەیان لە دوای کوردەوە دێت. زۆر لە چاودێرانی سیاسی ڕایان وایە ئەم تورکومانانە چارەنووس وخۆشی وبەسەرهاتیان پەیوەندی راستەو خۆی هەیە بە نەتەوەی کوردەوە ، کە لەم چەند ساڵانەی دواییەدا ، بەدەستی ڕژێمی بەعسەوە وەک کورد بێبەش نەبوون لە بە سەرهات وکارەسات وکوشتن وبڕین و ڕەوپێکردن وداگیرکردنی زەوی وزار ، کە تارادەیەکیش ئەوانیشی گرتوەتەوە، ئەوەی هیوای لێئەکرێت باشتر ئەوەیەو لەبەرژەوەندی هەمووە کەپاڵبدەن بە کوردەوە و هاوکارو هاودەم بن کەسودی هەردولای تیاییە و کلیلی سەرکەوتنە بۆهەردولا و هەموو .

سێیەم : عەرەب کە لەکوردستاندا زۆر تازەن لەم چەند سەدەی دواییەدا ڕەویانکردوە بۆ ناوچەکە، هاتنیان بەچەند ماوەیەک ولەچەند قۆناغێکدا ئەنجامدراوە هەر لە بەرەبەیانی بڵاوبوونەوە ئایینی ئیسلامدا عەرەب وەک نەتەوە : ( بەتایبەت هۆزە عەرەبەکان بە خاوخێزانەوە وروژمیان هێناوە کۆچیانکردوە بۆ نیشتەجێبوون لەژێر ئاڵای ئایینی ئیسلامدا بەدواو لەگەڵ لەشکری موسوڵمانانندا) بۆ یەکەم جار لەمێژوودا لەروباری فورات پەڕینەوە سنوری خاکی عەرەبیان بەزاند بەرەو خاکی نەتەوەی کوردو گەلانی ناوچەکە ڕەویانکرد ، هەروەها لە پێنج سەد سال کەمترە کە گەورەترین هۆزی عەرەب بەناوی شەمەر لەدورگەی عەرەبەوە لە گەل هۆزەکانی عوبێدو جبور وموزەرو بەنی بەکر کۆچیانکردوە لەناوخاکی کوردستاندا بلاوبوونەوە .

لەسالەکانی سەدەی ڕابوردودا لەچلەکاندا لەناو کەکوکدا عەرەب کەم ئەبینران ، لە ناوچەی خوار ئیستگەی شەمەندەفەری کەرکوک ئەژیان پێیان ئەوتن حدیدی ، بەهەمویان گەرەکێکیان لێدروست نەئەکرا بەبەخێوکردنی گامێش ومەڕوماڵاتەوە خەریکبوون، دوای نیشتەجیبوونی عەرەبەکان لەناوچەی حەویجە ورۆژئاوای کەرکوک ژمارەیان زیادیکرد ، هەر وەها ژمارەیەکی کەمیان فەرمانبەربوون لەناوکەرکوکدا هەبوون .

بە هۆی هەوڵدانی سەرومڕی حکومەتەکانی یەک لەدوای یەکی عێراق لەساڵەکانی دروستبوونی نیزامی پاشایەتی عیراقەوە لە ساڵی ١٩٢٠ وە تا ئەمرۆژ شۆڤێنیە عەرەبەکان بەهاوردە کردنیانەوە خەریکن ولەفرمانگەکاندا بەزۆری دائەنران و بەردەام خەریکی تەعریبکردنی خاکی کوردستانن ، هەرپاڵە پەستۆیانەو بەتەکان و بەتۆپزی وردەوردە خاک وشوێنی کەمان لێداگیرئەکەن ، هەر وەسیلەیەک لەبەردەمیاندا بێت ئەیگرنەبەر تابەو ئامانجە ڕەگەزپەرستیە بگەن تائەمرۆژ هەر بەردەوامن . عەرەب وەک نەتەوە یەکەمجار کەبڵاوبوونەوە ، پاڵیان پێوەنایین لە دیجلە خۆمانگرتەوە ، دوایی بەپاڵێکی کە لە حەمرین خۆمانگرتەوە دوای ئەو سەدانە خەریکی داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی حەمرینیش بوون ، بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدان بەشێکیکە لەخاکی

کوردســــــــتان بەکــــــــورد چــــــــۆڵبکەن وعەرەب نــــــــشینیبکەن.
سەدامی تاوانکاریش ویستی پاڵمان پێوەبنێت لە شاخی بەرانان و هەیبەت سوڵتان تانزیک دهۆک خاکمان زەوتبکات ، پێمان چۆڵبکات و عەرەب نشینی بکەن یان هەموو کوردستانمان پێ چۆڵبکات بەلام بۆیان نەچووەسەر تا نووسینی ئەم چەند دێڕەش هەرخەریکن ، ئەنفالی بەدناو هەر بەردەوامە، کوردیش سەرسام واقی وڕماوە نازانێت چیبکات وچۆن چارەی ئەم کێشەیەبکات سنورێک دابنێت بۆ ئەم دەستدرێژیانە حکومەتی فیدراڵی عێراقیش دەست بەتاڵ لەدورەوە سەیر ئەکات . . بیرۆکەو ئەنجامدانی نیشتەجێبوون لەلای عەرەب زۆر ئاسانبووە کەمتر هەستی پێئەکرا و بەم شێوەیەبووە :

{ کۆمەڵێک چادرنشین وڕەوەندی عەرەب بەمەڕومالاتەوە دێنە پێشەوە بەناوی لەوەڕەوە لەشوێنێک ئەگیرسێنەوە بەناوی بەرگریکردن لەمەڕومالاتیان چەکیان بە شانەوەیەو ئامادە، ماوەیەک ئەمێننەوە لەوشوێنانە ولەوەڕگایە کەسیش نیە ڕێگەی لەوەڕیان لێبگرێت، دوایی دەستئەکەن بە خانو دروستکردن و نیشتەجێبوونی بەردەوام ، لەسەر مەڕیک پیاوێکی کورد ئەکوژن }.
چوارەم : ئاشوری وکلدان ، بەتایبەت کلدانەکان کەمێژوویەکی کۆنی ڕیشەداریان هەیەلە کوردستاندا مێژوو شاهیدە کەچەند برایەتی وتەبایی و هاوکاری هەبووە لە گەڵیاندا، چارەنووسیان لە گەڵ پێکهاتەی شارەکە وناوچەکەبووە. لە نووسینەکانی پێشوودا هەندێک زانیاری نووسراوە دەربارەیان ، کە لەناو ڕۆڵەکانی کوردا هەبوون مەسیحی بوون، لەکاتیخۆیدا خزمەتی ئەو ئایینەیانکردوە ، دورنیە ئەمڕۆ بەشێکیان نەوەی ئەوکوردانە نەبن ، بەڵام بەهۆی ئەوەی زمانی دینەکەیان وەرگرتوە وئاخاوتنی پێئەکەن بەسامینەژاد ناسراون ، ساغکردنەوەی ئەو بیرۆکەیەش ئەگەڕێتەوە بۆشــــــارەزایان وزانیــــــاری مێژوویــــــی بەڵــــــگەدار و بۆخۆیــــــان .
ئەوەی ســاغکراوەیە زۆر ڕونە میــژوو ئاگــادارە چــارەنووس و دوا ڕۆژیــان لەگەڵ چارەنووس و ژیانی کـورد دایە بـۆیەکتر پاڵپشتن ،بەشـیک لـە ئـەوانیش لـەگـەڵ

پێکهاتەکانی کەی کەرکوکدا ، بێبەش نەبوون لەزوڵم و زۆری ڕژێمی بەعس .
ئەوەی ئەمڕۆ گرنگە کەرکوک شاری برایەتی وپێکەوە ژیانی هەمە نەتەوەو ڕەگەز هەمەجۆری ئایینی وبڕوایە ، شاری برایەتی وهاوکاریە ، هەمەڕەنگە، تاگیانی لێبووردن وتەبایی وبرایەتی وپێکەوەژیان وهاسەنگی بەردەوامبێت ئەوشارە لە گەشەکردن و پێشکەوتندا ئەبێت ڕۆڵەکانی لەکەش و هەوایەکی ئارامی وخۆشیدا ئەژین .
شاری کەرکوک بەدرێژایی مێژوو بەتایبەت لەساڵەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا ودوای جەنگەکە تائەمڕۆ بنکەیەکی کوردایەتی و مەڵبەندی ڕیکخستنی ناوەندو کۆمەڵەو پارتی وخاوەنی بیروبۆچوونی هەمە جۆربووە سەدەها نووسەرو شاعیرو مێژوونوس و ڕۆشنبیر وسیاسی تیاهەڵکەوتوە پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکوکەوە گەشەیکردوە خەمڵیەوە وەک پارتیەکی جەماوەری خەڵکی کوردستان .
تەبایی وگیانی برایەتی تاڕادەیەک بەردەوام بوو تادوای ساڵەکانی شۆڕشی چواردەی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ کاتێک دەستوری کاتی بڵاوکرایەوە ، لەبەندی سێیەمی دەستورەکەدا نووسرابوو کوردو عەرەب شەریکن لەم نیشتمانەدا . کەجێگەی ڕەزامەندی و خۆشی گەلی کوردو باشوربوو ، بەوخۆشی سەرکەوتنەی شۆڕشی تەموز گەلانی عێراق بەهیواو ئومێدێکەوە ،لەو کەشە سەربەستی وئازادی ودیموکراتیەدا هەموو جوڵان بەمەبەستی دەستکەوتنی ماف و داواکاریان ، لەڕۆژانی دەستپێکردنی شۆڕشەوە هەموو نەتەوە وکەمەنەتەوایەتی وئایینی، هاتنەمەیدانی هەوڵ تێکۆشان وخۆڕێکستن وئامادە بۆداواکاری مافەڕەواکانیان ، بەلام هەندێکیان زیادە ڕەویانکرد لە داواو جوڵاندا ، کە لە عێراقدا دونەتەوەی سەرەکی خاوەن خاک هەن یەکەم عەرەب ، دووەم کورد، .
هەموو هاونیشتمانی ودانیشتوان و پێکهاتەکان ئەتوانن بەدڵپاکی وبەخوشی و هاوسەنگی و برایەتی بژین .
لەئەنجامدا هەندێک بیرو باوەڕی زیادەڕەوی و بیری ڕەگەز پەرستی پەیدابوو، بووە هۆی گومان وپرسیارو ڕونکردنەوە وململانێی نێوان پێکهاتەکانی عێراق بەتایبەت لەکەرکوک ، دەستی دەرەکی ودوژمنانیش لەولاوە بووەستێت ، لەئەنجامدا لەکەرکوک

لەنیوان هەندێک لەلاوانی تورکومانی هەڵگری بیروباوەڕی تورانیەت وچەند دڵگەرم شۆڤێنیەکانی عەرەب وپارتیەکی چەپڕەو لەشەقامەکاندا شەڕوپێکدادان ڕویدا لەئەنجامدا چەند کەسێک کوژران و فیرقەی دوی لەشکری عێراق لە کەرکوک فریاکەوت نەیانهێشت زیاتر پەرەبسێنێت . ئەم ڕوداوە بۆماوەیەک بووە مایەی دڵگرانی هەموو . ئەم ڕوداوەی ساڵی ١٩٥٨ بەخراپی قۆزرایەوە ساردی وهەستناسکی دروستکرد لەنێوان پێکهاتەکاندا ، گوێزرایەوە بۆ بەینی کوردو تورکومان و تیژکردنی گیانی دوژمنایەتی ، جۆرە بەرامبەریەکی دوراودوری دروستکرد و چاوی تەماعی ڕەگەز پەرستانی عەرەب ودوژمنانی کە لەولاوە بووەستێت ، ئەو هەستیاریە ئەمڕۆ ڕەوییوەتەوەئاسەواری نەماوە .

لەوکاتانەدا عبدالكريم قاسم لە بەڵین و گفتەکانی وبڕیارەکانی ، پاشگەز ئەبووەوە ،دەستی دابووە کاری توندوتیژی ڕاونانی هاو ولاتیان ، بەتایبەت دژی کوردپەروەران خەباتکەران و لیپرسراو و سەرکردەکانی کورد ، بارازانی لە سۆڤێت تازە گەڕابووەوە و توانای خۆی نیشاندابوو بۆخزمەتی گەل و پشتگیری شۆڕشی ١٤ تەموز . هەندێک لە شۆڤێنی و ڕەگەزپرستانی عەرەب کەوتنە نووسین و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی نەژاد پەرستی دژی نەتەوەی کورد ، داوای تواندنەوەی نەتەوەی کوردیانکرد لە ( بۆدەقە) کوورە هەردەم گەرمە ئامادەکراوەکەی عەرەبدا بۆ تواندنەوەی گەلانی موسوڵمان ودراوسێ ، سەرکردەی ئەم هێرشە ، گەورە شۆڤێنی عەرەب (کلۆفیس مەقسود ) بوو کە لەڕۆژنامەی (ثەورەدا ) وتاری ژەهراوی ڕەگەز پەرستی بڵاوکردەوە بەڕوونی وئاشکرا ئەم بیرۆکەیەی بڵاوکردەوە کەنووەسێبووی( باشتر وایەو لەبەرژەوەندی کوردە لەناوعەرەبدا بتوێنەوە ).

ئەم نووسین وهەڵوێستەیە وای لە دلسۆزان وکوردپەروەران وسەرکردایەتی کوردکرد ، هەڵوێست وەربگرن بەرامبەر ئەم هەڵمەتە ئیعلامیەو هیرشە ناڕەوایانە ، وئامادەبن بۆ ڕوداوی چاوەڕواننەکراو . هەر لە وکاتانەشدا شۆڤێنیە عەرەبەکان هەلیان بۆ ڕەخسابوو ، بەسەربەستی بجۆڵێن و هەرچێ مەبەستیانە ئەنجامیبدەن بێئەوەی عبدالكريم پێبزانیت ئاگای لێبێت لە بەر بیرو رەفتاری تاکڕەوی ، کەپشتی کردبووە

گەڵ ، سەری ئەوانەی نەئەپرژاو ئاگای لەجم وجوڵیان نەبوو . بەوپێیە کۆرد بەناچاری ئیعلانی شۆڕشی کرد دژ بە رژێمی عبدوالکریم قاسم دوای ئەوەی گفت وگۆ و پێشکەشکردنی یاداشت و داواکاری وپەیوەندی سودیان نەما . لە ١١ ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ دا شۆڕشی مەزنی کورد بەرپابوو ، لەژێر (دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆکوردستان ،دیموکراتی بۆ گشت عێراق )، بەسەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕابەری سەرۆک مەلامستەفای بارزان شۆڕشەکە رۆژ بەرۆژ لەپێشکەوتن وسەرکەوتندابوو وشۆڕشگێڕان لە نەبەردیدا سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستئەهێنا .

تا ٨ شوباتی ساڵی ١٩٦٣ ئەم حاڵە بەردەوام بوو ، کە لەوکاتانەدا گەلی عیراق پشتی کردبووە رژێمی قاسم دوای ئەوەی کەمەیدان چۆڵبوو بۆدوژمنان و عبدولکەریم قاسم بێئاگابوو لەجم و جوڵی ناحەزان لە بەعسیەکان ، حیزبی بەعسی عەرەبی بەهەلی زانی ، بەکۆدەتایەکی سەر بازی هاتە سەرکورسی حوکم بەشێوەیەکی دڕندانە عەبدوالکریم قاسمیان لەناوبرد ، ئەم بەعسیانە دوژمنی گەلی عێراقبوون بەتایبەت کوردو تەرکومان وشیعە وپارتی وکۆمۆنیست کە لە سەرجادەو گرتوخانەکاندا لەسەر پێناسەو بەسەرپێی کۆمەڵکوژ ئەکران ، روی بەقین نیازی گڵاو وکاری دراندانەی ورەگەزپەرستان کاربەدەستانی نوێی بەعث زوبەزو بەرونی وئاشکرا دەرکەوت ، کەتاچی رادەیەک دوژمنی خوێنەخۆری کوردبوون . بەپرۆگرامێکی دانراو و تۆکمە ودارێژرا کەوتنەگیانی کورد ، کە ئەم بیرۆکەو پرۆگرامە کۆن وبەردەوام بوو ، لەرۆژانی دامەزراندنی رژێمی پاشایەتی عێراقەوە کاری پێئەکرا ، بەڵام شێوەی جێبەجێکردن وهەنگاوەکان جیابوو ، دەست بەدەست ئەم مەرام ونیازو کارە گڵاو وخراپانە لەمیشکیاندا ئەگوێزرانەوە حکومەت دوای حکومەت ، بەچالاکتر وبەتۆکمەتر جێبەجێ ئەکرا . کاتێک حیزبی بەعس هاتە سەرکورسی حوکم ، ئەنجامدانی ئەوبیرۆکە رەگەزپەرستیە توندوتیژتر بەردەوامتر بوو ، دا ، کەهەموو هەوڵ وچالاکیان لەکاردا بوو لەساڵانی پێشوتر بەجەختتر دڕندەتر بوون بەنیازی لەناوبردن قڕکردنی نەتەوەی کورد پلە بەپلە خێراتر ئەنجامیان ئەدا ، تا ئەو

ڕۆژەی ڕژێمی بەعثی سەدامی تاوانکارو خوێنڕێژ دوایی پێهێنرا لەساڵی ٢٠٠٣دا.
ئەم دەستکەوتە گرنگەی گەلانی عێراق وکەوتنی بەعسی سەدامی لە ساڵی ٢٠٠٣ دا هیوایەکی نوێیدا بەگەلانی عێراق ئاسۆیەکی فراوانی کردەوە لەبەردەمیاندا ، دوای ئەم سەرکەوتنە مەزنەی ئەمڕۆ گەلانی عێراق ، دوژمنایەتی ڕەگەز پەرستانی عەرەب دژی نەتەوەی کورد، شیوەیەکی کەی وەرگرت ، هەریەردەوامە ، کە سەدەها پارت وناوەندو کۆمەڵەی ئەوتۆ پەیدابوون ئەگەر بۆیان بڕەخسێت لە سەدام خراپتر ئەکەن ، هەردەم لەکاری پیلان گێڕیدان ، تا ئەوەی دەستمانکەوتوە لەبارییەرن .
.ئەوەی شیاوی باسە کە ناوچەی کەرکوک وگەرمیان وناوچە دابڕاوەکان لەهەموو شوێنەکانی کەی کوردستان زیاتر توشی کارەسات وئەنفال کیمیاباران ورەوپێکردن وکۆمەڵکوژی وناهەمواری و ماڵکاولی ویرانکاری بوون . هەرتاکێکی کورد بەچەندەها شێوە وجۆر هەردەم لەژێر زەبری زوڵم و زۆرو چەوساندنەوەی بەردەوامدابووە .
ئەم خاڵانەی خوارەوە نمونەیەکن بۆ تاوانەکانیان ، کە لەمێژووی نەتەوەی کوردا کەم وێنەن ، لەماوەی ساڵانی ١٩٦٣ تاساڵی ٢٠٠٣ بەچالاکی و بەپرۆگرامێکی وردی دانراو تاوانەکانیان ئەنجام ئەدا وەک :

١ / بەعسیەکان هەرلە ڕوژانی سەرکەوتنی کۆدەتاکەیانەوە ساڵی ١٩٦٣ بەدواوە چەند گەڕەکێکی کوردیان لە کەرکوک بە شۆفڵ وگرێدەر لە گەڵ زەوی تەختکرد ودانیشتوانیان سواری زێل کردو بەرەو سلێمانی وهەولێر بردیانن لەدەشتەکاندا فڕییاندان ، سەدەها لاویانگرت وسەرنگومکرد، هەرلەو کاتەدا ناونووسی خێزانەکانیان کرد بۆ دەرکردنیان و نیشتەجێکردنیان لە عەرەبستانی عێراق ، لە هەموو ناوچەیەکی نزیک عەرەبنشین دەستیانکرد بە دەرکردنی کوردو دەست بە سەراگرتنی موڵک وماڵی کوردان ونیشتەجێکردنی عەرەب لە شوێنیان .
٢ / دەستیانکرد بەڕاگواستنی خێزانە کوردەکان بۆشوێنانی چۆڵ ودور لەکوردستان ،موچەخۆر وفرمانبەران لەدائیراکاندا بە فەرمی گوێزرانەوە بۆخواروی عێراق ، کرێکارو فرمانبەری کۆمپانیای نەوتی کەرکوکیان گوێزایەوە بۆ خواروی عێراق .

٣ / هەرچی دێهاتی کوردی نزیک کانگای نەوت هەبوو که بەدەها دێهات ژمارە ئەکران ڕوخانیان و ڕەویان بە دانیشتوانیان کرد .

٤ / پۆلیس و سەرباز ودەرجەداری کورد لە کوردستانەوە دورخرانەوە بۆخوارووی عێراق ، رێگە نەئەدرا بەکورد لە کولییە سەربازیەکاندا بخوێنن .

٥ / رێگەگیرا لە کورد کە کڕین وفرەشتن بکەن بەخانوو زەوی و زارەوە ، هیچ کوردێک بۆینەبوو خانوو لە کەرکوک بکڕێت یان ببێتە خاوەنی زەوی ، بۆی هەیە خانووەکەی یان زەوییەکەی تەنها بە عەرەب بفرۆشێت.

٦ / هەرچی زەوی وزاری کشت وکاڵی کوردو تورکومان هەبوو لە کەرکوک ودەوروبەری (پارێزگای کەرکوک) وهەموو ناوچە کوردیەکان لەخاوەنەکانیان سەندرایەوە درابە هۆزە عەرەبەکانی تازە هاتوو وهاوردەکانی ناوچەکە لە جبورو عوبێدو شەمەر وخێڵانی عەرەبی کەی هاوردە .

٧ / سوارەی سولاحەدینیان دروستکرد وەک هێزێک بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی شۆڕش وجوڵانەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوایەتی کوردستان . دەها فەوجی سەربازی جاشایەتیان دامەزراند بۆ پیاوکوشتن و راوو ڕوت وکاری نامرۆڤانە دژ بە نەتەوەی کورد.

٨ / پرۆگرامی ئامادەکراوی تۆکمەو دارێژراویان خستەگەڕ بۆ تەعریبکردنی کورد وداگیرکردنی شوێنانی کەی خاکی کوردستان عرب نشینکردنیان .

٩ / بەندیخانەکانیان پڕکرد لە لاوان ورۆشنبیران وئازادیخوازانی کورد وەک نوگرەسەلمان و بەندیخانەکانی بەغداد وگرتوخانەی قەسر النهایە دروستکردنی کەشێکی ترسناک وهێرشی بەردەوام لەشەودا بۆسەر ماڵ ومنداڵ وخێزانەکان بەمەبەستی گرتنیان ولێدان وتۆقاندنی بەردەوامیان ، بۆ ئەوەی هەردەم لە ترس و دڵەڕاوکێدا بژین

١٠ / دەستیانکرد بەکۆمەڵ کوژی و لەناوبردنی کۆمۆنیستەکان کە ڕۆڵەی بەئەمەکی ئەم گەلەبوون .

١١ / گەمارۆدانی ناوچە کوردیەکان ، وچاودێری کردنی جم وجوڵی کوردان و هەوڵدان بۆنان برینیان بەدەست بەسەراگرتنی چالاکی ئابوریان ،وڕێگرتن لە کەسابەتیان ، بڵاوکردنەوەی پیاوە سیخوڕەکانیان ، گرتنی خەڵکی بەخۆرایی وبێتاوان داواکردن وسەندنی پارەوماڵ لێیان ، دانانی عەرەب لەکارو پیشەو فرمانگەکانی میریدا لەجیاتی کوردو تورکومانەکان . کورد بێبەشکرا لە بەڕێوەبردنی شارەکەو ناوچەکە

١٢ / بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی زۆری سوکایەتی کردن بە کوردو شۆڕشەکەی و مێژوویی وزمانی کوردی و ڕیگەگرتن لە چالاکی نەتەوایەتی کورد ،هەوڵدان بۆڕێگەگرتن لەگەشەکردن وپێشخستن وسود وەرگرتن لە کەلتوری نەتەوایەتی ومێژوو جوگرافیای کوردستان و ڕێگەگرتن لە بەکارهێنان وگەشەکردنی زمان وئەدەب وشیعر . خوێندن ونووسین بەکوردی ،و قەدەغەکردنی لە خوێندنگەکاندا .

١٣ / هەردەم لە هەڕەشەکردندابوون لە کوردی ناوچەکە ، هەردەم لەبیانوویەک ئەگەڕان دژی هاو وڵاتیان پیلانیان دروستئەکرد وەک بەڵگەیەک بۆ بەندکردن ونانبڕین ودەرکردنی و گوێزاندنەوەیان بۆشوێنانی دەرلەکوردستان ، هەردەم خەریکی هاوردەکردنی عەرەب بوون ، هەموکارێکیان بۆئاسان ئەکردن ، خانوو زەوی و پارەیان پێئەدان هانیان ئەدان بۆ نیشتەجێبوون لە کەرکوک .

١٤ / دووەم جار کەبەعسیەکان هاتنەوە سەرکورسی حوکمڕانی لەساڵی ١٩٦٨ دا لەسیاسەتیاندا هەربەردەوام بوون دژی نەتەوەی کورد بەپیلانی داڕێژراوترو تۆکمەتر، برەویاندا بەپلان وپرۆگرامی لەناوبردن وقرکردنی نەتەوەی کورد لە عێراقدا ، لەڕی جێبەجێکردن وئەنجامدانی بیروکەی ئەنفال وکۆمەڵکوژی وکیمیاباران وڕەوی بەکۆمەڵ وشککردنی سەرچاوەی ئاوەکان وبڕینی دارەودرەخت و دارستانەکان و سوتاندیان ، لە ناوبردنی مەڕوماڵات و پەلەوەرو گیانلەبەر .

١٥ / كـاولكردنى كوردسـتان به ڕوخانـدن و تەختكـردن وێرانكردنـی دێهـات وشارۆچكەكان ، كوردستان وای لێهات له ماوەی سەد كیلۆمەتەر رویشتندا خانوویەک بەدی نەئەكـرا سـەقفێک نەمـابوو كه سـێک له ژێریـدا بحەوێـتەوه .

١٦ / دەستیانگرت بەسەر ژن كچ و مندالی كورددا ، لەڕیی ئەنفالەوه و دابەشیان كردن به سـەر كاربەدەست و پیـاوانی دەوروپـشتی خۆیانـدا . سـەرەیان دانـا بـۆ سەربازەكان كەژنی كوردیان پێشكەشبكەن .

١٧ / هەرچی زانیاری كەلتوری و ئەدەبی دەربارەی كوردەوه هەبوو ئەوەی توانیان و دەستیان پییگەیشت سوتانیان و لەناویانبرد ، بەمەبەستی ئەوەی كـورد مێـژووی ڕابوردوی پڕ له سەروەری نەتەوایەتی خۆی بیر بچێتەوه و پەیوەندی به ڕابووردویەوه نەمێنێـت ، میـژووی پرلـه سـەروەری بـشێوێنن و چەواشـەی بـكەن سـوكایەتی به پیرۆزیەكانی نەتەوایەتی بكەن.

١٨ / لەڕێی عەلی كیمیاویەوه قانوونێک دەرچوو ، بۆهەر عەرەبێک هەیە بەئارەزوی خۆی كورد بكوژێت وبێلێپرسینەوه لێی ودادگاییكردنی.

١٩ / هەر كەسێک لەدەرەوەی شارەكان لەدوری سەد مەتر زیاتر ببینرایه ئەگەر بەر هەوێل بكەوتایه ئەبووایه بكوژرایه لەبەر ئەوەی ئاگاداری لەوڕوەوه هەبوو كه سـزای كوشـتنه هەركەسـێک له وشـوێنانه ببینرێـت و هەردەم هیلیـۆ كـۆپتەر بەئاسمانەوەبوو بەومەبەسته بۆكوشتاری كورد.

٢٠ / هەردەم له هەولی ئەوەدابوون لاوێكی كورد بكەنه نمـونه بەزەلیلـی بیـدەنه دەستی چەند لاوێكـی عەرەب بەئـارەزوی خۆیـان سـادیانه بیكـوژن بـۆ ئەوەی ئەو ترسەی لەكورد هەیانبوو له دەرونیانـدا دروسـتبووه ، بـڕەوێتەوه سـامیان لەكـورد بشكێت .

٢١ / پیاوخراپ و پارەخۆری زۆریان بڵاوكردبوەوه بەناوی ڕیكخستنەكانی حیزبی بەعثەوه مەهانەو بیانو بۆخەلكی بدۆزنەوه لەخوتی خۆڕایی تاوانێـک بـدەنه پاڵیـان

وهەردەم بە بیانوبوون لەخەڵکی، زۆر جاریش ئامدەبوون بەپارەیەکی زۆر هەرچی ڕاپۆرت تۆمەتێک ودروستکراوە لەسەریان بەبڕە پارەیەک لایبەرن .

٢٢ / لەناو کوردی خۆشماندا کۆمەڵێک پیاوی ڕەوشتنزم و پارەخۆر و سیخوڕیان لەهەموو ئاستێکدا هەبوو ، سەربە (تەواری ) و ئەمن و ئیستیخبارات ولەڕیزەکانی بەعسدا و بەناوی جاشەوە بڵاوبوون ، بوونە مۆرانەو میکرۆبی ناو کۆمەڵی کوردەواری ، هەردەم خەریکی راو ڕووت وملشکاندنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بوون ، بۆ کەللەسەری سەر بڕاوی هەرکوردێک کەپێشکەشیان ئەکرد ، هەندێک پارەی سوکایەتی و سەرشۆڕی خیانەتی نەتەوایەتیان وەر ئەگرت.

٢٣ / لەخوێندنگاکاندا لە هەموو پلەکانی خوێندندا لەناو پرۆگرام و وانەی کۆمەڵایەتیدا لە هەوڵی ئەوەدابوون بۆ چەسپاندنی بیرو باوەڕی عەرەبچێتی وڕەگەزپەرستی لەبیرو دەرونی خوێندکاراندا بیچەسپێنن ، لەبەشی مێژووشدا چەند زانیاریەکی گاڵتەجاریان دانابوو گوایە باسی مێژووی کورد ئەکەن ومیژووی کوردیان چەواشەکردبوو بەسوک سەیر.یان ئەکرد خوێندنی مێژووی راست ودروستی کوردیان لەهەموپلەکانی خوێندندا قەدەغەکردبوو.

٢٤ / دینی ئیسلامیان بەکار ئەهێنا دژی نەتەوەکەمان کە گوایە ئێمەی کورد شعوبین دژی دینین لە بەر ئەو هۆیانەوە کوشتنمان و دەستبە سەراگرتنی ماڵ ومنداڵ ومولکمان حەڵالە ، لەجێی خۆیەتی کورد ئەنفال بکرێت .

تا هاتنە سەر ئەو کارە تاوانکاریەو گومڕاییە لەدین ودژی دین پەیڕەویان ئەکرد ، کە ئەگەر قورئانی پیرۆزیان لە ماڵێکی کورد دا ببینیایە ولە دێیەکدا دەستبکەتایە ئەیان سوتان ئەیانوت دینەکە عەرەبیە و پەیەندی بەئێوەوە نیە .

٢٥ / بەپێی ڕیکەوتن نامەیەک لەگەڵ ولاتانی داگیرکەرانی کوردستاندا و بۆهاوکاری هەموویان دژی نەتەوەی کورد ، ڕژێمی بەعس بڕیاریدا بەدرێژایی هەموو سنورەکانی

کوردنشین بەقوڵی لە دە کیلۆمەترەوە تابیست کیلۆمەتر چۆڵبکەن لە دانیشتوان تا کوردی کوردستانی خوارو پەیوەندیان لە گەڵ پارچەکانی کەی کوردستان بپچڕێت .

٢٦ / ڕژیمی بەعس سنوری پاریزگاکانی گۆڕی وشیواندی کە ڕەچاوی دورو نزیکی شارو شارۆچکەکانی نەکرد لە سەنتەری پارێزگاوە و زور ناوچەی کورد نشینی دابە پارێزگاکانی کەی عەرەبنشین بۆ ئەوەی کورد ببێتە کەمە نەتەوایەتی و کەمینە لەوپارێزگایەدا نەتوانێت لە هیچ مەجاڵێکدا بەپێی قانون ، دەنگ ومافی ئەوتۆی بهێنێت کەمینە بێت لەوپاریزگایانەدا ، هەر چەندە باوەڕیان بە هەڵبژاردن و دیموکراتی نەبوو.

٢٧ / کوردستانیان مینرێژکرد ، بەملیۆنەها مینیان چاند لە کێڵگە کشت وکاڵیەکاندا تارۆژێک لە ڕۆژان کوردێک نەتوانێت پێیاندا تێپەڕێت یان بۆکشت وکاڵ سودیان لێوەربگرێت .

٢٨ / لەماوەی جێبەجێکردنی پێلانی لە ناوبردن و قڕکردنی گەلی کورد دا پلە بەپلە نیازەکانیان جێبەجێئەکرد بەکۆکردنەوەی کورد لە کۆمەڵگا زۆرەملیەکاندا وتەل بەندکردنیان لەشێوەی بەندیخانەیەکی گەورەدا ، تا دانیشتوانی ئەوکۆمەڵگایانە بێکار ژیان بەسەر بەرن و توشی هەزارەها کێشەی کۆمەلایەتی ودەروونی وبێکاری ببن ، دوایی وردە وەردە ڕائەگوێزران بۆشوێنی نادیار بۆلە ناوبردنیان .

٢٩ / لەکۆمەڵگە زۆرەملیەلاندا مەبەستێکی سایکۆلوجی گڵاوی گرنگی بەعس ئەهاتەدی ئەویش لەماوەی کۆکردنەوەیان ، لە بێکاریدا هەرچیان هەیە خەرجی ئەکەن مایە پوچ ئەبن ، هەروەها لە دانیشتنی زۆردا بێزار ئەبن رەفتار وبیرکردنەوەیان بەلای خراپیدا ئەڕوات بیزاری وشەڕو دوژمنایەتی لەگەڵ یەکتری پەیدائەبێت و تەشەنە ئەکات ، بەهۆی بێئیشی وبێزاری و نابوتی ونەزانی بژێوی ، خەڵکی ڕوئەکەنە دوژمن و هانای بۆ ئەهێنێنن ئەویش چۆنی بوێت بەباری بەرژەوەندی و مەرامی خۆیدا بای ئەدات وبەکاریان ئەهێنێت بۆئەومەبەستەگڵاوانەی کەخۆی ئەیەوێت.

٣٠ / بەعسیەکان بەنیازو پیلانـی گڵاویـان لـەهەوڵـدابوون کـورد بەنەخوێنـدەوار بمێنێتەوە و برسیبکەن کەلە ئەنجامدا کۆمەڵیکی نەزان وسەرلێشیواو هەڵنەکەوێت کە نەتوانن چاکەو خراپەی خۆیان و گەلەکەیان جیابکەنەوە و بارەکە باش هەڵسەنگێنن لەتاریکی بیر ونەزانیندا بژین و رێگەی ژیان بەباشی بەدی نەکەن وگیانی نیشتمانی وشـورش لـەبیـرو کرداریانـدا بـرەوێتـەوە وببێتـە بیرێکـی نـامۆ لـەلایـان .

٣١ / لە شاری کەرکوک دەوروبەری و ئەو ناوچانەی لەلایەن تیرەکانی عەرەبەوەکە تازە داگیرکراون ، لـەوشـوێنـەی کـورد لەهـۆزە عەرەبەکـانەوە نزیکبـوون بـۆ هەر خیزانێکی کورد مەرجێک دانرابـوو کە ئەبێـت رەگەزی خۆیـان بگـۆرن ببـنە عەرەب بەناوی هۆزێکی نزیکیان وەک تەمیم و عەنزەو جبورو عوبێدو شەمەر وعەزاوی ناوی خۆیان وەک ئەندامێکی ئەوهۆزە تۆمـاربکەن ، بەپـێچەوانەوە هەرکەسـێک دژی ئەم بریارەبێت یان قایل نەبێت جنسیەی بگۆرێت بەعەرەب . ناوی دەنووسریت ئەبێت لە ماوەیەکی کەمدا ئەوناوچەیە بەجێبهێڵێت ، ماڵەکەی بەسەڵتی چۆڵبکات بێئەوەی رێگەی بدرێت بیفرۆشێت یان ببیات ، هەرچی هەیە ئەبێتە موڵکی حکومەت ئەدرێت بە خێزابێکی عەرەب بەخۆرایی .

٣٢/ دەستیانکرد بەروخاندن و کاوڵکردنی شوێنەوارە کۆنەکان بەمەبەستی شێواندنی مێژووی کونی گەلی کوردو ناوچەکەو پەیوەندیان بەرابووردوەوە وەک قەڵای کەرکوک وشوێنەواریکەی کوردستان .

٣٣ / دەنگی میدیاو رۆژنامەنووسان کپکرابوو بۆهیچ کەسێک نەبوو باسی کـەم و کوری و سەربـەسـتی بیروبـاوەرو بکـات ، هـەرکـەسـێک بیوێرایـە لـەوهێڵـەدەرچێـت بێلێپرسینەوە ، ئەیانگرت پێش ئەوەی بگاتە دەباغ خانە پێستیان ئەگورو. کۆمەلێک رۆژنامەنووسی چڵکاوخۆرو بەکریگیراو و ئەڵقە لەگوێی خۆیان هەبوو ،هەردەم خەریکی پیاهەڵدان بوون بەسەدامی قائیدی ئوممەی عەرەبی ومیهرەبـانی عـەلـی کیمیـاوی و

حیزبی بەعسدا ، دانەدانە ڕۆژنامەنووس هەبوو دەم و دەستبەستراو بەهیچ شێوەیەک سەربەستی ڕۆژنامە گەری نەبوو .
ئەگەر بمانەوێت خراپەکاری ودوژمنایەتی عەرەبەڕەگەز پەرستەکان ورژێمی بەعس دژی نەتەوەی کورد ژمارەبکەین ئەوانەی باسمانکردن مشتێکن لەخەروارێک ، باسکردنیان وردەکاری وگەڕانی زۆری ئەوێت .
تاوانەکانیان دژیە هەرخێزانێکی کورد و هەرلاو منداڵ و ژنێـک و پیرێکـی کـورد کە ئەنجامدراوە بێوێنەن نایەنە ژماردن ئەگەر هەر تاکێکی کورد بێتە گوفتار بەشانامەیەک باسەکەو بەسەرهاتی تەواو نابێت .

* سەرچاوەی لەگۆڤارو ڕۆژنامە کوردی و عەرەبی ودەرەکی ونووسینی سیاسـەت مەدارانی کورد ومێژوونووسان و ئەزمونـەکـانی تایبـەتـیم دەربـارەی دووبـەرەکـی و زیانەکانی دوژمنایەتی حیزبی بەعث
* جەمال نە بەز ، بیری نەتەوەیی کورد
* دائرە المعارف الاسلامیە ، لەژێر ناوی کەرکوک
* قاموس الاعـلام العثمـانی ،چـاپی ئەسـتەموڵ ،لەژێرنـاوی' ک ' کرکـوک شـهرزور وکوردستانن سنجقن بیر مرکزی دن.
* عبد الرزاق الحسنی ، تاریخ العراق السیاسی الحدیث ، لاپەڕە ٢٦٦ ، ٣٦٦ ، بەرگی ٣ لاپەڕە٣٠ )
* د. مزەفەر عبداڵله امین — د .جهاد سالح العمر ، العراق فی التاریخ ، لاپەڕە ٦٦٣ تا ٦٨٠ .
* م. جمیـــل ڕۆژبـــەیـــانی ، داقـــوق فـــی التـــاریخ ،لاپەڕە٤١٥ —٤١٦ .
* مـستر ئـــەدمۆنـدز ، کـورد وتـورک و عەرەب ، لاپەڕە ٢٤٢ — تـا٢٤٥ .
د. شاکر الخسباک ، العراق الشمالی دراسەلنواحی التبیعیە والبشریە ، لاپەڕە ٢٤٢ — ٢٤٥ .

* عونى فرسخ ، الاقليات فى الوتن العربى .
* هنرى فۆستر ، نشاه العراق الحديث ، وەرگێرانی سلیم تاها التكریتی لاپەڕە٢٣١ تا٢٨٤.
* مێجر لۆنكريك ، اربعه قرون من تاريخ العراق الحديث ، ترجمه جعفر خەيات ، لاپەڕە ١١ ،٤٥ تا ٥٠ ، ٦٥ تا ٧٠ ، ١٤٠ تا١٤٣ تا ١٥٦ ، ١٧٠ تا ١٨٠ ، ٢١٦ تا ، ٢٤٧
* بارتۆڵد فاسيلى ، كتێبی تاريخ الترک فى اسيا الوستى ، گۆڕينی قاهره ١٩٥٨ لاپەڕە٧٥
* شرف خانى بەدليسى ،شرف نامه ، ، ترجمه محمد على عونى
* بلازرى ( پۆلازرێ ) فتوح البلدان چاپى قاهره .
* عەبدوڵله عەبدولكەريم مارف بەرزنجى ، كەركوک له مێژوودا .

***



ديمەنێكى شارى كەركوک

# گەڕانێک بەناو کەرکوکدا،

## ژیان ودیمەنی

دەربارەی میژوی دروستبوونی ئەم شارە فرە بیروڕاو بۆچوون هەیە بەلام زۆرترینیان لە سەر ئەوەکۆکن کە کەرکوک مێژوییەکی کۆنی هەیە ئەگەرێتەوەبۆ هەزارەها ساڵ پێش عیسا بەتایبەت بۆ سەدەکانی داهێنانی نووسین وبەرەبەیانی بنەماڵەکانی سۆمەریەکان کەلەوبارەیەوە نووسراو وتۆمار هەیە کە لەوسەدانەدا لەسەرناوچەی کەرکوک تۆمار هەیەو ئاماژەی پێدراوە .

بۆ ساغکردنەوەی ناوی کەرکوک ، بۆچوونی جۆراو جۆر هەیە لە ماوەی نووسینەکاندا لەمەوپێش ئامازەمانداوە بە زۆریان ، پێمان وایە ناوەکەی هەر لەگڕی ئاگرەکەی بابە گورگورەوە وەرگیرابێت ، وەک بلێین : شەمامە بچوککردنەوەی دەبێتە شەمامۆک ، حەمام — حەمامۆک ، چنار — چنارۆک ، زێڕین - زێڕینۆک ، قەسر — قەسرۆک ، دمۆک ، نارنجۆک ، بابە گورگڕ ، گورگور بەپچوک کردنەوەی دەبێتە گرگۆک بەپێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەرداديت ، ئەبێتە گرکۆک دوایی بە کەرکۆک ، دوایی بەکەرکوک ، کە لەسەر زمان ئاسانترە .

هەندێک ئەڵێن لە وشەی (کار) ەوە هاتوە لەگەڵ وشەی ( کۆک) کە بۆی زیادکراەو بووەتە کارکۆک .

یاخود هەندێک ئەڵێن لە وشەی کرخ سلۆگ وەرگیراوە بەتێپەڕبوونی ساڵەها گۆڕانی بەسەرداهاتوە کەرخۆ بەپچوک کردنەوەی بووەتە کرخۆک ، کرخۆک ، کرگوک ، کەرکۆک ، دوایی بۆ کەرکوک ، کە ( کرخ ، کرخا ) وشەیەکی ( هۆریە ،حۆری ) بەمانای قەڵا وبەرزایی ، کەوتراوە کرخ سلۆگ مانای قەڵای سلۆکیەکان .

وەک هەندێک سەرچاوە ئامازەی پێئەدەن کە دووهەزار سال پێش عیسا خێزان وبنەماڵەی ( وولی ، وولو ) لە ناو قەڵاکەدا ژیاون بەزمانی ( هۆری ، حۆری ) ناویان ناوە ( کرخ ، کرخا ) بەمانای قەڵا وبەرزی .

قەڵای کەرکوک  ئەمڕۆ لەناوەڕاستی کەرکوکدایە  هۆی بەرزبوونەوەی لەوەوەهاتوە بەدرێژایی مێژوو چەند جار ڕوخاوە و کاولبووە ، لەسەر دارو پەردوی کۆنی جارانی ، هەر لەوشوێنەدا دوبارە دروستکراوەتەوە ، لەئەنجامی ڕوخان و دروستکردنەوەی بەرە بەرە بەرزبووەتەوە ، لەبەشی ڕۆژهەڵاتیدا زۆر بەرزنیە ،  لاکانی کەی قەڵاکە بەرزن ئەڕوانن بە سەر شارەکەو ناوچەکەدا.
چەمی خاسە بەناوەڕاستی کەرکوکدا تێئەپەڕێت زستانان بەهوی ئاوی بارانەوە ئاوی هەیە وهاوینان وشک ئەکات لەبەشی سەرو ڕۆژهەڵاتی کەرکوکەوە دێتەناو شارەوە بەرەوخوار ئەڕوات تا لەگەڵ ئاوەسپی ئەڕژێتەناو ڕوباری (ئودێمەوە) عوزێمەوە.
چەمی خاسە کەرکوکی کردوە بە دو بەشەوە بەشی ڕۆژهەلات بە ناوی بەری قەلا بووە ، بەشی ڕۆژئاوای بە ناوی قۆریە یە ، لەکۆندا ناوی  ( شوان ) بووە کەلەگەڕەکە کۆنەکانی کەرکوکە . دانیشتوانی بەشی ڕۆژهەلات  (بەری قەلا ) زوربەی زۆرینەی کوردن  بەشی کوردانە.  بەشە کۆنەکەی خواروی بەری قەلا موسەللە زۆریان تورکومانن
ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٨٠ دا دەستیکرد بەڕوخاندنی قەڵاکە بەنیازی ئەوەی کورد پەیوەندی بەشارستانی ومێژوویی شارەکەوە نەمێنێت ، وەک شوێنەوارێکی دێرینی نەتەوەی کورد کاوڵیبکات و ئاسەواری نەمێنێت ،  وەک باس ئەکرێت دەوری ٢٠٠ خانوویان تیا ڕووخاندوە ،  زانیاری ئەوتۆ لەبەردەستدا نیە کە داردەستەکەی سەدام لە کاتی ڕوخاندنی قەڵاکەدا چەند ئاثەواری کۆنیان دەستکەوتوە وچیان لێکردوە .
لەکەرکوکدا شوێنەواری کۆنی زۆر هەیە  وەک گردێکی کۆن  نزیک گاورباخی .
هەروەها نزیک گەڕەکی عەرەفەی ئەمڕۆ کە (ئاراپخای کۆنەو) ، لەگەڵ  (گردەوێرانە ) و (تەرگەڵان ) وشوێنەواری ( نوزی کۆن ) کەلەلاپەڕەکانی پێشودا باسکراون دەهاشوێنەواری کەی کۆنی کەیش هەیە .لەدەوروبەری هەروەها بینای کۆنی سەدەکانی نوێ هەیە لەوانە  ( قشلەی کەرکوک ) دەر لەقەڵاکەیە لەپێدەشتی ڕۆژئاوای قەڵاکەدایە ، لەناوەڕاستی کەرکوکدایە، لەکاتی حوکمی عوثمانیدا دروستکراوە بنکەی سەر بازیبووە ، دواییش بووەتە بنکەی سەر بازی ئینگلیزو دواتر هی عێراقی کە بنکەی

تیپــێ دووی ( فیــرقەی دوو ) ســەربازی عێــراق بــوو .                                    لە ناوقەڵاکەدا مزگەوتێکی کۆن هەیە بەناوی دانیال پێغەمبەر، کە لەساڵی٦٥٦ کۆچیدا دروستکراوە کۆن کە نیسەبووە ، لەکاتی هاتنی تەیموری لەنگدا کەنیسەبووە ، یەکێک لە قەشە بەناوبانگەکانی ماردانیـال کربـاس بـووە . لە لاپەڕەکانی پێشودا باسـی کەنیسەیەکمانکرد کە تورکەکان کاتی کشانەوەیاندا لە ساڵی ١٩١٨ دا لەئەنجامی براونەوەی جەنگی جیهانی یەکەمـدا تەقانـدیانەوە وکاولیـان کـرد ، ئەو کەنیـسەیە لەسەدەی پێنجەمدا لە زەمانی یەزدگوردی کیسرای ساسانیدا دروستکراوە ، بۆ یادی شـەهیدە مەسـیحیەکان کـەبەدەسـتی ساسـانیەکان ئـازاردراون بـەوردەردەبـران ، کلـــدانیەکان شـــانازیان پێـــوەئەکرد کە کـــۆنترین کە نیـــسەیە لە جیهانـــدا . مەترانی مەسیحی کاروباری ئایینی ئەبرد بەڕێوە مەسیحیەکان بەزۆری لەگەڕەکە کۆنەکانی قەڵاکەدا ئەژیان عوثمانیەکان کاتێک کەرکوکیان داگیرکرد کەنیسەکەیان کـــردە عەمـــاری چەک وزەخیـــرەو تەقەمەنـــی . وەک باســـکرا دوای کـــشانەوەیان تەقاندیانەوە و کاولیانکرد .

لەبیناکۆنەکانی کەرکوک قەیسەری خوری فرۆشتنە ، کەپێکهاتوە لە ٣٤ دوکان بە دوڕیزەدوکانی بەرامبەر بەیەکتر کەرکوک لەچەند گەڕەکێک پێکهاتوە وەک گەڕەکی : [ ئاخی حسین (ئاخور حسین) ، چایی ، کدک ، مسەڵا ، ئیمام قاسم ، زیـویە ، بەگلەر ، شۆریجە ، ساری کەهیە ، شاترلو ، تەپەی مەلا عبداڵلە ، گەڕەکی عەرەفە ( گوایە ئارابخای کۆن ) ، قۆریە ، ئازادی ، شوان ،ئیسکان ] ،لەم دواییەدا گەڕەکی نوێ دروستبووە بەڵام بەداخەوە ڕژێمەکانی عێراقی نەژادپەرست نـاوی عەرەبیـان لێناون بەیادی ئیسپانیای لە دەست چوویان وەک غرناتە ،ئەندەلوس . یان عـروبە و قادسـیە وحـی العـسکری ، زۆرگەڕەکـی نـوێی کە دروسـتبوو ،کەرکـوک ئـەمـڕۆ زۆرفراونبووە .

هەندێک گەڕۆک وگەشتیاری کۆن لەکاتی گەشتەکانیاندا باسی کەرکوکیان کردوە کە زمانی دانیـشتوانی کـوردی شـارەزوریە ، لەگەڵ زمـانی تورکومـانی کە ڕەوان نـیەو لەتورکی ناچێت تێکەڵاوی زمانی کوردیە .

هەروەها نووسیویانە کەرکوک شارێکی جوانە قەڵایەکی قایمی هەیە بە سەر ڕێگاکاندا ئەڕوانێت بەگەچ وبەرد دروستکراوە . ئەو تیرە هۆزو عەشیرەتە کوردانەی لەناوکەرکوک و دەوروبەریدا ئەژین وەک: جەباری . داودە . زەنگەنە ،شوان . شێخ بزەینی . تاڵەبانی . بەرزنجی . گل لەبناریگل . .ساڵەیی (دوبەشن بەشێک کورد بەشێک تورکومان ) .بەیات (بەشی کوردی )

* سەرچاوەکانی لەرۆژنامەو گۆڤارەکوردی و عەرەبی و هەندێک کتێبەوە و بیرەوەری و بۆچوونمان دەربارەی کەرکوکەوە ورگیراوە لەگەڵ هەندێک کتێبی تر وەک سەرچاوە بەگشتی

* لمحات تاریخیه حول کرکوک ، لیلا الجاف

* عەبدوڵلە عەبدولکەریم مارف بەرزنجی ، کارکۆک لەمێژوودا

* دەربارەی ولایەتی موسل ، ڕاپورتی کۆمۆڵەی گەلان دەربارەی ولایەتی موسێل ، وەرگێری مینە



دیمەنێکی نوێی کەرکوک و قەڵاکەی

# بەشی نۆیەم



# کاریگەری نەوتی کەرکوک

## لەسەر چارەنووسی کورد

لەدێر زەمانەوە کەرکوک بەشاری نەوت و بەهەبوونی کانگای نەوت ناسراوە وناوبانگی دەرکردوە، مرۆڤ لەنەوت وقیری ناوچەکە سودی وەرگرتوە ، بەکاریهێناوە بۆ زۆرکاری پێویست ، هەروەها بەئاشکرا بینراوە وزانراوە بەهۆی ئەوەی کە گری ئاگری ئەزەلی لەناو جەرگەی زەویـەوە هەردەم لە بـابەگورگوڕ بەرزبـووەتەوە وئەبینرێـت ، وگـڕی ئاگرەکەی بابەگورگوڕ بەڵگەی بوونی نەوتبووە لە کەرکوک . هەرلەکۆنەوە نەوت لە کەرکوک دەرهێنراوە ،وەک وتراوە کاتیخۆی نوح کەشتیەکەی بەقیروزفت سواغداوە ، هیرۆدۆتس مێژوو نووسی بەناوبانگی یۆنانی لەگەشتەکەیدا بۆئەم وڵاتـانە نەوتەکەی ناوناوە ( ڕۆنی ماد ) و باسیشیکردوە کە قیر بەکـارهێنراوە لە دروسـتکردنی بینـاو چینەکانی کۆشکەکانی بابلدا .

کاتیک ئەسکەندەری مەکدۆنی بە شـاری کەرکوکـدا تێئەپەڕێـت بینیویـەتـی ،بۆی باسکراوە کە ئەو ناوچەیە کانێکی نەوتی تیایە بە ناوی (نەفتە) وە بەردەوام گـڕی ئاگری هەیە . ئەو گڕە لەناوجەرگەی زەوی بەرز ئەبێتەوە پێی ئەڵـێن گـڕ گـوڕە .

لەسالآنی حوکمی عوثمانیەکاندا ویستویانە وهەولبدەن نەوت دەربهێنن بە تایبەت ( سولتان عەبدالحمید ) کە لە سالی ۱۸۹۹دا فرمانی گەڕان ودەرهێنانی نەوتی دەرکرد ، یەکەم کەس لەو بوارەدا هەولیدا وکاری بۆکرد ( ولیَم دارسی) بوو لە سالی ۱۹۰۱دا . هەروەها پیاوێکی ئەرمەنیش دەستی هەبوو لەوکارانەدا کە ناوی (کۆلبەنکیان بوو) ،کارئاسانی کرد لەدەرهێنان نەوتەکەدا بەوهۆیەوە ڕێژەیەک نەوتیان بۆ دابینکرد سالآنە قازانجەکەی وەربگرێت .

لە دەوروبەری جەنگی جیهانی یەکەمدا زۆر هەولدرا کاری دەرهێنانی نەوت بدرێت بەکۆمپانیاکانی نەوتی جیهانی دواجار لەڕۆژی ١٤ ئازاری ۱۹۲۵ (کۆمپانیای نەوتی تورکی ) لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق ڕێکەوت لەنەفتخانەی خانەقین وبابەگورگوڕ لە کەرکوک مافی گەڕانی بەدوای نەوتدا وەرگرت .

لەپێنجی نیسانی سالی ۱۹۲۷ دەستکرابە بەهەلکەندنی بیری نەوت ، لە تشرینی یەکەمدا بیری نەوتی بابە گورگوڕ تەقیەوە کەلە ۱۵۰ پێ زیاتر لە سەر زەوی بەرز بووەوە وسەریکرد وبەسەر زەویدا بلاوبووەوە ، بەوهۆیەوە بۆیان ساغبووەوە کە بابە گورگور وگەیارە باشترین شوێنن بۆدەرهێنانی نەوت لەو کاتانەدا .

لەسالی ۱۹۲۹ دا ناوی کۆمپانیەکە گۆڕابە ( ئای ، پی ، سی) (i .p .c )کورتکراوەی ( ئیراک ، پەترۆل ، کۆمپانی) بوو ، کەبەدەستی ئینگلیز ئەبرا بەڕێوە هەر لەو کاتانەدا دەرکەوت کە نەوتی کەرکوک سێ ڕەگی لەژێر زەویدا هەیە :یەکەم لەسەرو زاخۆوە درێژ ئەبێتەوە تا قەسری شیرین .

دووەم لەگەیارەوە لەخوار موسلەوە بەژێر دیجلەدا ئەڕوات ، تاکفری و لەخوار کفری لە شاخی حەمرین دواییدێت سێیەم لە ( هەتەر ) حەزەرەوە لەخوار ڕۆژئاوای موسل دەستپێئەکات لە سەرو مەندەلی دوایی دێت .

نەوتی کەرکوک یەکێکە لەوئەمارە گەورانەی کە ئادەمیزاد هەرلەکۆنەوە سودی لێوەرگرتوە ، لەسالی ١٩٣٤ دا بۆ یەکەم جار نەوتی کەرکوک بەهۆی دوبۆریەوە بۆدەرەوە نێررا:

یەکەم  لە تەرابلس ، دووەم  لەحەیفا ، هەردوکیان لەسەر دەریای سپی ناوەڕاستبوون  ، ئەستوری بۆریەکان لە ٨ ئینجەوە بۆ ١٢ ئینج بوون ،دوایی بۆریەکەی حیفا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە داخرا کە بەناو ئیسرائیلدا ئەڕۆشت، گوێزایانەوە بۆبانیاس لەسوریا ،کە ٣٠ ئینج ئەستوربوو لەڕۆژی ١٤ کانونی دووەم ساڵی ١٩٣٥ دابەفەرمی کرایەوە .

لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوەو زۆتریش ئینگلیز بارگەوبنەی لەعێراقدا دانابوو و بەنیازی نەوتی کەرکوکبوو ، هەر لە دوای مۆرکردنی پەیمانی ،سایکس بیکۆ و، بەدواوە ساڵی ١٩١٦ خۆی ئامادەکردبوو بۆ داگیرکردنی عێراق بەمەبەستی وگەیشتن بەنەوتی کەرکوک  . لە دوای بڕانەوەی جەنگی جیهانی یەکەم لە ئەنجامی دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوثمانی هەڵوەشاوە ، فەرەنسە ئەم ناوچەیەی (کەرکوک )ی بەرکەوت بەڵام ئینگلیز جەختی زۆریکرد تا قەناعەتی بەفەرەنسە کرد کە وازلەم بەشەبهێنێت ولایەکی کەی پێبەخشرا .

بەم شێوەیە ئینگلیز ئامادەنەبوو ڕێگەی کورد بدات بە ئاواتی نەتەوەیی بگات و نەوتی کەرکوکی بەدەستەوەبێت دەستبەسەر کەرکوکدا بگرێت،  کە پارچەیەکی گرنگی خاکی کوردستانە ، مەترسی هەبوو لە باری سیاسی کوردو هەڵوێستی کورد بەرامبەر بەریتانیا . گوایە مەترسی هەبوو لەکورد و هەڵکەوتنی ناوچەکە ئەگەر بەدەستی کوردەوە بێت چۆن هەناردەی بکەن بۆدەرەوە، نەیهێشت کانگەکانی نەوتی کەرکوکی لەدەست دەربچێت ،  نەتوانێت بەئارەزوی خۆی سود لەنەوتی کەرکوک وەربگرێت  ، لەبەرئەوە بەرامبەر هەموو داواکاری وجوڵان وڕاپەڕینەکانی کورد وەستا ، نەک بەهۆی کێشەی کوردەوە ئاڵۆزی بکەوێتە کاری دەرهێنانی نەوتی کەرکوک و ناردنی بۆدەرەوە ،کە حسابی بۆ دەڵەتانی دەورووپشت دوژمنان ئەکرد .

بەم شێوەیە نەوتەکەبووە کۆسپ وتەگەرەیەک لە بەردەم گەلی کوردا ، ئەم هەڵوێستە وبەرامبەریە ودوژمنایەتیەی بەریتانیا دژی هەوڵ و تەقلای کورد بۆ سەربەخۆیی بەردەوامبوو تاساڵەکانی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوش سیناریۆکانی بەریتانیا بەرامبەر بەکورد زەق و ئاشکرابوون .

تا ئەمڕۆژ هەموو گفت وگۆ ودانیشتن ودانووسانی سەرکردەکانی کورد لە گەل کاربەدەستانی عێراقی یەک لە دوای یەک ،کە سەرینەگرتوە لەسەر کەرکوکبووە ، ئەوان ڕێکنەکەوتون ملیان نەداوە وهیزی کۆلۆنیالیزمی جیهانی لەو دیوپەردەوە لەگەڵیاندابوون .

تا لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعث ساڵی ٢٠٠٣ ،نێراوی ئەمریکا بۆحوکمی عێراق (پۆڵ برێمەر ) وەرامی سەرۆکێکی کوردی داوەتەوە ، کاتێک سەرۆکە کە کەرکوکی بەقودسی کوردستان ناوزەنکردوە ، ئەویش لەوەرامدا وتویەتی کەرکوک قودسی کوردستان نیە ، تەنیا یەک قودس هەیە ئەویش قودسە لە فەلەستین . سەیریش ئەوەبوو داگیرکەرانی کوردستان وڕەگەزپەرستانی گەلانی دەوروپشت ، هەردەم کوردیان تاوانبارئەکرد کە ئینگلیز هاوکارو یارمەتی دەریانەو لەدوای هەموو هۆی شۆرش ڕاپەڕینەکانی کوردەوەیە وهاندەریانە .

زۆر لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد زۆرجار باسیانکردوە کە نەوت بووەتە نیعمەت و دەوڵەمەندی و بژێوی وبەختیاری بۆ زۆر نەتەوە و گەلان ولاتان. بەلام بۆئێمەی کوردیش بووەتە مایەی ماڵ وێرانی ومەینەتی وکارەسات ڕەوپێکردن وکۆمەڵ کوژی ، هەردەم بەردەوام پارەی نەوتەکە دراوە بەباروت وفیشەک وچەک وتەقەمەنی ئاراستەی سنگی کوردی پێشەکراوە ، کوردی پێ کوژراوە .

کاتێک نووسینی ئەم پەڕاوەم تەواوکردبوو دانرابوو ئامادەکرابوو بۆ چاپ . لەکەنالە کاندا دیم و بیستم کەکوردستان جگە لەکەرکوک و خانەقین لەسەر دەریایەک نەوتە ملیارەها بەرمیل نەوتی تیایە لەگەڵ گازی سروشتی . ،لەلایەن کۆمپانیەجیهانیەکانەوە زۆربیر دۆزراوەتەوە هەڵکەندراوە ، و دەنگ گۆ هەیە کەخەریکی ڕاکێشانی بۆرین لەرێی تورکیاوە تابیفرۆشن بەجیهان ، ئەم هەواڵانە مایەی دڵخۆشی ئومێد بەخشە مژدەیەکی گرنگە بۆگەلەکەمان کەئاسویەکی رون لەپێشمانەوەیە ، پێگەی نەتەوەییمانی پێ بەهێز ئەبێت بەگرنگیەوە ئەچینەبازاری ئابوری جیهانیەوە ، گوێ لەدەنگمان وداواکاریمان ئەگیرێت ،ئاسایشی نەتەوایەتی ودوارۆژمان ڕۆشنتر ئەکات ، پارێزراوتر ئەبین ، ئەوانەی بەرژەوەندیان لەونەوتەدا هەیە ولەگەڵمانن ، بۆبەرژەوەندی

خۆیان دەستبەرداری کوردستان نابن ،هیوادارین  ئەم جارە ئەم کانگا نەوتیانە ببنە مایەی  خێرو خۆشی بۆمان ، ڕێگەی سەربەستی و سەرفرازی لەبەردەممانا بکرێتەوەو فراوانتر ببێت ،  بەپێچەوانەی جاران کە مایەی کارەسات و دەربەدەری و جێنۆساید بوو بۆ نەتەوەکەمان .

* میستر ئەدمۆندز ،کوردو تورک و عەرەب ، لاپەڕە ،٢٩٦ ، ٢٦٦ ،٣٤٩ .
* عبد الرزاق الحسنی ، تاریخ العراق السیاسی الحدیث ، بەرگی ٣، لاپەڕە ٣ تا ٨ — ٣٠، ٤٠ — ١٠١ .
* گۆڤاری کۆمپانیای نەوتی کەرکەک .
* هنری فۆستر ،نشات العراق الحدیث .
* پۆڵ برێمەر ، کتێبەکەی لەماوەی ئەوساڵەی حوکمی لەعێراقدا
* جۆرج رو  العراق فی التاریخ .

***



دیمەنێکی ناوشاری کەرکوک

# کوردستان بەتایبەت ناوچەی کەرکوک

## لەساڵی١٩٧٥ بەدواوە ، پێشنیاز

لەساڵەکانی دوای پەیمانی الجزائیری بەدناوی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ ، ونسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلول ، حکومەتی بەعس بەجەختتر لەجاران دەستیکرد بە لەناوبردنی نەتەوەی کورد لەکوردستانی خواروودا بەپێی پیلانێکی دانراو وردکراوە هەنگاو بەهەنگاو دەستیانکرد بەجێبەجێکردنی بەردەوام خەریکی بەئەنجامدانیبوون. تا دوای بڕانەوەی جەنگی عیراق وئیران زوریان جێبەجێ کردبوو . لەکات ودوای جەنگی عیراق و ئێران وجەنگی کەنداو بەعسی ڕەگەزپەرست شاڵاوی بەدناوی ئەنفال (کەناوی ئایەتێکی پیرۆزی قورئانە) وکۆمەڵکوژی و کیمیابارانی کوردستان وکۆڕەوی ملیۆنی ئەنجامدا ، لەپێشدا شاڵاوی ئەنفال دەستپێکردبوو بۆهەر هێرشێک ژمارەیەکی دانابوو بەناوی ئایەتێکی قورئانیەوە ، هەرچی دێهات وشارو شارۆچکەکانی سنورهەبوون سوتێنران وکاوڵکران لەگەڵ زەوی تەختکران ودانیشتوانیان ڕاگوێزران ، ناوچەکان بەقوڵایی بیست کیلۆمەتر دێهاتەکانیان وێرانکران وچۆڵکران دانیشتوانی وکۆکرانەوە وڕاگوێزران لە کۆمەڵگە زۆرەملیەکاندا بەندکران وتەل بەندکران ، تا ئامادەبن لەبەردەستدابن بۆڕۆژی پێویست بەمەبەستی لەناوبردنیان بەکۆمەڵ .

دوای چۆڵکردنی سنورەکان بەوشێوەیەی کە باسکرا ، ئەنفال لەگەرمیانەوە دەستپێکرد لەبەشی کەرکوک ودەوروبەری بەرەو پێدەشتەکانی سلێمانی وهەولێر وناوچەی موسیل ، ولە دیالی ولەکوت ولەوشوێنانەی کەکورد هاوسنور بوون لەگەڵ عەرەبدا ، بەرەبەرە بەرەوژور بوونەوە بەرەو سنوری ئێران وتورکیا ، دەستیانکرد بەکاولکردن و تیکدانی دێهات وشاروچکەکانی ناوچەکان کە نزیکەی ٤٥٠٠ دێ و شارو شارۆچکەیان لەگەڵ زەوی تەخت وکاولکرد وسوتاند ، دارودرەخت وباخ و ڕەز لەناوبران ودارستانەکان سوتێنران و مینرێژکران ، مەڕومالات بەتالانی بران و

سەرچاوەی ئاوەکان بەبەردو چیمەنتۆ پڕکرانەوە ، دانیشتوان بران بۆشوێنی نادیار بەکۆمەڵ کوژران و لەناو بران .
بۆجێبەجێ کردنی شاڵاوی ئەنفال شاری کەرکوک وقەڵا سەربازیەکانی ناوچەکە کرانە بنکەی کۆکردنەوە و دابەشکردن وجیاکردنەوەی ژن ومنداڵ و پیرو ولاو ، زۆریان بران بۆ شوێنی نهێنی ئاقمادەکراوی پێشوەخت بۆکوشتن و لە ناوبردنیان ، کە تا ئەمڕۆژ نەزانراوە لەکوێ کوژراون ، وەک عەبدی زەمانی زوو بەشێک لەمنداڵ وکچ وژنیان لەناوخۆیاندا بەشکرد ، بەوپێیە ١٨٢ هەزار کورد ئەنفالکرا ، هەرچی بەندیخانەو قەڵای سەربازی هەبوو پڕکرابوون ئامادەبۆ لەناوبردنیان بەکۆمەڵی . دوایی بەئارەزووی خۆیان دەستیانکرد بە کیمیابارانی کوردستان ، تاتوانیان ژەهری کیمیاویان ڕشت بەتایبەت بەسەر هەڵەبجەی شەهیددا . هەزارەها کوردیان جینۆساید کرد .
بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە و ، نەتەوەیەکگرتوەکانەوە و دوکتۆرانی بێسنور ، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و ناوەندی چاودێری مافی مرۆڤ ، هاوپەیمانان ، کۆمەڵەی دەوڵەتانی بێلایەن ، کۆمەڵەی دەوڵەتانی سۆڤێتی سوشیالیستی ، ناوەندە ئیسلامیەکان ، موئتەمەری ئیسلامی ، دەوڵەتانی ئیسلامی ، زانایانی ئایینی موسوڵمانانی جیهان ، پیاوەدینیە ناودارەکان . هیچ لایەکیان بەجەختەوە نەبزوتن و ورتەیان لێوە نەهات کەبەچاوی خۆیان ڕوژانە ئەیاندی کارەسات و کۆمەڵ کوژی کوردان ئەنجام ئەدرا . لە ڕۆژنامەکان ومیدیاکان وکەنالە ئاسمانیەکانی جیهاندا ولەلایەن هەموو نوێنەران چاودێرانیانەوە بڵاو ئەکرایەوە ،لەلایەن ناوەندە دیپلۆماسیەکانیانەوە لەعیراقداو دەوڵەتانی دەورووبەردا وەریان ئەگرت ئەخوێندرایەوە و ئەیانبیست لەهەموو تاوانەکان بەئاگاو ئاگاداربوون، بەبەرچاویانەوە لەم تاوانە بیوینانە ئەم کارەسات و جینۆسایدە دژی نەتەوەیەک ئەنجامئەدرا ورتەیەکیان لێوەنەهات ، کەچی ئەمڕۆ زۆریان دەنگیان دلێرە باسی مرۆڤایەتی وئازدی دەکەن .
لێرەدا ئەمانەوێت باسی باریگران وناسک و مەترسیداری کەرکوک بکەین لەوڕۆژە ترسناک وکارەسات و زوڵم وزۆرەی کورد بەسەریدا هات ، شاری کەرکوک ، کرابووە

بەندیخانەیەکی گەورەی ترسناک بۆکوشتن وبڕین ولە ناوبردنی کورد بەعسیەکان وئەمن و ئیستیخبارات و سیخوڕەکان هەردەم لەکاردابوون بۆ لەنابردن و دەریەدەرکردن و ڕاگواستنی کورد ، کەم شار هەبووە وەک کەرکوکی بەسەردا هاتبێت ، بەوجۆرە بەهەموو شیوەکانی نامەردی ڕەوشتنزمی درندەیی ڕۆڵەکانی ئەشکەنجە وئازاردران ، گەنج ولاوان ژن و منداڵیان دەکوژران ، ئەبووایە هەر خێزانێکی کورد جنسیەی بگۆڕیت ، ئەگەر بیەوێت بژی ، ئەبێ ببێتە عەرەب ، ئەگەرنا لەبەرامبەردا لەناو ئەبرا یان ڕائەگوێزرا بۆ عەرەبستان یان کوردستان، ئەوەی مابوو لەکەرکوکدا لە دۆزەخێکدا ئەژیا کە ناوی تەئمیم بوو هیچ مافێکی نەبوو وەک مرۆڤیک ژیان بەسەرببات ، هەردەم و بەردەوام لەنیوەشەودا هەڵیان ئەکوتایە سەریان بەلێدان وتەی ناشیرین ورەفتاری بەد وبەمەبەستی گرتنی رۆڵەکانیان و نکردنیان وتۆقاندنیان . بەوشێوەیە کەرکوک کرابووە بەندیخانەیەکی گەورە ، رۆڵەکانی توشی جۆرەها ئازارو ئەشکەنجەو کارەسات و ناهەمواری بوون بەدەست چەتە دزو جەرەدەو ڕەوشتنزمەکانی بەعسەوە ئەم بارە بەردەوامبوو تا شەڕی کەنداوی بەسەرداهات سوپای عیراق کوێتی داگیرکرد گەلەکۆمەکی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دژی سەدام و لەشکرەکەی پێکهێنرا بەناوی هێزی هاو پەیمانانەوە بۆدەرکردنی سوپای عێراق لەکوێت کەهێرشی سوپای هاوپەیمانان دەستیپێکرد سوپای عێراق شکستی هێناو بەزی لەبەردەم هێزی نەتەوکان وهاوپەیمانان چەند ڕۆژێک بەرگەی نەگرت هێزە دۆڕاوەکەی سەدامی تاوانکار پەرت و بڵاوبوو .

گەلی عێراق ڕاپەڕی وگەلی کوردیش کەوتەخۆ و ڕاپەڕی .

لەکوردستاندا ڕاپەڕین لەڕانیەوە دەستیپێکردو بووە دەرگای ڕاپەڕین ، لەماوەیەکی کەمدا زۆرترین رووبەری کوردستان پاککرایەوە لە بەعس و ڕەگەزپەرستانی عەرەب وپیاوخراپان و سیخوڕەکانی . لەماوەیەکی کەمدا. لەلایەن پێشمەرگەوە کەرکوک پاککرایەوە لە بەعس و پیاوەکانیان ، لەشکری عێراق بەتێکشکاوی پەرت وبڵاو مایەوە لە لەگیانەڵاو وکەوتندابوو .

ئەمریکاو هاوپەیمانـان بڵاویـانکردەوە ، ئێمـە مـەبـەسـتمان کـەوتنـی سـەدام و هەڵوەشاندنەوەی  ڕژێمەکەی نەبووە بەڵکو دەرکردنی بووە لەکوێت ، بەم شێوەیـە وزەیەکی نوێیان دایەوە بەسەدام کەمۆڵەت و فرسەتێکی باشبوو بۆی ، هەڵـسایەوە ولەشکرەکەی کۆکردەوە دوبارە ڕێکیخستەوە لەهەموو عێراقدا دەستیکردەوە بەکوشتن وبڕین ، دەستێکی لەکەرکوک وەشاند هەتا توانی کۆمەڵکوژی وکاولکاریکرد ،  دوایی بەوهێزە لەشکریە  پرچەکەیەوە بەرەو سـلێمانی وهەولێـرو دهـۆک هێـرش وشـاڵاوی سەربازی هێنا ،بەکوشتن وێرانکردن ، سەربـازەکـانی  لەبەردەمیانـدا تەڕو وشـکیان بەسەر یەکدا سوتان وکاولیانکرد ولەناویانبرد هەرچیان دەستکەوت بەتاڵانی بردیان  .
ئەم هێرشە لەگەڵ هاتنی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩١دا بوو ، کەدانیشتوانی کوردستان لەترسـی گیـانی خۆیـان وپاراسـتنی ژیانیـان  بەپەلە بەرەو کێوەکـان وشـاخەکان و سنورەکان هەڵهاتن  بێئەوەی فریای خۆیان بکەون پێویستی ژیان لەگەڵ خۆیان بەرن موڵـک وماڵیـان بـەجێهێـشت لە بەردەم لەشـکرەکەوە ڕایـانئکرد ، ئەم کـۆڕەوەی دانیشتوانی کوردستان ناونرا :
**(کۆڕەوی ملیۆنی)**  :  ئەم هێرشە بووە کارەساتێکی مرۆڤایەتی وناهەمواری سەردەم وبێوێنە کەنزیکەی ٢،٥ دوملیۆن ونیو کەس ئاوارەبوون لەبەردەم هێـزی لە شکری عێراقەوە هەڵئەهاتن بەبرسێتی و هیلاکی و شەکەتیەوە زۆریان نەخۆش کەوتن ولەڕێگـەمـردن ، منـداڵ وژن و پیـر لەبەر بـارانی زۆرو سـەرما وبرسـیەتی کەسـیرە کەوتبوون  بەڕێوەبوون بەرەو سنور ولەسەر ڕێگاکانـدا زۆریـان مـردن ، ئاسـمانیش لەوکاتانەدا بەزەیی پێیاندا نەئەهاتەوە ، باران بەخوڕ ئەبـاری خـانوویەک سـەقفێک نەبوو ، نەمابوو ئەوخەڵکە لەژێریـدا بحەوێـنەوە خۆیـان بپـارێزن لەبـاران و سـەرما کەهەمووی کاولکرابوون لەگەڵ زەوی  وتەخت کرابوون  .
لەوکاتانەدا زۆر لە ڕۆژنـامەنووس نـوێنەری کە ناڵەکـان ومیـدیاکان وڕۆژنامەکـان لە ناوچەکدا هەبوون هاتبوون بۆ ڕۆماڵکردنی شەڕی کەنداو کەبینیان کورد تووشی ئەو کارەساتە هاتوە شارو دێهاتەکانی کوردستان چۆڵکراوە ، مـاڵ وموڵـک وپێویـستی ژیانیـان لە دوای خۆیـانەوە بەجێهێـشتوە ، بەفرسـەتیانزانی هـاتن بۆنـاوچەکە بـۆ

ڕۆماڵکردنی کۆڕەوە ملیۆنیە پڕلە کارەسات و ناهەمواریەکە ، ئەوەی دیان بەوێنەوە و ڕاپۆرت لە ڕۆژنامەکانداو کەناڵە تەلەفزیۆنیەکاندا بڵاویانکردەوە ، لەئەنجامی ئەم هەڵمەتەو ڕاپۆرتە بڵاوکراوانە ، ویژدانی مرۆڤایەتی جوڵاو خاوەن دەرونی پڕبەزەیی مرۆڤایەتی هاواریان لێهەڵسا کە نەتەوەیەک خەریکە لەناو ئەبرێت . مرۆڤ دۆستان وخاوەن ویژدان بەهانای کوردەوە هاتن ، نەتەوەیەکگرتوەکان لەمانگی نیسانی ١٩٩١ دا بڕیاری ژمارە ( ٦٨٨)ی دەرکرد بۆ وەستانی دەستدرێژی سەدام دژی گەلی کورد داوایانکرد فریاکەون وهاوکاری ویارمەتی بۆکورد دابینبکەن وبینێرن وپارێزگاریبکەن لەوڕۆژانەدا هەڵمەتێکی هاوکاری وکۆمەککردن وکۆکردنەوەی یارمەتی بۆکورد دەستی پێکرد لەزۆر وڵات منداڵی قوتابخانەکانیش بەڕوژانەی خۆیان هاوبەشیانکرد .

بڕیاری ناوچەی دژەفڕین دەرچوو کە لە سەرو هێڵی ٣٦ بوو . ناچار حکومەتی عێراق پەیوەندی ئابوری بەڕێوەبردن وهێزی لە شکری وسیاسی لەگەل کوردستان پچراندو ، لە بەشێکی کوردستان خۆی کێشایەوە وبەجێی هێشت ، گەمارۆی ئابووری سەپاند بە سەرکوردستاندا هەموو یارمەتیەکی لەناوچەکە بڕی .

## حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا :

کوردپەروەران ودڵسۆزان وکاربەدەستان کەوتنە خۆ بۆپڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی دروستبوو لە هەرێمی کوردستاندا دوای چۆڵکردنی ناوچەکە و کشانەوەی کاربەدەستانی ڕژێمی بەعس لەبەشێکی کوردستان ، کارو پێویستی ناوچەکە لەزۆر ڕووی بەڕێوەبردن وخزمەتگوزاریەوە ڕێکخران ، بەزویی فریاکەوتن هەمووکەم وکوڕیەکان پڕکرانەوە ، ئیدارەی نوێ دامەزراو حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان بەهەموو مەرجەکانی بەڕیوەبردنەوە هاتەکایەوە.

نوێنەرانی نەتەوەیەکگرتوەکان وهاوپەیمانان هاتن بە دەنگمانەوە و کارئاسانی زۆریانکرد ، بڕێک لە پارەی خۆراک بەرامبەر بەنەوت درایەدەستی حکومەتی هەرێم ، هەرێمی کوردستان وەک حکومەتێکی مۆدرن هاتەمەیدانی خزمەتکردن و بەڕێوەبردن ،

حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆینواند وەک دەوڵەتێک ، سەرکردەکان وکاربەدەستانی حکومەتی هەرێم ڕیزیان لێئەگیرا لەلایەن ناوەندەکانی جیهانی ونێودەوڵەتی ،وەک دەوڵەتێکی بەئەزموون وتازە دروستبوو سەیری کوردستانیان ئەکرد .
لەوماوە دورو درێژەدا کە کورد بەتایبەت لەساڵانی ١٩٧٥ بەدواوە توشی بوو بەدەست ڕژێمی بەعس و سەدامەوە بەدەگمەن دەوڵەتێکی عەرەبی یان ناوەندێکی مرۆڤ دوست وئیسلامی ورتەی لێوەهات بڵێن بۆکوردانی ئیسلامی برامان وای لێبکرێت بەودەردە ببرێت .
بەڵام کەرکوک هەر لەناو کارەسات وزوڵم و زۆری سەدام و تاقمەکەیدا مایەوە لەناوکارەسات و مەینەتیدا ئەژیا لەگەڵ بەشە دابڕاوەکانی کەی کوردستان. ئەوەندەی نەخایاند ، پەیوەندی نێوان سەدامی خوێنڕێژ و هاوپەیمانان تیکچو .لەساڵی ٢٠٠٣ دا شەڕی کەنداو دوبارە بەرپابوو هێزەکانی سەدام لەبەرەکانی جەنگدا بەرگەیاننەگرت ، ڕژێمی بەعس شکستی هێناو تا دواجار هەرلە لەوساڵەدا ڕوخا ( ٢٠٠٣ ) وکەرکوک لەچنگی ڕژێمی بەعس ڕزگاری بوو وەک هەموو بەشەکانی کەی عێراق

## ڕژێمی سەدام ڕوخاو کەرکوک کەوتەوە دەستی خاوەنەکانی :

شەڕی نێوان هاوپەیمانان وڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ دا کەهەڵگیرسا و سەدام بەرگەی چەند ڕۆژێکی نەگرت بەعس و ڕژێمەکەی هەڵوەشایەوە سەدام دەربازبوو لەکونێکدا خۆیشاردەوە .
کوردستان لەوکاتەدا لەلایەن (بەرەی کوردستانی ) ئەبرابەڕێوە بەنوێنەرایەتی هەموو پارت و کۆمەڵ وڕێکخراو و ناوەندەکوردیەکان ، هیزی پێشمەرگە خێرا فریا کەوتن هەندێک شوێنی کەیان خستەوە سەر هەرێمی کوردستان کە فرسەتێک و هەلێکی ڕەخساوی مێژوییبوو ، کەئەبوو تا جەبەل حەمرین پێش ڕەویان بکردایە فرسەت لەدەست نەدرایە ، هەرچەندە ئەم بیرۆکەیە دژی سیناریۆ وخواستەکانی ناوەندەکانی بڕیاری دەوڵەتانی بەهێزبوو کەئەو بیرۆکەیە کۆنە (کە لەپرۆگرامیاندا نیە لەوە زیاتر بەکورد ڕەوابیینن ، بەڵام ئەتوانرا پێداگری بکرێت ، بکرێتە واقعێک.
لەکەرکوکیش ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەگەڵ برا تورکومان و عەرەبەکان وکلدۆ

ئاشوریدا دواجار ڕزگاربوون لە دەستی بەعس و ڕژێمی سەدام هەوایەکی سەربەستیان هەڵمژی . ڕۆژی ئاشتی و پێکەوەژیان بەبرایەتی بووە ویردی سەر زمانی هەمووان بۆ بەرژەوەندی گشتی هەمووان

بەڵام بەداخەوە ئەوبارە شێواوە لەکاتی کەوتنی بەعس و ڕژێمی سەدامدا هاتەکایەوە کە چەند ڕۆژێک دەوامیکرد ، کورد دەستپێشکەر نەبوو نەهاتەدەست گیانی موبادەرەی بەهێز نەبوو فریانەکەوت بەری ئەو سەرکەوتنە وەک پێویست بە دەستبهینێت بیقۆزێتەوە دەست بەسەر هەمووخاکی کوردستاندا بگرێت بیکاتە ڕوداوێکی واقیع ، بەتایبەت لەکەرکوک و دەوروبەری وخانەقین و شەنگال هەموو ناوچە دابڕاوەکان کەپێشمەرگەی کوردستان لەئامادەباشیدابوون بەباشترین شێوە ڕێکخرابوون ، ئەبوو ئالای کوردستان لەسەر حەمرین هەڵبکرێت کە لەو کاتانەدا هەلی زێڕین بوو بۆ کورد ، بەتایبەت کەکورد یەکڕیزو یەکهێزوبوو تاڕادەیەکیش یەکگرتوو فریاد ڕەس وئامدەبوو بەڵام بەداخەوە دەستپێشکەرنەبوو (ڕوحی مبادره )ی وەک پێویست نەبوو . داگیرکەرانی کوردستان ودوژمنان و وڵاتانی دەوروپشت دەستیانکرد بە هەڕەشە خۆگیفکردنەوە ، بەتایبەت بەرامبەر سەرکەوتنەکانی گەلی کورد ، وەک پڵنگی کارتۆنی لەمیدیاکانیاندا دەرئەکەوتن خۆیان ئەنواند ، هاتنەمەیدانی نووسین و بڵاوکردنەوەی هەڕەشە دەربارەی کەرکوک ودژی هەرێمی کوردستان ، بەڵام ڕوشنبیران و چاودێرانی سیاسی کورد لە وباوەڕەدابوون کەهیچ ترسێک لە ئارادا نیە وناتوانن یەک بست لە خاکی عێراق داگیربکەن و بێنەپێشەوە ،لەبەر ئەوەی عێراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە داگیرکرابوو ، ئەزمونێکە هیچ دەوڵەتێک لە وکاتانەدا بۆینیەو ناتوانێت دەست وەربدات لە کاروباری عێراق ، نمونەی هاوشیوە بۆئەم ڕاستیە زۆربوو گەلی عێراق ڕزگاری بوو بەتایبەت گەلی کورد لە تاوانبارو خوێنرێژێکی نامەرد ، کە بە درێژایی مێژوو نەتەوەی کورد وکوردستانیان کارەساتی وایان بە سەردانەهاتوە وهاوتای نەبووە .

گەلی عێراق هەناسەیەکی خۆشی پیاهاتەوە ، حکومەتی عێراقی فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموکراتی دروستبوو ، هەموو گەلانی عیراق بەهەموو نەتەوە وکەمایەتی و ئایینی

جـۆراو جۆریـانەوە لە دەسـتوردا مافیـان دەستنیـشانکرا کـوردیش بەبـەشـیک لەئامانجەکانی کاتی خۆی گەیشت ، هەموو نیشتمان پەروەران دڵسۆزان و کـورد پەروەران لە ناوڕێزەکانی ڕیکخراو پارت و ناوەندەکانی سەر بەهەر لایەنەکان خۆیان ڕێکخست ،بەئازادی و لەکەش و هەوایەکی سەربەستیدا هاتنـەمـەیدانی تێکۆشـان و خزمەتکردنی گەڵ .

**مادەی (١٤٠) لەدەستوردا بڕیاری لە سەردرا** : لەکاتی دانانی دەستوری نوێدا بۆعێراق یەکێک لەمادەگرنگەکانی مادەی ١٤٠بوو دەربـارەی ئـەو هـەنگاوانـەی دەگیرێتەبەر بۆ گێرانەوەی هەموو بەشە دابڕاوەکانی کوردسـتان ، ئـەو هەنگـاوانەی دەربارەی مافی گەلی کورد ئەگیرێتـەبـەر لە هەمـوو خـاکی کوردسـتانی خـوارودا ، بەگێرانەوەی ناوچە دابڕاوەکان لەڕێی ڕاپرسی گشتیەوە و قەرەبووکردنەوەی لێقەوماوان و زیان لێکەوتوان و ئـاوارەبووان ، چەنـد خـاڵی کە دەستنیـشانکرا جێبەجێبکرێـت بەمەبەستی گەیشتن بەو ئامانجە .

ئەوەی گرنگە ئەمڕۆ پێویستە لە بەرچاوبگیرێت ئەم خاڵانەی خوارەوەیە کە زۆریان پویوەندیان بە میکـانیزمی جێبەجیکردنـی مـادەی ١٤٠ وە هەیە ، بەتـایبەت ئەوەی پەیوەندی بو کەرکوکەوە هەیە کە بەدرێژایی حوکمی عێـراق گـرێ کـوێرەیەک بـووە هەردەم بووەتە هۆی سەرنەکەوتنی دانووسان وگفت وگۆو لەنیوان سەرکردەکانی کوردو کاربەدەســـتانی عێراقـــدا کـــەبەریتانیـــا هـــەردەم لەپـــشتیانەوە بـــووە :

١/ مەرجی سەرەکی جێبـەجێکردنـی پێداگرتنە لەسـەرمافە نەتەوەیـیە ڕەواکانمـان لەسـەر نـاوچە دابڕاوەکـان، بـێ تەنـازولکردن و سازشـکردن لەسـەری وبێزاربـوون وبەنیمچەحەل قایلبوون .

٢ / پشتبەستن بە بەلگەنامە وتۆمارە مێژوویی و جـوگرافی ودوکـۆمێنتە نوێیەکـان وکۆنەکان کە کەرکوک بەشێکی گرنگی دانەبـڕاوی کوردسـتانە بەدرێژایـی مێـژوو .

٣ / پشت بەستن بە سەر ژمێریەکان کە بەدرێژایی حوکمی عێراق ئەنجامدراوە تاساڵی ١٩٥٧ ودواترو بەرەچاوکردنی ڕاپۆرتە کۆنەکان دەربارەی ڕێژەی دانیشتوانی کەرکوک ودەوروبەری ئەوەی پەیوەنـدی بەڕێـژەی کـوردەوە هەیە لەونـاوچە دابـڕاوانەدا

بــەتايبــەت راپۆرتــەكــانى كۆمــەڵــەى گــەلان و نــەتــەوە يــەكگرتــوەكــان .

٤ / گێڕانەوەى ئاوارەو كوردە دەركراوەكانى كەركوك ونـاوچە دابڕاوەكـان و دابـين كردنى شوێن بۆ نيشتەجێكردنيان و قەرەبووكردنەوەيان و گێـڕانەوەى موڵـك ومـاڵ وزەوى و زارى داگيركراويــان بــەتوركومانيــشەوە بــەهــەمــان شــێوەى كــورد .

٥ / ناونووسـكردنى عەرەبە هاوردەكـان ، گێڕانەوەيـان بـۆ شـوێنى پێـشوويان ، يارمەتيدانيان و قەرەبووكردنەوەيان بۆ گەڕانەوەيان بۆ ئەو شوێنانەى لێوەى هاتون .

٦ / ئاسايى كردنەوەى بارى ئيدارى پارێزگاى كەركـوك وگێـڕانەوەى بۆسنورەكانى پێشوى بەگێرانەوەى ناوچە دابڕاوەكان لەقەزاو ناحيەكان ، كەسەدام بەمەبەستى كەم كــــردنەوەى ڕێـــژەى كــــورد لەكەركوكــــدا ئەم كــــارانەى ئەنجامــــدا .

٧ / زەمينە خۆشبكرێت بۆ ئەنجامدانى سەرژمێريەكى گشتى دانيشتوان كە ڕەگەزى نەتەوەيى هەر دانيشتويەك ئاماژەى پێدرابێت و بەفرسەتى بزانن لەهەمـوو ڕويەكـى ئـابوورى و كـۆمەڵايەتى و باريكەسـى لەسـەرژمێريەكەدا هەبێـت ، كە ديـاردەيەكى شارستانى وپێشكەوتنە .

كەم كارى دەوڵەتى و ئابوورى و كۆمەڵايەتى و خەڵكى بێ سەر ژمێرى وەك پێويست ئەڕوات بەڕێوەو ئەنجامئەدرێت ، كەمەرجێكى بنەڕەتى پێـشكەوتن و بەڕێـوەبردن وشارستانيە ، تائەمڕۆژ بەگرنگترين كەم وكورتى وگوێنەدانى حكومەت ژمارە ئەكرێت .

٨ / لەدواى ئەنجامــدانى خاڵەگرنگەكــانى مــادەى ١٤٠ و ســەرژمێرى گــشتى و ئاساييكردنەوەى بارەكە ، لە كيش و هەوايەكى ئازاد وسەر بەستدا ڕاپرسى گشتى ئەنجامبدرێت وەك مـافێكى بنەڕەتـى گەلـى كوردسـتان بـۆزانينى ڕاى خەڵكـى بـۆ گەڕانەوەى نـــاوچە دابڕاوەكـــان بـــۆ ســـەر هەرێمـــى كوردســـتان .

٩ / بۆ ئەنجامدانى هەڵبژاردنەكانى پەرلەمانى و ئەندامانى پارێزگاو و شارەوانى و ڕێكخراوى شارسـتانى و سـەنديكا ئەوەى هێـواى لێئەكرێـت و گـرنگە هەمـوو لايەنە كورديەكان بەيەك ليستەوە بێنە مەيدان وەك يەك پـارت ورێكخـراو سـەنديكا يـان لەيەك بەرەدا بێنەمەيدانى كێبڕكێى هەڵبژاردن تارێگەبگرن لە فەوتانى يەك دەنگ و نەيڵــن بەرامــبەران لەورێــگەيەوە بەژمــارەى كورســى گرەومــان لێببەنــەوە .

١٠ / لەئەنجامی جێبەجێکردنی هەموو مادەکانی ١٤٠ دا ، شان بەشانی کورد مافی کەمە نەتەوایەتی تورکومان و کلدۆ ئاشورو عەرەب ڕەچاوبکرێت هەموو مافێکی ڕەوایان بۆدابین بکرێت بەپێی ئەنجامی سەرژمێریەکە .

ڕێزیان لێبگیرێت وگوێ لە داواکاری گونجاویان بگیرێت ، لەهەموو ئاستێکی بەڕێوەبردن و بەرپرسیارێتیدا هەموو هاوبەشبکرێن ، وەک برا بەپێی تواناو شیاو بڕوانامەو ئاستی کۆمەڵایەتیان .

بەو شێوەیە کەرکوک بکەنە شاری خۆشی و برایەتی وئاشتی وپێکەوەژیان و فرەنەتەوەو ئایینی ، بەسەربەستی و ئازادی بەهاوکاری ویارمەتی هەموو ژیان بە سەر بەرن .

ئەگەر چاوێک بخشێنینەوە بەڕابووردودا ئەگەربەڵگە مێژووییەکان و ڕوداوو کارەساتەکانی ناو چەکە بهێننەوەیاد کەهەموو بە کورد وتورکمان وکلدۆ ئاشوری و عەرەبەوە چیان بە سەرهات بە دەست شۆڤێنزمی عەرەبەوە وگیروگرفتی ناوچەکەوە ، هەموو ئەوەش بزانن تا کەرکوک و کێشەکەی هەر وابە هەڵواسراوی بمێنێتەوە دوژمنان دەست بخەنە کاروباریانەوە ، دانیشتوانی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان ئاسودەیی و هێمنی و بەرقەراری بەخۆوە نابینیت .

لەژێر سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە ئەمڕۆ کەمەنەتەوایەتی و ئایینی هەرێمی کوردستان چۆن بەخۆشی و ئاسودەیی و برایەتی ژیان بە سەر ئەبەن و چۆن مافی هەموو لایەکیان بە پێی دەستور پارێزراوە و بە سەر بەستی ئەژین و مافیان پارێزراوە ئەبیت .

ئەوەی ئەمڕۆ گرنگە وەستی پێئەکرێت هەموو کوردێک با ئاگاداربێت دوژمنان وداگیرکەرانی کوردستان ودەوڵەتانی دراوسێ و دەوڵەتە مەزنەکان زۆریان بەدڵیان نیە ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێتەوە باوەشی هەرێم ، ئەم تێبینیە وامان لێئەکات کەهەردەم هۆشیارو یەک ڕیزو یەک دەنگبین لە هەموو کردارو بەڕێوەبردن و چالاکی هەڵبژاردن کەبەیەک دەنگ هەمیشە بێینە پێشەوە لەبەرەیەکی فراواندا ، لەهەڵبژاردنەکاندا نەیەڵین یەک دەنگ بەفیرۆ بڕوات ، هەرچەندە تا ئەمڕۆ ململانێی حیزبایەتی و هەوڵ

بۆدەستکەتی حیزبی هەبووە کە زیانی زۆرتربووە بەڵام بەرژەوەندی بەرزی نەتەایەتی وچارەنووسی لەبەرترە ، هێوائەکرێت کە ململانێی نیوانیان بگۆڕێت ببێتە کێبڕکێ نێوانیان بۆگیانی یەکریزی و یەکدەنگی ویەکلیستی بۆ هەڵبـژاردن وخزمـەتکردنـی نەتەوەکەیان ، لەسەرینەمای ڕێککەوتنی پێشەکی ودەستپێشکەری بێنە پێشەوە بۆ بەردەم سندوقی هەڵبژاردن .

وەک باسمان کرد لەئەنجامی جێبەجێکردنـی مـاودەی ١٤٠ ئەبێـت ڕەچـاوی مـاف و داواکاری برایانی تورکمـان و عەرەب و کلـدو ئاشـور وهەرلایەنێکـیکە بکرێـت ئەگەر هەرتێبینی وداواکارییەکیان هەبوو بە گرنگەوە سەیربکرێن بەپـێ شـیاوی وگونجـانی جێبەجێبکرێن ، هەروها هاوبەشبکرێن لە هەموو کارو بەڕێوەبردنی فەرمیدا لە هەموو ئاسـتێکدا بەڕەچـاو کردنـی لێهـاتوویی و شـارەزایی و تایبەتمەنـدی لەوبـوارانەدا ، کەرکوک بکەینە شاری برایەتی و پێکەوەژیان وهاوسەنگی تا لە ژیانی تاکە کەسیشدا ئەوڕێزە لەبەرچاوبگیرێت بۆهەمووبێت.

بۆ ئاسایی کردنەوەی ژیان وکارەکان تادوای ماوەیەکی درێـژ خـایەن باشـتر وایە بە ڕێکەوتن تەوافوق بێت و ڕەچاوی ڕێژەی ژمارەی هەر نەتەوەو کەمە نەتەوەیی وئایینی بکرێـت لەدانـانی فەرمـانبەر لـەفرمانگـەکانـداو شـوێنە فەرمیەکانـدا ، ئەم خـاڵەش ڕێگرنەبێت وکۆسپ نەبێت لە بەردەم تاکە کەسی لێهـاتوو شـارەزاو تـایبەت مەنـدو خاوەن بڕوانامەی بەرز کەجێگەی شیاوی خۆیبکاتەوە لە هەموو ئاستێکدا.

* سەرچاوەکان لەڕۆژنامەو گۆڤاریکوردی و عەرەبیەوە وەرگیراوە دربارەێ حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی نەناوچەدابڕاوەکانی هەرێمی کوردستانەوە و پەیوەندی بە حکومەتی فیدراڵەوە لەبەغداد

* بیرەوەری تاکێ خۆم دەربارەی کەرکوک وپێشنیازمان دەربارەی ڕەوشی کەرکوک و دیموکراتی ودوا ڕۆژی کەرکوک وپەیوەندی نێو دانیشتوان وسەرژمێری

***



دیمەنێکی ناو شاری کەرکوک

# پوختەی هەندێک لەزانیاریەکان

## ئەونەتەوە ودەولەتانەی که حوکمی کوردستانیان کردوە

**بەدرێژایی مێژوو بەتایبەت لەکەرکوک ودەورووبەری بەکورت کراوەیی**

لەم بەشەدا ئەمانەوێت کورتەیەکی میژوویی سەدەکانی حوکمڕانی ناوچەکە باس بکەین کە پەیوەندن بە دانیشتوانی ناوچەی کەرکوک و ڕەگەزی ئەو نەتەوەو گەلە نامۆیانەی کە دەستیان بەسەر کەرکوکدا کێشاوە و داگیریانکردوە وماوەیەک حوکمڕانیانکردوە لەگەل دەوڵەتانی سەربەکورد بوون . بەلام لە ناوەڕۆکدا هەربەدرێژایی مێژوو دانیشتوە ڕەسەنەکانی بەڕەگەز سەربە کورد دانیشتوی هەمیشەییبوون ، بەدرێژی نزیکەی پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر خاوەنی ئەم وڵاتەبوون ،داگیرکەران نەیان توانیوە دیمۆگرافیای ناوچەکە بگۆڕن . بەم پێیەی خوارەوە :

ئە / لە بەرەبەیانی مێژوەوە سێ هەزار ساڵ پێش عیسا کەرکوک ودەورووبەری

ئاوەدانبووە نەتەوە و گەلە ڕەسەنەکانی ناوچەکە تیایدا ژیاون وەک سۆمەری و گۆتی وهۆری سۆباری لۆلۆبی (کورد ئەمڕۆ وارثی ئەوانە وئێمەی کورد نەوەی ئەوانین ) ، هەندێک ئاماژە وبەڵگەنامە هەیە بۆ بوونی شاری کەرکوک بەهەزارەها سال پێش عیسی ، ئەتوانین کەرکوک بگێڕینەوە بۆ پێش بەرەبەیانی داهێنانی نووسین کە ۳۰۰۰ سال پێش عیسی و زەمانی حوکمی سۆمەریەکان . کە بۆ ماوەیەکیش کەرکوک لەژێر دەستی سۆمەریەکاندابووە تاساڵی ۲۰۰٦ پ.ع کە سۆمەریەکان کەسەر بەکوردستان بوون ،بەپێی ئەو بەڵگەباسکراوانە کە لەلاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێدابوون .

بـێ / دەوڵەتـی ئەکەدی لە سـاڵی ۲۳۷۱ دامەزرا تـا سـاڵی ۲۲۳۵ پ.ع لەگەڵ بەهێزبوون و جێگیربوونی حوکمیان ناوچەی کەرکوک و زاموا و لۆلۆبی بۆچەند ساڵێک کەوتە ژێر دەستی ئەکەدیەکانەوە ، کاتێک نارام سین پاشای ئەکەد هێرشی هێنـا بۆسەریان بۆماوەیەکی کەم حوکمیان بەردەوام بوو ، هەر لەسـەدەکـانی حـوکمڕانی سۆمەری وئەکەدیەکاندا دانیشتوانی نیشتەجێی ناوچەکە گۆتی و لۆلۆبی بـوون لـە کەرکـوک ودەوروبـەری ژیـاون بۆچەنـد سـاڵێک ناوچـەکـە کەوتـوەتـە ژێـر دەسـتی ئەکەدیەکانەوە کەنامۆبوون .

گۆتیەکان بەدرێژایی ساڵانی۲۳۱۱ پ.ع وپێشتریش لەدەڤەری کەرکوک هەبـوون نیـشتەجی بـوون ونـاو دەورو و چالاکیـان بەدرێژایـی سـەدەکان دیـاریبووە ، تـا بلاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام وهاتنەخوارەوەی قورئانی پیرۆز کەلە ئایەتێکدا لەسورەتی نوح دا ( د . خ )، ئامـاژەی داوە بەوڵاتـی گـوتی ، لەباسـی کەشـتیەکەی نوحـدا هاتوە ( استوت علی الجودی ) بەڵگەیە کە تاساڵی دوای (شەش سـەدی ٦۰۰ دوای عیسی) سەدەی شەشەم ، دواتریش هەرناوچەکە بەدەست خاوەنە گۆتیەکانیەوەبووە مانای ئەوەش ئەگەیەنێت کە لە دەورانی ئیسلامیداو دواتریش هەر بەوجـۆرە وڵاتـی گۆتیـانبووە ، ئەگەر هەنـدێک جـار لەلایەن گەلانـی کەوە داگیرکـراوە ، ئەوگەلانە بەوداگیرکردنە خێرا نەبوونەتە خاوەنی دەڤەرەکە زۆر لەناوچەکان وەکخۆیان ماون ، هەردانیشتوانی کۆن و ڕەسەنی وڵاتەکە وەک گۆتی و لۆلۆبی بەدریژایی زیاتر لە ۵۰۰۰

لەپێنج  هەزار ساڵ  خاوەنیبوون ، هەرنیشتەجێی کەرکوک و دەوروبەری بوون ئەم دەوڵەتە داگیرکەرانە کەنامۆبوون بە ناوچەکە جار جارە حوکمی ناوچەکەیان کردووە بەتایبەت کەرکوک ئەمانەن :

١  /  بابلیەکان کە لەزەمانی حامورابیدا بۆماوەی کەمتر لە ٣٠٠ ساڵ حوکمیان کردوە بۆماوەیەکی کەم دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرتوە .

٢  / ئاشوریەکان لەساڵی ٩١١بەدواوە  تا ساڵی ٦١٢پ.ع  ڕاستەوخۆ حوکمی کەرکوکیان بەدەستەوەبووە وداگیریان کردود کە نزیکەی ٣٠٠ ساڵ ئەکات.

٣  / حوکمی ئەسکەندەری مەکدۆنی وسلوکی لەساڵی ٣٣٢ پ.ع تا ساڵی ١٢٦ د.ع بەر دەوام بوو کە نزیکەی ٤٥٠ ساڵ ئەکات .

٤  / حوکمی موسوڵمانەکان لەساڵی ٢٠ کۆچی تا ٢٢٠  کۆچی کە دەوری ٢٠٠ ساڵ ئەکات ، کوردستانیان بە دەستەوە بووە ، بەناوی ئیسلامەتیەوە حوکمیان کردوە نەک بەناوی عەرەبەوە .

٥  / کاتی حوکمی  خەلافەتی عەباسی  ( دەوری سەلجوقی وخەواریزمی وتورکانبوو خەلیفەکان هەریەناو مابوون حوکمی وڵات بەدەست ئەوانەوەبووە  ) لەساڵی ٢٢١ تا ٦٥٦ کۆچی کە ٤٣٥ ساڵ ئەکات . ناوەناوە حوکمی ناو چەکە بەدەست ئەمارەتە کوردیەکانەوە بووە

ئەوگەل و نەتەوانەو دەوڵەتانەی کەبۆماوەیەک داگیریانکردوە هەرچەندە بەوداگیر کردنە دیمۆگرافی هەندێک ناوچەیان گۆڕێوە بەڵام نەبوون بە خاوەنی خاکەکە ، بەتایبەت لە کەرکوک ودەوروبەری هەروەها بەدرێژایی حوکمیان وڵاتەکەیان بەدەستەوە نەبووە ،بەڵکو ناوە ناوە داگیریان کردوە وحوکمی ڕاستەو خۆیان کردوە . بەدریژایی ئەوماوەیە ، دەوڵاتان و ئەمارەتی کوردی ماوەماوە حوکمی ناوچەکەیان کردوە وخاوەنی بوون وەک دەوڵەتی ئەیوبی ، زەندی و حوسنەوی. هـە...دوایی .

٦  / دوای وکەوتنی دەوڵەتی عەباسی وگرتنی بەغداد، دەوری حوکمی ڕاستەوخۆی

تورک وئێرانی لەساڵی ١٢٥٨ د،ع  تا ساڵی ١٩١٨ د.ع بەردەوام بوو ، کەبە هەمووی ٦٦٠ ساڵ ئەکات ، بەدرێژای ئەوساڵانەی کە باسکران ، وڵاتەکە ماوەیەک  بەدەست بێگانەوەبوو ، لەگەڵ ئەوەشدا  دەوڵەتە کوردیەکان حوکمی ناوچەکەیان کردوە ، کورد هەبووبونی خوی هەبووە وەک دەولەتی :  بەنی عەناز ، حوسنەوی ، ئەردەلانی ، بابانی ، زەندی ،بەدرخانی  هەتا ،،د ، کە هیچ لەو دەوڵەتە داگیرکەرانە نەیان توانیوە ژیانی کۆمەلایەتی ئابووری و کەڵتوری ومەرجی نەتەوایەتی  ( بنەڕەتی) زۆر لەناوچەکان شوێنەکان  بگۆڕن  .

{وەک لە خاڵە باسکراوەکاندا دەرئەکەوێت زوتریش بەبەڵگەوە باسکراوە کە عەرەب بەدرێژایی مێژووی کەرکوک وناوچەکە تەنها ٢٠٠ ساڵ حوکمی ناوچەکەیان کردوە ئەوەش بە ناوی ئایینی ئیسلامیەوەبووە نەک تەنها بەبیانوو بەڵگەی بیری نەتەوەیی عەرەبی }.

٧ / [ لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە کەڕژێمی پاشایەتیعێ راق دامەزرا ئێمەی کورد لەلایەن هاو پەیمانانەوە بەتایبەت ئینگلیز دراینە دەستی عەرەب ، بەوپێیە عەرەب بوونە حوکمڕان وداگیرکەر لەساڵی ١٩٢٠ تا ئەمڕۆ ]، بەهەموو حوکمی عەرب بەناوی ئیسلامەوە لەعێراقدا بەتایبەت لەکوردستاندا ، بەمەزەنە ٣٠٠ ساڵە

## بەکورتی :

**یەکەم** : گۆتیەکان ماوەی چوار هەزار ساڵ تا پێنج هەزار زیاتر لەکەرکوکدا ژیاون وخاوەنی ئەم خاکەبوون لەگەڵ داگیرکردنیدا لەلایەن دەوڵاتانەوە بۆچەند سەدەو چەند جارێک هەر دانیشتوانی ولاتەکە سەر بەکوردبوون نەتەوەی ڕەسەن و خاوەنیبوون .

**دووەم** :گەلانی سامینەژاد بابلی وئاشوری نزیکەی ٧٠٠ ساڵ ناوچەکەیان حوکمکردوە کە نامۆبوون (عەرەب نەبوون)

**سێیەم** : ئەسکەندەری مەکدۆنی و یۆنانی (سلوگی) نزیکەی ٤٥٠ ساڵ ناوچەکەیان داگیرکردوە نامۆبوون . **چوارەم** : موسوڵمانە عەرەبەکان ( نەک عەرەب وەک نەتەوە ،بەڵکو وەک ئیسلامەتی) دەوری ٢٠٠ ساڵ حوکمی ڕاستەو خۆیانکردوە .

**پێنجەم** : حوکمی خەواریزم و سەلجوق ومەگۆل وتورکان کە حەکمی دەوڵەتی عەباسی بەدەستیانەوە بوو . . نزیکەی ٤٣٠ ساڵ ئەکات کە نامۆبوون بە وڵات .

**شەشەم** : دوای هێرشی هۆلاکۆ تورک و مەگۆل و غەز ماوەی نزیکەی ٦٠٠ ساڵێک حوکمی ئەم وڵاتانەیان . . .

کردوە دیمۆگرافیای زۆر ناوچەی ڕوژهەلاتیان گۆرێوە کە نامۆ بوون .بەڵام هەر کورد دەولەتی ناوچەیی . .

خۆی هەبووە وخاوەنی خاکی خۆییبووە .

**حەوتەم** : حوکمی عەرەب لەدوای ساڵی ١٩٢٠ تا ٢٠٠٦ بەهۆی زوڵمی بەریتانیاو هاوپەیمانانەوە لەکورد ئەم چەندساڵە دراینە دەستی عەرەب کەماوەی نزیکەی ٩٠ ساڵ ئەکات ، لەماوەی حوکمڕانی ئەم نەوەدساڵەی دوایییەی عەرەب

لەعێراقدا ، هەرچی مروڤایەتی حەزی پێناکات لەتاوان شۆڤێنیە عەرەبەکان ئەنجامیاندا دژی نەتەوەی کوردوخاکی کوردستان بەمەبەستی لەناو بردن و سڕینەوەی پێناسەی نەتەوەیی کورد .

بەدرێژایی مێژووی هەزارەها ساڵ ، کورد بەوجۆرەی ئەم چەند ساڵەی دواییەی بەسەردا نەهاتوە لە زوڵم و زۆرو کۆمەلکوژی وئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران و ڕەوی بەکۆمەل بەدەستی ڕەگەزپەرستانی عەرەبەوە ئەگەربەراوردی ورد بکەین هیچ نەتەوەیەک بەوشێوەیەی کوردی بەسەرنەهاتوە بەدرێژایی مێژوو .

ئەگەر هەموو ساڵانی حوکمی نەتەوەکانی سەر بە سامینەژاد کۆبکەینەوە کەدەستیان گرتووە بەسەر کەرکوک و ناوچەکەدا بەشێکی کوردستاندا لە ماوەو سەدەی پچر پچردا کۆی حوکمیان لە ٧٥٠ ساڵ تێەرنابێت وەک نەتەوەی نامۆ بەوڵاتەکەبوون لەڕاستیدا ناتوانین ئەم سامی نەژادانە هەموویان بەعەرەب دابنێین .

{ ئەگەرهەبێت بڵێت : ئەی ئاشوری و بابلی ئاموری وئارامی ئەوانیش عەرەب نەبوون ؟ . لەوەرامدا ئەلیین نەخێر ، بەڵام ئەمانە لەکۆمەڵەی سامی نەژادبوون نەک عەرەبوون ، یەک نەتەوەنەبوون .

ئەگەر نەوەکان و وارثی سامی نەژادەکان بڵێن ئێمە عەرەبین ئەوە بۆخۆیان ئەگەڕێتەوە وئیختیاری خۆیانە } .

گۆتیەکان خاوەن ونیشتەجێی دێرین وڕەسەنی ناوچەکە بوون لە ٥٠٠٠ پێنج هەزار ساڵ زیاتر کاریگەری و جێ پەنجەیان وڕۆڵیان دیاریبووە لەمێژووداو حوکمڕان بوون ، ژیانیان لەکەرکوک و دەوروبەریدا بەسەربردوە ، لە ناوچەکەدا خاوەنی ئاو و زەوییبوون ، بەو بەڵگە میژووییە ساغکراوانەی کەلەبەشەکانی پێشودا باسمان کرد، بەبەڵگەوە شیمان کردەوە ، ئەی سەلمێنن کەرکوک پارچەیەکی ئازیز نەپچڕاوی کوردستان بووە بەدرێژایی مێژوو.

# ئەنجامی باسەکان

حوکمی کەرکوک وناوچەکە بەدرێژایی مێژوو زیاتر لە سێ هزار ساڵ پێش عیساوە بەدەستی خاوەنە ڕەسەنەکانی ونیشتەجێی کۆنی خۆیەوە بووە کە گۆتیبوون لەگەڵ هۆری ئەگەر بۆ چەند جارێک لەلایەن داگیرکەرانەوە دەستی بەسەردا گیرابە مانای ئەوەنییە ئەو داگیر کەرانە بوونەتە خاوەنی ئەو خاک و ئاوە .

١/ ئەودووسەد ساڵەی عەرەب بەناوی ئاینی ئیسلامەوە حوکمیانکردوە لەزەمانی خولەفای ڕاشدین بەدواوە نەبوونەتە خاوەنی خاکەکەی ، یاخود زەمانی ئەسکەندەری مەکدۆنی وەک داگیرکەر نەبوونەتە خاوەنی، هەروەها ئاشوری و بابلی نەیان توانیوە دیمۆگرافیای ناوچەکە بگۆڕن نەبوونەتە خاوەنی خاکەکە ، هەر دانیشتوانی ڕەسەنی کوردستان خاوەنی بوون .

٢/ بەشێکی زۆری عەرەب لەکوردستاندا تازەن (پینج سەد سال ) لە مەوپێش بەشێوەی بەدوو هۆزو خێڵەکی لەجزیرت العەرەبەوە ویەمەنەوە ڕەویانکردوە بۆ ڕۆژهەلاتی شاخی حەمرین وەک ( شەممەرو جبور و عوبێد ) ٣/ تورکومان لەگەڵ هێرشی تورک ومەغۆل هاتون کە لەنێوان ( پێنج سەد ساڵ وشەش سەدسال) و لەزەمانی حوکمی عوسمانیدا لەسەر خەتی ( ڕێگەی سوڵتانی ) بۆگوێزانەوە نیشتەجێکراون بەوهۆیانەوە نیشتەجێبوون لە سەر خاکی کوردستان .

٤/ ئاشوری و کلدان هەندێکیان دانیشتوی کۆنی ناوچەکەن مێژوویەکیان هەیە، هەندێکیان بەتایبەت ئاثوریەکان نزیکەی سەدساڵە لەکوردستانی باشوردا نیشتەجێی بوون وەک برا لەگەڵ کوردا ژیاون

٥/ ئەم (نەوەد ساڵەی) دوایی کە ئینگلیز ئێمەی دایە دەستی عەرەب دوای دروستکردەنی پاشایەتیەک بەناوی عێراقەوە ، تائەمڕۆ گرفتاری دەستیانین ئەمان چەوسێننەوە مافمان لێزەوت ئەکەن ، هەرخەریکی ڕەوپێکردن و کۆمەڵ کوژی و

کیمیابـاران و ئەنفـال و قڕکردنـی کوردبـوون ، گیـانی بـەعـەرەبکـردن بـەکـردەوە هەربەردەوامە ئەمڕۆ .**کورد لەمشارەدا** : لەگەڵ تورکومـان و عەرەب و کلـدان و ئاشوری بەبرایەتی ئەژین ، وهەموو بەیەکەوە باخچەیەکی پڕگوڵی جوانی ڕازاوەیـان پێکهێناوە وهەمە جۆرو بۆن خۆش و ڕەنگاوڕەنگ ، ئەو باخە بەخزمەتکردن ویەدەستی ڕەنگینی یارمەتی هاوکاری هەموو گەشەئەکات ، ئەگەشێتەوە کە بەدەرونی کراوە وپڕ لەخۆشەویستی ئاودێربکرێت .

ئەمڕۆ کەرکوک شاری فرەنەتەوە و برایەتی و تەبایی وئاشتی وپێکەوەژیانە ، ئەگەر دەستی دەرەکی و دوژمنان وناحەزان بهێڵێت ، بەردەوام ئەم شارە لەپێشکەوتن و گەشەکردندا ئەبێت و لانەیەکی خۆشی و ژیـان ئەبێـت بـۆ هەمـوو ، ئەگەر هەمـوو بەگیانێکی واقعی بیرێکی دیموکراتی و دادوەری بیربکەنەوە بژین ، هەرگیز کۆسپێک نـابینن لە بەردەمیانـدا کـەرێـگەی ژیـانی پـڕلە ئاسـودەو ئاشـتیان لێبگرێـت . ئەگەر هەموو نەتەوە و ڕەگەزو ئایینی داواکاریان ڕەچاو بگیرێت و جێبەجێ بکرێت بەتـایبەت ئەوەی پەیوەنـدی بە کەلتـورو زمـان و ئەدەب و خوێندنـەوەهـەیـە ، بـە هاوبەشی هەموویان حوکمی شارەکەو ناوچەکەبکەن ، مافەکانیان لەهەموو ئاستێکدا بۆیان بێتەدی .

وەک هاوولاتی ئاسایی وهاو سەنگ وهاوتا بەبرایەتی بژین ، هەموو ئەندامێکی گەلیی عێراق مافی ڕەوایان ڕەچاوبکرێت لەئەنجامدا ئەمانە هـەمـوو ئەبـنە هانـدەرو وزەی بەهێزی پێکەوە ژیان و برایەتی و تەبایی وئاشتی ، بەو شێوەیە کەرکوک بەهەمـوو مانایەک ئەبێتە شاری هەمەڕەنـگ وڕازاوەو برایـەتـی وخوشـی وئاشـتی و هێمنـی و یەکگرتوو. بەپێچەوانەوە ئەبێتە مایەی کاوڵکاری ودۆزەخێک بۆ هەمـوو . ئـەوەی گرنگە ژیان و خۆشی وچارەنووسی برا یانی تورکومان وئاشورو کلدان لەگەڵ کوردە . کەهەردەم کورد دەستی یارمەتی و تەبایی و برایەتی درێژکردوە بۆیان .

* کۆمەڵێک مێژوو نووسی عێراقی ، العراق فی التاریخ ، ، لاپەڕە٣٣٢.
* هنری فۆستر ، نشات العراق الحدیث ، لاپەڕە ١٧١ .
* تاهاباقر ، مقدمه فی تاریخ الحزارات القدیمه ٢٩٦ .

* عونی فرسخ ، الاقليات فی الوتن العربی ، ١٢٩ تا ١٣٢-٢٥٣ ، ٣٠٠ ،٣٠٣ .
* د . جواد علی ، تاريخ العرب قبل الاسلام ، لاپەڕە ١٨ .
* محەمەد ئەمین زەکی بەگ ، کورد وکوردستان ، لاپەڕە ٦١ .
* عبداڵله غفور ،جوغرافيای کوردستان ، .
* ليلی نامق الجاف ، کتێبی کرکوک لمحات تاريخيه ،
* عەبدوڵله عەبدوڵکەریم مارف بەرزنجی ، کارکۆک لەمێژوودا چاپ ١

***



دیمەنی ژن و پیاوێک لەخانەدانەکانی میدیا

# ڕونكردنەوەو شیكردنەوەی ناوی هاتوو

له ناوكتێبەكەدا

* **ئەخەمینی** : پێیشی ئەوترێت ،هەخامەنشی ، پارسوماش ، پارسوا ، ناوی ئەودەوڵەتەیە كە پارسەكان فارس دایان مەزراند دوای دەوڵەتی میدی

* **ئەشكانی** : ناوێشی ئەرشاكی بوو . دەوڵەتێكە كەلە ڕۆژ هەلاتی ئێران دامەزرا دوای سەركەوتنی پارثوا بەسەر دەوڵەتی سلۆكۆس دا .

* **ئۆرارتۆ** : دەوڵەتێكی گەورەبوو لە سەدەكانی حوكمی ئاشوریدا ، لەتەوراتدا بە ئارارات ناوی هاتوە ، بەرزترین شاخی كوردستانی باكور ناوی ئاراراتە كەزیاتر لە پێنج هەزار مەتر بەرزە، ئەمڕۆ بەناوی ئاگری وەیە

* **ئەداب** : لە شارەكۆنەكانی سۆمەریەكانە ، یەكێكبووە لەو ٩ شارەی دوای گەرداوەكە ( تۆفان) ئاوەدانكراوەتەوە . لای چەپی ڕوباری فوراتی كۆنە ئەكەوێتە ٤٠ كیلۆمەتری خواروی ڕۆژئاوای نیپۆر (نوفەر) نزیك عفك لەدیوانیە پاشاكانیان لەنیوەی هەزارەی سییەمدا حوكمیان كردوە .

* **ئادد ، اداد** : گەور خوداوەندی كەش وهەوای ئاسمانی بوو لەسوریاو فەلەستین بەناوی حەدادەوە ئەیان پەرست لەهەزارەی یەكەمی پێش عیسادا ناوی دەركەوتوە دوای گەیشتنی هۆزەكانی ئاموری كەركوكیش بەمەڵبەندی خوداوەندی ئادد ناسراوە و ناویدەركردوە .

* **ئالالاخ** : شارێك و دەوڵەتێكی بچوكبوو لەهەزارەی دووەمی پێش عیسی دا لەسەر روباری عاس لەسوریە ، ئیستا ناوی عەتشانەیە پەیوەندی بەمیتانیەكانەوە هەبووە ماوەیەك سەربەئەوان بووە.

* **ئاموریەکان** : چەند هۆزێکی بەدەوی (کۆچەر ) بوون لەنیودورگەی عەرەبەوە کۆچیانکردوە ، لەکاتی فرمانرەوایی ئەکەدیەکاندا ولەسەدەکانی بنەماڵەی ئوری سێیەمدا ناویان دەرکەوتوە ، بنەماڵەیەک و دەوڵەتێکی بەهێزیان دامەزراند ، لەکۆمەلەی سامی ئەژادبوون . حامورابی لەوان بوو

* **ئارامیەکان** : چەند هۆزێکی (بەدەوی) ڕەوەند بوون بنەماڵەکانیان سەر بە ئاشوری بوون زمانەکەیان بووەتە زمانی هاوبەشی ناوچەکە تا ئەمڕۆژ هەرماوە بەنووسین و ئاخاوتن مەسیحیەکان بەکاری ئەهێنن ، کاتیخۆی بەشێک لە کتێبی ئایینی مەسیحی بەو زمانە نووسراوە ، لەسەدەی یازدەهەمی پێش عیسا ۱۲۰۰ لەڕوداوە مێژووییەکاندا ناویان دەرکەوتوە .

* **ئەسکەندەری گەورە** : کوڕی فیلیپی مەکدۆنیە لە جەنگی گۆگەمێلا دا بەسەر دارای سێیە ئەخەمینیدا زالبوو ساڵی ۳۳۱پ.ع . دوای ئەوەی ڕۆژهەلاتی داگیرکرد گەیشتە هیندستان وگەورەترین ئیمپەراتۆریەتی ئەو زەمانەی دامەزراند کە لە ئەوروپاوە درێژ ئەبووەوە تاهیندستان ، لەساڵی ۳۲۳ دا بەنەخۆشیەکی کوت وپڕ لە بابل کۆچی دواییکرد .

* **ئەشنۆنە** : ئەکەوتە خواروی وڵاتی گۆتیۆم ( کەرکوک ) لەڕوباری دیجلەوە تابناری شاخەکانی زاگرۆس ودەوری ڕوباری دیالا بە ناوی پایتەختەکەیەوە ناونراوە ئەشنۆنە ، ئەمڕۆ ناوی تل الاسمره ، خاوەنی دەوڵەتبوون لەسەدەکانی حوکمی ئاموری حامورابیدا .

* **ئەکباتان** : هەکماتانا ،هەکباتان ، مانای شوێنی گردبوونەوە ، پایتەختی میدیەکانبوو ئەکەوتە ئەودیو ڕیزەشاخەکانی زاگرۆس ، شارێکی دێرینی میدیەکانە و شوێنەواری کۆنی لێیە .

* **ئامازۆن**: بەژنانی ئامازۆن ئەوترا ، وشەیەکە لەسەدەکانی ئیمپەراتۆریەتی میتانی بەکار ئەهێنرا ، بەو ژنەجەنگاوەرە میتانیانە ئەوترا کە لەناو شکری تایبەتدا

بوون مەمکی لایەکیان بڕابوو بۆ ئاسانکاری بەکار هێنانی تیروکەوان لەشەڕدا

* **ئاوان** : وڵاتی عێلام ئەگرێتەوە و ناوی بنەماڵەی عێلامیەکانە شوێنی پایتەختەکەیان نەزانراوە ئەکەوێتە خوارووی ڕۆژئاوای ئێران .

* **ئەلیاتس** : پاشای لیدیابوو کە مادیەکان شەڕیان لەگەڵدا کرد شەڕ ودوایی هات بەئاگربەست و بەڕێکەوتن کە ڕووباری قزل ئێرمەق دانرا بەسنوری نێوانیان لەڕۆژ هەڵاتی ئەنقەرە ، هەر لەکاتی ئەوشەڕەدا ڕۆژ گیرا لەساڵی ٥٨٥پ.ع دا کە بووە هۆی ئەو ڕێککەوتنە.

* **ئەنشان** : بەشێکبوو لە وڵاتی عێلام فارسەکان داگیریانکرد . ئەخمینیەکان شانازیان پێوەئەکرد کەوڵاتی ئەوانەو کاتی هاتنیان دیمۆگرافیای دانیشتویانیان گۆڕی ، ناوچەی شیرازی ئەمڕۆ ئەگرێتەوە کە استانی فارسە .

* **ئاغچە قەلعە** : بەمەزەنە مەبەست شارۆچکەی ئاغجەلەرە

* **ئێران** : مەبەست لەئێران لێرەدا ئەو ناوچانەیە کە کوردستان و هەموو بانی ئێران تانزیک ئەفغانستانی ئەگرتەوە کەزۆر جاریش (بەهەڵە ومەبەست ) بە ناوی فارسەوە ناو ئەبرا بەوناوەش هەرکوردستانیشی ئەگرتەوە ،ناوەکەی لە وشەی (ئاری ،ئاریانەوە) هاتوە بەمانای وڵاتی ئارینەژاد. زۆرجار مێژوونووسانی عەرەب و موسوڵمان بەهەڵە هەریەوڵاتی فارس ناویانبردوە

* **ئۆپیس** : شارێکبوو لەسەر ڕوباری دیجلە بیرو بۆچوونی جۆراوجۆرە هەیە لەسەر شوێنەکەی لەوانەیە تەیسۆفۆن بێت ،نزیک شاری (مادیان ، مەدائن ) یان نزیک سامەڕابێت ، یاخود لەوانەیە شاری سلوگیا بێت کە لەشوێنی ئۆپیس دروستکرابێتەوە .

* **ئۆرۆ- بیل : هەولێر** : بەناوی خوایەکەوە ناونراوە کە ناوی ( بل ، بیل ) بوو( ئۆرۆ مانای شار ، ئۆرۆبیل ، یانی شاری خواوەندی بیل ) سەنحاریب زۆرجار

باسیکردوە کەچووە بۆ زیارەتی خوای بیل لە هەولێر سوجدەی بۆبردوە هەر وەها لەتەوراتدا ناوی خواوەندی بیل هاتوە کەلەبابل بووە (تەورات لاپەڕە ١٠١١). کەئەڵێن (ئەربائێلۆ ) هەلەیە وچەواشەکردنی ناوەکەیەتی مەبەستیان شوێنی (اربعە ئیلاه) ساغکردنەوەیەتی بۆعەرەب ، کەوانیە

* **بیل ، بل** : یەکێک بووە لەخواوەندەکانی بابلی و ئاشوری کە ناوی هاوتای ناوی (مەردوخیش ) بووە کەگەورە خواوەندی بابل بووە . خوداوەندی ( بل ) لەئۆرۆ بیلیش هەبووە سەنهاریبی (سەنحاریب) ی ئاشوری زۆرجار زیارەتی کردوە لەهەولێر وەک خواوەندی پیرۆزی ئاشوری لە شاری (ئۆرۆ — بیل ) دانراوە ، وشآری هەولێر بەوناوەوە ناوی دەرکردوە بەناوی (ئۆرۆ — بیل ) مانای شاری خواوەندی بیل زۆری پاشاکانی ئاشور وشەی بیلیان لەگەڵ ئامرازی ناوەکانیانەوە داناوە ، وەک بیل شاسر ، بیل ئێبنی ، ناوی خوداوەنی (بل ، بیل ) لەتەوراتداناوی هاتوە ، (ئەسەرحەدونی ، ئەسەر خەدونی ) ئاشوری لەنووسراوێکدا ئەڵێت خوداوەندی مەزن ( بل ، بیل )شکۆمەندی پاشایەتی پێبەخشیم ، ئەمڕۆ بەهەڵە ناوی (ئەربائایلۆ) ئەبیستریت و ئەنووسریت کەهەڵەیەو بەمەبەستە .

* **بێکنی** : شاخی دەماوەندە نزیک شاری تاران .

* **بەدرە** : شارۆجکەیەکی کوردیە سەربە کوت لە میژووداناوی بە ( بادرایا ) هاتوە

* **باراهاشی** : بارامشی ناوچەی نێوان روباری (سیروان یان دیالا ) ئەگرێتەوە بەرەو شآخی پشت کۆەو پێشکۆ پەیوەندی زمان وشارستانیان لەگەڵ ئاراپخا هەبوو . شوێنی پەروەردەکردنی ئەسپبوو ، درێژ ئەبووەوە تانزیک دەشتی خۆزستان بەرەوڕۆژ ئەبووەوە تا ئاوایی گوڵپایگان ، لە نوسراوەی ئاراپخادا ناوی هاتوە بە (باهاراشی) و : بە ( پاراخشۆ ، پاراشۆ ، پاراشوا ، پارسوا ) هەروەها لە نووسینەکانی ئاشوریدا ئاماژەی پێدراوە .

* **پەلسیت** :مەبەست فەلەستینە کە ناوەکەی لەوەوە هاتوە، بیریش بۆئەوە ئەچێت بڵێین (فەلەستان) یانی وڵاتی فەلە کە مەسیحیەکان ئەگرێتەوە . فەلەستینیەکان عەرەب نەبوون لەبەشی ئەناتۆلیاو یۆنانەوە هاتون .

* **تل العوبێد** : گردێکە ئەکەوێتە سەروی شاری ئوری کۆنەوە بە ماوەی ۳ میل . ئاسەواری کۆنی تیادا دۆزراوەتەوە وەک گڵێنەی سورەوەکراو کە بە گڵێنەی عوبێد ناوی دەرکردوە ئەگەڕێتەوە بۆ پێش بەرەبەیانی مێژوو ، هەروەها پەرستگای بچوکی ننخورساکی لێدۆزراوەتەوە کە ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بەرەبەیانی بنەماڵەی سێیەم هەمان شارستانی سۆمەریان هەیە لەگەڵ ئەوەی کوردستان .

* **تل حەلەف** : شوێنەوارێکی کۆنە نزیک ڕوباری خابوری سەرو ، لەسوریا ، گۆزەو دیزەی سەدەکانی پێش مێژووی تیا دۆزراوەتەوە کەبەناوی گڵێنە سورکراوە ڕەنگاوڕەنگەکانی حەلەف ناوی دەرکردوە ، کۆشکی ئارامیەکانی لێدۆزراوەتەوە کە لە ساڵانی ۹۰۰ پ ،ع درستکراوە کەئەوکاتە ناوی (گۆزانا ) بووە .

* **تخت سلیمان** : کاولەی پەوستکارێکی کۆنە بەناوی شیرازەوە ئاتەشگەدەی ئازەرگوستەسبی زەردەشتی تیایە ،لە ڕۆژ هەلاتی ورمێوە بە (۱۵۰ )کم دورە ، لەکوردستانی ڕۆژ هەڵاتدایە

* **تل اسمر ، ئەشنۆنە** : شارێکی کۆنە پایتەختی وڵاتی ئەشنۆنە بووە لە نێوان ڕێزەشاخەکانی زاگرۆزو روباری دیجلەدا ، شارەکە بە ۱۰ دە میل لەڕۆژهەلاتی دیالە یە، نزیک بەغدادە .

* **تل العمارنە، تل ئەمارنە** : شارێکە بە ۳۰۰ کیلۆمەتر خوار قاهیرەیە ئەخناتۆن لەجیاتی ( تیبە ) کەپایتەختی پێشوبیوو ، دروستیکرد گوێزایەوە بۆ ئێرە دروستیکرد ،کردی بەپایتەخت، ، ئەونامانەی کە ئاڵ و گۆڕ ئەکران لە نێوان

فیرعەونـەکـانی میـسرو پاشـاکانی میتـانی و کاشـی و ئاشـوری لێـرەدا پـارێزراون سەرچاوەیەکی زۆر گرنگی مێژوویین .

* **توشبا** : شوێنە وارێکە نزیک گۆمی وان .

* **جلەولا** : لەمێژوودا گوایە ناوی (کرخ جدان بووە کەلەو ڕووەوە لەناوەکـەی گومان هەیە) لەپێش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا شارێکی گەورەبووە ، ئەڵێن ناوی لەگوڵاڵەوە هاتوە یەکێک لەشەڕە بەناوبانگەکانی ئیسلامەکان دژی ساسانیەکان لێرەدا ڕوویداوە کەساسانیەکانی تیاشکاوە.

* **حاتۆساس ، حاتۆشاش** : پایتەختی هیتیت بوو حیثی ، حاتۆسـاس بەمانای پیاوێک لەحاتۆ وە. حاتۆساس لەڕۆژهەڵاتی شاری ئەنکەرەبوو( ئەنقەرە ).

* **حیثیەکان ،هیتیت** : گەلێکی هیندۆ ئەورووپـین لەناوەڕاسـتی ئەنـادۆڵ لەنێوان ساڵانی ١٨٠٠ تاسالی ١٢٠٠ پ .ع ژیاون کۆمەڵە دەوڵەتیـان دامەزرانـدوە لەسەرو سوریاو ناوچەکانی شاخەکانی تۆرۆس پایتەختیان شـاری حاتۆسـاس بـوو.

***خوداوەندەکان** :

ئەنکی : لەبەیەک گەیشتنی خوداوەنـدی ئینلیـل و دایکـی کـی خواوەنـد ئەنکـی دروستبوو سۆمەری بوو .

ئایا : ناوی خوداوەندی ئەکدی یـە ، کـەلای سـۆمەریـەکـان بنـاوی ئـەنکـی یـە خوداوەندی حیکمەتە .

ئانانا : خوداوەندی خۆشەویستی وئاسمانی سـۆمەری بـوو ، بـەرامبـەرعـەشـتاری ئەکەدی

ئـادد : هـی بـارانبوو شـوێنی تـایبەتی هەبـوو لەکەرکـوک وشـوێنانی کـە

ئانۆ: خوای ئاسمان هی خێر بوو ، ئان

ئانۆم : خواوەندی ئاسمانی سۆمەریە

**ئۆتۆ:** خوداوەندی ڕۆژبوو لەکوردستاندا باوبوو

**ئەنلیل :** خوداوەندو گەورەی ئاسمان وزەوی وهەوا بوو لەنوفەری سۆمەری

**ئەشکور :** خوداوەندی زریان بوو

**باو :** خودای سەرەکی شاری جرسۆ ، گرسۆ ی سۆمەری خێزانی خواوەند ننکرسۆ

**بل ومەردوخ :** یەکسانبوون لەبابل و ئۆرۆبل

**ئاشور :** شای خوداوەندەکان بوو سەریەئاشوری .

**سۆمۆکامۆ :** لەلای کاشیەکان بەرامبەر مەردوخی بابلی بوو .

**دموزی :** خوداوەندی سۆمەری بوو دوایی بابلی لەتەوراتدا بەناوی تموزە هاتوە .

**نانار:** خوداوەندی مانگ وخۆشی بوو

**نرگال :** خوداوەندی شاری کوثی خوداوەندی تاعون و دنیای خوارو

**نانشە :** بۆ دادپەروەری ویارمەتی داماوان .

**نینۆرنا:** هی چەک وهۆی سەکەوتن و جەنگبوو .

**نیسابا :** خوداوەندی قامیش .

**ننخورساکی :** خوداوەندی سۆمەری بوو .

**عشتار :** لە ئۆرۆبیل وبابل دائەیشت هی جەنگبوو .

**کی :** خوداوەندی زەوی دایکی زەوی بوو سۆمەری

*** دەرەتەنگ :** خوار حەلوانە گەلیەکە (دۆڵێکە) لەنێوان کرماشان و قەسری شیرین شوێنەواری میدی و ئەشکانی لێیە و دوایی شوێنەواری ساسانی تیابەجێماوە.

*** دینەوەر :** لەکۆندا شارێکی ئاوەدان بووە ، پایتەختی دەوڵەتی حوسنەوی و عەیاری کوردی بووە

* **دربندی بازیان :** موسولمانەکان پییان ئەوت ؛دربند خلیفە ؛ عوسمانیەکان پییان ئەوت ؛ ئیمان شا ؛ پەرستاگایەکی کۆنی نزیکی لێیە لە گەڵ دیوارێکی کۆن کە هەردو دیوی ڕێزە شاخەکەی دەربەندەکە لە یەک جیائەکاتەوە ، دەربەندێکە لەنێوان سلێمانی و چەمچەماڵدایە

* **داقوق :** شارۆچکەیەکی کۆنە ، شوێنەواری کۆنی تیایە لەلای چەپی ڕوباری ڕۆد خانەیە ، لەنێوان کەرکوک و توزخورماتوودایە و گۆڕی محمد الباقری لێیە و بە سێ کیلۆمەتر دور لێی نزرگەی زین العابدینە ،بنکەیەکی مەسیحی ناو داربووە لەسەدەکانی بڵاوبوونەوەی دیانەتی مەسیحیدا بەناوی لاشوم .

* **زاموا :** ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری ئەگرتەوە .

* **ریگا : ڕەی : ڕەگ** شارێکبوو نزیک تاران . شارێکە تا ئەمڕۆژ هەرماوە بەناوی ڕەی

* **عەگرگوف :** ناوی نوێی دۆرکۆریکالزۆی کۆنە بۆماوەیەک پایتەختی کاشیەکان بووە ، نزیک ڕۆژئاوای بەغدادە ، بەناوی کۆریکالزۆی ئیمپەراتۆری کاشی ناوی دەرکردوە کە بنیاتی ناوە .

* **(فجر السلالات) : بەرەبەیانی بنەماڵەکان :** کە کراوە بەسێ دەورەوە .

١/ سەدەکانی نێوان ئۆرۆک وجومدەت نەسر سەدەکانی پێش پەیدابوونی نیمچە نووسینەوەبووە .

٢/ لەکاتی حوکمی سۆمەریدا .

٣/ کاتی حوکمی سەرگۆنی ئەکەدی لەنێوان ساڵانی ٣٠٠٠ – تاساڵانی ٢٣٥٠ پ ،ع

* **قەرە هەنجیر :** کۆن پێی ئەوترا خانیجار ، شوێنێکی کەی نزیک هەبووە لێی بە ناوی (کرخ جدان )، ئەمڕۆ ناحیەیەکی ئاوەدانە لەسەر ڕێگەی سلێمانی

* **قـەتـەنـە** ؛شارێكی ناوەڕاستی سوریایە لەڕۆژهەڵاتی روباری عاسی

* **كـــابرای:** لەوانەیە شـــاری ئـــۆرفەلی بێـــت ، ئۆرۆهـــا .

* **كاشـی : ناویشی كاشیشت ،كاردۆنیاش بوو** دەوڵەتێكی بەهێزبوو ماوەی زیاتر لەچوارسەد ساڵ حوكمی كردوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان كردوە

* **كاشـــیاری** : شـــاخێكە بـــەشـــێكە لە شـــاخەكانی زاگـــرۆز .

* **كەنگـاوەر** : شارۆچكەیەكی مێژووییە ئەگەڕێتەوە بۆكاتی فرمانڕەوایی لۆلۆییەكان كۆن بە كنگوبار ناو براوە ئیستا ناحیەیەكی سەربە ئەسەد ئابادە لە استانی (پارێزگای) هەمەدان .

* **كركمیش ،كەركەمیش** : جرابلسی ئیستا یە لەسوریا شارێكی كۆنە لە سەر فورات لەسەرسنوری توركیا وسوریەدایە لە بەڵگە نامەكانی ماری و هیتیتەكاندا ناوی هاتوەكە ناچەیەكی بازرگانی بووە.

* **كوثی:** شارێكە نزیک كیش سەرو بابل ئیستا ناوی تەل ئیبراهیمە هەندێك سەرچاوە ئاماژە ئەدەن گوایە ئیبراهیم پێغەمبەر( د.خ) لێرە لە دایكبووە . سەرچاوە ئایینیەكانی موسایی ئاماژەی پێئەدەن كەلە (ئور ) لەدایک بووە . ئێمەی كوردیش دەڵێـین لـەكوردستانی بـاكور لـەدایـک بـووە كـەهـۆزەكـەی لـەوێ ژیـاون

* **كرخینی** : مانای قەڵای ( كەركوك ) ، قەڵایەكە لەزەویەكی نەرماییدایە بەشورایەكی توند دەورەدراوە لەنێوان داقوقا (داكۆكا) و ئۆربیل لەسەرگردێكی بەرزە ( یاقوت الحموی — معجم البلدان چاپی بێروت بەگی چوارەم لەپەرە (٤٥٠) . شاری كەركوك

* **کیرخۆ** : مانای قەلا ئەگرێتەوە، مانای شاری قەلا ، کەرکووک ئەگرێتەوە ، لەوانەیە ، ناوی کەرکوک ، ( کیرخۆ ،گور گور) ، وردە وردە گۆڕانی بەسەرداهاتبێت بوویێتە کەرکوک.

* **کەرکمیش** ، ئەبێت کیرخۆمیش بێت . شارێکی کۆنە لەکوردستانی باکور لەسەرچاوە مێژووییەکاندا ناوی هاتوە ناوچەیەکی بازرگانی بووە

* **گلگامش ، کلگ گامش ، کلکەگامیش** : پاڵەوانێکی ئەفسانەیی بوو لە ئەدەبی سۆمەری و ئەکەدیدا ناوی لەلیستی پێنجەمین پاشای (ئۆرۆک) دا هاتوە کەئەم پالەوانە بەدوای بیری نەمریدا ( جاویدانی ) دا گەڕاوە ، لەزۆر وێنەیدا کلکە گامێشێکی بەدەستەوەیە شەڕێ پێ ئەکات

* **گۆرگۆم** : شوێنێک وشوێنەوارێکە نزیک شاری مەلاتیە لەکوردستانی تورکیا .

* **گاسور یان نۆزی**: ناوی کۆنی شاری( نۆزی ، نۆزۆ )بوو ، دەرکەوت (وێرانە شارو )، (خەرابەی عەتیە) هەرنۆزیە ، هەروەها (تەرگەلان )هەمان شاری نۆزی کۆنە ، هەروەها (یۆرگان تەپەیە) و ٩ میل لەخوارووی رۆژئاوای کەرکوکی ئیستاوەیە . پاشماوەی دێرینی تیا دۆزراوەتەوە بەتایبەت میتانی (هۆری)

* **سیثیەکان** : کۆمەڵێک بوون لەکاتی ولەگەڵ هاتنی هیندۆ ئەوروپیەکاندا ( میدیاو پارسۆماش ) لە سەدەکانی کۆتایی هەزارەی دووەمدا پ.ع دا هاتن بۆ ناوچەکە. ماوەی ٢٨ ساڵ بەسەر میدیەکاندا زاڵ بوون وحوکمیان لەدەست سەندن ،ماوەیەک هاو پەیمانی ئاشوریەکان بوون .

* **سترابۆ** : نووسەرێکی ئەگریکیە لەکەبەدۆکیا لە دایکبووە لەساڵی ٦٤ پ، ع تا ساڵی ٢١ د،ع ژیاوە ، کتێبێکی جوگرافیای داناوە زانیاری مێژوویی تیایە دەربارەی میزۆپۆتامیا

* **سیمۆرۆم** : ( پردێی) ئەگرتەوە کەبەشێک بوو لە ولآتی گۆتیۆم . ئالتون کۆپری .

* **شام** : سوریەی گەورەشی پێ وتـراوە کە سـوریا و لوبنـان و ئەردن و فەلەستینی ئەگرتەوە ، لەپێش جەنگی جیهانی یەکـەمـدا یـەک پارچـەبـوو ، دوایـی کرابەچوار بەشەوە ، لەمیژوودا بەهەرچوار بەشەکە ئەوترا شام

* **شمشارە** : کۆن پێی وتراوە (شوشارە ) گردێکی دەشتی بتوێنە (ڕانیە) ، لەسالی ١٩٥٦ دا لەلایەن کۆمەلێکی دانیمارکیەوە هـەلکـەنـراوە و هـەلـدراوەتـەوە، ئاسەواری (هۆری ) زۆری تیا دۆزراوەتەوە ئەگەڕێنەوە بۆ دەوری بابلی کۆن ، لەگەل نامەی نێردراوی تیا دۆزراوەتەوە ، نامەیەکـی (شـەمـشی ئـاددی ) ئاشـوری کـۆنی تیادۆزراوەتەوە کە لەگەل سەرکردەیەکی ناوچەیی هاوپەیمانی ئـال و گـۆڕکراوە .

* **موساســــیر** : شــــوێنەوارێکــــە ئەکەوێــــتە خــــوار گــــۆمی وان .

* **مانی ، ئەمان ماندا ، ئومان ماندا** ( گەلێک )کۆمەلەیەک بوون لە دەوروبەری گۆمی وان ئەژیـان ، زۆر جـاریش هەر بەنـاوی مـادەوە ناویـان ئەبرێـت، زمانیان لە هی هیندۆ ئەورۆپیەکان جیاوازتربوو ، بەهیزو یەکگرتووبوون ، پشتگیری ئیمپەراتۆریەتی ماد بوون لەماوەیەکدا هاوپەیمانی ئاشور بوون لەمێژوودا کەناویان براوە لەگەل ناوی مادەکاندا جیانەکراونەتەوە .

* **مارکاس ،ماراس** : مورعش ئەگرێتەوە ئەمڕۆ شارێکی کوردستانی باکورە لەبەشی ڕۆژ ئاوای .

* ؟ **نسا** : شوێنی پەروەردەکردنی ئەسپی ڕەسەنبوو لەدەوروبەری دەشتەکانی کرماشان لە سەرولآتی ماراهشیە لە نووسینەکانی (نۆزی ، نۆزۆ ) بە (باهاراش) ناوی براوە هەر لە نووسینە ئاشـوریەکاندا هـاتوە بە ( پـاراخش ،پاراخـشۆ ،پاراخـشوا ،پارسوا ) .

* **نـوففەر :** شـارێکی بەناوبـانگی سـۆمەری بـوو نزیـک شـاری دیـوانیە یە بەئاسەواری سۆمەری بەناوبانگە.

* **هیرۆدۆت :** مێژوونووسێکی یۆنانی بـوو کەبە بـاوکی مێـژوو ناسـراوە لـە ساڵی٤٨٥ –تاساڵی ٤٢٥ پ.ع ژیاوە ، بەدوای مێژوودا گەڕاوە لەگەڕانەکەیدا شاری بابلی دیوە . باسی کردوەو ،لەسەر دەوڵەتی میدیا نووسیویەتی ،زانیاری بەنرخـی هەیەلەسەر میدیەکان.

* **هۆری ، حۆری ، هۆریتیت** ئـەونیـشتمان نـەتـەوەیـەبـوون کەمیتانیەکان لەناویاندا نیشتەجێ بوون




**نەخشەی هەمووخاکی کوردستان**

# سەرچاوەکان

## بەشی عەرەبی


١ / العراق فى التاريخ (حزاره العراق ) مجموعه من مآرخى العراق (كۆمەڵێک مێژوونووسان ) چاپ ١ بغداد ١٩٨٥ .

٢ / جورج روو ، العراق القديم ، ترجمه حسين علوان حسين . وزارة الثقافه،بغداد، اعزميه چاپ ٢ ، ١٩٨٦

٣ / د. احمد سوسه ، العرب و اليهود چاپ ٥ دار الرشيد بغداد وزاره الثقافه

٤ / مجموعه من اساتذه من الكويت تاريخ الحزاره العربيه الاسلاميه ، .

٥ / جميل بەندی رۆژبەیانی ، داقوق فى التاريخ . بغداد ١٩٨٣ ،چاپ ١

٦ / لۆنكريک ، اربعه قرون من تاريخ العراق الحديث ، ترجمه جعفر الخيات .چاپ برهان بغداد ٣ - ساڵ١٩٦٢

٧ / محمود ياسين التكريتى ، الايوبيون فى الشام و الجزيره .

٨ / لى سترانگ ، بلدان الخلافه الشرقيه .

٩ / دائره المعارف الاسلاميه .

١٠ / بارتۆڵد فاسيلى ، تاريخ الترک فى اسيا الوستى ، ترجمه قاهره ١٩٥٨.

١١ / د. شاكرخسباک ، العراق الشمالى دراسه لنواحيه التبيعيه و البشريه . چاپ شفيق ١ بغداد ١٩٧٣

١٢ / تقرير عسبه الامم حول حدود تركيا والعراق .

١٣ / عبد الرزاق الحسنى ، تاريخ العراق السياسى الحديث ، جزء ١، ٣،٢ . چاپ ٢ العرفان لبنان ١٩٥٧

١٤ / نيكۆلاس پۆستگيت ، حزاره العراق و اثاره ، ترجمه سمير عبد الرحيم الچلبى .

١٥ / ئینگلستان، تاریخ اشور القدیم ، چاپی قاهیره١٩٥٥ لاپەڕە ١ تا ٧
١٦ / دۆرۆثی مکای ، مدن العراق القدیمه، ت، یوسف مسكۆنی ،چاپ ٣، شفیق ،بغداد ١٩٦١
١٧ / لیۆ ئۆپنهایم ،بلاد مابین النهرین . ت سعدی فیزی چاپ ٢ ، بغداد ، اعزمیه، ١٩٨٦
١٨ / مذكرات مآمون بگ بن بیگەبگ ،ترجمەرۆژبیانی و شوكور مستفی .
١٩ / المستشرقه ریگرید هۆنكه ، شمس العرب تستع علی الغرب .
٢٠ / د. جواد علی ، تاریخ العرب قبل الاسلام .
٢١/عونی فرسخ، الاقلیات فی الوتن العربی منذ الجاهلیەالی الیوم،لاپەرە ٢٥٣.
٢٢ / د. جمال رشید ، دراسات كوردیه فی بلاد سۆبارتۆ . ١٩٨٤ بغداد امانه العامه هەولێر
٢٣/ هنری فۆستر ،نشاه العراق الحدیث ، جزئین ، ترجمه سلیم تاها التكریتی. ٢جزء چاپ ١ بغداد ١٩٨٩
٢٤ / لیلی نامق جاف ،كركوك لمحات تاریخیه. ١٩٩٢ چاپخانەی خەبات ١
٢٥ / عبدالله سلوم السامرائی ، الشعوبیه حركه مزاده للاسلام االامه العربیه . چاپ ١ بغداد
٢٦ / خیراللّه تلفاح ، الشعوبیه عدو العرب الاول .
٢٧ / حسن غریاوی ، الشعوبیه ودورها التخریبی فی مجال العقیده الاسلامیه .
٢٨ / د. زرغام عبدواللّه الدباغ ، قزایاالامن القومی .
٢٩ / د . فاروق عمر فوزی ، النهوز العربی فی العراق،
٣٠ / د. فاروق عمر فوزی ، تاریخ العراق فی عسور الخلافەالعربیه الاسلامیه .
٣١ / سیتن لوید ، فن الشرق الادنی القدیم ، ترجمه محمد درویش .
٣٢ / د. ولید حمدی ، الكرد وكردستان فی الوثائق البریتانیه . ترجمه چاپ ١
٣٣ / جواد الملا ، البارزانی و كیسنجر و الدوله الكردیه .
٣٤ / د.احمد الشلبی ، التاریخ الاسلامی والحزاره الاسلامیه .

٣٥ / د، نجيب ميخائيل ، مسر والشرق الادنى القديم .
٣٦ / محمد عزه دوره ، تاريخ الجنس العربى فى مختلف الادوار. چاپ نهزه ،قاهره ٨جزء
٣٧ / هنرى پرستيد ، انتشار الحزاره .
٣٨ / ولكنسۆن جۆن ، حدود الجزيره العربيه .
٣٩ / امين الريحانى ، رحلات فى تاريخ وقلب العراق .
٤٠ / ويل ديورانت ، قسه الحزاره . ت زكى نجيب محمود، چاپ ١ ،لجنه التاليف والترجمه ، القاهره ١٩٥١
٤١ / ويلگرام مهد البشريه ، الحيات فى شرق كردستان ، ترجمه جرجيس فتح اللّه . بغداد چاپ ١ ، زمان ١٩٧١
٤٢ / سير ليونارد وولى ، السۆمريون .
٤٣ / شرف خان البدليسى ، شرف نامه ، ترجمه محمد على عونى . جزء ١ وزاره التربيه، دارالكتب ، حلب
٤٤ / ئەدمۆندز، كورد و تورك وعرب ت ،جرجيس فتح الآ ،چاپ تايمس بغداد ١٩٦١
٤٥ /دريه عونى ،كورد وعرب ، خسام ام وئام . چاپ ١
٤٦/ د. عبدارزا التعان ، الفكر السياسى فى العراق القديم .
٤٧ / اللواء شاكر محمود رامز ،تحرير العراق چاپ ١ بغداد ١٩٨٤.
٤٨ / ئەندريه بارۆ ، بلاد اشور ١٩٦١، ترجمه عيسى سلمان وسليم تاها التكريتى ١٩٨٠ ،الاعلام بغداد.
٤٩ / د. فاروق عمر فوزى، تاريخ العرب والمسلمون فى العسر العباسى .
٥٠ /هادى رشيد الجاوشلى ،تراث ( اۆر بيل) اربيل التاريخى . امىانه العامه للشباقب ١٩٨٥ چاپ ١ موسێل
٥١/سێر ليۆنارد وولى ، نبش المازى ت ،عزيز العلى العزى ١٩٨٣ دار الرشيد چاپ ١ بغداد
٥٢ / ئيبن الجۆزى ، التنزيم فى تاريخ الملوک والامم . جزء ٣ ، چاپ بغداد، الدار الوتنيه ١٩٩٠

٥٣ / السيد بن زينى دحلان ، الفتوحات الاسلاميه . جزء ١ قاهره ،چاپ ١
٥٤ / د. حسين امين ، تاريخ العراق فى العسر السلجوقى ، چاپ ١ الرشاد ، بغداد ١٩٦٥ .
٥٥/ پلازرى ابى حسن فتوح البلدان چاپى قاهره . چاپ ، ١ ، قاهره ١٩٣٢
٥٦/ كارل برۆكلمان ، تاريخ الشعوب الاسلاميه . ت ،امين فارس.دار العلم بيروت چاپ ٥ ،١٩٦٨،
٥٧ / ١- تاها الهاشمى ،جوغرافيه العراق، ١٩٣٠، چاپى يەكەم ، سلام ، لاپەڕە ٨٣ ، ٨٩ ، ٩٠— ٤٠٤
٥٨ / ٢- تاها الهاشمى ،جوغرافيه العراق ، چاپى يەكەم ،معارف ، ١٩٣٣ لاپەڕە ١٠٢
٥٩ / تاهاباقر ، مقدمه فى تاريخ الحزارات القديمه ، القسم الثانى ، ١٩٥١ ، بغداد العانى چاپ ١
٦٠ / د . ابراهيم الداقوقى ،التركمان فى العراق لەكتێبخانەی مۆزەخانەی سلێانی بەژمارە ٩٥٣ /٢٠٠
٦١ / د.احمد سوسه ، تاريخ حزاره وادى الرافدين چاپ ١ بغداد ١٩٨١
٦٣/ تاريخ هيرۆ دۆتس . ٩٣ /٢٠ لەكتێبخانەی مۆزەخانەی سلێمانی
٦٤ / الحۆريون. ٩٣٠/ ٢٠٢ = ٦٥
/ مراسلات العمارنه ٩٣٠ /٢٢٢ - = -
٦٦/ مسيحو العراق ١٩٩/٩٥٣ - = - - -

## بەشی کوردی :


١ / دیاکۆنۆڤ ، کتێبی میدیا ، وەرگێڕانی بورهان قانع . چاپ ،١ ،بغداد ، ١٩٧٨

٢ / محەمەد ئەمین زەکی، مێژوی کورد و کوردستان جزء ١ ت ، محمد علی عونی چاپ ٢ ،١٩٦١

٣ / زەینۆفۆن ، (ئانابازیس) گەڕانەوەی دەهزار یۆنانی ، ت حسن فهمی جاف ، چاپ ١معارف بغداد چاپ ١٩٦١

٤ / د. جمال رشید ، لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی کورد ١٩٧٧، بغداد ، چاپ ١ .

٥ / جەمال نەبەز ، بیری نەتەوەیی ی کورد .

٦ / تۆفیق وەهبی ،بنەچەکەی کوردان ، وەرگێڕانی تاهیر فەیزی زادە .

٧ / د. شاکر خسباک ، کوردو مەسەلەی کورد ، وەرگێڕانی ئەمجەد شاکەلی .

٨ / گۆڕینی بەکوردی مینە ، ویلایەتی موسڵ ، راپۆرتی کۆمەڵەی نەتەوەکان . چاپ ١ ، لندن

٩/ عبداڵله غفور ، جوغرافیای کوردستان . چاپ ١

١٠/ عەبدوڵڵە،ع، مارف بەرزنجی ، کارکۆک لەمێژوودا چاپ ١

١١ / ئەولیا چلبیسیاحتنامەی ئەولیا چەلەبی . گۆڕینی سەعید ناکام . چاپ ٢ هەولێر ١٩٧٧

١٢ / محەمەد ئەمین هەورامی ، فەرهەنگی ئێران ڤاچ . چاپ ١، ١٩٨٦،

١٣/ محەمەد ئەمین هەورامی ، زمانی ئاڤێستا . چاپ ١

١٤ /محەمەد مەردوخی ، مێژووی کورد و کوردستان . چاپ ١ ، بغداد ، اسعد ،١٩٩١

١٥ / مێجەر نۆئێل یاداشتەکانی مێجەر نۆئێل ، ت ١٩٨٤ ، بغداد چاپ ١ .

١٦ / منیۆرسکی ، کورد ، چاپ١ ،سەلاح الدین ١٩٨٣ .

١٧ / نەجاتی عەبدواڵڵە کۆمەڵەوڕیکخراوە کوردیەکان ، چاپ ١ سلێمانی ٢٠٠٧
١٨ / ساڵح قەفتان مێژووی گەلی کوردستان ، چاپ١ ١٩٦٩ ، سلمان الاعزمی ،بغداد .
١٩ / ی،ن ،ک گۆڤاری سیاسەتی دولی ژمارە٢ ساڵی ٢ تەموز ١٩٩٣ .
٢٠/ کۆمەڵێک لە یاداشتی کەسایەتی ونووسەرانی کورد وەک هی بەڕێزان :
رفیق حلمی . ئەحمەد خواجە . قاسم لۆ . تاڵەبانی . وبارزانی .

## بەشی فارسی

١ / رشید یاسمی ، نەتەوەی کوردو پیوەستەگی نژادی ئو . چاپ ١ ، امیر الکبیر ،تهران ١٣٤٣
٢ / د. عبد الحسین نوائی ، ایران وجهان از مغول تا قاجاریە .
٣ / د. عبد الحسین زرین کوب ، تاریخ مردم ایران .
٤ / د. عبد الحسین زرین کوب ،تاریخ ایران بعد از اسلام . چاپ ١ عتائی ، ١٣٦٣، تهران
٥ / مرتزا راوندی ، تاریخ اجتماعی ایران .
٦ / جلیل دوستخوا ، ئاڤێستا کهن ترین سروودهای ایرانیان ٢جزء ،چاپ ، ٨ ،مروارید ،تهران
٧ / منهاج سراج ، تاریخ ایران واسلام
٨/ د.ابتین ساسانفر ، کتێبی گاتەها . ئاڤێستا
٩/ فوئاد فاروقی ، سرنوشت انسان در تاریخ ایران . چاپ ١ تهران مەتبوعاتی عەتائی ١٣٦٣
١٠ / میرزا شکر اللە سنندجی ،تحفەی ناسری تاریخ وجغرافیای کوردستان . چاپ ١ ،١٣٤٤ امیرکبیر، تهران

١١ / فرشته عبد الهی ، دین زرتشت ،نقش ان در جامعه ساسانیان .
١٢ / علی میر فتروس ، ملاحزاتی درتارتخ ایران ، ا سلام واسلام راستین .
١٣ / عبدالعزیم رزائی ، تاریخ ده هزار ساڵەی ایران . ٤جزء ، چاپ٢ عتـاءی، اقبال ١٣٤٨ تهران ،چاپ ١، ١٣٦٣
١٤ / د. علی شریعتی ، دینی زەردەشت . ترجمه شهرام ڕشید قادر ٢٠٥ هەولێر
١٥ / محمود بدرام زوزان ، تمدن مهاباد ،،اثار باستانی ،تهران چاپ ١ ، چاپ مرتزا ١٣٧٣.
١٦ / منهاج سراج ،تبعات ناسری ، یاااثار ایران اسلام ، چاپ اول ، تهران ١٣٤٣ .
١٧ / هاشم ڕزی ، ئاڤێستا ،کهن ترین گنجینەی مکتوب ، انتشارات چاپ ١ ،بهجت ، تهران ١٣٨٣
١٨ / عبد العزیم رزائی ، تاریخ ده هزار ساڵەی ایران ،چاپ ٢ اقبال ١٣٤٨، تهران .
١٩ / رحیم اشنوی محمود معانی بعز از اسامی کهن ایرانی در زبان کردی ، چاپ ١ تهران ١٣٨٣ .
٢٠/دیڤوید مک داول ، تاریخ معاسر کرد ،ت ابراهیم یونسی چاپ دوم١٣٨٣ ،تهران

***

## تێبینی :

سەرنجی خوێنەری بەڕیز ڕائەکێشم بۆ:

١/ لاپەڕەکان لەسەر هەر سەرچاوەیەک نووسرابێت مانای ئەوەیە وەک بەڵگە ئامازەم بەهەندێک ڕستەداوە وەکخۆی نووسیومەتەوە .

٢ /ئەو سەرچاوەیەی ئامازە نەدرابێت بە لاپەڕەکانی مانای ئەوەیە بەگشتی هەندێک زانیاریم لێوەرگرتوە.

٣ / سودم لەهەندێک سەرچاوەی ئینگلیزی وکوردی و عەرەبی وفارسی کە وەرگرتوە بەگشتی بەپێویستم نەزانی ئامازەیان پێبدەم

# هەندێک وێنەو دیمەن و شوێنەواری کوردستان




نەخشەیەکی کوردستانی خوارو، پارێزگا کوردیەکانی ئەمڕۆ تیایدا دیاری کراون لەساڵەکانی ١٩٧٠ دا



قەڵای دوختەر پاشماوەی دێرینی میدیا



ئارمێک ، هێمایەکە بۆ ئەهرومازدا




نەخشەی زۆرینەی کورد لەخواروی کوەدستان

*



**چەند جەنگاوەرێکی ئاشوری کەللە سەری بڕاوی خەڵکی پێشکەش بە پاشاکەیان ئەکەن**



**پاشماوەی دێرینی پایتەختی کیسرا کانی ساسانی نزێک بەغداد بەناوی تاقیکیسرا بەناوی شاری مادیان (مدائن )**




سەنتەری بنای کۆنی فیرقەی دووی سەربازی قشڵەی کەرکوک

*



بەشێک لە ناوارەی قشڵەی کەرکوک



دیمەنێکی ناوشاری کەرکوک



دراوی ساسانی




لوله نەوتی کەرکوک بۆ بەندەری جیهانی تورکیا



دیمەنێکی پەرستنی سۆمەری




**یەکێک لەنەخشە هەمەجۆر و هەمە ڕەیەری کوردستان کەلەهەموویان نزیکترە لەڕاستیەوە**

ئاڵای کورد لەسەردەمی دەوڵەتی ماد (٧٠٠پ.ز)



ئاڵای کورد لە سەردەمی شێخ مەحموود (١٩٢٢ – ١٩٢٤)



ئاڵای کورد لە کۆماری ئارارات (١٩٢٧ – ١٩٣٠)



ئاڵای کورد لە کۆماری کوردستان مەهاباد (١٩٤٦)



ئاڵای کورد لە باشووری کوردستان (٢٠٠٢_ هەتا ئێستا)



ئاڵای ئێستای کورد لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان



**نمونەی چەند ئاڵایەکی کوردستان**



وێنەیەکی شآری کەرکوک لەساڵەکانی پەنجاکاندا




نەخشەی دەوڵەتانی    ئۆرارتۆ   ، ئاشوری ، هیتیت

# کورتەیەک دەربارەی ژیان نامەی نووسەر



## مامۆستا محەممەد باقی سەعید

* لەساڵی ١٩٣٥ لەشاری سلێمانی لە گەڕەکی کویژە لە دایک بووە
* خانەوادەکەی پێش دوو سەدە لە دارشمانەوە هاتون بۆ بەرزنجە بە وەستایەتی دارتاشی و نانەوەی ئاشی ئاو .
لەدایکیەوە ئەچنەوە سەر خانەوادەی ڕەسول بەگی لە ناوچەی بانە. هۆزەکەیان. بەناوی هۆزی سمایلە جەلی لەبەرزنجە ناوی دەرکردوە  کە ئەمڕۆ ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوانی بەرزنجە پێکئەهێنن
* باوکی لە ساڵی ١٩٠٩ دا هاتوە بۆ سلێمانی بە کاسبی و بەناییەوە خەریکبووە ، دوایی بووەتە یەکێک لە پێشمەرگە چەکدارەکانی مەلیک مەحمود ، لە شەڕی (بەردەقارەماندا )لەدەربەندی بازیان  لەگەڵ شێخی نەمردا بەدێل ئەگیرێت کەلەحیمایەکانی شێخی نەمربووە ،  بەدیلکراوی هەموو دەبرێنە بەغداد  ، لەسەر داوای شێخی نەمر بەندیخانەکە ئەبڕێت و بەپێ ڕاێەکاتەوە بۆ سلێمانی و هەواڵی شێخ و دیلکراوەکان ئەگەیەنێت بەکەس وکاریان لەشاری سلێمانی .
* دوای سێساڵ لەحوجرە ، لەساڵی ١٩٤٢ خرامە بەرخوێندن لە خوێندنگەی غازی و دوایی بۆخالدیە ، ناوەندیم لە خوێندنگەی دواناوەندی سلێمانی تەواوکرد .

* سالّی١٩٥١ له دارالمعلمین له بەغداد وەرگیرام .
* لەسالّی ١٩٥٤ دا بەهۆی هەلّویستی نیشتمانیم بۆماوەی سالّیک دەرکرام .
* له سالّی خویندنی ٩٥٥ / ٥٦ دا بەنومرەی بەرز درچووم ، بوومه مامۆستا له ماوەت ، سالّی ١٩٥٨ نەقلّی ناوشاری سلیمانی کرام ، بەهوی هەلّویستی کوردایەتیمەوه زۆرجار نەقلّ کراوم .
* لەسالّی ١٩٥٨دا بوومه ئەندامی (پارتی دیموکراتی کوردستان ) ، له بەرێوەبردن وریکخستنی ریکخروەکانی مامۆستایان و فرمانبەران . کاسبکاران . کریکارانی سەربه ریکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەیەک کات وساتدا بەپیی توانا کارمکردوه .
* لەسالّی ١٩٦٢دا لەگەلّ چوار مامۆستای ئەندام لەریکخراوی مامۆستایان وفرمانبەرانی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان ، بیرۆکەی دامەزراندی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانمان هێنایه ئاراوه . توانیمان یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دابمەزرێنین و له ١٥ /٥ /١٩٦٢ دا کۆنگرەی یەکەم بگرین بۆدامەزراندنی .
* لەیەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی مامۆستایاندا بەئەندامی سکرتاریەت و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئامانج هەلّبژێررام . ولەزۆر کۆنگرەکانی مامۆستایاندا هاوبەشبووم .
* ئەندامی نەقابەی مامۆستایانی گشتی عێراق بووم له کۆنگرەکانی نەقابەدا له بەغداد تاسالّی ١٩٧٠ هاوبەشبووم . لەگەلّ هاورێکانم لقی سلیمانی نەقابەی گشتی مامۆستایانی عێراقمان ئەبرد بەرێوه .
* لەسالّی ١٩٦٢ تا نەوروزی سالّی ١٩٦٣ له ئینزیباتخانەی سەربازی بەئەمری زەعیم سدیق بەندکرام ئەشکەنجه درام بۆچەند مانگێک مامەوه ، دوای ئینقیلابی بەعس له٨ شوباتی سالّی ١٩٦٣ دا بەربووین .
* لەسالّی ١٩٧٤ دا پەیوەندیم کرد به شۆرشەوه لەسەر سنوور وناوئێران . قەلّەم بەدەست بووم
* دوای نسکۆی شۆرشی ١١ ئەیلولی مەزن سالّی ١٩٧٥ بۆ دیوانیه نەفیکرام بۆماوەی چوارسالّ لەوێ مامەوه .

* لەساڵی ۱۹۸۰ هاتمەوە بۆسلێمانی ، لەبەربڕیاری خراپی شاری سلێمانی و زوڵم و زۆری بەعس لە ساڵی ۱۹۸۳ دا خۆم خانەشینکردوە .

* بەم کتێبەوە تا ئەمڕۆ چوارکتێبم بەچاپ گەیاندوە ، دوکتێبی کە ئامادەیە بۆچاپ . لەزۆر ڕۆژنامەو گۆڤاردا نووسینم هەیە دەربارەی پەروەردە و مێژوو وسیاسەت .

* بەدرێژایی ژیانم (سێ جار ) ماڵم ناو ماڵم کتێبخانەم تاڵانکراوە بەم شێوەیە :

* یەکەم / لە ساڵی ۱۹٦۳دا کەلە ئینزیبات خانە گیرام ، کتێبخانەکەم ، هەندێک شتی ناوماڵ لەلایەن جەندرمەکانی زەعیم سدیقەوە بەتالانی بران

* دووەم / لەسالی ۱۹۷٤ دا کەپەیوەندیم بەشۆڕشگێڕانەوە کرد ماڵەکەم خرایە ناو زیلەوە بەتاڵانی برا وخانووەکەم حیجزکرا لەگەڵ سەیارەکەم بەژمارە ٥۹۰ سلێمانی ، سەیارەکەم لە مەزادی ناوخۆیاندا لەئەمن فروشرا بە زابتێکی ئەمنی خەڵکی عەمارە .

* سێیەم / لەساڵی ۱۹۹۱ دا لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا ناوماڵەکەم بەتاڵانی براو خانووەکەم بە ( ئار بی جی ) زیانی زۆری لێکەوت ، کەماڵم بەتەنیشت ئەمنە سورەکەوە بوو ،

* لەئەنجامی بەسەرهات وگرتن و ئازارو ئەشکەنجەو نەفی ونەبوونی ودەربەدەری بەهۆی ئەوەی چەندجارێک ماڵەکەم لەلایەن دوژمنەوە تاڵانکراوە بەدرێژایی ژیانم تا ئەمڕۆ لەلایەن هیچ پارت وناوەندو لایەنێک و ڕێکخراوێک وفەرمیەک یارمەتی نەدراوم ، دەستیان نەگرتوم ، قەرەبوو نەکراومەتەوە، هەرچەندە بەدرێژای نزیکەی پەنجاساڵ لەرێکخراوەکاندا لەگەڵیاندا لەڕیزیاندا کارو چالاکی حیزبایەتیم کردووە وساڵێک پێشمەرگەبووم ، بەدریژایی ژیانم یارمەتی نەدراوم .

* بۆیە ئەم چەند دێڕە ئەنووسم ، زۆرجار هاتووەتە گوێم و بیستومەتەوە ، گوایە لەلایەن حیزب و ناوەندەکان وحکومەتی هەرێمی کوردستانەوە یارمەتی دراوم دەستیان گرتوم بەهۆی ئەوانەوە سودمەندبووم ، هەرچەندە بە درێژایی ٥۰ پەنجاساڵ لەگەڵیاندا ولەڕیزەکانی لەخەباتدابووم ، یەک پول، یەک فلسم ( تائەمڕۆ) وەرنەگرتوە

له هیچ لایەنێـک وناوەنـدێک ، لـەگـەڵ نـەبـوونی و دەربـەدەری ، یـارمەتی نەدراوم وقەرەبوونەکراومەتەوە ، بەپێچەوانەوە لەگەڵ دڵسۆزیمدا زیانیشیان لێداوم ، یەکێکم لەوکەسانەی لەژیاندا زیانی زۆری بەرکەوتوە ، ئەگەر وانیە بایەکێک بێت بڵێت وانیە ئێمە یارمەتیمان داویت دەستمان گرتویت، دە بابنووسێت ، پێشەکی سوپاسی ئەکەین قەت چاوەڕوانی بەرژەوەندی ودەستکەوتی تایبەتی خۆم نەبووم لەوبوارانەدا ، هەموو مەبەستی ژیانم سەرکەوتنی نەتەوەکەمبووە ، دەرگام بەهیچ لایـەکیـان نـەگرتـووە بەمەبەستی داواکاری تایبەتیم و بۆ پلەو پایەو مانگانەی زیادو وەرگرتنی زەوی.

مامۆستا

محەمەد باقی سەعید مستەفا

نەرویج ٢٠١١

# سوپاس و پێزانین

لەدوا وشەدا سوپاسی فارس عەلی موراد وکاک محەمەدی عەبدە ئەکەم کەیارمەتی بەرەدەوامیان دام بۆنووسینەوەی ئەم کتێبە کەبەداتا نووسیمەوە .
هەروەها سوپاسی کاک مەریوان ئەکەم شارەزا لە دیزاین و لە ڕوی ڕێکخستنی کتێبەکەوە کەیارمەتی دام .
سوپاسی . پرۆفیسۆر بەرێز د. عەتا عبدولڕحمان ئەکەم لەزانکۆی سلێمانی ، سەرۆکی بەشی مێژوو هەردەم یارمەتی دەرو ئاڕاستەکەرم بوو ، تێبینی بەسودی پێداوم .
هەروەها سوپاسی د. ڕافیدە ئەکەم شارەزا لە سەر مێژووی کۆن لە زانکۆی سلێمانی بەشی مێژوو کە نووسینەکانی خوێندەوە و یارمەتی دام و تیبێنی زۆری پێدام و ئاڕاستەی کردم .
سوپاسی د. بارام ئەحمەد جاف ئەکەم بۆیارمەتی سەرومڕی .


**داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بەریز ئەکەم لە هەرهەڵەیەکی چاپ**